# ئایین و سیاسەت لە کوردستاندا

لە سیاسەتی مەعنەوییەوە بۆ سێکیولاریزم

(کۆمەڵە وتار)

سەباح موفیدی

**پێشەکش بە:**

ئەوانەی کە لە ژێر هیچ ناوێکدا قەت نەکەوتنە داوی سیاسەت و بەرەی نەیارانی گەلیانەوە و هەموو هەولێکیان لە پێناوی مرۆڤایەتی و بەرابەری گەلاندا بووە.

# ناسنامەی پەڕتووک

ناوی پەڕتووک: ئایین و سیاسەت لە کوردستاندا؛ لە سیاسەتی مەعنەوییەوە بۆ سێکیولاریزم

Religion and Politics in Kurdistan; From Spiritual Politics to Secularism

نووسەر: سەباح موفیدی (١٩٨٠ ز./ ٢٦٧٩ک.)

ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە (بە شێوەی پەرتووکی ئەلێکترۆنیکی): ڕێبەندانی ٢٧١٨ ک./ ٢٠١٩ز.

ڕێژەی لاپەڕەکان: ٢٤٠

دیزاین: کەیوان فیروزی

ISBN 978-82-693019-3-9

بڵاوکار: زارا بووکس Zara Books

**سەباح موفیدی**

# پێڕست


**پێشەکی........ 10**

**دەوری توێژی فەقێ و مەلایان لە پێکهاتنی پێوەندیی کوردستانی و گیانی کوردایەتیدا........ 14**

مانهایم؛ توێژی مەلایان لە رەوتی پێکهاتنی توێژی رووناکبیراندا........ 14

ژیانی فەقێیەتی، پێوەندیی کوردستانی و گیانی یەکیەتی........ 18

دەوری خوێندنی فەقێیەتی و توێژی مەلایان لە پێکهاتنی هەستی نەتەوایەتیدا........ 20

وتەی دوایی........ 24

**سیاسەتی مەعنەوی لە خەباتی کوردستاندا........ 27**

بەشی یەکەم: باسێکی گشتی لەسەر سیاسەتی مەعنەوی........ 27

مەعنەوییەت

سیاسەتی مەعنەوی

وێژەی سیاسەتی مەعنەوی لە گوتاری زانستیدا

سیاسەتی مەعنەوی لە ستاتی جیهانییەوە

بەشی دووەم: سیاسەتی مەعنەوی لە کوردستاندا........ 36

بەرەی یەکەم: نیوەی دووەمی سەتەی نۆزدە (شێخ عوبەیدوڵڵا)

بەرەی دووەم: نیوەی یەکەمی سەتەی بیست (شێخ مەحموود، شێخ سەعید و شێخ رەزا)

شێخ سەعید و شێخ رەزا

بەرەی سێهەم: لە نزیکەو ناوەڕاستی سەتەی بیستەوە (قازی، بارزانی و...)

بارزانی

دابەزینی سیاسەتی مەعنەوی

ئاکام و وتەی دوایی........ 49

**ئایین و سیاسەت لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماری کوردستاندا........ 54**

سێکیولاریزم: جیایی "دەوڵەت و ئایین" نەک "ئایین و سیاسەت"........ 54

سۆڤییەتی کۆمونیست و کوردستانی سێکیولار........ 56

ئایین و کردەوەی سیاسی لە کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماردا........ 57

دەرکەوتنی ئایین لە راگەیندراو و چاپەمەنییەکاندا........ 58

ئایین و رێوڕەسمی راگەیاندنی کۆماری کوردستان........ 60

ئاکام: کۆماری کوردستان، دەوڵەتێکی سێکیولار دێمۆکراتیک........ 62

**کردەی سیاسی ئایین لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا........ 64**

پێشەکی........ 65

روانگە تیۆریکەکان سەبارەت بە ئایین و کردەی ئەوە........ 68

کورتەیەک لە چالاکییە سیاسییەکانی زانایانی ئایینی کوردستان........ 74

ئایین وەک ئامرازێکی سیاسی حکوومەتە ناوەندییەکان........................................................ 75
چەپی توندئاژۆ و دژایەتی لەگەڵ ئایین........................................................................ 77
حێزب و گرووپە میانەڕەوەکان و راهاتن لەگەڵ ئایین..................................................... 78
مەکتەبی قورئان و پرسە سیاسییەکانی کوردستان.............................................................. 81
١. موفتیزادە و دامەزرانی مەکتەبی قورئان
٢. رەوتی مەکتەب و بیرۆکەی پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی
٣. رەوتی مەکتەب و دژایەتی لەگەڵ چەپ
٤. رەوتی مەکتەب و خەباتی چەکدارانە
٥. رەوتی مەکتەب و حکوومەتی ناوەندیی................................................................... 94
٦. مەکتەب و پەڕاوێزکەوتنی سیاسی....................................................................... 98
دەرەنجام:............................................................................................................ 101

**کاریگەرییەکانی بزاڤی ئیسلامی نوێ لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا........................................ 109**

ئایین و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی.................................................................................. 110
سەرچاوەی بزاڤە ئایینیە نوێیەکانی کوردستان: بەیەکگەیشتنی ئیخوان و جەماعەت.......................... 111
ئەحمەد موفتیزادە..................................................................................................... 112
ناسر سوبحانی.......................................................................................................... 113
کاریگەرییەکانی بزاڤی نوێی ئیسلامی............................................................................ 114
١. کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کەلەپوورییەکان
٢. کاریگەرییە سیاسییەکان
٣. کاریگەریی ئابووریی
زمان..................................................................................................................... 123
دەرەنجام................................................................................................................ 125

**حکوومەتی ئێران و بەکارهێنانی سیاسی ئایین لە کوردستان.............................................. 127**

کۆمیتەکانی شۆڕشی ئیسلامی...................................................................................... 128
کۆچی ئیسلامییەکان.................................................................................................. 128
پێکهێنانی رێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکان.................................................................. 129
ئامانجی رێکخراوەکە.................................................................................................. 130
سیاسەت و شێوازی کار.............................................................................................. 131
رۆڵی ناڕاستەوخۆی بزاڤی ئیسلامی نوێ لە پێکهاتنی ئەم رێکخراوەدا................................... 135
کۆتایی رێکخراوەکە.................................................................................................. 137
وتەی دوایی............................................................................................................. 137

**لێکدانەوەی رەوتی پێکهاتن و گۆڕانکاریی ناوخۆیی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی باشوور............. 143**

پێشەکی................................................................................................................... 143
رەوتە سیاسی و ئیسلامییەکانی سەردەمی هاوچەرخی عێراق.................................................. 144
بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان.................................................................................... 148
ئەلف) وردە گروپە سەرەتاییەکانی ناسەربەخۆ................................................................. 148
ب) گروپ و حێزبە ئیسلامییە گرنگەکانی کوردستان.......................................................... 151
١- حەرەکەی ئیسلامی کوردستان و لقە جیاوەبووەکانی
لێکترازان و جیابوونەوەکانی ناو حەرەکەی ئیسلامی کوردستان............................................. 153
١. جیابوونەوەی پێوەندیدار بە ئیخوان موسلمین
بزووتنەوەی راپەڕین
٢. جیابوونەوەکانی پێوەندیدار بە سەلەفی و جیهادخوازەکان
ئەنسار ئیسلام........................................................................................................... 155
ئەلف- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

ب- حەرەکەی ئیسلامی کوردستان (IMK)
٢- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان........ 159
هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە........ 163
دەرەنجام........ 164

**بەربەستەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی باشووردا........ 169**
پاساودارێتی و نەبوونی بۆشایی........ 170
هەندێ لە بەربەستەکان........ 171
پرسی نەتەوەیی و نەتەوەخوازیی؛ گرنگترین بەربەستی ئیسلامی سیاسی........ 174
دەرەنجام........ 177

**ئایین و شوناسی سیاسی لە کوردستاندا........ 179**
شوناسی سیاسی........ 180
ئایین و شوناسی سیاسی تاکی کورد........ 182
دەرەنجام........ 186

**ئایین و چاندی رامیاریی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا........ 188**
چاندی رامیاریی لە روانگەی 'ئالمۆند و ڤێربا'وە........ 189
ئایین و چاندی رامیاریی........ 193
ئایین و چاندی رامیاریی لە ئێراندا........ 194
کوردستان........ 196

**بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کاریگەر لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پێوەندیی نێودەوڵەتی کوردستان........ 200**
١. شوناسی کوردی........ 203
٢. چاندی کوردی........ 205
٣. دۆخی سیاسی ناوخۆیی و چاندی سیاسی........ 209

**ئایین لە سیاسەتی نێودەوڵەتی کوردستاندا: تێگەیشتنێکی مامناوەند لە سێکیولاریزم........ 217**
١. سێکیولاریزم........ 218
٢. ئایین لە وڵاتانی سێکیولاردا........ 219
٣. ئایین لە پێوەندیی نێودەوڵەتیدا........ 220
٤. پێویستی پێوەندیی کوردستان و عەرەبستان........ 221
حەج و سیاسەت........ 221
دەرەنجام........ 225

**پێویستیی تێپەڕینی کوردستان لە دەوڵەتانی نیمچە مۆدێرن........ 228**
مۆدێرنیتە و تایبەتمەندییەکانی........ 229
دەوڵەتی مۆدێرن........ 231
دەوڵەتە نیمچە مۆدێرنەکانی رۆژهەڵاتی ناوین........ 233
وتەی دوایی: تێپەڕین لە دەوڵەتانی نیمچە مۆدێرن........ 236

# پێشەکی

ئەم پەرتووکەی بەردەست بریتییە لە کۆمەڵە وتارێکی نووسەر کە لە ماوەیەکی تاڕادەیەک دوورودرێژدا بەرەبەرە لە گۆڤار و ماڵپەڕەکاندا بڵاو بوونەتەوە. تەوەری گرێدەری زۆربەی وتارەکان پێوەندیی "ئایین و سیاسەت" لە کوردستانە بۆیە لە ژێر ئەو سەردێڕەدا کۆکراونەتەوە و دیسانەوە بە تێکرا دەکەونە بەردەستی خوێنەری هێژا تاکو گشتێتییەک لە پێوەندیی ئەم دوو فاکتۆرە کۆمەڵایەتییە لە کوردستاندا وێنا بکات. هەر لەو کاتەشدا وەک پرۆژەیەک هەوڵێک بووە بۆ بەرهەمهێنانی وێژەیەک بە زمانی کوردی لەو بوارەدا.

لەو ئاڕاستەیەدا، بەشێک لە وتارەکان هەوڵێکن بۆ روونکردنەوەی پێوەندیی ئایین و سیاسەت لە سەردەمی بزووتنەوەی نەریتی کورد تا سەرەتاکانی بزووتنەوەی نوێی کورد بەتایبەت ئەو قۆناخەی کە بە "قۆناخی ئایینی" لە خەباتی کورددا دیاریی کراوە و لە ژێر ناوی سیاسەتی واتاوی یان مەعنەویدا، سیاسەتی کوردی ئەو سەردەمە پێناسە دەکەن و روونی دەکەنەوە کە ئەوە جیاواز بووە لە سیاسەتی ئایینی و ئایینی سیاسی کە دواتر سەریهەڵدا. لەو قۆناخەدا سەرکردە ئایینییەکان و ئایین لە خزمەتی سیاسەتی کوردیدا بوون و واتاویەتی و مەعنەوییەتی خەڵکی ئایینی کورد هاندەر و وزەبەخش بوو بۆ بەدواداچوونی مافی سیاسییان و نەتەوەخوازیی وەک دژە ئایینی وێنا نەدەکرا و ئامانجی بزووتنەوەکان نەک ئایینی بەڵکو نەتەوەیی بوو. لەلایەکی تریشەوە دژایەتی لەگەڵ ئایین نەدەکرا و ئایین کردەی کۆمەڵایەتی خۆی لە کۆمەڵگای نەریتی ئەودەمەدا جێبەجێ دەکرد. واتە بە وتەی ئەوڕۆکەیی جۆرێ سێکیولاریزمی ساکار و رێزگرتن لە ئایین باو بوو.

بەشێکی تر لە وتارەکان پێوەندییان بە کردەی سیاسی ئایین لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیە و ئەوەی کە چلۆن لە سیاسەتدا لە ئایین بۆ دژایەتی کردنی نەتەوەی کورد کەڵک وەرگیراوە. ئەم وتارانە بە بەڵگەوە پیشان دەدەن کە چلۆن لە کوردستاندا رامیار و سیاسەتوانانی نەتەوە باندەستەکان زیرەکانە لە کردەی رامیارانەی ئایین کەڵکیان وەرگرتووە و ئایینیان کردووە بە

ئـامـرازی سیاسی. وتـارەکان دەریدەخەن کە بێجگە لە هەنـدێ کردەی سیاسی نهێنی ئـایین کە زیاتــر بە قــازانجی نەتەوەی بــانـــدەســـت بــووە، حکوومەتەکان و دەسەڵاتـــدارانیان کردە راشکاوانەکانی ئایینیشیان خستووەتە خزمەتی خۆ. کەچی لە بەرانبەردا، بزووتنەوەی کوردی بە بۆنەی لاوازی لە بیر و روانـــگەی سیاسیدا نەتەنیا نەیتوانی لە کردەی سیاسی ئـــایین کەڵک وەرگـــرێت بەڵکو بە هۆی لەلایەک دەمـــارگـــرژی ئـــایینی و لەلایەکی تـــرەوەش دژایەتی و سەرنـــجنەدانی ئـــایین، وێرای هەبـــوونی کۆمەڵگایەکی نەریتی، زۆر جـــار کەوتـــووەتە داوی سیاسەتی نەیارانی خۆیەوە.

هەروەها بەشگەلێک لەم وتارانە پێوەندییان بە بزاڤ و بزووتنەوە ئایینییەکانی کوردستان و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی کوردی هەیە. ئەمـــانە دەریدەخەن کە بەپێچەوانەی قۆنـــاخی ئایینی بزووتنەوەی کۆنی کوردی و راهاتوویی ئایینی نەریتی و چاندی کوردی، لە بزاڤە نوێیە ئیسلامییەکانـدا لایەنی ئـایینی زاڵ بـووە بە سەر نەتەوەییدا و سیاسەتی ئەمـانە بە کردەوە لە بەرژەوەنـدی نەتەوەییدا نەبـووە و ئـامـانجی سەرەکییان نەک نەتەوەیی، بەڵکو ئـایینی بـووە و هەر ئەمە ئەوانی لە کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ چـانـد و دابـونەریتە تـایبەتییەکانی و دەرەنـجام سیاسەتی کوردی دوور خستەوە و بووە هۆی کەلێنی کۆمەڵایەتی نوێ لە کۆمەڵگای کوردیدا و لە هەنـدێ قۆنـاخـدا هەم خۆیان کەوتـنە بەرەی نەیارانی گەلی کورد و هەم بـواریان بۆ کەڵکی نالەباری سیاسی حکوومەتە ناوەندییەکان خۆش کرد.

لە دوایین بەشی وتـــارەکانـــدا تیشک خـــراوەتە سەر بـــوارێکی بەرینتری سیاسەت. واتە، بەپێچەوانەی بەشەکانی پێشتر کە زیاتـر پێوەنـدیی ئـایین و سیاسەتی لە پێوەنـدیی ئـایین و نەتەوەخـوازیدا بەدواداچـوون کردووە، کاریگەریی ئایین لەسەر نـاسێنە یان شـونـاسی سیاسی، چـانـدی سیاسی و سیاسەتی نێونەتەوەیی پیشان دەدات. لەم رێگایەوە دەردەکەوێت کە ئـایین لە زۆر بـواری سیاسیدا کردەی هەیە و سیاسەتـوانی کوردیش لە سیاسەتی کوردیدا کە بـنەمـای لەسەر شـونـاسی کوردی و کوردسـتانییە پێویستە وەک یەکێک لە فـاکتۆرەکان سەرنجی بـدات. دیارە ئـایین کە لە کۆمەڵگای نەریتیدا تەشەنەی زیاتـری هەیە، دەتـوانێت بەشێک لە شـونـاسی سیاسی تاکی کۆمەڵگاش دیاریی بکات و هەندێ جار شوناسی ئایینی ببێتە بنەمای شوناس و بەشـداریی سیاسی تـاک و کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر پشکی شـونـاسی نەتەوەیی لە سیاسەتـــدا هەبێت، لە کاتێکدا کە کێشەی کۆمەڵگا نەتەوەییە و کۆمەڵگا بە قۆنـــاخێکی هەســتیاردا تێدەپەڕێت. هەروەهـــا ئـــایین دەتـــوانێت لەسەر جۆری چـــانـــدی سیاسی کۆمەڵگا لەلایەک و پێوەنـــدیی دەرەکی و نێونەتەوەیی لەلایەکی تـــر کاریگەریی هەبێت و کەواتە چ لە

ناوخۆ و چ لە دەرەوە ببێتە هۆی کۆکی و ناکۆکی. بۆیە ڕەچاوکردنی ئەم فاکتۆرە لە سیاسەتدا پێویستە.

جێی ئـامـاژەیە کە ڕەچـاوکردنی فـاکتۆری ئـایین وەک هەر فـاکتۆرێکی تـری کۆمەڵایەتی لە سیاسەتدایە و بە جۆرێ لە هەموو حکوومەتەکاندا هەیە و هەبوونی سیاسەت و ڕێبازی ئایینی شیاو، نە بە واتـای ئـایینی سیاسی، بەڵکو بە واتـای هەڵوێستی حکوومەت لە بەرانـبەر ئـایین و کاروبـاری ئـایینی کۆمەڵگادا پێویستە. دیارە لە حکوومەتە ئـایینییەکانـدا ئـایین بـنەمـای زۆربەی سیاسەتەکانیانە. لە هەنـدێ دەوڵەتـدا وەک نـموونە کۆمـونیستییەکان زیاتـر سیاسەتێکی دژە-ئایینی پێڕەو کراوە، هەرچەند بەتەواوی ناتوانن سەرنجی ئەم فاکتۆرە نەدەن ئەگەر تەنانەت لە ڕێگای سیاسەتی ســـنووردارکردنی ڕۆڵی ئـــایین لە کۆمەڵگا بێت کە بۆخۆی جۆرێ سیاسەتی ئـــایینییە. لە سیاسەتی ئـــایینی ئەم دوو جۆرەدا کێشە هەیە و هیچکامیان نـــاکەونە بـــازنەی دەوڵەتـانی مۆدێرنی دێمۆکراتیکەوە کە زۆربەیان سیاسەتی ئـایینی سێکیولار و بێلایەنـانە لە پێش دەگرن و وێڕای جیایی ئایین و دەوڵەت، ئازادی ئایینی بۆ هەموو ئایین و ئایینزاکان هەیە و ڕێزیان لێدەگیردرێت و دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی بێلایەن بەرابەری و دادپەروەریی بۆ هەمـوو گروپە کۆمەڵایەتییەکان ڕەچـاو دەکات. لەم ئاڕاستەیەدا، دوایین وتـاری ئەم پەرتـووکە تەرخـان کراوە بۆ داهـاتـووی کوردسـتان تـاکو هەوڵ بـدرێت لە دەوڵەتـانی نیمچە مۆدێرنی ناوچەکە تێپەڕێت و بەرەو دەوڵەتێکی سێکیولار دێمۆکراتیکی تەواو هەنگاو هەڵێنێت.

هەرچۆنیک بێت، دیارە سیاسەتی کوردی پێویستی بە خـوێندنەوەی جۆراوجۆرە و دەبێت پەل بـهاوێژێتە نـاو هەمـوو بـوارەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئـاسـتی وریایی و زانیاریی سیاسی تـاک و کۆمەڵگای کوردی. لەم پێناوەدا، هیوادارم ئەم پەرتـــووکە بـــتوانێت بەشێک لە کەلێنەکانی خـوێندنەوە سیاسییەکان و سیاسەتی کوردی پڕ بکاتەوە و خـزمەتێکی کردبێت و لەو بـوارەدا بەرهەمهێنانی وێژەی زیاتری بەدواوە هەبێت.

سەباح موفیدی

سنە، گەلاوێژی ٢٧١٧ی کوردی

# دەوری توێژی فەقێ و مەلایان لە پێکهاتنی پێوەندیی کوردستانی و گیانی کوردایەتیدا[1]

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە پەرتووکەکەیدا لەسەر "حاجی قادری کۆیی" (١٩٧٣) ئاماژەی کردووە بە دەوری خـــوێندنی فەقێیەتی و فەقێ و مەلایان لە پێکهاتنی پێوەنـــدییەکی کوردســـتانی لە نـــاو ســـنووری کوردســـتان و لە نێوان زاراوە و نـــاوچە و پـــارچە جیاوازەکانی کوردســـتان، و لەسەر ئەو بـــاوەڕەیە کە هیچ تـــوێژێکی تـــر بە رادەی ئەوان کاریگەریی لەسەر پێکهاتنی ئەو پێوەندییە نەبووە. توێژێ کە لە نێوانیاندا هەندێ کەسایەتی مەزنی نەتەوەیی وەک خانی، مەلای جزیری، حاجی قادر و کەسانی تر هەڵکەوتن. ئەم تاقمە لە توێژی فەقێ و مەلایان دەکرێ وەک روونـــاکبیرانی ئـــایینی-نەتەوەیی و بە جۆرێ هـــاوتـــای روونـــاکبیرانی کیلیاستی (عارف و خاوەن واتایەتی یان مەعنەوییەت) لە زمانی "کارڵ مانهایم"دا لەبەرچاو بگیردرێن کە توێژی سەرەتایی روووناکبیرانی سەردەمی کوردن. بۆیە وەک مەسعوود محەمەد گرنگایەتی پێدەدا، توێژی فەقێ و مەلا و کەشی پێکهاتووی حوجرە و خوێندنی فەقێیەتی لە کوردستاندا گرنگایەتی تایبەتی لە پێکهاتنی پێوەندییەکی سەرەتایی کوردستانی وەک هەوێنی گیانی یەکیەتی هەبـــووە کە ئەم وتـــارە دەیەوێت بە کەڵکوەرگـــرتـــن لە هەنـــدێ بەشی تیۆری مانهایم لەسەر رووناکبیران، ئاورێک بداتەوە سەر دەوری ئەم توێژە.

### مانهایم؛ توێژی مەلایان لە رەوتی پێکهاتنی توێژی رووناکبیراندا

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم وتارە، سێ خاڵی تیۆری مانهایم لەسەر پێکهاتنی گروپ، چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە روونـــاکبیران، واتە دابڕاوی و سەربەخۆیی تـــوێژی روونـــاکبیر، تایبەتمەندی خوێندنی ئەم توێژە، و جۆرەکانی رووناکبیران گرنگایەتییان هەیە. سەبارەت بە پێکهاتنی توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان، مانهایم لە پەرتووکی "کۆمەڵناسی چاند"دا دەڵێت کە کۆبـــوونەوە و پێوەنـــدیی بەرەبەرە دەبێتە هۆی خۆئـــاگـــایی کۆمەڵایەتی و خۆپێناسەکردن بە

جێی پێناسەی کەسانی تر لە ئەوان. تاکی مۆدێرن سەرەتا بە شێوەی تاکەکەسی لە ئایدۆلۆژیا نەریتییەکان دادەبڕێت و بەرەو خۆئـاگـایی کۆمەڵایەتی دەڕوات و پـاشـان تـاکە دابڕاوە هـاودۆخەکان بە دۆزینەوەی بـنەمـا هـاوبەشەکانی ئەم دابڕانە، لەسەر ئەو بـنەمـایانە و هەنـدێ تـایبەتـمەنـدی بەکۆمەڵ خۆیان و دۆخ و ڕۆڵیان پێناسە دەکەنەوە.[٢] پەرەسەنـدنی ئەم جۆرە دابڕان و دیسانەوە یەکگرتـنەوە بـوو بە هۆی سەرهەڵدانی زۆرێک لە گـروپە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە نەتەوە بگرە تا گروپی کرێکاران، ژنان و....

بە قسەی مانهایم هەر سەردەمێ ڕووناکبیری تایبەتی خۆی هەبووە کە ئەوڕۆکە گەیشتووە بە ڕوونـاکبیرانی سەربەخۆ و نـاپـاشکۆ. لەم پێوەنـدییەدا، ئەو چـوار قۆنـاخی گۆڕانی زەینییەتی یوتۆپیایی بە شێوەی خـوارەوە دابەش دەکات: یەکەم شێوەی کیلیاسـتیی/کیلیاسـتیکی[٣] ئانابـاپتیستەکان؛ دووەم بیرۆکەی لیبراڵ-مرۆڤدۆستانە؛ سێهەم بیرۆکەی پارێزکارانە؛ چـوارم شێوەی سوسیالیستی-کۆمونیستی. ئەمانە بە کورتی بریتین لە ئایدیاکانی کیلیاستیک، لیبراڵ، پـارێزکار و سـوسیالیست کە سێی دوایی شێوەی چـاکسازیکراوی یوتۆپیای کیلیاستین.[٤] کەواتە لە ڕوانگەی مانهایمەوە بە پێی جۆرەکانی ئایدیالی زەینییەتی یوتۆپیایی، بە درێژایی مێژووی سەردەمی مۆدێرن چـوار جۆر ڕوونـاکبیر هەبـووە: ڕونـاکبیرانی پەڕاوێزخـواز و خـاوەن ڕێبازی عارفانە یان کیلیاستەکان؛ ڕووناکبیرانی بێ باوەڕ و دژە ئایدۆلۆژیا یان پارێزکار؛ ڕووناکبیرانی ڕابردووخواز و لیبرال؛ ڕووناکبیرانی توندڕەوی کرێکاریی کۆمەڵخواز-کۆمونیست.[٥]

لێرەدا زیاتر جۆری یەکەم پێوەندیدارە و بۆیە ئاماژەیەکی زیاتر لەسەری پێویستە. ئەم گروپە خـاوەن شێوازێکی ئـایینی و زاهیدانەن و بڕوایان بە گۆڕینی کتوپڕی دۆخی هەبـوو بۆ بەهەشتی بەڵێندراو هەیە. ڕوونـاکبیری کیلیاسـت هەمـوو کات خەریکی چـاوەڕوانییە بەڵام نە چـاوەڕوانی پـووچەڵ و نەزۆک بەڵکو چـاوەڕوانی دۆزینەوەی دەرفەتی شیاو بۆ دەسڕاگەیشتن بە جیهانی دەرەوە تـاکو بە پێی بـاوەڕە بەرزەفڕانەکانی خۆی بیگۆڕێت. گەرچی ئەو جۆرە بیرە لای پێڕەوانی هەمـوو ئـایینەکان هەیە، دامەزرێنەری فەرمی ئەو شێوازە بیری "سێنت ئـاگـوستین"ە کە بە نـووسینی پەرتـووکی "شـاری خـوا" هیوای بەدیهاتنی مەلەکووتی خـوا بە دەستی ئیماندارانی پێکهێنا.[٦]

هەر لەو پێوەنـدییەدا، مـانـهایم سەبـارەت بە گەڕۆکی کۆمەڵایەتی نێوان چین و تـوێژەکان و گـروپە داخـراو و شـلەکان، لە پەنـای هـونەرمەنـدان و هۆنەران و... وەک گـروپی زاڵی بـوێژ و نـووسەری سەدەکانی نـاوەڕاسـتی ئەوروپـا ئـامـاژە بە "مەلا و زانـایانی ئـایینی" دەکات کە ڕێکخراوێکی پـتەو و شێوازی تـایبەتی خـوێندنیان هەبـووە. پێکهاتەی سەرەکی دامەزراوەی

مەلایان، جۆراوجۆریی پێشینەی ئەندامەکانی پیشان دەدات. وەکو گرووپێکی داخراو بە شێوەی سـروشـتی گیانی تۆکمەیی و هـاوکاری پەرەپێدەدات و کاریگەرییەکانی ئـاڕاسـتەگـرتـنە کۆمەڵایەتییەکانی جۆراوجۆر کە ئەندامەکان لەگەڵ خۆ دەیهێنن، پووچەڵ دەکاتەوە. دواتر ئەو دۆخە بە ئـاسـتێک دەگـات کە دەڵێی هیچ جۆراوجۆرییان تێیادا نییە. مـانـهایم بە هێنانەوەی نـموونەگەلێک لەمـانە لە کۆمەڵگای ئەڵمانیای ئەو دەم، بەم تـوێژە وەک نـموونەیەک لە شێوازی پێکهاتنی توێژی رووناکبیرانی نزیک و بە توندی لێکترگرێدراو ئاماژە دەکات کە گوایە ئەمانیش بەوەها شێوازێک پێکدێن.[٧]

هەرچۆنێک بێت، ئەو چـوار قۆنـاخەی سەرەوە، قۆنـاخە سەرەتاییەکانی زەینییەتی یوتۆپیایین کە دەکرێ بە قۆنـاخە سەرەتـاییەکانی رووناکبیرییش نـاودێر بکرێن. بۆ مـانـهایم زەینییەتی یوتۆپیایی "رووناکبیران" یان بەشی هـزریی کۆمەڵگا شێوازی نـوێی زەینییەتی یوتۆپیایی بـوو کە بەرژەوەندیی هـزریی و واتاییان هەیە. یەکێک لە کاریگەرییەکانی ژیانی مۆدێرن ئەوەیە کە بەپێچەوانەی چـانـدی پێشوو، چـالاکی هـزریی تەنیا تـایبەت بە چینێکی بە شێوەی پـتەو دیاریکراو لە بـاری کۆمەڵایەتییەوە، وەکو "مەلایـان"، نییە بەڵکو لەلایەن تـوێژێکی کۆمەڵایەتییەوە جێبەجێ دەبێت کە لە ئـاسـتێکی زۆردا لە چینی کۆمەڵایەتی و تـایبەت بە بوارێکی تایبەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، دابڕاون.[٨] مانهایم دەڵێت: "لە بەرانبەر دۆخی سەدەکانی نـاوەڕاسـتدا، راسـتی روونی سەردەمی نـوێ ئەوەیە کە ئەم پـاوانـخوازییەی راڤەی جیهان – راڤەی کەلیسایی کە لەلایەن تـوێژی قەشەکانەوە جێبەجێ دەبـوو – تێکچووە و بە جێی تـوێژێکی داخـراو و یەکدەسـتی رێکخراوی رووناکبیران، تـوێژی روونـاکبیرانی ئـازاد سەریهەڵداوە."[٩] بەو پێیە روونـاکبیران شەبەنگێکی بەربڵاو لە خەبـاتگێڕانی بەر کاریگەریی ئایین و خەباتگێڕانی بورژوای شۆڕشی فەڕەنسە تا هێگل و مارکس و... لەبەر دەگرن.[١٠] کەواتە، وێڕای هـاوشێوەتی لە شێوازی پێکهاتـندا، بـزۆکی بیر و گۆڕانی کۆمەڵایەتی-سیاسی تـوێژی مەلایان و رووناکبیرانی ئایینی، لە ئاستی رووناکبیرانی سەردەمدا نەبووە.

بە وتەی مانهایم "لە نێوان رێکخراوی پتەو و گرووپی شل و کراوەدا، جۆرگەلێکی نێوەنجی زۆر لە کۆمەڵەکان هەن کە رووناکبیران رەنـگە خۆیان بـخەنە ریزی ئەوانەوە."[١١] لە پێوەنـدی لەگەڵ پێکهاتنی توێژی رووناکبیری سەردەمدا، دەڵێت لە کۆمەڵگایەکدا کە بە قووڵی بە هۆی قەڵشتی چینایەتی لەت لەت بـووە، تـوێژێک سەرهەڵدەدات کە گەرچی لە مەودای نێوان گـرووپە کۆمەڵایەتییەکانـدایە، بۆخۆی چینێکی نێوەنجی یان مـامـناوەنـد پێکناهێنێت. بەڕای ئەو، روونـاکبیران "چین"ێکی کۆمەڵایەتی نین، چـونکە بەرژەوەنـدیی مـاددی هـاوبەشییان نییە و

نـاتـوانـن گـروپێکی جیاواز و دیار پێکبهێنن و هەڵسن بە کردەوەیەکی بەکۆمەڵ. ئەم تـوێژانە کەمـتر بە روونی دیاریی دەکرێن وەک چینێک بە گـوێرەی ئەوانەی راسـتەوخۆتـر بەشـداری رەوتی ئـابـوورین.[١٢] بە وتەیەکی تـر رووناکبیران ئیدئۆلۆگی چینە جیاوازەکانـن. رووناکبیران توێژێکی نێوەنجین کە لە هەموو چینەکانی تری تێدان؛ کۆمەڵێکی تێکەڵن لە هەموو چینەکان. بەوەشەوە بە شێوەی لەناخداهەڵگر دەتوانن لە دۆخی چینایەتی خۆیان تێپەڕن و بە ئەگەری زۆرەوە کەسایەتی کۆمەڵایەتی کەسێ کە دەچێتە ریزی رووناکبیرانەوە، دەگۆڕدرێت. لە رێبازی مارکسیستیدا، هەرکام لە چینە باندەست و بندەستەکان بە پێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان دەجـوولێنەوە، کەچی دۆخی رووناکبیران نـاکرێ بە روونی بە پێی پێگەی کۆمەڵایەتی یان بەرژەوەندی چینایەتی شی بکرێتەوە. بۆیە لەم پێوەندییەدا مانهایم بۆ ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە چەمکی "رووناکبیرانی ئـازاد" بەکار دەهێنێت.[١٣] ئەم تـوێژە تـاڕادەیەک دابـڕاوەی بێ چین، ئەوەیە کە پێشتر ئالفرێد ڤێبەر بە "رووناکبیرانی سەربەخۆ لە باری کۆمەڵایەتییەوە" ناودێری کردبوو.[١٤]

رەوتی مێژوویی پێکهاتنی ئەم تـوێژە، یەکدەسـت نەبـوونی رووناکبیران لە نـاو خۆیانـدا دەردەخـات. کەواتە ئەمـانە لە یەک چین و گـروپ نین بەڵام ئەو شـتەی کە ئەمـانە لێکتر گـرێ دەدات، "خوێندن"ە کە گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆیەیە. میراتی خـوێندنی هـاوبەش زاڵ دەبێت بە سەر جیاوازییەکانی لەدایکبوون، پێگەی کۆمەڵایەتی، پیشە، دەسمایەو دارایی، و کەسانی خوێندەواری تاک لە سەر بنەمای خـوێندنێ کە وەریانگرتووە، لە پۆلێنبەنـدییەکی هـاوشێوەدا کۆ دەکاتەوە. هەڵبەت مـانـهایم جەخـت دەکات کە لە روانـگەی ئەوەوە هەموو تاکە خوێندەوارەکان ناکەونە بازنەی توێژی رووناکبیران بەڵکو تاقمێکی کەم لە نێوانیان وێنەی راسـتی چەمکی رووناکبیرن. کەواتە رووناکبیران گـروپێک یان تـوێژێکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای خوێندن و نەک ئابووریی، پێکدەهێنن. بۆیە ئەمانە بە ناپاشکۆ یان بێ چین نـاودێر کراون. رووناکبیران دەتـوانـن پێوەنـدی بکەن بەو چینانەی کە لێیانەوە دەرنەکەوتوون و بە رەچەڵەک و لە بنەڕەتدا سەر بەوان نین، و ئەمە هەلێکە بۆ ئەوان کە بتوانن خۆ رێکخەن لەگەڵ هەر جۆرە روانگەیەک کە بیانەوێت و تەنیا ئەوان دەتوانن بکەونە دۆخێک کە پـاشکۆیەتی و پێبەسـتەیی خۆیان هەڵبژێرن، لە کاتێکدا ئەوانەی کە راسـتەوخۆ گـرێدراو و سەر بە چینێکن تەنیا بە دەگمەن دەتوانن لە سنوورەکانی بیرۆکەی چینایەتیان تێپەڕن.[١٥]

لەم بـاسـانەی مـانـهایم بەوە دەگەین کە دەکرێ فەقێ و مەلایان وەک تـوێژێکی سەرەتـایی لە پێکهاتنی رووناکبیراندا چاویان لێکرێت کە تێیدا تاک سەرەتا لە هەندێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

خـوارتـر دادەبڕێـت. بە هۆی خـوێندن پێوەنـدییەک لە نێوان تـاکە هـاودۆخەکانـدا چێ دەبێت کە جیاوازییەکانیان دەشـارێتەوە. گەرچی ئەم پێوەنـدییە دەڕوات بەرەو دامەزراوەیەکی پـتەو کە جـموجـووڵی هـزریی کەمـترە بەڵام سەردەمێک شێوازی زاڵی چـالاکی هـزریی بـووە. لە دڵی ئەم چـالاکیانەوە جۆرێ روونـاکبیری خـاوەن رێبازی عـارفـانە و پێوەنـدیدار بە ئـایین سەریهەڵدا. دەکرێ بڵێین وەها شێوازێکیش لە کوردستاندا هەبووە.

## ژیانی فەقێیەتی، پێوەندیی کوردستانی و گیانی یەکیەتی

وەک مەسعوود محەمەد باس دەکات، لایەنێکی جوگرافی لە گەشت و گەڕانی سەردەمی زووی فەقێی کوردا هەبـووە کە پیشانـدەری بـوونی هەسـتێکی بەرچـاو بەڵام نهێنی نەتەوایەتییە، لە سەرتانسەری کوردسـتانـدا بە درێژایی ئەو رۆژگارانەی کە هـاتـوچۆی خـوێندنی فەقێیانەی تێدا بـووە. زۆربەی گەشـتەکانی فەقێیان بۆ خـوێندن لە پەڕاوێز و نـاو سـنووری کوردسـتانـدا بـووە، نەک بۆ نـاو تـورک و عەرەب و فـارس. واتە جـوگـرافیای گەڕانەکانیان بە تێکڕایی وێنایەک لە نەخشەی کوردستانی بووە. بە وتەی ئەو، بزووتنەوەی دایمی و زۆری فەقێیان لە سەرتانسەری خاکی کوردستاندا لەسەر ئەرکی خەڵکی کوردەواری بەڵگەی بوونی گیانێکی ناسیاوی و خۆیی بـوون و یەک مـاڵییە کە ئەگەر خەڵکەکە و فەقێیەکان هەمـوویان کورد نەبـان و هەسـتیان بەو "یەکبوون"ە نەکردبـا، پێکنەدەهـات. لە نێوان فەقێ وەک مێوان و خەڵک وەک خـانەخـوێ هەسـتی "کوردبـوون" ئەوەنـدە بەهێز بـووە کە سـنووری نێوان خـاکی ئێران و عـوسـمانی نەیتوانیوە هەستەکە لەت کات، تەنانەت شەڕی نێوان هەردوو دەوڵەت نەیتوانیوە لە هاتوچۆ و بەزاندنی سنوور لەلایەن فەقێیانەوە بەرگیری بکات و هەردوو دەوڵەتیش بە جۆرێک سەبارەت بەوە بێ دەنگ بوون.[16]

لە روانگەی 'مەسعود محەمەد'ەوە گەشت و خـوێندنی فەقێیان، بە پێکهێنانی گیانێکی نهێنی کوردایەتی، خـزمەتی "نەتەوە بـوون"ی کوردی کرد.[17] بە رای ئەو، نەبـوونی کیانێکی سیاسی و دەوڵەتی کوردی ببووە هۆی نەبـوون یان لە خـوارەوە بـوونی هەسـتی نەتەوایەتی گشـتی لە نـا کوردانـدا. ئەم گەڕانە لە کوردسـتانـدا پەیوەنـدییێکی خۆڕسکی وای پێکهێنابـوو کە کەلێنی نەبـوونی کیانی سیاسی لە نـاو کوردا کەمێک پڕکردبـووەوە. بە جۆرێ کە ئەم شێوازە خـوێندنە سەرانـسەری کوردەواری لێکگرێدابـوو، هیچ پیشەیەکی تـر وەک بـازرگـانی، وەرزێریی، پیشەسـازیی و... واینەکردبـوو. فەقێ و مەلایان بە هەمـوو کوردسـتانـدا لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی تـر بۆ خـوێندن بڵاو دەبـوونەوە و لەو جێگۆڕکێیەدا خەڵکیان دەنـاسی و بە یەکتریان

دەناساندن. "وەک بە هۆی خوێندنەوە مەلاییێکی سنەیی گەیشتۆتە کۆیێ و دیاربەکر یان خود فەقێی موکری و بادینی و سۆرانی لە مزگەوتی ئاواییەکی کوردستاندا کۆ بوونەتەوە بە هیچ هۆییێکی دیکە و لە هیچ مەیدانێکی تــردا کوردی ئەم سەرەوسەری کوردســتان وەهــا کۆ نەبــوونەتەوە. سەرەڕای زۆری ژمــارەی ئەو فەقێ و مەلایانە کە هــاتــوچۆکەیان کردووە، کاتی دورودرێژی خــوێندنیشیان و مــانەوەیان لە غەریبی، قــووڵایی و فــراوانییەکی بەو پەیوەنــدییە بەخشیوە کە گەشــتەکەیان بەرهەمی هێناوە لە نێوان خەڵــقدا زۆر زەحــمەتە لە کارێکی تــردا بەرهەمی بێ، یاخود هەر نایێ."[18] ژمارەی فەقێ و مەلایانی گەڕیدە لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە بۆ مەبەستی تر کوردستانیان پێواوە، پتر بووە. بۆ وێنە، بە هۆی زۆری مەلای وانەبێژ و فەقێ باژێری سنە بە ماڵی زانست (دارالعلم) ناوبانگی دەرکردبوو یان سەردەمێک لە شاری کۆیێ ٥٠٠ موستەعید و فەقێ خوێندوویانە. بەشی هەرە زۆری ئەو فەقێیانەی کە لە مزگەوت و تەکیە و خــانەقــاکانی کوردســتان ژیاون لە شــوێنانی دوورەوە بۆ خــوێندن روویان دەکردە ئەوێنانە. خــوێندنی فەقێیەتی تــایبەت بە یەک دوو جێگە نەبــووە و مەلا و فەقێیەکان لە هەمــوو ئەو شوێنانەیدا بڵاوبوونەوە کە مەلای وانەبێژی لێبووە.[19]

بە بۆچوونی مەسعوود محەمەد، گەشتی فەقێیان بە دوا خوێندندا شادەمارێکی پەیوەندیی گشتی بوو لەم سەرەو سەری کوردستان بۆ ماوەی سەدان ساڵ کە هیچ جووڵانەوییێکی دیکە وەک ئەوە نەبــووە. ئەم شێوازە خـــوێندنە یەک شێوەیە و تێکەڵبوونی مەلایان لەگەڵ ژیانی رۆژانەی خەڵک، تــاڕادەییێک بــووە هۆی پێکهاتنی هەســتێکی کۆمەڵایەتی یەک رەنگی بۆ گەلی کورد. ئەو بۆ مەلاکان کە دوای گەڕانی زۆر شوێنی کوردستان، لەسەر زاراوە و خــوو و رەوشت و ژینی ئەو خەڵکە شارەزا دەبن، چەمکی "باڵێوزی گەڕۆک" بە نوێنەری لەو ناوچانەی کە لێیان خوێندوە، بەکاردێنێت. خوێندنی فەقێیان لە نێو سنووری کوردستانی گەورە پیشان دەدات کە کورد لە رووی خــوێندەواریەوە پێویستی بە هــانــا بــردنە بەر بێگانە نەبــووە و زۆربەی مەلایانی نــاوداری کورد زۆری خــوێندنی خۆیان هەر لە کوردســتان بــوون.[20] ئێستاش هەر هەن فەقێ و مەلایانێک کە لە گەڕانــدان و کەم پێش دێت لە زێدی خۆیان بمێننەوە یان تــا سەر لەوێ بن. ئەم توێژە بە شــار و دێی کوردستــانــدا دەخـولێنەوە و هەر مــاوەیەک لە مزگەوت و شــوێنێک دەبن. گەرچی ئێستا دەوری هەنــدێکیان بەرتەسک بــووەتەوە بە پــاراســتنی نەریت و پــارێزکاریی و تەنانەت بوون بە پیاوی نەیارانی کورد.

لێرەدا بۆ وێنە دەکرێ بە گەڕانی فەقێیەتی هەنــدێ لە گەورە هۆنەرانی کلاسیکی کورد ئــامــاژە بکرێت کە لە سەر رێبازی فەقێیەکانی کوردستان و بەپێی خوێندنی باوی ئەو سەردەمە گەشت

و گەڕانی دوور و درێژیان هەبـووە و لە پێناوی وەرگـرتنی زانسـتە ئـایینییەکانـدا شـار و دێهاتە قـوتـابـخانەدارەکانی بەشێکی کوردسـتان گەڕاون و دوا پـلەی ئەو خـوێندنەیان بڕیوە و مۆڵەتی مەلایەتییان پێدراوە. مەولەوی، لە هەڵەبجە بۆ پاوە و مەریوان و سنە و بانە و سلێمانی چووە و دیسان گەڕاوەتەوە هەڵەبجە و لەوێ چووە بۆ جوانڕۆ و دیسانەوە بۆ سنە و پاشان سلێمانی. نـالی بۆ خـوێندن شـوێنگەلێک وەک سـنە، مەهـابـاد، قەرەداغ، هەڵەبـجە و سـلێمانی گەڕاوە. سەبارەت بە ژیانی وەفایی هاتووە کە لە مەهابادەوە بۆ خوێندن چووەتە ناوچەی سلێمانی و شارەزوور و لەوێشەوە سەردانی موسڵ و بەغدا دەکات و دەگەڕێتەوە مەهاباد. حاجی قادری کۆیی لە ژیانی فەقێیەتیدا بۆ خـوێندن گەشـتی بە چەنـد هەرێمێکی کوردسـتانـدا کردووە و هەنـدێ شـاری کوردسـتانی بـاشـوور و ڕۆژهەڵات گەڕاوە و لە ڕۆژهەڵات لە مەهـابـاد، نـاوچەی لاجان بەرەو سەردەشت و بانە خوێندوویەتی. گەڕانی فەقێیەکان بۆ خوێندن گەر لە دەرەوەی کوردستانیش لە شوێنێ وەک بەغدا بووبێت دیسان زۆربەیان لای کەسانی گەورەی کورد بوون. بۆ وێنە مامۆستا مەحوی بۆ خوێندن چووەتە سنە و مەهاباد و بەغدا کە لە بەغدا فەقێ زانای بە ناوبانگی کورد، موفتی زەهاوی بووە و پاش ماوەیەک گەڕاوەتەوە سلێمانی.[٢١]

## دەوری خوێندنی فەقێیەتی و توێژی مەلایان لە پێکهاتنی هەستی نەتەوایەتیدا

هێنانی بـاسی ڕوونـاکبیرانی مـانـهایم لێرەدا بۆ مەبەسـتی نـاودێرکردنی ئەم تـوێژە وەک "ڕووناکبیر" لە واتای ئەوڕۆکەییدا نییە و لە چوارچێوەی پێناسەی ئەوەشدا ناگونجن، گەرچی هەنـدێکیان بە قۆنـاخی کیلاسـتیی ڕوونـاکبیریی و پێناسەی ڕوونـاکبیرانی ئـایینی-نەتەوەیی نـزیک بـوونەتەوە، بەڵام ئەمـانیش لە چین و تـوێژی جۆراوجۆریی کوردەوارییان تێدا بـووە و گەڕۆک بوون و بە جۆرێ ڕۆڵێکی وەک ڕووناکبیریانی سەرەتاییان لەو سەردەمەی کوردستاندا بووە لە باری دەرکەوتن لە چینی کۆمەڵایەتی خۆیان و پێوەندییان و جاروباریش وەدەنگهاتن و هەڵوێستیان لە سەر بەرژەوەنـدیی گشـتی کوردسـتان. کەواتە لەم تیۆریە نەک بۆ سەلـمانـدنی ڕوونـاکبیربـوونی ئەم تـوێژە بەڵکو بۆ پێکهێنانی شێوازی پێوەنـدیی و یارمەتی بۆ پێکهاتنی بیریی کوردی کەڵک وەرگیراوە.

بەپێی تیۆری مـانـهایم لە پێوەنـدی لەگەڵ ڕوونـاکبیران و لەو ئـاڕاسـتەیەدا خۆدۆزینەوە یان خۆدەرخسـتنی گـروپە کۆمەڵایەتییەکان، ئـاکاری گـروپەکانی تـر (لێرەدا نەتەوەکانی تـر) و جیاوازییان دەبێتە هۆی پێوەنـدیی نـاوخۆیی کورد و لە ئـاکامـدا پێداچـوونەوە بە پێناسەی خۆ کە لەلایەن دیترانەوە بۆی کرابوو. سەبارەت بە نەتەوە، تەنانەت مانهایم ئەم پێناسەی بەکۆمەڵە

لە خۆ واتە ناسیونالیزم بە قۆناخێک لە دێمۆکراسی دەزانێت. ئەو دەڵێت: "دێمۆکراتیزاسیۆن لە قۆناخی یەکەمدا بەرابەری و رەوشی هاوبیری جیهانی پێکناهێنێت بەڵکو تیشک دەخاتە سەر جۆراوجۆریی بەکۆمەڵ. لەڕاستیدا، ئێمە بەردەوامی گەشەی ناسیونالیزم زیاتر لە جیهانیخوازیی دەبینین. پڕۆسەی دێمۆکراتیک کە توانستی گشتی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ زێدە دەکات سەرەتا خەڵکی هاودۆخ یەکدەخات و خۆئاگایی نەتەوەیی پێش ئاگایی جیهانی رادەچڵەکێنێت."[٢٢]

لە جموجووڵی فەقێ و مەلاکاندا دابڕانێک لە بازنەی هۆز و هۆزایەتی و زاراوە و ناوچە روودەدات و بە ناوی کورد پێوەندییان لە جوگرافیای کوردستاندا هەبووە و یارمەتی دۆزینەوەی "شوناس"ی کوردیان داوە. بەتایبەت ئەو بەشەیان کە روویانکردە هەڵبەست و نووسین لە دۆزینەوەی "خۆ"ی کۆمەڵگای کوردیدا دەوری گرنگیان هەبووە. تاکەکان بنەما هاوبەشەکان لەوانە کوردبوون و خوێندن دەدۆزنەوە و بە پێناسەیەکی هاوبەش لە رۆڵی خۆیان دەگەن و بەندوباوی هەبوو دەخەنە بەر پرسیارەوە. تاکی دابڕاوی فەقێ و خوێندەوار بەرەبەرە هاوکات لەگەڵ خۆپێناسەکردن وەک فەقێ و مەلا بەرەو خۆپێناسەکردن وەک کورد چوو و بە جۆرێ بنەمایەکی بۆ پێناسەی مۆدێرن لە کورد پێکهێنا. سووڕی فەقێ و مەلا لە بازنەی کوردستان و پێوەندیی لەگەڵ خەڵک و وەرگرتنی پشتیوانی لەوان، هاوکات "دیترییەکان"ی کوردیش دیاریی دەکات و لە روانگەی مانهایمەوە لەسەر خۆدۆزینەوەی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، یارمەتی دەدات بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی کە "ئێمە کێین؟"[٢٣] و لە ئاکامدا کەسانێکیان لێدەردەکەوێت کە ئەم پرسیارە دەکەن و وەڵامی دەدەنەوە.

لە روانگەی کۆمەڵناسانەوە بە گوێرەی چین و توێژەکانی تر، رووناکبیرانی ئازادی سەردەم، دوایین گروپن کە وەک توێژێک سەرهەڵدەدەن بە هۆی بارودۆخیانەوە کە لە دابەشکاریی کۆمەڵایەتی کاردا هیچ بەشێکی کردەیی و بنەڕەتی کۆمەڵگا پێکناهێنن.[٢٤] بەپێچەوانەوە، لە رەوتی کۆمەڵایەتی پێکهاتنی گروپەکان لە کوردستاندا، لەڕاستیدا توێژی فەقێ و مەلا وەک گروپێکی داخراو لە روانگەی مانهایمەوە لە یەکەم گروپەکان بوون کە بە خاڵی کۆمەڵناسانە دەگەن و لە کۆمەڵگای نەریتیدا کردەی کۆمەڵایەتی ئایینیان هەبووە و بە پێناسەیەکی بەکۆمەڵ لە خۆیان گەیشتن و لە قۆناخی دواتردا لە ناخیانەوە کەسانێ دەرکەوتن کە بەرەو پێناسەی نەتەوەیی چوون و هەوێنی پێوەندیی نەتەوەییشیان پێکهێنا. خوێندنی فەقێیەتی و مەلایەتی قۆناخێکی نێوەنجی بۆ گەیشتن بە قۆناخێکی بانتر و لە ئاستی نەتەوەدا بووە کە بۆ رووناکبیرانی نەریتی پێویست بووە. هەروەک خوێندکاری ئەوڕۆ کە بە رۆشتن بۆ زانکۆ، لە

هەندێ گرێدراوی خێزانی، هۆزی و... تاڕادەیەک دادەبڕێت و پێوەندییەکانی زیاتر و بۆخۆیشی ئاگاتر دەبێت، لە سەردەمی زووتریشدا قۆناخی فەقێیەتی خوێندەوارانی لە هەندێ گرێدراوی سەرەتایی دابڕیوە و بواری خۆش کردووە بۆ بەرەو ئاگایی نەتەوەیی چوون. هەروەها کە لە کەسانێک وەک حاجی قادردا دەبینرێت.

لەلایەکی ترەوە، هەروەها کە لە تیۆری مانهایمدا گومانێک لەسەر لانەوازی و ماڵ بە کۆڵی و بێ ڕێخەبوونی[٢٥] ڕووناکبیرانی مۆدێرن دەبینرێت، ڕووناکبیران بەتەواویش بەرەڵا و دڵساردبوو و دابڕاو لە کۆمەڵگا و ئاگادار لەسەر چەند جیهان و بەها ناکۆکەکان نین. بەڵام ئەو سەر بە چین یان پلەوپێگە نەبوونە، ئەو هەلەیان بۆ دەڕەخسێنێت کە بتوانن بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی کە چ کۆمەڵە بیرۆکەگەلێکی باو، بۆ کەشی هزریی زاڵ تەواو و شیاوە، نەک هەندێ هەقێقەتی ڕاستەقینە بدۆزنەوە.[٢٦] لە چینی خوێندەوارانی نەریتی کوردستانیشدا ئەو دابڕانە تەواو نەبوو و وێرای پێکهاتنی توێژی نوێ لەگەڵ کۆمەڵگای چاوک و کۆمەڵگای بەردەنگ و نوێدا پێوەندییان هەبووە و کاریگەرییان لەسەریان هەبووە. لە کاتێکدا کە ئەو دابڕانە لەو ئاستەشدا هەلی بۆ هەندێکیان ڕەخساند کە هەندێ بیرۆکەی شیاو بهێننە ئاراوە. بۆیە وەک وەسفی ئایینی ڕووناکبیران لە تیۆری جولین بێندا[٢٧] و ڕووناکبیرانی سەربەخۆی مانهایم و "ڕووناکبیران لە تاراوگە"ی ئێدوارد سەعید کە لە هەندەراندا شاکارەکانیان دەخولقێن، ئەم توێژە ئایینییە تاڕادەیەک دابڕاو و پێوەندیدەر و گەڕیدە بوون و شاکارەکانی وێژەی کوردی و بیری ناسیۆنالیستی سەرەتایی کوردی لە نێو ئەمانەوە هەڵقوڵی. هەروەها وەک بەشێک لە کوردی هەندەران لە ئەستەمۆڵ، ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمدا هەبوو کە لە سەرەتادا لە باری وێژەییەوە نالی و دواتر لە باری سیاسیی-کۆمەڵایەتییەوە حاجی قادری کۆیی تێیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو. ئەو گەشت و مانەوەیان هەلی بۆ ڕوون بوونی زیاتر و وەرگرتنی ئاگایی زیاتر دەڕەخساند و لە ئاکامدا دەسکەوت و شوێنەواری زیاتر بوو.

وەک چۆن ژان ژنە (Jean Genet)، یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی سەدەی بیستەم، دەڵێت "هەر ئەو ساتەی کە وتار یان بابەتێکتان لە کۆمەڵگایەکدا بڵاوکردەوە، چوونەتە ناو ژینی سیاسی ئەو کۆمەڵگا،"[٢٨] هەندێ لە خوێندکارانی حوجرە وەک هۆنەرانی کلاسیکی کورد لەوانە خانی، جزیری، مەولەوی، نالی، حاجی قادر و... هەر بە دەسپێکی نووسینیان و بە تایبەت نووسینی کوردی کەوتوونەتە ناو سیاسەتی کوردییەوە کە کەسێک وەک حاجی قادر بە بیر و کردەوەش سیاسی بووە. لە ئاڕاستەی ئەو وتەی ئێدوارد سەعید سەبارەت بە ڕووناکبیران کە دەڵێت: "هەمووومان لە نێو سنوورە نیشتمانییەکاندا دەژین، لە زمانە نەتەوەییەکان کەڵک

وەردەگرین، و زۆربەی کات رووماـن لە کۆمەڵگا نەتەوەییەکانە."[٢٩] ئەمانەش لە زمانی نەتەوەی خۆیان کەڵکیان وەرگرت و رووی قسەیان لە خەڵکی خۆیان بوو. ئەگەرچی بە بیرۆکەی جیهانی نەگەیشتن بەڵام پەرۆشی نەتەوە و زمـــانی نەتەوە و بەرابەری نەتەوەکانیان بـــووە. واتە بە قۆنـاخی بیریی نەتەوەیی لە بـاسی دێمۆکراتیزاسیۆنی مـانـهایمدا گەیشتبوون. هەروەهـا لە ئاراستەی وتەیەکی تری ئێدوارد سەعید کە "ئامانجی کردەوەی رووناکبیریی بەرزکردنەوە و پێشخستنی ئـازادی و زانیاریی و مەعـریفەی مـرۆڤە"[٣٠]، ئەو تـوێژە لە بـوێژ و نـووسەرانی سەرەتــایی کورد، بە پێی کات و شــوێنی خۆیان هەر ئەو ئـامــانــجانەیان بۆ مــرۆڤی کورد لەبەرچـاوگـرتـبوو. بۆ وێنە دەرکەوتەیەکی خـوێندنی فەقێیەتی، ئەحـمەدی خـانی بـووە کە بەداخەوە بـوو بۆ نەبـوونی دەوڵەتێکی کوردی. یان حـاجی قـادر کە ئـاواتی یەکیەتی کورد و کوردسـتان و پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی بـووە و بە پـلەیەک پێشکەوتـن لە پێشینیانی خۆی، بەرنامە دادەنێ بۆ یەکیەتی و برایەتی ناوخۆیی و بەرابەری لەگەڵ نەتەوەکانی تر.[٣١]

هـاوکات و لە قۆنـاخەکانی دواتـردا تـوێژی فەقێ و مەلایان بە کردەوە کاری سیاسییان کردووە. رێبەرایەتی زۆرێک لە بزووتنەوە کوردیەکانی سەردەمی خەباتی نەریتی بە ئەستۆی شێخانێک بوو کە مەلایەتییان خوێندبوو و مەلایان لە دەوریان خڕ ببوونەوە. لە بزووتنەوە نوێیەکانیشدا چ لە ئاستی رێبەر و چ لە ئاستەکانی خـوارتـردا مەلا و زانـا ئاییینیەکان دەوریان گێڕاوە. لێرەدا ئـامـاژە بە بیرەوەریەکی مەلا عەبـدوڕڕەحـمان لاهیجانی، ئەنـدامی پێشووی حێزبی دێمۆکراتی کوردســتانی رۆژهەڵات، وەک نــموونەی کاری سیاسی فەقێ و مەلایان پیشانــدەری پێکهێنانی پێوەنـــدییەکی کوردســـتانی و نەتەوەیی لە سەردەمی نـــزیکتردا، لەلایەن ئەم تـــوێژەیە، کە دەگێڕێتەوە: "...رۆژێ فەقێیەک لە مەهـابـادەوە هـاتە لام و وتی هـاتـووم بە دواتـدا کە بێی بۆ مەهاباد بۆ لای بەڕێز مەلا حەسەنی قزڵجی و مەلا محەمەدی تورجانی زادە. پێم خۆش بوو و پێکەوە چـــووین... داوایان لێکردم کە گەشـــتێک بکەم بۆ کوردســـتانی عێراق بۆ لای سەید حوسێنی حوزنی لە شاری رەواندز... سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٣٢ لەگەڵ سێ فەقێ تر چووینە کوردستانی عێراق... خۆمـان بە سەید حـوسێن نـاسـانـد و رەمـزی دڵنیاییمان پێ وت... رۆژانی هەینی لای ئەو وانەی سیاسی و نەتەوەخـوازیی کوردیمان بۆ مـاوەی ٦ مـانـگ خـوێند و دواتـر گەڕاینەوە ئێران و وانە و راسپاردەکانی ئەومـان بە قـزڵجی و تـورجـانی زادە و مەلا ئەحـمەدی فەوزی گەیانـد."[٣٢] نـموونەی زۆری وەهـا لە چـالاکی حـوجـرەی مـزگەوتەکانی کوردسـتان هەیە بەتـایبەت چـالاکی فەقێ و زانـایانی ئـایینی لە کۆمەڵەی ژ.ک دا و لەوانە قـازی مـحەمەد، کە هەموویان لە پێناوی نەتەوە و هەستی نەتەوایەتیدا بوون.

## وتەی دوایی

وەک دەرکەوت شێوازی پێکهاتنی توێژی فەقێ و مەلایان لە کوردستان وەک نموونەکانی کارڵ مانهایم بووە. تاکەکان لە ڕێگای خوێندنەوە لە هەندێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دادەبڕێن و هاودۆخییان دەبێتە هۆی دەرکەوتنیان وەک توێژێک و لە نێویشیاندا هەندێ ڕووناکبیری خاوەن ڕێبازی عارفانە دەردەکەوێت. لە سەردەمێکدا ژیانی فەقێیەتی و گەڕان بە شوێن خوێندن و پێوەندییان لە نێو سنووری کوردستان و نەچوونە دەرەوە بۆ فێربوونی زانست لە خۆیدا گیانێکی نهێنی کوردایەتی و پردێکی پێوەندی لە نێوان کوردان بە گشتی پێکهێنا. فەقێ کورد لە هەر هۆز و زاراوە و ناوچەیەک، و لە هەر چین و توێژێک، لە شوێنی خوێندن واتە حوجرەی هەندێ لە مزگەوتەکانی کوردستان کە وانەبێژی گەورەیان هەبوو خڕ دەبوونەوە و لەسەر بنەمای هاوبەشی خوێندن و کورد و ئایینی بوون توێژێکی نوێیان پێکدەهێنا و لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ خەڵکی پێوەندییان هەبوو و خەڵکیش پاڵپشتیان بوون. ئەم پێوەندییە سنوورە دەسکردەکانی نێوان دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی و وڵاتانی پاش عوسمانی بەزاندبوو و جووڵەیەکی لە نێو کوردستاندا پێکهێنابوو کە دەسکەوتی زیاتر لە توێژەکانی تر بوو و هەوێنی پێوەندییەکی گشتی تر و گیانی کوردستانی بووە و لە ئاکامدا لە نێو ئەم جموجووڵەش بیری سیاسی و کوردایەتی دەرکەوت کە نوێنەرە سەرەکیەکەی کەسێ وەک حاجی قادری کۆیی بووە. لە قۆناخەکانی دواتریشدا فەقێ و مەلایان بۆ ماوەیەک پێوەندیدەری ڕەوتی سیاسی گشتی کورد بوون. هەرچۆنێک بێت، شێوازی خوێندنی نەریتی و پێکهاتنی توێژی هەرچەند داخراوی مەلایان کە لە نێویانەوە ڕووناکبیرانی خاوەن ئایدیال و ڕێبازی عارفانە دەرکەوتن، دەکرێ وەک قۆناخی سەرەتایی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کوردستان ڕەچاو بکرێن.[٣٣] پەرۆشی ئەوانیش بەرابەری و دادپەروەریی لە ئاراستەی مرۆڤایەتیدا بووە کە پەرۆشێکی جیهانییە.

## سەرچاوەکان:

١ ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە ڕێکەوتی ١٤/٠٣/٢٠١٧، لە ماڵپەڕی "میللەت پرێس"، بەشی "کراوەیی ئیسلامی" بە ناونیشانی خوارەوە بڵاو بووەتەوە:
http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=37093&T=
٢ Karl Mannheim, Essays on the Sociology of Culture, Volume seven, New York, 2003, p. 99.
٣ Chiliastic
٤ K. Mannheim, Ideology and Utopia, An Introduction to the Sociology of Knowledge, New York, 1954, p. 224.
٥ نصرت الله رئیسی، روشنفکران، ایدئولوژیهای یوتوپیا از دیدگاه کارل مانهایم، نقدی بر اندیشەی جامعەشناسی آلمانی با برداشتی از کتاب "ایدئولوژی و یوتوپیا"، ترجمە: ف. مجیدی، **مجلە نگین**، دی، ١٣٥٧ (١٩٧٩)، شمارە ١٦٢. و: Mannheim, ١٩٥٤,. P. ٢٣٣.
٦ رئیسی، ١٩٧٩.
٧ Mannheim, 2003, p. 127.
٨ Mannheim, 1954, p. 139.
٩ رئیسی، ١٩٧٩.
١٠ Mannheim, 1954, p. 232.
١١ Mannheim, 2003, p. 123.
١٢ Mannheim, 1954, pp. 138-139.
١٣ محمد جواد زاهدی و محمد حیدرپور، "جامعەشناسی انزوای روشنفکران (نقد کنشهای روشنفکران عصر مشروطە تا پایان سلطنت پهلوی اول)"، **مجلە جامعە شناسی ایران**، دورە نهم، شارە ١ و ٢، بهار و تابستان ١٣٨٧ (٢٠٠٨)، ص ١٢٧-١٦٤. و: Mannheim, 2003, p. 104.
١٤ Mannheim, 1954, p. 137 - لە وەرگێڕانی زمانی ئاڵمانییەوە بۆ سەر زمانەکانی تر چەمکی ڕووناکبیرانی ئازاد، سەربەخۆ، هەڵواسراو یان ناپاشکۆ بەکار هێنراون.
١٥ Ibid., p. 138-141.
١٦ مەسعود محەمەد، **حاجی قادری کۆیی**، بەشی یەکەم، بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٣، لل. ٢٥٥-.٢٥٧
١٧ هەر ئەوە، ل. ٢٦٤.
١٨ هەر ئەوە، لل. ٢٦٦-٢٦٧.
١٩ هەر ئەوە، لل. ٢٧٠-٢٦٩
٢٠ هەر ئەوە، لل. ٢٧٦-٢٧٣.
٢١ پێشەکی دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، بەغدا؛ پێشەکی دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: عەبدولکەریمی مودەڕڕس و فاتیح عەبدولکەریم، بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٦، ل ٢٤؛ پێشەکی دیوانی وەفایی، کۆکردنەوەی عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانی مەرکەزی، ئامادەکردنی عوسمان دەشتی، هەولێر: ئاکادیمیای کوردی، ٢٠١٢، ل. ٨٣؛ پێشەکی دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، سنە: بڵاوکراوەی کوردستان، ١٣٩٠، ل ١٤؛ مەسعود محەمەد، ١٩٧٣، ل ٢٥٦؛ مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەشی دووەم، بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٤، ل ٢٣١ و ٢٣٤؛ پێشەکی دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: عەبدولکەریمی مودەڕرس و موحەممەدی مەلا کەریم، لە پێشەکیدا ل. ٧.
٢٢ Mannheim, 2003, p. 91, p. 97, p. 100.
٢٣ Ibid., p. 92.
٢٤ Ibid., p. 101.
٢٥ ڕێخە لە کوردیدا بە واتای "ڕیشە"یە.
٢٦ Peter Baehr, Philosophy, Sociology, and the Intelligentsia: Hannah Arendt's Encounter with Karl Mannheim and the Sociology of Knowledge, 2007, Pp. 341-373, p. 362.
٢٧ جولین بێندا (Julien Benda) بە هۆی پێگە و ڕۆڵێ کە بۆ ڕوناکبیرانی لەبەرچاودەگرێت، وەسفێکی ئایینی وەک مەلایانی لە ڕووناکبیران هەیە. بۆ ئەو ڕووناکبیرانی ڕاستەقینە زۆر کەمن و لە پەنای ڕووناکبیرانی سەردەمی نوێدا، ئاماژە بە کەسانێ وەک سوقرات و مەسیح دەکات. ڕووناکبیرانی ڕاستی بە کەسانێ دەزانێت کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی هەستیارانەدا وەک فیرقەخوازیی، هەستیاریی ئاپۆرەیی، دژایەتی ناسیۆنالیستی، بەرژەوەندی چینایەتی نەبن (بڕواننە: ئێدوارد سەعید، ٢٠٠٣، لل ٤٣-٤٤).
٢٨ ادوارد سعید، **نقش روشنفکر**، ترجمە: حمید عضدانلو، تهران: نشر نی، چاپ دوم، ١٣٨٢ (٢٠٠٣)، ل. ١٥٢.
٢٩ هەر ئەوە، ل. ١٣٩.
٣٠ هەر ئەوە، ل. ٥٥.
٣١ مەسعود محەمەد، **حاجی قادری کۆیی**، بەشی سێهەم، بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٦، لل. ٣٦٢-٣٦٥.

[٣٢] وتـووێژ لەگەڵ مـامۆسـتا عـبدالـرحـمن لاهـیجانی، قەڵایەک لە ورە، دنیایەک لە ئیمان (بە بۆنەی کۆچی دوایی مەلا عەبـدولـرەحـمان لاهیجانی)، بڵاوکراوەی: کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردسـتانی ئێران، چـاپی یەکەم، خـاکەلێوەی ١٣٨٢ی هەتـاوی، ل. ٣٨.

[٣٣] ئەو هەڵبەسـتەی شێرکۆ بێکەس کە بۆ حەمەی مەلا کەریمی گـوتـووە، جـوان ئەو پێوەنـدییە پێشان دەدات: "کاکە حەمە.. پیاوێک لە کاغەزی رۆژنـــامە/ هەورامـــان کوڕی شـــاخە و سیاچەمـــانە کچی بـــاخە/ لەم دوانەیەش ئەوەی شیعر و پەخـــشان کەوتـــنەوە و/ لە دارگـــوێزێکی نـــوورانیش مەلا عەبـــدولکەریمی مـــودەڕڕیس کەوتەوە/ لەویش کۆمەڵێ درەختی روونـــاکبیر کە یەکێکیان حەمەی مەلا کەریمی گوڵاوی بوو..."

# سیاسەتی مەعنەوی لە خەباتی کوردستاندا[1]

کاتێک باس لە "سیاسەتی مەعنەوی"[2] دەکرێت، رەنگە زەینی مرۆڤ بەرەو سیاسەت و رێبازی ئایینی، ئایینی سیاسی، حکوومەتی ئایینی راکێشرێت یان سەرنجی جیاوازیی ئەم چەمکە لەگەڵ دیکەی چەمکە هاوشێوەکان نەدرێت، ئەگەرچی زیاتر مەبەست سیاسەتێک لەسەر بنەمای بیروباوەڕی ئایینی بێت. هەرچەند، ئەم چەمکانە هاوپۆشینیان هەیە و سنوورێکی تەواو دیاری ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە و جیاکردنەوەیان هەستەمە، بەڵام یەکێک نین. ئەم وتارە بەپێی توانا ئاورێک دەداتەوە سەر لایەنی تیۆریک و کردەوەیی ئەم سیاسەتە و زاڵیەتی لە قۆناخێکی بەرچاوی خەباتی سیاسی-نەتەوەیی کوردستاندا. بە رای نووسەر، سیاسەتی زاڵ بە سەر بزووتنەوەی کۆنی رزگاریخوازی کوردیدا زۆربەی کات "سیاسەتی مەعنەوی" بووە، تەنانەت پاش دەسپێکردنی خەباتی نوێش لەسەر رەوتێکی نێو زۆربەی حێزبە نەتەوەخوازەکان کاریگەر بووە. لەم ئاڕاستەیەدا، سەرەتا باسێکی گشتی لەسەر مەعنەوییەت (واتاوییەتیی یان واتاوی بوون) و سیاسەتی مەعنەوی (واتاوی و نامادی)[3] و وێژە و دۆخی ئەم سیاسەتە لە جیهاندا دەکرێت و پاشانیش لە بەشی دووەمدا ئاور دەدرێتەوە سەر ئەم سیاسەتە لە مێژووی رامیاریی کوردستاندا.

## بەشی یەکەم: باسێکی گشتی لەسەر سیاسەتی مەعنەوی

### مەعنەوییەت

بە بڕوایەک مەعنەوییەت ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا رۆحێکی هەمیشەییە کە بە شێوەی کاتی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئەزموون بوون و رواڵەتی جەستەیی لە خۆ گرتووە.[4] لەم ئاڕاستەیەدا، پییەر تیلارد دو شاردن[5] دەڵێت: "ئێمە بوونەوەرانێکی مرۆیی کە

ئەزموونی مەعنەوییان هەیە، نین؛ ئێمە بوونەوەرانێکی مەعنەوین کە ئەزموونێکی مرۆییمان هەیە."[٦]

هێزی مەعـــنەوی، هێزێکی دەروونی و ویژدانییە کە هەمـــووان لێکتر گـــرێ دەدات و بە جۆرێ هـاوبەشە. بۆ نـووسەرانی پەرتـووکی "سیاسەتی مەعـنەوی؛ گۆڕینی جیهان لە دیوی نـاوەوە"، هێزە مەعـــنەوییەکان "بە قـــووڵی و بەهێزەوە لە پشـــتەوەی دیمەنی رووداوەکانی جیهان لە رۆشـــتن و جـــموجـــووڵدان بە جۆرێ کە لە هەواڵەکانی شەودا نـــابینرێن...."[٧] بۆ ئەوان ئەوەی زۆربەی کات پێی دەگـوترێت "گـورێسی زێڕین" کە لە پشـتەوەیە و هەمـوو سیستەمە ئـایینی، نهێنی و رازاوییەکان لێکتر گـــرێ دەدات و لێکهەدەپێکێت، هەر ئەو وانە یان نەریتە هەنـــاوی و نهێنییانەن (عیرفـــانی و سۆفییانە). ئەوان لە ئـــاوەزی هەرمـــان – گـــورێسی زێڕین – وەکو نەخشەی سەرلەنوێ بینینەوەی جیهان کەڵک وەردەگرن و خـوێندنەوەیەکی جیاواز، هەناوی و لە نـاخ هەڵقوڵاو (شهوودی)، و دەروونـناسانە لە سیاسەت پێشکەش دەکەن کە لەسەر یەکیەتی هەناوی مرۆڤایەتی و پێویستی بە هێزی تاکەکەسی جەخت دەکات. لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ دا بنەماکانی باوەڕی خۆیان بۆ باس لەسەر روخانی کۆمونیزم، چارەنووسی مەعنەوی ویلایەتە یەکگرتووەکان، و رۆحی هەندێ نەتەوە وەک رووسیا و ژاپۆن بەکار هێنا.[٨]

بە گـوتەی مەک لافلین، ئەو هێزانەی کە لە پشـتەوەی دیمەنەکانەوە لە جـووڵەدان، هەنـدێکیان ئەرێنی و هەنـــدێکی تـــر نەرێنین. ئێمەی مـــرۆڤ زۆربەی کات بەپێی هـــانـــدەرێتییەکان و مەبەستەکانی خۆمان سەروکارمان لەگەڵیان هەیە – ئاگایانە یان نائاگایانە. لە باری ئەرێنییەوە، لە هەرێمی مەعنەویدا کار دەکرێت بۆ پێکهێنانی ئاکامگەلێکی چاک لەسەر گۆی زەوی – ئاشتی، هاودەنگی، هاوبەشکردنی سامانەکان، و هتد. بەپێچەوانەوە هەندێ وزە هەیە کە پێوەندییان بە ترس، تووڕەیی، بەخێڵی و دیکەی هەستە نەرێنییەکانەوە هەیە. ئەگەرچی لە کۆتاییدا رەنگە بۆ کەسێک خـوا، یان سەرچـاوەی بێ بنی هەمـوو بـوونەوەران، لە پشـتەوەی چـاکەو خـراپەوە بێت، بۆ مەک لافلین بە شێوەی ئـــاســـایی هێزە ئەرێنییەکان "مەعـــنەوین" و "نەرێنییەکان" هێزگەلێکی نەرێنی "نـافیزیکین". هەروەهـا بەڕای ئەو، هێزە نەرێنییەکان لە جیهانـدا تەنـانەت کۆنترۆڵی زیاتـــریان لەسەر سیستەمە ئـــابـــووری و سیاسییەکان هەیە.[٩] کەواتە سیاسەتی مەعـــنەوی لەسەر بـــنەمـــای هێزی مەعـــنەوی واتە هیزی ئەرێنییە کە پێوەنـــدیی بە چـــاکە و هەڵبژاردنی چاکەوە هەیە.

ئەم جۆرە روانینانەی سەرەوە، زۆر گشتین و لە بازنەی روانینی ئایینی بەتایبەت لە واتای ئایینە ئیبراهیمییەکان تێدەپەڕێت، بەجۆرێ کە رەنگە هەندێ بێ ئایین، مەعنەوییەتیان هەبێت. رەنگە

کەسێک مەعـنەوی بێت بەڵام بە پێویست ئـایینی نەبێت. مەعـنەوی لە بەرانـبەر مـاددی دایە، بەڵام کەسێک رەنگە خۆی پێوەند بدات بە بابەتگەلێکی نا-ماددییەوە کە بە پێویست ئایینی نەبن. هەروەها بەپێچەوانەوە، رەنگە کەسێک ئەرکە ئایینیەکان بە چاکی جێبەجێ بکات بەڵام کاریگەریی دەروونی وای لەسەر نەبووبێت و بە قۆناخی مەعنەوییەت نەگەیشتبێت و دۆخی دەروونی نەگۆڕابێت و خـاوەن مەعـنەوییەت و ئەخـلاقییات نەبێت. بەڵام بەوەشەوە، هێزی ئـایینی و ئیمانی دەروونی تـاکە ئیمانـدارەکان بەشی گـرنـگ و سەرەکی هێزی مەعـنەوی پێکدەهێنێت. هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتدا، رەنگە کەسێک خاوەن مەعنەوییەت بێت بەڵام خۆی لە قەرەی سیاسەت نەدات یان بەرەو سیاسەتی ئایینی بڕوات.

کەواتە لێرەدا بە گشتی مەعنەوییەت، ئەو رەوش و دۆخە (ناماددی بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ مـاددییەت) دەروونی و هەنـاوییەی مـرۆڤە کە لە دۆخی مـاددییەتی پەتی دووری دەخـاتەوە و بەرەو کاری چاکە هانی دەدات، واتە دووری لە مرۆڤی جەستەیی و چوون بەرەو مرۆڤایەتی. ئەم رەوشە مەعـنەوییە رەنـگە هەر هۆیەکی هەبێت بەڵام بە شێوەی ئـاسـایی بە هۆی بڕوا بە تـاقە سەرچـاوەیەک یان سەرچـاوەگەلێکی نـامـاددییە بۆ هەمـوو ژیان (خـوا، رۆح و...). لە ئیسلامدا تاقە سەرچاوە بنەمای ئەم مەعنەوییەتەیە و ئایەتی "ئێمە لە خواین و دەگەڕێینەوە بەرەو لای خوا" نموونەی روونی جۆرێ لەم بڕوایە.

## سیاسەتی مەعنەوی

ئەگەرچی هەنـدێ لە مەعـنەوییات مـرۆڤ دەخەنە پەراوێزەوە بەڵام هەنـدێکی تـر و چەمکە پێوەنـدیدارەکان دەرەتـانێکی رازاوی و هێماگەلێک پێکدێنن کە مـرۆڤی بەرکەوتـووی دەخـاتە جووڵە و هانی دەدات بۆ کردەوەی چاک یان خۆپارێزی لە کردەوەی چەوت. بۆیە، شێوە ژیانی مەعـــنەوی دەتـــوانێت سەروکاری لەگەڵ رەوتی سیاسی هەبێت و کاریگەریی لەسەر دانێت. بەپێی ئەم رۆحییات و دۆخە دەروونییە (دروست یان نادروست) بووە کە هەندێ کەس ئامادە بـــوون بۆ بەخـــت کردن و بەخشین لە ئـــاســـتە جۆراوجۆرەکانـــدا لە گیان بەختکردن لە پێناو ئامانجێکدا تاکو شتێکی سادە وەک خزمەت بە هاوماڵێکی خاوەن پێویستیی یان یارمەتیدانی حێزبێک بۆ خزمەت بە چاکەی هاوبەش و گشتیی.

لێرەدا مەبەست لە سیاسەتی مەعنەوی، سیاسەت و سیاسەت کردن یان داڕشتنە بە پێی یان لە ژێر کاریگەریی دۆخی مەعـــنەوی و مەعـــنەوییەتـــدا، سیاسەتی تێکەڵاو بە لایەنی نـــامـــاددی. کەواتە، سیاسەتی مەعـنەوی ئـاکامی دۆخی دەروونی مەعـنەوییە کە رەنـگە بە هۆی بـاوەڕ بە

هێزێکی ناماددی (ئایینی یان نائایینی) و دەرەنجامی ناڕاستەوخۆی ئەو رەوش یان ئایینە بێت. بۆیە لەم روانگەوە لەگەڵ سیاسەتی ئایینی[١٠] یەکێک نییە کە راستەوخۆ پێوەندیی بە ئایین، هەوڵی سیاسی لە پێناو ئایینێکی تایبەت و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لە کۆمەڵگا هەیە. هەر لەم ئاڕاستەیەدا، جیاوازە لەگەڵ چەمکی ئایینی سیاسی کە بە واتای دەستێوەردانی هەمە لایەنەی ئایین لە سیاسەت و دیکەی بواره کۆمەڵایەتییەکانە، لەبەر ئەوەی کە لێرەدا ئایین و ئامانجی ئایینێکی تایبەت یان پێڕەوانی ئایینێکی تایبەت بە تەنیا لە ئارادا نییە و ئایین زۆربەی کات راستەوخۆ نایەتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە. هەروەها جیاوازە لە سیاسەت یان رێبازی ئایینی[١١] کە بە واتای چۆنیەتی هەڵسوکەوتی حکوومەت یان هەر لایەنێکی سیاسی ترە لەگەڵ ئایین لە کۆمەڵگادا. هەرچۆنێک بێت زۆربەی باسەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی مەعنەوی گرێدراو یان لە پێوەندیی لەگەڵ ئایین دایە و مەبەستیان مەعنەوییەتی ئایینییە بەڵام بەمەوە سنووردار ناکرێتەوە. لێرەدا زیاتر ئامانجگەلێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی نائایینی بەدواداچوون دەکرێت، ئەگەرچی رەنگە ئەوانە بۆخۆیان بەشێک بن لە ئامانجە ئایینییەکان یان ناڕاستەوخۆ ئامانجی ئایینێکی تایبەتیش بن.

لە سیاسەتی مەعنەویدا باوەڕێک بە پلورالیزم دەبینرێت و ئامانجەکان بە تەنیا پێڕەوانی ئایینێک لەبەر ناگرن، و ماف و دادپەروەریی و ئازادی بۆ هەمووان لەبەرچاو دەگیردرێت. لەم سیاسەتەدا هەمووان لە هەر ئایین و رەگەزێک و... لە دەور یەکتر خڕ دەبنەو و رێزیان لێ دەگیردرێت، وێڕای ئەوەی کە خودی تاک رەنگە باوەڕی لەسەر بنەمای ئایین یان باوەڕێکی تایبەت بێت. لێرەدا رەهاخوازیی و تەنیا خۆ بە حەق زانین لە گۆڕەپانی گشتیدا کاڵ دەبێتەوە و نابینرێت. لە ئاستی جیاوازدا بە پێغەمبەران عیسا مەسیح[١٢] و محەمەد (سڵاوی خوایان لەسەر بێت)، گاندی، مارتین لۆتەر کینگ، ماندێلا و... وەک خاوەنانی وەها سیاسەتێک ئاماژە کراوە. بە گوتەی مەک لافلین و دەیڤیدسۆن، سیاسەتی مەعنەوی لە جیهانی ئەمڕۆدا، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە بەپێی مەعنەوییەت و هێزە هەناوییەکانی مرۆڤ.[١٣] لەم پێوەندییەدا هەندێ باس هاتووەتە ئاراوە کە سیاسەت بەرەو سیاسەتی مەعنەوی دەڕوات، زیاتر لەبەر ئەوەی کە رێگا کۆنەکان زیاندەرتر بوون.[١٤]

## وێژەی سیاسەتی مەعنەوی لە گوتاری زانستیدا

ئەگەرچی لە ژێر ناوی گوتاری ئایینی و پێوەندیی ئایین و سیاسەتدا کاری زۆر کراوە، بەڵام لە ژێر سەردێڕیی راستەوخۆی "سیاسەتی مەعنەوی"دا کارێکی ئەوتۆ نەکراوە. هەر بۆیە ئەم

چەمکە وێرای مێژوویەکی کۆن، وێژەیەکی نــوێی هەیە. لەو کەســانەی کە لەم بــوارەدا کۆڵیونەتەوە، جــگە لە کارەکانی "کۆرین مەک لافلین" کە پێشتر بــاسی کرا، دەکرێ بە "بــاربــارا مەک گرەو" و "جاشوا رامی" ئاماژە بکرێت. کاری جاشوا زیاتر لە بواری فەلسەفە و فەلسەفەی سیاسیدا بووە و هی ئەوانی تر لە باری کردەوەییدا. بۆیە چاکتر وایە لەوەوە دەست پێ بکرێت، گەرچی پاش کاری ئەوانی تر و تازەتر بووە.

کاری جــاشــوا زیاتــر لەسەر مەعــنەوییەت لە روانــگەی ژیل دولــووزەوە (٩٥–١٩٢٥)، بیرمەنــدی هاوچەرخی فەڕەنسی، بووە. بە ڕای جاشوا و پاول، "هۆگری قوولی دولووز بۆ مەعنەوییەتی بــزۆک رەنــگە خــاڵی دەســپێکی بــزوێنەر و هیوابەخــش بێت بۆ دیسان بیرکردنەوە لەسەر ئیلاهییاتی سیاسی، ئەخــلاقییات، و فەلــسەفەی ئــایین لە ژێر نیشانەی سیاسەتێکی مەعــنەوی هێشتا بــاوەڕپێنەکراودا."[١٥] بیرۆکە و نــووســراوەکانی دولــووز بــوارێکی بۆ لێکدانەوەی واتــای سەردەمییانەی سیاسەتی مەعــنەوی لە پێوەنــدیی لەگەڵ قەیرانە سیاسی و مێتافیزیکییەکانی ئەوڕۆکەدا پێکهێنا. مێتافیزیکی دولــووز لەسەر ســروشــتی بە تــونــدی داهێنەری ژیان جەخــت دەکات و فرەچەشنی وەکو نۆرمی ئەخلاقی دەهێنێتە ئاراوە. بیری دولووز بەرەو ئەمەگداری بۆ عیرفــانی ژینخواز راکێشرا کە راســتی ســروشــتی وەکو جۆرێ دەرکەوتــن یان نــوانــدنی نــائیلاهییاتی[١٦] لەبەرچــاو دەگــرێت. بەڕای ئەو "رووداو، تــایبەتــمەنــدیی و دەسکردەکانی ئەم جیهانە، و هەمــوو مــلملانێیەکان، بە ســانــایی هێماگەلێکن لە هەنــدێ دینامیکی بــنەڕەتی تــر – دینامیکگەلێ کە قەت بە تەواوەتی سەر بەم جیهانە نین."[١٧] بەڕای جــاشــوا، ئەو جۆرە بیرکردنەوەی دولــووز کە پێشنیار دەکات فەلــسەفە لەگەڵ جیهانی مەعــنەوی بۆ هەنــدێ پێوەندیی داهێنەرانە یەکدەگرن، رەنگە کلێلی کردنەوەی توندڕەویەتی راستەقینەی سیاسەتی ئەو بێت. هەرچۆنێک بێت بە بــاس و کۆڵینەوە لەسەر لایەنی ئیلاهییاتی کاری دولــووز، سەرچــاوەکانی تێگەیشتن لە پێوەنــدیی تــایبەتی دولــووز لەگەڵ نەریتی رازاوی و نهێنی خــرانە دەرەوە. پیشان درا کە چلۆن لە بیری دولووزدا هەر لە یەکەمین کارەکانییەوە هەندێ پێوەندیی لە نێوان مەعنەوییەتی رازاوی، زانیاریی نهێنی و تێڕوانینی توندڕەوانە بۆ پرسە فەلسەفییەکان – هەر لە سروشتی ناوێژئاگا تا دۆخی لە بەرزەوە روانین (ئیستیعلایی) و تەنانەت بناخەکانی ژیانی بایۆلۆژیکی بۆخۆی – پێکهاتن.[١٨]

جاشوا رامی لە کتێبەکەیدا "دولووزی هێرمێتیک"، دەڵێت کە لە واتایەکدا بۆ دولووز، بیر و هزر شانۆیەک لە زوڵم و ستەمە کە پاڵی پێوە دەنێت لە زۆر شوێندا لەسەر جۆرێ تێکەڵبوونی واتا راســتیی و مەعــنەوییەکانی ژیان قــسە بکات. سەنتێزی بێ وێنە و گــرنگی دولــووز لە روانــگە

سـروشـتی و مەعـنەوییەکانەوە وەکو هێمای بیری هەنـاوی و هێرمێتیکی رۆژئـاواییە[19] و وەک دووپـــاتی نـــابەرابەر و سەردەمییانەی ئەم نەریتە کۆنە لەبەرچـــاو دەگیردرێت. ئەگەرچی بۆچـــوونی سەردەمییانەی دولـــووز هەر بەو رادەی کە سەرتۆقە نەریتییەکانی تـــاقیکاریی مەعـنەوی پەرەپێدەدات، بەو رادەش دەرچـوون لەوانەیە، بەڵام سـووربـوونی دولـووز لەسەر سروشتی بیر وەک تاقیکارییەکی سەختی مەعنەوی، وەک پێکدادانێکی بگۆڕ لەگەڵ سروشت، راشکاوانە هێمای نەریتی هێرمێتیکە.[20] جاشـوا ئـامـاژە بە بـابەتی هەرەگرنگی، بە گوتەی خۆی، رۆڵی عارف وەکو یاسادانەر دەکات، رێبەرێک کە ژیانی کۆمەڵگا بۆ گەشە لە رەوشێکی گرنگتردا بەهێز دەکات. بەمجۆرە دێتە قۆناخی کردەوەی سیاسی. لەم ئاڕاستەیەدا، لە پێوەنـدیی لەگەڵ کاری دولوز ئاماژ بە هێنری بێرگسۆن، فەیلەسۆفی فەڕەنسی، دەکات و دەنووسێت کە لە واتای بێرگسۆنیدا، مەعـنەوییەتی زۆری عـارف لە راسـتیدا جۆرێ "زانسـتی هەنـاوی مـاددە"، واتە پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان باوەڕێکی نائاگایانە و قووڵایی ماددییە کە پلەیەکی هەرەزۆر لە ئـازادی، تەنـانەت تـا ئـاسـتی تـوانسـتی پێکهێنانەوەی بەهـرەکان، مسۆگەر دەکات. عیرفـان بۆ بێرگسۆن زۆریش تـوانـایی بۆ دوورخسـتنەوەی خۆ لە زەمەن و دۆخ لە رێگای بە وەکیەکزانینی خۆ لەگەڵ "خـــوا" نییە، بەڵکو پەرەپێدانی بیرگەی جیهانییە، گـــرفـــتاربـــوون لە رابـــردووی جیهانێکدا دەبێتە "ماشینێک بۆ پێکهێنانی خوداکان." بەڵام ئەوەی بۆ دولووز گرنگە ئەوەیە کە عـــارف، دەگـــمەنییەک نییە بەڵکو جۆرێکی ئـــایدیالی ژیانی مـــرۆییە. هەر لەم پێوەنـــدییەدا، بەپێچەوانەی هەوڵی بێرگسۆن بۆ ســـووک کردنی سیحر وەکو شەڕلاتـــانیزم و فڕوفێڵ، وێرای ســـتایشتی عـــارف، دولـــووز جەخـــت دەکات لەسەر تـــوانـــایی سیحربـــاز بۆ "بەرزکردنەوەی ئـاسـتگەلێک" لە مـاک و بەتەواوی دەرخسـتن و نـواندنی کاکڵە و نـاوەڕۆکی گەشەسەنـدنی داهێنەرانە.[21]

هەرچۆنێک بێت بڕوا بە مەعـــنەوییات و هێزە نهێنییەکان لە هەمـــوو جۆرێکیدا لە ژیانی هــاوچەرخیشدا دەبینرێت و وەک گــوتـراوە لە فەلـسەفەی مۆدێرنیشدا لەڕاسـتیدا شـتێ لە چەشنی "پاساوی باوەڕ" هەبووە. بۆیە کاریگەریی بیرۆکە و هێما مەعنەوییەکان لە فەلسەفە و سیاسەتـــدا دەردەکەوێت. مەعـــنەوییەت کاریگەر بـــووە لەسەر بیر و فەلـــسەفەی مۆدێرن و سیاسەت. لە روانگەی دولووزەوە بیری سەردەم لە نەریتی مەعنەوی جیا نەبووەتەوە بەڵکو بە شێوازی تر و بە هێمای ترەوە خۆی دەنوێنێت و هەر لە ناو ئەزموونی مەعنەوی دایە. بۆیە بیری سیاسی دەتوانێ ئەزموونی مەعنەوی و یان بنەمای مەعنەوی هەبێت و مەعنەوییەت گوتار و هێمای سەمبولیک بە سیاسەت دەبەخشێت. لەم پێوەندییەدا، جاشوا رامی لەسەر بیری دولووز ئـــامـــاژە دەکات کە هەردووکی مـــلهوڕانی ئیمپریال و رێبەرانی وڵاتـــان لە وزەکانی هێزی

ناڕاستەوخۆی سیحر کەڵک وەردەگرن. دەسەڵاتی کەسی ملهوڕ بە هۆی ئامرازە تایبەتییە جۆراوجۆرەکانی بەردەستین، دەسەڵاتێ کە دەکرێ بەپێچەوانەوە وەکو کۆنتڕۆڵی دەوڵەت بەکار بهێنرێت. سیستەمی ملهوڕی ئەم فرەچەشنییانە بەرهەم ناهێنێت بەڵکو تەنیا ڕێکیاندەخات یان سنووردارییان دەکات. هەروەها ئەگەرچی فاشیست و ساحیر هەردووکیان سیحربازن بەڵام لە دوو جیهانی جیاوازن: یەکیان بەڕاستی داهێنان دەکات و پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا ئەوی تر بە شێوەی پەتی وشەی نهێنی یان کۆد دادەنێت.[٢٢] هەروەها، هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی هێزە مەعنەوییەکان بەتایبەت ئایینی - لە بابەتە سیاسییەکانی جیهانی سەردەمدا بەتایبەت لە دەسمایەداریدا بە گرنگ دەنرخێندرێت. ئەوەی لە بیر و هزردا بۆ دولووز لە مەترسیدایە، بابەتێکی سیاسییە. پیشاندانی هێڵەکانی مەعنەوییەتێکی بووژاوی بیر و ڕوانگەیەکی نوێ لەسەر پێوەندیی دوولایەنەی هێزە ماددی و مەعنەوییەکان بەشێکە لە هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی فەلسەفە لە کاپیتالیزمی ئەو دوایییانەدا، ئەرکێ کە دولووز خۆی وەک بووژانەوەی "باوەڕ لە جیهان"دا دیاریی کرد.[٢٣]

هەر لەم پێوەندییەدا 'باربارا مەک گرەو' لەسەر مانەوەی باوەڕ لە فەلسەفەی سیاسیدا و گۆڕانکارییەکانی جان لاک لەم بوارەدا باسێک دێنێتە ئاراوە و دەڵێت جان لاک ڕێبازی نەریتی تیۆری سیاسی مەسیحی ڕەت کردەوە کە پاساوی ئایینی بۆ حکوومەتێ بوو کە لەسەر بنەمای دۆکترینی گوناحی سەرەتایی پەرەی سەندبوو. گریمانەی سەرەکی ئەم ڕێبازە ئەوە بوو کە خەڵک بە شێوەی سروشتی گوناحبارن و کەواتە حکوومەت پێویستە ماکی گوناحباری مرۆڤ سنووردار بکاتەوە. بە واتایەکی تر، ڕۆڵی دەوڵەت ڕاگرتنی خەڵک بە یەک شێواز لەسەر هێڵی دۆکترینەکانی خاوەن دەسەڵاتەکانە. لاک ڕێبازێکی پەرەپێدا کە دۆکترینی گوناحی سەرەتایی وەکو بنەڕەتی حکوومەت و تەواوی سیستەمی سیاسی وەرگیراو لەوەی، ڕەت کردەوە. بەڵام ئایینی ڕەت نەکردەوە، بەڵکو بیرۆکەیەکی ئایینی جیاوازی هێنایە ئاراوە لەسەر ئەم تیۆلۆژییە سادەیە کە: خوا هەیە، و خوا پێوەندیی لەگەڵ خەڵک هەیە. بۆیە لەو بیرۆکەیە لایەنگری کرد کە پێوەندیی خوا بە ئەستۆی سەرکردەکانی دامەزراوە ئایینییەکان و دەوڵەت نییە کە زۆر دەکەن لە خەڵکی بۆ ڕاهاتن لەگەڵ ڕاڤەی ئەوان لە ویستی خوا. بە جێی ئەوە، خوا پێوەندیی هەیە لەگەڵ هەر تاکێکی مرۆڤ لە ڕێگای ویژدان و ناخییەوە. واتە ئیلهام، وریایی هەناوی و مەعنەوی، سروشت و ئاوەز و بیرکردنەوە. بۆیە ئازادی بیر و باوەڕ دەبێت بپارێزرێت، بە جۆرێ کە خەڵک گوێ بدەن و دەنگی خوا ببیستن و بە پێی ئەو دەنگە لە کۆمەڵگادا هەڵسوکەوت بکەن. بە واتایەکی تر، بەپێی تیۆلۆژی سیاسی لاک، یەکێک لە کردە سەرەکییەکانی حکوومەت پاراستنی پێوەندیی خوا لەگەڵ خەڵکە لە ڕێگای دامەزراندنی حکوومەتێ کە ڕێگە نادات

دەوڵەت یان دامەزراوەی ئـــاییینی سەر بە دەوڵەت بە سەر خەڵکدا زاڵ بێت. لە جیاتی ئەوە، بیرۆکەی لاک ئەوە بـــوو کە حکوومەت دەبێت لەلایەن خەڵکەوە بۆ خەڵک، بۆ پـــاراســـتنی بێلایەنەنـانەی خەڵک، و لەبەرچـاوگـرتنی مـافی تەواوی خەڵک بەتـایبەت مـافی بیروبـاوەڕ و دەربڕینی پێکبێت. لاک سیستەمێکی سیاسی پێشنیار کرد کە دەسەڵاتی هەردووکی دەوڵەت و کەلیسا یان بە گشتی دامەزراوەی ئـاییینی سنووردار بکاتەوە و بە جێی لەسەر نیازپـاکی خەڵک بۆ کردەوەی راهـاتـوو لەگەڵ نـاخ و ویژدان لە کۆڕی گشـتیدا و پێکەوە کارکردن بۆ دۆزینەوەی راستی و چاکە جەخت بکات، بە واتایەک هەر ئەو "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"یە.[٢٤]

## سیاسەتی مەعنەوی لە ستاتی[٢٥] جیهانییەوە

لەڕاسـتیدا دامەزرێنەرانی ئەمـریکا بیرۆکە بـنەڕەتییەکانی جـان لاکیان وەرگـرت و جێبەجێیان کرد کە "بـــواری پیرۆزی ئەمـــریکا"یان پێکهێنا و ئەوەش بە کورتی بـــریتیە لە: تیۆلۆژییەکی سیاسی لەسەر بنەمای پێوەندیی خوا لەگەڵ هەر تاکێکی مرۆڤ کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی مافی ئـــازادی بیروبـــاوەڕ لە بەســـتێنێکدا کە خەڵک دەتـــوانـــن مەبەســـتی سیستەم واتە پێکهێنانی کۆمەڵگای چـــاک لە خـــوارەوە بۆ سەرێ[٢٦] پێکبهێنن.[٢٧] لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتـــووەکانی ئەمـــریکادا دەکرێ بە جێفرسۆن و مەدیسۆن[٢٨] ئـــامـــاژە بکرێت کە وێرای ئەوەی کە لە دژی پاڵپشتی دەوڵەت لە ئایین بوون و ئەم باوەڕەیان لە دەرەوەی باوەڕی ئایینی خۆیان بوو، ئەوان سێکیولار لە واتای بێ رێسایی، ناڕێکوپێکی و بێ بەندوباوی هەڵە و نادروست نەبوون، بەڵکو لە ژێر کاریگەری هەســتی ئـــاییینی قـــووڵ بۆ پێکهێنانی بـــاسێکی شـــارســـتانی لەسەر دەوڵەتێکی سێکیولار بـــوون. لە ١٧٨٥ دا مەدیسۆن بـــاسی کرد کە دەوڵەت دادوەرێکی شیاوی راســـتی و هەقێقەتی ئـــاییینی نییە و هیچ دەســـتێوەردانی سەوداگەرانەی لە بـــابەتەکانی پێوەنـــدیدار بە ئاییندا نییە. بۆ مەدیسۆن و زۆرێک لە دامەزرێنەرانی ئەمریکا ئەم چەشنە هەڵسوکەوتە لەگەڵ ئایین بۆخۆی بواری ئیلاهییاتی و ئاییینی هەبوو. بۆ ئەوان ئازادی ئاییینی – تەنانەت بەڕەڵابوون لە هەر چەشنە ئاییینێک – شانازییەک بوو کە لەلایەن خـواوە وەک جۆرێ چارەنـووس دیاریی کرابـوو.[٢٩] ئەم دۆخە لە مێژووی ئەمـریکا تـاوەکو ئێستاش درێژەی هەبـووە و خەڵکەکەشی بە زۆرینە ئاییینی ماونەتەوە.

هێزی هەنـاوی و بـاوەڕی ئـاییینی لە "مـارتین لـوتەر کینگ"دا، هێزی سەرەکی بـزووتـنەوەکەی لە دژی نـــادادپەروەری رەگەزیی، کۆمەڵایەتی و ئـــابـــووریی بـــوون. ئەوە لە کاتێکدایە کە زۆربەی بەشداربـووانی بـزووتـنەوەی مـافی شـارسـتانی (مەدەنی) لایەنـگرانی جیایی ئـایین و دەوڵەت

بوون. کینگ لە ژێر کاریگەریی هەندێ ئیلاهیزاندا بوو کە مەسێحییەتیان "بە رۆحێکی برایەتی کە بۆ رەوشتی کۆمەڵایەتی بانگهێشت دەکات" دەزانی. کینگ و دیتران لە بزووتنەوەکەدا ئەم بیرۆکەیان گۆڕی بە چەمکی "کۆمەڵگای خۆشەویست"،[٣٠] روانگەیەک کە تێیدا مرۆڤەکان پێکەوە بۆ ئاشتی و دادپەروەریی هەوڵ دەدەن. ئایینی کینگ کاریگەری هەبوو لەسەر بنەما و بەهاکانی ئەو. ئەو بنەماکانی نەبوونی توندوتیژیی زیندوو کردەوە کە ئەوەی نەک وەکو پاشەکشێ لە سیاسەت بەڵکو وەکو ئامرازی تێکەڵکردنی سیاسەت لەگەڵ ئەخلاقیاتدا راڤە کرد.[٣١] هەر لەم پێوەندییەدا، لە سەردەمی نوێدا هەندێ جار لە ئەمریکا هەڵبژاردنەکان وەک پێوەری دۆخی پێشکەوتنی مەعنەوی کۆمەڵگا هاتوونەتە ئەژمێر و هەندێ کەس هەڵبژاردنی باراک ئۆبامایان لە ٢٠٠٨ دا لە روانگەی مەعنەوییەوە بە شیاو زانیوە.[٣٢]

وڵاتێکی تر کە بە شێوازێکی دیکە و بەرچاوتر سیاسەتی مەعنەوی تێدا بینراوە هێندستانە. لە سیاسەتی مەعنەوی هێندستانی سەردەمی بزووتنەوەی رزگاریخوازیدا، ئایین و نیشتمان (هێند) دەبن بە یەکێک. هەر بەو رادەی هێند بوونێکی جوگرافیاییە، وەک "دایکی نیشتمان" بوونێتییەکی ئایینیشە. بیرمەندان و رامیاران و سەرکردەکانی هێند یەک بە دوای یەک ئەم بیرۆکەیان بەهێزتر دەکرد و پەرەیان پێ دەدا. ئەم سیاسەتە لە چاکترین شێوازیدا لە سیاسەت و بزووتنەوەی "گاندی"دا بینرا. گاندی بە دوای پێکهێنانی حکوومەتی ئایینی نەبوو، بەڵام وێڕای باوەڕ بە جیایی "ئایین و دەوڵەت"، قەت ئایین و سیاسەتی لە یەکتر بە جیا نەدەزانی. ئایین و مەعنەوییەتی کردە پاڵپشتی بزووتنەوەی سەربەخۆیی. لەم پێناوەشدا بە هۆی باوەڕ بە پلورالیزمی ئایینی تەنیا گرنگایەتی بە ئایینی هێندو نەدەدا. بەڵکو وێڕای ئەوەی کە بە شێوەی تاکەکەسی خۆی هێندوو بوو، رێزی لە هەموو ئایینەکانی تر دەگرت و بنەمایەکی وەکیەکی بۆ هەموو ئایینەکان لەبەرچاو دەگرت و لەگەڵ پێڕەوانی ئایینەکانی تر هاوکاری دەکرد و هان و یارمەتی دەدان. بۆ وێنە لە بزووتنەوەی خەلافەتدا لە دژی بەریتانیا پاڵیدا بە موسڵمانەکانەوە.[٣٣]

بۆیە لە هێندا سیاسەتی کەسێک وەک گاندی بە گشتی ناکەوێتە بازنەی ئایینی سیاسی (ئەگەرچی لە شێوازی خەباتیدا جۆرێ رێبازی ئایینی تایبەتی بۆ بەکارهێنانی هەستی ئایینی هەبوو) و زیاتر لە بازنەی سیاسەتی مەعنەویدا بوو. مەعنەوییەتی گاندی بۆخۆی و دەرەتانی مەعنەوی خولقاو بە هۆی کارە ئایینییەکانی وەک نوێژ و رۆژوو و لاڵیانەوە و پاڕانەوەی مەعنەوی کاریگەر بوو لەسەر شێوازی خەباتی ناتوندوتیژانە و خۆڕاگرانەی خۆی و پێڕەوانی و هەروەها پێکهێنانی کەسایەتییەکی کاریزما. بە کورتی، هەوڵی گاندی بۆ مەعنەوی کردنی سیاسەت بوو.[٣٤] بەڵام سیاسەتی ئایینی هەندێکی تر لە رێبەرانی ئەوێ دەکەوتە بازنەی ئایینی

سیاسی بە واتای هەوڵ بۆ سەرکەوتنی پێڕەوانی ئایینێکی تایبەت و لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمی ئـــایینی. هەنـــدێ لە ڕێبەرانی هێندوو و زۆرینەی ڕێبەرانی مـــوسڵمانی پێش سەربەخۆیی هێندستان بۆ وێنە حەمە عەلی جیناح – کە خۆی سێکیولار بوو بەڵام سیاسەتی ناسیۆنالیستی ئـایینی گـرتە پێش – و ئەبـوو ئەعەلا مەودوودی – کە پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی کردبـووە ئـامـانـج – لەم تـاقـمە دواییەن. هەر لەم ئـاڕاسـتەیەدا لە درێژەدا ئـاورێک دەدرێتەوە سەر سیاسەتی مەعنەوی لە کوردستاندا.

## بەشی دووەم: سیاسەتی مەعنەوی لە کوردستاندا

ئەگەرچی لە نـاو کورددا کەمـتر لە بـاری تیۆریکەوە لەسەر سیاسەتی مەعـنەوی کار کراوە، بۆ وێنە بەپێچەوانەی ئەوەی لە هێندی کۆتـــایی سەتەی ١٩ و سەرەتـــای سەتەی بیستدا لەلایەن بیرمەنـدانێک وەک تیلاک، ئـورۆبیندۆ گـوش[٣٥] و... هێنرایە کایەوە و لەڕاسـتیدا لە تیۆرییەوە بۆ کردەوە بـــوو و لە ڕێگای مەعـــنەوی و ئـــایینی کردنی سیاسەت، ئـــاپۆرەی خەڵکیان دەرگیری سیاسەت کرد، لە کوردسـتانـدا "دایکی نیشتمان" لە ئـاسـتی پێویستدا پـاڵپشتی مەعـنەوی بۆ نەدۆزرایەوە و تەنیا بـاری سیاسی پەتی بەخۆیەوە گـرت و دواییش بەجێی دووپـاتکردنەوە و درێژەپێدانی بە شێوازی جۆراوجۆر، بە کردەوە شوێنەواری نەما. بەڵام لە کردەوەدا و بەتایبەت لە ئـاسـتی ڕێبەرایەتی و هێزی خەبـاتگێڕدا بەشێکی گـرنگی خەبـاتی کوردی لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی مەعنەویدا بووە. هەروەها کە ئاماژە کرا سیاسەتی مەعنەوی دەتوانێت نائایینی بێت بەڵام لە کوردسـتانـدا لە ژێر کاریگەریی مەعـنەوییەتی ئـایینیدا بـووە کە کاریگەریی دەروونی هەبووە و تاکی باوەڕمەنـد خاوەن ڕەوشی دەروونی جیاواز بووە. سیاسەتی مەعنەوی لەسەر بنەمای ئایین و ئیمانی پەتی پیرۆزیی بە خەباتی نەتەوایەتی و هەوڵ بۆ دەرچوون لە ژێر زوڵم و ڕکێفی بێگانە بەخشیوە و لە پێناوی بەرژەوەنـدیی نەتەوەییدا ورە و دڵپاکی ئـایینی تـاکی خستووەتە خزمەت هەوڵی بێ وچان بۆ ڕزگاریی گەلە چەوساوەکەی. ئەمە لەڕاستیدا بەهاناوە هاتن و یارمەتی ئایینە لە سیاستەدا.

هەر لەو پێوەندییەدا، دەکرێ بگوترێت کە هێز و دەسەڵاتی خاوەن دەسەڵاتەکان لە کوردستاندا دوو سەرچـاوەی سەرەکی هەبـووە: نـاوخۆیی، واتە هێز و تـوانی خۆیان و هۆز و خێڵیان، و دەرەکی. مـارتین ڤان بـروینسێن، بە گشـتی خـودا و دەوڵەت بە سەرچـاوە دەرەکییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگای کوردیدا دەزانێت و بەڕای ئەو کەمـتر کەسانێک بە بێ دەست بە داوێن بـوونی ئەو دووانە، بە پێگەی بەرز و بەرچـاو گەیشتوون. تەشەنەی سیاسی-ئـابووری کەسێک

ڕەنگە لە ڕێگای پێوەندانی خۆ لەگەڵ خوا سەرچاوە بگرێت. ئەمە بە شێوەی سەرکەوتووانە لە کوردستاندا لەلایەن شێخ و مەلاکانەوە جێبەجێ کرا. بە قسەی ئەو، مەلا مستەفا بارزانی گەورەترین ڕێبەری سەتەی بیست، پێگەکەی بە هۆی کەڵکی زۆری خۆی و باب و باپیرانی لەم دوو سەرچاوە بووە.[٣٦]

سەرچاوەی دەرەکی "خوا" لە پێوەندیی لەگەڵ ئاییندا دێتە ئاراوە و ڕەنگدانەوەکەی لە هەندێ قۆناخی خەباتی سیاسی کوردا زەق بووەتەوە. لەم پێوەندییەدا، کریس کوچێرا لە شرۆڤەی بیچمگرتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا ئاماژە بە سێ قۆناخ دەکات: دەرەبەگایەتی (فیۆدالی)، ئایینی و سیاسی.[٣٧] کە ئەم قۆناخانە هەندێ جار هاوکات پێکەوەش هەبوون. قۆناخی یەکەم تا کۆتایی سەتەی ١٩ و سەرەتای سەتەی ٢٠ کە دواهەمینیان شۆڕشی سمکۆ بوو، درێژەی هەبوو. لە نیوەی دووەمی سەتەی ١٩ دا قۆناخی دووەم دێتە ئاراوە و چینێکی تازە لە ڕێبەران کە زۆربەیان لە ڕێبەرانی ئایینی و شێخانی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بوون، سەرکردایەتی شۆڕش بە ئەستۆ دەگرن. کە من لێرەدا بە پێی ئەو باسانەی لەسەر جیاوازیی سیاسەتی ئایینی و مەعنەوی کرا، قۆناخی دووەم بە قۆناخی زاڵیەتی سیاسەتی مەعنەوی دەزانم. چۆنکو هیچ کام لە بزووتنەوەکانی ئەم قۆناخە لەڕاستیدا ئایینی نەبوون و شەڕیان بۆ ئایینێکی تایبەت نەبوو. مەبەستی کوچێراش ئەوە بووە کە ڕێبەرانی ئایینی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیان کردووە نەک ئەوەی کە ئامانجیان خەباتی ئایینی پەتی بووبێت. کەواتە ئەم قۆناخە قۆناخی خەباتی مەعنەوی کورد بووە و سووسە شۆقێکیشی تاوەکو ئێستا لە سیاسەتی کوردیدا ماوەتەوە. لە نیوەی دووەمی سەتەی بیستەمەوە قۆناخی سێهەم واتە سیاسەتی حیزبی باڵ دەکێشێت بەسەر خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردا.

لە پێوەندیی لەگەڵ قۆناخی دووەمی ئاماژەپێکرا لە سەرەوە، زۆرێک لە ڕێبەرانی ئایینی و پێڕەوانی ڕێچکەی عیرفان و تەسەووف خاوەن مەعنەوییەتی ئایینی تایبەت بوون. مەعنەوییەتی ڕێبەرانی کورد توانایییەکی پێ بەخشیبوون بۆ بەدواداچوونی ئامانجەکان کە مرۆڤی ئەمڕۆیی کەمتر هەیەتی. زۆربەی ئەو سەرکردە کوردانە خەباتییان بە ئەرکی نەتەنیا نەتەوەیی بەڵکو ئایینی زانیوە و ئامادە بوون خۆیانی بە گیان و دڵەوە بۆ تەرخان بکەن. بەمجۆرە مەعنەوییەتێک دێتە ناو سیاسەتی کردەوەیی و خەبات کە کەمتر بەرژەوەندیی تاک و زیاتر بەرژەوەندیی گەل و چاکەی گشتی لەبەرچاو دەگیردرێت. زۆربەی ڕێبەرانی پێش قۆناخی نوێ خەبات و هەروەها تاکو چەند دەیەی رابردوو بە کردەوە خاوەن سیاسەتی مەعنەوی بوون. تەشەنە و بڕواداریی ئەم ڕێبەرانە جگە لە پێگەی بنەماڵە، لەسەر بنەمای

باوەڕیان بە هێزێکی تایبەت بوو کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئاوەزمەندیی بووە. کەسانێ کە لەلای پێڕەوانیان وەک ئاگادارانی راز و نهێنییەکان بوون و لە رۆح و جەستەدا زۆر بەهێز بوون.

لە روانگەیەکی ترەوە، سیاسەتی کوردی بنەمای لەسەر سیاسەتی مەعنەوی بووە لەو روانگەوە کە هەڵگری پلۆرالیسم و فرەچەشنی، بانگی دادپەروەریی و بەرابەری و ئازادی هەبووە و تێیدا لە هەموو لایەک رێز گیراوە و زۆرینەی تاکی بەشداربووی خەباتیش وێڕای باوەڕی ئایینی و خاوەن مەعنەوییەتی تایبەت بوون، بەتایبەت لە ئاستی سەرکردایەتیدا، ئامانجی مرۆیی و بەرفراوانتر لە دەمارگرژی ئایینییان هەبووە و بە دڵی خاوێن و رۆحێکی بەرزەوە خۆیان بۆ بەرژەوەندیی دیتران و هاوبەش (نەتەوەیی) و لە ئاکامدا مرۆڤایەتی تەرخان و بەخت کردووە. بۆ وێنە رێبەرانی بەشێکی زۆر لە خەباتی کوردی وێڕای ئایینی بوون، ئامانجی نەتەوەییان هەبووە و لەسەر بنەمای رۆح و مەعنەوییەتێکی تایبەتی خۆیانەوە، خۆیان لە پێناو گەلدا بەخت کردوە. ئەگەرچی ئامانجی نەتەوەیی و مافی بەرابەر لە ئایینیشدا جەختی لەسەر کراوە بەڵام بۆ زیندووکردنەوە و ئامانجی پەتی ئایینێکی تایبەت خەباتیان نەدەکرد و رێزیان لە هەموو گرتووە و لە ئایین و ئایینزا جیاوازەکانیشیان تێدا بووە.

بە وتەی کوچێرا، زۆربەی ئەم رێبەرە ئایینیانە هەر لە شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ عەبدولسەلام بارزانی تا مەلا مستەفا بارزانی لایەنگری جیهانی رۆژئاوا بوون و لە ئایدیالەکانی ئەوان یارمەتییان وەردەگرت.[٣٨] لەڕاستیدا بیرۆکەی رووناکبیرانی کورد کە کەم کەم لەسەر چەمکی ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی زانیارییان دەستەبەر کردبوو لەلایەن شێخەکانی تەریقەتە ئایینییەکانەوە وەرگیرا و بڵاو کرایەوە.[٣٩] شێخەکان و دواتر مەلا گەورەکانی کوردستان جگە لە پیرۆزیی و رەوشت بەرزیی و بەهرە و کەسایەتی بێ وێنە، پێویستیان بە توانایییەکانی سیاسەتوانانی سەردەمی نوێش هەبوو. دەبوا بیانتوانایە پێکدادان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی دادپەروەرانە چارەسەر بکەن. ئەمە نەریتێ بووە کە لە زۆربەی شێخ و مەلاکاندا بینراوە و بە هۆی رێزدار بوون لە باری ئایینییەوە لە ناو خەڵکدا، لە پێکدادان و ناکۆکییەکاندا، نێوبژیوان بوون کە ئەمە بووەتە هۆی تەشەنەی سیاسی ئەوان. ئەم رێبەرانە لە رێگای تەشەنەی بەرچاوی خۆیان لە کۆمەڵگادا، هۆزە کوردییەکانیان یەکدەخست و وەجووڵەیان دەخستن و ویستی گەلی کورد واتە مافی سەربەستانەی دیاریکردنی چارەنووسیان بە روونی هێنایە ئاراوە.

شێخەکان لە باری ئاوەز و هێزی راکێشان و کەرامەتیان لە نێو خەڵکی کوردستاندا ناوبانگیان دەرکردبوو. سەرۆک هۆزەکان پێڕەوییان لێ دەکردن. لە زۆربەی کوردستاندا نەقشبەندییەکان

لە ڕێگای "خانەقا" و قادرییەکان لە ڕێگای "تەکیە"کانەوە دەسەڵاتی مەعنەوی و هەڵسووڕانی کوردستانیان بە دەستەوە بوو. لە نیوەی دووەمی سەتەی نۆزدەهەمەوە شێخەکان بەهێزترین دەسەڵاتی سیاسیان لە سەرتانسەری کوردستاندا هەبوو. زۆربەی شۆڕشە نەتەوەییەکان تا دەسپێکرانی شەڕی دووەمی جیهانی لە ژێر سەرکردایەتی شێخەکاندا بەڕێوە دەبران.[٤٠] شێخەکان هەستی ئایینی و سۆزی کوردایەتییان ئاوێتەی یەکتر کرد و بۆ ئامانجی رزگاریی نەتەوەیی کەوتنە هەوڵ و تێکۆشان. لە درێژەدا بە ئاماژە بە تایبەتمەندییە مەعنەوییەکانی ئەم ڕێبەرانە، زیاتر کاریگەریی سیاسەتی مەعنەوی لەسەر خەباتی کوردی دەردەکەوێت.

## بەرەی یەکەم: نیوەی دووەمی سەتەی نۆزدە (شێخ عوبەیدوڵڵا)

بە هۆی تێکەڵبوونی ئایین لەگەڵ سیاسەت لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی وەک لایەنگری ئایینزای سونە و دەوڵەتی ئێران وەک لایەنگری شێعە، ڕێچکە و تەریقەتە عیرفانی و سۆفییانەکان کە بە جۆرێ بێ لایەنتر بوون ئەگەرچی خۆیان لە چوارچێوەی سونەدا بوون، چاکترین پاڵپشتی مەعنەوی بوون بۆ کوردان و لە کوردستاندا زۆر گەشەیان سەند. لەم ئاڕاستەیەدا تەریقەتی نەقشبەندی وەک دژکردەوە و هەڵوێستی دژ بە دەسەڵاتی زوڵم و زۆری هەر دوو دەوڵەتی ناوبراو لە کوردستاندا زیاتر وەرگیرا. ئەم تەریقەتە بانگەشەی دژایەتی زوڵم و بێدادیی و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی هەق و راستی و کەمتر نزیکبوونەوە لە سەرانی دەوڵەت و کاربەدەستانی دەکرد و جۆرێ جێگرەوەی شۆڕشگێڕانەش بوو تا ئاستێ کە خەلیفەکانی مەولانا خالید نەقشبەندی، وەک شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخانی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران، نموونەی ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکان دەبن لە دژی دەسەڵاتی زوڵم و زۆر. بۆیە هەندێ کەس لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو تەریقەتە سیاسی بووە.[٤١] شێخەکانی نەقشبەندی بە هۆی تەقوا و "مەعنەوییەت" جێگە و پێگەی زۆریان لە کۆمەڵگا هەبوو. لەناوبردنی ناوچە میرنشینەکانی کوردەواری لەلایەن دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانەوە، بواری بۆ دەرکەوتنی "شێخ"ەکان وەک ڕێبەرانی سیاسی خۆش کرد. بە رای ئۆڵسۆن، پاش زاڵبوونی عوسمانییەکان بەسەر میرانی کورددا شێخەکان تەنیا هێزی ئەخلاقی بوون کە دەیانتوانی بەندوباو بهێننەوە کۆمەڵگای کوردی و لە ئاژاوە رزگاری بکەن. لە ساڵانی ١٨٥٠ شێخەکانی شەمزینان، بەرزەنجە و بارزان سەریانهەڵدا کە پیشاندەری مەیلی کۆمەڵگای کوردی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پاش میرە کوردەکان بوو.[٤٢]

لە نێو شێخەکاندا شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (شەمزینی) (١٨٨٣–١٨٣٠) یەکەم کەسایەتی بوو کە هاتە نێو کۆڕی خەبات و بە کەڵک وەرگرتن لە تەشەنەی مەعنەوی وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی بۆشایی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا پڕ کردەوە. شێخ عوبەیدوڵڵا لە بنەماڵەی شێخانی نەهری بوو کە خاوەن تەشەنەی ئایینی و دنیایی بوون. خانەقای شێخ لە نەهری بێجگە لەوە کە ببوو بە ناوەندێکی بانگەشەی تەریقەت، بنکەیەکی گەورەی ئاڵوگۆڕی هزریی و سیاسیش بوو.[٤٣] ئەو شارەزای عیرفان و ئایین، خوێندەوارێکی باڵادەست و هۆنەر بوو کە دیوانی هۆنراوە و کتێبی "عەقیدەنامەی" کوردی هەیە. لە سەردەمی خۆیدا گەورەترین و تاقانە شێخی راهێنەری تەریقەتی نەقشبەندی بووە کە بە هۆی زانایی، چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی، جێگە و پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی هەبوو. وێڕای پێشەوای خەڵک بوون لە باری مەعنەوی و تەریقەتدا، خاوەن هێز و شکۆ و سامان بوو و رەوشت بەرزیی و دادپەروەریی ئەو وەها بوو کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیدا هیچ زۆردارێک نەیدەتوانی هیچ جۆرە دەسدرێژییەک بکاتە سەر خەڵکی بێ دەسەڵات.[٤٤]

بروینسێن، شێخ عوبەیدوڵڵا بە رێزدارترین رێبەری مەعنەوی کورد لە سەردەمی خۆیدا ناو دەبات.[٤٥] باری مەعنەوی شێخ هەم ببوە هۆی گەشەی رەوشتێتی یان ئەخلاقیات و سیاسەتی ئەخلاقی لە کەسایەتی شێخدا و هەم ورەی ئەوی بۆ هەوڵ و تێکۆشان و خۆبەخشین بەهێز کردبوو. بە هۆی ئەو مەعنەوییەتەی شێخەوە بوو کە لە سەردەمی خۆیدا تەشەنەدارترین کەس لە کوردستان بووە و لە ناو کوردانی سنووردا، زۆر لە سوڵتانی عوسمانی پیرۆزتر بووە. بۆ سەرۆک هۆزەکان "حەزرەتی شێخ" بوو و موریدی وایشی هەبووە کە دەسبەجێ فەرمانەکەیان جێبەجێ کردووە و خەڵکیش بە "باوک" ناویان بردووە و خۆیشی لە دوای سوڵتانی عوسمانی و شەریفی مەککە خۆی بە سێیەم کەس زانیوە و لەڕاستیدا ببووە مەلیکی شارستانی و پەسەندکراو و دانپیانراوی کوردان.[٤٦] ئاکار و هەڵسوکەوتیشی لەگەڵ دیکەی ئایین و نەتەوەکان وەک مەسیحی، ئاسووری و ئەرمەنی ناوچەکە هاوڕێیانە، ئاشتیخوازانە، رێزلێگرانە و جوان بووە.[٤٧]

دوای سەرکوت کردنی میرە کوردەکان، شێخ عوبەیدوڵڵا وەک بانگخواز و رزگارکەر دەرکەوت و بەرنامە و ئامانجی سیاسی بۆ چارەسەری کێشەی کورد راگەیاند.[٤٨] نزیکەی هەموو بزووتنەوەکانی پێش شێخ عوبەیدوڵڵا بە سەرکردایەتی میر و سەرۆک هۆزەکان بوون کە مەلا و شێخ نەبوون. لە جیاوازیی نێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و میر بەدرخاندا، ئۆلسۆن دەڵێت: "دۆخ و پێگەی عوبەیدوڵڵا وەک شێخێک ئەو هەلەی بۆ رەخساند کە وشە و شێوەزاری ئایینی پڕ لە

هێما و ڕەمز و بەڵێنی مەسیحایی لە مەبەستە نەتەوەییەکاندا بگونجێنێت، و ئەمە شتێ بوو کە لە دەســـت میر بەدرخـــان بەگ کە مەلا نەبـــوو، وێرای میر و ڕێبەری یەکیەتی هۆزەکان، بەرنەدەهـات".[49] بە وتەی کوچێرا شێخ یەکێک لەو خـاوەن کەرامـاتـانە بـوو کە بـزووتـنەوەی نەتەوەیی کوردی بۆ مـــاوەیەک ڕێبەرایەتی کرد و یەکەم مـــانیفێستی نەتەوەخـــوازیی کوردی دەرکرد.[50] ئەو ڕێبەرێکی ئـــایینی و سیاسەتـــوانێکی سەردەمی تـــازەی کورد بـــوو کە یەکێک لە گـــرنـــگترین شۆڕشەکانی سەردەمی هـــاوچەرخی کوردی ڕێبەرایەتی کرد و یەکەمین ڕێبەریی ئایینی–سیاسی کوردستان و لە گرنگترینی ئەم جۆرە ڕێبەرانە بوو.

**بەرەی دووەم: نیوەی یەکەمی سەتەی بیست (شێخ مەحموود، شێخ سەعید و شێخ ڕەزا)**

پـــاش تێکچوونی شۆڕشی شێخ عـــوبەیدوڵلا، خەبـــات بە تەواوەتی نەکوژایەوە و ژیلەمۆی ئاگرەکەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پڕتینتر بڵێسەی سەندەوە کە ئەم جارە شێخانی قادری و ئـاییـنی عەلەویش بەشـدار بـوون. شێخ مەحـموود و شێخ سەعید و شێخ ڕەزا لە بـاشـوور و باکووری کوردستان قرمەیان لە شۆڕش هەڵساند.

بـنەمـاڵەی شێخ مەحـموودی حەفید، بە گشـتی نـاوبـانگیان بە خـواپەرسـتی و ڕەوشـت بەرزیی دەرکردبـوو. ڕەنـگدانەوەی ئەم ڕەوشـت بەرزیی و مەعـنەوییەتە لە بـوێری و خەبـاتی شێخدا بەرچـاو بـووە. لە شۆڕشی شێخ مەحـموودا، بـاری مەعـنەوی هۆی ورە بەرزی و سەرکەوتنی، و ســووکە دەمـــارگــرژی ئـــایینی کە هەنـــدێ جـــار هـــانی دەدا بەرەو تـــورکان بڕوات لە بەرانـــبەر بەریتانیادا هۆی تێکشکانی بـــوو. بەوەشەوە شێخ وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی کورد، هێمای پـاکی و خۆڕاگری بـوو. شێخ مەحـموود لە ژێر نـاوی "شەڕی پیرۆز" (جیهاد) و شەهید بـوون لە ڕێگای ئیسلامـــدا لە هەنـــدێ شەڕ لە دژی ئینگلیز و هەروەهـــا ڕووسیا بەشـــداری دەکرد.[51] ئەمە بەشێکی پێوەنـدیی بە بـاوەڕی ئەوەوە هەبـوو کە ئیسلامی لە دژی مـافی گەلان نەزانیوە و بۆ ئەو شەڕ بۆ مافی کورد وەک شەڕ لە پێناو ئاییندا پیرۆز بووە.[52]

سیاسەتی گشتی شێخ مەحموود لە پێناو کوردستاندا بوو، ئەگەرچی هەندێ جار دەکەوتە داوی هەستی ئایینی و فریوی سیاسی و هەرکات لە بەریتانیا بێ هیوا دەبوو بەرەو تورکان و فارسان دەڕۆشت. بـانگی جیهادی شێخ لە دژی بەریتانیا بۆ سەربەخۆیی کوردستان بـوو، ئەگەرچی لەو کاتەدا هەڵەیەکی سیاسی بـــوو. شۆڕشی شێخ مەحـــموود بۆ بەرگـــری لە خەلافەتی عـــوســـمانی نەبوو چۆن وێرای پێوەنـدیی بنەماڵەکەیان لەگەڵ دەزگای خەلافەت و بڕێ ئۆگری ئـاییـنی بەو هێمایە، هەم لەلایەن عـــوســـمانییەکانەوە زەجـــری دیبوو و هەم شۆڕشی شێخ عـــوبەیدوڵلا و

کەسانی تری پێش ئەو کاریگەرییان لەسەر ئاگایی نەتەوەیی لەودا هەبوو و ئەوەندەش دڵی بە پاراستنی خەلافەت خۆش نەبوو و زیاتر وەک ئامرازی سیاسی لە دژی بەریتانیا لەو سەمبولە کەڵکی وەردەگرت. هەڵسوکەوتی سیاسیشی پیشان دەدا کە بۆ دەستەبەرکردنی مافی کورد و سیاسیکاریی بوو کە تاوێ بە لای تورکان و تاوێ بەریتانیا رادەکێشرا.

بە گوتەی کوچێرا، لە نێو رێبەرە ئایینییەکاندا شێخ مەحموودی نەمر سەرکەوتووانەتر توانی داخوازیی کورد و بیرۆکەی رۆژئاوایی واتە مافی چارەی خۆنووسین لێکتر گرێبدا. کەسێ کە وەرگێڕدراوی کوردی دوانزەهەمین مادەی سەرۆک "ویلسۆن" لە "بەرنامەی ئاشتی جیهان"دا و راگەیەندراوەکەی فەڕەنسە و ئینگلیز کە لە پێوەندیی لەگەڵ مافی کورد بوون، لەسەر لاپەڕەکانی قورئان نووسی و بە حوکمی نووشتە لەسەر باسکی گرێدابوو و تا دوا هەناسە دەیگوتەوە.[٥٣]

## شێخ سەعید و شێخ رەزا

شێخ سەعیدی پیران لە بەناوبانگترین شێخەکانی نەقشبەندی و رێبەرێکی کاریزماتیک و خاوەن تەشەنەی کۆمەڵایەتی بوو کە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی رێبەرایەتی دەکرد. شێخ وێرای ئەوەی کە ئیماندارێکی بە بڕوا و بە ئەمەگ بوو، نەتەوەخوازێکی پڕهەست و توندڕەو بوو و یەکەمین ئامانجی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ بوو. رێبەرایەتی شێخ سەعید، هەندێ چاوەڕوانی مەسیحایی و هەروەها سەربەخۆییخوازانەی لە نێو پێڕەوانیدا هەڵخڕاند.[٥٤] رێژەی موریدانی شێخ لە نێوان چل تا پەنجا هەزار کەس مەزندە کراوە. ئامانجی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانیش وەرگرتنی مافی سەربەخۆیی و پێکهێنانی حکوومەتی نەتەوەیی بوو کە لەو پێناوەدا لە هەستی نەتەوەیی و ئایینی کەڵکی وەرگرت. لەڕاستیدا ئەم شۆڕشە لەلایەن رێکخراوێکی سیاسییەوە واتە "ئازادی" ئامادەکاری بۆ کرا و بەڕێوەبەرانی شۆڕشەکە ئاگایانە شێخ سەعیدیان بۆ رێبەرایەتی هەڵبژارد کە لە کاریزما، تەشەنە و دزەی زۆری شێخ بۆ وروووژاندنی ئاپوورەی خەڵک کەڵک وەرگرن.[٥٥] وێرای تەشەنەی زۆری نەتەوەخوازان کە مەلا نەبوون و رێکخراوە نەتەوەییەکان، سەرکردایەتی شۆڕشی شێخ سەعید بە ئەستۆی شێخەکان بوو. و ئەمە کە شۆڕش رەنگ و بۆنی ئایینی لێ بوو، ئاکامی هەڵسەنگاندنی کۆنگرەی ساڵی ١٩٢٤ی رێکخراوی "ئازادی" بوو کە وەک ستراتێژی و تاکتیکی پێویست بۆ سەرکەوتنی شۆڕش لەبەرچاو گیرا. لە کاتێکدا کە شۆڕشی شێخ سەعید نەتەوەیی بوو، بزواندن و بانگەشە و هێماکانی ئایینی بوون.[٥٦]

بە وتەی بـرووینسێن، ئـامـانجی روونی شۆڕشە نـاسیۆنـالیستییەکەی شێخ سەعید پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بــوو کە تێیدا رێز لە بــنەمــا ئیسلامییەکان بگیردرێت. ئەگەرچی گوتـراوە کە ئەو "لە سەرەتـاوە بە هۆی نـاسیۆنـالیزمەوە ورووژابـوو و وەک ئـامـرازێک لە ئـایین کەڵکی وەردەگـرت"[٥٧]، ئەمە بەو واتـایە نییە کە شێخ بـاوەڕی ئـایینی نەبـوو بەڵکو هەڵوێستە توندە ئایینییەکانی بە ناچار وەک ئامراز و کەڵکوەرگرتن لە ئایین بوون، بۆ ئەوەی هەم خەڵک هـان بـدات و هەم لە ژێر نـاوی ئـاییندا لە دژی رانەوەسـتن. لەڕاسـتیدا لەبەر ئەوەی کە لە ١٩٢٤ بەمـلاوە بە تێکچوونی خەلافەت، رەژیمی تــورک بــبووە لائیک، کورد دەیویست لە ژێر نــاوی ئـاییندا بە ئـامـانجی سیاسی خۆی بـگات و ئەگەریش نەتـوانێت دەسەڵاتی خەلافەتی گشـتی بـــخاتە ژێر رکێفی خۆی لانیکەم حکوومەتێکی کوردی سەربەخۆ پێکبهێنێت، بۆیە رێکخراوی "ئازادی" بڕیاریدا لە پشت شێخ سەعید شۆڕش بکەن. شێخ هەم پێڕەوانی زۆری هەبـوو کە بێ پرسیار فەرمانەکەیان جێبەجێ دەکرد، هەم بەشداری شێخ رواڵەتی ئایینی بە بزووتنەوە دەدا کە دەبـووە هۆی دەستەبەرکردنی پـاڵپشتی زیاتر، هەم شێخ دەبـووە هۆی یەکیەتی و پێوەنـدی هۆزە جیاوازەکان. هەســتی مەعــنەوی و دڵسۆزی شێخ وایکردبــوو کە خۆی وەک بەرزتــرین فەرمـــانــدەری بەرەکانی شەڕ بێت. شێخ سەعید سەرۆک هۆزەکانی بۆ "شەڕی پیرۆز" لە دژی ئەنقەرە بانگهێشت کرد.[٥٨] زۆرێک لە فەرماندەران و پلەبەرزانی شۆڕش پیاوە ئایینیەکان بریتی لە شێخ و مەلایان بوون. شێخانی نەقشبەندی رۆڵێکی گرنگیان لەم شۆرشەدا هەبوو.

کەواتە، شۆڕشی شێخ سەعید نە تەواوەتی ئـایینی و نە تەواوەتی نـاسیۆنـالیستی بـوو لەبەر ئەوەی کە دەســتەبەرکردنی مــافی نەتەوەیی خۆی رەوایی ئــایینی لە پشــت بــوو و ئەرکی ئایینیش بـوو. بەڵام هـاندەرێتی گەڵاڵەداڕێژەرانی شۆڕشەکە بێ گومـان نـاسیۆنـالیستی بـوو و مەعــنەوییەت هێزی خەبــات و ورەبەرزی پێ بەخشیبوون. بە دڵنیاییەوە شێخ خۆی کەسێکی زۆر لە خـوا تـرس بـوو و هـاوکات رێزی لە کەسـانی تـر بە بیری جیاوازەوە دەگـرت. ئـامـانجی سەرەکی شێخ پێکهێنانی کوردســـتانی سەربەخۆ بـــوو. رێبەران و گەڵاڵەداڕێژەرانی شۆڕش وایاندەزانی کە ئاژاوەی ئایینی زیاتر کاریگەرە لە بەدەستهێنانی پـاڵپشتی ئاپۆرەی خەڵکدا تاکو پڕوپـاگەنـدەی نـاسیۆنـالیستی. تـاڕادەیەک هەر بەم بۆنەوە شێخەکان وەک سەرۆکانی شۆڕش هەڵبژێردران و بزووتنەوەکە ناوی شەڕی پیرۆزی لەسەر دانرا. هەرچەند ئەمە بە واتای ئامانجی ئایینی لە پشت بزووتنەوەکە نەبوو، بەوەشەوە مەعنەوییەت و باوەڕی ئایینی بوو کە وایدەکرد قـورئـان لەسەر چەک هەڵبکەن و بۆ شەڕ بـچن. پـاسـاوی ئـایینی بۆ کردەوەکەیان شۆق و ورەی بەشداربووانی شۆڕشی زیاتر دەکرد.[٥٩]

بە وتەی بــروینسێن، ئەگەرچی شێخ سەعید رەخـــنەی لەسەر شێخەکانی تــر هەبــوو، بە بێ رایەڵەی نەقشـبەنـدی، ئەو نەیدەتـوانی ئەو هەمـوو شەرڤانـانە بـورووژێنێت. بە بێ بـاوەڕ بە پیرۆزیی شێخ، ئەوان بەوجۆرە دەمـــارگـــرژانە شەڕیان نەدەکرد.[٦٠] شێخ سەعید لە کاتی شۆڕشەکەیدا بە دەرکردنی فـــتوایەک خۆی بە "ئەمیری مـــوجـــاهیدین"ی شۆڕش نـــاودێر و جەختی کردبوو کە پێشەوای تەریقەتی نەقشبەندییە و نوێنەری خەلیفە و ئیسلامە و داوای لە هەمـووان کردبـوو کە پێوەنـدیی بەم جیهادەوە بکەن بۆ پێکهێنانی خەلافەتی نەقشـبەنـدی. لە هێرشی شێخ سەعید بۆ سەر دیاربەکر، کوردەکان بە بـانگی "الله اکبر"ەوە داوایان لە تـورکەکان کرد خۆ بەدەستەوە بدەن. لە گرتنی "ئالازیگ"دا شێخ شەریف فەرماندەی هێزی شێخ سەعید بێ خوێنڕشتن چووە نـاو شار چۆن خەڵک لەلایەن گەورەکانی شارەوە ئاگادار کرابوونەوە کە "ئەم شێخانە دەیانەوێت خەلافەت و شەریعەت دامەزرێنن."[٦١]

بەپێچەوانەی راگەیاندنەکانی تورک کە شێخ سەعیدیان بە کۆنەپەرست و دەمارگرژی ئایینی و دواکەوتوو دەزانی، ئەو خاوەن کەسایەتی نەتەوەخواز و دژە چەوساندنەوە بوو.[٦٢] بە گوێرەی تـــورکە شۆڤێنیستەکان شێخ سەعید دەیویست لە ژێر نـــاوی ئـــاییندا کوردســـتانی سەربەخۆ دابـمەزرێنێت. لە کاتی دادگـاییدا لە ١٩٢٥، شێخ سەعید لە وەڵامی ئەوەیدا کە چ پـاڵی پێوەنـای شۆڕش بکەی؟ بە هەسـت و ئیمانێکی بەرزەوە دەڵێت: "کردەوەی ستەمکارانە و کوشـت و بڕی دژ بە کورد پـاڵیان پێوە نام تۆڵەیان بستێنمەوە. بە نـاوی خـوا شۆڕشەکەم هەڵایساند و بە بیر و بـاوەڕی خۆم سەرقـاڵی جێبەجێکردنی بـووم. کوردە زۆرلێکراوەکانـتان لە مـاڵەکانیان وەدەرنـا، لەگەڵ ئافرەتان بێ ئەخلاقیتان کرد. منیش بۆ تۆڵەی ئەو کردەوە دزێوە و ناڕەوایە بڕیارمدا لە جیاتی کوشـــتنی هەر کوردێک شەســـت تـــورک بکوژم و تـــا مـــردن هەوڵی دامەزرانـــدنی حکوومەتێکی کوردی سەربەخۆ بـدەم. ئەمە ئەرکی سەرشـانی ئێمە بـوو، مـن ئەو بیروبـاوەڕەم خســتووەتە مێشکی هەمـوو ئەو پیاوە ئـاییینیانەی کە لەگەڵمدا بـوون."[٦٣] ئەم وتـانە، نیشانەی کاریگەریی مەعـــنەوییەت و دڵپاکی شێخ لەسەر سیاسەتی ئەو و پیشانـــدەری "سیاسەتی مەعنەوی" ئەون.

لە پـــاش شێخ سەعید، شۆڕش هەر بەردەوام بـــوو و رێبەرانی ئـــایینی بەشـــدار و بـــنەمـــا مەعـنەوییەکانیش سـووتەمەنی گڕ و تینی بـوون. لەم پێوەنـدییەدا دەکرێ بە سید رەزا، یەکێک لە سەرۆکە بەنـاوبـانگەکانی شۆڕشی دێرسیم ئـامـاژە بکرێت. لە نـامەیەکدا بۆ وەزیری نـاوخۆی تـــورکیا دەنـــووسێت کە: "... سێ میلیۆن کورد لە تـــورکیا دەژین، دەیانەوێ بە زمـــانی خۆیان بـخوێنن و بـنووسـن و لە ئـاشتی و هێمنیدا بـژین. ئـازادییان هەبێ، داب و نەریت و کەلەپـوور و

رەگەزی خۆیان بپارێزن، ئاخۆ رەوایە کوردەکان کە داوای مافی زەوتکراوی خۆیان دەکەن، لەلایەن ئێوەوە بە تاوانبار بناسرێن؟ پێویستە دەوڵەت ئەو داوایانە وەدی بێنێت، تا ئەو گەلە نەجیبە لە ژێر باری چەوسانەوەی نەتەوایەتی رزگاری بێت..."[٦٤] بەمجۆرە ویستێکی ئاشتیخوازنە و مرۆیی دەردەبڕێت کە ئێمەی کورد: "شتێک جگە لە ئاشتی و ئازادی لەگەڵ پاراستنی رەگەز، زمان، داب و نەریت، کەلەپوور و شارستانییەتمان ناوێت."[٦٥] شێخ رەزاش بە ئاواتی تۆڵە ستاندنەوە لەلایەن لاوانی کوردستان و بە هاواری "بژی کوردستان" لە ١٩٣٧ دا دەچێتە پێی سێدارە.[٦٦]

کەواتە، بنەمای خەبات و داخوازیی شێخ سەعید و دواتریش شێخ رەزای دێرسیم، مرۆیی بوو و ئامانجیان بەدەستهێنانی مافی رەوای کورد و ژیان لە ئاشتی و ئازادیدا بوو بە جۆرێ کە نادادپەروەریی بێ بەزەییانە لە دژی گەلی کورد کۆتایی پێ بێت.

## بەرەی سێهەم: لە نزیکەو ناوەڕاستی سەتەی بیستەوە (قازی، بارزانی و...)

ئەم قۆناخە، زیاتر دەکرێت بە قۆناخی سیاسەتی مەعنەوی مۆدێرن و سێکیولار (بە واتای بڕوا بە بێ لایەنی دەوڵەت، ئازادی و بەرابەری ئایینەکان و رێزگرتن لە یەکتر) ناودێر بکرێت. لە نزیکەو ناوەڕاستی سەتەی بیستەمەوە بەرەبەرە دەسەڵاتی شێخەکان کەم بووەوە، بەڵام تەشەنەی مەلا و زانایانی ئایینی لە ناو خەڵکدا و بەتایبەت لە باری سیاسییەوە مایەوە کە لە کۆتاییەکانی سەتەی بیستەمەوە بەشێکیان بەرەو سیاسەتی ئایینی و بازنەی ئایینی سیاسی راکێشران. لەوانەی کە لە بازنەی سیاسەتی مەعنەویدا بوون دەکرێ بە قازی محەمەد، مەلا مستەفا، شێخ عێزەدین و شیخ جەلال حسەینی ئاماژە بکرێت.

سیاسەتی مەعنەوی لە شێوەی مۆدێرن و سێکیولاریدا زیاتر لە هەمووان لە قازی محەمەدا دەبینرێت؛ رێبەرێکی ئایینی و سەرۆک حیزبی سیاسی. کەسایەتی، بیروباوەڕ و مەعنەوییەتی پێشەوا، و هەروەها شێوازی سوێند خواردنی لە راگەیاندنی کۆماردا، هەمووی هێما و وێنای شێوە سیاسەتێکی مەعنەوین.[٦٧] پێشەوا هەندێ جار بە "گاندی" کوردستان ناوی لێبراوە کە رقی لە شەڕ و خوێنڕشتن بوو و ئەوەی لەو دۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی ئەو سەردەمەدا پێشەوای راگرتبوو ئیمانی بەهێز و دڵ و دەروونە پاکەکەی بوو. قازی محەمەد لە کاتی دادگاییدا دەڵێت: "من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە و بە باوەشی ئاواڵاوە؛ ئەوەی کە بێ تاوانم و لە رێگای ئازادی میللەتەکەمدا دەکوژرێم؛ ئەمە بە رەحمەت لە لای خودا بۆ خۆم دەزانم. شانازی بەو مەرگ و مردنە مەردانەیە دەکەم."[٦٨]

قازی هەر لەو دادگاییەدا دەڵێت: "... تازە ئەوەی من داوام بوو لە خوا، خوا پێی داوم؛ واتە مەرگ و شەهید بوون لە پێناوی ئایین و گەلەکەمدا و هیوادارم بە روویەکی سوورەوە بچم بۆ بارەگای خوای گەورە و دلۆڤان."[٦٩] قازی پاش نووسینی وەسیەتنامە، نوێژ و لە خوا پاڕانەوەی بەجێهێنابوو. لە وەسیەتنامەکەیدا دەنووسێت: "وا من لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بە خاتری خودای گەورە ئامۆژگاریتان دەکەم، پێتان دەڵێم و خوا بۆخۆی دەزانێ کە من ئەوەی لە دەستم هات؛ بە سەر و بە گیان و تێکۆشان، بە ئامۆژگاری و رێنوێنی و رێگەی راست نیشاندانی ئێوە؛ درێغم نەکردووە...."[٧٠] هەروەها دەڵێت: "وەسیەتێکی دیکە بۆ ئێوە ئەوەیە کە لە خوای گەورە داوا بکەن؛ هەر چییەکتان بۆ سەربەرزیی ئەو گەلە کرد؛ یارمەتیتان لە ئەو بۆ بێت؛ دڵنیام خوای گەورە سەرتان دەخا و یارمەتیتان دەدا. رەنگە بڵێن ئەی بۆ من سەرنەکەوتم، لە وەڵامدا دەڵێم: بەو خوایە من سەرکەوتووم، چ نیعمەتێک و چ سەرکەوتنێک لەوە گەورەتر کە ئێستا وا من لە رێگەی گەل و میللەت و وڵاتەکەمدا، سەر و ماڵ و گیانم لە پێناوی ئەودا دادەنێم، باوەڕ بکەن من خۆم لە دڵمەوە ئارەزووم بوو؛ ئەگەر مردم بە مەرگێک بمرم کە لە حزووری خوا و رەسوولی خوا و گەل و میللەتەکەمدا، روو سوور بم؛ بۆ من ئەو مەرگە سەرکەوتنە." لە ئامۆژگارییەکانیدا دەڵێت وەک یەکەمیان: "باوەڕتان بە خوا و "ما جاء من عندالله" و پەرستنی خوا و پێغەمبەر (د.خ) و بە جێگەیاندنی ئەرکی ئایینی پتەو بێت...." بەر لەوەی بچێتە ژێر پەتی سێدارە رووی لە رووگە کرد و هەر دوو دەستی بەرز کردەوە و لە خوا پاڕایەوە؛ "خوایە، تۆ خۆت شایەتی کە من لە خزمەت بەو میللەتەدا هیچ خۆم نەبواردووە و کەمتەرخەمیم نەکردووە، خودایە تۆ شایەتی کە من هەرچییەکم لە دەست هاتبێ لە رێگای تۆدا و لە پێناو رازیبوونی تۆدا کردوومە، خودایە بە گەورەیی خۆت تۆڵەی مەزلوومان لە زاڵمان لەو دنیایە و لە قیامەتدا بستێنەوە، کە دەزانم هەر وایە، ئەی خودای ئاگادار لە هەموو شتێک؛ هەموو میللەتانی ژێر چەپۆک و میللەتی کورد لە ژێر چنگی ئەو زاڵمانە رزگار بکە."[٧١]

ئەم وتە و کردەوانە ئەوپەڕی مەعنەوییەت و گرێدانی خۆ بەو "تاقانە سەرچاوە" نامادديیە کە لێرەدا "خودا"یە، پیشان دەدات. ئەمە نیشان دەدات کە دڵپاکی و مەعنەوییەتی قازی وای لێکردبوو کە بۆ گەلەکەی سەر و ماڵ و گیانی بەخت بکات.

## بارزانی

لە ناو بارزانییەکاندا، لەبەر ئەوەی کە پێشەواکانیان واتە شێخی بارزان یان "خوەدان" بەرزترین دەسەڵاتی ئایینی و دنیاییان هەبوو و بە دڵسۆزی سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریی کوردیان

کردووە، بـــارزانییەکان بە تەواوی پشـــتیوانییان لە بۆچـــوون و ڕێنوێنییەکانی ئەوان دەکرد.[٧٢] پێش مەلا مستەفا بارزانی، شێخ عەبدولسەلامی دووەم (کە لە ١٩١٤ لە سێدارە درا) ڕێبەرێکی ئـــایینی و نیشتمانی و خـــاوەن تەشەنەی مەعـــنەوی زۆر بـــوو لە نـــاو بـــارزانییەکانـــدا و بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی لە بەرانبەر عوسمانییەکاندا کەوتە جووڵە و پاش ئەویش شێخ ئەحمەد لە عێراق درێژەی بە خەبات دابوو.[٧٣]

مەعنەوییەت لە زۆربەی ئەم مرۆڤانەدا هۆی بوێری و پاڵپشتی هێزی جەستەییان بووە. بڕوا و ئیمانی قووڵ و پتەو پاڵپشتی هەستی نەتەوەیی مەلا مستەفا بوو بۆ ڕاپەڕین بە جۆرێ کە بۆ یارمەتی شۆڕشی بـــرا نەتەوەییەکانی جـــارێ بەرەو بـــاکووری کوردســـتان سەرکردایەتی هێزی بـــارزانیەکانی دەکرد و جـــارێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان دەبـــووە کۆڵەکەی کۆمـــاری کوردان و هەروەهـــا شەڕ و پێکدادان لەگەڵ ســـوپـــای چەنـــد وڵات ورەی نەدەبەزانـــد. هێزی مـــاددیی بە تەنیایی بە دەگـــمەن بـــتوانێت ئەم ورە بەرزانە لە مـــرۆڤدا پێکبهێنێت و ڕایگبرێت. بۆیە قـــازی مـــحەمەد سەبـــارەت بە مەلا مســـتەفـــا بـــارزانی دەڵێت: "...ئەوەی لە کەرامەت و شەرافەت و مرۆڤایەتی و نەبەزیی و سەخاوەت و پیاوەتی و نەترسی لە مێژوودا کەسانی مەزن بوویێتیان، مەلا مســـتەفـــاش هەیەتی، ئەوەی مـــوسڵمانـــانی سەدری ئیسلام لە بـــاوەڕ و ڕاســـتیی و پـــاکیی و دڵسۆزیی بۆ خـــوا و ئـــایین و خەڵکی هەژار و دامـــاوی میللەت بـــوویانە بـــارزانی هەمـــوو ئەوانەی تێدایە."[٧٤] هەروەهـــا، ئەبـــولـــحەسەنی تەفـــرەشیان، مەلا مســـتەفـــا وەک "پێغەمـــبەرێک لە نـــاو پێڕەوانیدا" وەســـف دەکات، کەسێ کە خۆی بە خـــاوەنی خۆی دەزانی، و خۆی بە خـــزمەتکاری هیچ هێز و حکومتێکیش نەدەزانی.[٧٥]

## دابەزینی سیاسەتی مەعنەوی

لە دوایین دەیەکانی سەتەی بیستەوە و پـــاش مەلا مســـتەفـــا بـــارزانی، زاڵیەتی سیاسەتی مەعنەوی بەتایبەت لە ئاستی سەرکردایەتیدا ڕووی لە کزی کرد. هەڵبەت ئەم ڕەوتی کزبوونەوە لە ئـــاستی هێز و پێکهاتەی پێکهێنەردا لە مێژ بـــوو دەســـتی پێکردبـــوو، بە جۆرێ کە هێزی شێخ، دەروێش، سۆفی، مەلا و فەقێ و پیاوانی ئیمانـــداری ئـــاســـایی کە زۆربەی هێزی شۆڕشی شێخەکانیان پێکدەهێنا گۆڕدرا بە ئەندامانی حێزب و چالاکانی سیاسی کە بەرەبەرە زۆرینەیان بەرەو کەسـانی نـائـاییـنی دەڕۆشتن. بنکەی شۆڕش لە خـانەقـا و تەکیەو مـزگەوتەوە گۆڕدرا بە نووسینگەی حێزب. لە ناو ئەندامان و لایەنگرانی حێزبەکانیشدا ڕێژەی ئایینییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەبـــووەوە ئەگەرچی ڕەنـــگە هێشتا لە لایەنەکانی تـــر زیاتـــر بـــووبێتن. ڕادەی ئەو حێزبە

نەتەوەیی-ئایینییانەش کە ئایین زیاتر بنەمای مەعنەوییەتی بۆ چالاکی سیاسییان پێکهێناوە، بەرچــاو نەبــووە. سەیرێکی مێژووی سیاسی سەردەم بە چــاکی ڕەوتی ئەم نسکۆ و دابەزینە دەردەخات.

لە ناو حیزبە سەرەتاییە کوردیەکاندا مەعنەوییەت و دڵپاکی بنەمای کار و تێکۆشان بووە. بۆ وێنە هەر کەس ببوایە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک. دەبوو لە پێشدا دەسنوێژی بگرتایە و سێ جار دەستی بە قورئاندا بدایە و سوێندی بخواردایە کە خەیانەت بە نەتەوەی کورد نەکات. بە گوتەی مامۆستا هەژار ئاکار و ڕەوشت بەرزی ئەندامانی ژ. ک و لە خۆبوردوویی و یەکتر خۆشویستنیان وەک یارانی پێغەمبەر بوون.[٧٦] کۆمەڵە لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی (بۆ موسڵمانەکانیان و ناموسڵمانیش بەپێی ئایینی خۆیان)، کوردایەتی، شارستانییەت و ئاشتیخوازیی دامەزرا بوو. ئەگەرچی ئامانجی سەرەکی نەتەوەیی و بەدیهێنانی کوردستانی سەربەخۆ بوو بەڵام هەر دوو باری ئایینی و نەتەوەیی لە سیاسەتدا لەبەرچاو گرتبوو.[٧٧] دواتر کەمێتر ئاستەکە دابەزی گەرچی هەر زۆرینە ئایینی بوون. دەگێڕنەوە کە پاش ڕەشبگیریەکەی ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کۆتایی دەیەی سی هەتاویدا (١٣٣٨/١٩٥٩) لە بەندیخانەکانی ڕەژیمی شای ئێراندا زۆرینەیان بە کۆمەڵ نوێژیان دەکرد بەجۆرێ کە تەنیا نزیکەی شەش-حەوت کەسیان نوێژی نەدەکرد.[٧٨] ئەمە ببووە هۆی ورە بەرزی و خۆڕاگری زیاتریان. هەرچۆنێک بێت، بەرەبەرە ئەم دۆخە لە ناو حیزبی دێمۆکرات و بەتایبەت پاش قازی کاڵ و کاڵتر بووەوە.

لە نموونە دواییەکانی حیزبە نەتەوەیی-ئایینیەکان کە لە پێناو ئامانجی نەتەوەدا خەباتیان کردووە و دەکەونە بازنەی سیاسەتی مەعنەوەییەوە، دەکرێ بە حیزبی "ڕزگاری" و "ڕێکخراوی خەبات" لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی لە باشوور ئاماژە بکرێت. حیزبی "ڕزگاری" وەک نموونەیەکی تر لە خەباتی سیاسی شێخانی نەقشبەندی بوو لە ژێر سەرۆکایەتی شێخ مادێحی کوڕی شێخ عوسمانی نەقشبەندی کە بۆ ماوەیەکی کورت لە سەروبەندی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دامەزرا و چالاکی دەکرد و بڕێک هێزی چەکداری هەبوو کە دواتر زۆری پێنەچوو لەلایەن کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و حیزبی دێمۆکراتەوە چەک کران. ڕێکخراوی خەباتیش بە ڕێبەرایەتی کەسایەتی ئایینی کوردستان شێخ جەلال حوسێنی لە ١٩٨٠ دامەزرا و ئێستاش چالاکە. شێخ جەلال برای شێخ عێزەدین حوسێنی ڕێبەری ڕۆحی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتی دوو حیزبی سەرەکی دێمۆکرات و کۆمەڵە بوو. بۆ شێخ عێزەدین لە سیاسەتدا کوردایەتی لە پێشەوەی

مـوسڵمانێتی بـوو.[٧٩] ئەم دوو کەسـایەتییە ئـایینە لە ڕێبەرانی سیاسی خـاوەن مەعـنەوییەت و میراتـگرانی سیاسەتی مەعـنەوی قۆنـاخی پـاش بـارزانی بـوون. لە سەردەمی ئەمـانـدا ئەدی، سیاسەتی مەعــنەوی بەتــایبەت لە ئــاســتی هێز و پێکهاتەدا زاڵیەتی نەمــابــوو و بڕێک لە کەسـایەتییە ئـایینییەکانیش بە هۆی کەشـوهەوای شۆڕشی ئـایینی کە لە کۆتـاییەکانی سەتەی بیستەمدا پێکهات بەتایبەت شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بەرەو سیاسەتی ئایینی و ئایینی سیاسی ڕۆشتن.

## ئاکام و وتەی دوایی

وەک ئاماژە کرا مەعنەوییەت دەکرێ ئایینی یان نا-ئایینی بێت کە لە کوردستاندا جۆری ئایینی هەبـووە. لە هەمـوو شۆڕشەکان بە سەرکردایەتی پیاوە ئـایینییەکان و هەنـدێکی تـر لە شۆڕشە نـوێیەکان بە سەرکردایەتی کەسایەتییە نـائـایینیەکان زۆربەی بەشـداربـووان بـاوەڕیان بە خـوا واتە ئەو تــاقە سەرچــاوە نــامــادییە هەبــووە کە لە بەشی یەکەمــدا لەسەر مەعــنەوییەت و سیاسەتی مەعـنەوی بـاس کرا. هەروەهـا، ئـامـانجی سیاسەتی مەعـنەوی ئـازادی، فـرەچەشنی، بەرابەری نەتەوە و ئـایینەکان، لێبوردەیی و دادپەروەییە و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئەمـانە ئەرک و ئەخلاقە کە خەباتی کوردیش لەم پێناوەدا بووە. بوونی وەها سیاسەتێک لە ناو کورددا بـواری بۆ چـالاکی و خەبـاتی پێڕەوانی هەمـوو ئـایینەکان ڕەخـسانـدبـوو بە جۆرێ کە خەبـاتگێڕ و ڕێبەرانی سەر بە ئایینزا جیاوازەکان هەبوون و ورە و ڕۆحی خەبات و مەعنەوییەتی پـاڵپشتی خۆیان لە ئـایینی خۆیانەوە وەرگـرتـووە، بۆ وێنە شێخ ڕەزای دێرسیم کە لە بـاری ئـایینییەوە عەلەوی بـوو. لە قۆنـاخی زاڵیەتی سیاسەتی مەعـنەویدا و دواتـریش بۆ ئەوانەی ئەو ڕێبازەیان لەبەرگرتووە، ناسیۆنالیزم یان نەتەوەخوازیی هەوڵێکی ئەخلاقی بووە بۆ ڕزگاریی کوردستان. شێخانی تەرێقەتەکانی نەقشــبەنــدی و قــادری لە هۆزە جیاوازەکانەوە وەک نەهــرییەکان، بارزانییەکان، بەرزەنجیەکان و... بۆ ڕزگاری کورد لە تێکۆشان و خەباتدا بوون. ورەی مەعنەوی بە جۆرێک لە نەهرییەوە تا بارزانی خەباتی نەتەوەیی کوردی ڕێبەرایەتی دەکرد.

هەروەها لەلایەکی تریشەوە، شۆڕشە کوردییەکان بە سەرکردایەتی شێخ و مەلاکان پێوەندییان بە شۆڕشی ئــایینی و ئــایینی سیاسی بە واتــای ئەمڕۆکەیی نەبــووە و لە چەشنی سیاسەتی مەعـنەوی بـوون، تەنـانەت ئەگەر لە مێشکیشیانـدا پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی ئـایینی لە کوردسـتانـدا هەبـووبێت. لە سیاسەتی ئـایینی و بـازنەی ئـایینی سیاسیدا، بـزاڤە ئـایینییەکان ئـامــانجی پێکهێنانی حکوومەتی ئـایینی تـایبەتیان هەیە و ئـامــانجی ئـایینێکی تـایبەتیان

خســتووەتە پێش ئــامــانجی نەتەوەیی و خەڵک بە گشــتی. ئەمــانە هەڵگری بیری ئــازادی و پلورالیزم و ڕێزگرتن لە بیر و باوەڕەکانی تر نین. بۆیە، ئەگەرچی بە شێوەی سروشتی باوەڕی نـامـاددییان هەیە، لە چـوارچێوەی سیاسەتی مەعـنەویدا نـاگـونجێن. کەواتە تـا ئەم دواییانە و سەرهەڵدانی بزاڤی توندڕەوی ئیسلامی، لە کوردستانـدا خەباتی ئایینی نەبووە و پێویستیش نەبووە چۆن کێشەی سەرەکی پرسی نەتەوەیی بووە. تەنیا لە هێز و وزەی ئایینی لە خەباتدا کەڵک وەرگیراوە و گەشـبین و دڵخۆش بـوون بە هەنـدێ هێزی دەرهەســت و یارمەتی خــوا. تەنانەت شۆڕشەکەی مەلا خەلیلی مەنگوڕیش لە ١٣٠٧ی هەتاویدا کە زیاتر وەک دژکردەوەیەکی ئایینی ناودێر کراوە و سیاسەتێکی نەتەوەیی ئەوتۆی لە پشت نەبوو لە چوارچێوەی سیاسەتی ئایینیدا ناگونجێت و داخوازییەکەی ناوەڕۆکی کوردی هەبوو وەک پاراستنی جلوبەرگی کوردی کە لە باری ئایینیشەوە پەسەند کراوە.[٨٠]

هەرچۆنێک بێت، بە هۆی هەلــومەرجی جیاواز و زیاتــر نەریتی بــوونی کۆمەڵگا، لە سەردەمی خەبـاتی سیاسی پێش مۆدێرنـدا خەبـاتکارانی خـاوەن مەعـنەوییەتی نەریتیی، زۆرینە بـوون. بەڵام بەرەبەرە ئەم ڕەوتە لە قۆناخی مۆدێرندا بە لای سەرەتا سیاسەتی مەعنەوی سێکیولار و پـاشان سیاسەتی سێکیولاری پەتی و هەندێ جاریش دژە ئـایین شکایەوە. هەرچەنـد ڕەوتێکی سیاسەتی مەعــنەوی سێکیولار هەر مــاوەتەوە، بۆ وێنە هەنــدێ حیزبی نەتەوەیی-ئــایینی سەردەم کە خەبـاتییان ئایینی نەبووە. بە گشتی لە خەباتی کوردی هاوچەرخـدا، تـا سەردەمی کۆماری کوردستان سیاسەتی مەعنەوی زاڵ بووە، پـاشان مەعنەوییەت و سیاسەتی مەعنەوی ڕووی لە کزی کرد و دوایین نموونەکانی لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا مەلا موستەفا بارزانی و دواتر شێخ عێزەدین حسێنی بــوون کە لە پەنــای سیاسەتی سێکیولاردا بــوون؛ خەبــاتی زۆرینە سێکیولار لە جەستەدا بەڵام خـاوەن ڕێبەری ڕۆحی و مەعنەوی. هەروەها بەرە بەرە سیاسەتی ئایینی و بازنەی ئایینی سیاسی لە بەرانبەر هێز و حیزبە سێکیولارەکاندا گەشەی سەند.

لە کۆتـاییدا پێویستە بـگوترێت کە کۆمەڵگای کوردی هێشتا نەریتییە و ئــایین تەشەنەی زۆرە تێیدا و لەلایەکی تـریشەوە دابڕانی تـاکی کوردیش لە ئـایین بە شێوەی کتوپڕی و بێ ئــاگـایی پێویست و بە بێ دابینکردنی بـواری کەلەپـووریی شیاو، دواهـاتی کۆمەڵایەتی خـراپی بەدواوە دەبێت. بۆیە لە کوردســتانی ئەوڕۆکەشــدا سەرنجــدان بەم سیاسەتە بەپێی دۆخی هەر پـارچەیەک دەتـوانێت بەکەڵک بێت. بۆ وێنە لە باشووردا بۆ بەهێزترکردنی لێبوردەیی، ئاشتی، ڕێزگــرتــن لە یەکتر، دڵپاکی و دووری لە گەنــدەڵی و چــارەسەرکرنی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکرێ بەکار بهێنرێت. هەڵوێستێ کە هەم بەرگیری بکات لە چــوون بەرەو

تـونـدڕەویی و سیاسەتی ئـایینی و هەم هێزی دەروونی و ورەی تـاکی کورد بۆ بەدواداچـوونی ویستەکانی و ڕەوشــت بەرزیی ئەو بــپارێزێت. لە کوردســتانی ڕۆژهەڵات و بــاکووردا، لەگەڵ ئەوانەی سەرەوەش، بۆ نــاڕەزایەتی دەربڕین، بەرز ڕاگـــرتنی ورەی خەبـــات و تێکۆشـــان و لەخۆبوردوویی لە پێناو ئـامـانجە مرۆیی و نەتەوەییەکان و بەدواداچـوونی مـافی ڕەوای گەل دەکرێ بەکار بهێنرێت. لە ڕێگای مەعــنەوی کردنی سیاسەت، پیرۆزکردنی هێما نەتەوەییەکان و بەکارهێنانی هێما ئــایینییەکان، هەنـــگاوەکان چڕتـــر بکرێن و بەمجۆرەش بەرگیری بکرێت لە کەڵکی نـالەبـاری نەیارانی کورد لە ئـایین بۆ چەوسـانـدنەوەی، هەروەهـا کە بە درێژایی مێژوو کراوە. تـــرس لەم کردە سیاسییانەی ئـــایین و مەعـــنەوییەتە کە ئێستاش لە پـــارچە ئـازادنەکراوەکانی کوردســتانـدا، حکوومەتەکان زۆر دەتـرســن کە زانـایانی ئـایینی هەسـتی نەتەوەییان هەبێت و ببوێت. بۆیە بە توندی بۆ بەرگیری لەو دۆخە کار دەکەن. هەرچۆنێک بێت لەبەرگرتنی سیاسەتی فرەرەهەندی، پێویستی بە سەرنجدان بە سیاسەتی مەعنەویش دەبێت.

✦

## سەرچاوەکان:

١ ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە ڕێکەوتی ٠٣/١٠/٢٠١٦، لە ماڵپەڕی "میللەت پرێس" بەشی "کراوەیی ئیسلامی"، بە ناونیشانی خوارەوە بڵاو بووەتەوە:

http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=25287&T=

٢ Spiritual Politics

٣ "مـعنوی" پێوەنـدی بە وشەی "معنی" هەیە کە لە کوردیدا دەبێتە "واتـا" و لێرەدا بۆ جیاکردنەوەی "مـعنوی" لە وشەی پێوەنـدیداری "مـعنایی"(واتـایی) لە پـاشـگری "ئـاوی" کە لە کوردیدا بۆ پێکهێنانی ئـاوەڵناو بەکار دەهێنرێت، کەڵک وەرگیراوە و بە کورتی بـووەتە "واتاوی" بە واتەی: پێوەندیدار بە واتا، پڕواتا و واتادار، و واتاپێدان کە واتا دەدرێت بە لایەنی ناماددی لە بەرانبەر ماددیدا، واتایەک کە لە ڕێگای دڵەوە دەناسرێت.

٤ See: "Spiritual Politics", at: http://new-age-spirituality.com/wordpress/content/category/spiritual-politics

٥ Pierre Teilhard de Chardin

٦ See: "Finding a Spiritually Sound Political Stance", at: http://new-age-spirituality.com/wordpress/content/3016

٧ See: Corinne McLaughlin and Gordon Davidson, Spiritual Politics: Changing the world from the inside out, Findhorn Press, 1994.

٨ "Ageless wisdom to do spiritual readings of international and national events." Book Review by Frederic and Mary Ann Brussat, at: http://www.spiritualityandpractice.com/books/reviews/view/837

"[٩]Spiritual politics in Interview with Corinne McLaughlin", at: http://moonmagazine.org/corinne-mclaughlin-spiritual-politics-2014-01-04/

[١٠] Religious politics

[١١] Religious policy

[١٢] See: L. Ron Gardner, "The Spiritual Politics of Jesus", at: http://www.electricalspirituality.com/the-spiritual-politics-of-jesus/

[١٣] See: McLaughlin and Davidson, 1994.

[١٤] See: "Spiritual Politics", at: http://www.skynelson.com/blog/blog/spiritual-politics

[١٥] Joshua Delpech-Ramey and Paul A. Harris, Spiritual Politics after Deleuze: Introduction, SubStance #121, Vol. 39, no. 1, 2010.

[١٦] Atheological theophany

[١٧] Ramey and Harris, 2010.

[١٨] See: Ramey and Harris, 2010.

[١٩] نەریتی هێرمێتیک و میراتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هێرمێس تـــریسمەجســـداسی (Hermes Trismegistus) میسری کە بەڕای ئەو زانیاریی لەسەر جیهان دەتوانێ ماتۆڕی گۆڕانی مەعنەوی قووڵ، ڕۆشنگەری و ئازادی بێت. لەم نەریتەدا، ماددییەت و مەعنەوییەت بە قـووڵی دەبنە یەکێک، و ئەوەی کە ژیان بۆ خۆی ڕەوتێکە لە بەرهەمهێنانەوەی تیندریک (Theandric لە تیۆلۆژیدا، پێوەنـدیی هەیە بە یەکبوونی کردەوەی ئیلاهی و مـــرۆیی لە مەسیحدا، یان کارگێڕیی هـــاوبەشی ســـروشـــتی ئیلاهی و مـــرۆیی) کە تێیدا لە کردنەوە و دەرخســـتنێکی تـــاکەکەسی و جیهانی، لە مـــاوەیەکی گەشەسەنـــدنی و مێژووییدا، ســـروشـــتی ئیلاهی هەم دەدۆزرێتەوە و هەم بەرهەمدەهێنرێتەوە. بە واتایەکی تر، مرۆڤایەتی بە ئۆلوهییەتێکی سەرەوەی تاک، ناتاکەکەسی، گشتی و جیهانی، و هەرمانی دیاریی دەکرێت. ژیانی مرۆڤ وەک ڕەوتێکی ڕزگاری تیندریک دەبینرێت کە سروشتی ئۆلوهییەت لە ڕێگای دەرخستنی چارەنووسی مرۆڤ لە خـــولـــگەلی مێژویی جیهانیدا دەدۆزرێتەوە و بەرهەم دێت. بە کورتی، بیری هێرمێتیکی پرۆسەی ژیانی ســـروشـــتی لەگەڵ هێمایەک لە ئـولوهییەتی ئەم جیهانییە. لەم نەریتەدا جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان ئـاوەزمەنـدیی یان ژیریەتی (مەنتیقی) و مەعـنەویدا نییە؛ رامانە فەلـسەفییەکان وەکو هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتە بەرزەهەڵکەوتەکانی (ئیستیعلایی) هـــاوبەش لە نێوان بـــوارەکانی ســـروشـــتی و مەعنەویدا، دەبینرێن. نزیکەی هەموو بنەما ستانداردەکانی هەناوخوازیی ڕۆژئاوایی دەگەڕێتەوە بۆ وانەکانی هێرمیس. هەروەها کە مەسێحییەت و یەهوودییەت دەستیان کرد بە تێکەڵکردنی وانە و کردەوەکان، دیکەی ڕەوتە هزرییەکانی سەردەمی کۆتایی ئیمپراتوری ڕۆمیش، سەنتزێک لە نەریتەکانی ئاوەزی نزیکەو ڕۆژهەڵاتی و میسری لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانی باستانیان پەرەپێدا (بڕوانە: Ramey, 2012, p 3-4-26).

[٢٠] Joshua Ramey, The Hermetic Deleuze; Philosophy and Spiritual Ordeal, Duke University Press Durham and London 2012, p 2-6.

[٢١] Ramey, 2012, p 183-4.

[٢٢] Ibid., p 198-9.

[٢٣] Ibid., p 8.

[٢٤] Barbara A. McGraw and Jo Renee Formicola, Taking Religious Pluralism Seriously; Spiritual Politics on America's Sacred Ground, Waco, Texas USA, Baylor University Press, 2005, p. 5-7.

[٢٥] "ستاتی" یان لە هەندێ شوێنی کوردەواریدا "سیاتی" بە واتای "پەنجەرە"یە.

[٢٦] بەپێچەوانەی جیهانبینی ئایینی لە سەرەوە بۆ خوارەوە واتە جیهانبینی ئیلاهیياتی زنجیرەپلەیی کۆن لەسەر بنەمای تیۆری سیاسی نەریتی مەسێحی.

[٢٧] McGraw and Formicola, 2005, p. 9.

[٢٨] Jefferson and Madison

[٢٩] McGraw and Formicola, 2005, p. 11.

[٣٠] Beloved community

[٣١] Marty Jezer, "The Spiritual Politics of Martin Luther King", 2003, at: http://www.alternet.org/story/14960/the_spiritual_politics_of_martin_luther_king

[٣٢] See; Government, Politics and Spirituality, at: http://new-age-spirituality.com/wordpress/content/204

[٣٣] See: Sabah Mofidi (a), The Political functions of religion in contemporary India (Hinduism and Islam), New Delhi: Swastik Publications, 2015.

[٣٤] Shashank Sheakhar, "Gandhi's idea on spiritual politics", Hidayatullah National Law University, Raipur, Chattisgarh, 2013.

[٣٥] Tilak and Aurobindo Ghose

[36] Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State, The Social and Political Structures of Kurdistan, London and New Jersey: Zed Books, 1992, p. 205.

[37] کریس کوچرا، **چالش ملت کرد یا رؤیای شیفته استقلال**، ترجمه:عزیز ماملی، کردستان، سلیمانیه، چاپ دوم، ۲۰۰۸، ص ۱۵.

[38] کوچرا، ۲۰۰۸، ص. ۱۹.

[39] رابرت اولسن، **قیام شیخ سعید پیران (کردستان ۱۹۲۵)**، ترجمه: ابراهیم یونسی، انتشارات نگاه، تهران، چاپ اول، ۱۳۷۷، ص. ١٦.

[40] حوسێنی مەدەنی، **کوردستان و ستراتێژیی دەوڵەتان**، بەرگی یەکەم، ۱۳۷۹ی هەتاوی (۲۰۰۰ ز)، ل. ۱۵۵.

[41] محەمەد حەمە باقی، **شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (۱۸۸۰) لە بەڵگەنامەی قاجاری دا**، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ۲۰۰۰، ل. ۵۲-٤۹.

[42] اولسن، ۱۳۷۷، ص ۱۵.

[43] مەدەنی، ۲۰۰۰، ل. ۱۵۷.

[44] محەمەد حەمە باقی، ۲۰۰۰، لل. ٤۵-٤۷.

[45] Bruinessen, 1992, p. 250.

[46] محەمەد حەمە باقی، ۲۰۰۰، لل ٦-٥٤.

[47] هەر ئەوە، ل. ۱۰۲.

[48] هەر ئەوە، ل. ١٤.

[49] اولسن، ۱۳۷۷، ص. ۲۰.

[50] کوچرا، ۲۰۰۸، ص. ۱۸.

[51] جلال تقی، **مبارزه خلق کرد علیه استعمار انگلیس**، ترجمه: احمد محمدی، سنه (سنندج)، ۱۳۷٤، ص. ۱۹.

[52] سەبارەت بە ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کورد، بڕوانە: ئەبوبەکر عەلی، **ئیسلام و ناسیۆنالیسم**، چاپی هەولێر، ۲۰۰۰.

[53] کوچرا، ۲۰۰۸، ص. ۲۰.

[54] اولسن، ۱۳۷۷، صص. ۸۱ و ۱۹۲.

[55] محمد امین زکی، **تحقیقی درباره کرد و کردستان**، ترجمه و توضیح: حبیب الله تابانی، انتشارات آیدین، چاپ اول، ۱۳۷۷، ص. ۱۹۱.

[56] اولسن، ۱۳۷۷، ص. ۲۳۲-۲۳۱.

[57] Bruinessen, 1992, pp. 265 – 266.

[58] Ibid., pp. 281 – 282 & 285.

[59] Ibid., p. 298.

[60] Ibid., p.211.

[61] اولسن، ۱۳۷۷، صص. ١٦٤ و ١٦٦ – ١٦٧.

[62] Bruinessen, 1992, p 21.0.

[63] مەدەنی، ۲۰۰۰، ل. ۲٦٦.

[64] هەر ئەوە، ل. ۲۹۰.

[65] کوچرا، ص. ۲۱.

[66] مەدەنی، ۲۰۰۰، ل. ۲۹۱.

[67] بڕوانە: حوسێنی مەدەنی، **کوردستان و ستراتێژیی دەوڵەتان**، بەرگی دووەم، ۱۳۸۰ی هەتاوی (۲۰۰۱ ز)، ل. ۲۷۱.

[68] بەدرەدین ساڵح، **سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگای ئێراندا**، هەولێر: چاپی موکریانی، چاپی دووەم، ۲۰۰۱، ل. ۱۹.

[69] بەدرەدین ساڵح، ۲۰۰۱، ل. ۲٤.

[70] هەر ئەوە، لل. ۳۹ و ٤۲.

[71] هەر ئەوە، لل. ٤٤، ٤٥ و ٤٨.

[72] ئەبولحەسەن تەفرەشیان، نەجەف قولی پەسیان و مورتەزا زەربەخت، **بارزانی: لە مەهابادەوە بۆ ئاراس**، وەرگێڕانی: شەوکەت شێخ یەزدین، هەولێر، چاپی ئاراس، ۲۰۰۱، ل. ۱٤۲.

[73] مەدەنی، ۲۰۰۰، لل. ۳۸٤-۳۹٤.

[74] بەدرەدین ساڵح، ۲۰۰۱، ل. ۲۳.

[75] تەفرەشیان، ۲۰۰۱، ل. ۲۸۱.

[76] مەدەنی، ۲۰۰۱، ل. ۱۹۸.

[77] هەر ئەوە، ل. ۲۰۰.

[78] نووسەر ئەمەی لە کەسی سێهەمەوە بەپێی بیرەوەرییەکانی مامۆستا محەمەدی ئیمامی کە خۆی لەو بەندکراوانە بووە، بیستووە.

[79] See: Sabah Mofidi (b), "Religion and Politics in Eastern Kurdistan (With a Focus on Maktab Qur'an During Iranian Revolution, 1979)", Journal of Politics and Law, Vol. 8, No. 3, September 2015.

[80] سەبارەت بە شۆڕشی مەلا خەلیل بڕوانە: مەدەنی، ۲۰۰۱، ل. ۱۳۸.

# ئایین و سیاسەت لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماری کوردستاندا[1]

دەرەتانی خولقاو لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، دۆخی ئاڵۆزی ئێران و تێکچوونی دەسەڵاتی ملهوڕانەی ڕەزا شا و دوورخستنەوەی لەلایەن هاوپەیمانانەوە و دابەشبوونی ئێران بە دوو بەشی ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەت و بەریتانیا، ئەو هەلەی ڕەخساند کە لە ئێرانی ئەو کاتەدا نیوەدێمۆکراسییەک و هەندێ ئازادیی سیاسی و دەرەتانێک بۆ هەناسەدانێکی نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتە بخولقێت و دۆخێکی لەبار پێکبێت کە نەتەوەی کوردیش تێیدا ئاواتەکانی بەدواداچوون بکات. بۆیە بزووتنەوەی کوردی وەخۆکەوت تاکو حکوومەتی تایبەتی خۆی پێکبهێنێت. دیارە ئەم حکوومەتە بەپێی هەلومەرج لە باری جوگرافیاییەوە کەوتبووە نێو بازنەی دەسەڵاتی سۆڤییەتەوە و سیاسەتەکانی ئەو دەمەی سۆڤییەت زیاتر بۆ ڕاگەیاندنی ئەو حکوومەتە یارمەتیدەر بووە و بۆ ماوەیەکی کورت دەرەتانی شیاوی ڕەخساندبوو. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە پێوەندیی ئایین و سیاسەت لە کۆماری کوردستاندا لە نێو بازنەی سۆڤییەت وەک وڵاتێکی کۆمونیست، بەپێچەوانەی بەریتانیا وەک وڵاتێکی سێکیولار، چۆن بووە؟ لەم وتارەدا پاش ڕوانینێکی کورت بەسەر چەمکی سێکیولاریزمدا، بە ئاوردانەوەیەک بە سەر پێوەندیی ئایین و سیاسەت لە کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستاندا هەوڵ دەدرێت شێوازی ئەو پێوەندییە ڕوون بکرێتەوە.

## سێکیولاریزم: جیایی "دەوڵەت و ئایین" نەک "ئایین و سیاسەت"

نە لە باری تیۆریکەوە و نە لە باری کردەوەییەوە سیاسەت و ئایین بە تەواوی لێکتر جیا نەکراونەتەوە. لە باری تیۆرییەوە دەکرێ ئاماژە بە بیروڕای "ژاکۆب توب" بکرێت کە لەسەر

پێوەندیی نێوان ئیلاهییات (تیۆلۆژی) و تیۆری سیاسی و پێش گریمانەی ئیلاهیياتی بۆ تیۆری سیاسی و ئەوەی کە ئیلاهییات سەرەتــا بە شێوەی بــابەتێکی پێوەنــدیدار بە تیۆری سیاسی سەریهەڵدا، بــاس دەکات. لە روانــگەی ئەوەوە، پێوەنــدیی ئیلاهییات لەگەڵ تیۆری سیاسی شــتێکی لاوەکی نییە و لەڕاســتیدا ئیلاهییات بە دوور لە گۆڕەپــانی کۆمەڵگا لە ئــارادا نییە، تەنــانەت ئەوەی کە داواکاریی ئەوەی هەیە کە بەتەواوی نــاسیاسییە، دەکرێ هۆی سیاسی هەبێت. هەروەهــا کە هیچ ئیلاهیياتێک بە بێ هۆی سیاسی لە ئــارادا نییە، هیچ تیۆرێکی سیاسیش بە بێ پێش گریمانەی ئیلاهیياتی لە ئارادا نییە.[٢] لە باری کردەوەییشەوە تا مرۆڤێکی ئـایینی لە کۆمەڵگادا هەبێت، ئێستا بۆ پـاراسـتنی مـافی ئەو یان بۆ بەدەسـتهێنانی دەنگی، ئەو دووانە لێکتر جیا نـاکرێنەوە. بەڵام ئـایین و دەوڵەت وەک دامەزراوە دەتـوانـن تـاڕادەیەکی زۆر جیا بــن و دەوڵەت وەک دامەزراوەی بێ لایەن لە کۆمەڵگادا خــزمەت بکات و بە شێوەی دادپەروەرانە لە نێوان گـروپە کۆمەڵایەتییەکانـدا هەڵسوکەوت بکات و کاروبـاری هەڵسووڕانی وڵات تێپەڕێنێت.

هەر لەو ئاڕاستەیەشدا بوو کە لە باری سیاسییەوە کێشەی ئایینی و ناکۆکی و شەڕی ئایینی وایکرد کە وڵاتــانی رۆژئــاوایی بڕیار بــدەن کاروبــاری سیاسی خۆیان بــدەنە دەســت دامەزراوەیەکی بێ لایەن (دەوڵەت) کە مــافی هەمــووان بــپارێزێت و کەلەپــوورێک گەشە بسـتێنێت کە هەمـوو تـاک و گـروپە ئـایینییەکان رێزیان لێ بگیردرێت و رێز لە یەکتر بـگرن. دەوڵەتی سێکیولار وەک دامەزراوەی بێ لایەن و پــارێزەری بــنەمــاکانی ئــازادی، بەرابەری و دادپەروەریی و بــرایەتی رەچــاو کراوە. سێکیولاریزمیش، ئــایدۆلۆژیای ئەو رەوتە و بڕوا بەو بـنەمـایانەیە. هەر بۆیە بە واتـای دژایەتی لەگەڵ ئـایین بە گشـتی نیە. هەرچۆنێک بێت، بـوونی خەڵکی ئـایینی و ئـایین وەک بەشێک لە کەلەپـوور و ئـازادیی ئـایینی بـووەتە هۆی ئەوەی کە لە هەندێ بواردا سیاسەت و ئایین تێکەڵییان هەبێت و دەوڵەت و سیاسەتوانانیش سەرنجی ئەم لایەنەی کۆمەڵگا بدەن.

کەواتە، دەوڵەتێ کە لە دژی ئایین بێت، ناکەوێتە نێو بازنەی دەوڵەتانی سێکیولارەوە. سیاسەت و ئــایینیش لێکتر جیا نــاکرێنەوە و ئەوەی پێویستی بە جیابــوونەوەیە "دەوڵەت و ئــایینە"، ئەویش بە شێوەی دامەزراوەیی نەک لە هەمـوو بـوارێکەوە چۆن خـودی دەوڵەت وەک بەشێک لە سیاسەت بۆ کاروبـاری خـزمەتـگوزاریی سەروکاری لەگەڵ گـروپە ئـایینییەکان دەبێت. بۆیە هەنــدێ لە وڵاتە کۆمــونیستەکان، سێکیولار نەبــوون و دژە ئــایین بــوون، بە هۆی ئەوەی کە

بەپێچەوانەی وڵاتانی سێکیولار بڕوایان بە هەندێک لە ئازادییەکان (لەوانە ئازادی ئایینی) وەک کۆڵەکەیەکی دیمۆکراسی لە پەنای بەرابەری و دادپەروەریدا، نەبووە.[٣]

## سۆڤییەتی کۆمونیست و کوردستانی سێکیولار

وەک ئـامـاژە کرا بەپێی زۆربەی پێناسەکانی دیمۆکراسی و سێکیولاریزم، لەڕاسـتیدا وڵاتـانی کۆمـونیست، لەوانە سۆڤییەتی پێشوو کە خـاوەن حکوومەتێکی کۆمـونیستی بـوو، نە دیمۆکراتیکن و نە سێکیولار، لەبەر ئەوەی کە ئـازادی وەک یەکێک لە بـنەمـاکانی بەدیهاتنی ئەو چەمکانە لەو وڵاتـانەدا نییە و بەرابەریش کورت کراوەتەوە سەر ئـابـوورییەکەی کە ئەویش لە زۆربەیانـدا بەرەو بەرابەری لە هەژاریدا ڕۆشتووە. بە گشتی لە باری سیاسییەوە چۆن وڵاتـانی کۆمونیست بڕوایان بە ئازادی حیزب و گروپە سیاسییەکانی تر بێجگە حیزبی کۆمۆنیست نییە، دیمۆکراتیک نین و لە باری پێوەندیی ئایین و سیاسەتیشەوە چۆن ئازادی ئایینی نییە و زیاتر لە دژی ئایینن، سێکیولار نین.

بەڵام ئەم دۆخەی سۆڤییەت لەسەر کۆمـاری کوردسـتان کاریگەریی نەبـوو و حکوومەتی کوردسـتان بەپێچەوانەوە حکوومەتێکی کۆمـونیستی نەبـوو. ڕێبەرانی کورد و کۆمـاری کوردسـتان تەنیا لە هەلـومەرجی سیاسی پێکهاتـوو کەڵکیان وەرگـرت و پێوەنـدییان لەگەڵ سۆڤییەت، پێوەنـدییەکی سیاسی بـوو. لەمـبارەوە غەنی بـلوورییان لە سەرکردەکانی پێشووی حیزبی دیمۆکرات دەڵێت: "کۆمەڵەی ژ.ک حیزبێکی سەربەخۆ بـوو، و بە ڕاسـتی زانیبووی بۆ بە ئـامـانج گەیانـدنی نەتەوەی کورد پێویستە دەست بۆ هەمـوو دەوڵەتێک ڕاکێشێ کە ئـامـادە بێ یارمەتی بە نەتەوەی کورد بکا، بەڵام چونکە ئەو کات بیری چەپ بە سەر ڕەوتی ژیانی سیاسیدا زاڵ بـووە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە لە تەنـگژەی ئەوەدا بـوو کە نـابێ جیا لە سۆڤییەت نـامە بۆ شوێنێکی تر بنووسێ و تەنانەت پێوەندیی ژ.ک لەگەڵ ئینگلیزییەکان بوو بە هۆی دڵگیربوونی رووسەکان و بە دوای ئەو ڕووداوەدا لە قـازییان گێڕاوە بچێتە تەورێز و چـاوی بە کۆنـسولی رووس بکەوێ، کە قازی چوو".[٤]

چالاکان و ڕێبەرانی سیاسی ئەو کاتی کوردستانیش هەم خۆیان زۆربەیان دژە ئایین نەبوون و نەتەوەخواز بوون و هەم بە باشیش کۆمەڵگای نەریتی خۆیان ناسیبوو و دەیانزانی کە ناکرێ لە دژی ئایین ڕاوەستن. هەر بۆیە حکوومتی کوردستان، حکوومەتێکی سێکیولار و بە ڕێبەرایەتی پیاوانی ئـایینی و لەسەر بـنەمـای سیاسەتی مەعـنەوی (واتـاوی) و سێکیولاریزم بـوو و ڕێزی لە

ئـایین و ئـازادیی ئـایینی دەگـرت و ئەمەش لە کردەوەدا دیار بـووە، هەرچەنـد حکوومەتێکی ئایینی نەبوو.

## ئایین و کردەوەی سیاسی لە کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماردا

هەروەهـــا کە زۆرینەی ڕێبەرانی کوردی ئەو دەم پیاوانی ئـــایینی و ئـــایینداراني خـــاوەن مەعـنەوییەتی (واتـاوییەتی) تـایبەت بـوون، مەعـنەوییەتی ئـایینی ڕەنـگدانەوەی تـایبەتی لە کردەوەی سیاسییانـدا هەبـوو و وەک سیاسەتـوانـانێ کە بە بـاشی کۆمەڵگای نەریتی خۆیان دەناسی و دەیانزانی کە ئایین تەشەنەی زۆری تێدایە، ڕەچاوی لایەنی ئایینی کۆمەڵگایان دەکرد و ڕێز و حـورمەتی ئـایینیان ڕادەگـرت. لە پەنـای عەبـدوڕڕەحـمان زەبێحی و کەسـانی تـردا، پیاوانێکی ئـــایینی وەک مەلا عەبـــدوڵڵا داوودی و مەلا عەبـــدولـــقادری مـــودەڕڕسی لە نـــاو دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی "ژ.ک"دا بوون کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دا دامەزرا و دواتریش کەسانی تری ئـایینی وەک قـازی مـحەمەد دەچـنە ڕیزیانەوە. ئەنـدامـانی ژ.ک کاتێک دەبـوون بە ئەنـدام بە قـورئـان سـوێند دەدران. مەلا عەبـدوڵڵای داوودی بەرپـرسیاری یەکێک لە دوو قـوتـابـخانە سەرەتاییەکانی کوردی بە ناوی "گەلاوێژ" بوو (ئەوی تریان "ئازادی" بووە) کە لە دوایین ساڵی تێکۆشانی کۆمەڵە و هەروەها لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا بە نیوە-نهێنی و شەوانە لە مەهاباد بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی چالاک بووە.[٥]

بـوونی ئەم کەسـایەتییە ئـایینیانە کاریگەریی لەسەر چـالاکی سیاسی ئەودەم هەبـوو. بۆ وێنە هەر لەم پێوەنـــدییەدا غەنی بـــلورییان لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە کە کاتی چـــوون بۆ نەغەدە و شنۆ بە مەبەستی پیشاندانی شانۆی "دایکی نیشتمان" لەو شارانەدا، قازی مـحەمەد بەو شێوەیە ئـامۆژگـاری کردوون: "شنۆ شـارێکی ئـایینییە. چـونکە ئێوە بەڕاسـتی نـوێنەری کۆمەڵەی "ژ.ک"ن دەبێ بـاش خۆ بـنوێنن. دەبێ ئـاکار و هەڵسوکەوتی نەجیبانەتـان هەبێ و سەرنجی خەڵک بۆ لای خەبـــاتی کۆمەڵە ڕاکێشن. بەیانـــان و کاتی تـــریش دەبێ بـــچن لە مـزگەوتەکان لە ڕیزی خەڵکدا ڕاوەسـتن و نـوێژی بەکۆمەڵ بکەن. ئەوە دەتـوانێ خۆشەویستی ئێوە لە نێو خەڵکدا پـتر بکات و دەبێ نـموونە بـن و ئـاکاری جـوان لە خۆ پیشان بـدەن".[٦] ئەم شێوە هەڵسوکەوتە کاریگەریی کۆمەڵایەتی زۆری هەبـوو، وەک مـام غەنی دەڵێت کە "بۆمـان دەرکەوت، ئامۆژگارییەکانی قازی محەمەد بە تەواوی دروست بوون. چوونی ئێمە بۆ مزگەوت و نـوێژکردنـمان شـوێنی لەسەر بیروڕای خەڵک دانـابـوو. ئەمـجارە لەگەڵمان دلۆڤان و ڕووخۆش بـوون و کاتێک شـانۆی دایکی نیشتمانـمان پێشکەش کرد، پێشوازییان لێکرد".[٧] دواتـریش لە

سەردەمی کۆمـاردا شێوازی وتەبێژیی قـازی لەو شـارە ئـایینی تـر دەبێت بەجۆرێ کە لە ٢٧ی ئـاپـریلی ١٩٤٦ دا لە وتـارەکەی لەو شـارەدا دەڵێت: ئەو کەسـانەی کە هیوایان بە ڕەحـمەتی خـوا نەمـابـوو و دەیانـگوت ئـازادیی کوردسـتان لە عەقڵ بە دوورە، چـاویان هەڵێنن لەسەر بـانە بەرزەکانی کوردستان ئـاڵای مەزنـایەتی و شەرافەتی نەتەوی کورد سەیر بکەن و ئیمانی خۆیان بە فەرمایشتی خوا و پێغەمبەری خوا (د.) قایم کەن کە دەفەرموون: موسڵمان لە ڕێگای ئێمەدا هەوڵ بـدات، ئێمە سەری دەخەین... بـرایانی خۆشەویست! لە هەمـوو شـتێک پێویستتر لە نـاو نەتەوەی کورددا پـاراسـتنی ئـایینی ئیسلامە، هەر مـوسڵمانێک پـاراسـتنی ئـایینی لە بیردا نەبێ، خـــوای گەورە سەری نـــاخـــات. پێویستە نەتەوەی کورد بەوپەڕی دڵگەرمی بۆ پێشکەوتنی کاروباری ئایینی هەوڵ و تێکۆشانی هەبێت، هەتا خوای گەورە بە تەواوی واتا سەرکەوتوومان بفەرمویت.[٨]

ڕەنــگدانەوەی ئــایینیش لە خــودی شــانۆی دایکی نیشتمانــدا دەردەکەوێت بە جۆرێ کە بەو هۆنراوەی "حاجی قادری کۆیە" لە هەڵاچوون بە خوادا دەست پێ دەکات و بەو جۆرە چالاکان و دارێژەرانی شــانۆکە ویستوویانە کە بــنەمــای ئــایینی و واتــاوی (مەعــنەوی) بۆ ویست و داخوازەکانیان پیشان بدەن:

ئەی بێنەزیر و هەمتا هەر تۆی کە بەرقەراری / بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری ...

ئێستێکە بۆیە "حاجی" مەدحت دەکا بە کوردی / تاکەس نەڵێ: بە کوردی نەکراوە مەدحی باری

ئەمە نـموونەیەکی شیاو لە شێوازی هەڵسوکەوتی ڕێبەرانی سیاسی لەگەڵ ئـایین و پیشانـدەری پێگەیشتوویی سیاسی و تێگەیشتن لە کۆمەڵگا بــووە، شـــتێ کە لە هەنـــدێ لایەنی سیاسی بزووتنەوەی دواتری کوردستاندا نەبینرا و بە ئاکاری نەشیاویان جۆرێ قەڵشتی کۆمەڵایەتییان پێکهێنا کە نەیارانی گەل کەڵکیان لێوەرگرت.

## دەرکەوتنی ئایین لە ڕاگەیندراو و چاپەمەنییەکاندا

ئـایین لە ڕاگەیندراو و چـاپەمەنییەکانی حێزبەکانی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا هەر لە سەرەتـاوە ڕەنگدانەوەی هەبووە. جگە لە "حێزبی ئازادیخوازی کورد"[٩] کە بەڵگەیەکی وەهای لە بەردەست نییە، لەم بــوارەوە دەکرێ بە مەرامـــنامەی دووەمین ڕێکخراوی ڕامیاریی نـــوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان واتە کۆمەڵەی "ژ.ک" ئــامــاژە بکرێت. مەرامــنامەکە وێڕای ئەوەی کە

مەرامی کۆمەڵە بە دێمۆکراسی دەزانێت، لە خاڵی یەک و حەوتدا بە شێوەی خوارەوە ئاماژە بە ئایین دەکات:

١. کۆمەڵەی ژ.ک لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، شارستانییەت، ئاشتی و ئاشتیخوازیی دانراوە و هەموو یاسا و ڕێساکانی لەگەڵ شەرێعەتی ئیسلام جۆر دەکرێت و ئینجا ئەخرێتە کار.

٧. بە بۆنەی موسڵمانبوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد، کۆمەڵە لە کوردستاندا تەنیا ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە فەرمی دەناسێ و بۆ برەودانی شەرێعەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێگەیشتی هەموو ڕێوشوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشێ و دەگەڵ دووڕووان بە توندی بەربەرەکانێ دەکات.[10]

لەم دوو خاڵەدا کۆمەڵە وێرای گرنگیدان بە شارستانییەت و ئاشتەوایی، ویستوویە کە پێبەندبوونی بە ئیسلام بنوێنێت. ئەمە ڕەنگە لە پلەی یەکەمدا ناکۆکی تێدا ببینرێت بەڵام لە کردەوەدا وانەبوون و گرنگیدان بە ئایینی ئیسلام بە واتای نەبوونی باوەڕیان بە ئازادی ئایینەکانی تر نەبووە وەک چۆن خۆیان دەربڕی دەکەن کە بەشێکی کورد موسڵمان نین و بیر و چوارچێوەی کاریان کوردایەتییەکی تۆخ بووە. بەڵام بۆ ڕەچاوکردنی کۆمەڵگا و ئەوەی کە بە هۆی کەش و هەوای زاڵی سیاسی ئەو دەم لە ژێر ناوی ئیسلامدا دژایەتییان نەکرێت و حکوومەت و نەیاران لەوە کەڵکی نالەبار وەرنەگرن، ئەو جەختەیان کردووە و دواتر پاش گۆڕانی ناو بۆ حیزبی دێمۆکرات، ئەم ناکۆکییانە چارەسەر دەکرێت. بۆ وێنە هەر لەم پێوەندییەدا، دەکرێ بە هەندێ دژکردەوە لە کاتی بڵاوبوونەوەی چاپەمەنییەکانی کۆمەڵەدا ئاماژە بکرێت هەرچەند ئایین وەک چۆن لە مەرامیاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر چاپەمەنییەکانیشیان هەیبووە. لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ.ک دەکرێ بە گۆڤاری "نیشتمان" ئاماژە بکرێت. کاتی بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەمی نیشتمان هێندێ کەس کۆمەڵە بە کۆمونیست و لە ئایین وەرگەڕاو تۆمەتبار دەکەن و ئەوانیش لە ڕاگەیندراوێکدا کە لە ژێر سەردێڕی "بە ناوی یەزدانی گەورە و بەرزی بێ هاوتا" دەست پێ دەکات، وەڵامیان دەدەنەوە و نکۆڵی لەو شتە دەکەن.[11] لەسەر ئەم ڕۆژنامە ناوی "ئەڵڵا" لەسەرەوەی هێمای J.K و دروشمی "بژی کورد و کوردستانی گەورە" و وشەی "نیشتمان" دانراوە. هەروەها لە شوێنێکی تردا لەسەر هێمای J.K ئایەتی پیرۆزی قورئان "و من یتوکل علی الله فهو حسبه" نووسراوە.


لە نووسراوە و چاپەمەنییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانیشدا ڕێز لە ئایین و بیروڕای ئایینی بە باشی دەردەکەوێت. بۆ وێنە هەر لە سەرەتاوە ڕاگەیندراوی تایبەت


بە راگەیاندنی حیزبی دیمۆکرات و بەرنامەکەی بە ناوی "بسم الله الرحمن الرحیم" دەست پێ دەکات.[١٢] لە حیزبی دیمۆکراتــدا زیاتــر لایەنی دیمۆکراسی و سێکیولاریزم رەچــاو کرا و لاوازییەکانی کۆمەڵەی ژ.ک لەم پێوەندییەدا چارەسەر کرا بەجۆرێ کە لە یەکەمین مەرامنامەی حیزبی دیمۆکراتدا کە بریتی بووە لە ٢٢ خاڵ زیاتر سەرنجی ئەم لایەنە دراوە. بۆ وێنە لە پاژی یەکەمدا دەڵێ حیزب لەسەر ئەم بنەمایانەیە: "هەقیقەت، دادپەروەریی و شارستانییەت." لە پــاژی دووەمــدا دەڵێ: "... ئەبێ لەسەر بنچینەی دیمۆکراسی، قــازانــجەکانی کۆمەڵانی خەڵک رەچاو بکرێ، ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازیی نەتەوەیی، قەومی و ئایینی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شــوورای میللی مــافی وەکوویەکیان هەبێت." و لە پــاژی سێ و لە خــاڵی دوانــزەدا دەڵێ: "حیزب بە بێ جیاوازی نەتەوایەتی و قەومی و ئــایینی پــاڵپشتی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کەلەپووریی و لەشساغی هەموو زەحمەتکێشان ئەکا کە لە کوردستان ئەژین".[١٣] هەر لەم پێوەنــدییەدا دەکرێ ئــامــاژە بە گــرنــگترین بڵاوکراوەی سەردەمی کۆمــار واتە رۆژنــامەی "کوردســــتان" بکرێت. لە سەرەتــاوە، لە سەر ئەم رۆژنــامەیەشــدا و لەسەرەوەی وشەی "کوردســتان" دەنــووســرا "بە نێوی خــودای بەرز و بێ هــاوتــا" و هەروەهــا هەنــدێ نــووسەری ئــایینیش تێیدا دەیانــنووسی و هەنــدێ بــابەتی ئــایینی پەتی یان پێوەنــدیدار بە مــافی نەتەوەییشی لەبەر دەگرت.

## ئایین و رێوڕەسمی راگەیاندنی کۆماری کوردستان

لە رێوڕەســمەکانی ئەو سەردەمەدا لایەنی ئــایینی تەشــریفات بە رێکوپێکی و جــوانی و بۆ پــتەوکردنی بەڵێندارێتی و ئەمەگــناسی رەچــاو دەکران. بۆ وێنە دەکرێ ئــامــاژە بە بۆنە و رێوڕەسمی راگەیانــدنی کۆمــار بکرێت. لەو رۆژەدا قــازی لەگەڵ پیاوانی ئــایینی وەک حــاجی باباشێخ و چەند شێخ و مەلای مەزن لە مەحکەمەوە دەردەکەون و بەرەو گۆڕەپانی چوارچرا دەچــن و لەوێ بە ئەنــدامــانی کۆمیتەی نــاوەنــدیی حیزبی دیمۆکرات رادەگەیەنێت کە "بــچن قــورئــان و نەخــشەی کوردســتانی گەورە و ئــاڵای کوردســتان بێنن." لێژنەیەک لەوانیش بەرەو نـاوەندـیی حیزب دەچن ـ و قوـرئاـنی پیرۆز لەگەڵ ئاـڵا و نەخشــە دێنن و لەسەر دەستــی مەلا حوسێنی شکاک دایدەنن. قازی محەمەد سەرپۆش لەسەریان لادەبات و داب و نەریتی سوێند خــواردن بەجێ دەهێنێت: "ئەمــن بە خــوا، بە وتــراوەی مەزنی خــوا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی گەلی کورد، بە ئــاڵای پیرۆزی کوردستان سوێند دەخۆم، کە تــا دوایین هەنــاسەی ژیانم و رژانی دوایین تنۆکی خــوێنم بە گیان و مــاڵ لە رێی راگــرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئــاڵای

کوردستاندا تێکۆشم و...."[١٤] بەم شێوازە قازی بە مەندیلی سپی مەلایەتی و دادوەرییەوە، کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و نە تەنیا لە بەرگی ئاییندا بە گژی نەتەوەدا نەچووەوە بەڵکو گەورەترین خزمەتی کرد و زۆرترین نرخ و تێچووی بۆ دا. هەروەها پێش وتارەکەی قازی محەمەد وەک سەرۆک کۆماری کوردستان، مەلا حوسێنی مەجدی، دابونەریتی دوعا و پاڕانەوەی ئایینی بەجێ دەهێنێت.












## ئاکام: کۆماری کوردستان، دەوڵەتێکی سێکیولار دێمۆکراتیک

وێڕای ئەوەی کە حکوومەتی کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای مەعنەوییەت و سیاسەتی مەعنەوی بوو و زۆربەیان کەسانی ئیماندار بوون، لە باری سیاسییەوە دەوڵەتێکی سێکیولار و دێمۆکراتیک بوو. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەو دەمەی ناوچەکە بەتایبەت ئێران کە خاوەن سیستەمی سیاسی پاشایەتی و سەروەری تاکەکەسی و حکوومەتێکی دیکتاتۆری بوو و تەنیا هەندێ لایەنی دێمۆکراسی ئەویش بە شێوەی لاواز لەوێدا هەبوون، وەک هەڵبژاردنی پاڕلەمان کە ئەوەش خاوەن مێکانیزمی دێمۆکراتیک نەبوو، کوردستان خاوەن سیستەمی سیاسی کۆماریی و حکوومەتێکی دێمۆکراتیک بوو کە تێیدا بەهاکانی ئازدی، دادپەروەریی، ئاشتی و رێز لە یەکترگرتن دەبینران، بەڵام تەمەنی کورتی رێگەی نەدا کە گەلی کورد لە بەرەچەی کەڵک وەرگرن. لە چوارچێوەی حکوومەتدا رێز لە هەموو ئایین و ئایینزاکان دەگیردرا و گرنگایەتی دەدرا بە پێشکەوتنی زانست و پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیا. وەک زۆر نموونە لە دەوڵەتە سێکیولارەکان، لەڕاستیدا سیاسەت و ئایین وەک دوو بازنەی جیاواز نەبوون بەڵام دامەزراوەکانی "دەوڵەت و ئایین" لێکتر جیا بوون و دەوڵەت دامەزراوەیەکی بێ لایەن بوو بۆ رەچاوکردنی دادپەروەریی و بەرابەریی نێوان هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکان، و ئازادی بیروڕا و ئایین هەبوو. بۆیە لە خۆڕا نەگوتراوە کە قازی وەکو گاندی بووە و دەوڵەتەکشی دەوڵەتێکی سێکیولار دێمۆکراتیک.

✦

**سەرچاوەکان:**

---

١ ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە رێکەوتی ٠١/١٢/٢٠١٦، لە ماڵپەڕی "میللەت پرێس"، بەشی "کراوەیی ئیسلامی" بە ناونیشانی خوارەوە بڵاو بووەتەوە:
http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=28213&T=

٢ ژاکوب توب، "الهیات و نظریەی سیاسی"، ترجمەی: میلاد پشتیوان، ٢٥ اکتبر، ٢٠١٦. وەرگیراو لە: Problematicaa.com. کە وەرگێڕدراوی فارسی ئەم وتارەیە: Jacob Taubes (1955) “Theology and Political Theory”, Social Research, Vol. 22, No. 1, pp. 57–68.

٣ لەم بوارەوە و لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بەشەدا، بڕوانە بابەتی "ئایین لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا: تێگەیشتنێکی مامناوەند لە سێکیولاریزم"، هەر لەم پەرتووکەدا.

٤ غەنی بلوریان، **ئاڵە کۆک (بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم)**، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل. ٥٣.

٥ جەلیل گادانی، **٥٠ساڵ خەبات، کورتە مێژوویەکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، لل. ٢١–٢٠.

٦ بلوریان، ١٩٩٧، ل. ٤١.

[7] هەر ئەوە، ل. ٤٢.

[8] عومەر عەبدولعەزیز، **کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد**، هەولێر: نووسینگەی تەفسیر، ٢٠١٦، ل. ٢٢.

[9] "حێزبی ئازادیخوازی کورد یان کوردستان" لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٨ و ١٩٤٠دا پێکهاتبوو و چالاکی دەنواند و لەلایەن "عەزیزی زەندی" ناسراو بە "عەزیز ئەڵمانی" دامەزرابوو و دەگوترێت رەنگە لەگەڵ ئەڵمانییەکان کە ئەو دەم لە ئێراندا تەشەنەی زۆریان هەبووە پێوەندیی هەبووبێت، کە هەندێک رووناکبیر و شێخ و ئاغای ناوچەی موکریان بەرەو لای راکێشرابوون. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەم حێزبە لەو کاتەدا دەگیردرێن و بڕێکیان بۆ شارەکانی باشووری ئێران دوور دەخرێنەوە کە پاش روخانی حکوومەتی رەزاخان لە ١٩٤١ دا دەگەڕێنەوە کوردستان. عەزیز دواتریش لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک بووە (لەمبارەوە بڕواننە: مەدەنی، ٢٠٠١ و گادانی).

[10] حوسێن مەدەنی، **کوردستان و ستراتێژی دەوڵەتان**، بەرگی دووەم، ٢٠٠١، ل. ٢٠٠.

[11] مەدەنی، ٢٠٠١، ل. ٢٠٥.

[12] بڕواننە: محمود نادری، **حزب دمکرات کردستان ایران**، تهران: مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، ٢٠١٦، ص. ٥٥؛ و، رەفێق ساڵح و سدیق ساڵح، **رۆژنامەی کوردستان (مەهاباد ١٣٢٤–١٣٢٥ی هەتاوی)**، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧، ل. ٣٥١.

[13] گادانی، لل. ٢٨–٢٩.

[14] رۆژنامەی کوردستان، ١٩٤٦، ژمارە ١٣.

# کردەی سیاسی ئایین لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا

(بە تیشک خستنەسەر ڕەوتی مەکتەب قورئان)[1]

"تاکو ئازادی ڕەخنەگرتن لە ئارادا نەبێت، پێزانین و ڕێزگرتنێکی شیاویش ناتوانێ بوونی هەبێت." (بومارشە)

## پوختە:

بابەتی بەردەست کردەی رامیاریانەی (سیاسی) ئایین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەتاکانی شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێرانی لێکدەداتەوە کە تێیدا تەوەرێتی دراوە بە لێکدانەوەی "ڕەوتی مەکتەبی قورئان" وەکوو گرنگترین ڕەوتی ئیسلامخواز لەو ڕۆژەی کوردستاندا. لە پەنای ئەوەشدا هەڵوێست و ڕوانگەی حکوومەتی ناوەندیی، هەندێ لە گروپ و حێزبە سەرەکییەکانی کوردستان لە بەرانبەر ئاییندا پیشان دراوە. هەروەها هەوڵ دراوە ئارمانخوازیی ئیسلامی و ناکۆکی ئایدۆلۆژیکی نێوان ئایین و چەپ و ئاکامەکانی ئەوە و ئەو کاریگەریانەی کە لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەیانبووە، تاوتوێ بکرێن. دەسکەوتەکان پیشان دەدەن کە چ لایەنێک زۆرترین کەڵکی لە کردەی ئایین وەرگرتووە. کەواتە بەپێی ڕوانگە تیۆریکە جیاوازەکان سەبارەت بە ئایین و کردەی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئەوە، هەندێ بابەت وەک: کورتەیەک لە چالاکییە سەرەکییەکانی زانایانی ئایینی کوردستان، ئایین وەک ئامرازی سیاسی حکوومەتە ناوەندییەکان لە کوردستاندا، چەپی تۆخ و دژایەتی لەگەڵ ئایین، گروپە مامناوەندەکان و ڕاهاتن لەگەڵ ئایین، ڕەوتی مەکتەب و پێکهاتنی حکوومەتی ئیسلامی، ڕەوتی مەکتەب و

دژایەتی لەگەڵ چەپ، رەوتی مەکتەب و خەبــاتی چەکدارانە، رەوتی مەکتەب و حکوومەتی ناوەندیی، و پەڕاوێزکەوتی سیاسی مەکتەب لێکدراونەتەوە.

## پێشەکی

بە تێپەرینی کات، لەوڕووەوە کە مێژوو پڕ بــووە لە شەڕی خــوێناوی لە ژێر نــاوی ئــاییندا، لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا ئایین لە کردە نەریتییەکان و دەستێوەردان لە هەموو کاروبارەکاندا دوورکەوتەوە و پێویست بــوونی دامەزراوەیەکی بێلایەن وەک دەوڵەتی مۆدێرن زیاتــر دەرکەوت. بەڵام "ئـایینی سیاسی"، کە مەبەسـت لەوە ئەوەیە کە یاریزانـانی ئـایینی بەتەواوی دەچنە نـاو هەرێمی تـایبەت بە بـابەتە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان و دەستێوەردانیان دەبێت، لە جیهانی سێهەمــدا نەتەنیا لە نێو نەچــوو بەڵکو تەنــانەت وێدەچێت کە پێوەنــدەکانی لەگەڵ سیاسەت لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا زیاتــر بــووە. لە سەرەتــای دەیەی ١٩٧٠ بەمــلاوە بەردەوام هەنــدێ نــموونە لەم بــوارەدا هەبــووە، لەوانە دەکرێ بە رووداني شۆڕشی ئێران لە ١٩٧٩، پەرەسەندنی بازنەی خەباتە ئیسلامییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەربڵاوتر لەوە، دواهاتە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی گەشەی خێرای فیرقەکانی پرۆتێستانیزمی مەسێحی بەتــایبەت لە ئـافـریقا و ئەمـریکای لاتین ئـامـاژە بکرێت.[٢] هەرچەنـد دەکرێ لە زۆربەی ئەم جـووڵانەوانەی بـووژانـدنەوە وەک دژکردەوەی کاتیی نـاوبـرێت کە لە بەرانـبەر جـووڵەی هێور و خـزیان بەرەو پێشی سێکیولاریزمــدا نــاتــوانــن خۆڕاگــر بــن. بەوەشەوە یەکێک لەو بــوارانەی کە لە خـوێندنەوەکانی پێوەنـدیدار بە جیهانی سێهەم و بەتـایبەت کوردسـتان سەرنـج نەدراوە و هەر لەو کاتەشــدا لە بـاری شیکارییەوە زۆر بەقــازانــجە، روونکردنەوە و رێخەدۆزینەوەی پــرسی کاریگەریی ئــایین لەسەر بــابەتە سیاسییەکان، بەتــایبەت لە چــوارچێوەی پەرەسەنــدنی ئەم دواییانەی رەوتی دێمۆکراسییە. هەروەهــا، پێوەنــدیی ئـایین و نەتەوایەتی، یان بە واتــایەکی وردبینانەتـر پێوەنـدیی ئیسلام و نـاسیۆنـالیزم یەکێک لە گـرنـگترین و کۆنـترین بـاسەکانی بیری سیاسی رۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـتی سەردەم بـووە و وەهـا دێتە بەرچـاو کە هێشتا جێگەی خۆی لە بیری سیاسی جیهانی ئیسلامـدا راگـرێت. لەمـبارەوە پـرسی جۆراوجۆر وەک هەلی راهـاتـوویی ئەم دووانە، پێشترێتی یەکیان بەسەر ئەوی تردا و وەرگرتن و رەتکردنەوەی دوولایەنەی ئەوانە لە ئارادا هەبووە و هەیە.[٣]

لەم پێوەنــدییەدا، چۆنیەتی بەشــداریی سیاسی و رۆڵی هێزە ئــایینییەکان و لە پێشەوەی ئەوانەوە زانایانی ئایینی لە بزووتنەوە و راپەڕینەکانی کوردستان و لەو رێگایەوە پێوەندییان

لەگەڵ جیهانی سیاسەت وەها ئاڵۆزە کە هەندێ جار وەک پرسیارێک لەلایەن هەندێ کەس و لایەنی جیاوازەوە هاتووەتە ئاراوە و رۆڵی بەرچاوی ئەوان خراوەتە ژێر پرسیار، و هەندێ کاتیش بێ رەچاوکردنی مێژووی راپەڕینە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و بە روانگەیەک کە ئەوەندە راستبینانە نەبووە، تووشیاری دادوەریی جۆراوجۆر بوون. لەلایەکی ترەوە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەم توێژە لەگەڵ پرسی نەتەوەیی و روانینی دوولایەنە بۆ ئەم پرسە، بەپێچەوانەی روانگەی زانایانی ئایینی نەتەوەکانی تر بە گوێرەی نەتەوەی خۆیان و هەروەها دووری کردن لە سیاسەت و... قورسی روانگەی نەرێنی لەسەر رۆڵی زانایانی ئایینی زیاتر کردووە. لەڕاستیدا، بە گشتی "هەژاریی بیرگەی مێژوویی" لە بیروڕاکانی هەردوو تاقمی ئایینی و نائایینیدا دیارە.[٤]

لە مێژووی راپەڕینەکانی کوردستاندا، سەرکردایەتی شۆڕشە کۆنەکان زیاتر لە دەس پیاوانی گەورەی ئایینیدا بووە و لە راپەڕینە نوێیەکاندا بەتایبەت لە کوردستانی رۆژهەڵات هێزە سیاسییەکان لە کاتی راپەڕیندا (کاتی کۆماری کوردستان و هەروەها پاش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران) بە ناچار لە یارمەتی زانایانی ئایینی دوورەپەرێزییان نەکردووە. تەنانەت ئەو هێزانەی کە چوارچێوەی چالاکییەکانیان ئایینی نەبووە بە پاڵپشتی هێزی ئایینی، بوونی خۆیان راگەیاندووە و لەو رێگایەوە بۆ رەوابوون و شەرعییەتدان بە چالاکییەکان و دەسەڵاتی خۆیان و راکێشانی ئاپوورەی خەڵک بۆ گۆڕەپان هەوڵیان داوە. بۆ وێنە لە کاتی کۆماری کوردستاندا گەرچی بەپێی دۆخی ئەو دەم جیاوازییەکی ئەوتۆ بە واتای ئەوڕۆکە لە نێوان هێزە ئایینی و نائایینییەکاندا نەبوو بەڵام لە هەبوونی قازی محەمەد وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی–ئایینی کەڵک وەرگیرا و بە هاتنی ئەو چالاکی راشکاوانەی کۆمەڵەی ژ.ک و دواتر حیزبی دێمۆکرات دەسی پێ کرد. هەروەها لە شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێراندا، لە هەبوونی کەسایەتی شێخ عێزەدین حوسێنی وەک پێوەندیدەری هێزە جیاوازەکان کەڵک وەرگیرا. بەمانەشەوە بزووتنەوەی کورد نەیتوانیوە بە شێوەی کاریگەر لە هەبوونی هەستی پتەو، وەک پۆتانسییەلێک بە قازانجی پرسی کورد کەڵک وەرگرێت و ئەم هێزە زیاتر بە قازانجی دەسەڵاتە ناوەندییەکان رۆڵی گێڕاوە.[٥] وێنەی روونی وەها دۆخێک کردەوەی یاریزانانی سیاسی گۆڕەپانی کوردستان لە سەرەتاکانی شۆڕشی ١٩٧٩ واتە کاتێک بوو کە دەیتوانی بۆ چارەنووسی کوردستان زۆر گرنگ بێت.

لە ماوەی چەند مانگ پاش شۆڕش بێجگە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) کە رێکخراوی سیاسی سەرەکی لە کوردستاندا بوو، رێکخراوەکانی تریش لە گۆڕەپانی سیاسی

کوردسـتانـدا پەرە دەسـتێنن کە لە نێوان ئەوانەدا دەکرێ بە "کۆمەڵە" کە رێکخراوێکی مارکسیست-لێنینیستی لایەنگری رێبازی مائۆ بوو و لە ١٩٧٩ دا بە شێوەی فەرمی دامەزرا و لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا پەرەی سەند، حێزبی رزگاری، رەوتی مەکتەبی قورئان بە سەرکردایەتی مامۆستا ئەحمەدی موفتیزادە کە زیاتر لە پارێزگای سنەدا تەشەنەی هەبوو، لایەنگرانی رەوتی ئیخوان موسلمین، و هەروەها رێکخراوی ئێرانی فەدائیانی خەلق، حێزبی توودە و... ئاماژە بکرێت. لە پەنای ئەم رێکخراو و رەوتانەشدا پێویستە بە رۆڵی شێخ عێزەدین حوسێنی رێبەری نیشتمانی-ئایینی کوردستان کە بە جۆری بانتر لە حێزبەکان کاری دەکرد، ئاماژە بکرێت. لە نێوان ئەو یاریزانە کاریگەرانە لە کوردستاندا، ئەم نووسراوە بە پێی تەوەرێتی بابەت تیشکی خستووەتە سەر "رەوتی مەکتەبی قورئان".

لەم نووسراوەدا ئێمە بە دوای ئەوەوەین کە بزانین کردەی رامیارانەی ئایین لە کاتی رووداوەکانی کوردستان لە سەرەتاکانی شۆڕشی ١٩٧٩ چلۆن بووە؟ زاڵیەتی ئایدۆلۆژیکی ئایین، بە ئامراز بوونی، کەڵکوەرگرتنی سیاسی لە کردە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی چ کاریگەرییەکی لەسەر رووداوەکان هەبووە؟ و لە دواییدا، ئاخۆ ئایین هۆکاری تۆکمەیی بووە یان ناکۆکی و پرژوبڵاوی؟ ئەوەی بۆ ئێمە گرنگایەتی هەیە ئەوەیە کە بزانین گرووپە سیاسییەکان لە کۆمەڵگای خۆیان وەک کۆمەڵگایەکی نەریتی و هەروەها هەلومەرجی شوێن و کاتی خۆیان چ تێگەیشتنێکیان هەبووە و هەروەها کردەی سیاسی ئایین وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی وەها کۆمەڵگایەک چەندە بۆیان گرنگایەتی هەبووە. یان بەپێچەوانەوە، ئایین هۆی جیاوازیی و ناکۆکی لە نێوان گرووپە سیاسییەکانی کوردستان و ئامرازی سیاسی شیاو بۆ حکوومەتی ناوەندی بووە. زۆربەی نەتەوە موسڵمانەکان لە ئایین بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان کەڵکی پێویستیان وەرگرتووە، بەڵام بۆچی لە کوردستاندا وەها نەبووە. لە سیاسەتدا گەیشتن بە ئامانج گرنگە بەڵام ئاخۆ ئامانجی هاوبەش بۆ گرووپە سیاسییەکانی کورد هەبووە یان نە هەرکامەو ئامانجی تایبەتی خۆیان هەبووە و بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی خەیاڵاوی تێدەکۆشان. ناکۆکی ئایدۆلۆژیک لە وەها کۆمەڵگایەکدا چ دواهاتێکی سیاسی هەبووە و ئاخۆ لە وەها دۆخێکدا وەها ناکۆکیگەلێک پێویست بوو، یان پێویست بە هاسانگرتن و راهاتنێک بوو کە قەت لێی تێنەگەیشتن.

ئەم وتارە بە دوور لە هەر جۆرە ئاراستەگرتن و جیا لە کەسایەتی تاکەکان و بەپێی ئەو سەرچاوانەی نووسراوە کە لە بەردەس بوون، و گریمانە ناکرێت کە هەرچی تێدایە بە تەواوی راستە، و هەر ئەگەرێکی تر بەپێی سەرچاوەی تر و یان هەر راڤەیەکی تر لە وتەکان و

نووسـراوەکان دەکرێ هەبێت. کەواتە بەتەنیا بە روانـگەیەکی سیاسی پـرسەکە لێکدراوەتەوە و راسـتخوازیی سیاسی رەچـاو کراوە نەک ئـارمـانـخوازیی و دۆزینەوەی راسـتیی و هەقێقەت. ئەوەی لەبەرچاو گیراوە راستی و واقیعی سیاسی لە کات و شوێنێکی تایبەت وەک کوردستانە نەک راست و هەقێقی بوونی رەوت، حیزب، رێکخراو یان کەسایەتییەکی تایبەت. بەڵام بەپێی باسی وتارەکە کە کردەی ئایینە، تەوەری سەرەکی وتارەکە بۆ "رەوتی مەکتەبی قورئان" وەکو گـــرنـــگترین رەوتی ئیسلامی و وەکو یاریزانی سیاسی و وێنەیەک لە ئیسلامی سیاسی لە کوردســـتانـــدا، تەرخـــان کراوە. بۆیە لێکدانەوەی زیاتـــری ئەم رەوتە و تـــاوتـــوێ کردنی هەڵوێستەکانیشی، بە هۆی نەبـوونی هەڵەی سیاسی لایەنەکانی تـر یان زەقکردنەوەی لایەنێکی تایبەت نییە، بەڵکو بە هۆی سنووردارێتی نووسین و تەوەرێتی بابەتە.

## روانگە تیۆریکەکان سەبارەت بە ئایین و کردەی ئەوە

پێش چوونەنـاو بـاسی کوردستـان، پێویستە کە ئـاماژەیەکمان بۆ پێناسەکان و روانـگە تیۆریکە جیاوازەکانی پێوەنـدیدار بە ئـایین و کردەی هەبێت. وتنی ئەوەی کە کاری ئـایین لە بـنەڕەتـدا پـاراسـتنی بەنـدوبـاوی کۆمەڵایەتییە، کردەی ئـایین زۆر بەرتەسک پیشان دەدات. روونە کە زۆربەی نەریتە ئایینییەکان لەگەڵ بەندوباو و رێکخستنی کاروباری مرۆییدا سەروکاریان هەیە، بەڵام لەو راســتییە وەهـــا دەرنـــاکەوێت کە کاری ئـــایین تەنیا هەر ئەوە بێت.[٦] هەمیلتۆن[٧] جۆرەکانی روونکردنەوەی ئـــایینی کردووە بە دوو جۆری تیۆری دەروونـــناسیارانە و کۆمەڵناسیارانە کە تیۆری دەروونـناسیارانە بۆخۆیشی دەبێتە دوو جۆر تیۆری ئـاوەزخـوازانە و سۆزخـــوازانە. تیۆرییە دەروونـــناسیارانەکانی ئـــایین بە کارێکی تـــاکەکەسی دەزانـــن کە لە سەرچـاوەکانی نـاخی تـاکەوە هەڵدەقـوڵن، لە کاتێکدا تیۆرییە کۆمەڵناسیارانەکان ئـایین پێوەنـد دەدەن بە گـروپ و کۆمەڵگا و ئەوەی کە ئـایینداریی تـاک لە سەرچـاوکە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵدەقوڵێت. تیۆرییە دەروونناسیارانەکانی ئاوەزخوازانە لە بنەڕەتدا لە خودی مرۆڤدا بە دوای رێخەی ئـــایین دەگەڕێن، لە کاتێکدا کە تیۆرییە سۆزخـــوازانەکان لە لایەنە سۆزدارانەکانی سروشتی مرۆڤدا بە دوای رێخەکانی ئاییندا دەگەڕێن.[٨]

لە بیرۆکەی ئاگوست کۆنتدا[٩]، ئایین نەتەنیا هەوڵێکە بۆ روونکردنەوە و ناسینی راستیی، بەڵکو وەک بـنەمـایەکی پێکهێنەری یەکیەتی کۆمەڵگای مـرۆییش دێتە ئەژمێر.[١٠] رابێرت بێلا[١١] دەڵێت ئایین لە بنەڕەتدا سەروکاری لەگەڵ هەندێ هێما هەیە کە بە چاو نابینرێن (ناعەینین) و هەست، بەهـا و هیواکانی ئیمانـــداران دەردەبڕن، یان رەوتی کردەوەی دوولایەنەی نێوان مـــرۆڤەکان و

شــــتە بەرچـــاوە دەرەکییەکان (ئەعیان) ڕێکدەخەن و ڕێکوپێکی دەکەن، یان گشـــت کۆمەڵی زەینەکان و عەینەکان کۆ دەکەنەوە و یان بـواری ئەم کۆی گشـتییە پیشان دەدەن. ئەم هێمایانە وێڕای ئەوەی کە راســـتەقینەیەکیش (واقیعییەت) دەردەبڕن بەڵام دانـــابەزن بۆ پـــرسە ئەزمــوونییەکان. بێلا بەم هەڵوێستە "واقیعخوازیی هێماییین" دەڵێت. لەم روانــگەوە ئــایین لە خۆیدا راسـتەقینەیەکە (واقعییەتێکە). بێلا بە روونی دەڵێت کە "ئـایین بـابەتێکی راسـتی یان هەقێقییە".[12] هەبـــوونی بەرژەوەنـــدییە بەکۆمەڵەکان لەگەڵ بـــاوەڕە جۆراوجۆرەکان، وێڕای گـرێدراوێتی نێوان ئەم بـاوەڕانە و هەلـومەرجی مـاددی، رەنـگە روانـگەی ئێمە لەسەر بـاوەڕە ئایینییەکان بگۆڕێت و سەبارەت بەوانە ئێمە بخاتە گومانەوە، لە کاتێکدا کە پێشتر ئەوانەمان بە تەواوی قەبووڵ کردبوو. ئێدوارد تایلۆر[13] "باوەڕ بە هەبوونە رۆحانییەکان"ی وەک پێناسەی لانیکەمی ئـــایین پێشنیار کردووە.[14] بە وتەی دورکهایم[15]، ئـــایین: "سیستەمێکی یەکپارچە لە بـاوەڕەکان و کردەوەکانی هەمـوو ئەو کەسانەی کە جێبەجێیان دەکەن لە کۆمەڵێکی رەوشـتیی یەکینەدا رێکدەخــات." جێف هەینس[16] لە دوو واتــای جیاوازدا ئـایین بە کار دەهێنێت. یەکەم، ئایین لە چوارچێوەی پێشکەشکردنی بۆچوونێکی مەعنەوی (واتاوی) لەوە، بریتییە لە کۆمەڵە نموونەگەلێکی ئاکاری کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی کە یارمەتی پێڕەوانی خۆی دەدات بۆ بیچمدان بە ژیانی رۆژانە بەپێی ئەم نـموونـانە. ئـایین، لەم واتـایەدا پێویستی بە بیرۆکە بەرزەکان هەیە. بیرۆکەیەک کە پێوەندیی بە راستییەکانی سەرەوەی سروشت هەیە. هەروەها ئایین پێویستی بە پیرۆزیی هەیە؛ سیستەمێکی بـریتی لە وتە و کردەوە کە جیهان لە چـوارچێوەی ئەوەیدا کە بە پیرۆز دێتە ئەژمێر، پێناسە بکات. بە کورتی ئـایین پێویستی بە خــاڵێک لە لــووتکەدا هەیە؛ لووتکەیەک کە خەڵک پێوەنـد دەدات بە دۆخی کۆتـایی هەبوونەوە. دووەم ئەوەی کە، ئایین لە قــاپلۆخی لایەنە مــاددییەکانی ئەوەدا وەک پێکهاتە ئــایینییەکان، گــروپەکان و بــزووتــنەوە ئایینییەکان دەناسێنێت. بەپێی ئەم پێناسە، هیچ رێکخراو، گروپ یان بزووتنەوەیەکی ئایینی نییە کە بە تەواوی لەگەڵ بـابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان پێوەنـدیی پچڕانـدبێت. هەر لەم پێوەنــدییەدا دەکرێ ئــامــاژە بە چەنــدین جۆر لە گــروپەکان و بــزووتــنەوە ئــایینییەکان لە سەرتـانـسەری جیهانـدا بکرێت لەوانە رێکخراوە پـارێزکارەکان وەکو دامەزراوەی کەلیسای رۆم، گــروپە هێندووەکان، بەرەی رزگــاری ئیسلامی ئەلــجەزایەر، حێزبی ئیسلامی کێنیا، حەمــاسی فەلەستین و حێزبی ئیسلامی پارتایی مالیزیا.[17]

هەنـدێ لە پێناسەکانی سەرەوە لە جۆری پێناسەی مـاکین. ئەم جۆرە پێناسـانە دەڵێن کە مـاک و ســروشــتی ئــایین چییە. بەڵام هەنــدێکی تــریان پێناسەی کردەیین کە دەڵێن ئــایین چ کارێک دەکات. پێناسەی ئـایینی دوورکهایم بە هۆی ئـامـاژە بەوەی کە ئـایین پێڕەوەکانی لە کۆمەڵێکی

رەوشـــتیدا یەکدەخـــات و تۆکمەییان پێ دەبەخشێت (تیۆری ئـــایین و لێکترگـــرێدراوێتی) لەبەرگــری بــنەمــایەکی کردەییە. پێناسە کردەخـــوازانەکان بە شێوەی ئــاســایی گــرێدراوی روانــگەیەکی تیۆریکن کە دەیهەوێت ئــایین بەپێی رۆڵێکی بــنەڕەتی تەڵقینکەر روون بکاتەوە. وەهـــا تیۆریداڕێژانێک زۆرتـــر داواکاریی ئەوەیان هەیە کە سیستەمـــگەلێک لە بەهـــاکان و باوەڕەکان وەک کۆمونیزم، فاشیزم و نەتەوەخوازیی وەها کردەیەکیان هەیە و هەر بەم بۆنەوە ئەوانە دەخەنە بــازنەی بــابەتی ئــایینەوە. نــموونەی پێناسەیەکی لەبەرگــر، پێناسەی ینگەرە[18]: "ئایین سیستەمێک لەو باوەڕ و کردەوانەیە کە لە رێگای ئەوانەوە کۆمەڵە مرۆڤێک لەگەڵ پرسە کۆتـــاییەکانی ژیانی مـــرۆیی چـــنگاوش دەبـــن."[19] بەڵام رابێرتسۆن[20] پێشنیار دەکات کە ئەم ئـــایدۆلۆژی و سیستەمـــانەی کە لەگەڵ ئـــایین لایەنی هـــاوبەشیان هەیە و وەک ئـــایین رۆڵی کۆمەڵایەتی دەگێڕن بە چەمکی "ئایینداریی جێگرەوە" وەسف بکرێن.[21]

کردەخـــوازە نـــوێیەکان بـــنەمـــای دەرونـــاسیارانەی بەهێزیان لەگەڵ رێبازێکی لە بـــنەڕەتـــدا کۆمەڵناسیارانە تێکەڵ کردووە. ئـــایین ورەی تـــاکەکان بۆ لەبەرچـــاوگـــرتنی نۆرمە بەکۆمەڵەکان بەهێزتـــر دەکات و ئەم نۆرمـــانە دەخـــاتە سەرەوەی بەرژەوەنـــدییە تەنیا تـــایبەتییەکان. ئـــایین یەکیەتی تـــاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەنـــدامـــانی دیکە بەهێزتـــر دەکات و جیایی ئەوانە لە ئەندامانی هۆزەکان، کۆمەڵەکان یان نەتەوەکانی تر توندتر دەکاتەوە. ئەم دیاردە نابەرهەستانە (ئەو راستییانەی ئەزمـوون نـاکرێن) و ئەو شـت و کردەوە جەستەپێدراوانەی کە ئەوانە پیشان دەدەن، لە راگـرتنی تۆکمەیی کۆمەڵایەتیدا رۆڵی بـنەڕەتی دەگێڕن.[22] کە وەکو کردەی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئایین لە سیاسەتدا کەڵکیان لێوەردەگیردرێت.

ئـــایین بە رێخەی قـــووڵی کۆمەڵایەتییەوە خـــاوەن هێزی هەرە زۆری کۆکردنەوە و بـــزاوتنی کۆمەڵگایە. ژان پۆل ویلم[23] لە پەرتـووکی "کۆمەڵناسی ئـایینەکان"دا، دەڵێت: "ئـایین دەتـوانێت بۆ خۆی رۆڵی بزاوتنی مرۆڤەکان بە مەبەستی واتادان بە شوناسی بەکۆمەڵ دەستەبەر بکات؛ جـــگە لەوە، ئـــایین بە هۆی دەسەڵاتی تەشەنەی کەلەپـــووریی خۆی لە رێگای رەوتی بە کۆمەڵایەتی بـوون، و لەبەرگـرتنی دامەزراوەی بەڕێوەبـردنی بۆنە ئـایینییەکان، دەتـوانێت بە گـوێرەی دیکەی هۆکارەکانی بـزاوتـن وەک زمـان، هەنـدێ پێشترێتی هەبێت. کەواتە کاتێ کە لە چـوارچێوەی پێوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکانی زاڵیەتی و سەروەریدا، هەنـدێ لە ئـامـادەبـووانی گۆڕەپـانەکە، بەرژەوەنـدی خۆیان لە دەربڕینی شـونـاسی خۆیان لە رێگای ئـایینەوە دەبینن، بەمجۆرە ئایین خۆی لە پێگەی کۆکردنەوە و بزاوتنی ئاپوورەکانی خەڵکدا دەبینێتەوە."[24]

بەڵام پێویستە ئـامـاژە بکرێت کە ئـایین هەر بەو رادەی کە دەتـوانێت هۆکاری تۆکمەیی بێت، دەتـــوانێت هێزێکی پێکهێنەری نـــاکۆکی و جیاوازیش بێت. زۆر جـــار روویداوە کە بـــاوەڕە ئـایینییەکان بـوونەتە هۆی روانـگە و ئـاکاری دژەکۆمەڵایەتی یان ئـاژاوە. بە رای ینگەر ئـایین هەموو کاتێک ناتوانێت یەکپارچەکەر بێت و هەلومەرجێ دێتە پێش کە تێیدا، ئایین ناتوانێت رۆڵی بنەڕەتی یەکپارچەکەری خۆی بگێڕێت. ئاماژە بە هەندێ لەو دۆخانە دەکات کە بە رای ئەو هێزی یەکپارچەکەری ئایین دادەبەزێنن. بەڵام ئەوەی لەبەرچاو ناگرێت کە ئایین رەنگە بۆخۆی هۆکاری تـونـدبـوونەوەی دارِمـانی کۆمەڵایەتی بێت. بە رای ئەو، ئـایین لە بـنەڕەتـدا هێزێکی تێکەڵکەر و یەکپارچەکەرە و تەنیا لە هەنـــدێ هەلـــومەرجـــدایە کە لە جێبەجێکردنی رۆڵی یەکپارچەکەری دادەمێنێت. هەرجۆرێک بێت بەڵگە هەبـــووەکان پیشان دەدەن کە ئـــایین هەرچەنـــدەش بۆ تـــاک بـــایەخی هەبێت، دیسان رەنـــگە لەگەڵ هەرجۆرە رۆڵی کۆمەڵایەتی یەکپارچەکەر نـاکۆکی هەبێت. ئـایین هەم رەنـگە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە یەکپارچە بکات و هەم ببێتە هۆی تۆکمەیی کۆمەڵگایەکی نـــادادپەروەرانە وەک زۆرێک لە وڵاتـــانی مـــوسڵمانی ئەورۆکە. رێبازی کردەخوازانە سەبارەت بە باش بوون یان نەبوونی یەکپارچەیی بەندوباوێکی کۆمەڵایەتی تایبەت، هیچ جۆرە دادوەرییەک بەپێی بەهاکان ناکات، بەڵکو تەنیا ئاماژە بە رۆڵی بەرچاوی (عەینی) ئایین دەکات. ئۆدی[٢٥] ئاماژە بە شەش بابەت لە کردە چەوت و نەرێنییەکانی ئـایین دەکات کە سێیان لەوانە لێرەدا جێی سەرنـجن: یەکەم، ئـایین بە هۆی پـارێزکارییەکەی رەنـــگە بەرگیری بکات لە راهـــاتنی مـــرۆڤەکان لەگەڵ هەلـــومەرجە بگۆڕەکان. دووەم، کردەی پێغەمبەرانەی ئـایین دەتـوانێت ببێتە هۆی یۆتۆپیاخـوازیی و هیوای گۆڕینی نـاواقیعبینانە و لە ئـاکامـدا لە کاری کردەوەیی لە ئـاڕاسـتەی گۆڕانی راسـتەقینەدا بەرگیری بکات. سێهەم، ئـایین دەتوانێت تاکەکان وەها پێبەستەی گروپ بکات کە ململانێ لەگەڵ گروپەکانی تر توند ببێتەوە و لە راهاتوویی لەگەڵ گروپەکانی تر بەرگیری بکات.[٢٦]

بیرمەندانی ئیسلامی بەتایبەت سەردەم لە پێناسەی ئاییندا بێجگە لایەنەکانی پێوەندیی لەگەڵ جیهانی نهێناوی و پڕڕەمـز و رازی بێ کۆتـایی و پیرۆزکراوی سەرەوە، سەرنجی تـایبەتـمەنـدیی رێنوێنی ژیان بـــوونی ئـــایین و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوەشیان داوە. بۆ وێنە عەلـــلامە تەبـاتەبـایی لە راڤەی سـوورەی 'بەقەرە'دا دەڵێت: "ئـایین بـریتییە لە شێوازی تـایبەت لە ژیانی دنیا کە هەم بەرژەوەندی ژیانی دنیا مسۆگەر دەکات و هەم هاوکات لەگەڵ پایەبەرزی پاشەڕۆژ و ژیانی دایمی و هەقێقی لە پەنـای خـوای مەزنـدا رێدەکەوێت. بە نـاچـار وەها شێوازێک دەبێت لە شەرێعەتەکەیدا هەنـدێ یاسـا هەبێت کە ئـامـاژە بە رەوشی بـژیوی ژیان بە رادەی پێویست بێت." حامید ئۆلگار ئیسلامناسی موسڵمانی ئەمریکی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: "ئایین کۆمەڵێک

ئەحکام و باوەڕە، کە خوای مەزن لە ڕێگای پێغەمبەران و پەرتووکە ئاسمانییەکان، بۆ ڕێنوێنی مـرۆڤ و بۆ گەیشتن بە بەختـەوەریی ئەم جیهانە و پـاشەڕۆژ پێشکەشی مـرۆڤی کردووە."[٢٧] عەللامە ئەحمەدی موفتیزادە وەها ئایین پێناسە دەکات: "نێوان ئایین و ئایینزا جیاوازیی زۆر هەیە. ئایین بریتییە لە خودی قورئان. ئایین وەک زەریایە و ئایینزا وەک ڕووبارەکان. ئایینزاکان بریتین لە بۆچوونەکانی هەندێ زانا کە ڕاهاتووە لەگەڵ کاتی خۆیان و کەواتە هەمیشە ناتوانن بە کەڵک بن. ئەوەی پێویستی هەمیشەیی چارەسەر دەکات ئایینە - واتە قورئانە، نە ئایینزای شێعە و نە سونـنە تـوانستی بەردەوامییان نییە."[٢٨] هەنـدێ لە زانـایانی ئـایینی بەپێی "الـدیـن عـندالله الاسـلام" تەنـانەت ئـایین لە خـودی ئیسلامـدا کورت دەکەنەوە کە پیشان دەدات ئـایین تـــایبەتـــمەنـــدیەگلێکی جیاوازی هەیە کە تەنیا لە ئیسلامـــدا بە تەواوی دەبینرێن. بۆیە بە جیاکردنەوەی لە ئـایینەکانی تـر، بـواری دەسـتێوەردانیان لە هەمـوو کاروبـارەکانـدا (سیاسی، کۆمەڵایەتی و...) دابین کردووە و پێڕەوانی ئەوە بۆ ئەم چالاکییانە هان دەدەن.

کەواتە دەکرێ کردەیەکی نەریتی بۆ ئـــایین ڕەچـــاو بکرێت کە لە هەمـــوو کاروبـــارەکانـــدا دەستێوەردانی دەبێت و کردەیەکی مۆدێڕن کە بەپێی جیاکردنەوەی بوارەکان لە یەکتر دەبێت، کە لە کۆمەڵگا نەریتی و جیهان سێهەمییەکانـدا هێشتا یەکەمیان بـاوە. لە بـازنەی سیاسەتـدا، ئایینی ئیسلام لە شەرعییەتپێدان و لایەنگری لە دۆخی هەبوو بگرە تاکو بوون بە ئامرازێک بۆ ڕاگەیانـــدنی نـــاڕەزایەتییەکان و بـــوارخۆشکردن بۆ شۆڕشەکان، ڕۆڵ و کردەی جۆراوجۆری هەبـووە. بۆ نـموونە دەکرێ ئـامـاژە بە پێگەی سیاسی جۆراوجۆری ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی نـاوین بکرێت. عەرەبسـتانی سعوودی لەو وڵاتـانەیە کە لە ئـایین وەک ئـامـرازێک بۆ دەستەبەرکردنی ڕەوابـوون و شەرعییەت کەڵکی وەرگـرتـووە. لە میسردا، سـادات لە ڕێگای ئیسلامەوە هەوڵی دەدا لەو وڵاتەدا لایەنە ناخۆشەکانی سیاسەتی ئابووریی "دەرگا کراوەکان" و هەندێ گەندەڵی لە کۆمەڵگادا بشارێتەوە. هەروەها، ئەو تـوانی بە وەرگـرتنی فەتـوا لە زانـایان، واژۆی گـرێبەسـتی ئـاشـتی میسر لەگەڵ ئیسرائیل بە ڕەوا پیشان بـدات کە ئەمە خۆی نـموونەی ڕوونی سیاسەتی کەڵکوەرگـرتنی سیاسی لە ئـایینە.[٢٩] ئـایین هەروەهـا کە دەتـوانێت ئـامـرازێک بێت بۆ پـاراستنی دۆخی هەبـوو، هەروەهـاش دەتـوانێت وەکو هۆکاری کرژکردنەوەی گۆڕانکارییەکان و هەروەهـا ڕەوتی ڕێبەرایەتی کردنی شۆڕشێک کار بکات، نەریتێکی تـــایبەت کە بەردەوام لە بەســـتێنی ئـــایینی ئیسلامـــدا هەبـــووە. سەریع قەلەم لە مـــامۆســـتایانی سیاسەت لە ئێرانـــدا، دەڵێت: "جیاوازیی ئیسلام لەگەڵ مەسیحییەت و دیکەی ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان لەوەدایە کە ئیسلام بە توندی سیاسییە و چوارچێوەی سیاسی هەیە و تەنیا لە ڕەوشتایەتی مەسێحی و کۆنفسیوسدا کورت نـــاکرێتەوە. کردەوەی نەرێنی و هەڵەی دەسەڵاتـــدارانی مـــوسڵمان، نـــابێت ئێمە لە

تێگەیشتنی ئۆبجێکتیڤ و راستی پێوەندیی نێوان ئیسلام و سیاسەت دوور بخاتەوە." لە شوێنیکی تردا دەڵێت: "سێکیولاریزم ناتوانێت لەگەڵ ئیسلامدا راهاتوو بێت یان دەبێت ئیسلام بگۆڕدرێت و یان دەبێت لە سێکیولاریزم و لیبرالیزم واتایەکی نوێ چێ بکرێت. تەنیا مەرامێ کە بە توندی لە نێوان ئایین و سیاسەتدا پێوەندیی هەڵدەکات، ئیسلامە." هەروەها دەڵێت: "هەڵبەت پێوەندیی ئایین و سیاسەت لە هیچ کۆمەڵگایەکدا، پێوەندییەکی داخراو نییە. بەڵکو بەپێی گۆڕانکاریی و پێویستییەکانی کات لە گەشەسەندن دایە."[٣٠] بە بیروڕای هەندێ کەس، ئیسلام ئامرازی هاوبەشی هێزە دژبەرەکانی دەوڵەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەرچۆنێک بێت، ئایین لە هەردوو لاوە هەم حکوومەت و هەم دژبەرانی وەکو ئامراز بەکار هێنراوە.

گرنگترین کاریگەرییەکانی هێزی کۆمەڵایەتی ئایین، لە شێوەی توانایی سیاسییەکانی ئاییندا دەردەکەوێت. لێکدانەوە مێژووییەکان پیشان دەدات کە سیاسەت و ئایین، بەردەوام لەسەر یەکتر کاریگەریی دوولایەنەیان هەبووە. بۆیە پێویستە لە کۆتایی ئەم بەشەشدا ئاماژەیەک بە هەندێ پێناسەی سیاسەت بکرێت کە پێوەندیی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە. واتکینس و هانس مۆرگێنتا[٣١] لەسەر ئەو باوەڕەن کە هێز، چەمکی بنەڕەتی سیاسەتە و هەر لەم پێوەندییەدا لاسوێل[٣٢] لەسەر ئەو باوەڕەیە کە "کردەوەی سیاسی، کردەوەیەکە لەسەر بنەمای هێز جێبەجێ دەبێت." دەیڤید ئیستۆن[٣٣]، سیاسەت پێوەند دەدات بە "بڵاوکردنەوەی زۆرەملێی بەهاکان لە کۆمەڵگا". لە دیکەی پێناسەکان ئەوەی کە سیاسەت "هونەری کەڵکوەرگرتن لە هەلەکانە". زۆربەی کات چالاکانی سیاسی بۆیان نییە کە بگەن بە هەموو ئامانجەکانی خۆیان، کەواتە دەبێت بەرزەفڕیەکانیان لەگەڵ هێزی خۆیان بگونجێنن. هەروەها سیاسەت هەڵسووڕانی ئاشتیخوازانە یان نائاشتیخوازانەی پێوەندییەکانە لە نێوان تاکەکان، کۆمەڵەکان و حیزبەکان (هێزە کۆمەڵایەتییەکان) و کارە حکومییەکان لە ناوخۆی وڵات، و پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتێک لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر لە ئاستی جیهانیدا.[٣٤] هەرچەند وێنەی پێوەندیی ئایین و سیاسەت لە هەر سێ جۆری پێوەندیی لە پێناسەی سیاسەتدا دەبینرێت، بەڵام لێرەدا پێوەندیی یەکەم و دووەم و لە ئاستی ناوخۆییدا واتە پێوەندیی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ یەکتر و دەوڵەت لە کوردستاندا (سەردەمی شۆڕشی ١٩٧٩) زیاتر مەبەستە و سیاسەت لەم ئاستەدا واتای دەبێت، کە پێوەندیشی هەیە بە پێناسەی "سیاسەت واتە کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکییەکان".

بەم باسە تیۆریکەوە، دەچینە ناو باس و پرسە بەرچاو و راستەقینەکانی کوردستان تاکو بزانین دۆخی ئـایین و سیاسەت لە کوردسـتانـدا چلۆن بـووە و ئـایین لە ئـاسـتی سیاسیدا چ رۆڵ و کردەیەکی هەبووە.

## کورتەیەک لە چالاکییە سیاسییەکانی زانایانی ئایینی کوردستان

هــاوکات لەگەڵ گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە گــونــدەوە بۆ بــازێر و گەشەی جەمــاوەری شـارەکان، سەرنجی چـالاکی زانـایانیش بەرەو شـارەکان راکێشرا. گـونـدنشینەکان زیاتـر وەک لایەنگری زانا نەریتییەکان مانەوە بەڵام لە بازێرەکاندا کە زۆربەی لاوان تینووی راڤەی نوێ لە ئیسلام بوون بەرەو رەوتە نوێیە ئیسلامییەکان راکێشران. ئەم گۆڕانە لە باشووری کوردستانی رۆژهەڵات بەتـایبەت پـارێزگـای سـنە بـاشـتر خۆی نـوانـد و نـموونەی بەرچـاوی ئەوە رەوتی مەکتەبی قـورئـان بـوو کە دەکرێ زیاتـر وەک رەوتێکی شـاریی رەچـاو بکرێت کە لە بەرانـبەر زانـایانی نەریتیدا هەڵکەوت. بەڵام لە بـاکووری کوردسـتانی رۆژهەڵات هێشتا زانـایانی نەریتی زۆرترین رۆڵیان دەگێڕا.

لە کوردسـتانـدا تـاکو ١٩٧٩ لە بـنەڕەتـدا خەبـاتی تـایبەتی ئـایینی بـوونی نەبـووە و ئەمە بە هۆی نەبــوونی بـاوەڕی ئـایینی خەڵکەکە نەبــووە. رێخەی سەرەکی ئەمە دەبێت لە نەتەوەخــوازیدا ببینرێت. خەباتی خەڵک هەموو کاتێک لە کەناڵی پرسی نەتەوەییەوە تێپەڕیوە و لە خەباتی دژە کۆلۆنیال و دژە ملهوڕی خەڵکدا، نەتەوە بـنەمـایەک بـووە کە رێکخستن لەسەری دامەزراوە. گەر لە رابـردوودا زانـایانی ئـایینیش لە خەبـاتـدا بەشـدارییان هەبـووە و یان تەنـانەت لە سەرەوەی خەباتەکەدا بوون، هۆیەکەی پاڵپشتییان لە پرسی نەتەوەیی بووە. هەر لەم پێوەندییەدا، کریس کۆچێرا[٣٥] ئـامـاژە بە سێ قۆنـاخ لە بزووتـنەوەی کورددا دەکات کە لایەنی هـاوبەشی ئەوانە هەر پـرسی نەتەوەیی بـووە: سەردەمی دەرەبەگـایەتی (فیوداڵی)[٣٦]، ئـایینی و سیاسی.[٣٧] کە لە هەر قۆناخێکدا چین و توێژێکی تایبەت بزووتنەوەکەیان رێبەرایەتی کردووە.

سەرکردایەتی زۆربەی بــزووتــنەوە کۆنەکانی کورد بە ئەســتۆی رێبەرانی ئــایینی (وەک شێخ عــوبەیدوڵڵا، شێخ مەحــموود، شێخ سەعید و شێخ رەزا) بــووە و هەروەهــا رۆڵی بەرچــاو و چـالاکی زانـایانی ئـایینی لە بزووتـنەوە نـوێیەکانـدا چ لە ئـاسـتی سەرکردایەتی و چ لە ئـاسـتی رێکخراوەییدا بۆخۆی شـایەتێکی بەرچـاو لە رۆڵی ئـایین لە کوردسـتان و هەروەهـا دانـوسـتانی ئــایین و سیاسەت یان لەڕاســتیدا ئــایین و نــاسیۆنــالیزم بــووە. لەمــبارەوە چــالاکی مەلا و فەقێیەکان بۆ خۆی بەڵگەیەکە لە ئــاگــایی سیاسی و کاری رێکخراوەیی و تێکۆشــانی نەتەنیا

زانایانی ئایینی بەڵکو توێژە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەی کورد کە هەندێ نکۆڵییان لێکردووە. لەم پێوەنـــدییەدا، بیرەوەرییەکەی مەلا عەبـــدوڕڕەحـــمان لاهیجانی ئەنـــدامی پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستـانی ئێران و چـوونی لە مەهـابـادەوە بۆ کوردستـانی بـاشـوور بۆ فیربـوونی وانەی سیاسی و نەتەوەخـــوازیی کوردی لە سەرەتـــای هـــاوینی ســـاڵی ١٣١١ی هەتـــاوی جێی سەرنجە.[٣٨] نـموونەی زۆری وەهـا لە چـالاکی حوجـرەی مـزگەوتەکانی کوردستـان هەیە. لەوانە چـالاکی زانـایان و فەقێیەکان لە "کۆمەڵەی ژ.ک" کەسـانێ وەک هەژار و هێمن و... و بەتـایبەت قـازی مـحەمەد. لە قۆنـاخەکانی دواتـردا دەکرێ بە چـالاکی هەنـدێ لە سەرکردەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتانی ئێران کە پێشتر وانەی فەقێیەتییان خـــوێندبـــوو، ئـــامـــاژە بکرێت. ئەحمەدی موفتیزادە و حەسەنی ئەمینی لە رێبەرانی مەکتەبی قورئانیش هەرکام لە بەشێک لە ژیانیاندا زیاتر چالاکی نەتەوەخوازانەیان هەبووە. لە تاقی لاویەتیدا بە سەفەر بۆ کوردستانی عێراق هەستی ناسیۆنالیستی لە موفتیزادەدا بەهێزتر بوو و دواتر ماوەیەک لە تاران ئەندامی حیزبی دێمۆکرات بـوو و ئەو شێوازە نـاسیۆنـالیستییەی ئەو هەتـا سـاڵی ١٩٦٣ درێژەی هەبـوو. حەسەنی ئەمینیش بە وتەی خۆی تـــا کاتی نـــاسیاریی لەگەڵ مـــوفتیزادە ئەنـــدامی حیزبی دێمۆکرات بووە.[٣٩]

ئەمجۆرە چـــالاکییانەی زانـــایان لە ئـــاســـتی کوردســـتانـــدا کە لە پێوەنـــدیی لەگەڵ پـــرسی نەتەوەخـوازیدا بـوو هەروەهـا تـا سـاڵی ١٩٧٩ درێژەی هەبـوو، واتە کاتێ کە رەوتێک بە رێبازی زیاتر ئیسلامییەوە (مەکتەبی قورئان) لە پەنای رۆڵی زانایانی ئایینی نەریتیدا هاتە گۆڕەپانی سیاسییەوە و وەکو رکابەرێک لە بەرانـبەر دیکەی هێزەکانـدا سەریهەڵدا. لە نـموونەکانی تـری رۆڵی زانـایان، چـالاکی ئەوان لە کاتی رووداوەکانی کوردسـتان لە پـاش شۆڕشی ١٩٧٩ بـوو کە لەوانە دەکرێ بە کۆبـوونەوەی رێبەرانی ئـایینی شـارە جیاوازەکانی کوردسـتان لە رۆژانی ١٧ و ١٨ی ئـازاری ١٩٧٩ ئـامـاژە بکرێت کە لە بەڵگەنـامەیەکی ٣ خـاڵیدا ویست و داخـوازییەکانی نەتەوەی کوردیان دەربڕی و کەسـانێ وەک: شێخ عێزەددین حـوسێنی، مـامۆسـتا ئەحـمەدی مـوفتیزادە، شێخ جەلال حـوسێنی، مەلا مـحەمەدی رەبێعی، مەلا عەبـدوڵڵای مـحەمەدی و... واژۆیان کردبوو.

## ئایین وەک ئامرازێکی سیاسی حکوومەتە ناوەندییەکان

کەڵک وەرنەگرتنی سیاسی رەوتە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان بەتایبەت بزووتنەوە نوێیەکانی کورد لە کردەی سیاسی ئـایین و، هـاوکات گەشەی رەوتە تـونـدئـاژۆوە چەپەکان و خۆمـاڵی

نەکردنی بیرۆکەی چەپ و ڕەچاو نەکردنی هەلومەرجی پێوەندیدار بە کات و شوێنی کۆمەڵگای کوردستان کە ئایینیان کردبووە ئامانجی هێرشی خۆیان، هەردووک بۆشاییەکی دابین کرد کە بــووە هۆی کەڵکوەرگــرتنی سیاسی حکوومەتە نــاوەنــدییەکان لە ئــایین لە هەر چــوار وڵاتی مـوسڵمانـدا کە کوردەکان هەن. وێڕای ئەوەی کە لە سێ بەشەکەی تـری کوردسـتان تـا شۆڕشی ١٩٧٩ ئیسلامی سیاسی بە واتـــای ئەوڕۆکەیی بـــوونی نەبـــووە بەڵام بە ڕادەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە وەها ڕەوتێکی ئیسلامی سەریهەڵدابوو، ئایین نەبوو بە ئامرازی سیاسی ناوەند. لە ڕۆژهەڵات لە سـاڵانی سەرەتـای شۆڕشـدا وێڕای کەلێنی ئـایینی قـووڵ، ئـایین بە چـاکی بۆ لاوازکردنی ڕەوتە نـاسیۆنـالیستییەکان بەکارهێنرا، بەتـایبەت بە کردنەوەی ڕێگا بۆ ڕەوتە چەپە تونـدئاژۆوەکان بۆ لاوازکردنی ڕەوتە ئایینییەکان لەلایەک و هەروەها هـاندانی ئایینییەکان بۆ بەرەنــگاربــوونەوەی چەپ لەلایەکی تــرەوە. و لەم نێوانەشــدا ئەوەی دادەشــاردرا و پــرسی سەرەکی بوو، مافی نەتەوەی کورد بوو. ئەم دووبەرەکییە لە باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە چـاکی خۆی دەنـوانـد. لە ئـاکام و دواهـاتەکانی ئەم دووبەرەکییە و کەڵکوەرگـرتنی سیاسی ناوەند لە ئایین، دەکرێ بە پێکهێنانی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکان ئاماژە بکرێت.

لە بەشەکانی تـــری ئەم وتـــارەدا وەهـــا قەڵشتێکی سیاسی-ئـــایدۆلۆژیکی نێوان چەپ و ئایینییەکان و کەڵکوەرگرتنی ناوەند لە ئایین بە چاکی دەردەکەوێت بەڵام لێرەدا تەنیا بە وتە و هەڵوێستەکانی هەنـدێ لە سەرکردە ئێرانییەکان کە پیشانـدەری سیاسەتی ئـایینی حکوومەتی ناوەندیی لە کوردستاندا بوو، ئاماژە دەکرێت. ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران، شەڕی کوردسـتانی بە شەڕی نێوان کوفر و ئیسلام دەزانی. بۆ نـموونە بە پێی ڕۆژنـامەی کەیهان ڕێکەوتی ١٨/٠٣/١٩٧٩، ئەو لە ڕاگەیـندراوی خۆیدا سەبـــارەت بە ڕووداوەکانی کوردسـتان، کردەوەی ڕەوتەکانی کوردسـتانی بەپێچەوانەی ئیسلام و ئـاسـایشی مـوسڵمانـان هێنایە ئەژمێر و هەرجۆرە جـــووڵەیەکی لە دژی هێزە چەکدارەکانی حکوومەت ("ئەرتەش" و "ژانـدارمـری") لە کردەوەکانی نـامـوسڵمانـان و بێگانەکان زانی کە دەبێت بە هەمـوو هێزەوە بسڕدرێنەوە.[٤٠] ئیبراهیمی یەزدی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی کاتیی ئەو سەردەمە لە دیمانەیەکدا دەڵێت:

> سەبـارەت بە کوردسـتان ئێمە لەسەر ئەو بـاوەڕە بـووین کە بەو ڕادەیە شۆڕشی ئیسلامی لە نـاوچەکانی تری ئێرانـدا ڕێخەی داکوتـاوە لەوێدا وەهـا نییە، بە هۆی ئەوەی کە لە کوردسـتانـدا پێشینەی چـالاکی گروپە چەپە نـائایینی یان دژەئایینییەکان زیاتر لە دیکەی گـروپەکان بـووە. کەواتە وامـــانـــزانی کە دەبێت سەرەتـــا کەلەپـــووری شۆڕش بـــگوێزرێتەوە کوردســـتان. هەر بەمبۆنەوە هەنـدێ لە لاوانـمان نـارد بۆ ئەوێ تـاکو کاری کەلەپـووریی بکەن. بە یارمەتی ئەو

هـاوڕێیانەی کە لە کوردسـتان دەمـانـناسین، و پێش شۆڕش پێکەوە هـاوکاریمان هەبـوو وەک دکتۆر مزەفەری پەرتوماه، هەندێ لە پەرتووکە ئیسلامییەکان وەک بەرهەمەکانی مەولانا ئەبوو ئەعەلا مەودوودی وەرگێڕدرانەوە سەر کوردی و لە کوەیت چـاپ و لە کوردسـتان بڵاو کرانەوە. لەڕاستیدا ئێمە واماندەزانی کە بزووتنەوەی کەلەپووری و گۆڕانکاریی لە روانگە ئاییینییەکاندا دەبێت لە نێو برایانی ئەهلی سوننەتیشدا پێکبێت... دووەم ئەوەی کە ئێمە دەمانزانی کە حێزبە چەپەکان لە کوردسـتانـدا چـالاکن بەڵام لە کەمینەدان. کەواتە بە دوای رێگایەکەوە بـووین کە پردێک لێبدەین و لەگەڵ جەستەی سەرەکی کۆمەڵگا و زۆرینەی خەڵک پێوەندی هەڵکەین.[٤١]

هەروەهـــا، بەنی سەدر، یەکەمین سەرۆک کۆمـــاری ئێران، پێش سەرۆکایەتییەکەی کاتێک لە کابینەی بـازرگـانـدا بـوو، لە وتەبێژییەکدا لە خـوڕەم ئـاوا کاتی قـسە لەسەر کوردسـتان و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شاری سنە، لەبۆ کەڵک لێوەرگرتنی سیاسی، خەڵکی کوردی کرد بە دوو بەشی مـوسڵمان و نـامـوسڵمان. بە جۆرێ کە بە پێی رۆژنـامەی "جـمهوری اسـلامی"، ٢٢ی تشـرینی یەکەمی ١٩٧٩، وتـبووی: "... هەرچۆنێک بێت لە ١١ کەس، ٨ کەس لە مـوسڵمانـان و ٣ کەس لە ئەوان هەڵبژێردران. لە ئاکامدا موسڵمانەکان بردیانەوە و کێشەکەش کۆتایی پێهات...." لە کاتی سەرۆک کۆمـــارییەکەیدا، بەنی سەدر لە یەکەمین کۆبـــوونەوەی کۆنـــگرەی شۆڕشی ئیسلامی، رووی دەمی کردبوو لە گروپە چەکدارەکانی کوردستان و بە پێی رۆژنـامەی کەیهان، ٣ی نیسانی ١٩٨٠، وەهـای وتـبوو: "... هەمـوو بـرایانی مـوسڵمانی ئێمە بۆ ئەو کەسـانەی کە ئێوە وەکو مـوسڵمان پێیان دەڵێن جـاش، تەکبیر دەڵێن، حکوومەتی ئیسلامی، حکوومەتی شۆڕشی ئیسلامی قەت رێگە نادات کە ئیسلام لە کوردستاندا غەریو و نامۆ ببێت. بۆ خەڵکی موسڵمانی ئێمە قەبـووڵ نـاکرێت کە مـوسڵمانێتی لە کوردسـتانـدا تـاوان بێت...."[٤٢] ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکی کوردستان لە باری موسڵمان بوونەوە کێشەیەکیان نەبوو.

## چەپی توندئاژۆ و دژایەتی لەگەڵ ئایین

هەرچەنـد بـزووتـنەوەی نەتەوەیی نـوێی کورد زیاتـر لە ژێر تەشەنەی بیری چەپـدا بـووە بەڵام هەندێ لە گروپەکان بە هۆی ئایدۆلۆژیک بوون، زیاتر تووشیاری هەڵەی سیاسی دژایەتی لەگەڵ ئایین ئەویش لەوەها دۆخێک لە کوردستاندا بوون و ئەو هەلەیان رەخساند کە وەک ئامرازێک لە دژیان بەکار بهێنرێت. ئەوان کە بە کردەوە سیاسەتیان لە ئـاڕاسـتەی ئـایدۆلۆژی خۆیانـدا پێناسە دەکرد، نە تەنیا لەو رێگایەوە یارمەتییەکیان نەدا بەڵکو بـــوونە هۆی سەرهەڵدانی دوژمنیی و دژایەتی تـونـدی رەوتـگەلێکی دژبەری خۆیان بەتـایبەت رەوتە ئیسلامییەکان. ئەم

گـروپــانە بە هۆی ئەوەی کە کەڵکەڵەی سەرەکییان پــرسی کورد و مــافی نەتەوەیەک نەبــوو و کۆمەڵگای نەریتی کوردســـتانیش فـــاکتەرە لەبەرچـــاوگیراوەکانی ئەوانی وەک کۆمەڵگایەکی دەسـمایەداریی و کرێکارانی پیشەسـازیی نەبـوو و کۆمەڵگای گـونـدنشینیش لە ژێر کاریگەریی ئـاییندا بـوو، و هەروەهـا تـوانـای خۆمـاڵیکردنی هـزریی چەپیان نەبـوو، نەیانـتوانی پێگەی ئاپوورەیی پێویست دەستەبەر بکەن.

هەندێ لەم گروپانە گەرچی وەک دەگمەنییەک لە سەرەتاوە نزیک بوونەوە لە شێخ عێزەدین حوسێنی، بۆ نموونە نووسینگەکەی لە ئەندامانی رێکخراوی "کۆمەڵە" (لەو کاتەدا) پێکهاتبوو[٤٣]، بەڵام بە توندی لە دژی ئایین بوون. تا شوێنێ کە حێزبی دێمۆکراتیان تۆمەتبار دەکرد بەم بابەتە کە هەڵوێستی لەسەر ئیسلام دیار نییە و دەیانـــگوت: "ئەوان کاتێک لەگەڵ ئێمە قـــسە دەکەن، دەڵێن ئێمە سۆسیالیزمـــمان دەوێت، هەمـــوو رۆژانی هەیینیش لە رادیۆکەیانەوە بەرنـــامەی مەلایەک بڵاو دەکەنەوە کە لە ئیسلام دەڵێت." هەروەهـــا پـــاش ئەوەی کە حێزبی دێمۆکرات چـووە نـاو "ئەنـجومەنی نیشتمانی بەرگری" (رێکخراوێکی چەتری دژبەری حکوومەتی ئێران)، کۆمەڵە ئەو رەخـنەی لێ هەبـوو کە هەروەهـا بـنەمـای کۆمـاری ئیسلامی قـبووڵ کردووە لەبەر ئەوەی کە لە بەڵگەنـامەی ئەنـجومەنـدا هـاتـبوو کە بەنی سەدر سەرۆک کۆمـاری ئیسلامییە.[٤٤] سەرەڕای ئەوە، قەڵشتی سیاسی و ئـایدۆلۆژیک لە بەرانـبەرکێی ئەم گـروپە چەپـانە (تـوودە، چـــریکە فەداییەکان و کۆمەڵە) لەگەڵ رەوتی مەکتەبی قـــورئـــانـــدا زیاتـــر دەردەکەوێت کە لەڕاســتیدا بــواری پێویستی بۆ سیاسەتی کەڵکوەرگــرتــن لە نــاکۆکی و دژایەتییەکان لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە دابین کرد کە لە بەشەکانی دواتردا زیاتر روون دەکرێنەوە.

## حێزب و گرووپە میانەڕەوەکان و راهاتن لەگەڵ ئایین

رەچـاونەکردنی نـاسێنەی نەتەوەیی لەلایەک و جەختی نـاڕێک لەسەر ئـایین و بە ئـامراز بـوونی ئەوە لە رێگای سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی لەلایەکی تـرەوە، دەبێتە هۆی لاوازبـوونی پێگەی ئایین لە کۆمەڵگادا. تێکەڵبوونی ئایین لەگەڵ گەمەی سیاسی لە دواییدا دەبێتە هۆی لاواز و بێ بڕوا بوونی ئایین.[٤٥] لە کوردستاندا لەلایەک گروپە سیاسییەکان نەیانتوانی لە کردەی سیاسی–کۆمەڵایەتی ئـایین کەڵکی پێویست وەرگرن و لەلایەکی تـرەوە لەلایەن هەنـدێ رەوتەوە، ئـایین تێکەڵی گەمەی سیاسی بـــوو. وێرای ئەوە لە ســـووچی سێهەمی سێگۆشی هێزە سیاسییەکان (چەپ، ئیسلامی، میانەڕەو) لە کوردستاندا هەندێ گروپی میانەڕەو هەبوون کە وێرای نائایینی یان چەپ بـوون، دژەئـایین نەبـوون و نەیانـویست هەسـتی ئـاپۆرەی خەڵک لە دژی خۆیان

بــزوێنن. بۆیە نــاکۆکی نێوان کەســانی ئۆگــری ئــایین و نەتەوەخــوازانی نــائــایینی و چەپی میانەڕەو، بە شێوەی بــاسە دیسکۆرسی و گــوتــارییەکانی نێوان ئیسلام و نــاسیۆنــالیزم سەریهەڵنەدا. رەنــگە یەکێک لە هۆیەکانی هێور و نێوەنجی بــوونی ئەم نــاکۆکییە نــزیکی بیری هەر دوو رەوتەکە لە یەکتری واتە نەتەوەیی بــوونی رەوتی ئــایینی و دژەئــایین نەبــوون و میانەڕەویی رەوتی نەتەوەیی بێت. ئەمــانە وێرای ئەوەی کە لە ئــایین وەک ئــامــراز کەڵکیان وەرنەدەگــرت، کردەی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئــایینیان رەچــاو دەکرد و دەیانەویست لانیکەم تێگەیشتنێکی راستەقینەیان لە کۆمەڵگای خۆ هەبێت.

دەکرێ لە حێزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک گروپێکی میانەڕەو نـاو ببرێت. ئەم حێزبە لە گەڵاڵەی خـودمـوخـتاری بۆ کوردسـتان بڵاوکراوە لە رۆژنـامەی "ئیتلاعـات"، ٣ی ئـازاری ١٩٧٩، سێکیولاریزمی (بـریتی لە جیایی دەوڵەت لە ئـایین، ئـازادی بـاوەڕی ئـایینی و بەرابەری هەمـوو ئـایینەکان لە بەرانـبەر یاسـا و نەبـوونی هەڵاواردنی رەگەزی-ئـایینی) پێشبینی کردبـوو.[٤٦] بۆ نموونە دەکرێ بە هەڵوێستی دکتۆر قاسملوو سەبارەت بە ئیسلام لە قسەکانیدا ئاماژە بکرێت. ئەو وێرای بـــاوەڕی تـــاکەکەسی خۆی و هەروەهـــا حێزبەکەی بە کۆمـــاری دێمۆکراتیک، بە لەبەرچاوگرتنی دەرەتانی زاڵ بە سەر وڵاتدا، بەپێی رۆژنامەی ئیتلاعات رێکەوتی ٢٢ی شوباتی ١٩٧٩، وتــبووی: "داخـــوازیی خەڵکی کورد لە نـــاو کۆمـــارێکی ئیسلامیدا، بە ســـاکاری دەکرێ چـارەسەر بکرێت. داخـوازییەکانی ئێمە جۆرێکە کە هیچ دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ لەوانە دەوڵەتێ کە ئێستا لەسەر دەسەڵاتە، نـــاتـــوانێت ئەوانە رەت بکاتەوە." و دژایەتی دواتـــری ئەوان لەگەڵ "کۆماری ئیسلامی" و بەشداریی نەکردن لە رێفراندومدا بە هۆی روون نەبوونی ناوەڕۆکەکەی بـوو.[٤٧] هەروەهـا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنـامەی ئیتلاعـات (٣١ی ئـازاری ١٩٧٩) سەبـارەت بە پێوەندیی حێزب لەگەڵ رێبەرانی ئایینی کوردستان دەڵێت:

هەڵسوکەوتی ئێمە سەبـارەت بە هەر رێبەر و هەر کەسـایەتییەکی سیاسی زۆر سـادەیە. ئەگەر ئەو رێبەرە ئـــایینی یان سیاسییە لە بەرژەوەنـــدییەکانی گەلی کورد و دیکەی گەلانی ئێران داکۆکی بکات و لە چوارچێوەی دروشمی سەرەکی ئێمە "دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردسـتان" چـالاکی بکات، حێزب ئـامـادە دەبێت بۆ هـاوکاری لەگەڵ ئەو رێبەرە ئـایینی و سیاسییە. سەبــارەت بە رێبەرانی ئــایینی ئێستاکە، مــن بۆخۆم تــاکو ئێستا نەگەیشتوومەتە خـزمەتی بەڕێز ئەحـمەدی مـوفتیزادە و نـاسیاریم لەگەڵی نییە بەڵام بیروڕای ئێمە سەبـارەت بە ئــایەتــوڵڵا عێزەدین حــوسێنی هیچ نەگۆڕاوە و ئەو شیاویەتی نــوێنەرایەتی لیژنەی خەڵکی کوردستانی بۆ وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت هەیە.[٤٨]

لە بڕیارنـامەی حێزبی دێمۆکرات پێشکەشکراو لەلایەن نـوێنەری حێزب لە کۆنفڕانسی سـنە کە لەلایەن مـــوفتیزادەوە بەڕێوەچـــوو (گەرچی بە هۆی راوێژ نەکردن لەگەڵیان حێزب بۆخۆی بەشداریی نەکردبـوو)، وێرای ئـامـاژە بە مـافی خـودمـوخـتاری و فێدراتیڤ بۆ نەتەوەی کورد و دیکەی نەتەوەکان، وترابوو کە: "... ئەوەی بۆ گەلی کورد گرنگایەتی هەیە ناوی کۆمارەکە نییە، بەڵکو ناوەڕۆکی ئەوەیە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەو داخوازییە بنەڕەتییەی خەڵکی کوردستان [خودموختاری بۆ کوردستان] قەبووڵ بکات، بێ گومان خەڵکی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی پشـــتیوانی دەکەن."[٤٩] لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنـــامەی کەیهان، ٢٧ی تشـــرینی دووەمی ١٩٧٩، قاسملوو دەڵێت:

... گەلی کورد نە لە دژی ئیسلام راپەڕیوە و نە لە دژی کۆمـــاری ئیسلامی، بەڵکو تەنیا و تەنیا لە مـــافی رەوای خۆی بەرگـــری دەکات و ئەوانیش بەپێی ئەرکی ئیسلامی و مـــرۆیی و نیشتمانی خۆیان دەبێت لەم مـــافە رەوایەی خەڵکی کوردســـتان داکۆکی بکەن.... ئێمە نە تەنیا بـــاوەڕی دژەئـایینیمان نییە بەڵکو هەروەهـا کە دەزانـن زۆربەی خەڵکی کوردسـتان مـوسڵمانـن و حێزبی ئێمە لە قووڵایی کۆمەڵگای کوردستانەوە سەریهەڵیناوە، زۆربەی ئەندامانی ئێمەش موسڵمانن، بـاوەڕی قـووڵیشیان بە بـنەمـاکانی ئیسلام هەیە. ئێمەش وەک حێزبێکی سیاسی بـاوەڕمـان بەو ئیمانە قووڵەی خەڵکی کوردستان هەیە....[٥٠]

هەروەهـــا لە دیمانەیەک لەگەڵ هەواڵنێران سەبـــارەت بە پێوەنـــدیی کۆمـــاری ئیسلامی و خودموختاری چاپکراو لە رۆژنامەی ئیتلاعات، ١٠ی ئازاری ١٩٨٠، ئاماژەی کردبوو کە: "ئەوەی بۆ ئێمە گـرنـگە نـاوەڕۆکی کۆمـاری ئیسلامییە. ئەگەر کۆمـاری ئیسلامی ویست و داخـوازییەکانی ئێمە مسۆگەر بکات ئێمە لە چـوارچێوەی کۆمـاری ئیسلامیدا دەمێنینەوە. ئەوەی دوێنێ ئێمە لە قـسەکانی ئیمام تێگەیشتین و خۆمـانیش لەسەر ئەو بـاوەڕەین ئەوەیە کە نـاکۆکییەک لە نێوان پـرسی خـودموختاری و رەژیمی کۆماری ئیسلامیدا نییە."[٥١] ئەو لە وتەبێژییەک لە مەهابادیشدا وتبووی: "... هەروەهـا رێگە بـدەن لێرەدا رابگەیەنـم کە پێرێ، دوو رۆژ پێش، لەلایەن 'عەلـلامە نـــووری'یەوە – کە لەلایەن بەنی سەدرەوە وەک نـــوێنەری تەواو دەسەڵاتـــدار بۆ وتـــووێژ لە کوردســـتان هەڵبژێردرابـــوو – پەیامێک بۆ ئێمە نێردرا، لەو پەیامەدا دەڵێن: ئـاخۆ ئەگەر وشەی ئیسلامیش بلکێنین بە وشەی خودموختارییەوە کە گەلی کورد زۆر ئۆگرییان پێیەتی، رای ئێوە چییە؟ ئێمە لێرەوە رادەگەیەنین کە گەلی کورد زۆرینەی مـــوسڵمانە و ئەگەر خـــودمـــوخـــتاری ئیسلامی بە گەلی کورد بدرێت، قەبووڵی دەکات و خۆشحاڵیش دەبێت."[٥٢] قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بۆ پاکژکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە، دەبێت هەموو هێزە دژە ئیمپریالیستییەکان لە ئێراندا، هێزە سەرەکییە شۆڕشگێڕەکان – ئایینی و نائایینی – بەڕاستی یەکگرن.[٥٣]

بەوەشەوە، کردەی سیاسی ئـایین و بەتـایبەت لایەنی بـان نەتەوەیی ئەوە لەم وتـانەی دکتۆر قـاسـملوودا زیاتـر دەردەکەوێت: "دەبێت لە رۆژهەڵاتی نـاوین هـاوپەیمانـمان هەبێت. ئەم هاوپەیمانانە تەنیا نەتەوە نەبن بەڵکو دەوڵەتیش بن. بەڵام ئەمە ئەورۆکە بۆی نییە. بۆ نموونە ئەم هاوپەیمانە ناتوانێت لیبیای قەزافی بێت، بەڵام دەکرێ عەرەبستانی سعوودی پاڵپشتیمان لێ بکات، ئەم وڵاتە تەنیا وڵاتی عەرەبییە کە لەسەر ویلایەتە یەکگرتـووەکان کاریگەرە و تەنیا وڵاتێکیشە کە نرخی نەوتی بۆ گرنگ نییە، تەنیا وڵاتی ناوچەکەشە کە کوردی تێدا ناژیێت."[٥٤] ئەم وتەیە پیشانـدەری ئەوەیە کە حیزبی دێمۆکرات ئـایدۆلۆژیک بیر نـاکاتەوە، و بە دوای سیاسەتی هەڤاڵ دۆزینەوە بۆ گەلی کورد بـووە. بۆیە قـاسـملوو سەرنجی بەرەو عەرەبسـتان رادەکێشرێت، کە ئەمەش یەکێک لە رێگاکانی هـاوبەشی ئـایینییە. لێرەدا گـرنـگایەتی ئـایین و کەسایەتییە ئاینییەکان دەردەکەوێت و بەو پرسیارەوە رووبەڕوو دەبینەوە کە ئاخۆ عەبدوڵڵامە ئەحـمەدی مـوفتیزادە نەیدەتـوانی لە بەرەی کوردسـتانیدا، ئەم پێوەنـدییە هەڵکات؟ ئەو کە لە کۆنفڕانسی تـائیفدا دوو نـوێنەری هەبـوو و هەروەهـا لەلایەن حکوومەتی نـاوەنـدییەوە دواتـر بوختان و تۆمەتی ئەوەی لێدرا کە شوورای "شمس"ی لە ئاڕاستەی ئامانجەکانی کۆنفڕانسی تائیفدا دامەزراندووە (هەرچەند لەلایەن مەکتەب قورئانەوە نکۆڵی لێکراوە و تەنانەت هەندێ کەس کۆچ نەکردنی عەبدوڵڵامە بۆ کرماشان لە جیاتی دەرەوە، بە هۆی ترس لە تۆمەتباربوون بە وەهـابییەت دەزانـن). بە ئەگەری زۆرەوە هەبـوونی رەوتە ئـایینییەکان لە پەنـای رەوتە میانەڕەوەکاندا و هاسانگرتنی زیاتر لە وەها هەلومەرجێکی هەستیاردا، لەلایەک دەیتوانی بە قازانجی پرسی نەتەوەیی لە کوردستان بێت و لەلایەکی ترەوەش لە دژایەتی ئایدۆلۆژیک کە بە قازانجی حکوومەتی ناوەندی بوو، بەرگیری دەکرد.

## مەکتەبی قورئان و پرسە سیاسییەکانی کوردستان

لە کوردسـتانـدا هەنـدێ گـروپ ئـایینیان کێشایە نـاو گەمەی سیاسییەوە، گەرچی لە کردەی سیاسی ئایین لە ئاڕاستەی مافی نەتەوەی کورددا کەمتر کەڵک وەرگیرا. یەکێک لە یەکەمین و گرنگترین گروپەکان مەکتەبی قورئان، دامەزراو لەلایەن ئەحمەدی موفتیزادەوە، بوو. ئەوان لە کوردسـتانـدا وەک "مەکتەبی" یان "کاک ئەحـمەدی" نـاسـراون. لێرەدا بە کورتی ئـاورێک دەدرێتەوە سەر ئەم رەوتە و چالاکی و بیرۆکە سیاسییەکانی.

## ١. موفتیزادە و دامەزرانی مەکتەبی قورئان

لەم بەشەدا پێش هەر شتێک پێویستە کە ئاماژەیەکی کورتمان بۆ ژیاننامە و چالاکییەکانی ئەحمەدی موفتیزادە ناسراو بە عەللامە موفتیزادە یان کاک ئەحمەد، وەکو دامەزرێنەر و رێبەری ئەم رەوتە، هەبێت. کاک ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٣ لە سنە و لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایک بوو. هەر لە منداڵییەوە خەریک بوو بە خوێندنی زانستە ئایینیەکانەوە. لە هاوینی ساڵی ١٩٤٨ بۆ فێربوونی مەعاریفی ئیسلامی و وێژەی عەرەب دەچێتە مەریوان. لە هاوینی ساڵی دواتردا (١٩٤٩) دەچێتە کوردستانی باشوور و هەر بەو مەبەستەی پێشوو ٢ ساڵ لەوێدا دەمێنێتەوە کە دەبێتە هۆی بەهێزتربوونی نەتەوەخوازیی کوردی لەودا. لە تەمەنی ١٧ یان ١٨ ساڵانیدا لەلایەن باوکییەوە وانەوتنەوەی خوێندنگەی "دارالاحسان"ی پێ دەسپێردرێت کە هەموو حەوتەیەکیش پێش نوێژی هەینی زنجیرە باس و وتەبێژیگەلێکی پێشکەش دەکرد. لە ١٩٥٧–٥٨ دا دەڕواتە تاران. وێرای کار لە رادیۆ کوردی تاران، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری قانی رۆژنامەی "کوردستان" وەردەگرن کە لە ١٩٥٩ دا دەردەچێت و لەسەری کار دەکەن. لە ساڵی ١٩٥٩–٦٠ خەریکی چالاکی دەبێت بۆ پەسەندی کورسی فیقهی چوار ئایینزاکە لە زانینگەی ماف و یاسا. لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١–١٩٦٢) راگەیندراوێک بە ناویەوە بۆ وانەوتنەوە لە زانکۆ دەردەچێت کە ساواک بەرگیری لێدەکات، بەڵام بە وتەی خۆی بۆ وتنەوەی بنەماکانی فیقهی ئایینزاکان چووبووە زانینگەی یاسای زانکۆی تاران... و لە پەنای ئەوەدا (١٩٥٩–١٩٦٣) لە زانینگەی ئیلاهییات خەریکی وتنەوەی فەلسەفەی ئیسلام ببوو.[٥٥] هەر لەو سەردەمانەدا بووە کە لەگەڵ چالاکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە تاران پێوەندیی دەبێت.

لە ساڵی ١٩٦٣ بەرنامەی رادیۆ و رۆژنامە کوردییەکەی دادەخرێت. بە رووداني راپەڕینی ١٥ی جۆزەردان گۆڕانی هزریی لەودا پێکدێت. هەر لەم ساڵەدا، بە هۆی بابەتەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەخوازیی کوردی دەگیردرێت و پێنج مانگ دەکەوێتە بەندیخانەی "قزل قەلعە". لەم ماوەدا لەگەڵ هەندێ لە مەلایانی شۆڕشگێڕی شیعە دەبێت بە ناسیار. پاش ئازاد بوونی، لە کۆتایی پاییزی ١٩٦٤دا دەگەڕێتەوە سنە. لە ساڵی ١٩٧٢ دا وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی نووسەرانی رادیۆ سنە دادەمەزرێت. چالاکی رادیۆی لە ساڵی ١٩٧٤–٧٥ دا هەڵدەوەشێتەوە و خەریک دەبێت بە پیشەی ئازادەوە (گرێبەستکاری و دامەزرانی کۆمپانیای بینا و ماڵکردنەوە لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی). و هەر لەم ساڵانەدا (١٩٧٦–٧٧) بەرپرسیارێتی مەحکەمەی شەرعی کوردستانیش (بە ئەگەرەوە خەڵکیی و نادەوڵەتی) بە ئەستۆ دەگرێت. لە ١٩٧٧ دا یەکەمین چڵی مەکتەب قورئان (لە سەرەتاوە مەدرەسەی قورئان) لە مەریوان دادەمەزرێنێت. پاش ئەوە لە ١٩٧٨ مەکتەب قورئانی سنە دادەمەزرێنێت کە قانەکەی لەلایەن فەرمانگەی

فێرکردن و بارهێنانەوە (پەروەردە) دەدرێت بە "بابا مەردۆخی رۆحانی". لە ١٩٧٩ دا سەرقاڵی پـــرس و کێشەکانی شۆڕش دەبێت. بە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران، کۆمیتەی شۆڕش دادەمەزرێنێت کە لە بینای پارێزگاریی سنەدا جێگیر دەبن. لە ٦ی ئازاری ١٩٧٩ دا حیزبی "موساواتی ئیسلامی" دادەمەزرێنێت. لە ١٨ی ئازاری ١٩٧٩ دا لە کۆبوونەوەی رێبەرانی ئایینی کورد لە سەقزدا بەشداریی دەکات. لە ١٠-١٢ حوزەیرانی ١٩٧٩ دا کۆنفرانسی خودموختاری لە سنە بەڕێوە دەبات. لە ٢ی ئابی ١٩٧٩ دا لە خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خێبرەگان پـــاشـــگەز دەبێتەوە، گەرچی دواتـــر تێیدا بەشـــداریی دەکات. لە ئەیلولی ١٩٧٩ دا زنجیرەیەک وتەبێژیی لە "حوسەینییەی ئیرشادی" تاران بەڕێوە دەبات (سەرەتای وەرزێکی نوێ لە ژیانی سیاسی). لەگەڵ هەندێ لە بنەماکانی یاسای بنەڕەتی بەتایبەت بنەمای ١٢ دژایەتی دەکات کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی "شوورای مەرکەزی سوننەت" (شمس) و دوابەدوای بانگهێشتنامەی ١٣ی ئـــازاری ١٩٨١، لە ٣١ی ئـــازار و ١ی نیسانی ١٩٨١ دا ئەم شـــوورایە بە بەشـــداریی مەلا و کەسایەتییەکانی ئەهلی سوننەت لە تاران پێکدێت کە تێیدا بڕیارنامەیەکی ١٦ خاڵی پەسەند دەکرێت. لە ٥-٦ی ئابی ١٩٨٢ دا ساڵوەگەڕی دامەزراندنی شوورا لە کرماشاندا بەڕێوە دەبات. لە ٩ی ئەیلولی ١٩٨٢ دا لە تاران قۆڵبەست دەکرێت و دەخرێتە بەندیخانە. دەرەنجام پاش ١٠ ساڵ بەندیخانە لە ٤ی ئابی ١٩٩٢ ئازاد دەبێت و لە ٨ی شوباتی ١٩٩٣ دا کۆچی دوایی دەکات. بێجگە وتەبێژییەکان، وتـــارەکان و دیوانی هۆنـــراوەکان و... دوو بەرهەمی لێ بەجێ مـــاوە: "کورتە باسێک لەسەر حکوومەتی ئیسلامی" و "سەبارەت بە کوردستان".

### ٢. رەوتی مەکتەب و بیرۆکەی پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی

بەپێچەوانەی رەوتە ئیسلامییەکانی دیکەی نـــاوچەکان و بۆچـــوونی نـــاکۆکی ئەوان لەسەر نەتەوە، بۆ وێنە لە هێندســـتان لە ژێر کاریگەری هەنـــدێ بیرمەنـــدی مـــوسڵمان وەک ئێقباڵی لاهووری و ئەبوو ئەعلا مەودوودی و دیتران یان لە وڵاتانی عەرەبی لە ژێر کاریگەری کەسانێ وەک رەشید رەزا بیرمەنـدی ئیسلامی سووری کە لە سەرەتـادا ئیسلامیان لەگەڵ نـاسیۆنـالیزم تێکەڵ کرد و دواتـــر دەســـتیان دایە سەرکۆنە و لۆمەی نـــاسیۆنـــالیزم بە نـــاوی ئیسلامەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیکەی رەوتە ناسیۆنالیستەکان[٥٦]، ئیسلامخوازانی کوردستان لە بەرانبەر پان ئێرانیزم و شۆڤێنیزمی فـــارســـدا لە کاتێکدا کە پێویست بـــوو بە کردەوە داکۆکییان لە ناسیۆنالیزمی کورد نەکرد و لایەنی حکوومەتی ناوەندییان گرت لەبەر ئەوەی کە زۆر زووتر لە وادە روویان کردبـــووە ئیسلامی سیاسی. کە ئەمە خۆی دوو هۆی گـــرنگی هەبـــوو: یەکەم،

سەردەمی چـــالاکی ئەمـــانە لە ژێر کاریگەریی قۆنـــاخی دووەمی ژیانی بیرمەنـــدان و ڕەوتە ئیسلامییەکان واتە ئیسلامخوازیی لەو وڵاتانەیدا بوو کە قۆناخی ناسیۆنالیزمیان تێپەڕاندبوو و ئەوانەش لە ژێر کاریگەری کەشی ئیسلامی ئەو وڵاتـــانەدا بـــوون. دووەم، لە ئێرانیشدا کەوتبوونە بەر کاریگەری کەشی ئیسلامی سیاسی باو. وێڕای نەتەوەیی-ئایینی بوونی ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان، ئەم هۆیانە ببوونە هۆی زاڵیەتی و هێژمۆنی هزریی ئایینی لەواندا.

لاوازی ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانی ناوچەکە لە بەرانبەر هێزی ڕێکخراوەیی و ئایدۆلۆژیکی ڕەوتە مارکسیستییەکان وەک حێزبە کۆمونیستەکان لەوانە حێزبی توودە لە ئێراندا، ئەو داواکارییەی ئیسلامخوازانی بەهێزتر دەکرد کە تەنیا گوتاری ئیسلامی دەتوانێت مارکسیسم وەک ڕەوتێکی دژەئایینی و دژەنەتەوەیی لە گۆڕەپان بخاتە دەرەوە.[٥٧] ئەمە لەسەر ڕەوتی ئایینی کوردستانیش کاریگەریی هەبـوو. لە کاتێکدا کە نـاسیۆنـالیزم لە کوردسـتانـدا بەپێچەوانەی شـوێنەکانی تـر گـرێدرابـوو بە ڕەوتە چەپەکانەوە، بەڵام دیسان ڕەوتە ئیسلامییەکان لە ژێر کاریگەری ئیسلامی سیاسی وڵاتـــدا لە بەرانـــبەر چەپـــدا هەڵوێستیان گـــرت کە لەڕاســـتیدا هەڵوێستی سیاسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بـــوو. بەڵام ئەم زاڵییەتییەی لایەنی ئـــایینی هەروەهـــا کە کاک حەسەنی ئەمینی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری "چـــشم انـــداز" (٢٠٠٦)، سەبـــارەت بە دۆڕانی سیاسی چـــالاکییەکانی شـــوورای "شـــمس" دەڵێت، کۆتـــاییەکی بـــاشی نەبـــوو. ئەو دەڵێت: "... بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی ئەو دەم بە جێی گوێدان بەم ویست و داخـوازیانە و هەنگاو هەڵێنان بۆ بەدیهێنانی ئەوانە، دەســـتیان دایە سیاسەتی هەڕەشە و تـــونـــدوتیژیی...." بەمجۆرە، مەکتەب قـورئـان لەو کاتەدا بە جێی نـزیک بـوونەوە لە نـاسیۆنـالیستە کوردەکان تەنـانەت گەر بە شێوەی کاتیش بـــوایە و لەبۆ پـــارێزکاریی سیاسی، بڕوای بە حکوومەتی نـــاوەنـــدیی کرد. بۆیە ئەوان نەیانتوانی لە تەشەنەی خۆیان لە نێو ئـاپـوورەی خەڵکدا بۆ چـارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی و بە پێڕەوی لەوە ستەمی ئایینی لانیکەم لە ناوچەکەدا، کەڵک وەرگرن.

سەبـارەت بە پێوەنـدیی ئـایین و نـاسیۆنـالیزم دەبێت بـوترێت کە: یەکەم، ستەمی ئـایینی تەنیا پێوەندیی بە نەتەوەی کوردەوە نییە. دووەم، کوردەکان تەنیا مـوسڵمان و سـونـنە نین بەتـایبەت کە لە کوردسـتـانی ئێرانـدا کوردی شێعەش زۆرن. سێهەم، تەنیا پشـت بەسـتن بە سیاسەتێک بۆ بەرابەری ئایینی لە ئێراندا وەڵامدەر نییە. چوارەم، چارەسەری ستەمی ئایینی بێ چارەسەریی سـتەمی نەتەوەیی وەک کێشەی سەرەکی، بۆی نییە و ئەم دووانە لە پێوەنـدیدان بەتـایبەت کە نـاوچە سـونـنەنشینەکانی کوردسـتـان خـاوەن ئـاگـایی سیاسی-نەتەوەیین و کەواتە زاڵیەتی سیاسەتی ئایینی بە کردەوە کارامەیی نییە. پێنجەم، چالاکی ناسیۆنالیستی و دواتر پێکهێنانی

حکوومەتی ئیسلامی عەلـلامە، نـاکرێت لەگەڵ زانـایانی ئیسلامی هێند و عەرەبەکان بە یەکێک بـزانـرێن لەبەر ئەوەی کە ئەوان لە نـاسیۆنـالیزمـدا بە ئـاکام دەگەیشتن و پـاشـان ئەم گۆڕانەیان تێدا پێکدەهـات، بەڵام بـزووتـنەوەی نـاسیۆنـالیستی کوردسـتان هێشتا ئـاکامەکەی دیار نەبـوو. کەواتە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، لێرەدا پێویستە زاڵیەتی ئایدۆلۆژی ئایینی لە بیری عەلــلامە مــوفتیزادە وەکو نــوێنگەیەک لەم زاڵیەتییە لە رەوتی مەکتەبــدا بە گشــتی، لێکبدرێتەوە. لەڕاستیدا، کاک ئەحمەد زۆر زوو ناسیۆنالیزمی پێش شەستەکانی (دەیەی ١٩٦٠ی) خۆی نـایە لاوە، لە کاتێکدا ئەم بـابەتە دەبـوا بخـرایەتە پـاش چـارەسەریی پـرسی کورد. لایەنی نەتەوەخـوازیی عەلـلامە تـا سـاڵی ١٩٦٣ و کەوتـنە گـرتـنگە و پێوەنـدیی لەگەڵ راپەڕینی ١٥ جۆزەردان و هەنـدێ لە مەلایانی شێعە درێژەی هەبـوو. هەڵبەت لەم سـاڵانەدا هـاوکات لەگەڵ پـرسی نەتەوەیی کوردیی بۆ سڕینەوەی کۆنەپـارێزیی و لادانەکان لە شێعە و سـونـنەدا هەوڵی دەدا بەڵام گرنگایەتی زیاتری بە پرسی نەتەوەیی دەدا. لەم پێوەندییەدا دەڵێت: "بە ئاوات بووم کە هەم لە رێگای وتەبێژیی و بــاسە ئــایینی و وێژەییەکان لە رادیۆ و هەم لە رێگای بڵاوکراوەیەکی کوردییەوە خــزمەت بکەم بە زمــان و وێژەی سەرکوتکراوی کورد."[٥٨] لە ســاڵی ١٩٦٣ بە دواوە، رێبازەکەی دەگۆڕدرێت بۆ ئــارمــانــخوازیی ئیسلامی. لەمــبارەوە خۆی دەڵێت: "کاتێ کە ئـاگـری شۆڕش لە جۆزەردانی (حـوزەیرانی) ١٩٦٣ دا گڕی هەڵسا، لە شەقـامی نـاسـر خەسـرەودا بـووم، بـوێری خەڵک و جەنـایەتی رەژیمی پـاشـایەتیم لە نـزیکەوە دیت. سۆزێ کە دیمەنەکانی ئەو رۆژە خستییە دڵمەوە، گۆڕانێکی گشتی لە شێوازمدا پێکهێنا، بەر لەوە هەوڵ و تێکۆشانم زۆرتر لە بەرەنگاربوونەوەی کۆنەپارێزیی ئایینی و بە بۆنەی ستەمی نەتەوەیی و لە خـزمەت کردن بە کەلەپـووری کوردیدا کورت دەبـووەوە و پێوەنـدییەکم بە خەبـاتی ئێرانەوە نەبـوو."[٥٩] ئەو سەبـارەت بە گۆڕانە هـزرییەکەی لە راگەیندراوی ١٢ی ئـابی ١٩٨٠ وەهـا دەڵێت: "و دیسانەوە سوپاس بۆ خوا کە پاش ساڵانێک، هەلومەرجێک دابین بوو کە پەیم برد بە رواڵەتی و ئاستیی بوون و بێ ناوەڕۆک بوونی کردەوەکانی رابردووم و لە ساڵی ١٩٦٤ بەملاوە بڕیامدا کە هەر ئەو هێڵەی رێگای سەرەکی شۆڕشی ئیسلامی کە حەزرەتی مــحەمەد (د.خ) کێشابــووی بـگرمە بەر... و هەر لەو سـاڵەوە، بەرنـامەی خۆمـم لەگەڵ ئەو هێڵەی رۆشـتن گـونـجانـد و کارم سـنووردار کردەوە بە رۆشـتن لە ئـاڕاسـتەی بـارهێنانی مـوسڵمانـانی مەکتەبی و بـانگهێشتی ئیسلامی راستەقینە و گەیاندنی پەیامی قورئان بە موسڵمانانی نامۆبوو لە قورئان."[٦٠] دیسان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی "ئیتلاعات"، رێکەوتی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٧٩، گۆڕانە هزرییەکانی وەهـا شـرۆڤە دەکات: "لە سـاڵی ١٩٦٣ دا پـاش داخسـتنی رۆژنـامەی "کوردسـتان" زیاتـر لە پێنج مانگ کەوتمە بەندیخانەی قزل قەلعە و پـاش تێپەڕانی مـاوەیەک کە بۆم بڕابووەوە بۆ درێژەی

خەبات گەڕامەوە سنە. هەر لەم کاتەدا تێگەیشتم کە ئیسلام و نەتەوایەتی لەگەڵ یەکتر ناکۆک نین و خەباتەکەم لەسەر هەر ئەم بناخەیە دانا."[٦١] هەروەها لە دیمانەیەکی تردا لەگەڵ رۆژنامەی کەیهان، ١٥ی حــوزەیرانی ١٩٧٩، لە وەڵامی پــرسیارێکدا سەبــارەت بە هەڵوێستی لە بەرانــبەر حێزبی دێمۆکراتدا دەڵێت: "هەڵوێستی من لە ساڵانی پێشەوە تەنانەت پێش ساڵی ١٩٦٣ روون بـــوو، هەمـــوو هەوڵی مـــن بۆ بـــووژانـــدنەوەی ئیسلامی راســـتەقینە چ لە ئێران و چ لە دەرەوەیە...."[٦٢]

لە مەرامنامەی حێزبی موساواتی ئیسلامی (٦ی ئازاری ١٩٧٩) کە بریتی لە ٦ خاڵ بوو و لەلایەن کاک ئەحمەدەوە نووسرابوو، لە خاڵی دووەمدا وەها نووسراوە کە: "لە کۆمەڵگای ئێسلامی ئێراندا، دەبێت مافە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کەلەپووریی و کۆمەڵایەتی بۆ هەمـوو نەتەوە مـــوسڵمانەکانی ئێرانی، بە شێوەی بەرابەر مسۆگەر ببێت و هەمـــوو بە مەرجی جێبەجێکردنی رێکی یاســـا و رێسا ئیسلامییەکان، ئـــازادی و دەسەڵاتی تەواویان لە چـــوارچێوەی ئێرانی یەکپارچەدا هەبێت (ئەم بـابەتە دیکەی نەتەوە مـوسڵمانەکانیش لە چـوارچێوەی وڵاتـانی تـردا لەبەردەگرێت). بەپێی ئەم بنەمایە هیچ نەتەوەیەکی موسڵمان لە هیچ بارێکەوە بە سەر ئەوانی تـردا پێشترێتی نییە...." و لە خـاڵی ٥ دا وەهـا هـاتـووە کە: "ئەنـدامەتی لە حێزبی مـوسـاواتی ئیسلامیدا، تـــایبەت بە یەک نەتەوە یان شـــوێن نییە، بەڵکو هەر کەسێک لە هەر شـــوێنێکی جیهانەوە و بە هەر نەتەوایەتییەکەوە کە پێبەنـــدی ئەم بـــنەمـــایانە بێت و بیەوێت لە رێگای جێبەجێکردنیانـدا خەبـات بکات، دەتـوانێت ببێتە ئەنـدامی ئەم حێزبە."[٦٣] لەم مەرامـنامەیەدا هەرچەنـد ئـامـاژە بە مـافی نەتەوەکان دەکرێت بەڵام ئـارمـانـخوازیی ئیسلامی و جیهانی و گشـــتگیر بـــوون تێیدا بە روونی زەق بـــووەتەوە کە ئەمەش بۆ حێزبێکی ئیسلامی جێی سەرسووڕمان نییە و لێرەشدا باسی چاکە یان خراپە بوونی وەها بیرۆکەیەک نییە، بەڵکو باسی ئـارمانـخوازانە یان واقیعخوازانە بوونە و هەروەهـا ئەوەی کە چەنـدە ئـایین و بە پێڕەوی لەوە وەها رەوتگەلێکی ئیسلامی لە پرسەکانی پێوەندیدار بە کوردستاندا کاریگەرییان هەبووە و ئەم کاریگەرییە چۆن بـووە. هەر لەم ئـاڕاستەیەدا دەبێت بـوترێت کە کاک ئەحـمەد زیاتـر سەرنجی ستەمی ئـایینی دەدا (لە نێوان سێ ستەمی ئـایینی، نەتەوەیی و چینایەتی کە نـاوی دەبـات) و لووتکەی ئەوە لە ناڕەزایەتی دەربڕین و رەخنە لە بـنەمـای ١٢ی یاسای بـنەڕەتی بـوو کە دەڵێت: "ئایینی فەرمی ئێران، ئیسلام و ئایینزای جەعفەری ئەسنا عەشەرییە و ئەم بنەمایە هەتاهەتایە نـاگۆڕدرێت و...." بۆیە هەقێقەتـخوازیی ئەو و نەبوونی واقیعخوازیی سیاسی بە کردەوە بـووە هۆی ئەوەی کە تەنیا بە قـازانجی ئـایین (لە بەرانـبەر نەتەوایەتی) و بە شێوەی نەخـوازراو لە ئاڕاستەی ئامانجە سیاسییەکانی ناوەندا هەنگاو هەڵێنێت. زاڵیەتی لایەنی ئایینی لە بیری کاک

ئەحمەدا لەم وتەی شێخ عێزەدیندا زیاتر دەردەکەوێت کە سەبارەت بەو وتبووی: "جیاوازیی من و کاک ئەحمەد لەوەدایە کە کاک ئەحمەد ئاییینییەکی کوردە و من کوردێکی ئایینی."[٦٤] وتەیەک وەک وتەکەی ئەندازیار بازرگان کە وتبووی: "جیاوازیی من و ئیمام [خومەینی] لەوەدایە کە ئەو دەیەوێت لە ڕێگای ئێرانەوە خزمەتی ئیسلام بکات و من دەمەوێت لە ڕێگای ئیسلامەوە خزمەتی ئێران بکەم."

هێژمۆنی باری ئایینی لە ڕەوتی مەکتەبدا (لە بەرانبەر باری نەتەوەییدا) لە هەوڵی کاک ئەحمەد بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامیدا زیاتر دەردەکەوێت. بیروڕاکانی لەسەر پێکهاتنی وەها حکوومەتێک لە پەرتووکی "کورتە باسێک لەسەر حکوومەتی ئیسلامی"دا هێنراون. هەرچەند لە سەرەتاوە، ڕەوتی مەکتەب هەندێ سەرکەوتنی لە سنەدا دەستەبەر کرد بەڵام وەها بیرێک بە کردەوە لە کەشی کوردستاندا وێڕای زاڵیەتی هزریی چەپ و سێکیولار بە سەر گروپە سیاسییەکاندا، نەیدەتوانی شیاو بێت. کەواتە بە کردەوە دەکەوتە بەرانبەر گروپە سیاسییەکانی کوردستانەوە و لانیکەم لە کوردستاندا نەیدەتوانی سەرکەوێت. لە پەرتووکی ئاماژەپێکراودا، ڕوانگەکانی خۆی سەبارەت بە حکوومەتی ئیسلامی و بنەما و تایبەتمەندییەکانی ئەو حکوومەتە لەبەرچاوگیراوەی دەردەبڕێت. بەتایبەت دژایەتی خۆی لەگەڵ سێکیولاریزم واتە بیری نزیکەو زاڵ لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا، پیشان دەدات. لەمبارەوە وەها دەڵێت: "... بەڵام هەر ئەم سیاسەتە دژەگەلییەی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەڵگای مەزن و پۆڵاییینی تەوحیدیی بەرەو سستی و بت پەرستی دەبات... لەم چەند سەدەی دواییدا واتە لە کاتی کوژاندنەوەی تۆپز و مەشخەڵەکانی شارستانییەتی ئیسلامی لە ئەندەلوس و لە کاتی هێرشی خاچییەکان لە ڕۆژئاوا و مەغۆلەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە... ڕاگەیاندنی ئەم ڕستە بەوپەڕی ڕوونێتی و بێ ئابڕوییەوە کە "ئایین لە سیاسەت جیایە" و پاساوی ئەم خەیانەتە بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازەکانی فریو و فڕوفێڵ – نەک بە لۆژیکی زۆر و ملهوڕی وەک رابردوو – بەرهەمی ئەم سەردەمەی دواییە." ئەو ئاماژە دەکات کە "حکوومەتیش یەکێک لە پرسە مرۆییەکانە کە ئیسلام بۆ ئەوە بنەما و ڕێساگەلێکی گشتی داناوە کە قەت کۆن و بێ کەڵک نابێت و مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە پێویستیەتی کە یاساکانی حکوومەت لە هەر شوێن و هەر کاتیکدا لەوە دەربهێنێت... لەم حکوومەتەدا هێزی پرژوبڵاوی خەڵک دەگوێزرێتەوە بۆ تەنیا یەک دامەزراوە یان "هێز" بە ناوی "شوورا" کە وەکو پەرلەمانە لە حکوومەتە دێمۆکراتیکەکاندا. بەڵام بە قان و ئیمتیازاتێکەوە کە هەیەتی تایبەتمەندی "خەڵکیی بوون" لە دەسەڵاتی ئیسلامیدا دەکات بە لەسەدا سەد، لە کاتێکدا کە هیچکام لە پارلەمانەکانی سیستەمە جۆراوجۆرەکان، ئەم دەسەڵاتەیان نییە."[٦٥]

کاک ئەحمەد سەبارەت بە پرسی نەتەوەخوازیی باوەڕی بە میانەڕەویی هەبوو و وەها دەڵێت: "ناسیۆنالیزمی کوردی یەکێک لە پرسە گرنگە سیاسییەکانی ناوچە لەم سەدەی دواییەدایە. سیاسییەکانی ئێران (و هەروەها وڵاتانی تری دەرگیری پرسەکە)، لە هەڵوێست گرتنی خۆیان لەسەر ئەم پرسە، هەموو کات لایەنی تەفریتیان گرتووە و خاوەنەکانی ئەم هەستەیان ئیدانە کردووە. لە کاتێکدا کە هەر ئەم دیپلۆماتانە، کاتێک ناسیۆنالیزم لە باری ئێرانچییەتییەوە دێتە ئاراوە هەڵوێست دەگۆڕن و بە شێوەی ئیفراتی و ئەوپەڕگیرانە لایەنگری لێدەکەن. ئەم شێوازە، تایبەت بە فلان تاقم یان فلان گروپ نییە. ڕاستی ئەوەیە کە ڕاگرتنی لایەنی "ناوەڕاست و نێوەنجی" لە پرسە مرۆییەکاندا، ئاستەمترین کێشەی مرۆیی بە درێژایی مێژوو بووە و هەیە و دەبێت و هەموو کات مرۆڤایەتی بە هەموو توێژ و گروپ و نەتەوەکانیەوە دەرگیر و تووشیاری ئیفرات و تەفریتە...."[٦٦] ڕاستی ئەم وتانە جێی نکۆڵی نییە بەڵام بۆخۆی بە کردەوە لە بەرانبەر هێزە نەتەوەخوازە کوردەکاندا وێرای تێگەیشتن لە هەڵوێستی سیاسی شۆڤێنیستە ئێرانییەکان، لایەنی میانەڕەویی ڕەچاو نەکرد و لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ پێکهاتنی حکوومەتی ئایدیالی ئیسلامی خۆیدا، ئەوپەڕگیری لەبەرگرت. تەنانەت ناکرێت لە باری سیاسییەوە تێکۆشانی ئەو بۆ ڕاکێشانی هێزە سوننەکانی ناوچەکانی تری ئێران بە هەوڵێک بۆ گوشارخستنەسەر حکوومەتی ناوەندیی ڕەچاوکرێت، لەبەر ئەوەی کە لەلایەکی ترەوە لە هێزە سیاسییە گرنگەکانی کوردستان دوور دەکەوتەوە و لەگەڵیان مەودای قووڵی هەبوو. بۆیە تەنیا دەتوانێت پاساوی ئایدۆلۆژیکی ئیسلامی هەبێت نەک لۆژیکی سیاسی. جگە لە بابەتە ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوە دەبێت ئاماژە بکرێت کە ڕەوتی مەکتەب خۆی بووە هۆی پێکهاتنی کەلێکی ناوئایینزایی نوێ لە کوردستاندا کە بە قازانجی ناوەند کۆتایی پێهات. بیروڕا نوێیە فیقهییەکانی کاک ئەحمەد لە بەرانبەر هزریی نەریتی ئایینی لە کوردستاندا جێگیر ببوو و ئەمە خۆی لە وەها دۆخێکی هەستیاردا بەتایبەت بە وەها پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کە گروپە جیاوازە ئایینییەکان بە پۆتانسییەلی تەواو بۆ بزاوتن لە بەرانبەر ڕەوتی مەکتەبدا بوونیان هەبوو، بواری بۆ کەڵک لێوەرگرتنی سیاسی ناوەند خۆش کرد و بە زەقکردنەوەی خاڵەکانی جیاوازیی ئەوان لەگەڵ دیکەی گروپەکان و ناو و نیتکە و ناتۆرەگەلێک کە پێیاندا دەلکێنرا، ئاگری بەرانبەرکێی ناوئایینزاییان گەش دەکردەوە.

## ٣. ڕەوتی مەکتەب و دژایەتی لەگەڵ چەپ

هەروەها کە لە بەشەکانی پێشوودا ئەم بابەتە ڕاشکاوانە دیار بوو و ئاماژەی پێکرا، قەڵشتی سیاسی-ئایدۆلۆژیکی سەرەکی لە کوردستانی سەردەمی شۆڕشی ١٩٧٩ لە نێوان ڕەوتی مەکتەب و چەپە ئەوپەڕگیر و توندئاژۆوەکاندا بوو، کە هەڵوێستەکانی مەکتەب و لە

سەرەوەیدا کاک ئەحـــمەد زیاتـــر ئەم قەڵشتە پیشان دەدەن. ڕێکخراوی چـــریکە فەداییەکان سەبـــارەت بە کاک ئەحـــمەد وەهـــایان نـــووسیوە: "... ئەو لە هەمـــوو وتەبێژییەکان، شـــریت پڕکردنەوەکان و کۆبـــوونەوەکانیدا دەســـتی دەکرد بە ســـووکایەتی کردن بە کۆمـــونیستەکان و نائیسلامییەکان (بەوجۆرە کە خۆی لە ئیسلام تێدەگات)، و خۆی بە ڕێبەرێکی ئیسلامی دەزانی کە نە چەپ و نە راســـت، بەڵکو ئیسلامی پەتی قـــورئـــانی دەوێت. [لە کاتێکدا کە] ئەو هێشتا نە ڕێبەری ئـاییـنی سنە بـوو و نە ڕێبەری ئـاییـنی سـونـنەکانی ئێران و نە ڕێبەری بزووتنەوەی گەلی کورد."[٦٧] و هەروەهـــا بە تەقسیربـــاری سەرەکی زانینی کاک ئەحـــمەد لە پێکهێنانی دژایەتییە ئایدۆلۆژیکییەکاندا، وەها راپۆرت دەکەن:

دوای کێشەی تێڵا و گـورز بە دەسـتەکان لە ٨ی گەڵاڕێزانـدا (٣٠ی تشـرینی یەکەم) و کوشـتنی خەڵک لە ٩ی گەڵاڕێزان (٣١ی تشرینی یەکەم) و تـونـدبـوونەوەی جـووڵەی پێشهاتـوو و پـاشـان قۆڵبەستکردنی چەند کەس و یەکەمین مـانگرتنی مزگەوتی جامێعە کە زۆربەیان هێزە چالاک و لاو و چەپەکان بـوون، و لە کاتێکدا کە جەنەراڵ ئەزهـاری زۆرتـرین دەسەڵاتی هەبـوو و هـاوکات دەوڵەت تـونـدتـرین پڕوپـاگەنـدەی دژە مـارکسیستی هەبـوو، مـوفتی لە مـزگەوتی جـامێعەدا توندترین سووکایەتییەکانی بە مارکسیستەکان کرد و زیانی گەیاند بە هاوکاری و هاوهەنگاوی روو لە زێدەبوونی هێزە ئاییـنی و چەپەکان و ئەمە دەسپێکی ناکۆکی گرنگ لە ریزەکانی گەلدا بـوو و بەرە بەرە زیاتـر بـوو تـا ئـاستێ کە مـوفتی [پیاوە] ئـاییـنییە راستەقینە و خەبـاتگێڕەکانی تـاڕادەیەک بەلارێدا بـرد کە نـوێژی جیهادیان خـوێند و دەیانـویست دەسـت بەسەر نـووسینگەی لایەنـگرانی [چـریکە فیداییەکانـدا] بـگرن. لە هەلـومەرجێکدا کە زاڵیەتی ئیمپریالیسم و هێزە کۆنەپـــارێزەکان بە تەواوەتی ڕێخەکەن نەبـــووە، شەڕی ئـــاییـنی-مـــارکسیستی ڕێک بە واتـــای لەکیسچوونی هێزی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لە دژی هێزە کۆنەپـــارێزەکان و ئیمپریالیزمە و هەر هێزێ کە بیهەوێت پەرەی پێ بدات، خائین بە گەل و بزووتنەوەی گەلە.[٦٨]

رکابەرایەتی لەگەڵ چەپ کە نـــوێنگەیەک لە تێکۆشـــان بۆ دەسەڵات پیشان دەدات، لەڕاســـتیدا دەبێتە کەڵکەڵەی رەوتی مەکتەب بە جێی هەوڵ و تێکۆشـــان بۆ مـــافە نەتەوەییەکان کە پـــرسی سەرەکی کوردســـتان بـــوو. و لەم ئـــاڕاســـتەیەدا هیوا بە نـــاوەنـــد و هەوڵ بۆ داپۆشینی کەمـــوکورتییەکانی، بۆخۆی کێشەی رکابەرایەتی بەهێزتـــر دەکرد و بە زیانی رەوتی مەکتەب و چەپ و بە قازانجی ناوەند تەواو دەبوو. کاک ئەحمەد لە نامەی ١٨ی ئازاری ١٩٧٩ دا بۆ ئەندازیار بازرگان وەها دەڵێت:

... خـوا سەرکەوتن بـدات ئەم برایانە سێ کەسی [خەسرەوی بۆ پـارێزگار، یەکێک وەک جێگری پـارێزگـار و زەرینەکەفـش وەک قـائیم مەقـام] بـتوانـن کارەکانی جێبەجێکاریی وردە وردە لە

دیکەی برایان وەرگرن تاکو لەم هەلومەرجە دەگمەنەی پێش ڕێفرادۆم، هێزەکانی ئێمە لە شار و گوندەکان خەریکی پڕوپاگەندە بن، و ورووژاندنەکان و ژەحرپڕژێنییەکانی چەپەکان و دیکەی دژبەرانی حکوومەتی ئیسلامی، پــووچەڵ ببێتەوە... بەداخەوە لێرەدا تەنــانەت دەرفەت و هەروەهــا هێزی نــووسینم نییە لەبەر ئەوەی کە هەمیشە [...] سەرقــاڵم (و زیاتــر بۆ ڕوونکردنەوەی کەموکورتییەکان و هەڵەکانی ئەوانەی کە لە سەرەوەن!)...."[٦٩]

هەر لەم پێوەندییەدا، سارمەدین سادق وەزیری بە ئاماژە بۆ دانیشتنێ کە لە کاتی شەڕی سنە و لە شەوی پێش وتــووێژ لەگەڵ لێژنەی نێردراو لە تــارانەوە لە ســنەدا بە ئــامــادەبــوونی سەرکردەکانی ڕێکخراوەکانی کوردستان (حێزبەکانی دێمۆکرات، زەحمەتکێشان و چریکەکان) و مـوفتیزادە و شێخ عێزەدین بۆ بـاس و ڕاوێژ لەسەر بـابەتەکانی وتـووێژەکە، هەیانـبووە لە ئـامادەنەبـوونی مـوفتیزادە لە بەیانی ئەو ڕۆژەدا لە شـوێنی کۆبـوونەوەکە دەڵێت و ئەوەی کە ئەو هەر لەو ڕۆژەوە خۆی لەوان جیا کردەوە. ئەو دەڵێت کە دواتـریش لە تـاران لەگەڵ کۆمەڵێ لە کوردەکان دەچێتە سەردانی مــوفتیزادە کە داوای لێ بکەن پێکەوە و بە یەکیەتی بۆ چـارەسەرکردنی پـرسی کورد هەوڵ بـدەن بەڵام کاک ئەحـمەد لە وەڵامـدا خەریکی ڕەخـنە لە مـارکسیسم دەبێت و دەڵێت: "من سەد کێشە لە مـارکسیزمـدا دەدۆزمەوە، ئەگەر ئێوە تەنـانەت یەک کێشەتــان بە دروســتی ڕەت کردەوە، بەدواتــان دەکەوم و بەپێچەوانەوە ئێوەش سەد کێشەی ئیسلام بــدۆزنەوە، ئەگەر مــن تەنــانەت نەمــتوانی یەکیان ڕەت بکەمەوە، دیسانەوە بەدواتان دەکەوم." سارمەدین پێی دەڵێت: "ئاغەی موفتیزادە من نوێنەری مارکسیستەکان نیم و بەو نـاوەوە نەهـاتـووم لەگەڵتان قـسە بکەم، مـن کوردێکم و تەنیا سەبـارەت بە پـرسی کورد لەگەڵتان قسە دەکەم و لە بنەڕەتدا پرسێ وەکو ناکۆکی ئیسلام و مارکسیسم لە ئارادا نییە، تاکو ئەم وتــانەی ئێوە لێرەدا جێی بــاس بێت." بەڵام بە وتەی ســارمەدین کاک ئەحــمەد دیسانەوە هەڵوێستی خۆی دووپات دەکاتەوە و ئەوان بە بێ ئاکام دانیشتنەکە بەجێ دەهێڵن.[٧٠]

هەرچۆنێک بێت، بەرەبەرە، و بەتــایبەت پــاش شەڕی نەورۆزی ١٩٧٩ و پێکهاتنی ئەنــجومەنی پێنج کەسی بە ئامادەبوونی هێزە چەپەکان، لە سنەدا بوار خۆش بوو بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی هێزە چەپەکان. لەم پێوەنـدییەدا، لە وتەبێژیی حـوسێنییەی ئیرشـاد، سەبـارەت بە هەڵبژاردنی ئیبراهیم یونسی وەکو پارێزگاری کوردستان وەها دەڵێت:

لەو ڕۆژانەدا دەوڵەت کەسێکیان بە نـاوی پـارێزگـار بە سەر ئێمەدا سەپـانـد کە مـن وتـم ئەمە دەنـاسـم. ئەمە لە ئەفـسەرانی حێزبی تـوودەیە و مەتـرسیدارە بۆ ئێرە... ئەم ئـاغەی یونسییە پــارێزگــاری کوردســتان لە مــاوەیەکی کورتــدا تــوانی تەنــانەت جــووڵەی نیمچە خەڵکی کە لە نــاوەڕۆکیدا شۆڕشگێڕانەیە، گــروپە مــارکسیستەکان لەگەڵ هەمــوو دژەشۆڕشەکان یەکانگیر

بخات... کە ئەفسەرێکی حیزبی توودە دەنێرن، ئەرکی پێ دەسپێرن کە بە هەر نرخێک کارێک بکات کە هێزێک لە بەرانبەر مندا پێکبێت کە هاوریز بێت لە کوردستان و لە جیهانی سوننەکاندا لەگەڵ من! بۆچی؟!...[71]

تەنانەت هەستان بە هەندێ داهێنانیش وەکو بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی خودموختاری مانگی جۆزەردانی ١٩٧٩ نەیتوانی ئەم رەوتە بگۆڕێت. لە کۆنفرانسی خودموختاریدا نە حێزبی دێمۆکرات، نە چریکە فەداییەکان، نە کۆمەڵەی داکۆکی لە ئازادی و شۆڕش، نە حێزبی توودە، نە شێخ عێزەدین و... کە بە گشتی شەبەنگی چەپیان پێکدەهێنا و دوابەدوای شەڕی سنە لەگەڵ دابەزینی رەوتی مەکتەب، خەریک بوو گەشەیان دەسەند، هیچکامیان بەشدارییان نەکرد.[72] کە ئەمانە بەرهەمی دژایەتی ئایدۆلۆژیکی توند لە نێوان دوو لایەنی ئایینی و چەپ بوو. لێرەدایە کە کردەی نەرێنی ئایین وەک پێکهێنەری جیایی و ناکۆکی بەپێچەوانەی کردەی ئەرێنی پێکهێنەری تۆکمەیی، سەرهەڵدەدات.

## ٤. رەوتی مەکتەب و خەباتی چەکدارانە

پێش باسی پێوەندیی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی پێویستە ئاماژەیەک بە باوەڕی کاک ئەحمەد بە چەکدار بوون و بەڵگەکانی چەکدار بوونی مەکتەب لە سەردەمی شۆڕشدا بکرێت. هەرچەند هەلومەرجی پاش شۆڕش جیاواز بوو لە پێش ئەوە بەڵام باوەڕی کاک ئەحمەد بە خەباتی چەکدارانە دەگەڕێتەوە بۆ پێش شۆڕش. لە وتەکانیدا لە شوورای "شمس"، رێکەوتی ٣١ی ئازار و ١ی نیسانی ١٩٨١ دا وەها دەڵێت:

... لە قزل قەلعە لەگەڵ هەندێ لە ئاغایان لەوانە دکتۆر جەوادی باهونەر بووین بە هاورێ... لە وتووێژ لەگەڵ دکتۆر باهونەردا وتم حەیفە پانزە هەزار مرۆڤمان لە رۆژی ١٤ و ١٥ی جۆزەردان[73] لە دەستدا (حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣) بە بێ ئاکام لەکاتێکدا ئەگەر چەکدارانە خەباتمان دەکرد، بە ١٤، ١٥ هەزار کەسەوە دەمانتوانی رەژیم سەقەت بکەین و لەمبارەوە چەندە جەختم کرد و وتم مرۆڤی کورد هەن کە لە چەک و شەڕی پارتیزانی دەزانن، ئێوە تاکەکان ئامادە بکەن و منیش کەسانێک لە کوردەکان دەنێرم کە ئەم برایانە فێری شەڕی چەکداری بکەن تاکو ئەم شەڕە ببێت بە شەڕێکی چەکدارانە.[74]

پاش شۆڕشیش بەڵگەکان پیشان دەدەن کە مەکتەب قورئان لە یەک دوو مانگی یەکمدا مەیلی لە چەکدار بوون هەبوو. لە ١٧ی ئازاری ١٩٧٩دا کاک ئەحمەد بە نامەیەک لە سەرهەنگ (عەقید) سەفەری فەرماندەی لەشکەری ٢٨ی سنە داوای چەک و تەقەمەنی دەکات. سەفەری وتبووی کە

پێدانی چەک دەبێت بە ڕەزامەنـــدی نـــوێنەری ئیمام واتە سەفـــدەری، مەلایەکی شێعەی دامەزرێنەری کۆمیتەکەی تری شۆڕش لە سنە، و سەرۆکی ناوەندی فەرماندەرێتی (ستاد) بێت. ئەم وەڵامە بووە هۆی زیز بوونی لایەنگرانی مەکتەب. لەلایەکی ترەوە سەفدەریش بە بیانووی ئەوەی کە بیستوویە پیاوانی مـوفتیزادە فیشەکەکان دەفـرۆشـن و لە تـرسی ئەوەی کە چەک لە دژی خۆی بەکار بهێنرێت، ئـــامـــادە نەبـــوو کە چەک و تەقەمەنی پێشکەشیان بکات. بۆیە لایەنگرانی مەکتەب بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و مـانگرتن رادەگەینن کە بەرەو بنکەی سەفـدەری دەڕۆن. بە دەسـپێکردنی تەقە لەلایەن پیاوانی سەفـدەرییەوە و لە بەرانـبەردا لەلایەن پیاوانی مەکتەب و خەڵکەوە، تەقە هەڵدەسـتێت کە شەڕی پێنج ڕۆژەی نەورۆزی بە دواوە هەبـوو.[٧٥] لە نـامەیەکی تـردا بۆ سەرهەنـگ سەفەری لە ڕێکەوتی ١٧ی ئـازاری ١٩٧٩دا کاک ئەحـمەد وا دەڵێت: "پـاسـدارانی ئێمە پـارێزگـاریی لە شـار و نـاوچەکەیان لە ئەسـتۆیە. تـاکو ئێستا پـاسـدارانی ئێمە چەکی جۆراوجۆریان بە ڕادەی زۆر لە دەســـت خەڵکی نەشیاو سەنـــدووە و پێشکەشی لەشکەریان کردووە... و هەنـووکە چەنـد جـار بە نـووسـراوە فیشەک و ئـامـرازی پێویست داوا دەکەم و ڕادەگەیەنین کە چەک و دەمـــانـــچەکان فیشەکیان نییە، و وەڵامی سەیر و سەمەرە دەبیسین...."[٧٦] هەروەهـا لە شـوێنیکی تـردا چـریکەکان ڕاپۆرت دەکەن کە: "ئێوارەی ڕۆژی ١٨ی ئـــازار بە دەســـپێکردنی شەڕ لە نێوان هێزەکانی مـــوفتیزادە و سەفـــدەریدا، چەکدارانی بەنـــدیخانەی مـــوفتی پۆســـتەکەی خۆیان بەجێ دەهێڵن و بەنـــدکراوەکان هەڵدێن. لە جیاتی، کێشکچییانی بەنـدیخانە کەوتـنە شەڕ لەگەڵ بنکەی سەفـدەری... شەوی پێش سەفـدەری خۆی چووبووە مۆڵگەی سەربازی (پادگان) و فەرمانی جیهادی لە دژی "کافرەکانی سنە" دەرکردبوو و پاشان بە باڵەفڕ لە سنەوە بەرەو کرماشان هەڵاتبوو."[٧٧]

پاش هەڵبژاردنەکانی شوورای شاری سنەش، فوئاد ڕۆحانی یەکێک لە لایەنگرانی کاک ئەحمەد و کەسی یەکەمی شـوورای هەڵبژێردراوی شـاری سـنە لە وتـووێژێک لەگەڵ ڕۆژنـامەی کەیهان، ١٧ی نیسانی ١٩٧٩، وتـبووی کە: "چەککردنی چـریکەکان ڕاسـت نییە. ئێمە پێش هەڵبژاردنەکان، ڕێکەوتین کە پـاش دیاریکردنی ئەنـدامـانی شـوورای شـار، نـووسینگەکان چۆڵ کرێن و بە جێی ئەوانە پاسدارانی شوورای شار و هێزەکانی ئاسایش (ئینتزامی) جێگیر بن و ئێستا کە هەستی گشـتی ورووژاوە، لە چـریکەکان و کۆمەڵەی داکۆکی لە ئـازادی و شۆڕش داوامـان کرد کە ئەم بڕیارە چەنـد ڕۆژ زووتـر جێبەجێ بکەن."[٧٨] هەر لەم پێوەنـدییەدا، مـوفتیزادە بۆخۆی لە وەڵامی پـرسیاری هەواڵنێری نـاوەنـدی هەواڵدەری پـارس و بە پێی ڕۆژنـامەی کەیهان، ٥ی تشـرینی دووەمی ١٩٧٩، سەبـارەت بە گەڕانەوەی سـپاییە پـاسـدارە نـاخۆجێیەکان بۆ نـاوچەکانی خۆیان وەک یەکێک لە داخوازییەکانی ڕێپێوەکان و مانگرتووان و خۆپیشاندەران لە شارەکانی ناوچەی

ڕۆژئاوا، وتبووی: "زۆربەی کەسانێ کە خوێندنی باڵایان هەیە لە سوپای پاسداران دان بەڵام پیاوانی ساواکیش بێ گومان دزەیان کردووەتە ناو ئەم سپا و وردە وردە دەبێت سپاییە پاسدارە ناخۆجێیەکان جێی خۆیان بدەن بە سپاییە خۆجێیەکان، بەڵام ئێستاکە دۆخی کوردستان ئاڵۆزە و ئەم کارە دەبێت لە دەرفەتی خۆیدا جێبەجێ ببێت."[٧٩]

ئەو بابەتانەی سەرەوە نیشانەی چەکداربوونی بەرتەسک و ئامادەیی سەرەتایی ڕەوتی مەکتەب بۆ چەکداربوون بووە. لە کاتێکدا کە چەند مانگ دواتر داکۆکی چەکدارانە و سەپێندراو بە سەر خەڵکی کوردستاندا قەبووڵ ناکەن و ڕێبازی خەباتی چەکدارانە و دواتر چالاکی سیاسیش دەنێنە لاوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێت کە هەرچەند هەندێ بابەت وەک هەژاری ئابووریی، نەخوێندەواریی و نائاگایی لە بەشداری هەندێ تاکی کورد لە ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد دامەزراو لەلایەن حکوومەتەوە، کاریگەر بوو بە جۆرێ کە کەمتر کەسانی خوێندەوار و تێگەیشتوو لە نێوانیاندا هەبوو، بەپێچەوانەی حێزبە کوردستانییەکان کە زۆربەی خوێندەواران مەیلیان بەرەو لای ئەوان بوو. بەڵام یەکێک لە دەرەنجامەکانی مەیلی سەرەتایی بۆ چەکدار بوون، پێکهێنانی کەشی ئایینی لە کوردستان و دواتر پەڕاوێزکەوتن و دوورەپەرێزی سیاسی کە بووە هۆی ئەوەی بە جێی ئەوان حکوومەتی ناوەندیی ئەوپەڕی کەڵک لە ئایین لە دژی دیکەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان وەرگرێت، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بوار خۆش کردن بۆ پێکهاتنی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکان لە ناو سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیدا بوو. نامە و ڕاگەیندراوەکانی کاک ئەحمەد و قسەکانی خۆی ئەوە دەسەلمێنێت. نامەی کاک ئەحمەد بۆ خەڵک لە ڕێکەوتی ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٨٠ دا، وێڕای ئیدانەکردنی هەرجۆرە پێکدادانێک، پیشاندەری وەها کەشێکی خولقاوە کە لەلایەن حکوومەتەوە کەڵکی لێوەرگیراوە و ئاماژە دەکات کە گوایە بە ناوی ئیسلامەوە و لە ڕێگای بەکارهێنانی ناو و وێنەی ئەوەوە هەستاون بە هەندێ کار، کە بە درۆی دەخاتەوە. لە نامەی ڕێکەوتی ٢٧/٨/١٣٥٩ (١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠) بۆ ئایەتوڵڵا مونتەزریش، گلەیی دەکات کە بۆ ڕاکێشانی خەڵک ئەو هێزە دەوڵەتییە پێوەند دەدەن بە ئەوەوە و لە ناو و وێنەی ئەو بۆ تەشەنەکردن لە کوردستاندا کەڵکی نالەبار وەردەگرن. لە وتووێژێکیشدا لە مانگی سەرماوەزی ١٩٨٠/١٣٥٩ لە کرماشان لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە پێکهاتنی ئەو ڕێکخراوە بە ڕوونی پێوەندی ئەوە بە خۆیەوە ڕەت دەکاتەوە و چوونەناوی بە خەیانەت بە نەتەوەی کورد دەزانێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە دەکات کە چۆن حکوومەت هەندێک لە لایەنگرانی ئەوی هەڵخڵەتاندووە و بە ناوی ئەوەوە بانگەشەی بۆ ئەو ڕێکخراوە کردووە و هەندێ خەڵکیش لە نائاگایی باوەڕیان کردووە. دیارە ئەم هەڵوێستە ڕاستەوخۆیە کاتێ بوو کە چی تر هیوای بە حکوومەتی ناوەندی نەمابوو

و لێی داباڕبــوو و تێگەیشتبوو کە ئەو هێزە لە دەرەوەی بــازنەی دەسەڵاتی ئەوە و حکوومەت کەڵکی نالەباری لێوەردەگرێت. کاک ئەحمەد خۆی بەم شێوەیە لە وتووێژەکەدا ئاماژە بەو بابەتە دەکات: "هەقیقەتی مەتڵەب ئەوەیە، لە دوای پێنج شەش مــانــگ کە لە ئینقلاب لایدا، وەختێک تــماشــام کرد ئەوانە زۆریان پەیدا کردووە و ئەوجــار خەریکن ئیتر لابــدەن لە ڕێگای ئەوە وا قەوڵیان داوە و تەعەهودیان کردووە و خەریکن ناڕاستی بنوێنن لەگەڵ میللەتی کورد، کەوتمە بەرهەڵست دانەوەیان."[٨٠] هەر لەم پێوەنــدییەدا کاک حەسەنی ئەمینیش وێرای ڕەتکردنەوەی پێوەنــدیی "پێشمەرگە مــوسڵمانەکان" بە ڕەوتی مەکتەبەوە وەهــا دەڵێت: "... نکۆڵی لەم کارە نــاکەم کە ڕێژەیەکی زۆر لەوانە پێش پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ ئێمە هــاوکارییان دەکرد بەڵام پاش پەیوەندی کردن بەوانەوە و ڕووبەڕووبوون لەگەڵ دژایەتی ئێمەدا، چی تر داباڕان و ڕۆشـتن."[٨١] ئەمـانە پیشانـدەری دابین بـوونی بـواری پێویست لە ژێر کاریگەریی کەشی ئـایینی پێکهاتوودایە کە بە ساکاری لەلایەن حکوومەتەوە بۆ ڕاکێشانی تاکەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی حێزبە کوردەکان کەڵکی لێوەرگیرابــوو. هەرچەنــد زۆربەی کەســانی ڕاکێشراو بۆ ڕێکخراوی نــاوبــراو لە خەڵکی ئــاســایی و ئــایینییە نەریتییەکان بــوون بەڵام ڕەوتی مەکتەب بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە خۆشکردنی وەها بوارێکدا بێ کاریگەریی نەبوو.

## ٥. ڕەوتی مەکتەب و حکوومەتی ناوەندیی

وەک بــاس کراوە لە دوایین مــانــگەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ دا هەنــدێ کۆڕی لایەنگری ئایەتوڵڵا خومەینی لە ژێر کاریگەریی هەندێ نووسراوەی کاک ئەحمەد سەرنجیان بەرەو لای ڕادەکێشرێت.[٨٢] بەڵام بە وتەی کاک ئەحــمەد خۆی، پێش شۆڕش ڕێکەوتنێکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان ئەو و ئایەتوڵڵا خومەینیدا سەبارەت بە زیاتر هێنانە ئارا و ناولێبردنی وەک ڕێبەری کوردەکان، هەبوو. لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئایندگان"، ٢٤ی حوزەیران و ١ی تەمـوزی ١٩٧٩، لە وەڵامی پـرسیارێکدا سەبـارەت بەوەی کە بۆچی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنـدا نــاوی ئەو زیاتــر لە دیکەی ڕێبەرانی کورد دەبیسرێت و ئــاخۆ ڕێکەوتنێکی تــایبەتی لەگەڵ دەوڵەتـدا هەبـووە، دەڵێت: "بۆتـان بڵێم سەبـارەت بە ڕێکەوتـن، وەڵامێ کە هەمە ئەوەیە کە لە دۆخی سەرکوت و بێدەنگیدا کاتێ کە ئیمام خـومەینی لە نەجەف بـوون، ئێمە ڕێکەوتین و ئەم ڕێکەوتنە، درێژەی هەر ئەو ڕێکەوتنانەیە کە لەو کاتەدا هەبووە...."[٨٣] هەروەها لە دیمانە لەگەڵ بڵاڤۆکی "تهران مصور"، ٢٢ی تەموزی ١٩٧٩، سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی

دەڵێت: "مـــن لە ڕێگای ئەو مەلایانەی کە هـــاتـــوچۆیان بۆ عێراق هەبـــوو، لەگەڵ ئیمام لە پەیوەندیدا بووم و لە ڕاسپاردە و ڕێنوێنی ئەو کەڵکم وەردەگرت."[٨٤]

وێڕای ئەمـانە، لەلایەکەوە، حکوومەتی نـاوەنـدیی مـتمانە و بڕوای بە کاک ئەحـمەد نەبـوو. لەم پێوەندییەدا چریکە فەداییەکان وەها ڕاپۆرت دەکەن:

پاش روخانی ملهوڕیی کاتێ کە خەڵک لە شاردا خەریکی ڕێوڕەسمی ناشتنی شەهیدانی خۆیان بـــوون، مـــوفتیزادە بنکەی شۆڕشی ئیسلامی خۆی پێکهێنا. لە شەوی ٢٢ی بەفـــرانـــباردا [١١/٢/١٩٧٩] لە بینای پارێزگاریی جێگیر بوو و ناوەندیی چالاکی ئەو دەستی پێکرد و بە دوای دەستەبەرکردنی دەسەڵاتەوە بوو. ئەو سەفەری زۆری بۆ تاران، قوم، سیستان و بەلووچستان، کرماشان کرد کە هەمووی لە پێوەندی لەگەڵ تۆمارکردنی دەسەڵاتی خۆی وەکو ڕێبەری کوردان و ڕێبەری سـونـنەکان بـوو. بەڵام بۆ پـتەوکردنی دەسەڵات هەنـدێ کێشە هەبـوو و ئەوەش بێ بڕوایی دەوڵەت و کۆمیتەکانی ئیمام سەبارەت بەو بوو...[٨٥]

لە شوێنێکی تردا دەڵێن:

لەمـپەڕیان دەخـستە بەر کارەکانی لەبەر ئەوەی کە دەوڵەت و ئیمام هەرچۆنێک بێت مـوفتییان کەمتر لە سەفـدەری پەسەنـد دەکرد و مـوفتی وێڕای ئەوەی کە لە نـاو خەڵکدا تەشەنەی هەبوو بەڵام زیاتر چاوی لە پشتیوانی دەوڵەت بوو و بەرزەفڕییەکانی ڕێگەی نەدەدا کە هێزێکی نارەها و یان لە پلەی دووەمدا بێت. سەفدەری بۆخۆی و موفتی بۆخۆی خەریکی ڕکابەریی لە هەموو بـــوارەکانـــدا بـــوون و هەر بۆیە هەرکامەیان پـــاســـداری جیاواز، چەکداری گەشـــت و پشکنینی جیاوازیان هەبوو و هەرکامەیان هەوڵیان دەدا ڕێژەیەکی زیاتر هێز دامەزرێنن....[٨٦]

جیا لە ڕاسـت و نـاڕاسـت بـوون و یان هەڵوێستی تـایبەتی چـریکەکان، دەبێت بـوتـرێت کە ئەم ڕوانـــگە سەبـــارەت بە کاک ئەحـــمەد واتە ئەوەی کە نـــاوەنـــد مـــتمانەی پێ نەدەکرد لایەنێکی کێشەکەیە و زیاتـــر پێوەنـــدیی بە سیاسەتی ئـــایینی و شیکاریی چـــالاکییە ئـــایینییەکانی ئەو لەلایەن حکوومەتی نـاوەنـدییەوە هەیە کە لە بەشی دواتـردا ئـامـاژەی پێدەکرێت. بەڵام وێڕای ئەم بێ بڕواییە هەروەهـا کە پێشتر ئـامـاژەکرا نـاوەنـد لە ئـایین و ڕەوتە ئـایینییەکان کەڵکی سیاسی خۆی وەرگـرت کە ڕەوتی مەکتەبیش لەبەردەگـرێت و ئەمە بەشێک لە داخـوازییەکانی حکوومەتی مسۆگەر کرد. ئەم پـــرسە لە وتەکانی کاک حەسەنی ئەمینیدا زیاتـــر دەردەکەوێت. ئەو لە گۆڤاری "چـشم انـداز ٢" لە وەڵامی پـرسیاری پێوەنـدیی لەگەڵ دەوڵەتی کاتییدا دەڵێت: "... ئێمەش زوو بەم ڕاستییەمان نەزانی لەبەر ئەوەی کە ئێمەش خەریک بوو دەبووینە قوربانی

ئەم سیاسەتە، دەیانەویست لە کەســـایەتی ئـــایینی و شۆڕشگێڕی کاک ئەحـــمەد و لە دۆخی بەرچاوی مەکتەب قورئان هەر ئەم کەڵکە وەرگرن...."

لەلایەکی ترەوە، کاک ئەحمەد سەرەتا لەڕادەبەدەر بڕوا و متمانەی بە ناوەند هەبوو بەجۆرێ کە هێشتا درێژەی بە هــاوکاری لەگەڵ نــاوەنــد دەدا. لە هەڵەکانی کاک ئەحــمەد بە وتەی خۆیان، رێگەدان بە چـالاکی سەفـدەری بـوو کە هۆی زۆرێک لە کێشەکان لە کوردسـتانـدا بـوو، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر واقیعبینانە دەجـــووڵایەوە و هەروەهـــا سیاسەتی نەتەوە-تەوەری لە پێش دەگرت بڕوای بە وەها کەسانێک نەدەکرد. لە دیمانە لەگەڵ هەواڵنێری گۆڤاری "جوان" ژمارە ٢٣ و ٢٤ رۆژنـامەی "ئـایندگـان"، ٦/٢٤/ ١٩٧٩ و ١/٧/١٩٧٩، سەبـارەت بە سەفـدەری وەهـا دەڵێت: "کاتێ مـن دەرەتـانـم بۆ چالاکی سەفـدەری رەخـساند کە زیاتـر لە ١٥ مـانگی مـابـوو بۆ روخـانی رەژیم و بەڕاسـتی ئەو لەو کاتەدا خەبـاتگێڕێکی بـوێر و خـاوەن ئیمان بـوو... کاتێ کە دیتم بە کردەوە نازانێت چی دەکات... بە روونی پێم وت بەڕێز سەفدەری بە هۆی ساڵ و نیوێک خەبات جێی رێزی بەڵام ئێستا ئیتر کەڵکێکت نییە و تکایە لێرە بچۆ... بۆیە دواتر چی تر من رێگەم پێ نەدەدا."[٨٧] مـوفتیزادە، بەرپـرسیارێتی شەڕی نەورۆزی سـنە لە ١٨ بۆ ٢٢ی ئـازاری ١٩٧٩ دەخـاتە ئەستۆی سەفدەری و دەڵێت: "هۆکاری سەرەکی ئەم رووداوە کەسێک بوو بە ناوی سەفدەری و شێوازی بێ بنەمای فەرماندەری لەشکەر."[٨٨]

بـــابەتێکی تـــر ئەوەیە کە رەوتی مەکتەب قـــورئـــان بەپێچەوانەی دیکەی حێزبە کوردییەکان (حێزبی دێمۆکرات و...) لە رێفرانـــدومی دەنـــگ بە کۆمـــاری ئیسلامی (١ی نیسانی ١٩٧٩) بەشـداریی کرد و بە راگەیندراوی ٢٥ی ئـازاری ١٩٧٩ خەڵکی بۆ بەشـداریی تێیدا بـانگهێشت کرد. هەروەهـا، کاک ئەحـمەد پـاش چەنـد مـانـگ لە درێژەی خۆپیشانـدانەکانی سەرشەقـامی سـنە پەیامێکی تەلەفۆنی لە تاران بۆ سنە دەنێرێت کە لە رادیۆ سنەوە بڵاو دەبێتەوە و خەڵکی سنە ئـــاگـــادار دەکاتەوە کە لە هەر جۆرە رێپێوان و خۆپیشانـــدان خۆبـــپارێزن، لەبەر ئەوەی کە دژەشۆڕش خۆنوێنی دەکات. ئەو دەنگۆی نیشتەجێبوونی خۆی لە تـاران بە درۆ خستبووەوە و رایگەیاندبوو کە لە ماوەی ٢٠ رۆژ لە تـاراندا، لە کۆمیسیۆنی ژمارە ٧ی "مەجلیسی خێبرەگان" سەرقاڵی تاوتوێکردنی کاروباری ئابووریی بووە و لە رۆژانی داهاتوودا دەگەڕێتەوە سنە.[٨٩] ئەوە لەکاتێکدا بوو کە لەلایەکەوە، ئەو ئابووریزان نەبوو و لەلایەکی تریشەوە لە چوونی هەندێ لە نـوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردسـتان وەک دکتۆر قـاسـملوو بۆ ئەو مەجـلیسە بەرگیری کرابوو و هەروەها لە وتەبێژییەکانی ئەوێدا بە توندی هێرش کرابووە سەر خەڵکی کوردستان. بەڵام ئەو پـــاش پێکهاتنی مەجـــلیسی خێبرەگـــان بە بێ هەڵبژاردن (لە خۆپـــاڵاوتـــن دەسـتی

کێشابووەوە) و لەسەر بانگهێشتی ئایەتوڵڵا مونتەزری سەرۆکی مەجلیسی خێبرەگان وەکو تەنیا کەسی داوەتکراو لەو مەجلیسەدا بەشداریی کردبوو. کە ئەمە لایەنێکی تری پێوەندیی ئەو لەگەڵ ناوەند پیشان دەدات تاڕادەیەک کە هەندێ وەک نادری ئینتسار ئەو بە لایەنگری کۆماری ئیسلامی و دڵسۆزی تیۆکراسی ئێرانی دەزانن.[٩٠]

لە وتەکانی کاک حەسەنی ئەمینیشدا نیشانەیەک لە بڕوا و متمانەی لەڕادەبەدەری کاک ئەحمەد بە ناوەند دەبینرێت. ئەو لە وەڵامی پرسیار سەبارەت بە هەڵبژاردنی یونسی وەکو پارێزگاری کوردستان، دەڵێت: "وەکو راستییەک چاکە هەمووان بزانن کە بەڕێز موفتیزادە بەپێی ئۆگری توندی ئایینی و رەنج و ئێشگەلێک کە [نە تەنیا] خۆی و هاوشارییەکانی، بەڵکو هاونیشتمانییەکانی لە دەس رەژیمی پاشایەتی ئێران بینیبوویان، لە دەرەوەی خەیاڵ و وێنا دڵی بە شۆڕش لە ژێر ناوی ئیسلامی خۆش کردبوو. تاڕادەیەک کە ئامادەبوو بێجگە ئیسلام و نەتەوەی کورد، هەمـوو شـتێک بۆ ئەوە بنێتە لاوە. بۆیە بە هیچ جۆرێک نەیدەویست بە شێوەیەک کار بکات کە کەمترین زیانێک بە شۆڕش و ئابڕووی ئەوە بگات. کەواتە هەڵبژاردنی بەڕێز یونسی... وەکو یەکەمین پارێزگاری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەمووانی تووشی سەرسـووڕمـان کرد."[٩١] ئەم متمانە لەڕادەبەدەرە لەسەر پێڕەوانی ئەو و دەرەتانی سیاسی کوردستانیش کاریگەریی نەرێنی هەبوو و بووە هۆی هەندێ کەڵکی نالەبار بە جۆرێ کە شووراى رێکخستنی کۆمەڵە ئیسلامییەکانی سنە، لە تێلگەرافێکدا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی، بە پێی رۆژنامەی "جمهوری اسلامی"، ٢١ی ئابی ١٩٧٩، لە هێرشی ئەو بۆ سەر کوردستان پشتگیری دەکات و وێڕای راگەیاندنی موفتیزادە وەک رێبەری خۆیان لە کوردستاندا و پێڕەوی لە ئایەتوڵڵا خومەینی وەک رێبەری گشتی شۆڕشی ئیسلامی، کوردستان بە دیل لە چنگی ناپاکی ساواک، فیدایی، فیوداڵ و دێمۆکرات دێننە ئەژمێر کە بەم هێرشە رزگار دەبێت.[٩٢]

بێ هیوایی هەڵقوڵاو لە بڕوا و متمانەی لەڕادەبەدەری کاک ئەحمەد و کەڵک لێوەرگرتنی ناوەند، کاتێک زیاتر دەردەکەوێت کە کاک ئەحمەد لە وتەبێژیی "حوسێنییەی ئیرشاد " لە ساڵی ١٩٧٩ دا وەها دەڵێت: "... رەنگە بشزانن کە تەنیا ئێمە بووین کە کوردستانمان پاراست." کەواتە لایەنێکی کێشەی پێوەندیی لەگەڵ ناوەند، بێ متمانەیی ناوەند بە رەوتی مەکتەب و لە سەرەوەیدا کاک ئەحمەد بوو و لایەنەکەی تری متمانە و بڕوای گەشبینانەی ئەم رەوتە بە ناوەند بوو، کە یەکێک کەڵکی پێویست وەردەگرێت و ئەوی تر هیوایەکی نامێنێت بۆ گەیشتن بە ئایدیالە زەینی و ناڕاستەقینەکان.

## ٦. مەکتەب و پەڕاوێزکەوتنی سیاسی

بەڵام چ بوو کە وێڕای سەرکەوتنی مەکتەب لە هەڵبژاردنەکانی شوورای شاری سنە لە ڕێکەوتی ١٣ی نیسانی ١٩٧٩ ( کە ٣ کەسی چەپ و ٨ کەس لە ئـایینییەکان هەڵبژێردران) و چـالاکییەکانی دواتــری ئەوان، ڕەوتی مەکتەب کەوتە پەڕاوێزەوە. ڕەوتی ئیسلامی مەکتەب لەڕاســتیدا ســتراتێژییەکی تـایبەتی بۆ کوردســتان نەبـوو و بە کردەوەش تـاکتیکیان نەبـوو. بە بــوونی ســتراتێژی، ئـاکار و کردەوە دەبێت ڕەنگێکی لەوە هەبێت و بە شێوازێکی لۆژیکی تــوانســتی ڕاڤەکردن و گـونـجانـدنی لەگەڵ بەرنـامەیەکی دیاردا هەبێت. کردەوە و ئـاکاری ئەوان زیاتــر زنجیرە پەرچەکردارگەلێک و هەنـدێ دژکردەوەی ڕۆژانە بـوو. هەرچەنـد بـانـتر لە پـرسەکانی پێوەنـدیدار بە کوردسـتان ستراتێژی و بەرنـامەی سەرەکی کاک ئەحـمەد بە وتەی خۆیان بڕیار وابـــوو تـــا ســـاڵانێک درێژەی هەبێت و بە کردەوە جێبەجێ نەکرێت، بەڵام ڕەوتی شۆڕش بەرنـــامەکەی هەڵوەشـــانەوە و پێش وادەی دیاریکراو دەســـتیان دایە هەوڵ و تێکۆشـــان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێراندا.

ئیسلامخوازان لە پرسە سیاسییەکاندا زۆرتر خۆیان بە لەمپەڕێک لە بەرانبەر چەپدا دەزانی و سەرنجی لایەنی هـــاوبەشی "نەتەوایەتی کوردی"یان لە نێوان خۆیان و هێزە کوردە چەپەکان نەدەدا، کەچی بزووتنەوەی سیاسی نوێی کورد زیاتر لە بوارێکی چەپدا گەشەی سەندبوو. بەڵام کوردە چەپەکان زۆربەی کات ڕەچـــاوی "نەتەوایەتی"یان دەکرد. بە تـــاک چـــوونەکانی کاک ئەحمەد و نەکەوتنە تەک دیکەی هێزە کوردەکان بە جۆرێ ڕەچاونەکردنی پرسی نەتەوەیی لەو دۆخەدا بـوو. بۆ وێنە، هەروەها کە پێشتریش ئـاماژە کرا، کاتێ کە شێخ عێزەدین لە سنە وەکو وتەبێژی شـــوورای کاتیی شۆڕش لە ٢٠ی ئـازاری ١٩٧٩ هەڵبژێردرا و بڕیارنـامەیەکی ٥ خـاڵی بۆ ڕاگـــرتنی شەڕ ڕێکخرا، کاک ئەحـــمەدیش ئەوەی واژۆ کرد و هەر لە نیوەشەوی پـــاش ئەوەدا دانیشتنێک بە ئامادەبوونی شێخ عێزەدین، شوورای کاتیی شۆڕشگێڕ، سارمەدین سادق وەزیری و موفتیزادە بەڕێوەچوو. بەڵام لەو دانیشتنەدا کاک ئەحمەد گەڵاڵەی ٣ خاڵی سەقزی بە باشتر لە گەڵاڵەی ٨ خـــاڵی مەهـــابـــاد دەزانێ و ڕێناکەوێت لەگەڵ شـــوورای کاتیی شۆڕشگێڕ بۆ پێشکەشکردنی گەڵاڵەی هـاوبەش بە دەوڵەت و لێژنەی ئـایەتـوڵڵا تـاڵقانی و لە کاتـژمێری ٤ی بەیانی دانیشتنەکە بەجێ دەهێڵێت و بەیانی بە تەنیایی دەچێتە لای ئایەتوڵڵا تاڵقانی.[٩٣] یەکێک لە هۆیەکانی دژایەتی کردنی کاک ئەحمەد لەگەڵ گەڵاڵەی ٨ خاڵی، ئەوە بووە کە بە وتەی خۆی "لەم هەشت ماددەدا کەمترین ڕەنگی ئیسلامی دەکەوێتە بەر چاو."[٩٤] بەڵام بەپێچەوانەوە، بۆ نـموونە لە کاتی شەڕی نەورۆزی ١٩٧٩ی سـنەدا سـدێق کەمـانـگەر و مـزەفەر مـحەمەدی (لە سەرکردەکانی کۆمەڵی داکۆکی لە ئـازادی و شۆڕش لەو کاتەدا) لەگەڵ کاک ئەحـمەد ڕێدەکەون

و ڕاگەیندراوێک لە ٢٠ی ئـازاری ١٩٧٩ دا دەردەکەن و سەفـدرەی بە هۆکاری کوشـتوبڕی نەورۆز رادەگەیەنـن.[٩٥] لەڕاسـتیدا ڕەوتی مەکتەب نەیدەتـوانی قەبـووڵ بکات کە هـاوریز بێت لەگەڵ چەپ و بە بڕانی هیوای لە نـاوەنـدیش، وێرای گـرێدراوێتی سەرەتـایی، هـانـدەرێتی و هێزی بەرەنگاربوونەوەی گروپە سیاسییەکانی نەبوو، بۆیە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا پاشەکشێ کرد. بێ بەرنـامە بـوونیان و تێنەگەیشتوویی سیاسی و پشـت بەسـتن بە تەنیا سیاسەتی ئـایینی-پۆپـولیستی بە بەراورد لەگەڵ ڕێکخستنی بـاشـتری نـوێنەرانی چەپ، و هەروەهـا هەبـوونی پارێزگاری چەپ، ئیبراهیم یونسی، بە ئەگەرەوە وەک هێزی پاڵپشتی گروپە سیاسییە چەپەکان، بووە هۆی کەوتنە تەنگانەی کاک ئەحمەد و لایەنگرانی.

هەر لەم پێوەنـدییەدا و لە شـرۆڤەی چییەتی دەرگیرییە سیاسییەکانی سنە لە ئـازاری ١٩٧٩ دا، حەسەنی ئەمینی دەڵێت: "... یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان هەر ئەو سپاردنەی مۆڵگەی سەربازی (پـادگـان) و دیکەی هێزە چەکدارەکانی فەرمی و کۆن بە ئـاغەی سەفـدەری مەلایەکی نـاکورد و ناسونە بوو... جیهادکاران و جیهادخوازانتان ڕەچاو ناکەن و کەسانێکی ڕاست و خاوەن ماف وەک موفتیزادە بەو هەموو خەبات و تێکۆشانە کە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش هەیانە، وەلا دەنێن، لە پرسە گرنگ و سەرەکییەکاندا تەنانەت لە کوردستان، گرنگایەتییەکی پێ نادەن و سەرنجی بیروڕاکانی نـادەن." کە ئەمە خۆی نیشانەیەکی تـر لە بێ مـتمانەیی نـاوەنـدە. بۆیە ڕەوتی مەکتەب بە ئـاگـاداریی لەسەر ئەم بـابەتە دەبـوا دەسـتی لە بەرانـبەرکێ بکێشایە و لە هێزە کوردییەکان نـزیک ببایەتەوە، لە کاتێکدا کە گرنگایەتی دانی زیاتـر بە پـرسە ئایینییەکان بـووە هۆی پەڕاوێزکەوتنی لە هەردوو لا، هەم لە نــاوەنـــد و هەم لە هێزە کوردەکان. هەر لەم پێوەنـــدییەدا ئەمینی ئــامـــاژە دەکات کە: "... هۆکاری تـــر، تـــرسی هێزە نـــائـــایینییەکان لە جێگیربوونی سەروەریی ئایین بوو کە لە هەر ئامرازێک بۆ بەدناو کردنی ئایین و ناڕازی کردنی خەڵک کەڵکیان لێوەردەگرت. لە کوردستاندا زیاتر لە دوژمنان، لەلایەن هاوڕێیانەوە ئەم بوارە دابین بـووا..."[٩٦] هەروەهـا ئەو لە شـرۆڤەی تێرۆرەکان و چەکداربـوونی حێزبەکانـدا دەڵێت: "... گـرنـگترین هۆی بەجێهێشتنی کوردسـتان [پـارێزگـای سـنە] و کۆچ بۆ کرمـاشـان پـرسی چەکداربـوونی حێزبەکان و گـروپە نـائیسلامییەکان لە کوردسـتانـدا بـوو، چۆن بەداخەوە ئەوان زیاتـــر و لە پێشدا ئێمەیان کردبـــووە نیشانە... لە دوایین وتـــاری هەینی پێش بەجێهێشتنی کوردستان کە خۆی [کاک ئەحمەد] وتـاربێژ بـوو، ڕێک بەم بـابەت و هۆیە ئـاماژەی کردبـوو: "بە هۆی ئەوەی کە لە نێو خەڵکی کورددا و بە نـاوی ئیسلام و نـائیسلامەوە بـراکوژی ڕوونەدا و لە کاتێکدا کە گـروپ و کەسـایەتییە کوردەکان نـامـوسڵمان و لایەنی ئێمە مـوسڵمـانـان، هێشتا بە تەواوی بۆیان دەرنەکەوتـووە (هێشتا حـوجـجەت بۆیان تەواو نەبـووە) کە ئێمە نـاچـار بین

لەگەڵیان شەڕ بکەین، ئەوەتە من کوردستان بەجێدەهێڵم و هەرکەسێک هاوڕێگای منە ئەو کارە بکات، چۆن هەرچەند ئێمە نەمانەوێت ئەوان بکوژین، ئەوان ئێمە دەکوژن."[٩٧] بەڵام وەک ئاماژە کرا بەڵگەکان پیشاندەری ئەوەن کە دژایەتی ئایدۆلۆژیک لەگەڵ چەپ بوو کە ئەوانی خستبووە بەرانبەر یەکتر. سەبارەت بە چەکدار بوونیش وەک ئاماژە کرا سەرەتا لەلایەن مەکتەبیشەوە هەنـدێ هەوڵ بۆ چەکداربــوون درابــوو و کەســانی چەکداریان هەبــوو. بۆیە جۆرێ شەڕی دەسەڵات لە نێوان ئــایینی و نــائــایینییەکان و کەڵکوەرگــرتنی حکوومەت لەو قەڵشتە کۆمەڵایەتییە بــوو کە بــووە هۆی ئەوەی مەکتەب دەرەنــجام پــاشەکشێ و دوورەپەرێزی و کەوتنەپەڕاوێز بە چاکتر بزانێت. لە ئارادابوونی هێزخوازیی و هەروەها ناکۆکی نانەوەی ناوەند لە نامەی کاک ئەحمەد بۆ بازرگان لە ڕێکەوتی ٨ی نیسانی ١٩٧٩دا زیاتر دەردەکەوێت کە وەها دەنووسێت: "... ئێمە هێزی ڕەهای چەکداری و سیاسی ناوچەکە بووین، بەڵام دەزگای ڕێبەریی بە سیاسەتە چەوتەکانییەوە، وەهــا دوژمنی گەیانــدووە بە هێزی سیاسی و چەکداریی کە تــاڕادەیەکی زۆر ئێمەی خســتووەتە پەڕاوێزەوە و ئەمە کارێک بــوو کە دەوڵەت کردی، ئەگینە هیچ دوژمنێک نەیدەتوانی بیکات (ڕەنگە هەلێک بڕەخسێت و گەر ویستتان بەسەرهاتەکەتان بۆ بگێڕمەوە) ...."[٩٨]

لە وتەکانی "حوسێنییەی ئیرشاد" لە ناوەڕاستی خەرمانانی (ئەیلولی) ١٩٧٩ دا کاک ئەحمەد دەڵێت: "... وتــم ئیمام، ئەم شۆڕشە ئێستا ئیتر ڕێگای کۆنەپــارێزیی و بەدواداچــوون تێدەپەڕێنێت، بە راســتوێژییەوە لە خــزمەتیانــدا وتــم - شۆڕش چی تــر ئیسلامی نییە، کۆنەپارێزییە، ئەدی روخا، وتم پێویستە کە من بەرەنگاری ئەم شۆڕشە ببمەوە [بەڵام] بە بۆنەی ئەم گەلە موسڵمانەوە واناکەم...."[٩٩] ئەمانە پیشان دەدەن کە لایەنی ئیسلامی و موسڵمان بوون بۆ ئەو زیاتــر گــرنــگ بــوو و هەر بەم بۆنەوەش دەکەونە پەڕاوێزەوە. لە کاتێکدا کە لە بــاری سیاسەتی نەتەوە-تەوەرەوە ڕەنــگە چــاکتر دەبــوو ئەگەر دەچــوونە پــاڵ دیکەی گــروپ و ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکان و لانیکەم وەک گــروپێکی سەربەخۆ لە سیاسەتە نەتەوەخوازانەکاندا دەبوونە پاڵپشتی یەکتر. لەم پێوەندییەدا، لە بەشێک لە ڕاگەیندراوی کاک ئەحــمەد سەبــارەت بە هــانــدەرێتی بەجێهێشتنی سـنە لە ١٢ی ئــابی ١٩٨٠ دا وتــراوە کە: "ئەم جــارەش بۆ بەرگیری لە ڕژانی خــوێنی هەزاران مــوسڵمان و هەڵگیرســانی شەڕی نــاوخۆیی لە کوردســتانــدا، لە ڕێگاچــارەیەک بیرمــان کردەوە و ئەو مــوسڵمانــانەی کە بە هۆی خەبــاتیان لە سەردەمی ڕەژیمی پێشوودا ناسرابوون و کەوتبوونە بەر ڕقی بەکرێگیراوان و نەیاندەتوانی لە بەرانبەر دوژمنانی گەلدا بێلایەن و خەمسارد دانیشن، رامانسپاردن کە کوردستان [پارێزگای سنە] بەجێ بهێڵن."[١٠٠] کاک ئەحمەد لە وتوویژی سەرماوەزی ١٩٨٠ کە لەو کاتەدا لە حکوومەتیش

دابڕابـــوو، دیسانەوە درێژە بەو بەرانـــبەرکێیە دەدات و بە تـــونـــدی لە دژی هێزە کوردییەکان رادەوەستێت و ئەوانە بە ئەمـریکایی و رووسی دەزانێت کە بە فەرمـانی ئەوانە شەڕ دەکەن و راشکاوانە دەڵێت ئەو نەیدەهێشت کوردســـتان ببێتە ژێرچەپۆکەی ئەو دوو وڵاتە. بەڵام وەک دەرکەوت دەرەنـــجامەکەشی مـــانەوە لە ژێر چەپۆکەی کۆمـــاری ئیسلامیدا بـــوو کە هەمـــوو لایەنەکانی بە خۆشیانەوە سەرکوت کرد.

لە کۆتـاییدا، گـرتـن و سەرکوتی هێزەکانی مەکتەبیش زیاتـر بە هۆی سیاسی-ئـایینی بـوو نەک سیاسی-نەتەوەیی. هەرچەنـــد بەڵگەیەکی پیشانـــدەری گـــرێدراوی "شـــوورای مەرکەزی سـونـنەت" (شـمس) بە عەرەبسـتانی سـعوودی و پێڕەوی کاک ئەحـمەد لە پەسەنـدکراوەکانی کۆنفڕانسی تـــائیف و... (بێجگە بەشـــداری چەنـــد کەسێک لەوێدا) پێشکەش نەکراوە و کاک ئەحمەد لە نامەیەکدا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی رەتی دەکاتەوە و داوا دەکات کە لەسەری ئامادەیە بۆ وتـووێژ و بـاسی راشکاوانە[101]، بەڵام یەکێک لە هۆیە تـایبەتەکانی گـرتنی ئەو و کۆمەڵێک لە هـــاوڕێیەکانی دەگەڕایەوە سەر دامەزرانی ئەو شـــوورایە و چۆنیەتی شیکاریی بەرپـــرســـانی حکومی ئەو کات. حکوومەت کە بۆ بیانـــوو دەگەڕا، ئەو شـــوورایەی بە بـــاسکی جێبەجێکاری کۆنفڕانسی تـــائیف لە ئێرانـــدا دەزانی و فەلـــسەفەی هەبـــوونی ئەوەی بە پێڕەوکردنی مەبەستەکانی کۆنەپارێزیی عەرەب لە ئاڕاستەپێدانی جیاوازیی ئایینیدا شی دەکردەوە.[102] بۆیە گـرتنی ئەنـدامـانی مەکتەب کە بـووە هۆی راوەسـتانی چـالاکییە راشکاوانەکانی ئەوان نەک بە هۆی پـــرسە نەتەوەییەکان بەڵکو بە هۆی چـــالاکییە ئـــایینییەکان بـــوو. ئەمە سەرنەکەوتنی سیاسەتی ئـــایین-تەوەر لە کوردســـتانی ئەو دەمەدا پیشان دەدات کە دەرەنـــجامەکەی پەڕاوێزکەوتنی سیاسی بوو.

## دەرەنجام:

روانینی یەک لایەنە بۆ شـونـاسی نەتەوەیی و جەختی نـاڕێک و نـاهـاوسەنـگ لەسەر لایەنی مەعـنەوی و ئـایینی بە زیانی لایەنی نەتەوەیی، دواهـاتی نـاخۆشی پێوەنـدیدار بە شـونـاس، سیاسی و کەلەپووریی دەبێت و کۆمەڵگا نەریتییەکان تـووشیاری مەترسی دەکات، ئەو شتەی کە لـە کوردسـتانی سـەرەتـای شۆڕشی ١٩٧٩ دا ئـەزمـوون کرا. گـەشـە و پـەرەسـەنـدنی رەوتی ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوین و تەشەنەی ئەم گوتارە لە ئێران و بە پێڕەوی لەوە لە کوردستاندا، و لە ئاکامدا پـەرەسەندنی دژایەتی ئایدۆلۆژیک لە نێوان ئیسلام و مارکسیزم بە گشتی لە ناوچـەکەدا و بـەتایبەتی و بە تونـدی لـە کوردستـاندا، بووە هۆی پـەرەسـەنـدنی بە

ئایدۆلۆژیک بوونی ئیسلام و گوتاری ئایینی و بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دژایەتی نێوان یاریزانانی سیاسی لە کوردستاندا. کە ئەمە خۆی زیاتر لە هەر شتێک بە زیانی نەتەوەخوازیی کوردی بوو، لەبەر ئەوەی کە لە کورستاندا سیاسەت زیاتر لە هەر شتێک پێوەندیی بە نەتەوەخوازییەوە هەیە. بۆیە دەبێت سەرنج بدرێت کە لە کوردستاندا نەتەوەخوازیی زیاتر لە ئایین و ئایدۆلۆژی چەپ بۆ یەکیەتی و تۆکمەیی بەخشین گرنگ بووە. بەڵام لە کۆتاییدا هەرکام لەو دووانەش بە جۆرێ کەسانێکیان لێکتر گرێدا کە دەکرا دیسان لە ئاڕاستەی نەتەوەخوازیدا بەکار بهێنرێن، شتێ کە ڕوویندا.

ئەوەی کە لە تاوتوێکردنی ڕووداوەکانی پاش شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران دەردەکەوێت ئەوەیە کە کردە سیاسییەکانی ئایین لە باری ئەرێنییەکەیدا وەک ڕاهاتن لەگەڵ ئایین و کەڵکی سیاسی ئەرێنی لە کردەی تۆکمەبەخشی ئەوە لەلایەن هەندێ حێزبی میانەڕەو، و لە باری نەرێنییەکەیەوە وەک بە ئامراز بوون، بەتایبەت وەک ئامرازی سیاسی لە دەستی حکوومەتدا، کەڵکوەرگرتن لە ئایین بۆ خراپ کردنی گروپە دژبەرەکان لەلایەن هەندێ گروپی توندئاژۆ، بە ئامراز بوونی ئایین بۆ دەستەبەرکردنی هێز و دەسەڵات و هەروەها زیاتر لە هەمووان کردەی نەرێنی هۆکاری ناکۆکی بوون و جیاوازیی خستنەنێو گروپە سیاسییەکان بە هۆی بەرانبەرکێ لەگەڵ ئایدۆلۆژی چەپ و... بە چاکی لە کوردستانی ئەو سەردەمەدا بینراوە تا شوێنێ کە دەکرێ بوترێت کوردستان بوو بە قوربانی ناکۆکی و دژایەتی ئایدۆلۆژیک. بۆیە بە گشتی دەبێت بگوترێت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی نوێی کورد هیچ کات نەیتوانی وەک نەتەوەکانی تر ئەو جۆرە کە پێویستە لە ئایین بە قازانجی تۆکمەیی نەتەوەیی کەڵک وەرگرێت و ڕەنگە نەتەوەی کورد تەنیا نەتەوەیەک بێت کە لە ئایین بۆ سەرکوت کردنی بە تەواوی کەڵک وەرگیراوە، ئێستا بە شێوەی بەکارهێنانی وەک ئامراز، ئەنفالی سەدامی یان یارمەتی بۆ ژینۆسایدی سپی و....

ئایین لە کوردستاندا نەتەنیا نەیتوانی ببێتە هۆی تۆکمەیی و یەکیەتی لە نێوان ئایینییەکاندا بۆخۆیان، بەڵکو لەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تۆکمەبەخشیی دیکەی توخم و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت نەتەوە و نەتەوەخوازیی کەڵک وەرگیرا. هەڵبەت دەبێت ئاماژە بکرێت کە ئایدۆلۆژی کۆمونیستیش بە شێوازێکی تر هەر ئەم ڕۆڵەی گێڕا واتە لەڕاستیدا هەردووکیان ڕۆڵی پێکهێنانی ناکۆکی و جیاوازییان گێڕا. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەڵگرانی هەردووکی ئەم ئایدۆلۆژییانە و کردەکانیان، خوازراو و نەخوازراو، ئاگایانە یان نائاگایانە، بە جێی خزمەت بە خۆیان، بە قازانجی حکوومەتی ناوەندیی هەنگاویان هەڵدەهێنا. لەم نێوانەدا

ئەوەی کە دەیتوانی رۆڵی تۆکمەبەخش بۆ هێزە جیاوازە سیاسییەکانی هەبێت، ناسیۆنالیزمی کورد بوو کە وێرای هاوبەش بوونی لە نێوان سێ یاریزانی سیاسیدا، بوو بە فیدای دژایەتی ئایدۆلۆژیک.

هەر لەم پێوەندییەدا، رەوتی مەکتەبی قورئان وەکو گرنگترین رەوتی کاریگەر و نوێنەری ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بە چاکی کەوتە داوە سیاسییەکانەوە. وێرای هەبوونی ئایدیال و ستراتێژی کۆتایی، پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی بۆ ئێران بە بێ رەچاوکردنی ئایینزایەکی تایبەت، بەڵام لەڕاستیدا ستراتێژی و تاکتیکی سیاسی پێویست و شیاوی هەلومەرجی پێوەندیدار بە کات و شوێنی بۆ کوردستان نەبوو. وێرای بوونی هەندێ رەگی نەتەوەخوازیی، ئایین لایەنی زاڵ لەم رەوتەدا بوو و ئاکاری ئایدۆلۆژیکی ئەوان بووە هۆی ئەوەی کە تێگەیشتن لە دۆخی سیاسی خۆیان لە بیر بکەن. کە ئەمە خۆی لە ژێر کاریگەریی ئەو رەوتە ئیسلامییانەدا بوو کە قۆناخی ناسیۆنالیزمیان تێپەڕاندبوو. کەواتە لەلایەک پێوەندیی گەشبینانە و متمانەی ناهاوسەنگ و یەک لایەنەی ئەوان بە ناوەند لە سەرەتاوە و لەلایەکی ترەوە هەڵوێستی بە توندی ئایدۆلۆژیک و سیاسی ئەوان لە بەرانبەر چەپ و دواتریش دابڕان لە ناوەند و نەچوونە پاڵ دیکەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان (لانیکەم میانەڕەوەکان)، نەتەنیا بووە هۆی پەراوێزکەوتنی سیاسی و سڕینەوەیان وەکو یاریزانی سیاسی، بەڵکو بووە هۆی کەڵک وەرگرتنی سیاسی ناوەند لە ئایین لە دژی دیکەی هێزەکانیش لە نەبوونی ئەواندا. لە کاتێکدا کە دەیانتوانی رۆڵێکی چاکتر لەوە بگێڕن.

ئەوەی کە پێشکەش کرا وێنە و شێکردنەوەی بەشێک لە رووداوە سیاسییەکانی کوردستان بوو کە هەبوون و تێپەڕیون و ئەگەری نادروست بوون و هەروەها هەڵەی نووسەریش بە دوور نییە، بەڵام گرنگ وانە وەرگرتن لە وەها رووداوگەلێکە. هەوڵ بۆ تێگەیشتن لە رووداوە سیاسییەکان و هەروەها رەچاوکردنی کەڵکەڵەی سەرەکی بۆ لە پێشگرتنی رێبازی شیاو و واقیبینانە و کەڵکوەرگرتنی پێویست لە هەموو ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی لە سیاسەتدا و دوورەپەرێزی لە ئارمانخوازیی لانیکەم لە هەلومەرجی هەستیاردا، پێویستە بۆ چوونەناو گۆڕەپانی سیاسی وەک یارزانێکی سیاسی.

لاپەڕەیەک لە ڕۆژنـامەی کوردسـتانی سەردەمی پـالەوی دووەم کە لە تـاران دەردەچـوو و کاک ئەحمەد لە ناو دەستەی نووسەرانیدا بوو (ژمارەی ١ی ساڵی دووەم / ژمارەی شوێن یەکی ٥٢، ڕێکەوتی ٤ی ئایاری ١٩٦٠)



ئەمرو شاهەنشا تەشریفیان برد بو ئورووپا

ژمارەی - ١ - ساڵی دووەم
ژمارەی شوێن یەکی ٥٢

کوردستان

ڕۆژنامە یێکی حەوتەیی کوردی‌یە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ.

بایی
بۆ ناوخۆ:
ساڵانە: ١٢ تمەن
شەش‌مانگە: ٧ «
چل: ٣ قران
بۆ دەرەوە:
ساڵانە: ٣٠ تمەن
شەشمانگە: ١٥ «

کوردستان

سیاسی - ئابووری - وێژەیی - کۆمەڵایەتی

خاوەنی ئیمتیاز وەمدیری لێپرسراو
عبدالحمید - بدیع الزمانی
بەچاودێری دەستەی نووسەر:
محمد صدیق مفتی زادە سەرنووسەر
دکتور عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
محمد عابد سراج الدینی - شکر الله بابان
خسرو شیخکانلووی میلانی

ئادرەسی ڕۆژنامە:
تاران - ئەوەڵی شەقام (خیابان)ی ئەمیر کبیر - پاساژی ٢٠
تلیفوون ٣٠٤٥٦٣

چووارشەمە ١٤ گوڵانی ٢٥٧٢ک - ١٤ اوردیبەهیشتی ١٣٣٩ش - ٧ ذیلقعدە ١٣٧٩ق - ٤ مەی ١٩٦٠م

لەم حەفتەدا

شاهەنشا سەریان دا، لەشاری خاپووری ((لار)) وەشوینە بوومەلەرزەدیوەکانی ناوچەی لارستان؛ وەفەرمانیان دا، کە: هەموشتی پیویست لەپەسابولی قەوماوەکان بنیرری. گەلانی دنیا لەیارمەتی‌یەدا، هاوبەش بوون

لەم حەفتە

بشیوەیی کەوتەوەلاتی تورکییەوە بەزوری حکوومەتی عەسکەریی دامرکا
یەکەمین زەنگی لوولەکیشیی ئاوی شاری پاوە بەناوی شاهەنشاوە ژەنرا

احمد مفتی زادە

محمد صدیق مفتی زادە: سەرنووسەر

عبدالحمید - بدیع الزمانی

خسرو شیخکانلو میلانی


محمد عابد - سراج الدینی

شکر الله بابان

دکتور عبدالرحمن مفتی زادە

ریزەکاریی

نامەی کاک ئەحمەد لە ڕێکەوتی ١٨ی ئازاری (مارسی) ١٩٧٩دا بۆ ئەندازیار بازرگان



بسم الله الرحمن الرحیم

دانشمند محبوب جناب آقای مهندس بازرگان

میدانم که در این [illegible] کشوری مستبد طاغوت زده [illegible] میدانم که کار زیاد است و وقت کم [illegible]

[illegible] توقعات مردم از زمان کم [illegible] – [illegible] که عرض کردم – قسمت عمده

از [illegible] مردم معلول عدم [illegible] واقعیت [illegible] در سطح تصمیم گیری است [illegible] در شئون اجرائی [illegible]

در کردستان [illegible] فرصت ندارم [illegible] مفتاح [illegible] شورای انقلاب [illegible]

[illegible] که اخیراً بدست آمده [illegible] در جهت استقرار اسلامی [illegible] خداوند فرصت [illegible]

عنایت فرماید.

[illegible] داود [illegible] و با همکاری [illegible] دکتر خسروی – که در [illegible]

[illegible] کمیته های [illegible] انقلاب [illegible] – داود [illegible]

[illegible] دکتر خسروی [illegible] – [illegible] بعنوان [illegible] جناب آقای

[illegible] و [illegible] دکتر [illegible] معرفی کردیم [illegible] بعنوان [illegible]

خدا توفیق دهد [illegible] برادران [illegible] برادران [illegible]

[illegible] شرایط [illegible] که [illegible] تبلیغ بپردازند و

[illegible] حکومت اسلامی [illegible] گردد.

[illegible] خدمت جناب آقای [illegible] خدمت [illegible]

[illegible] انقلابی [illegible] که [illegible]

[illegible] اعلام [illegible] از طرف شورای انقلاب [illegible]

[illegible] وحدت [illegible] جامعه [illegible] توحیدی [illegible]

[illegible] و [illegible] باز [illegible] گردد.

[illegible] فرصت [illegible] زیرا [illegible]

[illegible] برای [illegible]

[illegible] خسته ام [illegible] نمی بینم.

خدای متعال همه را براه اسلام واقعی هدایت کند و نیز توفیق دهد [illegible]

[illegible] بتوانیم [illegible] مملکت خراب [illegible] کشوری اسلامی بسازیم که الگوی [illegible]

نمونه عدالت برای بشریت گردد. (با امید خدا چند روز دیگر خدمت خواهم رسید).

والسلام علیکم و رحمة الله و برکاته. مخلص [illegible] احمد مفتی زاده

٥٧/١٢/٢٧

جناب [illegible] نسخه ای [illegible] فرصت [illegible] و وقت

تفصیلی [illegible] – همراه داوند

## سەرچاوەکان:

[١] ئەم نووسراوە بۆ یەکەم جار بە زمانی فارسی لە گۆڤاری "رۆژەڤ"، بڵاوکراوەی خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران، ژمارە یەکەم، ٢٠٠٦، لاپەڕەکانی ٧٤-١١٥، بڵاو بووەوە. پاشان و دوای هەندێ چاکسازیی ئینگلیزییەکەشی بە شێوەی کورتتر لە ژێر ناوی "سیاسەت و ئایین لە کوردستانی رۆژهەڵات؛ بە تیشک خستنەسەر مەکتەبی قورئان لە سەردەمی شۆرشی ١٩٧٩دا"، لە گۆڤاری "سیاسەت و ماف"، سەر بە ناوەندیی کەنەدایی زانست و فێرکردن، ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٥ دیسانەوە بڵاو بووەتەوە. ئەم دەقەی بەردەست تەواوی بابەتەکە پاش دوایین چاکسازییەکانە.

[٢] جف هینس، **دین، جهانی شدن و فرهنگ سیاسی در جهان سوم**، ترجمە: داوود کیانی، چاپ اول (تهران، انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی، ١٣٨١)، ص ٢٥.

[٣] حمید احمدی، «دین و ملیت در ایران: همیاری یا کشمکش؟» لە: **ایران (هویت، ملیت، قومیت)**، سرپرست: حمید احمدی، (تهران: مؤسسە تحقیقات و توسعە علوم انسانی، زمستان ١٣٨٣)، ص ٥٣.

[٤] سەباح موفیدی، «کەسایەتی ئایینی کورد و دنیای ئاڵۆزی سیاسەت»، **ئاسۆ**، ژمارەی ٨٦، شەممە ٨ رەشەمەی ١٣٨٣، ل. ٦.

[٥] سەباح موفیدی، «رۆڵی کەسایەتییە ئایینییەکان لە مێژووی کوردا»، **پەیامی کوردستان**، شەممە ٢٨ گەلاڕێزانی ١٣٨٤، ل. ١١.

[٦] ملکم همیلتون، **جامعەشناسی دین**، ترجمە: محسن ثلاثی، چاپ دوم (تهران، مؤسسە فرهنگی انتشاراتی تبیان، ١٣٨١)، ص ٢٠٠.

[٧] Malcolm Hamilton

[٨] هەر ئەوە، ل. ٣٧.

[٩] Auguste Comte

[١٠] هەر ئەوە، ل. ٤٠.

[١١] Robert Bellah

[١٢] هەر ئەوە، ل. ١٥.

[١٣] Edward Tylor

[١٤] هەر ئەوە، لل. ٢١-١٩.

[١٥] Emile Durkheim

[١٦] Jeff Haynes

[١٧] جف هینس، ص ٣٠.

[١٨] Milton Yinger

[١٩] همیلتون، ص ٣٠.

[٢٠] Robertson

[٢١] هەر ئەوە، ل. ٣٣.

[٢٢] هەر ئەوە، لل. ٢٠٣-٢٠٢.

[٢٣] Jean-Paul Willaime

[٢٤] علیرضا شیخ عطار، **دین و سیاست: مورد هند**، چاپ اول (تهران، مرکز چاپ و انتشارات وزارت خارجە، ١٣٨١)، ص ٢٩.

[٢٥] O'Dea

[٢٦] Malcolm Hamilton, The Sociology of Religion, Second Edition, New York: Routledge, 2001, 138.

[٢٧] شیخ عطار، صص. ٢٧-٢٦.

[٢٨] وتەبێژیی کاک ئەحمەد لە کۆبوونەوەکانی شوورای مەرکەزی سوننەت، مورخە ١٢، ١٣/١/١٣٦٠. بڕوانە: کنکاشی در زندگی سیاسی مفتیزادە، تحقیقی از امور تربیتی کردستان، اردیبهشت ١٣٦٤، ص ١٩٨.

[٢٩] جف هینس، صص ١٤٠-١٣٨.

[٣٠] شیخ عطار، صص ٥-٣.

[٣١] Watkins and Hans Morgenthau

[٣٢] Harold Lasswell

[٣٣] David Easton

[٣٤] عبدالرحمن عالم، **بنیادهای علم سیاست**، چاپ هفتم (تهران، نشر نی، ١٣٨٠)، صص ٣٠-٢٨.

[٣٥] Chris Kochera

[٣٦] لە سەردەمی فیوداڵیدا، ئایین بە قازانجی حکوومەتە ناوەندییەکان بەتایبەت دامودەزگای خەلافەتی عوسمانی کاری دەکرد و بۆ کوردەکان زیاتر کردەی نەرێنی بووە. لەم بوارەدا دەکرێ بە بابەتی دژایەتی مەلای خەتێ لەگەڵ شەڕی ئەمیری رواندز لە سەدەی نۆزدەدا ئاماژە بکرێت. مامۆستا مەسعود محەمەد لەمبارەوە وا باس دەکات: «وتەیەک هەیە دەڵێ: "مەلای خەتێ" لە بەر باوەڕی ئایینی خۆی کە ناسەلمێنێ موسڵمان لە دژی خەلیفەی ئیسلام چەک هەڵگرێ، فەتوای دا بە کافر بوونی هەر کوردێک شەڕ بکا لەگەڵ لەشکری عوسمانی کە ئەوسا بە دەوڵەتی ئیسلام دەزانرا و پاشایان لەقەبی خەلیفەی پێوە بوو، گۆیا ئەو فەتوایە بوو لەشکری میری رەواندزیی لە شەڕکردن وەستاندووە و چەکی پێ فڕێ داوە و بەوەدا میری رەواندز ناچار بووە بە تەسلیم بوون و حکوومەتی لێ تێکچووە» (مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد، بەشی دووەم، ١٩٧٤، ل ١٠٦). هەڵبەت مامۆستا بە هۆهێنانەوە ئەگەری ئەوە دەدا کە رەنگە راست نەبێت، بەڵام ئەو بیرۆکە هەبووە و یەکێک لە لەمپەرەکانی پێکهاتنی حکوومەتی کوردی و ئامرازێکیش بۆ درێژەدانی حکوومەتی تورکانی عوسمانی بووە.

[٣٧] کریس کوچرا، **جنبش ملت کرد و خواست استقلال**، ترجمه: عزیز ماملی (آوریل ٢٠٠٠).

[٣٨] بۆ خوێندنەوەی بیرەوەرییەکە، بڕوانە بابەتی یەکەمی ئەم پەرتووکە لە ژێر ناوی "دەوری توێژی فەقێ و مەلایان لە پێکهاتنی پێوەندیی کوردستانی و گیانی کوردایەتیدا".

[٣٩] "گفت و گو با حسن امینی"، **ویژەنامه چشم‌انداز کردستان همیشه قابل کشف (٢)**، پاییز ١٣٨٤، ص ٣٣.

[٤٠] بهزاد خوشحالی،"کردستان، روزهای بحران، مجموعه اسناد مطبوعاتی (اخبار کردستان)، ١٣٥٧-١٣٥٩"، بەشی "آیت الله خمینی و کردستان". وەرگیراو لە، ٢٠١٥/٤/٢، ماڵپەڕی: Http://Www. Iran-Archive.Com/Start/215

[٤١] «ناگفته‌هاي كردستان از زبان وزير امور خارجه دولت موقت دكتر ابراهيم يزدی در گفتگو با روزنامه آشتی»، **آشتی**، دوشنبه ٢٤ اسفند ١٣٨٣، سال دوم، شماره ٢٢.

[٤٢] خوشحالی، ئەوەی پێشوو، بەشی "بنی صدر و کردستان".

[٤٣] کریس کۆچێرا، **خەباتخوازیی کورد**، وەرگێڕانی: ئاسۆ حەسەن زادە، چاپی یەکەم (چاپی سەربەخۆ، ١٩٩٩)، ل. ٦٣.

[٤٤] هەر ئەوە، ل. ٩٤.

[٤٥] احمدی، ١٣٨٣، صص ٩٣ و ٩٢.

[٤٦] خوشحالی، ئەوەی پێشوو، بەشی "حزب دمکرات و کردستان".

[٤٧] رۆژنامەی "اطلاعات"، ١٣٥٨/١/٩. وەرگیراو لە: خوشحالی، پیشین.

[٤٨] خوشحالی، ئەوەی پێشوو، بەشی "دکتر عبدالرحمن قاسملو و کردستان".

[٤٩] رۆژنامەی "آیندگان"، ١٣٥٨/٣/٢٣. وەرگیراو لە: خوشحالی، ئەوەی پێشوو.

[٥٠] خوشحالی، ئەوەی پێشوو.

[٥١] هەر ئەوە.

[٥٢] کاوە بەهرامی، **تاقگەی هەقیقەت** (بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو)، ل. ٣٥٩.

[٥٣] دیمانە لەگەڵ "ایران فردا"، ١٣٥٨/٣/٢٨. وەرگیراو لە: خوشحالی، ئەوەی پێشوو.

[٥٤] کریس کوچرا، **چالش جنبش ملت کرد یا رویای شیفتەی استقلال**، ترجمه: عزیز ماملی، کوردستان: سلێمانی، چاپ دوم، ٢٠٠٨، ص ٢٧٥. و، کۆچێرا، ١٩٩٩، ل. ١١٢.

[٥٥] دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی "اطلاعات"، رێکەوتی ١٣٥٨/٤/٤.

[٥٦] احمدی، ١٣٨٣، صص ٦٠-٥٨.

[٥٧] هەر ئەوە، ل. ٨٠.

[٥٨] «من و انقلاب»، دەسنووسی ئەحمەدی موفتی‌زادە لە پاییزی ١٣٥٨. بڕوانە: کنکاشی در زندگی سیاسی مفتی‌زادە، ص ١٢٠.

[٥٩] احمد مفتیزادە، دربارە کردستان، ص ١٥٨.

[٦٠] "کنکاشی در ..."، ص ٣٠.

[٦١] هەر ئەوە، ل. ٣١.

[٦٢] وەرگیراو لە: خوشحالی، ئەوەی پێشوو.

[٦٣] "مرامنامه حزب مساوات اسلامی"، ٥٧/١٢/١٥. چاولێکەن: کنکاشی در ...، بخش ضمائم، ص ٢١.

[٦٤] جنگ خونین سنندج و دستاورد آن، شورای شهر، دفتر هواداران سازمان چریکهای فدایی خلق ایران (سنندج ١٣٥٨.)، ص ١٣٢.

[٦٥] احمد مفتی‌زادە، **بحثی کوتاه دربارە: حکومت اسلامی** (سنندج ١٣٥٩)، صص ١٥-٩.

[٦٦] هەر ئەوە، ل. ٩٥.

[٦٧] "جنگ خونین ..."، ص ٣٦.

[٦٨] هەر ئەوە، ل. ٤١.

[٦٩] هەر ئەوە، ل. ٦٥. و: "کنکاشی در ..."، بەشی پاشکۆکان.

[٧٠] صارم الدین صادق وزیری، "ارتباطات متقابل چپ ایرانی و چپ کردستانی"، **رۆژەڤ**، شماره ٤-٥، زمستان و بهار ١٣٨٥-١٣٨٦، صص ٧٣-٩٨.

[٧١] ئەحمەدی موفتی‌زادە، شریتی کاسێتی وتەبێژییەکانی "حوسێنییەی ئیرشاد"، (خەرمانانی ١٩٧٩/١٣٥٨).

[٧٢] "کنکاشی در ..."، ص ١٣٣ و ١٦٨.

[٧٣] هەڵبەت ئەم ئـامـارە راسـت نییە و هەروەک دواتـر دەرکەوت، دژبەران بۆ پروپـاگەنـدە لە دژی رەژیمی شـا لە پێشکەشکردنی ئەو ئامارانەدا زێدەبێژییان دەکرد.
[٧٤] "کنکاشی در ..."، ص. ٦٨.
[٧٥] "جنگ خونین ..."، ص ٤٣.
[٧٦] هەر ئەوە، ل. ٦٨.
[٧٧] هەر ئەوە، ل. ٤٧.
[٧٨] وەرگیراو لە: خوشحالی، ئەوەی پێشوو.
[٧٩] وەرگیراو لە: خوشحالی، ئەوەی پێشوو، بەشی "علامه احمد مفتیزاده و کردستان".
[٨٠] لە بەشی "حکوومەتی ئێران و بەکارهێنانی سیاسی ئایین لە کوردستان..." دەقی وتووێژەکە هێنراوە. بڕوانە: ل. ٨١.
[٨١] امینی، ١٣٨٤، ص ٣٦.
[٨٢] بڕوانە: صادق وزیری، ١٣٨٥، ص ٩٦.
[٨٣] وەرگیراو لە: خوشحالی، هەر ئەوە.
[٨٤] وەرگیراو لە: خوشحالی، هەر ئەوە.
[٨٥] "جنگ خونین .."، ص ٤٢.
[٨٦] هەر ئەوە، ل. ١٣٠.
[٨٧] "کنکاشی در ..."، ص ٨٩.
[٨٨] هەر ئەوە، ل. ٩١.
[٨٩] بەپێی راپۆرتی هـەواڵدەری پـارس و وەرگیراو لـە رۆژنـامـەی: "کـیهان"، ١٦ مهـرمـاه ١٣٥٨، ص ١١. چـاولێکەن: مـنصور بـلوری، مـقالـه اینترنتی: "فرمان یورش به کردستان به دستور شخص خمیني، جنگ سه ماهه در کردستان (٢٧ مردادماه ـ ٢٦ آبان ١٣٥٨)"، بخش دوم، مهرماه ١٣٨٣. وەرگیراو لە: www.kurdstansite.com بەهاری ١٣٨٤.
[٩٠] نادر ئینتسار، **ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی**، وەرگێڕانی، عەتا قەرەداغی (سلێمانی چاپخانەی قانع ٢٠٠٣)، ل. ١٢.
[٩١] امینی، ١٣٨٤، ص ٣٧.
[٩٢] دەقی تێلگەرافەکە چاولێکەن لە: خوشحالی، ئەوەی پێشوو، بەشی "احزاب و کردستان".
[٩٣] "جنگ خونین ..."، ص ٥١.
[٩٤] روزنامه اطلاعات، ١٠ اسفند ١٣٥٧ (١/٣/١٩٧٩)، ص ٢.
[٩٥] "کنکاشی در ..."، ص ٩٣.
[٩٦] امینی، ١٣٨٤، ص ٣٥.
[٩٧] هەر ئەوە، ل. ٣٧.
[٩٨] "جنگ خونین..."، ص ٢٠٩.
[٩٩] موفتیزادە، شریتی وتەبێژییەکانی "حوسێنییەی ئیرشاد".
[١٠٠] "کنکاشی در ..."، ص ١٢٠.
[١٠١] لەم نـامەیەدا کە لە تـاران و لە رێکەوتی ٣٠/٢/١٣٦٠ (٢٣ نیسانی ١٩٨١) و لە وەڵامی ئـایەتـوڵڵا خـومەینیدا نـووسـراوە کە کارەکانی "شوورای مەرکەزی سوننەتی" بە پیلانگێڕی هێنابووە ئەژمێر و هەڕەشەی دەرخستنی کردبوو، هـاتووە کە: "... بۆ سەلـماندنی راستی ئەوەی کە وتوومە، و سەلماندنی درۆزنی و ناموسڵمانی شۆڕشخۆرەکان، بە تەواوی ئامادەم بۆ بەشداری لە وتووێژ و باسی رووبەڕووی راشکاوانە، و بەتایبەت لەسەر دوو بابەت بە توندی جەخت دەکەم: ١- سەبارەت بە شوورای مەرکەزی سوننەت کە ریاکارانی موفتەری دونیاپەرست و خـوانەپەرست، ئەوە بە کونـفرانسی تـائیف و ئێرە و ئەوێ پێوەنـد دەدەن، "راسـتی: کافـر وادەزانێت هەمـووان وەکوو خۆین!" ٢- سەبارەت بە یاسای بنەڕەتی، تاکو دەرکەوێت کە ئەم شلە تێکەڵاوە! تەنانەت راهاتوو نییە لەگەڵ فیقهی جەعفەریشدا!...."
[١٠٢] هەر ئەوە، ل. ١٨٢.

# کاریگەرییەکانی بزاڤی ئیسلامی نوێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا[1]

پێشتر لە وتاری "سیاسەتی مەعنەوی لە خەباتی کوردستان"دا هەوڵ درا کاریگەریی ئایین لە سیاسەت و خەباتی کوردستانی پێش مۆدێرندا پیشان بدرێت. لەو وتارەدا دەرکەوت کە بەشداریی ئایین لە سیاسەت و خەباتی کوردستاندا زیاتر لە پێناو مافی نەتەوەییدا بوو و ڕەنگ و بۆنی کوردی هەبوو. هەر لەم پێوەندییەدا عەلی عززەتیاریش لە پەرتووکەکەیدا، "دوایین موفتی کوردستانی ئێران"، ئاماژە دەکات کە "پێش و لە کاتی پەرەسەندنی بیرۆکە و دامەزراوە نەتەوەخوازە پان-کوردەکان، شوناسی ئیسلامی بە ڕەنگ و بۆنی کوردی بێ وێنەوە ئامێرێک بوو بۆ یەکگرتوویی لە کوردستاندا."[2] بەڵام، هەوڵ بۆ پاڵاوتنی بیری ئایینی لەلایەن بزاڤە ئیسلامەییە نوێیەکانی سەردەمەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لەو ڕەنگ و ڕواڵەتە کوردییەی شوناسی ئیسلامی کەم کردەوە. ئەگەرچی لەلایەن زۆربەیانەوە نکۆڵی لە مافی نەتەوەیی نەکراوە و دەڵێن بەدیهاتنی بیرۆکەی ئەوان بریتی دەبێت لە بەدیهاتنی ئاواتی نەتەوەییش، بەڵام لە باری سیاسییەوە بە کردەوە ئەوەندە قازانجی نەتەوەیی تێدا نەبووە. ئەگەر بزووتنەوە کوردییەکانی پێشتر لەسەر بنەمای سیاسەتی مەعنەوی (واتاوی) بە دوای مافی نەتەوەییەوە بوون بە جۆرێ کە هەندێ جار ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست وەک "سێکیولار-ئایینی" ناوبراون، بزووتنەوە ئایینییەکانی سەردەم زیاتر ئامانجە بەرینەکانی ئیسلام و بووژاندنەوەی ئیسلامییان کردە مەبەست و پێشترێتییان بە لایەنی ئایینی دا. بۆ وێنە تەنانەت شۆڕشی کەسێ وەک 'مەلا خەلیل'یش لە ١٣٠٧ی هەتاوی لە موکریاندا، وێڕای نەریتی بوون لە دژی وەکیەکلێکردن بوو و پاراستنی جلوبەرگ و دابونەریتی کوردی کردبووە ئامانج. بەپێچەوانەی بزاڤە ئیسلامییەکانی سەردەم کە سەرچاوەیان کۆمەڵگای کوردی نەبووە. ئەمە پیشان دەدات کە ڕۆڵی ئیسلام لە بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستاندا لە بەراوردی

مێژووییدا پـــارادۆکسیکاڵ و نـــاکۆک بـــووە و کاریگەریی جیاوازیی لە کۆمەڵگای کوردیدا لێکەوتووەتەوە. چۆنیەتی ئەم کاریگەرییانە، ئەو پرسەی دەبێت کە لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت شی بکرێتەوە. روانینێک بە سەر بزاڤە نوێیە ئیسلامییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بەتایبەت "مەکتەبی قـــورئـــان" و "کۆمەڵی (جەمـــاعەتی) دەعـــوەت و ئیسلاحی ئێران" تـــاڕادەیەک کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بـــزاڤانە و جیاوازیی رۆڵ و بیرۆکەی ئەوان لەگەڵ ئـــایینی نەریتی لە کوردستاندا پیشان دەدات.

## ئایین و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی

بزاڤە ئیسلامییە نوێیەکان لە ئاڕاستەی پێکهێنانی کەلەپووریی هاوبەشی ئیسلامیدا، کردەی کۆمەڵایەتی گۆڕان و وەکیەکلێکردنیان هەبووە کە بۆخۆی هۆی پێکهاتنی قەڵشتی کۆمەڵایەتی زیاتر و بەتایبەت نێوان ئایین و کەلەپووریی نەتەوەیی بووە.[٣] ئەم کردەوەیە رێخەی مێژوویی هەیە کە بە هەندێ جیاوازییەوە شێوازێکی نوێی بەخۆوە گرتووە. هەناردەکردنی ئایینەکان بۆ کۆمەڵگاکانی تـر بە شێوەی ئـاسـایی لەگەڵ جۆرێ وەکیەکلێکردن بـووە. وێرای لەنێوبـردنی ئـــایینەکانی پێشتر و بەرتەسککردنەوەیان، بەشێک لە کەلەپـــووریی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایەی کە ئـاییـنەکەی لێهەڵقولاوە و هەروەهـا کەلەپـووریی تـایبەت بەو ئـایینەش وەک لایەنی هـــاوبەش بـــرەو دەدا و هەنـــدێ جـــاریش بە کردەوە لەگەڵ هێما کەلەپـــووریی و نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی تـر نـاکۆک بـووە. بەڵام ئـاسـتی ئەم کردە و فـانکسیۆنە بە گـوێرەی سەردەم کەمتر بووە، بە جۆرێ کە لە سەردەمی پێش مۆدێرندا، پاش قۆنـاخە سەرەتاییەکانی چـوونە نـاو کۆمەڵگای نـوێ، بەرەبەرە جۆرێ کۆک بـوون و پێکەوەژیان لە نێوان ئـاییـنەکان و کەلەپووریی کۆمەڵگادا پێکهاتووە.

جێی ئـامـاژەیە کە ئەم کردەیە هەنـدێ جـاریش بە زۆرەملێ نەبـووە و بەشێکی گەڕاوەتەوە بۆ روانـــگەی هەڵەی خەڵکێ کە تـــازە ئیمانیان هێناوە بەو ئـــایینە یان سیستەمی زاڵی فێرکردن و بـــارهێنانی سەردەم. جـــار وابـــووە کە ئـــایینێک لانیکەم لە بـــاری کەلەپـــووریی و نەتەوەییەوە فـرەچەشنی قـبووڵ بـووە بەڵام خەڵک نـائـاگـایانە خۆیان بەرەو گۆڕان چـوون. لە مێژوودا و ئێستاش هەنـــدێ کەس کەلەپـــوور گۆڕین، زمـــان گۆڕین و جـــلوبەرگ گۆڕین و... بە نیشانەی مـوسڵمان بـوون دەزانن. کەچی بڕێکی زۆری ئەو گۆڕانـانـە پێویست نەبـوون و پێوەنـدییان بە ئاییـنەوە نەبووە کە بە گۆڕینی ئایین حەتم بە تەواوی بگۆڕدرێن. کابرا کە بوو بە موسوڵمان، ناو و جلوبەرگ و بەشێک لە زمانی دەگۆڕێت، وادەزانێت وا نەکات نابێتە موسڵمانێکی راستەقینە،

کەچی بـــوون بە مـــوســـوڵمان پێویستی بەو گۆڕانە نییە. بۆ وێنە جەختی ئیسلام لەسەر داپۆشراوی جەستەی مرۆڤ یان خۆشناو بوون بە واتای ئەوە نییە کە مرۆڤ وێرای هەبوونی جـــلوبەرگی نەریتی نەتەوەیی شیاو یان خۆشـــناو بـــوون، ئەوانە بگۆڕیت. ئیسلام دیاریی نەکردووە کە دەبێت جلوبەرگ و زمانی نەتەوەیەک ببێتە هی هەمـوو مـوسڵمانـان. کابـرا نـاوی جــوانی بە زمــانی خۆی هەبــووە بەڵام پــاش گۆڕینی ئــایینەکەی بۆ سەر ئیسلام، دەیکات بە نـاوێکی عەرەبی. رەنـگە ئەمانە بەشێکی لەبەر خۆشەویستی رێبەرانی سەرەتایی ئیسلام بێت، بەڵام بە گشتی کارێکی پێویست نییە و کاریگەریی نەرێنی کەلەپووریی-نەتەوەیی هەیە.[٤] ئەم جۆرە گۆڕانکارییە نـــاپێویستانە بەپێچەوانەوە خۆخڵنجانە بە رواڵەت و دوورکەوتـــنەوەیە لە نـــاوەڕۆک. یان بەرەبەرە بە هۆی بـرەودانی ئـایین لەلایەن کەسـانێکی بیانییەوە یان کەسـانی خۆجێیی کە بە هۆی خوێندنی ئایینی و دوورکەوتنەوە لە ناخی کۆمەڵگا زمانەکەی تاڕادەیەک گۆڕاوە، زەبر لە زمانی نەتەوەیی دەدرێت. ئەوە لەکاتێکدایە کە لەبەرچاونەگرتن و گرنگی نەدان بەمـانە رەنـگە لە بـنەڕەتـدا لە دژی سـروشـتی ئـایینەکە بێت. وەک چۆن لە ئیسلامـدا لەسەر جۆراوجۆریی نەتەوەیی جەخـــت کراوە بەڵام سیاسەتـــوانـــانی مـــوســـوڵمان بە کردەوە پێچەوانەکەیان جێبەجێ کردووە.

## سەرچاوەی بزاڤە ئایینیە نوێیەکانی کوردستان: بەیەکگەیشتنی ئیخوان و جەماعەت

رێخەی بـزاڤە ئـایینییە نـوێیەکان لە کوردستـانـدا دەگەڕێتەوە سەر دوو بـزووتـنەوەی سەرەکی جیهانی ئیسلام واتە ئیخوان مـوسلمینی میسر و جەماعەتی ئیسلامی هێند و پاکستان. لە دوو دەیەی رابـردووشـدا هەنـدێ لایەنی تـونـدڕەوی ئیسلامیش لە ژێر کاریگەریی بـزاڤگەلێک وەک ئەلـقاعـدە، تـاڵبان و لەم دواییانەدا "داعـش" لە کوردسـتانـدا پەرەیان سەنـدووە کە بە جۆرێک ئەمانەش رێخەیان دەگەڕێتەوە سەر ئەو دوو بزووتنەوە سەرەکییە و بزووتنەوەی وەهابییەت لە عەرەبسـتان یان بە گشـتی بـزووتـنەوەی سەلەفییەت بە هەمـوو چـل و لـقەکانییەوە. بەڵام لێرەدا زیاتـر تیشک دەخـرێتە سەر ئەوانەی بیریان نـزیکە لەو دوو بـزووتـنەوە سەرەکییە یان گـرێدراون بەوانەوە. ئەو دوو بـزووتـنەوە لە رێگای جۆراوجۆرەوە گەیشتوونەتە کوردسـتان و کاریگەرییان هەبووە، بەتایبەت لە رێگای حیزبی ئیسلامی عێراق، بزووتنەوەی ئیسلامی ئێران و هەروەهـــا لە رێگای پێوەنـــدیی چـــالاکانی ئـــایینی-سیاسی کوردســـتان لەگەڵ وڵاتـــانی سەرچاوکەی ئەوانەوە.

بیری ئیخوان لە ساڵی ١٣٥٣/١٩٧٥ هەتاوییەوە و لە ڕێگای کوردستانی باشوورەوە گەیشتە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە ساڵانی ١٣٥٦ و ١٣٥٧ی هەتاویدا (١٩٧٩ ز) وەکو ڕێکخراوێک کە ئەوڕۆکە پێی دەگوترێت "جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح" دەستی بە چالاکی کرد. لە کاتی شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێراندا، مامۆستا ئەحمەدی موفتیزادە هەوڵی دابوو بۆ ڕاکێشانی لایەنگرانی ئیخوان بۆ لای خۆی و حیزبی "موساواتی ئیسلامی"، بەڵام ئەوان وێرای هاوکاری، سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و بیری خۆیان پاراست. لە پاش ١٩٨٠ لایەنی ئیخوان چی تر بڕوای نەما بە حکوومەتی ناوەندیی و ئەوەی کە لەو چوارچێوەدا ئامانجەکانیان بەدی بێت. ئەگەرچی لە باری بیر و ڕێکخراوەییەوە ئەم بزاڤە وەک ئیخوانن و لەوان پێڕەوی دەکەن، بەڵام لە ژێر کاریگەریی "جەماعەتی ئیسلامی" پاکستانیش بوون و جگە لە سەرچاوەکانی ئیخوان و ڕێبەرانی وەک "بنەما بیستێنەکان"ی حەسەن بەننا، لە هی جەماعەتیش بەتایبەت پەرتووکەکانی خودی ئەبوو ئەعەلا مەودوودی بۆ نموونە پەرتووکەکانی "بنەماکانی ئیسلام" و "وتارەکانی نوێژی هەینی" و... لە نێو پۆلەکانی جەماعەتدا وەکو بنەمای لایەنی باوەڕی ئەندامەکانیان، کەڵک وەرگیراوە. هەرچۆنێک بێت، بە شێوەی بەرچاو خاڵی بە یەکترگەیشتنی ئەو دوو بزاڤە سەرتاسەرییەی جیهانی ئیسلام لە کوردستاندا لە بیرۆکەی خوالێخۆشبووان ئەحمەدی موفتیزادە و ناسری سوبحانیدا دەردەکەوێت. لەم دوو کەسایەتییە و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی پێوەندیدار بەوان واتە "مەکتەبی قورئان" و "جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاحی ئێران"، ئەو دوو بزووتنەوە بە یەک دەگەن کە لە مەکتەبدا لایەنی سەربەخۆیی بیر و ڕێکخراوە زیاتر پارێزراوە بەڵام لە جەماعەتدا ڕاشکاوانە ڕەنگدانەوەیان هەبووە و وەک لقێکی ئیخوان چالاکییان نواندووە. لە چاپەمەنییەکانیاندا گرنگایەتی تایبەت بە بیر و هزری ڕێبەرانی هەردوو بزاڤی ئیخوان و جەماعەتی ئیسلامی وەک سەید قوتب و مەودوودی دەدەن و ئەمانە کاریگەریی بەرچاو و زاڵیان لەسەر جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح هەبووە. لەم ئاڕاستەیەدا ئاوردانەوەیەک بە سەر کاریگەریی ئەو دوو بزووتنەوە لەسەر دوو کەسایەتی ناوبراو پێویستە:

## ئەحمەد موفتیزادە

مامۆستا ئەحمەدی موفتیزادە پاش پەشیمان بوونەوە لە رابردووی خۆی، کە لایەنگری بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کوردی و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو، بە وتەی خۆی ڕێگای ڕاست لەبەر دەگرێت و بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران هەوڵ دەدات. بەڵام دوابینییەکەی و گۆڕانی ڕێگا و بیرۆکەی نوێی لە ڕوانگەی سیاسییەوە چەندان بەڕاست دەرنەچوو و لە کۆتاییدا نە بە قازانجی خۆی بوو و نە گەلەکەی. لەڕاستیدا، بە هەلی زانیبوو و

بە دیتنی بارودۆخی ئێران و ناسیاوی لەگەڵ هەندێ مەلای شێعە سیاسەتی ئایینی گرتە بەر. کەچی رەنگە لە رێگای درێژەدانی بە خەبات لە ریزی هێزە نەتەوەخوازەکاندا وەک حێزبی دێمۆکرات زیاتر دەیتوانی خزمەتی نەتەوەکەی بکات و لە پێناو بەدیهاتنی دروشمەکەی خۆی واتە نەهێشتنی سێ ستەمی "نەتەوەیی، ئایینزایی و چینایەتی" باشتر هەنگاو هەڵێنێت.

کاک ئەحمەد، پاش وەرگەڕانی لە سیاسەتی ناسیۆنالیستی، بە بەراورد لەگەڵ مامۆستا ناسری سوبحانی زیاتر لە ژێر کاریگەریی بزاڤی سیاسی-ئیسلامی ئێراندا بووە، هەم بە هۆی ناسیاوی لەگەڵ هەندێ لە چالاکان و سەرکردە ئایینییەکانی شۆڕشی ئێران و هاوکاری لەگەڵیان و هەم بە هۆی ژیانی لە تاران و لە نزیکەوە لە پێوەندیدا بوون لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران. لە باری سیاسییەوە لە ژێر کاریگەریی رێبەری شۆڕشی ئێران و لە باری هزر و بیرەوە زیاتر لە عەلی شەریعەتی، یەکێک لە ئیدئۆلۆگەکانی شۆڕشی ئیسلامی شێعەی ئێران، نزیک و لە ژێر کاریگەریی ئەودا بووە، بەتایبەت تێزی "ئیسلامی بێ رۆحانییەت"ی شەریعەتی و ئەوەی کە وشەی "رۆحانی" کە لە نێو شێعەدا بە مەلاکان دەگوترێت و لایەنی پیرۆزییان پێ دەبەخشێت، لە مەسێحییەت وەرگیراوە و ئیسلامی نییە. شەریعەتی لەو رێگایەوە ئیسلامێکی سیاسی بارهێنا تاکو ئاپوورەی خەڵک بە ناوی ئایین بکێشێتە گۆڕەپانی سیاسی و ئیسلامیش لە ژێر رکێفی "رۆحانییەت" بهێنێتە دەرەوە کە ئاکامەکەی پێچەوانە بوو و لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران، نەتەنیا لە باری ئایینییەوە بەڵکو لە باری سیاسیشەوە خەڵک بە تەواوی کەوتنە ژێر رکێفی ئەوان. سیاسەت و بیرۆکەی رێبەرانی شۆڕش لە ئاراستەی بیری هەردووکی شێعەچییەتی و ئێرانچییەتیدا بوو و ئایینزای نەریتی شێعەیان کرد بە سیاسی و وەک ئامرازێک بۆ هێنانە گۆڕەپانی ئاپوورەی خەڵک لە دژی پاشای ئێران کەڵکیان لێوەرگرت. کەواتە، بڕوا بە مافی نەتەوەکانی ئێران لە بیری سەرکردە و ئیدئۆلۆگەکانی شۆڕشی ١٩٧٩ ئێراندا جێگایەکی بۆ نەبوو و لەبەرگرتنی سیاسەت و رێگای ئەوان قازانجی کوردی تێدا نەبوو. بەوەشەوە، ئەم سیاسەتە بە هۆی ئەوەی کە هێشتاکو نەهاتبووە گۆڕەپانی کردەوەوە، لەسەر موفتیزادە کاریگەریی هەبوو و هیوای پێ بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەش ناسیاوی هەبوو لەگەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی جیهانی ئیسلام و لە ژێر کاریگەریی ئەوانیشدا بوو بەتایبەت لە پێوەندیی لەگەڵ بیرۆکەی پێکهێنانی "حکوومەتی ئیسلامی" کە دواتر ئاماژەی پێ دەکرێت.

## ناسر سوبحانی

بیری "جەماعەتی ئیسلامی پاکستان" زیاتر لە رێگای مامۆستا ناسری سوبحانییەوە گوێزراوەتەوە ناو رەوتی ئیخوانی کوردستان. گەرچی مورشید و رێبەری ئیخوانەکان و

"جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح" بووە، هاوکات وەک یەکێک لە کەسانی بەر کاریگەریی بیری مەودوودی ناوی لێبراوە. بە وتەی خۆی، پەرتووکی "دەستەواژە چوارێنەکان"ی مەودوودی لەسەر گۆڕینی بیری و داپڕانی لە ڕێچکەی "تەسەووف" کاریگەریی هەبووە[5]، هەرچەند دواتر لە هەندێ بوارەوە رەخنەی لەسەر ئەو پەرتووکە هەبووە. مامۆستا سوبحانی دوو جار سەردانی پاکستانی کردبوو، هەڵبەت پاش تیاچوونی مەودوودی. لەگەڵ زۆرێک لە کەسایەتی و ناودارانی سەر بە بیری نوێی ئیسلامی و هەردوو بزووتنەوەی ئیسلامی هاوچەرخ چاوپێکەوتنی هەبوو.

## کاریگەرییەکانی بزاڤی نوێی ئیسلامی

لە بەشی "ئایین و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا" ئاماژە بە هەندێ بابەت لە پێوەندیی لەگەڵ کاریگەریی کۆمەڵایەتی ئایین کرا. لێرەدا لە بوارە جیاوازەکانەوە ئاوڕێک دەدرێتەوە سەر ئەو کاریگەرییانە لە کوردستاندا:

### ١. کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کەلەپوورییەکان

وەک دیکەی کۆمەڵگاکان، لە کوردستانیشدا سەرهەڵدانی بیری نوێی ئایینی لە ژێر کارتێکردنی رەوتە ئیسلامییەکانی سەردەمدا، کاریگەریی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لەسەر کەلەپووریی نەتەوەیی هەبووە. پێش دەرکەوتنی ئەم رەوتانە، ئایین و کەلەپووریی کوردی وەها لەگەڵ یەکتر راهاتبوون کە بە دوای سڕینەوە و لاوازکردنی یەکتری نەبوون. کەلەپووریی کوردیی بۆخۆی کەلەپوورێکی خاوێن و دەوڵەمەند بوو و ڕێزی لە ئیمانداران و لە سەرەوەی هەموویانەوە زانایانی ئایینی دەگرت و لە بەرانبەردا ئەوانیش بەوپەڕی لێبوردەییەوە لەو کەلەپوورەدا دەژیان و ڕێزیان لێدەگرت و خۆیان بە بەشێک لەوە دەزانی و تێیدا بەشدارییان دەکرد. هەروەها کە خەڵک بە بیستنی دەنگی بانگ، کۆڕی شایی خۆیان رادەگرت و ئەوانەیان دەیانویست دەچوونە مزگەوت و پاشان درێژەیان دەدا، ئایینداران‌یش و جاری واش بووە زانایانی ئایینی خۆشیان لەو کۆڕە شاییانەدا بەشدار بوون و ئەم دووانەیان بە دژی یەکتر نەدەزانی و هەرکام لەمانە لە جێی خۆیدا ڕێزی هەبوو.

بەڵام بە سەرهەڵدانی رەوتە نوێیە ئایینیەکان قەڵشتی ئایین و کەلەپووریی نەتەوەیی و ناکۆکی ئەوانە زیاتر لە پێش دەرکەوت. رواڵەت، جلوبەرگ، شێوازی هەڵسوکەوت و قسەکردن

و بەشــداریی کۆمەڵایەتی لە کۆڕ و بۆنە و ڕێوڕەســمەکانــدا لەلایەن کۆمەڵانی ڕاکێشراو بەرەو ئەم بــزاڤانە گۆڕدرا و بە جۆرێ دابڕانێکی کۆمەڵایەتی لە وەچەی پێش و نــاهــاوسەنگییەکی کۆمەڵایەتی پێکهات و شتەکان لە جێی خۆیاندا نەمان، بەجۆرێ کە جار وابووە کۆڕی شایی و زەماوەنـد بـووەتە جێی وتەبێژی زانـایانی ئـایینی.[٦] بەراوردی چەنـد وەچەی کۆمەڵگای کوردی پێوەنـدیدار بەم بـزاڤانە، بە جـوانی ئەم دابڕانە پیشان دەدات. لە کۆمەڵگای کوردیدا بینراوە کە وەچەی کۆنتر بە زانایانی ئایینیشەوە لە زەماوەندی خۆیاندا شایی و هەڵپەڕکێیان هەبووە و ئەوە بە کێشە نەزانـراوە بەڵام پـاش گۆڕانی بیریان بۆ وەچەی دواتـر و مـنداڵانی خۆیان بـوونی ئەو شـتانەیان بە بـاش نەزانیوە یان لە شـایی نـزیکترین کەسـانی خۆیانـدا بە بیانـووی ئـایینی بەشـدارییان نەکردووە. ئەمە لە وەچەکانی دواتـریانـدا ڕەنگدانەوەی جیاوازیی هەبـووە و هۆی جۆرێ دابڕانی وەچەیی لە کۆمەڵگاش بەتـایبەت دابڕانی وەچەی نـوێی سەردەم لەوەی پێشوو بـووە و بەرەی نـوێ کە بەپێی دۆخی سەردەم نـاتـوانـن وەک پێشترەکانیان بن و پێویستییان بە شادبوون هەیە، لەوان دوور دەکەونەوە. ئەمە لە پلەی یەکەمدا ڕەنگە سادە بێتە بەرچاو بەڵام ئەگەر بە قــووڵی سەیر بکرێت لە درێژخــایەنــدا کاریگەریی نەرێنییان لەسەر کۆمەڵگا و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دەبێت. لە کاتێکدا کە بەشــداریی ئەم کەســانە دەیتوانی کاریگەریی ئەرێنی و هۆی هــاوسەنگی لە بــنەمــاڵە و کۆمەڵگا بێت. ئەمە لە خۆیدا جۆرێ نــاکۆکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا پیشان دەدات.

دابڕان، خۆجیاکردنەوە و لە جێ خۆدا نەمـانی دابـونەریتەکان، لەلایەکەوە دەرەتـانی ڕەخـساند کە ڕوانـگەیەکی نەرێنی لەسەر شـادیی پێکبێت و کۆڕی شـایی وەک جێی کەسـانێ کە چەنـدان ڕەوشـــت بەرز نین و پێگەی کۆمەڵایەتی نــزمــتریان هەیە ڕەچــاو بکرێت و بەمجۆرە بە خۆپاراستنی هەندێ لە ئایینیەکان لە بەشداریی کردن لەو کۆڕ و ڕێوڕەسمانە لە کاریگەریی ئەم چینە لەسەر دیتران و هـاوسەنگی لە شـایی کردنـدا بەرگیری بکرێت و بە گشـتی شـادبـوونی کۆمەڵگا بە نـزم بـنرخێندرێت و کەشـوهەوای شـادی کۆمەڵگا و ڕادەی شـادبـوونی کۆمەڵگا دابەزێت و بەوجۆرەش گۆڕەپان بۆ تاقمێ ڕەوشت نزم چۆڵ بکرێت و دەرەتانیان بۆ بڕەخسێت کە بەشێک لە لاوان بەرەو خۆ بکێشن و لەوبارەوە تـووشی تـوندڕەوی ببن و لە ئاکامدا هەنـدێ دیاردەی دزێـوی کۆمەڵایەتی وەک بەکارهێنانی مــادە سڕووڕکەرەکان، مــوزاحەمەتی کۆمەڵایەتی، لەدەســچوونی هەنــدێ کەلەپــووری کۆمەڵایەتی نەریتی بەبێ گەیشتن بە کەلەپوورێکی نوێ و شیاو و... سەرهەڵبدات یان ڕادەیان بچێتە سەرەوە.

لەلایەکی تریشەوە لە کاریگەریی کەشوهەوای نەرمونیان و شادی کۆمەڵگا لەسەر تاقمی ئایینی کەم بووەوە و دەرەتانێ بۆ رۆشتن بەرەو توندڕەوی ئایینی، توندوتیژیی کۆمەڵایەتی و دابەزینی رۆحی پێکەوەژیان رەخسا. بۆ وێنە، لە هەندێ رووەوە، لە پەنای گوشاری کۆمەڵگای نەریتیدا، گوشاری ئایینی لەسەر هەندێ چین و توێژ وەک ژنان بەتایبەت لەلایەن بزاڤە توندڕەوەکانەوە، زیاتر بووەوە. بەجێی هەوڵ بۆ بەرزکردنەوەی کەلەپووریی دانوستان و رێزگرتن لە پێگەی کۆمەڵایەتی ژن و چاکسازیی لە کەلەپووریی نەریتیدا، بۆ دابەزینی دانوستانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگا تا کەمترین ئاستی خۆی هەوڵ درا و کوڕ و کۆمەڵی ژن و پیاو تا کرا لە یەکتر جیا کرایەوە. کە ئەمە لە روانگەی تیۆری فمێنیستییەوە خۆی هۆی تێنەگەیشتنی ئەو دوو چینە گەورەی کۆمەڵگا لە یەکتر و دابەزینی کاریگەریی رۆحی ژنانە لەسەر کۆمەڵگا و لە ئاکامدا خولقاندنی زیاتری توندوتیژیی لە کۆمەڵگا بووە. بەوجۆرە، ناکۆکی و دووبەرەکی بەکۆمەڵی زیاتر، لە کۆمەڵگای کوردیدا سەریهەڵدا.

هەروەها، پەرەسەندنی بیرۆکە نوێیەکانی گرێدراو بە بیری نوێی ئیسلامییەوە، هەندێ بابەت وەک پشت گوێ خستنی دابونەریتی رەسەنی کوردی کە زۆرێکیشیان لەگەڵ ئایین ناکۆک نەبوون، گرنگایەتی نەدان بە هەندێ لایەنی نەتەوەیی و... لەلایەن ئەم کۆمەڵانەی بەدواوە هەبووە. ئەمەش جگە لە پێکهێنانی زیاتری دووبەرەکی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی، لەسەر لاواز بوونی رەسەنایەتی نەریت و کەلەپووریی کوردی کاریگەریی هەبووە کە بۆخۆی لە باری سیاسەتی توریستی و لە ئاکامدا باری ئابووریی خەڵک کاریگەریی هەبووە و دەبێت.[٧] هەر لەم پێوەندییەدا، بۆ وێنە لە ئیسلامدا نەگوتراوە کە کوردێکی موسڵمان لە جێی تەقیلە، رەشتی، جامانە، سەروێن و سوخمە و سەڵتەو کەوا، بە گشتی جلوبەرگی کوردی، کڵاوی حاجییانە و میسری و کەوا (عابا) و سەروێنی عەرەبی و پاکستانی لەبەر بکات. کەچی هەندێ کەس، وێرای شیاو بوونی جلوبەرگی کوردی لە باری ئایینیشەوە، وادەزانن دەبێت بیگۆڕن. یان، هەندێ لە ئیسلامخوازانی نوێ و زانایانی ئایینی بە نەریتییەکانیشەوە زۆر جار لە دژی ناوە کوردییەکان بوون و بە وتەی خۆیان بە "شەرعی"یان نەزانیوە.

هەرچۆنیک بێت، گەرچی لە بەرانبەری ئەم روانگە رەخنەگرانە لەسەر کاریگەریی ئایین لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەندێ لەم بزاڤانە هەندێ کاریگەریی ئەرێنییان هەبووە وەک هەوڵ بۆ رەوشت بەرزیی لە کۆمەڵگا، برەودانی رووناکبیریی ئایینی، وەجووڵەخستنی بەشێک لە ژنان لە چوارچێوەی بیری ئایینیدا و.... بەڵام بە گشتی گەیشتنی بیری نوێی ئیسلامی بە کوردستان،

هەندێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەدواوە هەبوو و بووە هۆی پێکهاتنی قەڵشتی کۆمەڵایەتی زیاتر لە هەندێ بواردا.

لە ئاڕاستەی ئەو گۆڕانەدا دەکرێ بۆ وێنە بە لایەنگرانی ڕەوتی مەکتەب ئاماژە بکرێت. ڕەوتی مەکتەب، جگە لە بەرانبەرکێ و دووبەرەکی لەگەڵ بزاڤی چەپی توندڕەو لە کاتی شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێراندا، قەڵشتێکی کۆمەڵایەتی تری لەگەڵ بزاڤی ئایینی نەریتی وەک لایەنگرانی تەریقەت پێکهێنا کە هەندێ پێکدادان و ناکۆکی لە نێوانیاندا پێشهات. لە یەکەمینی ئەم پێکدادانانەدا دەکرێ بە کێشەی پێشهاتوو لە کاتی کرانەوەی خوێندنگەی قورئانی مەریوان لە ١٩٧٨ دا ئاماژە بکرێت کە کاک ئەحمەد بۆخۆی بەرانبەرەکانی بە "جەماعەتی مەشایخ و مەلا دەوڵەتییەکان" ناو دەبات.[٨] بەڵام ئەو ناکۆکییە هەر بەوەوە بەرتەسک نابێتەوە و لە باری ئایینیشەوە، بیری ئایینی نوێی ئەمان و دژایەتییان لەگەڵ مەلایانی نەریتی لە هەندێ بواری ئایینی و فیقهییەوە جۆرێ کەلێن و ناکۆکی ئایینی پێکهێنا کە بووە هۆی قەڵشتێکی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردی و لە باری سیاسییەوە لەو کاتە هەستیارەدا هەلی ڕەخساند بۆ دوورکەوتنەوەی مەلایانی نەریتی و کەڵک وەرگرتنی سیاسی حکوومەتی ناوەندی لەو قەڵشتانە کە تاکو ئێستاش درێژەی هەیە. هەروەها گەرچی کاک ئەحمەد بە پێڕەوی لە عەلی شەریعەتی لە دژی جلوبەرگی جیاوازی مەلا و زانایانی ئایینی بوو، بەڵام بۆخۆی و لایەنگرانیشی بە شێوازێکی تر لە نێو خەڵکدا دەرکەوتن و خۆیان لە خەڵکی تر جیا کردەوە و بەرەبەرەش کۆڕ و کۆمەڵی خۆیان بە جیا بەڕێوە دەبرد. زۆربەی کات مەکتەبییەکان بە شێوەزار و ڕواڵەتیاندا کە هەوڵ دەدەن وەک کاک ئەحمەد بن بە لەبەرکردنی کۆتێکی ڕۆژئاوایی و پانتۆڵێکی کوردی کەمێ کوڵ و سمێڵێکی کورت و ڕیشی تراشراو دەناسرێنەوە. هەروەها زۆرێک لە خێزانە مەکتەبییەکان هەوڵ دەدەن کە ناوی کوڕەکانیان "ئەحمەد" یان یەکێکی تر لە ڕێبەرانی مەکتەب بێت. بە گشتی، ئەمە پێکهێنانی کەلەپوورێکی هاوبەش لە نێوان خۆیان و هەر لەو کاتەشدا جیاکردنەوەی خۆ لە کەلەپووریی بەرینتری کوردی بوو.

جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاحیش بە شێوەیەکی تر کۆڕ و کۆمەڵی خۆیان جیاکردووەتەوە و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییان لەسەر کورد هەبووە. ئەمان بەجۆرێ لە مەودای نێوان مەکتەب و زانایانی ئایینی نەریتی دان و وێڕای ڕووناکبیریی ئایینی، بە تەواوەتی لە زانا نەریتییەکان دانەبڕاون. زۆربەی چالاکی کۆمەڵایەتی ئەو ڕێکخراوەیە بریتی لە بەڕێوەبردنی هەندێ پۆل و کۆڕ و کۆبوونەوەی ناوخۆیی و وتنەوەی وانەکانی ئیخوان و جەماعەت و وەرگێڕانی پەرتووکەکانی ڕێبەرانی ئەوانە بووە. ئەگەرچی بە ڕاشکاوانە و توند دژایەتی لایەنە

کەلەپـووریيەکانی کۆمەڵگای کوردی نـاکەن و هەنـدێ لایەن و کەسـایەتی نـاو ئەم ڕێکخراوە بە شێوەی تــاکەکەسی گــرنــگایەتی بە کورد و پــرسی کورد و زمــان دەدەن بەڵام بە گشــتی ڕێکخراوەکە خۆی وەهــا نییە و بیرۆکەی ئەمــانیش دیسان تــاڕادەیەک لە ئــاڕاســتەی بیر و کەلەپــووریی ئـایینی نـاکۆک لەگەڵ کەلەپــووری نەتەوەیی بــووە و بەسـتێن و بــوارێکی بۆ دوورکەوتنەوە لە دابونەریتی کوردەواری پێکهێناوە.

## ٢. کاریگەرییە سیاسییەکان

لە بــاری سیاسییەوە ڕەوتە ئیسلامییە نــوێیەکان کە لە سیاسەتی سێکیولاری کوردی دوورکەوتـنەوە و سیاسەتی ئـایینییان پەرە پێ دەدا، بە هۆی پێکهێنانی قەڵشتی کۆمەڵایەتی-سیاسی نوێ لە کۆمەڵگای کوردستـاندا و دژایەتی لەگەڵ هێزە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان و پـاڵدان بە حکوومەتەوە لە ژێر ئـاڵای ئـایینیدا بە هیوای پێکهێنانی حکوومەتێکی دادپەروەر کە مــافی هەمــووان لەبەرچــاو بــگرێت، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر سیاسەتی کوردی هەبــوو. پەرەسەنـدنی بیری نـوێی ئیسلامی بـریتی لە جەمـاعەت، مەکتەب و... ڕاوەسـتانێک بــوو لە بەرانــبەر سیاسەتی مەعــنەوی و هەروەهــا سێکیولاری زاڵ بە سەر کەشــوهەوای سیاسی کوردســتان بەتــایبەت حێزبی دێمۆکراتــدا کە گۆڕەپــانێک بــوو بۆ خەبــاتی کورد بە هەمــوو لایەنێکەوە بـریتی لە چەپ، ئـایینی و.... بۆ وێنە هەنـدێ لە ڕێبەرانی ئەم ڕەوتە ئـایینیانە وەک مــامۆســتا ئەحــمەدی مــوفتیزادە، کە ئــامــاژە کرا، بۆخۆیان پێشتر ئەزمــوونی چــالاکی لەم کەشــوهەوایانەیان هەبــوو. بە لادان لە ڕێبازی دێمۆکرات و سێکولاریزم و سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتــانە، بەرەبەرە سیاسەتی ئــایینی لە کوردســتانــدا لە ژێر کاریگەریی بــزاڤە ئیسلامییە گشتییەکان پەرەی سەند. بەڵام بە دەرکەوتنی ڕوخساری ڕاستەقینەی حکوومەت و ئەوەی کە بەتەنیا وەکو ئـامرازی سیاسی لە هێزە ئـایینییە کورد و سـونـنەکان و قەڵشتە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکی وەردەگرت و ئامادە نییە لە حکوومەتدا بەشدارییان بدات و مافی ئایینی و نەتەوەیی دیکەی ئـایین و ئـایینزاکان بـپارێزێت، هەنـدێ لەوانە وەک جەمـاعەت و مەکتەب تـاڕادەیەک بەخۆهاتنەوە و سیاسەتی دوورەپەرێزی و پارێزکارانەی مەیلەو ئایینی-نەتەوەییان گرتە بەر.

هەر لەو پێوەنـدییەدا، ئەگەرچی ڕێبەرانی سەرەکی هەنـدێ لەم بـزووتـنەوە نـوێیانە بڕوایان بە پـرسی کورد هەبـووە، بۆ وێنە هەوڵەکانی کاک ئەحـمەد و کاک نـاسـر لە سەرەتـای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانـدا، بەڵام لە چـالاکییەکانی دواتـردا ئەم ڕەوتـانە بە کردەوە کەمـتر تـوانیویانە لەو پێناوەدا هەنـگاو هەڵێنن. بۆ وێنە، کاک نـاسـر لەگەڵ چەنـد هـاوڕێیەکی لە کاتێکدا لە پـاکستان

دەبن لەسەر "پرسی کورد" زنجیرە وتارێک دەنووسن و هەوڵ دەدەن لەو ڕێگایەوە دەنگی کورد بە جیهان بگەیەنن کە ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی مەحکوم کردنی بە سێدارە لە بەندیخانەدا بووە. کاک ناسر بە جوانی پرسی نەتەوەیی و چەمکە ئیسلامییەکانی لێکتر گرێ دەدا و زۆر پەرۆشی کێشەی کوردی هەبووە و لەسەر ئەو زوڵم و ستەمانەی دژ بە کورد کرا وەک کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و ئاوارەیی بابەتی گرنگی نووسیبوو.[٩] بەڵام، بەپێچەوانەی سیاسەتی سەرەتایی "جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح" و خۆ دوورخستنەوە لە حکوومەت کە ئامانجەکانی تێدا بەدی نەدەهات، بەرەبەرە لایەنگرانی چالاکی سیاسی لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی ئێراندا تێیدا گەشەی سەند بە جۆرێ کە لەو یەک دوو دەیەی دواییدا بە راشکاوانە لە ئێران نووسینگەی کردووەتەوە و چالاکی سیاسییان هەبووە و تەنانەت بەپێچەوانەی زۆربەی لایەنە سیاسییە کوردەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان کردووە (بێ ڕێگەدان بە هەبوونی پاڵێوراو لەلایەن خۆیانەوە) و خەڵکیان بۆ بەشداریی هان داوە لە کاتێکدا کە جگە لە پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن و بەڵێنی درۆینەی سیاسەتوانانی ناوەند و لەو ڕێگایەوە دەستەبەرکردنی رەوایی (شەرعییەت) بۆ سیستەمی سیاسی، ئەو هەڵبژاردنانە هیچ دەسکەوتێکی بۆ کورد و خەڵکی سوننەی ئێران نەبووە.

کاک ئەحمەدیش، هەڵگری دروشمی نەهێشتنی سێ ستەمی "نەتەوەیی، ئایینزایی و چینایەتی" بوو، بەڵام بە کردەوە ستەمی ئایینزایی (مەزهەبی) زەق کردبووەوە. ئەو یەکێک لە سادەترین و هەر لەو کاتەشدا بنەماییترین واتاکانی وشەی "ئایین" بە سیاسەت و دەسەڵاتداری دەزانێت[١٠] و چەمکە ڕۆژئاواییەکانی، وەک دێمۆکراسی و سێکیولاریزم، لە روانگەی ئیسلامییەوە دەدیت. کاک ئەحمەد گرنگترین و مەترسیدارترین فێڵ و فریوی دژمنانی خەڵک بە کورتکردنەوەی دەستی ئایین لە دەسەڵاتداریی و سیاسەتی کۆمەڵگا دەزانێت و بەمجۆرە خۆی لە رەوتی زاڵی سیاسەتی کوردی جیا کردەوە و حیزبی "موساواتی ئیسلامی" لە ١٣٥٧/١٩٧٩ دا و لەڕاستیدا وەک لقی سیاسی مەکتەب قورئان و بۆ کار و چالاکی سیاسی دامەزراند. بیرۆکەی پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی ئەو بە جۆرێ درێژەی باسی پێکهێنانی "دەوڵەتی ئیسلامی" بوو کە لە پێشدا لەلایەن بزاڤی ئیخوان و جەماعەتی ئیسلامی هاتبوونە ئاراوە. هەروەها کە لە پێشەکی پەرتووکەکەیدا، "کورتە باسێک لەسەر حکوومەتی ئیسلامی" ئاماژە بە پەرتووکەکەی ئەبوو ئەعەلا مەودوودی دەکات. هەر لەو ئاراستەیەدا هەندێ باسی سیاسی هێنایە ئاراوە، بێ لەبەرچاوگرتنی بیروڕای پسپۆڕانی سیاسی، کە نە کردەوەیی بوون و نە شیاو بۆ کوردستان.

بۆ وێنە لە بـاسی "شـوورا"دا دیمۆکراسی ڕێژەیی کە پشکی نـاوچە و نەتەوەکان تێیدا دیاریی دەکرێن، ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت "لە شوورای ئیسلامیدا ڕێژەی ئەندامان، نە لە ئاستی وڵات و نە لە ئـاسـتی نـاوچەیەکدا لە ئـارادا نییە، تەنیا شیاویەتی گـرنـگە و ڕەنـگە نـاوچەیەک بە یەک میلیۆن کەسەوە، سەد کەسی شیاوی هەبێت و نـــاوچەیەکی تـــر هەر بەو ڕادەی حەشیمەتەوە دوو کەسی هەبێت."[11] هەروەهـا پـاڕلەمـانی وڵاتـانی دیمۆکراتیک دەخـاتە ژێر پـرسیارەوە کە ڕێژەی دیاریان هەیە. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەروەک هەنــدێ لە بیرمەنـــدانی ئیسلامی سەردەمیش وەک نەسر حـامید ئەبـوو زەید و دیتران وتـوویانە، دیمۆکراسی لە دڵی ئیسلامەوە دەرنـــاکەوێت و ئەوانە دوو چەمکی جیاوازن و شــــوورای ئیسلامیش نـــاتـــوانێت هـــاوتـــای دیمۆکراسی بێت لەبەر ئەوەی کە بۆ نـموونە پێش مەرجەکانی هەڵبژاردن وەک ئازادی تێدا نییە و شیاویەتی پـــاڵێوراوان بەرتەسک بــووەتەوە بە پیاوانی ئـــایینی و پـــاش هەڵبژاردنی ڕێبەری ئیسلامیش (خەلیفە، میر و...) زیاتر پێوەندییەکی ئەستوونی لە نێوان ڕێبەر و شوورا و خەڵکدا هەیە تـاکو ئـاسۆیی و دوولایەنە. بۆیە ئەو بـاسـانەی کاک ئەحـمەد نە بـاسێکی پســپۆڕانە و کردەوەیی بوون و نە تەنانەت بە کردەوەیی بوونیش لە ئێراندا بە قازانجی نەتەوەکان دەبوو. چۆن هەم دەبووە ئامرازێکی سیاسی حکوومەت و بەو بیانووەوە لە کوردستاندا هیچ کەسیان بە شیاو نەدەزانی، هەروەهــا کە دواییش وایان کرد و ئێستاش درێژەی هەیە، و هەم بەو شێوە حکوومەتێکی هـــاوبەش کە پشکی نەتەوەکانی تێدا دیار بێت، پێکنەدەهـــات. کاک ئەحــــمەد بۆخۆیشی لەم باسەدا تووشیاری ناکۆکی و دژایەتی دەبێت و لە چەند لاپەڕەی دواتردا باس لە پێویستی شوورا بۆ ناوچە و نەتەوە جیاوازەکان دەکات[12] و ئەم جارەیان لەڕاستیدا گەڵاڵەکەی بەجۆرێ وەک گەڵاڵەی فێدرالیزمی ناوچەیی-نەتەوەیی دەبێت کە لە ژێر ناوی شوورادا باسی دەکات. کە کۆکردنەوەی ئەو دوو بیرۆکە بێ قەبـــووڵکردنی پشکی تـــایبەت و شیاو و ڕێژیی بـوون، نـاکرێت. بە کردەوەش بۆخۆی لە ئـاستی نـاوچەییدا ئـامـادە نەبـوو بۆ هـاوکاری لەگەڵ نوێنەرانی تری ناوچە و لایەنە کوردییەکان کە نوێنەری خەڵک بوون، و یەکێک لە هۆکارەکانی هەر بـاسی شیاویەتی بـوو کە لەو ڕوانگەیەوە کە خۆی دەیزانی کەسی تری بە شیاو نەدەزانی. بە گشتی ئەوەندە پسپۆڕانە لەسەر ئەم بیرۆکەی کاری نەکردبوو و لەڕاستیشدا ئەوە کاری ئەو نەبــوو، بەڵام لە هەمــوو بــوارێکدا دەســتێوەردانی تـــاکەکەسیانەی هەبــوو هەروەهـــا کە لە ئـابـووریشدا، بە بێ پسـپۆڕ بـوون لە بـواری ئـابـووریدا و لە کاتێکدا کە لە پـالاوتنی خۆی بۆ "مەجلیسی خێبرگان" پاشگەز ببوەوە، بەڵام وەک تەنیا کەسی داوەتکراو، بانگهێشتی ئەوێ کرا و لە کۆمیسیۆنی ژمارە ٧ دا وەک خۆی گوتبووی خەریکی لێکدانەوەی کاروباری ئابووریی ببوو. کەچی دەبـــا ئەگەریش قـــبووڵی کرد لە کۆمیسیۆنی تـــردا و لە بـــوارێکدا کە شـــارەزا بـــوایە،

بەشداریی کردایە. بانگهێشت کردنی ئەو بەس بۆ کەڵکی سیاسی ناوەند بوو کە بڵێن نوێنەری سوننە و کوردەکان لە مەجلیسدا هەیە، کەچی پاڵێوراوە سەرەکی و هەڵبژێردراوەکانی کوردیان لە چوون بۆ ئەوێ قەدەغەن کردبوو.

ئەم جۆرە سیاسەت کردنە لە روانــگەی سیاسەتێکی ئــایینییەوە هەڵقوڵا کە بڕوای بە پســپۆڕایەتی بەتـایبەت لە بـواری سیاسی-کۆمەڵایەتیدا نییە و پێشترێتی دەداتە بەڵێندارێتی ئـایینی. ئەم سیاسەتە دواتـر بە سەر سیستەمی سیاسی ئێرانـدا زاڵ بـوو و تـا ئێستاش درێژەی هەیە. کاک ئەحــمەد گەرچی جــاروبــار دەیهەوێت بڕوا بە پســپۆڕایەتی پیشان بــدات بەڵام هەمووی لە ژێر ناوی "مەعاریفی ئیسلامی"دا کۆ دەکاتەوە، وەک دەڵێت: "کەسانی ئاگا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مەعاریفی ئیسلامیدا بریتی لە سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی و فیقهی و...." بەوجۆرە خۆی لە هەمـوو بـوارێکدا بە شـارەزا و کەواتە شیاوی سەرکردایەتی شـوورای بـاڵای شۆڕش دەزانی. ئەو نـموونـانەی سەرەوە نـموونەگەلێک لە کاریگەری سیاسی بیرۆکەی بـزاڤی ئیسلامی نــوێ لە کوردســتان بــوون. ئەم بیرۆکە بەپێچەوانەی سێکیولاریزم، پســپۆڕایەتی و شارەزایی ناناسێت و کار بە کارزان ناسپێرێت بەڵکو بەڵێندرایێتی ئایینی بۆ گرنگە و شارەزای ئـایینی بە شـارەزای هەمـوو بـوارێکی کۆمەڵایەتی دەزانێت. بۆیە لەڕاستیدا مـرۆڤی ئـایدیال و دەرکەوتەی ئەو بیرۆکە بە جۆرێ مۆدێلی نوێی هەر ئەو مەلا "دوانزە عیلم"ەی سەردەمی پێش مۆدێرن بوو کە لە هەموو بوارێکدا شارەزا بوو. کێشەیەک کە کاریگەرییەکی قووڵی سیاسی لە کوردستاندا هەبوو.

وێرای ئەو بابەتانەی سەرەوە، بە بەراورد لەگەڵ جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح، گرنگایەتی بە شوناسی سیاسی کوردی بە رواڵەت لە نێو لایەنگرانی مەکتەبدا زیاتر بەرچاوە. مەکتەب رەنگ و بۆنی کوردی تــری پێوە دیارە و ئەگەرچی پێوەنــدیی لەگەڵ دیکەی ســونــنەکانی تــردا و پێشینەی پێکهێنانی حێزبی ئیسلامی گشـتی (حێزبی مـوسـاوات ئیسلامی کە تەنیا تـایبەت بە کورد نەبوو) هەبووە بەڵام بەتایبەت لە ئێستادا سەربەخۆ و لە بازنەی کوردستاندا کار دەکات. کەچی جەماعەت بە راشکاوی لە ئاستی ئێران و بۆ هەموو سوننەکان کار دەکات و هەمووشیان تێیدا بەشـدارن. بۆیە زیاتـر بـاری ئـایینی تێدا زەق بـووەتەوە و کەمـتر بە تـایبەتی سەرنجی کوردســتانی داوە و لەڕاســتیدا لقی کوردســتانیان هەیە نەک ئەوەی کە وەک حێزب یان رێکخراوێکی کوردی بــن، گەرچی زۆرینەی ئەو رێکخراوە کوردن. وەک چۆن دیکەی حێزبە ئێرانییەکانیش رێکخراوی کوردستانیان هەبووە و هەیە.

بە گشتی بڕوا بە سێکیولاریزم واتە بڕوا بە ئازادی، برایەتی و دادپەروەریی لە نێوان هەموو بیر و باوەڕەکان، بێ لایەنی حکوومەت و گرنگایەتی بە پسپۆڕایەتی و شارەزایی، لەم بزاڤانەدا نابینرێت. بۆیە لە بەر ئەوەی کە کورد بوون تەنیا لە زمان و جلوبەرگدا کورت نابێتەوە و بەشێکی زۆری لایەنی فەرهەنگی نەتەوەیی و فرەچەشنی کۆمەڵگای کوردییە، بوونی بیرۆکەی بنەڕەتی پێکهێنانی "دەوڵەتی ئیسلامی" و سیاسەتی ئایینی کە بە دوایەوە بوون بەجۆرێ ناکۆکی لێبووەتەوە و لە کۆتاییدا لە راستای "وەکیەکلێکردن"دا بووە.

## ٣. کاریگەریی ئابووریی

وەک هەندێ لێکۆڵینەوە پیشان دەدەن یەکێک لە هۆکارەکانی کۆبوونەوەی خەڵک لە دەوری ئایینێکی نوێ هۆکاری ئابووری بووە. گروپە ئایینیەکان دەبنە هۆی پاڵپشتی کردنی ئابووریی و گرێدراوی و لێک نزیکبوونەوە. لە مێژوودا، زۆربەی ئایین و ئایینزاکان لە سەرەتاوە بۆ راکێشانی خەڵک، لە باری ئابوورییەوە هەستێکی هاریکارانە و یارمەتیدەرانەیان لە نێو خۆیاندا برەو داوە و بوونەتە پاڵپشتی هەژار و بێ دەسەڵاتەکان و ئەمە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر برەودان و تۆکمەیی ئەو ئایینە نوێیانە.[١٣]

شێوازی پەرەسەندنی رەوتە نوێیە ئیسلامییەکان لە کوردستانی رۆژهەڵاتیشدا تاڕادەیەک وەها بووە. رەوتە کۆنەکان وەک مەکتەبی قورئان و جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاحی ئێران، کەش و هەوای شۆڕشی ئێران لە سەرەتاوە دەرەتان و هەلی بۆ رەخساندن و پاش ئەوەش لە ناو خۆیاندا تۆڕ و رایەڵەگەلێکی ئابووریيان بۆ یارمەتیدانی ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان و کاری خێرخوازانە پێکهێنا کە لەو رێگایەوە هەم بوونە پاڵپشت بۆ ئەندامەکانیان و هەم لە گرێدراوی بە حکوومەتەوە خۆیان دوور خستەوە و تەنانەت بەرەبەرە هەندێ کەرتی ئابووری بازاڕیان گرتە دەستەوە و تاقمێکی دەوڵەمەندیشیان لێدەرکەوتووە. بۆ وێنە لە شاری سنە و دەوروبەری رەوتی مەکتەب لە ساڵانی رابردوودا زۆر لە باری ئابوورییەوە چالاک بوون و بەتایبەت لە بازاڕ و کەرتی خانوبەرە وماڵکردنەوەدا بەرچاو بوون. ئەمە کردەی ئەرێنی سەربەخۆیی هەبووە و ئەوانی بە دوور لە حکومت پاراستووە. لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا یەکێک لە هۆکارەکانی راکێشانی خەڵک بەرەو دامەزراوە حکومییەکان باری ئابووریی بووە و بەمجۆرە خەڵک بە حکوومەتەوە بەستراونەتەوە و لە جموجووڵی سیاسی کەوتوون ئێستا یان بە هۆی دەسکورتی بۆ سووکە یارمەتییەک یان بۆ بەدەستهێنانی پیشە و بەرگیری لە لەدەستدانی پیشەی حکومی. هەوڵەکانی مەکتەب و جەماعەت لانیکەم لەمبارەوە بەرچاو بووە و لەسەر لایەنگرانیان

کاریگەریی هەبـووە و تـاڕادەیەک ئەوانی لە گـرێدراوی بە حکوومەتەوە پـاراسـتووە. هەروەهـا، ئەم چالاکییانە هەلی پێوەندیی ناوخۆیی زیاتری بۆ ئەندامانیان ڕەخساندووە.

بزاڤە توندڕەوە نوێیەکانیش بریتی لە سەلەفییە توندڕەوەکان و لایەنگرانی "داعش" و... زیاتر لە گەڕەکە هەژارەکانی شارەکانی کوردستاندا پەرەیان سەندووە و لە هەژاری، نەخوێندەواری و لاوازی کەلەپووریی ئەو خەڵکە بۆ ڕاکێشانی لاوان بەرەو خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە و زیاترین دزەو تەشەنەیان لەو نـاوچـانەدا هەبـووە کە لە بـاری ئـابـوورییەوە لاوازن و ئەمە بە ڕوونی لە هەنـدێ بـازێردا وەک سـنە دەبینرێت و پەرەسەنـدنی ئەمـانە بـووەتە هۆی لەدەسـتدانی ڕۆڵەی هەنـــدێ خێزانی هەژار و کەم دەسەڵاتی کورد. کاریگەریی ئەمـــانە لە ڕوانـــگەی سیاسییەوە لە چەشنی ئەوەی حکوومەت واتە کەڵکی نالەبار وەرگرتن لە دۆخی ئابووریی لاوازی خەڵک بووە بۆ ڕاکێشان و پێبەستەبوونیان. کز و لاواز ڕاگرتنی خەڵک لە باری ئـابـوورییەوە هەم کۆنترۆڵی حکوومەتی زیاتـر کردووە و هەم هەلی بۆ بـزاڤە تـونـدڕەوەکانیش ڕەخـسانـدووە. ئەم بـزاڤانە بەمجۆرە دووبەرەکی ئـایینیان نـاوەتەوە و بە خۆ جیاکردنەوە چ لە ڕواڵەتـدا و چ لە کردەوە و هەڵسوکەوتـدا هەنـدێ قەڵشتی کۆمەڵایەتی تـریان لە کۆمەڵگای کوردیدا پێکهێناوە. تەنـانەت جـــاروبـــار لە جـــلوبەرگی بیانیدا وەک پـــاکستانی و عەرەبی بینراون و ژنـــانیان بە سەرپۆشی تەواوەوە دەرکەوتوون.

## زمان

یەکێکی تـــر لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی بـــزاڤە ئیسلامییە نـــوێیەکان پێکهێنانی کەشـوهەوایەک بـووە کە تێیدا گـرنـگایەتی کەمـتر بە زمـانی نەتەوەیی دراوە و کەمـترخەمی و سەرنـــجنەدان بەم لایەنە بینراوە. لەم پێوەنـــدییەدا دەکرێ بە هەنـــدێ نـــموونە لە سڕینەوەی لایەنی کوردی وانەگـوتـنەوەی ئـایینی، کەمـترخەمی و لەبەرچـاونەگـرتنی لایەنی پسـپۆڕانە و ڕێنووس و ڕێزمـــانی کوردی و تێکەڵکردنی وشەی بیانی ئـــامـــاژە بکرێت. بۆ وێنە لە حـــوجـــرە کۆنەکانی کوردستـانـدا تەنانەت شێوازی گـوتـنەوەی پەرتـووکی پیرۆزی "قـورئـان" لە سەرەتـاوە واتە "حـــونـــجە کردن" بە کوردی فێر دەکرا و ڕێچکەیەکی کوردی هەبـــوو وەک: "سەرە، ژێرە و بۆرە"... "ئەلـف سەر ئە، ب سەر بە....لام ئەلـف لا... ئەلـف دوو سەر ئەن...ئەلـف دوو ژێر ئین... ئەلف دوو بۆر ئۆن..." و.... کەچی بە سەرهەڵدانی بزووتنەوە نوێیەکان و هەروەها لە خوێندنگە حکومیەکانیشدا شێوازێکی نوێی فێرکردن هاتە ئاراوە کە وێرای سانایی، ڕەنگ و بۆنی کوردی پێوە نەبوو و ئەمە لەلایەن حکوومەتەوە ئامانجی سڕینەوەی ئەو ڕەنگ و بۆنە کوردییەشی لە

پشت بوو بەڵام لەلایەن بزاڤە نوێیەکانەوە زیاتر بە هاسانی فێرکردنی قورئانی کردبووە ئامانج کە نـاڕاسـتەوخۆ لە ئـاڕاسـتەی ئەو سڕینەوەدا بـوو، کەچی دەکرا هەنـدێ لایەنی وەک نـاوی بـزوێنەکان هەر بە کوردی بمێنێتەوە و خـوێنەری کوردی پێ گۆچ بکرێت. لە پێوەنـدیی لەگەڵ لەبەرچـاونەگـرتنی رێنووس و زمـانی یەکگرتـووی کوردیش جێی ئـامـاژەیە کە لە چـاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە کوردییە ئـایینییەکانـدا ئەوەنـدە خەمی نـاوەڕۆکە ئـایینییەکە هەیە، خەمی نەتەوەیی نـابینرێت و ستاندارد و رێنووسی بـاوی زمـانی کوردی رەچاو نـاکرێت و جار وایە لە رێنووسی باوی زمانی یەکگرتوو و کاری پسپۆڕانەی کۆڕی زانیاریی و پسپۆڕانی زمانی کوردی بە هەندێ پاساو پێڕەوی ناکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، پڕن لە وشەی بیانی بەتایبەت فارسی و عەرەبی کە بە شێوەی ناوێژئاگا کاریگەریی لەسەر گۆڕانی زمانی کوردی و زاڵیەتی زمانەکانی تر دەبێت.[١٤]

ئەم رەوتە ئیسلامییانە لە بەرنامە ناوخۆییەکانی خۆیان و لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشیاندا بـایەخی ئەوتۆ بە زمـانی کوردی نـادەن. بۆ وێنە جەمـاعەتی دەعـوەت و ئیسلاح بۆ کۆبـوونەوە نـاوخۆییەکانی ئەنـدامـانی کوردیان لە شـارە کوردەکانیشدا ئاگاداری و... بە فـارسی دەنووسن، ئەوە لە کاتێکدایە کە دەکرێ بە کوردی یان هەردوو زمـــانەکە بـــن. لەسەر مـــاڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی پێوەندیدار بە جەماعەتیش ئەم کەمترخەمییە سەبارەت بە زمانی کوردی و زمـــانی دیکەی نەتەوەکانی ئێران دەبینرێت، چۆن ئـــامـــانجیان زیاتـــر لایەنی ئـــایینی هەیە. جەمـاعەت بە کردەوە زیاتـر بیری ئـایینی سـونـنە و ئێرانی بۆ گـرنگە و لەسەری زاڵە و لە هێما و کارەکانیاندا رەنگ و بۆنی کوردی نابینرێت، تاڕادەیەک کە لە دوایین کۆنگرەیان لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتـاویدا "کەرامەتی مـرۆیی، مەعـنەوییەتی ئیسلامی و شـونـاسی ئێرانی"یان وەک دروشمی خۆیان دیاریی کرد. هەرچەنـــد ئەو داواکارییەیان هەیە کە لە چـــوارچێوەی دروشـــم و داواکاریەکانیانـــدا مـــافی نەتەوە جۆراوجۆرەکان رەچـاو دەکرێت و بەدی دێن. هەروەهـا، لەم بـــوارانەوە مەکتەبیش تـــاڕادەیەک لاواز بـــووە بەجۆرێ کە زۆرێک لە کارەکانیان لە مـــاڵپەڕ و بڵاوکراوەکانیاندا بە فارسییە و بەشێکی کەم بۆ کوردی تەرخان کراوە.

هەرچۆنێک بێت، بەپێچەوانەی کاری زانـــا ئـــایینییە نەریتییەکان وەک مەلا عەبـــدولکەریم مودەڕڕس و... کە خزمەتی زمانی کوردییان کردووە، ئەم رێکخراوانە چەندان پاراستنی زمانیان بۆ گـرنـگ نەبـووە. ئەو گـرنـگایەتی و بەرپـرسیارێتییە بۆ پـاراسـتنی نـاوەڕۆکی ئـایینی بە وردی هەیانە و هەستی دەکەن، لە پاراستنی لایەنی نەتەوەییاندا بە کردەوە سەرنجی نادەن و کەمتر بەرپـرسیارێتی نەتەوەیی هەسـت پێ دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەم کەمـترخەمیانە لە دژی

ئەو جۆراوجۆرییەیە کە قورئان باسی دەکات. کەسێک وەک مامۆستا ناسر سوبحانی بۆخۆی بە پشت بەستن بە دوو ئـایەتی قـورئـان بڕوای تەواوی هەبـوو کە هەمـوو نەتەوە رەسەنەکان بە زمانی خۆیان پەیامی ئاسمانییان بۆ هاتووە و پێغەمبەریان بووە.[١٥] لە باری نەتەوەییشەوە، ئەو کەمـــترخەمییە بەپێچەوانەی کاری سەرکردە سەرەتـــاییەکانی ئیخوان بۆ وێنە کەسێک وەک "حەسەن بەننا"یە کە باری نەتەوەیی خۆیان لا گرنگ بووە.

## دەرەنجام

کەواتە کاریگەریی بـــزاڤی نـــوێی ئیسلامی لە بـــاری کۆمەڵایەتییەوە پێکهێنانی قەڵشتی کۆمەڵایەتی-کەلەپـــووریی و لە بـاری سیاسییەوە، بـرەودانی سیاسەتی ئـاییینی بـووە کە بە کردەوە قـازاجی نەتەوەیی تێدا نەبـوو و بـووە هۆی نـاکۆکی و تێکدانی یەکڕیزی نەتەوەیی و ئەمە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خزمەتی ئامانجە سیاسییەکانی حکوومەت لە دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی کرد. بە گشـتی لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی سەرهەڵدانی ئەم بـزاڤانە دەکرێ ئـامـاژە بکرێت بە: زیانـگەیانـدن بە سیاسەتی سێکیولار-مەعـنەوی-نەتەوەیی و بـزووتـنەوەی کوردیی، گـرنگینەدان بە مـاف و ئـازادیی بیرە جیاوازەکان، بـوار خۆشکردن بۆ کەڵکی نـالەبـاری سیاسی حکوومەتی نـاوەنـدیی لە قەڵشتە کۆمەڵایەتییەکان لە دژی بـزووتـنەوەی کورد، تێکدانی یەکیەتی سیاسی هێزە کوردییەکان، گـــرنگینەدان بە پســـپۆڕایەتی لە بـــواری کۆمەڵایەتی-سیاسییەوە، کەمترخەمی لە بواری زمان و کەلەپووریی کوردی، پێکهێنانی داباڕانی کۆمەڵایەتی و وەچەیی، دابەزینی ئـاسـتی شـادبـوونی کۆمەڵگا و بـرەوی تـونـدوتیژیی، و تـونـدبـوونەوەی گوشاری کۆمەڵایەتی لەسەر هەندێ چین و توێژ. لە باری ئەرێنیشەوە دەکرێ بەم کاریگەرییانە ئـامـاژە بکرێت: پەرەپێدانی روونـاکبیریی ئـاییینی و دووری لە بەشێکی کۆنەپـارێزیی، تۆکمەیی نـاوخۆیی لایەنە ئـاییینییەکان، یارمەتیدانی ئـابـووری نـاوخۆیی، پەرەپێدانی کاری خێرخـوازانە، سەربەخۆیی ئابووریی و گرێنەدراوی بە حکوومەتەوە، گرنگیدان بە رەوشت بەرزیی و دووری لە خراپە، وەجووڵەخستنی بەشێک لە ژنان لە چوارچێوەی بیری ئاییینیدا.

## سەرچاوەکان:

[١] ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە ڕێکەوتی ٠٨/١١/٢٠١٦، لە ماڵپەڕی "میللەت پرێس"، بەشی "کراوەیی ئیسلامی" بە ناونیشانی خوارەوە بڵاو بووەتەوە:

http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=27091&T=

[٢] Ali Ezzatyar, The Last Mufti of Iranian Kurdistan; Ethnic and Religious Implications in the Greater Middle East, New York, Palgrave Macmillan, ٢٠١٦, p. ٩.

[٣] دیارە وەکیەکلێکردنی کۆمەڵگا شێواز و هۆکاری جۆراوجۆری هەیە بۆ وێنە مۆدێرنیتەش بە جۆرێکی تـر ئەو کاریگەرییانەی هەبـووە، بەڵام لێرەدا چۆن باسەکە لەسەر ئایینە تەنیا کاریگەرییەکانی ئایین باس کراون.

[٤] لەم پێوەندییەدا مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێت: "زانست و باوەڕ و ئایین کە وا کاکڵی ژیانی "مەعنەوی" کورد پێکدێنن یەک دێڕ و وشە و پیتی لە سەرچـاوەی کورد و کوردسـتانەوە هەڵنەقـوڵیوە، هیچیان ئـاوێنەی ژیانی مـادی و ئـابـووری کوردی نین و هەمـوویان دەرەکین، ژیانی مـادی و ئـابـووری کوردی کرد بە کۆیلەی خۆی، بە "حقلی تجـربە"، بە پێچەوانەی چـاوەنۆڕکردنی رواڵەتی تیۆریەکانی مادی، ژیانی کورد بوو بە ئاوێنە بۆ زانست و باوەڕێکی مێوان. لەو سـاتەی منداڵ بە زگی داکی دەکەوێ تا ئەو کاتەی دەچێتە قەبرەوە هەمــوو چــرکە کاژێرێکی تەمەنی مەحکومە بە "قــورئــان و شەرع" و زیکر و فیکری پیاوچــاک و شێخ و مەلا و هێزی نهێنی سەر بە بەهەشـــت و جەهەنـــنەم: مەرەکەی، دەغڵەکەی، بـــاخەکەی، زەوی و ئـــاوەکەی، پەرژین و نێوانەکەی، سەلەم و ربێدەکەی، زەکات و سەرفیترەکەی، نـــوێژ و حەجەکەی، ژن هێنان و تەڵاق دانەکەی، تیجارەتەکەی.. مەڕ سەربڕینەکەی و "بـــسم الله" لێ هێنانەکەی، غەزا و خۆ بە کوشت دانەکەی، خەون و خەیاڵ و شەونخۆنی و "تهجد" و ڕۆژیەکەی... ئەمانە و هەرچی هەیەتی لە لەش و ماڵ و ژن و خێزان لە نێو ئەو جـەغزانەدا دەخـولێتەوە کە ئـایینی ئیسلام لە مەککە و مەدینەڕا بە دیاریی بۆی نـاردووە و هیچ پێوەنـدییەکی نییە لەگەڵ کوردستانی پێش ئیسلام، تەنانەت چەند ناوێکی وەک بەسێ و گوڵێ و پیرۆت و سوارە نەبێ هەرچی ناوی کوردیش بوو گۆڕا بە ناوی پیاوە ئایینیەکانی عەرەب یا خود هەر عەرەبی ئاسایی بە عادەتی. خولاسە، ژیانی "عقلی و معنوی" کورد لە هەزار ساڵ زیاترە زادەی کوردستان نییە و تێکەڵ بە ژیانێکی یەکجار فراوانتر بووە لە کوردستان، بە مادە و مەعنایەوە"(بڕوانە: مەسعوود محەمەد، **حاجی قادری کۆیی**، بەشی یەکەم، بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٣، لل ٢٩٢-٢٩٣).

[٥] نووسەر ئەمەی لە زاری مامۆستا 'عەلی ڕەحمانی'یەوە بیستووە.

[٦] دەگێڕنەوە کە لە زەماوەندێکی ناوچەیەکی کوردستاندا، مایکرۆفۆن لە بەردەم مامۆستایەک کە جلوبەرگی کوردی و جامانەی دەبێت، دادەنێن. هەنـدێ لە بەشـداربـووان وادەزانـن گۆرانیبێژە، قـوت دەبـنەوە و کەمێ دێنە پێشەوە، بەڵام پـاش ئەوەی کە دەسـت دەکات بە قـسەکردن، ئەو کەسـانە شـل دەبـنەوە و دەکشێنە دواوە لەبەر ئەوەی کە بە پێی نەریتی بـاو چـاوەڕوانی ئەوان لەوەهـا کۆڕێکی شـایی جیاواز بووە.

[٧] بۆ وێنە یەکێک لە بنەما ئابووری و توریستییەکانی هەندێ وڵات وەک هێندستان، پاراستنی دابونەریتە. تەنانەت یەکێک لە هۆیەکانی دژایەتی نـاسیۆنـالیستە هێندووەکان لەگەڵ گۆڕینی ئـایین بە ئیسلام و مەسیحییەت، زیانـگەیشتن بە ڕەسەنـایەتی نەریتی هێندی بـوو. ئێستا مانەوەی ئەو نەریت و کەلەپوورە لە هۆکارەکانی ڕاکێشانی ڕادەی زۆری گەشتیار بۆ ئەو وڵاتەیە.

[٨] احمد مفتیزادە، **بحثی کوتاە دربارەی حکومت اسلامی**، تدوین: شورای مدیریت مکتب قرآن، ١٣٥٧/١٩٧٩، ل. ٦٢.

[٩] ناسر سوبحانی، **بەندایەتی**، چاپی دووەم، دەزگای بەرهەم، ٢٠٠٦، ل ١٠.

[١٠] مفتیزادە، ١٣٥٧/١٩٧٩، ص. ٦٥.

[١١] هەر ئەوە، ل. ٣١.

[١٢] هەر ئەوە، ل. ٣٦.

[١٣] لەم بوارەدا بڕوانە:

Jeffrey Schloss and Michael Murray (eds.). The Believing Primate: Scientific, Philosophical and Theological Perspectives on the Evolution of Religion, Oxford University Press, 2009.

[١٤] بۆ وێنە بڕوانـە دوو بەرتـووکی: ئەحـمەد مـوفتیزادە، **دیوانی شێعری "دیاریێ بۆ یاران"**، چاپ و بڵاوکردنەوەی مەکتەب قـورئـانی کوردستان، ١٣٨٦. و: ناسر سوبحانی، **بەندایەتی**، چاپی دووەم، دەزگای بەرهەم، ٢٠٠٦.

[١٥] سوبحانی، ٢٠٠٦، ل. ٢٦٦.

# حکوومەتی ئێران و بەکارهێنانی سیاسی ئایین لە کوردستان[1]

(ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکان بە نموونە)

ئـایین چ وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی یان بەشێک لە کەلەپـوور کردەی سیاسی-کۆمەڵایەتی زۆری هەیە و حکوومەت و سیاسەتــوانــانیش هەم بۆ تۆکمە و یەکڕیز کردنی خەڵک و هەم بۆ کەڵک وەرگـرتـن لە قەڵشتی ئـایینی لە پێناو سیاسەتەکانی خۆیانـدا کەڵکیان لێوەرگـرتـووە. لەم پێوەنـدییەدا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی داواکارییەکانی گەلی کورد لە پـاش شۆڕشی گەلانی ئێران، ١٩٧٩، حکوومەتی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر پەنـای بـردە بەر سیاسەتی ئـایینی. لەلایەکەوە بە ناساندنی هێزە کوردییەکان وەک دژە ئایین و "کافر" و بانگەشەی شۆڕشی ئیسلامی، قەڵشتی لە نێوان کۆمەڵگای کوردیدا پێکهێنا و ئـایینی بۆ هەڵخڕانـدنی هەسـتی ئـایینی خەڵک لە دژی ئەوان بەکارهێنا و لەلایەکی تــریشەوە لە قەڵشتە نێو ئــایینییەکان وەک شێعە-ســونـــە و نەریتی- نوێ و پێکهێنانی پێکدادانەکان بە قازانجی خۆی کەڵکی وەرگرت.

پێشینەی ئەم سیاسەتەی حکوومەتی ئێران و مێژووی بەکارهێنانی ئــایین لە شێوەی ڕێکخراوەیی لە کوردســتانــدا بۆ بەرەنــگاربــوونەوەی بــزووتــنەوەی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شـا و پـاش روخـانی کۆمـاری کوردسـتان. بە سەرهەڵدانەوەی بزووتـنەوەی نەتەوەی کورد و هەروەهـا کەم کەم بەرەو دووربـوونەوەی بـزووتـنەوە کوردسـتان لە زاڵیەتی سیاسەتی مەعـنەوی، حکوومەتی تـاران بە نـاسینی کۆمەڵگای نەریتی کوردسـتان و تەشەنەی ئـایین لەم کۆمەڵگایەدا، کەوتە بیری بەکارهێنانی ئـایین و پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسی لەسەر بـنەمـای ئــایین لە دژی بــزووتــنەوەی کوردی بۆ لاوازکردنی هەسـتی نەتەوەیی و بەلاڕێدابـردنی بیر و هەستی خەڵک، و لەو پێناوەدا "حیزبی سادات" دادەمەزرێنێت. لەم پێوەندییەدا، غەنی بلوریان

دەڵێت: 'روکنی ٢ی تیپی ئەرتەشی مەهــابــاد بۆ هــانــدان و جیاکردنەوەی خەڵک لە حێزبی دێمۆکراتی کوردســتان لە ڕێگای چەنـد سەید و مەلای ســاویلکەوە حێزبی ســاداتی دروســت کردبـوو. ئەنـدامـانی ئەو ڕێکخراوە لە کۆڕ و کۆبـوونەوەی خۆیانـدا لە دژی حێزبی دێمۆکرات قسەیان دەکرد و ئەوانیان بە لە ئایین وەرگەڕاو دەزانی. ئەو ڕێکخراوە دەسکردە دواتر بە هۆی کردەوەی چـاک و بەجێی ئەنـدامــانی حێزب[ی دێمۆکراتی کوردســتان] و نــاکارامەیی خۆی هەڵوەشـایەوە'.[٢] ئەم شێوازە کارکردنەی حکوومەتەکانی ئێران لە دژی بـزووتـنەوەی کوردی بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەبــووە. لە پــاش شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێرانیش وێڕای گۆڕینی جۆری ڕەژیم، سیاسەتەکان لە دژی بـزووتـنەوەی کوردی نەگۆڕدران و لەگەڵ هەڵگیرســانەوەی خەباتی نەتەوەی کورد و بەهێزبـوون و زاڵبوونی حێزبە کوردیەکان لە کوردستـاندا، حکوومەت دیسانەوە پەنــای بــردە بەر ئەو سیاسەتە و بۆ بەرەنــگاربــوونەوەی بــزووتــنەوەی کوردی، ڕێکخراوێکی لە ژێر نـاوی "پێشمەرگە مـوسڵمانەکانی کورد" لە نێو "سـپای پـاسـداران"دا پێکهێنا کە لێرەدا ئاورێک دەدرێتەوە سەری.

## کۆمیتەکانی شۆڕشی ئیسلامی

لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ دا سێ کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامی لە سنە پێکدێت: یەکیان سەر بە هەنـدێ کەسی شێعە کە هـاتـبوونە کوردسـتان یان پێش شۆڕش لەلایەن حکوومەتەوە دوور خرابوونەوە بۆ ئەوێ دەبێت و لە ژێر چاوەدێری و سەرپەرشتی مەلایەکی شێعە بە ناوی "سەفـدەری" دا بـوو و کابـرایەکی شێعەی خەڵکی کرمـاشـانیش بە نـاوی "شـاتـر مـحەمەد" بەرپرسی کۆمیتەکە دەبێت. دووەمیان کۆمیتەی سەر بە سوننەکان بە بەرپرسایەتی کەسێک بە نــاوی مــاشەڵڵا بەختیاری و لە ژێر ڕێبەرایەتی مــامۆســتا ئەحــمەدی مــوفتیزادەدا دەبێت. کۆمیتەیەکیش لە بـازاڕدا لە ژێر بەرپـرسـایەتی کابـرایەکی بـازاڕی بە نـاوی "حـاجی مەسـعود غەمیان" پێکدێت.[٣] بە تێکچوونی کۆمیتەکان و ڕۆشــتنی هەنـدێ لەو کەســانەی پێوەنـدییان بەوانەوە هەبوو بۆ کرماشان، هەلی پێویست بۆ پێکهاتنی ڕێکخراوی "پێشمەرگە موسڵمانەکان" لەلایەن حکوومەتەوە دەڕەخسێت.

## کۆچی ئیسلامییەکان

بە هۆی کەشــوهەوای ئــاڵۆز و نــاکۆکی نێوان هێزە جۆراوجۆرەکان هەم لەگەڵ یەکتر و هەم لەگەڵ حکوومەت لە کوردســتـانــدا، هەنــدێ لە خەڵک بەتــایبەت ئەوانەی سەر بە کۆمیتە

ئیسلامییەکان، لە ژێر کارتێکەری سپا و حکوومەت و هەندێ لە هێز و سەرکردە ئیسلامییەکان، لەوانە مەکتەبی قورئان بە سەرکردایەتی مامۆستا ئەحمەدی موفتیزادە، لە شارەکانی پارێزگای سنەوە وەک مەریوان، سنە، دێولان و... بە لاسایی کردنەوەی کۆچی موسڵمانانی سەرەتای ئیسلام بۆ مەدینە و بەوجۆرە پێناسەکردنی بەرانبەرەکانیان واتە هێزە کوردییەکان بە کافر، دەستیان دایە کۆچ کردن و بەجێهێشتنی پارێزگای سنە و پەنایان برد بۆ برا بە ناو ئاییینییەکانیان. هەر لەو پێوەندییەدا، ئایەتوڵڵا خومەینی لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند کەسێکی خەڵکی مەریوان کە دواتر دەبنە پێشمەرگە موسڵمان، پێیان دەڵێت: "پێغەمبەر (د.) لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچی کرد و ئێوەش هەر بەو ڕێگادا بڕۆن، ئێوە یارانی رەسووڵەڵڵان...."[٤]
وەک پێشتر ئاماژە کرا، کاک ئەحمەدیش بە جیاکردنەوەی کوردی موسڵمان و ناموسڵمان، لەسەر ئەو کەلێنە جەخت دەکات و ناکۆکی نێوان ئەو دوو لایەنە و بەرگیری لە شەڕی ناوخۆیی بە هۆی کۆچکردنیان بۆ کرماشان دەزانێت.[٥] هەرچۆنێک بێت، هەندێ لە کۆچبەران بە هۆی دۆخی تایبەتی کرماشان بۆ جێبەجێ کردنی پلانی حکوومەت و بە هیوای دیسان خۆڕێکخستنەوە و گەڕانەوە بۆ گرتنەوەی ناوچەکە، و هەروەها هەندێکیشیان لەسەر راسپاردەی کاک ئەحمەد بەرەو ئەو شارە دەڕۆن و بە پاڵپشتی سپای پاسداران و حکوومەت لەوێ نیشتەجێ دەبن. هەندێکیش بەرەو تاران، هەمەدان، ئەسفەهان و هەروەها بیجار ڕۆشتبوون کە دواتر بڕێکیان دەگەڕێنەوە کرماشان.

## پێکهێنانی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکان

ڕێکخراوەی سپا لە دۆخی پێکهاتوو کەڵکی وەرگرت و هاوکات دەستی دایە پێکهێنانی ڕێکخراوی "پێشمەرگە موسوڵمانەکانی کورد" لە کرماشان و هەندێ لە کۆچبەران و دواتریش خەڵکی تری بەرەو ئەو ڕێکخراوە راکێشا. لە ماوەی مانەوەی کۆچبەران لە کرماشاندا لە نێوان هەندێ لەوانە و دامەزراوەی سپا هاتوچۆ زیاتر دەبێت و ئەم دامەزراوە لە نێویاندا تەشەنە دەکات و گرووپێک لەو کوردانە و هەندێ لە کوردانی پاوە لە ژێر کاریگەری "بروجردی" فەرماندەری سپای ڕۆژئاوای ئێران، لەوێ گەڵاڵەی ڕێکخراوی "پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد" دادەڕێژن.

دیارە ئەمە پلانی حکوومەت دەبێت و لە تاران دەسەڵاتدارانی حکوومەت لەوانە "بەهەشتی" خەریکی پێکهێنان و ڕێکخستنی ڕێکخراوێک بۆ بە وتەی خۆیان کوردە موسڵمانەکان (کە پاشماوەی کوردیان بە موسڵمان نەدەزانی) و لایەنگرانی حکوومەت دەبن و بۆ ئەم مەبەستە

"بروجردی" دەچێتە کرماشان و دەست دەکات بە ڕێکخستنی ئەو کۆچبەرانەی کە چووبوونە ئەوێ. هەر لەو ماوەیەدا گەڵاڵەی پێکهاتنی ڕێکخراوی "پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد" لەلایەن ئـایەتـوڵڵا "خـومەینی"یەوە ڕەزامەنـدیی لەسەر دەدرێت و لە شـوورای بـاڵای سـپا و هەروەهـا شـوورای بـاڵای شۆڕش پەسەنـد دەکرێت و بەرپـرسیارێتییەکەی لەلایەن "بەهەشـتی"یەوە بە "بـروجـردی" دەسـپێردرێت. بۆ نـاوی ڕێکخراوەکەش جەخـت کرابـوو کە وشەی "مـوسڵمان" لە پێش "کورد" بێت بە هۆی ئەوەی کە بە رای ئەوان پێشترێتی بە ئیسلامە. ئەمە لە بەرانـــبەر پێشمەرگەی دێمۆکرات یان کۆمەڵە یان بە گشتی پێشمەرگەی کوردستاندا بوو. هەروەها ڕەنگە لە ژێر کاریگەریی کەشی خولقاو لەلایەن ئیسلامییە کوردەکان و کاک ئەحمەدیشدا بووبێت کە پێیان وابـوو لە پێشدا مـوسڵمانـن، پـاشـان کوردن. یان بە واتـایەکی تـر حکوومەت لە گـوتـاری پێکهاتوو لەلایەن ئەوانەوە کەڵکی وەرگرت.

کەواتە، ئەو ڕێکخراوە سەرەتا بە نهێنی چالاکی دەنوێنێت و خۆ ڕێکدەخات و پاشان راشکاوانە رادەگەیندرێت. نـاوەنـدی ئەم ڕێکخراوە بۆ ڕێکخستنی کوردە مـوسڵمانەکان بۆ خەبـات لە دژی هێزە کوردییەکان هەر لە سـاڵی ١٩٧٩ بەمـلاوە لە کرمـاشـان پێکدێت و پـاش مـاوەیەکی کورت هەندێ لەو کۆچبەرانە و هەندێکی تر کە بە هۆی هاوکاری و پێوەندییان لەگەڵ سپا لە ترسدا لەگەڵ پـاسدارە نـاکوردەکان کە داواکرابوو کوردستان بەجێ بهێڵن، هاتبوونە دەرەوە، دەکرێنە چەکدار و لە هەندێ بنکەی سەربازی نزیکی ئەو شارە راهێنانیان پێ دەکرێت و لەوێوە بۆ شەڕ روانەی شـــارەکانی کوردســـتان دەکرێن. بە پەرەسەنـــدنی ڕێکخراوەکە لە هەمـــوو شـــارە کوردییەکانـــدا لقی دادەمەزرێت و لەم هێزە خۆجێییانە بۆ نـــاسینی نـــاوچە و کەوتـــنە بەر هێزەکانی تـــر بۆ شەڕی پێشمەرگەی کوردســتان کەڵک وەردەگیردرێت. واتە لە راســتیدا شەڕی کوردیان بە خـودی کورد دەکرد و لە بەرانـبەر پێشمەرگەی کوردسـتانـدا بە گـوتەی "بـروجـردی" کوردستانیان بەوانە سپارد کە "هەم کورد بـوون و هەم مـوسڵمان!" کەسانی وەرگیراو جگە لە ئـامـادەبـوون لە یەکینەکانی شەڕدا، پـاراسـتنی نـاوچەکانی خۆیانیان پێ دەسـپێردرا. یەکەم هەڵمەتی سەربـــازییان هێرش بۆ سەر شـــاری کامیاران دەبێت و لە ژێر دەســـتی پێشمەرگەی کوردستانی دەریدێنن.[٦]

## ئامانجی ڕێکخراوەکە

هەرچۆنێک بێت، ئەم ڕێکخراوە لە پـــاش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران لەلایەن "ســپای پـــاســدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران"ەوە پێکهات و دەورێکی گـــرنگی لە سەرکوت و پـــاکتاوکردنی هێزە

کوردییەکانـــدا گیرا. پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە بە پێی بەرنـــامە و پـــلانی حکوومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە کوردییەکان و ڕاکێشانی خەڵکی ئاسایی و نەخوێندەواری کوردستان بۆ شەڕ لە دژی ئەوان لە ژێر نـــاوی ئـــاییندا بـــوو و لەم ئـــاڕاســـتەیەشـــدا لە ئـــایین و دژایەتی ئایدیۆلۆژیکی نێوان ئیسلام و دیکەی ئایدیۆلۆژیەکان بە باشترین شێواز کەڵکی وەرگرت. لەم نێوانەشـــدا بـــزاڤی ئیسلامی نـــوێ لە کوردســـتان و کاریگەریەکانی – هەڵبەت زیاتـــر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و نائاگایانە – یارمەتیدەر و ڕێگا خۆشکەر بوو و حکوومەت لە کەشوهەوایەک کە ئەم بـــزاڤە ڕەخـــسانـــدبـــووی بـــاشـــترین کەڵکی وەرگـــرت بۆ تەشەنە لە کوردســـتان و پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەر بە خۆی.

لە یەکەمین ڕاگەیەنـــدراوی ئەو ڕێکخراوەدا ئـــامـــانجی ڕێکخراوەکە وەهـــا دیاریی دەکرێت: "ڕێکخراوی پێشمەرگە مـــوسڵمانەکانی کورد بە مەبەســـتی سڕینەوەی نـــاوچەی کوردســـتان لە کوفـــار و مـــونـــافقینی دژە شۆڕش و بـــانـــگەشەی ئیسلام و سەلـــمانـــدنی ڕاســـتییەتی کۆمـــاری ئیسلامی و پـــارێزگـــاری لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئیسلامی و پێشێل نەبـــوونی خـــوێنی شەهیدان ڕادەگەینین."[٧] کەواتە، ئـــامـــانجی سەرەکی ئەو ڕێکخراوە بـــریتی بـــوو لە ڕێکخستنی کەســـانی ئۆگـــر، لایەنـــگر و ئەمەگـــدار بە حکوومەتی کۆمـــاری ئیسلامی بۆ شەڕ لە دژی بە وتەی خۆیان "دژە شۆڕش".[٨] لەم پێناوەدا، بەرپـــرسیارێتی نـــاسینی ئەو کەســـانە و ڕاکێشان و بەکارهێنانی ئەوان دەگـــرێتە ئەســـتۆ و لە پـــلانێکی تـــرەنـــجاودا لە زۆربەی شـــار و گـــونـــدەکانی کوردەواریدا بە شێوەی جۆراوجۆر بەتـــایبەت بە پێدانی پـــارە و بڕینەوەی مـــووچە بۆ کەســـانی ڕاکێشراو دەست بەکار دەبێت.

## سیاسەت و شێوازی کار

هەر لە سەرەتـــاوە "ســـپای پـــاســـدارانی شۆڕشی ئیسلامی" هەوڵی زۆری داوە کە پیشان بـــدات پێکهاتنی ڕێکخراوی "پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد" هەڵقوڵاوی ناخی خەڵکی کوردستان و بە هۆی هەستی خاوێنی ئایینی ئەوان لە دژی گروپە کوردییەکانی بە قسەی ئەوان "دژە ئیسلام و شۆڕش" بـــووە. هەر لەو ئـــاڕاســـتەشـــدا هەوڵی داوە مێژوویەکی درێژ بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە کوردســـتانـــدا پێناسە بکات و هەنـــدێ کەســـایەتی و شەهیدی کوردســـتان کە هی پێش شۆڕشی ئیسلامی و تەنـــانەت پێش یەکەمین نیشانەکانی ئەو شۆڕشە بـــوون و لە دژی شـــا خەبـــاتیان کردووە و ڕەنـــگە سەر بە شـــانە نهێنییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتان بـــووبێتن، وەک شەهیدی شۆڕشی ئیسلامی لە کوردستاندا بهێنێتە ئەژمێر. بۆ نموونە کەسایەتییەک وەک "مەلا

محەمەد رەشیدی علومی" سەقز کە نزیکەو هاوکات لەگەڵ رەشبگیریەکانی ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات، لە ساڵی ١٩٦١ دا بە بوختانی کۆمونیست بوون قۆڵبەست دەکرێت و لە ١٩٦٢ دا، واتە پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێران لە ١٩٦٣، لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لە دەست دەدات، وەک یەکەمین شەهیدی شۆڕشی ئیسلامی لە کوردستان ناودێر کراوە.[٩]

هەوڵی ئەم رێکخراوە و چاپەمەنییەکانی لە پێناو ئەوەیدا بوو کە بە ناوی ئیسلامەوە بزووتنەوەی کوردی لە ئێراندا سەرکوت بکرێت و هەموو باسیان ئەوە بوو کە "جیاوازییەک لە نێوان فارس، کورد، تورک و... نییە و حکوومەتی ئێمە ئیسلامییە و هەر ئەو حکوومەتەی سەرەتای ئیسلامە کە هەموو هۆزەکان لە بەرانبەر یاسادا بەرابەرن، ئێمە لەگەڵ کورد کێشەمان نییە و ئەمانە کە کێشەی کوردیان پێکهێناوە، تاقمێکن کە لە دەرەوە هان دەدرێن و پاڵپشتی دەکرێن."[١٠] ئەوە لە کاتێکدایە کە نە ئیسلام بەڵکو حکوومەتی ئایینزای شیعە پێکهاتبوو و دواتریش بزووتنەوەی سوننە و زۆرێک لە زانا ئایینییەکانی سوننە سەرکوت کران و جگە لە نەتەوەی فارسیش هیچ نەتەوەیەکی تری ئەو وڵاتە تاکوو ئێستا مافەکانی دەستەبەر نەکراوە و نەتەوەکان لە هیچ بارێکەوە بەرابەر نەبوون. لەم رێگایەوە هەوڵ درا بە گرێدانی کێشەی ناوخۆیی نەتەوەکانی ئێران بە وڵاتانی دەرەوە ئەو کێشەیە داپۆشرێت و بە ناوی ئیسلامەوە هەندێ کەسی سادە و نەخوێندەواری کورد راکێشرێن و لە دژی نەتەوەی خۆیان هان بدەرێن.

لە یەکەمین راگەیندراوی ئەو رێکخراوەدا پاساوی شەڕ لەگەڵ "کوففار" دەهێنرێتەوە و راگەیندراوەکە وەها دەنووسرێت کە گوایە پاش رزگاری کوردستان لە دەستی ئەو کافرانە، کوردە موسڵمانەکان خۆیان کوردستان هەڵدەسووڕێنن. لەو راگەیەندراوەدا هاتووە کە: "...جگە لە شێوازی شۆڕشگێرانەی هەست پێکراو ناکرێ کوردستان لە شەڕی کوففاریَ کە پلانیان بۆی هەیە، دەربهێنرێت. یەکەمین کاری شۆڕشگێڕانە کۆکردنەوە و راهێنانی هەموو هێزە موسڵمانەکان لە ناوچە بۆ جیهاد لەگەڵ کوففارە تا بتوانین پاش رزگاری کوردستان، خۆمان کوردستان بەڕێوە ببەین!"[١١] لەم ئاراستەیەدا، هەندێ لە پێشمەرگە موسڵمانەکان هەر لە سەرەتاوە دەبردرانە تاران و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆک و دەسەڵاتداران بۆیان رێکدەخرا و هان دەدران و بەڵێنی جۆراوجۆریان پێ دەدرا. بەڵام پاش نەمانی هێزە کوردییەکان دەرکەوت کە چەندە ئەو کەسانە کوردستانیان بەڕێوە برد. دیارە مەبەست لە وشەی "خۆمان" حکومت و دەسەڵاتدارەکانی بووە نەک ئەندامە کوردەکانی ئەو رێکخراوە. ئەو کەسانە خۆیان خوێندەواری وەها نەبوون بەڵام لەلایەن سەرۆکە ناکوردەکانەوە ئامانجدارانە ئەو جۆرە راگەیندراوانە دەنووسران و بە ناوی ئەوانەوە دەردەچوون. بەمجۆرە بەڵێنیانە هەندێ کەسیان

تەنـــانەت بڕێ لەوانە کە پێشتر سەر بە حیزبە کوردییەکان بـــوون، بەرەو خۆ ڕاکێشا. لەم پێوەندییەدا، دەگێڕنەوە کە یەکێک لە فەرماندەرە کوردە ناودارەکانی ئەو ڕێکخراوە (بە ناوی ح. ک.) کە زۆر بە خۆیدا پەرماوە و دەوترێت پێشتر سەر بە حیزبی ڕزگاری بووە، لە بنکەیەکی سپای پاسدارانـدا لەگەڵ فەرماندەرێکی باڵادەستی سپا کە فارسێک دەبێت بە ناوی "ڕەفیعی" لەسەر هەڵنەستان لە بەر فەرمانـدەرە باڵادەستەکە کاتی هـاتـنەژووەوەی، دەمەقرەیان لێ دەبێتەوە و تـووڕە دەبێت بە سەر فـارسەکەدا و کورسییەک هەڵدەگـرێت و دەیکوتێت بەسەر قەرەوێڵەکەدا و دەڵێت "ئێمە لە کوردستاندا خودموختاریمان هەیە!" ئەمە پیشاندەری ئەوەیە کە هەندێ لەو کەسانە لە بنەڕەتدا ئاگاداری ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوانە نەبوون و ڕوانگەیەکی جیاوازیان هەبـوو. بۆیە فەرمـانـدەرە سەرەکییە فـارسەکانیش هیچیان پێ نەدەگـوتـن و بە ڕواڵەت لەگەڵیان ڕادەهـــاتـــن چۆن شەڕی سەرەکییان بەوان دەکرد بەجۆرێ کە هەر ئەو فەرماندەرە کوردە لە گوندێکدا بە خەڵکی ئەو گوندە کارەکانی بنکەو مەتەرێزکردنەوە جێبەجێ دەکات، بەڵام دوایی بەجێی پارە دەیانداتە بەر تەقە و دەسڕێژی گولە و ئاگر بەردەداتە گوندەکە و زیانی زۆریان پێ دەگەیەنێت لەبەر ئەوەی کە بە دژە حکوومەتیان دەزانێت، کە ئـــاکامی ئەو کردەوانەشی کوژرانی خۆی بە دەستی هێزە کوردییەکان دەبێت.

حکوومەت ئەو هەمـوو نـوێنەر و حیزب و گـروپ و کەسایەتییە بەناوبـانگانەی کوردستانی بە نـــوێنەری خەڵک نەدەزانی کە هەنـــدێکیان لە هەڵبژاردنەکانیشدا هەڵبژێردرابـــوون بەڵام ئەم ڕێکخراوە کە خۆی پێکیهێنابوو وەک نوێنەری خەڵکی کورد پیشان دەدات. بەمجۆرە نوێنەرانی خەڵک نە بە شیاوی وتـووێژ بەڵکو شیاوی سەرکوت دەزانێت. بۆ وێنە ئـایەتـوڵڵا خـومەینی لە حـوکم و نـامەی نـاردنی شێخ حـوسێن کرمـانی وەک نـوێنەری خۆی بۆ تـاوتـوێ کردنی دۆخی کوردستان لە ٦ی خەرمانانی ١٣٥٨/٢٨ی ئابی ١٩٧٩ دا دەڵێت: "... مەبەست ئەوە نییە کە لەگەڵ جینایەتکاران – کە سەرۆکەکانـن– وتـووێژ بکەن؛ ئەوان دەبێت سەرکوت بکرێن...."[١٣] تەنـانەت ئەو ڕێکخراوە هەوڵ دەدات کاک ئەحـمەدی مـوفتیزادەش لە بەرەی خۆیانـدا پیشان بـدات و لە سەرەتـاوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک هەوڵیان دەدا بە نـاوی کاک ئەحـمەدەوە ڕاییگەینن. بۆ نـموونە لە ڕاگەیەنـــدراوی ئەو ڕێکخراوە سەبـارەت بە نـوێژی هەینی سـنە کە لە ڕۆژنـــامەی "جـــمهوری اســـلامی" ڕێکەوتی یەکی ئـــازاری ١٩٨٠دا چـــاپ دەکرێت، پـــاش هەڵوێست لە بەرانـــبەر هێزە کوردییەکانــدا و نـــاســـانــدنیان بە مـــارکسیستی دژە ئیسلام و کورد دەڵێن: "... سەرکوتکارانی کۆمەڵە، فیداییانی خەلـق و پەیکار هێرش دەکەنە سەر مـزگەوت، سـووکایەتی دەکەن بە پێش نـــوێژ و پیرۆزییەکان و بـــاوەڕەکانی خەڵک. دروشمی دژە ئیسلام و دژە شۆڕش دەدەن و بێ شەرمـانە جەسـارەت دەکەن بە ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئیمام خـومەینی –کە لە دڵی خەڵکی

سـنەدا جێی هەیە – و کاک ئەحـمەدی مـوفتیزادە...."[١٣] کەچی زووتـر لەو کاتە و وردە وردە کە پیلانی حکوومەت بۆ کاک ئەحـــمەد و ئیسلامییەکان دەردەکەوێت، لە پـــاڵپشتی کردنی ئەو کردەوانەی حکوومەت خۆپـارێزی دەکەن و راگەیندراوەکانی لایەنی تـونـدئـاژۆی حکوومەت و ئەو رێکخراوە لە دژی لایەنە کوردییەکان، واژۆ نـــاکەن. بۆ وێنە کاک ئەحـــمەد پێش ئەو راگەیندراوەی سەرەوە و لە نـامەی ١٧/١٠/١٣٥٨ (٧ی کانـونی دووەمی ١٩٨٠)دا هەسـتان بە هەر کارێکی تـونـدوتیژاوی و هەڵخڕانـدنی خەڵکی بۆ پێکدادان بە نـاوی ئەوەوە رەت کردبـووەوە، گەرچی بۆ کەڵکوەرگرتن لە کەشە پێکهاتووەکە لە بڵاوبوونەوەی ئەو نامەیە بەرگیری دەکرێت. لە نـامەی رێکەوتی ٢٧/٨/١٣٥٩ (١٨ی تشـرینی دووەمی ١٩٨٠) بۆ ئـایەتـوڵڵا مـونـتەزریش، لە دژایەتی تـونـدی خۆی لەگەڵ پێکهاتنی ئەو رێکخراوە بـاس دەکات.[١٤] هەروەهـا کاک ئەحـمەد بە روونی و راستەوخۆ لە وتـووێژێک لە سەرمـاوەزی ١٣٥٩ هەتـاوی (١٩٨٠) لە وەڵامی پـرسیارێکدا لەسەر ئەوەی کە دەگـوتـرێت ئەم رێکخراوە ئەو دایمەزرانـدووە، بە تـونـدی پێوەنـدی ئەوە بە خۆیەوە رەت دەکاتەوە و چوونەناو ئەوە بە خەیانەت دەزانێت.[١٥ و ١٦]

ئەو رێکخراوە لە هێما کوردییەکان کەڵکی وەردەگــرت. بۆ وێنە جــلوبەرگی کوردی لە چەشنی جلوبەرگی پێشمەرگەی کوردستان، وەکوو جلوبەرگی رێکخراوەیی ئەمانە هەڵبژێردرابوو و بەو جلوبەرگەوە لە ناو خەڵکدا دەردەکەوتن. هەروەها چەمکەکانی ناو وێژەی سیاسی کوردستانیان بە قـازانجی خۆیان بەکار دەهێنا. بۆ نـموونە هەر ئەو راگەیەنـدراوەی ژمـارە یەکیان کە بـاس لە "خۆبەڕێوەبەری" پـاش دەرکردنی هێزە کوردییەکان دەکات، کە دواتـر دەرکەوت هیچ وانەبـوو. یان لەو راگەیندراوەی سەرەوەدا لەسەر نـــوێژی هەینی ســـنە، لە چەمکی "جـــاش" بۆ هێزە کوردییەکان کەڵک وەردەگـرێت: "...بە هیوای بەوپەڕگەیشتنی خەبـاتی قـارەمـانـانەی خەڵکی موسڵمانی کوردستان بۆ لەنێوبردنی <u>جاشە</u> ئەمریکی، رووسییەکان و بەدیهاتنی ئیسلامی ئازیز لە کوردســـتانـــدا."[١٧] لە راگەیەنـــدراوی دووەم هەر لەسەر نـــوێژی هەینی ســـنە بڵاوکراوە لە رۆژنامەی "جمهوری اسلامی" رێکەوتی ١٠ی ئازاری ١٩٨٠دا دەنووسن: "... ئەم <u>جاشانەی</u> بێگانە بە مەبەستی سووکایەتی بە خەڵک پێیان دەڵێن جاش...."[١٨]

هەروەها ئەم رێکخراوە نـاوی بڵاوکراوەکەشی نـابوو "هـاواری ئـازادی مـوسڵمانی کورد" (فریاد آزادی مسلمان کرد) کە لە ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ دا چەند ژمارەیان بڵاو کردووەتەوە. لەو گۆڤارەدا لە ژێر نـاوی مـوسڵمان و کورد و مێژووی کورد و... هەوڵی چەواشەکاری و دەسـبەسەرداگـرتنی چەمکەکان و مێژوو دەدرێت و لە ژێر ئەو نـاوانەدا بۆ سیاسەت و ئـامـانجی خۆیان بە نـازنـاوی جۆراجۆرەوە کە زۆرێکیان کورد نەبوون بە زمانی فارسی و نیوە کوردی، بـانگەشەیان دەکرد و

بڵاویان دەکردەوە. لە ژمارەی یەکی ئەو گۆڤارەشیاندا بابەتێک بە ناوی "خەیانەتی جاشەکانی ئیمپریالیسم" بە زمانی فارسی دادەنێن.[19]

ئایەتوڵڵا خومەینی لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ تاقمێک لەم پێشمەرگە موسڵمانانە لە دوانزەی تەموزی ١٩٨٠ دا ئەوانە بە "فیداکارانی ئیسلام و لەشکری پێغەمبەری ئیسلام" ناو دەبات.[20] لەڕاستیدا، ئەگەر ئەمانە نەبوایەتن، گرتنەوەی کوردستان بۆ هێزەکانی حکوومەت هەستەم و بێ هیچ پاساوێک دەبوو و زیانی زۆرتریان وەبەر دەکەوت. ڕەمزی سەرکەوتنی هێزی حکوومەت ئەم هێزە خۆجێیانە بوون کە بە ناسینی ناوچەکە و پێوەندی لەگەڵ خەڵک و زانیاریی گەیاندن و کەوتنە پێشەوەیان، ببوونە پێشمەرگە و چاوساقی ئەوان. لەم نێوانەدا هەندێ لە مەلا حکومییەکان و ئەوانەی بە فەرمی ڕاسپاردەی حکوومەت بوون وەک پێش نوێژەکانی ڕۆژانی هەینی شارەکان، دەوریان هەبوو و بۆ هاندانی هێزە کوردە سونەکان بۆ شەڕ لە دژی هێزی کوردی کەڵکیان لێوەردەگیرا. بۆ نموونە نووسەر لە زاری یەکێک لە کۆنە سەربازانی زۆرەملێ ئەو دەم بیستوویە کە لەو کاتەدا وتاربێژی ڕۆژانی هەینی یەکێک لە شارەکانی کوردستانیان دەبرد بۆ قسەکردن بۆیان کە بەم جۆرە هانی دابوون بۆ شەڕ: "هەرچی ئێوە بە سواری ئەو ئۆتومبیلانە بە دوای دێمۆکرات و کۆمەڵە و دژە شۆڕشدا دەچن، چەندە تەگەرەکانیان دەسووڕنەوە، خوا بەو ڕادەیە سەوابتان بۆ دەنووسێت!" ئەم مەلایەش پاش ئەوەی کە کردەی تەواو بوو لە کارەکەی دووریان خستووە.

حکوومەت هەوڵی دەدا ئەندامانی کوردی ڕێکخراوەکە لە هەموو بوارێکەوە ڕازی ڕابگرێت و لە باری مادییەوە مسۆگەریان بکات و تەنانەت لە گوند و ناوچەکاندا دەسەڵاتی پێ دەدان کە بە کەیفی خۆ هەڵسوکەوت بکەن. زۆرێک لەوانە بە سەر خەڵکدا ملهوڕییان دەکرد و لە کەسیان دەدا و لەو دۆخە کەڵکی نالەبارریان وەردەگرت.[21] کەچی بڕێک لەم کەسانە کە بە ناوی ئیسلامەوە وایان دەکرد و لەڕاستیدا تەنیا ناوێک لە ئیسلامیان بیستبوو و بە کردەوە باوەڕیان پێی نەبوو، پاش کۆتایی شەڕ و تێپەڕینی ماوەیەک، کە کردەی خۆیان لەدەستدا بە هۆی جۆراوجۆر لە کاریان دوور خرانەوە و ڕوانەی کۆمەڵگای کوردی کرانەوە.

## ڕۆڵی ناڕاستەوخۆی بزاڤی ئیسلامی نوێ لە پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوەدا

بەپێچەوانەی ڕەوت و لایەنە ئایینیە نەریتییەکان وەک حێزبی ڕزگاری، لایەنگرانی شێخ هادی، شێخ عێزەدین و شێخ جەلال (دواتر ڕێکخراوی خەبات)، بزاڤە نوێیەکان وەک ڕەوتی ئیخوان و

مەکتەبی قورئان بە هۆی دووری کردن لە بزاڤی زاڵی سیاسی کوردستان و ڕەوتی سێکیولار و پاڵدانیان بە حکوومەتەوە لە سەرەتادا و پێکهێنانی کەشوهەوایەکی سیاسی ئایینی، بواریان بۆ پێکهاتنی وەها ڕێکخراوێک خۆش کرد و تەنانەت هەندێ لە لایەنگران و ئەندامانی ئاستی خوارەوەیان بۆ لای ئەو ڕێکخراوە ڕاکێشران.

لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی ناڕاستەوخۆی "مەکتەب" بەرچاوتر بووە. هەرچەند بەرژەوەندیی تاکەکەسی و هەژاری ئابووریی، نەخوێندەواری و نائاگایی لە ڕاکێشانی هەندێ لە خەڵک بەرەو ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکان کاریگەر بوو بە جۆرێ کە کەمتر کەسانی خوێندەوار لە نێوانیاندا دەبینرا بەپێچەوانەی گرووپ و حیزبە کوردییەکان کە زۆربەی چینی ئاگا و خوێندەواری ئەو سەردەمە بەرەو ئەوان دەچوون، بەڵام یەکێک لە دەرەنجامەکانی حەزی سەرەتایی مەکتەب لە چەکدار بوون، پێکهێنانی کەشوهەوای ئایینی لە کوردستان و پاشان کشانەوەی سیاسی ئەوان کە بووە هۆی ئەوەی حکوومەتی ناوەندی ئەوپەڕی کەڵک لە ئایین لە دژی هێزە سیاسییەکانی کوردستان وەرگرێت، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بوار خۆشکردن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکان لە نێو دامەزراوەی "سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی"دا بوو. مەکتەب لە سەرەتاوە "کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامی" دامەزراندبوو و هەندێ هەوڵی بۆ چەکدارکردنی خۆی لە دژی هێزە چەپەکان و هەروەها بە وتەی خۆیان بۆ پاراستنی شاری سنە و ناوچەکە و چەککردنی کەسانێ کە خاوەن شیاویەتی هەڵگرتنی چەک نەبوون، دابوو. لەم پێوەندییەدا کاک ئەحمەد لە نامەیەکیدا لە ڕێکەوتی ١٧ی ئازاری ١٩٧٩دا ئاماژە بە "پاسدارانی ئێمە" دەکات کە شار و ناوچە دەپارێزن و کەسانی تر چەک دەکەن.[٢٢]

هەروەها دیارە کاک ئەحمەد لە سەرەتاوە بە جۆرێ لە دژی "سپای پاسدارانی شۆڕش" نەبوو و دەیویست لە کوردستان ئەم سپایە لە خەڵکی خۆجێیی پێکبێت و بە ئەگەری زۆرەوە لەگەڵ دیکەی هێزە دەوڵەتییەکان لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئەودا بن. هەر لەم پێوەندییەدا، وەک پێشتر ئاماژە کرا، لە وەڵامی پرسیارێک لەسەر گەڕانەوەی سپاییە پاسدارەکانی ناخۆجێیی بۆ ناوچەکانی خۆیان دەڵێت: "... بەرە بەرە دەبێت سپاییە پاسدارەکانی ناخۆجێی جێگای خۆیان بدەن بە سپاییە خۆجێییەکان، بەڵام ئێستاکە دۆخی کوردستان ئاڵۆزە و ئەم کارە دەبێت لە کاتی خۆیدا جێبەجێ کرێت."[٢٣] بەڵام وای لێنەهات و دواتریش دیتی کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ئەوە، بۆیە ڕوانگەی گۆڕدرا و کاتێک لە کوردستان چووە دەرەوە و ئاگاداری پلانەکان بووەوە و هاوکات شەڕ لە کوردستان هەڵگرسابوو، لە دژی پێکهاتنی ڕێکخراوێکی تر لە ناو سپا و لە ژێر ناوی "پێشمەرگانی موسڵمان" ڕاوەستا و ئەوەی بە خەیانەت دەزانی. لەمبارەوە کاک

حەسەنی ئەمینیش وێڕای ڕەتکردنەوەی پێوەنــدیی ئەو ڕێکخراوە بە ڕەوتی مەکتەبەوە نکۆڵی لەوە نــاکات کە ڕێژەیەکی زۆر لەوان پێش پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ ئەوان هــاوکارییان هەبــوو.[٢٤] هەرچۆنێک بێت، ئەمــانە پێکهاتنی کەشــوهەوای پێویست لە ژێر کاریگەریی کەشی ئـایینی پێکهاتـوودا پیشان دەدەن، کە بە سـاکاری لەلایەن حکوومەتەوە بۆ ڕاکێشانی تـاکەکان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حیزبە کوردیەکاندا کەڵکی لێوەر گیرابوو.

## کۆتایی ڕێکخراوەکە

ئەم ڕێکخراوە کە بەشێک لە سپای پاسداران بوو، پاش ئەوەی کە لە ڕێگای ئەوەوە حکوومەت بە ئامانجەکانی گەیشت، هەڵوەشایەوە و بە تەواوی لە نێو خودی "سپا"دا تێکەڵ بوو. بەمجۆرە دەرکەوت کە باس لە هەندێ بابەت وەک خۆبەڕێوەبەری، بەرابەری هەمووان و... کە سەرەتا بۆ ڕاکێشانی هەنــدێ کوردی مــوسڵمان بەکار دەهێنرا بە تەنیا قــسە بــوون و بە تەواوی لە بیر چوونەوە. ئەم ڕێکخراوە تەنیا لە کوردستاندا نزیکەی ١٠٠٠ کوژراوی پێشکەشی حکوومەت کرد و لە پەنای سپا و ئەرتەشی ئێراندا تا دەرکردنی تەواوی هێزە کوردییەکان لە کوردستان چالاک بــوو. لە ســاڵەکانی ١٩٨٢ و ١٩٨٣ دا و پــاش بەدیهاتنی ئـامــانجی سەرەکی ئەو ڕێکخراوە واتە دەرهێنانی کوردسـتان لە ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکان، ئەم ڕێکخراوە لە سپادا تێکەڵ کرا و پێشمەرگە موسڵمانەکان وەک پاسداری سپا درێژەیان بە کاری خۆیان دا.[٢٥]

## وتەی دوایی

حکوومەتی ئێران بە چـاکی لە هەسـتی ئـایینی خەڵک بۆ لاوازکردنی بـزووتـنەوەی نەتەوەیی کورد کەڵکی وەرگـرتــووە. لەم ئـاڕاســتەیەدا بە دەسکاریی هێما کوردییەکان و پێوەلکانــدنی پاشگری ئیسلامی، دانانی ڕێکخراو و تەرخانکردنی پارەی زۆر هەوڵی داوە بۆ ڕاکێشانی خەڵکی کوردســتان تــاکو شەڕی کورد بە خــودی کورد بکات. لە نــموونەکانی ئەم هەوڵانە، پێکهێنانی ڕێکخراوی "پێشمەرگە مـوسڵمانەکانی کورد" بـوو و لەم ڕێکخراوە و ئەنـدامـانی وەک قەڵخان، چــاوســاق و پێشمەرگەی هێزەکانی خۆی بۆ وەدەرنــانی هێزە کوردییەکان لە کوردســتان بە پێدانی بەڵێنی جۆراوجۆر کەڵکی وەرگـرت و پـاش بە ئـاکام گەیشتن و سەرکەوتنی حکوومەت کە چی تــر ئەو ڕێکخراوە کردەی نەمــا، هەڵیپێچا و بــچووکترین بەڵێنی و ویستی خەڵکیشی بەجێنەهێنا.

✦

نموونەی بڵاوکراوەکانی رێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد






نامەی کاک ئەحمەدی موفتیزادە لە ڕێکەوتی ۱۷/۱۰/۱۳۵۸ (۷ی کانونی دووەمی ۱۹۸۰) دا


بسم الله الرحمن الرحیم

نامه کاکه احمد

هموطنان عزیز

اطلاع دارید که با توجه به شرایط کنونی، و بخاطر جلوگیری از هرگونه برخورد و خونریزی مدتی پیش عده‌ای از مسلمانان از سنندج و بعضی نقاط دیگر کردستان به شهرهای دیگر ایران کوچ کردیم.

@Am zan

اکنون که درگیری ملت و انقلاب ایران با امپریالیسم بعد تازه‌ای یافته، بار بعنوان تأکید اعلامیه‌های گذشته و از جمله اعلامیه‌ای که چند روز پیش عده‌ای از برادران مهاجر در همین زمینه منتشر کرده بودند، قاطعانه اعلام میکنیم که ایجاد هرگونه درگیری در کردستان یا در هر گوشه دیگر ایران و تحریک جنگ داخلی و برخورد با گروهها و قشرهای ملت تحت هر عنوان که باشد، خواه با عناوین اسلامی یا غیر آن، اقدامی است علیه همه اجزای ملت ایران؛ و مستقیم و غیر مستقیم، خدمتی است به اهداف ضد خلقی و ضد اسلامی ابرقدرتهای جهانخوار. و لذا اینگونه اقدامات را شدیداً محکوم میدانم؛

ضمناً اخباری پراکنده حکایت از آن دارد که گویا افرادی میخواهند دست به چنین اقداماتی بزنند؛ و با بکار بردن عناوین اسلامی، با استفاده از نام و عکس اینجانب، کار خود را به من نسبت دهند. بدینوسیله انتساب چنین اقدامی را به خود تکذیب میکنم؛ و چنین اعمالی را مخالف خط مشی اعلام شده خود میشمارم.

والسلام علینا و علی عباد الله الصالحین

۱۷/۱۰/۵۸

احمد مفتی زاده

## سەرچاوەکان:

[١] ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە ڕێکەوتی ١٥/١٢/٢٠١٦، لە ماڵپەڕی "میللەت پرێس"، بەشی "کراوەیی ئیسلامی" بە ناونیشانی خوارەوە بڵاو بووەتەوە:
http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=29974&T=

[٢] غەنی بلوریان، **ئاڵە کۆک (بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم)**، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ١١٨.

[٣] علی کلوندی، **فریاد آزادی پیشمرگ مسلمان کرد**، تهران: انتشارات فاتحان، بهار ١٣٩٤، ص ١٠٦.

[٤] هەر ئەوە، ل. ١٨٥.

[٥] بڕواننە وتاری "کردەی سیاسی ئایین لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا (بە تیشک خستنەسەر ڕەوتی مەکتەب قورئان)"، هەر لەم پەرتووکەدا.

[٦] لەسەر باسەکانی ئەم بەشە بڕواننە: کلوندی، ١٣٩٤، صص ٢١١–٢٠٠.

[٧] کلوندی، ١٣٩٤، ص ٢٢٣.

[٨] هەر ئەوە، ل ٢٩٧.

[٩] هەر ئەوە، ل ٧٢.

[١٠] هەر ئەوە، ل ٦٠.

[١١] هەر ئەوە، ل ٢٢٢.

[١٢] صحیفه امام خمینی، جلد ٩، ص ٣٥٥.

[١٣] کلوندی، ١٣٩٤، ص ٢٤٩.

[١٤] لە دەقی نامەکەی کاک ئەحمەد بۆ ئایەتوڵڵا مونتەزری هاتووە کە: "... لە سەرەتای پێکهاتنی سپای پێشمەرگان، بەرپرسانی کاروبارەکە هەوڵیان داوە کە ئەم هێزە حکوومەتییە – وێڕای دژایەتی توندی من لەگەڵ پێکهاتنی ئەوە – بە منەوە پێوەند بدەن تاکو هەم لاوە ئەمەگدارەکان بۆ ئەندامەتی ئەوە هان بدرێن، و هەم بواری خۆشەویستی و تەشەنەی ئەوە لە نێو موسڵمانانی کوردستاندا دابین بکەن. لە بەهاری رابردوودا، کاتێک ئەم سپایە، لەگەڵ دیکەی هێزە حکوومەتییەکان چوونەتە ناو سنە و هەندێکی تر لە شارەکانی کوردستان و گوندەکانی ئەو ناوچەیە، بە درێژەدانی هەر ئەم سیاسەتە فریودەرانەیە و بە هەڵگرتنی وێنەکان و سەردانی هەندێ دروشم بە شێوەی پشتیوانی لە من و لەو کارانە دەچنەناو. بەڵام هەر کە لە سنە و دیکەی شوێنەکاندا وادەزانن کە بە سەر دۆخەکەدا زاڵ بوون، هەڵوێستیان دەگۆڕن. و تەنانەت چەند جار بە روونی تەواو بە پێشمەرگەکان رادەگەیەنن کە:هەرکەس لایەنگری موفتیزادەیە، دەبێت چەک دانێت و لە سپا بچێتە دەرەوە!! (لە کاتێکدا کە پێشتر هەر بەو شێوە فریوکارانە کە ئاماژە کرا، هەندێکی نائاگا لە ناوەڕۆکی بابەتەکە و بێ خەبەر لە دژایەتی من لەگەڵ پێکهاتنی ناهاودڵانەی ئەم سپایەیان بردووەتە ناو سپا). بەڵام بابەتی زۆر جێی سەرنج ئەوەیە کە: ئێستاکەش لە هەندێ شوێنی تردا وەک هەندێ لە شار و گوندەکانی ئازەربایجان و دەوروبەری ئەو ناوچە، کە خۆیان بە لاواز دەزانن، دیسان هەر بەو سیاسەتەی سەرەتای کار، کار دەکەن و بەوجۆرەی هەواڵ دەگات دەیان و سەدان موسڵمانی خەڵکی گوندەکانیان بەو خەیاڵەی کە دەچنە ناو "سپای موفتیزادە!"، خستووەتە داو! (تا دیسان گەر سبەینێ هەستی "بێ پێویستی"یان کرد، "سەرپێچی" بکەن و ئەمانە ڕێک، هەر بەو هاندەرێتییەی کە ئەمڕۆ مایەی خستنەداویانە، دەربکرێن!!). و سەیرە کە یاریزانانی ئەم سیاسەتە ناشیبیانەی "بانێک و دوو هەوا" تێناگەن کە دەرەنجام ئەم دووڕووییە، ئەوەش لە یەک کاتدا، دەردەکەوێت. هەروەها کە بە کردەوە هەندێک بە هاتوچۆی نێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بەو فریوکارییەیان زانیوە و سەریان سووڕ ماوە کە: چلۆن لە یەک شوێن و یەک کاتدا، سپای پێشمەرگان، بە منەوە پێوەند دەدرێت؛ بەڵام لە شوێنێکی تردا، و هەر لەو کاتەدا، گەر کەسێک لایەنگری من بێت، دەردەکرێت!!...".

[15] دەقی دابەزێندراوی ئەو وتووێژە کە بە دەنگ تۆمار کراوە و لە بەردەستە، وەک خۆی بە شێوەی خوارەوەیە کە کاک ئەحمەد لە وەڵامدا دەڵێت: "کاکە گیان ئەوە کە دەڵێن، بەڕاستی کەسێک موقەییدی شەرافەت نەبێت و موقەییدی راستی و درۆیی نەبێت ئەتوانێت هەموو قسەیەک بکات، سەیر نییە هەموو تۆمەتێک بۆ هەموو کەسێک دەکرێ دروست بکرێت. ئەمما هەقیقەتی مەتڵەب ئەوەیە لە دوای پێنج شەش مانگ لە ئینقلاب لایدا، وەختێک تماشام کرد ئەوانە زۆریان پەیدا کردووە و ئەوجار خەریکن ئیتر لابدەن لە رێگای ئەوە وا قەوڵیان داوە و تەعەهودیان کردووە و خەریکن ناڕاستی بنوێنن لەگەڵ میللەتی کورد، کەوتمە بەرهەڵست دانەوەیان. هەر ئەوە نەبوو کە لە حوسێنییەی ئیرشاددا قسەم کردووە، "پیام به ملت ایران" کە ئیعلامییەیەکی تووڵانی بوو، لە چەند جێ بەحسم کردووە کە تەواوی میللەتی ئێران داچڵەکێت بزانێت کە ئەوانە خائینن، ئەوانە خراپن بۆ ئەو ئینقلابە، خەریکن ئیقلابەکە لار دەکەنەوە، مونحەریفی دەکەنەوە، ئەوە لایەک. لەلایەکی تریش ئەو کتێبانە و ئەو ئیعلامییانە تا ئێستا مونتەشر بووە ئەوە هەیە خەڵک ئەتوانێ پێی بگات، لەلایەکی تریش هەر لەو ئەییاما کە خەریک بوون سازمانی پێشمەرگانی موسڵمانیان ساز دەکرد و عیددەیەکی زۆر لەوانە هەر لە کرماشانا بوون، ناردم حدوودی بیست نەفەریان بانگ کرد لەو کەسانە کە خەیاڵیان بوو ئەو سازمانە ساز کەن. موفەسەل بەحسم بۆ کردن، تەوزیحم بۆ دان کە لەو کتێبی "دەربارەی کوردستانا" بڕێک لەو مەسایلەم حیسابی رۆشن کردووەتەوە ئیتر ئێستا بە تەفسیل نایڵێم. پێیانم حاڵی کرد کە ئەوە خەیانەتە بە میللەتی کورد، ئەوە خزمەت نییە، باوەڕ مەکەن کە ئەو حکوومەتە خەریکە سازمانی پێشمەرگان دروست دەکات بۆ نەجاتی میللەتی کوردە، بۆ ئەوەیە شەڕی ناوخۆیی دروست کات، بێن مەرد و مەردانە مەیڵن با ئەم شەڕە ناوخۆییە دروست نەبێت. پێم کوتن، گوتم ئەگەر من حەزم لە شەڕی ناوخۆیی بوای لە کوردستان دەمامەوە، نەدەهاتمە دەرەوە. من وەختێ زانیم ئەگەر لە کوردستان بمێنمەوە دەبێت تووشی شەڕی ناوخۆیی بم لەگەڵ ئەو گرووهە ئەمریکایی و رووسیانە، لەبەر ئەوە مەجبوور هاتمە دەرەوە لە کوردستان. با ئەم ماڵ و ئەو ماڵ نەکەم بە دوشمنی یەک، با ئەم شار و ئەو شار نەکەم بە دوشمنی یەک، با شار و دێ نەکەم بە دوشمنی یەک، با ئەم دێ و ئەو دێ نەکەم بە دوشمنی یەک، برا و برا نەکەمە دوشمنی یەک، ئەوە هەرایەکە سازیان کردووە ئەمریکا و رووس لە کوردستاندا، وردە وردە میللەت وریا دەبێتەوە و دەزانێت ئەو هەرا خەیانەتە، ئەوە دوشمن سازی کردووە، وەک میللەتی کوردی عێراق لەبارەی ئەو حێزبە شیوعییانەوە ٣٠ ساڵی لەمەوبەر شتێکیان نەدەزانی باوەڕیان پێ کردبوون، ئەڵان وردە وردە خەریکن وریا دەبنەوە. دەمزانی ئاخری میللەت وریا دەبێتەوە با میللەت دەسی نەچێتە خوێنی خۆیدا، با شەڕی داخلی لێ ساز نەبێت. دەمزانی لەم حکوومەتا دەستەیەکی خائین هەن، ناکەس هەن کە پێیان خۆشە شەڕی داخلی لە ناو میللەتی کوردا دروست بکەن، دەستەیەک بدەنە گژ دەستەیەکی تردا. شەڕی داخڵییان دروست بوو، ئیتر ئەمان بچن دڵنیا دانیشن پاڵی لێبدەنەوە. ئەوە سیاسەتی ئەو دەوڵەتە زلانەش هەروایە، شەڕ لە بەینی ئەم میللەت و ئەو میللەتا دروست بکەن بۆ قازانجی خۆیان. تماشام ئەکرد، ئەمانیش پێیان خۆشە لە ناو کوردەواریدا شەڕ لە بەینی موسڵمان و ئەو کۆمونیستانە دروست بکەن، ئیتر خۆیان دڵنیا دەبن، ئاسوودە دەبن. ئەو کۆچەم کرد لە کوردستان هاتمە دەرەو، بۆ ئەوە کە ئەو شەڕە نەبێت، ئەمن نەمەویست شەڕ بکەم لە کوردستاندا، ئەمزانی ئەو خائینانە شەڕ دەکەن، ئەمریکا و رووس دەستووری پێداون شەڕ بکەن، ئەمریکا و رووس پێیان خۆشە موسەلەت ببن بە سەر کوردستاندا، کوردستان کەنە ژێرچەپۆکەی خۆیان، ژێردەستەی خۆیان. منیش نەمدەهێشت. دەمزانی دوشمنی ئەسڵی میللەتی کورد و تەواوی میللەتی دونیا ئەمریکا و رووسن، ئەو هەموو تەجرەبەمان بوو لە خەیانەتی ئەوان. نەمدەهێشت. ئەوانیش شەڕیان دەکرد. دەشمزانی خۆ شەڕەکە خەیانەتە، دەبێتە باعیسی شەڕی داخڵی کە کەوتە ناو میللەتێ پەنا بە خوا، ئیتر تەواو نوقم دەبێت، ئەچێت بە قوڕا. لەبەر ئەوە هاتمە دەرەوە. حاڵیم کردن پێشمەرگان، وتم برانە ئەگەر شەرعەن دروست بوایە ئەو شەڕە نەدەهاتمە دەرەوە لە کوردستان، بۆ ئەوە هاتوومە دەرەوە کە نەکرێت. وەرن مەرد و مەردانە مەیکەن. جەماعەتێکی زۆریان کشانەوە، وەلێ جەماعەتێک هەر چوون تەشکیلیان دا سپای پێشمەرگە. لەوە دوا هەر لەو ئەییامەدا، چەند جار ئیعلامییەم دا کە ئەمە کارێکی غەڵەتە، ئاوا مەکەن. دووەم، ئەوە ئیعلامییەکانی سازمانی پێشمەرگانە کە چاوت لێیە، ئەوەها چەند نوسخە عەلەیهی من، بەر عەلەیهی من چییان گوتووە، چ توهمەتهایەکی ناڕەوایان لە من داوە، چەند خراپەیان کوتووە. رەئیسی سازمانی پێشمەرگانیش نەوارەکەی هەیە زەبتیان کردووە منداڵەکان، زۆری توهمەت لە من داوە. کوتییە ئەوە خۆی و داروودەستەکەی جەماعەتێکی تێرۆریستن، ئەگەر مام ئەبێت ئەوانە مەحو کەمەوە، نابوودیان بکەم. هەڕەشەیەکی زۆری کردووە، تەوزیحی داوە کە ئەوانە هەر لە ئەوەڵەوە لەگەڵ سپای پێشمەرگانی موسڵمان موخالف بوون، هەر دوشمنیان کردووە لەگەڵ سپای پێشمەرگانی موسڵمان، ئەگەر منیش بمێنم ئەبێ ئەوانە مەحو بکەمەوە. ئەکرێ نوسخەیەک لە نەوارەکەشت بە لاوە بێت و گوێی لێ بگری جوان جوان حاڵیت ببێت هەقیقەتەکە چییە. هەقیقەتی مەتڵەب ئەوەیە کاکە گیان، رێگایەکی راستم هەیە خواری ناکەمەوە، رێگایەکی سەرڕاست و موستەقیم شک دەبەم تاوەختێک بزانم رێگاکەم بەڵەد بم حەتتەلمەقدوور لاری ناکەمەوە، خواری ناکەمەوە نە بە راستا نە بە چەپا. رێگای سەرڕاستی خزمەت بە خەڵک کە فەقەت لە رێگای ئیسلامەوە هەیە، بە ئومێدی خوا لێ لانادەم. ئەو وەختە ئەمزانی پێشمەرگانی موسڵمان خەیانەتە. دەوڵەتی ئێران بۆ خاتر ئەوە لە ناو کوردەواریدا قسەی بچێتە بەرەوە بڵاوی دەکردەوە بە ناوی خەڵکدا دەیگوت پێشمەرگەی موسڵمان هی ئەحمەدە بۆ ئەوەی موسڵمانەکان باوەڕ بکەن. ئەڵئانیش خەبەرم هەیە لە زۆرێک لە شار و دێهاتی کوردەواریدا ئەو میللەتە موسڵمانە مەزڵۆمە فەقیرە باوەڕیان کردووە کە پێشمەرگانی موسڵمان هی منە. لە حاڵێکدا کە هەر ئەڵئان کە خەریکن بە ناوی منەوە لە بانە و لەو شارەکان و ئەو شارەکان شیعار دەدەن، خەبەرت هەیە کە خۆم تەحتی نەزەرم، بازداشتم لە ماڵی خۆم. (درێژەکەی لە پەراوێزی ژ.١٦)

[16] (درێژەی پەراوێزی ژ. ١٥) خەبەرت هەیە چەند لە منداڵە موسلمانەکانمان گیراون کە ئەمشەو گوێت لێ بوو جەرەیان شکەنجە و ئازاری بڕێ لەو موسڵمانانەیان دەگێڕاوە کە خەڵک لە دوورەوە هاواریان بیستوون. ئاوا خەریکن شکەنجە و ئازاری موسڵمانانی تەرەفداری من دەدەن. لەملاوە ئا بەو نەوعە رەفتار دەکەن و لەولاوە ئێستاش هەر خەریکن لە جێگا دوورەکان تەبلیغ دەکەن دەڵێن پێشمەرگەی موسڵمان هی ئەحمەدە. ئۆمێدم هەیە میللەتی کورد داچڵەکێت، نەچنە ناو ئەو سازمانی پێشمەرگە کە بۆ خەیانەت بە میللەتی کورد دروست کراوە. وریا ببنەوە، زۆرێک لە موسڵمانان هەن لەبەر ئەوەی کە دەنگی من نەگەیشتووەتە گوێیان باوەڕیان کردووە، پێیان وایە کە سازمانی پێشمەرگان هی منە. کاکە وەزیفەتانە خەڵک حاڵی بکەن، رایانچڵەکێنن لە نەزانی بێنە دەرەوە با کەم کڵاوی دوشمن چێتە سەریان. ئەو سازمانی پێشمەرگانە سازمانێکی دەوڵەتییە، فەقەت لەبەر ئەوەی کە قسەکەی بچێتە بەرەوە تەبلیغ دەکات کە دەڵێت ئەو سازمانە هی ئەحمەدە. میللەت وریا ببێتەوە ئەوە زیددی ئەحمەد دروست کراوە. هەروەک قسەی رەئیسی سازمانی پێشمەرگان لە نەوارەکەدا گوێت لێ دەبێت و هەروەک ئەو ئیعلامییانەی کە داویانە. بەڵام وەک لە ناو قسەکانمدا وتم چوونکە لە کوردەواریدا بڵاویان کردووە، رۆژنامەیان بە دەستەوە بووە، رادیۆیان بە دەستەوە بووە، کە ئەو سازمانی پێشمەرگانە هی ئەحمەدە، منیش نەمتوانی گەڕم میللەتی کورد حاڵی بکەم کە درۆیە مەخڵەتن. زۆر هەن لە موسڵمانان کە باوەڕیان کردووە ئەو سازمانە هی منە. زۆر موسڵمانی موخلیس، کوردێکی بە شەڕەف، پاک، راست، باوەڕیان کردوە کە سازمانی پێشمەرگان هی منە چوونەتە ناو ئەو سازمانەوە. لە زۆر جێگا، وەک دەبیستم حەتا لە بڕێ جێ، لە بڕێ شار و دێهاتی کوردەواری دەربەس موسڵمانانی تەرەفداری ئێمە چوون سازمانی پێشمەرگانیان ساز کردووە. بۆ؟ چونکە باوەڕیان کردووە کە ئەوە هی ئێمەیە. ئەوانە راگەیەنن بە خەڵک با ئەوانە وا موسڵمانی بەشەڕەفن و چوونەتە ناو سازمانی پێشمەرگان حاڵی ببن کە ئەوە درۆی دەوڵەتە و زووتر بێنە دەرەوە، چونکە هەر سبەینێ ئاو دەوڵەتە کە ئاوا لەگەڵ من رەفتار دەکات، هەر سبەینێ ئاوانە وا تەرەفداری منن و کڵاویان چووەتە سەر و چوونەتە ناو سازمانی پێشمەرگان ئەوانە دەگرێ. شکەنجەیان دەدات و ئەزیەت و ئازاریان دەدات. موتمەئێن بە وایان لەگەڵ دەکات، چونکە رقیە لە من ئەو دەوڵەتە. ئەگەر ئەلئان زووتر ئەوانە بزانن و بێنە دەرەوە، ئەو سازمانە تێکشکێنن و لە بەینی ببەن بەقازانجیانە، دەنا تا درەنگتر بێت زۆرتر خۆیان گیروگرفتیان بۆ دروست دەبێت. حیسابی ئاو موسڵمانە خڵەتاوانە جیایە لەوانە وا بە خەیانەت لە ئەوەڵەوە دانیشتوون و سازمانی پیشمەرگەیان دروست کردووە بۆ بەرهەڵستی لەگەڵ من. چاک خڵەتاون و باوەڕیان کردووە و پێیان وایە بەڕاستی هی پێشمەرگانی موسڵمانە و تەرەفداری منن، چوونەتە ناوی کڵاو چووەتە سەریان، ئەبێ ئەوانە وریا ببنەوە، حاڵی بکرێن بزانن کە ئەمە فێڵی دەوڵەتە، نەخڵەتێن."

[17] هەر ئەوە، ل ٢٥٠.

[18] هەر ئەوە، ل ٢٥٧.

[19] هەر ئەوە، ل ٣١٤.

[20] هەر ئەوە، ل ٢٨٥.

[21] نووسەر خۆی شایەتی ئەوە بووە کە جارێک جەولەی سپا هاتەناو گوند و پاش بڵاوەکردنیان بە ماڵی خەڵکدا بۆ نان خواردن، چەند کەسیان دەرکی ماڵێکیان لێدابوو کە لەو کاتەدا خێزانی ماڵەکە لە گەوڕ دەبێت و نایبیسێت. دواتر ئەو کەسانە بە فەرماندەرەکەیان کە کوردێکی یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەر بوو راپۆرت دەدەن کە درگایان بۆ نەکردوونەتەوە. بۆیە پیاوی ماڵەکەیان هێنا و لە بەر مزگەوتی گوندەکەدا فەرماندەرەکە بە قۆناخی چەکەکەی هەتاکو هێزی تێدابوو لەو پیاوە هەژارەی دا و پاش زۆرێک لێدان ریش سپییەک بە تکا و لالانەوە دەستی گرت، کە دیمەنی لێدانەکە لە بەر چاو منی منداڵی ئەو دەم تاکو ئێستاش وەکو فیلم دێت و دەڕوات.

[22] بڕوانە: وتاری "کردەی سیاسی ئایین لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا (بە تیشک خستنەسەر رەوتی مەکتەب قورئان)"، هەر لەم پەرتووکەدا.

[23] هەر ئەوە.

[24] هەر ئەوە.

[25] کلوندی، ١٣٩٤، ص ٣٦٧.

# لێکدانەوەی ڕەوتی پێکهاتن و گۆڕانکاریی ناوخۆیی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی باشوور

(سەرهەڵدان، هۆکارەکان و ڕەوتە ناوخۆییەکانی)[1]

**پوختە**

ئەم نووسراوەی بەردەست ڕەوتی پێکهاتنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی باشووری بە گشتی لێکداوەتەوە و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی بەدواداچوون کردووە و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی ڕوون کردووەتەوە و دەیهەوێت ئەم پرسیارانە وەڵام بداتەوە کە: چ هۆکارگەلێک لە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانیدا کاریگەر بوون؟ چ جیاوازییەکی لەگەڵ دیکەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان هەبووە؟ وێڕای ئاماژە بە کەوتنە بەر کاریگەری بزووتنەوە ئیسلامییە گەورەکان لە جیهانی ئیسلام بەتایبەت عێراق و، هەروەها کاریگەریی هەلومەرجی تایبەتی کوردستان لەسەر پێکهاتنی ئەم بزووتنەوە، حیزب و ڕەوتە ناوخۆییەکانی و پێوەندییە هزریی-ئایدۆلۆژیکییەکانی ئەوان لەگەڵ دیتران لێکدراوەتەوە. لەڕاستیدا، تاڕادەیەک بۆچییەتی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە، پێوەندیی لەگەڵ نەتەوەخوازیی کوردی و هەروەها کاریگەرییەکان و کردەی ئەوە لە ناوچەی خودموختاری کوردستان، تاوتوێ کراوە. وتارەکە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرسە کە کامیەک لە ڕەوتە ناوخۆییەکانی ئەم بزووتنەوە دەتوانێت لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا بمێنێتەوە.

## پێشەکی

کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە درێژایی مێژووی خۆیان ڕووبەڕووی هەندێ بزووتنەوە بوونەتەوە کە بە ناوی ئیسلامەوە بە دوای خۆڕاگری لە بەرانبەر دۆخی ناخۆشی هەبوودا بوون. بزووتنەوە ئیسلامییەکان، جووڵەگەلێکی بەکۆمەڵ لەگەڵ ڕێبەرایەتی جیاوازی ئایینی و پشت بەستن بە بنەما ئایینەکان لە بۆ گۆڕانی دۆخی هەبوویان (سیاسی، کۆمەڵایەتی و...) لەبەرگرتووە کە هەندێ جار سەرکەوتوون و هەندێ جار نا. جۆری نوێی ئەم بزووتنەوانە لە بەرانبەر ڕۆژئاوای

نەرم ئـامـرازی (مۆدێرنیتە) و رۆژئـاوای سەخـت ئـامـرازی (کۆلۆنیالیزم) وەکو بۆچییەتییەکانی دەرەوەی ئـــایینی ئەم بـــزووتـــنەوانە لە پەنـــای پۆتـــانسییەلە نـــاوخۆییەکانی ئیسلام وەکو بۆچییەتییەکانی نـــاوئـــایینی لەوانە چەمکگەلێک وەک جیهاد (شەڕی پیرۆز)، شەهـــادەت، دادپەروەریی و... پێکهاتـووە.[٢] وەهـا بـزووتـنەوەگەلێک لە زۆربەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و لە قەبـــارەی جیاوازدا هەبـــووە و وردە وردە بەرەو حێزب و رەوتـــگەلێکی جیاواز چـــوون کە بە شێوەی رێکخراوەیی بۆ گەیشتن بە ئـــامـــانـــجەکانی خۆیان چـــالاکییان کردووە. کوردســـتانی باشووریش لەو کۆمەڵگایانەیە کە بە درێژایی چەند دەیەی دوایی و لە ژێر کاریگەریی شەپۆلی ئیسلامخوازیی و بزووتنەوە ئیسلامییەکانی سەردەم وەها حێزب و رەوتگەلێکی هەبووە کە لە نووسراوە و توێژینەوە زانستییەکاندا کەمتر سەرنج دراون.

بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی باشووریش رەنگدانەوەی بزووتنەوە ئیسلامییە نوێیەکانی جیهانی ئیسلام بـــووە و حێزبە ئیسلامییەکانی ئەوێش حێزبـــگەلێکن کە کەڵکەڵەیان بووژاندنەوەی ئیسلام و بەرەگرتن لە بەرانبەر حێزبە نائیسلامییەکانی کوردستان بووە، وێڕای ئەوەی کە پێشتر جاروبار شان بە شانی ئەوان لە بەرانبەر رەژیمی بەعسی عێراقدا خەباتیان کردووە. مێژووی ئەم حێزبانە پڕە لە هەڵبەزین و دابەزین. جار یەکیەتی و جار لەتلەتبوون، جار شەڕ و جیهاد و جـــار رکابەرایەتی یاســـایی، جیابـــوونەوە و لێکەوتەی جۆراوجۆر لە رادیکاڵە ئیسلامییەکان (ئەنسار ئیسلام) تـا هێورتـرین حێزبە ئیسلامییەکان (یەکگرتـووی ئیسلامی)، لە شەڕ لەگەڵ دیکەی حێزبە کوردستانییەکان تا دەسبەسەرداگرتنی هەندێ ناوچەی کوردستان و هەبـوونی نـوێنەر لە پەرلەمـانی هەرێمی کوردسـتان و ئەنـجومەنی حکوومەتی راگـواسـتنی عێراقی پاش سەدام و هەروەها هەوڵدان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی لە کوردستان و... هەنـدێ تـایبەتـمەنـدی بەم رەوتـانە بەخشیوە کە جێی تێڕامـانە و بـاس کردنی بێگومـان وێژەی سیاسی بزووتنەوەکان و رەوتە ئیسلامییەکان دەوڵەمەندتر دەکات. لەم نووسراوەی بەردەستدا هەوڵ دراوە بۆ بەرگیری لە دووپـــاتکردنەوە وێڕای ئـــامـــاژەیەکی کورت بە رەوتە سیاسی و ئیسلامییەکانی سەردەمی هـاوچەرخی عێراق، ئـاورێک بـدرێتەوە سەر گشـتێتی بـزووتـنەوەی ئیسلامی کوردستان بە هەموو لق و پۆ و حێزبەکانییەوە.

## رەوتە سیاسی و ئیسلامییەکانی سەردەمی هاوچەرخی عێراق

سیستەمی سیاسی عێراق لە سێ هەرێمی جــوگــرافیایی لەگەڵ خەڵکێکی جیاواز پێکهاتــووە. هەرێمی نـاوەنـدیی هی عەرەبە سـونـنەکانە، بـاشـوور هی عەرەبە شێعەکانە و بـاکوور لە دەستی

کوردەکان دایە. خــوێندنەوەکان پیشان دەدەن کە خەڵکی عێراق زیاتــر خۆیان سەر بە کۆمەڵە نەتەوەییەکان دەزانن تا ئایینی و فیرقەیی. لە باری نەتەوەییەوە جەماوەری عێراق پێکهاتووە لە نـــزیکەی ٧٥% عەرەب (٥٥% شێعە و ٢٠% ســـونـــنە) و ٢٠% کورد و چەنـــد لەسەد نەتەوە بچووکەکانی تر.[٣]

سێ جۆر لە رەوت یان حیزبە سیاسییەکان بێجگە حیزبی بەعــس لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی عێراقدا زیاتر بەرچاو بوون: یەکەم، حیزبە ناوچەییەکان لە کوردستان؛ دووەم، حیزبە چەپەکان بریتی لە حیزبی کۆمونیست، حیزبی سوسیالیستی عێراق و...؛ سێهەم، رەوت و حیزبە ئایینییەکان (ئیسلامی). بزووتنەوەی ئیسلامی سەردەم لە عێراق بە گشتی بریتییە لە سێ چڵ: رەوتە ئیسلامییەکانی شێعە، رەوتە ئیسلامییەکانی ســونــنە و رەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان. بە هۆی پێوەندیی ئەم سێ رەوتە لە پێکهاتنی هەندێ گروپی نێوەنجی بچووک لە کوردستاندا، و هەروەها کاریگەری رەوتە ئایینییە گشتییەکانی عێراق لەسەر بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە رەوتە شێعە، سونـنە و ناوچەییەکان بکرێت.

**بزووتنەوەی ئیسلامی شێعەکان:** قۆناخی یەکەمی بزووتنەوەی ئیسلامی عێراق بەتایبەت لە نێو شێعەکاندا لە ساڵانی ١٩١٤ تا شۆڕشی ١٩٢٠ لە بەرانبەر کۆلۆنیالیزمی بەریتانیادا بوو. لە سەردەمی پاش شەڕی جیهانی دووەم تا ساڵی ١٩٥٧ کە گەورەترین و رێکخراوترین حیزبی ئیسلامی عێراق واتە "حیزبی دەعــوە" (شێعە) پێکهات، چەنـــد حیزبی ئیسلامی دامەزران کە دوو حیزبی "ئیخوان موسلمین" و "تەحریری ئیسلامی" سونـنە بوون و "حەرەکەی شەباب موسلم" شێعە بوو. حیزبە گرنگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی شێعە لە قۆناخەکانی دواتردا بریتی بوون لە: حیزبی دەعــوە، رێکخراوی عەمەل ئیسلامی، حەرەکەی شەبــاب مــوســلم، مەجلیسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی عێراق و هەندێ حیزبی تر. بزووتنەوەی شێعەکان بەربڵاو بووە و قۆناخ و بزاڤە جیاوازەکان تا دوای سەدام و تەنانەت بزووتنەوەی موقتەدا سەدر و رۆڵی ئایەتوڵڵا سیستانی لە عێراق و... لەبەر دەگرێت کە لێرەدا هەلی لێکدانەوەیان نییە و تەنیا بە کورتی ئـــاورێک دەدرێتەوە سەر دوو بـــابەت کە پێوەنـــدییان بە بـــزووتـــنەوەی ئیسلامی کوردستان هەیە:

١. **مەجلیسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی عێراق:** کە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣ی زایینی خۆی وەک نــوێنەری فەرمی راپەڕینی ئیسلامی عێراق راگەیانــد. حیزب و گــروپە گــرنــگەکانی پێکهێنەری مەجلیسی ئەعلا بریتی بوون لە: حیزبی دەعوەی ئیسلامی، مەنزەمەی عەمەلی

ئیسلامی، حەرەکەی موجاهیدینی عێراقی، حیزبوڵڵای کوردستان لەگەڵ گرووپێک لە ئیخوان موسلمینی عێراق کە پاش قەیرانی کوەیت پێوەندییان کرد بە مەجلیسەوە.[٤]

٢. **کوتلەی ئیسلامی:** ئەم هاوپەیمانییە لەڕاستیدا پێکهاتبوو لەم گروپانە: حەرەکەی ئیسلامی (شێخ جەواد خالسی)، حەرەکەی فەتحی ئیسلامی (شێخ نەدیم حاتەمی)، کۆمەڵی ئیسلامی (شێخ بەدری لە زانایانی ئەهلی سونە)، سوپای شۆڕشی ئیسلامی (ئەبوو ئوسامە) و هۆزە عێراقییەکان (محەمەد حوسێن رکابی).[٥]


پێویستە بگوترێت کە پاش روخانی رەژیمی سەدام، مەجلیسی ئەعلا و حیزبی دەعوە زۆرترین کاریگەرییان لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هەبووە و شیعەکان زیاترین پشکیان لە حکوومەتی ناوەندیدا دەستەبەر کردووە.

**بزووتنەوەی ئیسلامی سونە:** لە ساڵی ١٩٤٦ دا لەگەڵ گەڕانەوەی شێخ محەمەد مەحموود سەواف لە میسر، بزووتنەوەی ئیخوان موسلمین دێتە ناو عێراق و دواتر کۆمەڵی برایەتی ئیسلامی عێراق لە ساڵی ١٩٤٩ دادەمەزرێت کە سەرۆکایەتی ئایینی ئەوان لە ئەستۆی شێخ ئەمجەد زەهاوی دەبێت و سەواف سکرتێری بوو. بەوبۆنەوە کە کۆمەڵی برایەتی ئیسلامی عێراق چڵێک لە ئیخوان موسلمینی میسر بوو بە شێوەی سروشتی لە باری بیر و شێوازی کردەوە لەوان پێڕەوی دەکرد و رۆژنامە و پەرتووکەکانی ئەوانیان بڵاو دەکردەوە. ساڵانی سەرەتایی دامەزرانی ئیخوان موسلمینی عێراق بە سەرقاڵ بوون بە پێکهاتنی رێکخراوە و پرسە ناوخۆییەکانی تێپەڕی. ئەم بزووتنەوە لەوێوە کە بزووتنەوەیەکی سونە بوو، زیاتر لە نێو خەڵکی سونەی عێراقدا لایەنگری هەبوو و نەیتوانی لە نێو شێعەکاندا بەردەنگی ئەوتۆ بدۆزێتەوە.[٦]


لە دیکەی گروپە بچووکە سونەکان، کۆمەڵ یان جەماعەتی ئیسلامی بە رێبەرایەتی شێخ بەدری بوو کە لە هاوپەیمانی کوتلەی ئیسلامی لەگەڵ گروپە شێعەکاندا بوو. پاش سەدام حیزب و گروپگەلێکی تری سونە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا کەوتنە چالاکی. هەرچۆنێک بێت رەوتە سونەکان تا پاش سەدام بە هۆی زاڵیەتی ئایینەکەیان، وێڕای کەمینە بوون، لە باری سیاسییەوە ئەوەندە جووڵەیان نەبوو.

**بزووتنەوەی ناوچەیی:** بزووتنەوەی سیاسی تر لە عێراقدا بە پێی نەتەوایەتی لە کوردستانی باشوور (باکووری عێراق) بووە. لە بەشە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە بریتی لەم بەشەی عێراق، خەباتی درێژخایەن بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی کورد هەبووە. پاش قۆناخی نەریتی بزووتنەوە کوردییەکان، ناسیۆنالیستە سێکیولارەکان لە حیزبە مۆدیرنەکاندا بەتایبەت

حێزبی دێمۆکراتی کوردســـتان (١٩٤٦) و یەکیەتی نیشتمانی کوردســـتان (١٩٧٥) درێژەیان بە خەبـات دا. هەروەهـا لە دەیەی ١٩٨٠ بەمـلاوە بەرە بەرە بـزووتـنەوە ئـایینییەکان سەریانـهەڵدا. بــزووتــنەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراقــدا دەرەنــجام پــاش ١٩٩١ بە یارمەتی هەنــدێ زلهێز و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان توانی حکوومەتی خودموختار دامەزرێنێت. هەروەها، پاش ٢٠٠٣ بە ڕوخـانی حکوومەتی سەدام، لە پێکهاتنی حکوومەتی نـاوەنـدیی عێراقـدا بەشـدارییان کرد.




ئەلف) هێڵکاریی گشتی ڕەوتە سیاسییەکان لە عێراقدا




ب) هێڵکاریی گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی عێراق

## بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان

هەرچەنــد زۆربەی راپەڕینەکانی کورد لە ژێر رێبەرایەتی کەســانی ئــایینی وەک شێخ عەبــدولــسەلام و دیکەی شێخەکانی بــارزان و شێخ مەحــموود و... بــووە بەڵام لەڕاســتیدا بزووتنەوەی ئەوان نەتەوەیی و بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد بووە نەک بزووتنەوەیەکی ئیسلامی (بەپێی پێناسەی بــزووتــنەوە ئیسلامییەکانی سەردەم)، گەرچی بەدیهاتنی ئەم مــافــانەش لە دژی ئیسلام نییە. لەلایەکی تــرەوە، لە بــاری ئــایینییەوە زۆربەی کورد لەگەڵ حکوومەتی عێراقی پێش ۲۰۰۳ هــاوئــایین بــوون و هەســتیان بە کێشە نەدەکرد. بۆیە نــاکرێت هیچکام لەم بزووتنەوانە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ئیسلامیدا تاوتوێ بکرێن و لەڕاستیدا پێش ۱۹۸۰ بە کردەوە رەوتی ئیسلامی لە کوردستاندا بوونی نەبووە و تەنیا پاش تیاچوونی مەلا مستەفا بارزانی (۱۹۷۹) و ساڵانی پاش ۱۹۸۰ بوو کە لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی ئیسلامی ئێران و شەڕی ئێران–عێراق بە جۆرێ بزووتنەوەی ئیسلامی دەستی پێکرد. لە سەرەتای شەڕی ئێران–عێراق، ئێران هانی دامەزراندنی هەندێ گرووپی ئیسلامی دا و چەکی پێدان و بەوجۆرە گرووپە ئیسلامییەکان لە ژێر پاڵپشتی ئێران لە کوردستانی باشوور سەریانهەڵدا.[۷] بە گشتی دەکرێ بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان دابەش بکرێت بە دوو سەردێڕ: یەکێک، وردە گرووپە سەرەتاییەکانی ناسەربەخۆ و ئەوی تر، گرووپ و حیزبە ئیسلامییە گرنگەکان (رەوتی ئیسلامی سەرەکی):

## ئەلف) وردە گرووپە سەرەتاییەکانی ناسەربەخۆ

هەر لە ساڵی ۱۹٤٦ بە دواوە بیری ئیخوان وەک دیکەی ناوچەکانی عێراق، و بەتایبەت لە رێگای خوێندکاران و زانایانی ئایینی کوردی دانیشتووی بەغدا، گەیشتە کوردستان. لە سەرەتای پەنجاکاندا بیری ئیخوان لە کوردستان و بەتایبەت کەرکووک برەو دەدرێت. لە ساڵی ۱۹۵۲ دا بە چوونی شێخ محەمەد سەواف بۆ سلێمانی و هەڵەبجە و پێوەندی لەگەڵ مەلا عوسمان عەبدولعەزیز (۱۹۲۲–۱۹۹۷) و مەلا محەمەد بەهائەدین خورماڵ، ئەو بیرە بەتایبەت لە هەڵەبجەدا زیاتر پەرە دەستێنێت.[۸] دواتر هەندێ کەسایەتی وەک عوسمان عەبدولعەزیز، عەبدولعەزیز پارەزانی، عومەر رێشاوی لە دەیەی ۱۹۵۰ تا ناوەڕاستی دەیەی ۱۹۸۰ لە رێبەرایەتی حیزبی ئیسلامی عێراقدا بوون.[۹]

لە ساڵی ۱۹۷۸ دا بزووتنەوەی "پەیوەندیی ئیسلامیی" لە ناو ئیخوانەکانی کوردستاندا بە نهێنی دامەزرا کە دواتــر لە ۱۹۸٤ دا بە رێبەرایەتی شێخ مــحەمەد بەرزەنجی بە راشکاوی راگەینرا و

دەستی دایە چالاکی چەکدارانە. لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ی زایینیدا، دوو هێڵی سدیق عەبدولعەزیز و سەلاحەدین محەمەد بەها لە ناو ئیخوانەکاندا چالاک بوون. هەروەها، کۆمەڵێک لاوی کورد و ڕێژەیەک لە مەلایان و زانایانی ئایینی ئیخوانی کوردستانی باشوور بە ڕێبەرایەتی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بە شێوەی گروپێک لە ژێر ناوی "بزووتنەوەی ئیسلامی" لە ساڵی ١٩٨٥ دا پێکهاتن. بەوەشەوە، لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتا پێوەندی نێوان بەغدا و سلێمانی و هەڵەبجە نوێ دەکرێتەوە. ئەم جووڵانەوانە بواری خۆش کرد بۆ کەلێن لە ڕێبەرایەتی حێزبی ئیسلامی عێراقدا بە هۆی ناکۆکی نێوان ئایدۆلۆژی ئیسلامی پان عەرەبی ئیخوان موسلمین و ڕوانگەی ناسیۆنالیستی کوردی بۆ ناسینی مافی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی ئیسلامی پاش بەعسی عێراق و هەروەها پێوەندی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ گروپە چەکدارەکان. پاش ئەم ناکۆکییە، مەلا عوسمان لە حێزب دەردەکەوێت و لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٩٨٧ پاش ڕێپێوان و خۆپیشاندانی هەندێ لە زانایانی ئایینی و پێڕەوانیان لە هەڵەبجە، لەگەڵ هەندێ لە کەسانی دەوروبەری بەرەو ئێران هەڵدێت. هەر لەو ساڵەدا لەلایەن حکوومەتی بەعسەوە گوشار خرایە سەر ئیخوان و هەندێ لە سەرکردە و بانگخوازانی گیران و هەندێکیش بەرەو دەرەوە بەتایبەت ئێران هەڵاتن، کە ڕێژەیەکی زۆر لە کوردانیشی لەبەردەگرت. لە ئێران بزووتنەوەی پەیوەندی لەگەڵ گروپی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز یەکیان گرت و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان (حەرەکە) ڕاگەیندرا.[١٠]

کەواتە، سەرچاوەی هزریی ڕەوتە ئیسلامییە گرنگەکانی کوردستان، ئیخوان موسلمینی میسر بووە. بەتایبەت هزر و وانەکانی حەسەن بەننا زۆر کاریگەر بووە.[١١] هەرچەند دواتر لە دەیەی ١٩٩٠ دا، کەسانی گرێدراو بە دیکەی بۆچوونەکان و گروپە ئیسلامییەکانی بناژۆخواز وەک سەلەفییەکان، کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان و جیهادخوازانی ئەفغانستان پەیوەندییان پێیانەوە کرد.

هەروەها، هەندێ گروپی تر لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ و لە ژێر کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران و بە پاڵپشتی نووسینگەی بزووتنەوە ئازادیبەخشەکانی سەر بە سپای پاسداران لە ئێران پێکهاتن کە ئەوەندە ناسراو نەبوون و دواتر زۆربەیان هەڵوەشانەوە یان پێوەندییان کرد بە حەرەکەی ئیسلامی کوردستانەوە (بەتایبەت سوننەکان). ئەم گروپانە بریتی بوون لە:

١. لەشکەری ئیسلامی کورد (الجیش الاسلامی الکردی): ئەم ڕێکخراوە کە سوننە بوون بە یارمەتی و بەرنامەی ئێران لە تاران (١٩٨٠-١٩٨١) ڕاگەیەنرا و لە هاوپەیمانی کوتلەی ئیسلامی کە پێشتر ئاماژە کرا، بەشدار بوون. دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە عەباس

شەبەک، شێخ قادر سۆتکەیی و مەلا حسێن مارۆنسی. سەرکردەی ئەم ڕێکخراوە عەباس شەبەک بوو کە ماوەیەک ئەندامی ئیخوان موسلمین بووە، پاشان بۆتە پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی و دواتریش لەگەڵ سەرانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران پێوەندی هەڵدەکات.

٢. ڕێکخراوی ئیسلامی کوردە فەیلییەکان: ئەم ڕێکخراوە کە هی شێعەکان بوو بۆخۆی بریتی بوو لە سێ گروپ کە هەرکامەیان هێڵ و ڕوانگەی تایبەتی خۆیان هەبوو، ئەم سێ پێکهاتەیە بریتی بوون لە: "حەرەکەی کوردە موسڵمانەکان" بە ڕێبەری حسێن فەیلی، "کۆمەڵی ئیسلامی کوردە فەیلییەکان" کە لە ساڵی ١٩٨٢ لە تاران دامەزرا، "بزووتنەوەی ئیسلامی کوردە فەیلییەکان" بە ڕێبەری جەلیل فەیلی کە چالاکییەکانی لە سنووری کاری پرژوبڵاوی بانگخوازیی تێنەپەڕی.

٣. حێزبوڵڵای کوردستانی عێراق: ئەم حێزبەش هی کوردە سونەکان بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٣ لە ئێراندا دامەزرا. ڕێبەرایەتی ئەوە لە ئەستۆی شێخ محەمەد خالید بارزانی بوو. حێزبوڵڵای کوردستانی عێراق هەروەها کە ئاماژە کرا لە مەجلیسی ئەعلای شێعەکاندا بەشدار بوو. دوای شەڕی کەنداو لە ١٩٩١، ئەم حێزبە هەڵوەشایەوە و ئەندامەکانی پێوەندییان کرد بە حێزبی دێمۆکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی مەسعوود بارزانی. جێی ئاماژەیە کە ئەدهەم بارزانی برازای شێخ محەمەد خالید بە هۆی جیاوازی بیر لەگەڵ مامۆی لەم حێزبە جیا ببووەوە و حێزبێکی تری بە ناوی "حێزبوڵڵای شۆڕشگێڕ" (حزب‌الله الثوری) لە ١٩٨٨ دا دامەزراند. گروپی حێزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کورد لە ڕاکێشانی هێزدا سەرکەوتووییەکی ئەوتۆی نەبوو و پاش ڕوخانی حکوومەتی سەدام حسێن، بە دەرکردنی ڕاگەیندراوێک، ئامانجی خۆی بە بەدیهاتوو هێنا ئەژمێر و لە ساڵی ٢٠٠٤ دا هەڵوەشاندنەوەی حێزبەکە ڕاگەیندرا.

٤. کۆمەڵی ئەنساری ئیسلامی: ئەم ڕێکخراوە سەر بە کوردە سونەکان بوو کە دەسپێکی لە ساڵی ١٩٨٠ لە هەڵەبجە بوو و دواتر لە ١٩٨٢ لە تاران دامەزرا و زیاتر لە ئیخوانەکانی سەر بە هێڵی سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین بوون. پێوەندییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەبوو و پاش ساڵێک هەڵوەشایەوە.

٥. بزووتنەوەی موجاهیدینی کوردستان (حەرەکەی موجاهیدی کوردستان): ئەم گروپەش سەر بە کوردە سونەکان بوو و لەلایەن شێخ تالیب بەرزەنجییەوە دامەزرا.

لەڕاستیدا، ئەو گروپانەی سەرەوە ئەوەندە پاڵپشتی خەڵک و زانایانی ئایینی کوردستانیان لە پشت نەبوو و بێجگە هەندێ لە کەسانی کۆمەڵی ئەنساری ئیسلامی، زۆربەیان ئاستی خوێندنی زانستە ئایینییەکانیان لە خوارەوە بوو و یان لە شێخە نەریتییەکان بوون کە چی تر ئەوەندە تەشەنەیان لە ناوچەکەدا نەبوو. ئەمانە زۆرتر لە ژێر کاریگەریی پێوەندیی لەگەڵ ئێراندا بە شێوەی رواڵەتی هەبوون و نەیانتوانی لە کوردستاندا سەرکەوتنێک دەستەبەر بکەن و رەنگە یەکێک لە هۆیەکانی پێکهاتن و پاراستنی ئەوانە کەڵکوەرگرتن لە یارمەتییەکانی نووسینگەی بزووتنەوە ئازادیبەخشەکانی ئێران بوو. زیاتریش لەگەڵ گروپە شێعەکان و مەجلیسی ئەعلا پێوەندییان هەبوو. هەڵبەت ئەمە بەو واتایە نییە کە گروپە ئیسلامی و نائیسلامییەکانی تر لە یارمەتییەکانی ئێران کەڵکیان وەرنەدەگرت بەڵام ئەوانە بوونییەتی خۆیان لە ئێران وەرنەدەگرت و پێوەندییان لەگەڵ ئێران زیاتر لایەنی سیاسی هەبوو.[١٢]

هەرچۆنێک بێت، ئەوەی وەکو بزووتنەوەی ئیسلامی سەرەکی لە کوردستان ناسراوە و بە شێوەی بەربڵاو چالاکی هەبووە و هەندێ سەرکەوتنی رێژەیی هەم لە گۆڕەپانی کوردستان و هەم لە ئاستی عێراق دەستەبەر کردووە، گرێدراوانی بیری ئیخوان موسلمین یان هەر ئەو حەرەکەی ئیسلامی و لقە جیاوەبووەکانی، و یەکگرتووی ئیسلامین کە لە درێژەدا باس دەکرێن.

## ب) گروپ و حیزبە ئیسلامییە گرنگەکانی کوردستان

### ١ ـ حەرەکەی ئیسلامی کوردستان و لقە جیاوەبووەکانی

لە ساڵی ١٩٨٧ دا، پاش کۆچی هەندێ لە چالاکانی ئیخوان موسلمین و خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری بۆ کوردستانی رۆژهەڵات، لە خێوەتگەی "سریاس" و دواتر لە شاری سنە، رێکخراوی سیاسی-چەکداری "حەرەکەی ئیسلامی کوردستان" بریتی لە گروپی "پێوەندیی ئیسلامی"، بە رێبەرایەتی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز و چەند زانا و کەسایەتی تر دامەزرا.[١٣] هەر لە سەرەتای پێکهاتنەوە، حەرەکەی ئیسلامی کوردستان (IMK)[١٤] راشکاوانە خەبات لەگەڵ رەژیمی بەعس بە مەبەستی روخانی، خستە بەرنامەی کاری خۆیەوە و بە رێبازێکی جیهادی، باسکی چەکداریی وەکو زەقترین بواری چالاکی خۆی، پێشبینی و بەهێزتر کرد.[١٥] کەواتە، لە کاتی شەڕی توندی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ یەکینە سەربازییەکانی عێراق، ئێران فێرکردن و چەکدارکردنی ئەندامانی ئەوانی دەست پێ کرد.[١٦] بەوەشەوە، پاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ١٩٩١ دا، بەرە بەرە و بە کردەوە، بەشێکی گرنگ لەم بزووتنەوە لە بەرانبەر رەوتە سێکیولارەکانی کوردستاندا راوەستا.

پــاش ئەوەی کە هێزە کوردییەکان، بە دوای پــاشەکشێی حکوومەتی عێراق لە ســاڵی ١٩٩١ دا، کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان بریتی لە سێ پارێزگای باکووری عێراقیان گرتە دەستەوە، زۆر گــروپی دژبەری حکوومەتی عێراق لەم نــاوچەدا دەســتیان دایە چــالاکی. هێزە سیاسییە ئیسلامییەکانی گرنگی کوردستانیش کە سوننەن لە چوارچێوەی حیزبی حەرەکەی ئیسلامی کوردستان (IMK) گەڕانەوە کوردستانی باشوور و چالاکییە بانگخوازانەکانی خۆیان دەست پێکرد بە جۆرێ کە لە نــاوەڕاســتی دەیەی ١٩٩٠، IMK پــاشPUK و PDK[17] سێیهەمین هێزی سیاسی-چەکداری خــاوەن تەشەنە لە کوردەواری دەهــاتە ئەژمێر. ئەوان لەم دەیەدا چەنــد جاریش لەگەڵ دیکەی حیزبە سیاسییەکان کەوتنە شەڕ و ململانێ. بۆیە، لە بڕگەیەکدا، باسکی چەکداری IMK، کردەیەکی نــاوخۆییتری هەبــوو و پێکدادانی قــورسی چەکدارانە لە کفری و کەلار لەگەڵ هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٩٢ دا، واتە سەرەتای بە فەرمی ناسینی نــاوچەی دژە فڕین بە دوای شەڕی دووەمی کەنــداو، روویدا. هەرجۆرێک بێت، بە واژۆکردنی گرێبەستی ئاگربڕ پێکدادانەکان کۆتایی پێهات، گەرچی بە هۆی نـاکۆکی قـووڵی هـزریی و ئایدۆلۆژیک، لە ئاستە جیاوازەکانی پێوەندیی نێوان دوو حیزبەکەدا کێشە هەر مایەوە.[18]

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمــانی کوردســتان لە ١٩٩٢ دا، IMK تەنیا ٥.٥% لە هەمــوو دەنــگەکانی دەستەبەر کرد. وەها لەسەدێکی خوار بۆ تێپەڕین لە رادەی پێویستی ٧% بۆ دەستەبەرکردنی کورسی لە پەرلەمــانی کوردســتان نــاتەواو بــوو. لە کاتێکدا کە رێبەرایەتی حیزبەکانی PUK و KDP بۆ پێکهێنانی حکوومەت هــاوکارییان دەکرد، رێبەرایەتی IMK بۆ نــاجێگیر کردنی حکوومەتی هاوپەیمانی کوردستان توندوتیژییان پەرەپێدا. ئێران باڵە توندڕەو و شەڕاشۆکانی IMK بەتــایبەت ئەوانەی کە لە دەیەی ١٩٨٠ لە ئەفـغانسـتان شەڕیان کردبــوو، پڕچەک کرد. ئەم لـقانە بـریتی بــوون لە "گـروپی بـناژۆخــوازی ئیسلامی بە رێبەرایەتی عەلی بـاپیر و گـروپی جیهادخـــواز بە رێبەرایەتی مەلا کرێکار - جیهادخـــوازی پێشوو کە پـــاش راهێنانی زۆر لە ئەفغانستان لە ١٩٩٢ دا گەڕایەوە کوردستان."[19]

هەرچۆنیک بێت، IMK پـاش سەرنەکەوتـن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمـانی ١٩٩٢، چـالاکییەکانی خۆی لە دەرەوەی بــازنەی بەڕێوەبەرایەتی هــاوبەشی کوردی (PUK-KDP) پەرەپێدا و زیاتــر خەریکی پەرەپێدان و بەهێزتــرکردنی ژێرخــانێکی جیاوازی بەڕێوەبەرایەتی، سیاسی و چەکداری لە نـاوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی بەتـایبەت هەورامـان و شـارەزوور هـاوسـنووری نــاوچەکانی ژێر دەسەڵاتی PUK بــوو. لە کانــوونی یەکەمی ١٩٩٣ دا، پێکدادانی چەکدارانە لە نێوان PUK و IMK لە هەنـدێ نـاوچەی پـارێزگـای سـلێمانی و کەرکووک بەوپەڕی گەیشت و

IMK تـا نــزیکی ســنووری ئێران پــاشەکشێی پێ کرا. ڕێبەرایەتی بــزووتــنەوە نــاوچەکەی بەجێهێشت و چەنـد مـانـگ لە هەوارگەی سەلاحەدین کەوتە بەر پـارێزگـاریی PDK. کاتێ کە نێوان PDK و PUK تێکچوو و لە مانگی ئایاری ١٩٩٤ شەڕی چەکدارانەی لێکەوتەوە، هێزەکانی IMK لە پەنـای هێزەکانی PDK لە دژی هێزەکانی PUK شەڕیان دەکرد. دەرەنـجام ڕێبەرایەتی IMK تـوانی بـگەڕێتەوە بنکەکەی خۆی و نـاوەنـدی فەرمـانـدەری خۆی لە شـاری هەڵەبـجە دامەزرێنێت. لەم ســاڵەدا یەکێتی و بــزووتـــنەوە ڕێکەوتـــنەوە بەڵام لە ١٩٩٧ دیسانەوە بە شەڕهاتـنەوە و پـاش چەنـد مـانـگ شەڕ لە تـاران ڕێکەتنیان واژۆ کـرد و بـزووتـنەوە چـووە نـاو حــکوومەتی هەرێم بەڕێوەبەرایەتی ســلێمانی بە ڕێبەرایەتی یەکێتی و تــاکو ســاڵی ٢٠٠١ کە لێکترازانەکانی ئەم ڕەوتە ڕوویدا، چالاکییان هەبوو.[٢٠] لەم ماوەیەدا، باڵە شەڕاشۆوەکانی IMK، دوو گـروپی بـناژۆخـوازی لایەنـگری ئێران کە لە سەرەوە ئـامـاژەیان پێکرا لە ساڵەکانی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ لە ئێرانـدا مـانەوە.[٢١] بە ئەگەرەوە، لە مـاوەی شەڕی نێوان PDK و PUK، بە هۆی پـاڵپشتی ئێران لە PUK گروپە توندڕەوەکان لە دژی PUKشەڕیان نەکرد.

## لێکترازان و جیابوونەوەکانی ناو حەرەکەی ئیسلامی کوردستان

حەرەکەی ئیسلامی کوردستان لە مێژووی خۆیدا هەڵبەزین و دابەزینی زۆری ئەزموون کردووە کە بــووەتە هۆی هەنــدێ جیابــوونەوە بە تەوەرێتی گــروپەکانی سەر بە ئیخوان مــوســلمین، سەلەفییەکان و جیهادخوازەکان.

### ١. جیابوونەوەی پێوەندیدار بە ئیخوان موسلمین

لە پـــاش ١٩٨٧ و پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆ و لەبەرگــرتنی ڕێبازی چەکداری، حەرەکەی ئیسلامی کوردســتـان چی تـر خۆی گـرێ نەدەدا بە ئیخوانەوە و لێی دوور کەوتەوە. بەوەشەوە بـاڵێک لە ئیخوانەکان لە نێوان ئەوان و ئیخوانەکانـدا لە هـاتـوچۆدا بـوون و بەپێی بەرنـامەی ئیخوان بۆ مــاوەیەک جیابــوونەوە کە لە درێژەدا لە ژێر نــاوی "بــزووتــنەوەی ڕاپەڕین" بــاس دەکرێت.

#### بزووتنەوەی ڕاپەڕین

لە نێوان ســاڵانی ١٩٨٥ بۆ ١٩٨٧ ڕێبەری گشــتی ئیخوان مـوسـلمینی کوردســتان مەلا عـوسـمان عەبدولعەزیز جێی متمانەی هەموو باڵەکان بوو. مەلا سدێق عەبدولعەزیز برای مەلا عوسمان، کە ئەندامی یەکەم شانەی ئیخوان لە هەڵەبجە بوو، ڕێبەرایەتی باڵێک لە ئیخوانەکانی دەکرد لە

بەرانبەر باڵی سەلاحەدین محەمەد بەها. کاتێک بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بە ڕێبەرایەتی مەلا عـوسـمان لە ئێران دامەزرا، سەلاحەدین مـحەمەد و بـاڵەکەی نەهـاتـنە ریزی ئەوان و لە بەرانـبەر بـزووتـنەوە و چەکداربـوونیدا راوەسـتان و وەک ئیخوان مـانەوە. بـاڵی سـدێق عەبدولعەزیزیش هەرچەند تاڕادەیەک لەگەڵ چەک و چەکداریی بوون بەڵام زیاتر کاری دەعوە و بانگەوازیان دەکرد. ئەمانەش دواتر بە دڵنیابوونەوە لە دژایەتی ئیخوان لەگەڵ بزووتنەوە و ڕێبازی چەکدار بـوون، لە بـزووتـنەوە کشانەوە. واتە سێ گـروپ پێکهات. پـاشـان لە ١٩٨٨ دا ڕێکەوتـننامە لە نێوان دوو بـاڵی سەلاحەدین مـحەمەد و سـدیق عەبـدولـعەزیز واژۆ کرا و ئیخوانەکان یەکیانـگرتەوە. بەڵام بە هۆی نـاکۆکی نێوانیان، دیسانەوە لە ١٩٩٢ دا بـاڵی مەلا سدێق لە ئیخوانەکانی کوردستان جیا بووەوە و "بزووتنەوەی ڕاپەڕین"یان دامەزراند و لە ژێر ئەو نـاوەدا درێژەیان بە چـالاکی دا. ئەم گـروپە لە سـاڵی ١٩٩٩ لەگەڵ حەرەکەی ئیسلامی کوردسـتان بـوون بە یەکێک و خۆیان بە نـاوی "بـزووتـنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردسـتان" ناساند.

### ٢. جیابوونەوەکانی پێوەندیدار بە سەلەفی و جیهادخوازەکان

لە ١٩٩١ تـا ٢٠٠١ حەرەکەی ئیسلامی کوردسـتان بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕووبەڕووبـوونەوەی چەکدارانە تـا بەشـداری لە کابینەی خۆجێیی، بە هەبـوونی وەزیر لە کابینەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی نیشتمانی و حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ ئەم دوو حیزبە سەرەکییەی کوردسـتان، دانوستانی هەبوو. ئەم حیزبە بە ڕێبەرایەتی مەلا عـوسمان تـا کاتی کۆچی دواییان لە ١٩٩٧ و جێگرتنەوەیان لەلایەن براکەیەوە مەلا عەلی عەبدولعەزیز درێژەی بە چالاکییەکانی دا. لە دوای ڕێکەوتن لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی لە تاران لە ١٩٩٧ دا دوو گروپ بە ناوی حەماس و تەوحید لە حەرەکە جیا دەبـنەوە. لە سـاڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ دا بـزووتـنەوەی ڕاپەڕین پێوەنـدی بە حەرەکەی ئیسلامییەوە کرد و نـاوی خۆیان نـا "بـزووتـنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کوردسـتان". بەڵام، لە سـاڵی ٢٠٠١ دا بە هۆی کێشە نـاوخۆییەکان لە کۆنـگرەی تەوێڵە، ئەم یەکیەتییە جـارێکی تـر تێکچوو و بـوو بە چـوار چڵی سەرەکی: حەرەکەی ئیسلامی کوردسـتان، بە ڕێبەری مەلا عەلی عەبدولعەزیز؛ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بە ڕێبەری عەلی باپیر؛ گروپی ئیسلاح، بە ڕێبەری مەلا کرێکار؛ و وردە گروپە توندئاژۆوەکانی تەوحید، حەماس و سۆران (هێزی سۆران).

لە تـاوتـوێ کردنی هۆیەکانی جیابـوونەوەکان لە "حەرەکەی ئیسلامی کوردسـتان" ئـامـاژە بەم بابەتانە کراوە: یەکەم، ڕوون نەبوونی ڕەوتی هەڵسووڕانی ڕێکخراوەیی حیزب، داخراو بوونی سیستەمی ڕێبەرایەتی، لە ئـارادابـوونی خـوێندنەوەی جۆراوجۆر لە ئـایین و لاوازی هـزریی و

مەعنەوی ڕێبەرانی لە قەناعەت پێهێنانی ئەندامانیدا.[٢٢] و دووەم، ڕوانگە ناکۆکە ئیسلامییەکان لە ناویدا بە جۆرێ کە ئەندامانی حەرەکەی ئیسلامی کوردستان ئایدۆلۆژی و پێشینەی هزریی جیاوازییان هەبوو وەک ئیخوان موسلمین، ئیسلامخوازانی لایەنگری تورکیا، بناژۆخوازانی سەلەفی، و کوردە جیهادخوازەکان کە لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە لە ئەفغانستان لە پێوەندیدا بوون.[٢٣] هەرچۆنێک بێت، پاشماوەکانی بزووتنەوەی یەکبوون، کۆمەڵی ئیسلامی و حەرەکەی ئیسلامی کوردستان بوون کە پاش ئاوردانەوەیەک بە سەر گرووپی ئەنسار ئیسلام، بە کورتی ئاورێک دەدەینەوە سەریان.

## ئەنسار ئیسلام

هەروەها کە ئاماژە کرا، چەند چڵی بچووکتری IMK لە ئایدۆلۆژییە ئەوپەڕگیرترەکانی ئیسلامی پێڕەویان دەکرد. هەندێ لەو چڵانە لە دژی هەرجۆرە هاوکاری لەگەڵ حیزبە سیاسییە سێکیولارەکان بوون و لەگەڵ بڕیاری IMK لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ بەشداریی لە حکوومەتی خۆجێیی PUK دژایەتییان کرد. ئەوان هەروەها داواکاریی جێبەجێکردنی تەواو و وردتری شەرعی ئیسلام لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی IMK بوون.[٢٤]

یەکەمینی ئەم گرووپانە گرووپی حەماس بە ڕێبەرایەتی مەلا عومەر بازیانی و حەسەن سۆفی بوو کە ڕوانگەی سەلەفی خوازییان برەو دەدا. ئەم گرووپە لە دژی بەشداریی حەرەکەی ئیسلامی لە حکوومەتی یەکیەتی نیشتمانیدا بوو. دووەم، گرووپی تەوحید (بزووتنەوەی وەحدەتی ئیسلامی)، ئەوپەڕگیرترین چڵی جیاوەبوو بوو. ئەم گرووپە ٣٠ تا ٤٠ کەسییە ماوەیەک لە باڵک لە کێوەکانی قەندیل نزیک حاجی عومەران و لە نزیک سنووری ئێران جێگیر ببوو. ئەم دوو گرووپە وەک ئاماژەکرا زووتر لە ١٩٩٧ دا جیابووبوونەوە. سێهەمین، کۆنە خەباتگێڕانی ئیسلامخوازی کورد لە ئەفغانستان بە ڕێبەرایەتی نەجمەدین ئەحمەد فەرەج ناسراو بە مەلا کرێکار (ئەندامی کۆنی حەرەکەی ئیسلامی کوردستان و ناسیار لەگەڵ جیهادی ئیسلامی و موجاهدین لە ئەفغانستان) بوون کە جیا بوونەوە و گرووپی ئیسلاحیان پێکهێنا. چوارەمین گرووپ، هێزی سۆران (باسکی چەکداری بزووتنەوە و بەهێزترین لە نێو ئەم چڵانە) بە ڕێبەرایەتی ئەبوو عەبدوڵڵا شافعی بوو کە سەدان کەسی چەکداری بریتی لە عەرەبە ناعێراقییەکان کە هەندێکیان لە ئەفغانستان شەڕیان کردبوو، لەبەردەگرت.[٢٥]

گرووپە جیاوەبووە بچووکەکانی IMK وردە وردە تێکەڵ بوون. لە تەموزی ٢٠٠١ دا، تەوحید و حەماس تێکەڵ بوون کە بەرەی وەحدەتی ئیسلامی (IUF) پێکبهێنن. هێزەکانی سۆرانیش

مانگێ دواتر پێوەندییان بەم گروپەوە کرد. لە یەکەمی ئەیلولی ٢٠٠١ دا، IUF هەڵوەشایەوە و سێ گروپی سەرەوەی پێکهێنەری بە فەرمی هەبوونێتی "جند ئیسلام"یان بە رێبەرایەتی ئەبوو عەبدوڵلا شافعی راگەیاند. ئەم گروپە، دەسبەجێ جیهاد لە دژی حیزبە سیاسییە سێکیولارەکانی راگەیاند کە بە رای ئەوان لە رێگای راستی ئیسلام دەرچوون. شەڕە چەکدارانەکان کە تێیاندا یەکیەتی نیشتمانی، جند ئیسلامی تێکدا، بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەم گروپە لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ دا. پاش ئەوە شافعی و پاشماوەی گروپەکە لەگەڵ گروپی ئیسلاح یەکیانگرت و ئەنسار ئیسلامیان پێکهێنا. مەلا کرێکار رێبەری و میری ئەم گروپەی لە ئەستۆ گرت.[٢٦] بنکەکانی ئەم گروپە، لە ناو و دەوروبەری گوندەکانی بیارە و تەوێڵە سەر بە ناوچەی هەڵەبجە، هەڵکەوتوو لە پارێزگای سلێمانی، هاوسنووری ئێران، بوون. هەم جند ئیسلام و هەم ئەنسار ئیسلام کەسانی نەتەوەکانی تریان بۆ پێوەندیی کردن بەوانەوە هان دەدا.

ئەم گروپانە هاوبەشی زۆریان لەگەڵ بزووتنەوە بناژۆخوازەکانی ئەوپەڕگیری وەهابی کە ئاخێزگەیان سعوودیایە، هەبوو. ئەم بنەما هاوبەشانە لە راڤەی وشک و وشە بە وشەی قورئان سەرچاوە دەگرن و جەخت دەکەن لەسەر کۆمەڵگای پەتی سەرەتای ئیسلام. جند ئیسلام رایگەیاند کە دەیهەوێت لە دەستتێوەردان و کۆنترۆڵی سێکیولاریستەکان بە سەر وڵاتانی ئیسلامیدا، بەرگیری بکات. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم گروپە برەودانی فەریزەی "فەرمان بە چاکە و رێگری لە خراپە" و هەروەها یارمەتیدانی بڵاوکردنەوەی شەرعی ئیسلام و هەستان بە جیهاد لە دژی سێکیولارە لە ئایین وەرگەڕاوەکان، بوو.[٢٧]

رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ، کردەوەکانی جند ئیسلامی لە ئەرکێکدا بۆ سەردانی ناوچەکە لە ئەیلولی ٢٠٠٢ دا، وەها شرۆڤە کردووە:

> جند ئیسلام لە ٨ی ئەیلولی ٢٠٠١ دا و حەوتەیەک پاش راگەیاندنی هەبوونێتی خۆی هەندێ فەتوای دەرکرد کە بریتی بوون لە: داخستنی زۆرەملێی نووسینگە و شوێنەکانی بازرگانی لە کاتی نوێژ و ئامادەبوونی زۆرەملێی کرێکاران و خاوەنکارەکان لە مزگەوت لەم کاتانەدا، زۆرکردن لە ژنان بۆ بەسەرردادانی چارشێوی نەریتی (عەبا)، زۆرکردن لە پیاوان بۆ دانانی ریش، جیاکردنەوەی ژن و پیاو، بەرگیری لە ژنان بۆ خوێندن و پیشە، سڕینەوەی وێنەی ژنان لە سەر قوتووی کەلوپەلە هاوردەکان بۆ ناوچە، دەسبەسەرداگرتنی ئامێری مۆسیقا و بەرگیری لە جێبەجێکردنی مۆسیقا لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکان و هەروەها بەکارهێنانی سەتەلایت و تەلەڤیزیۆن. هەروەها، جند ئیسلام رایگەیاند کە سزای ئیسلامی وەک بڕینی دەست، قامچی و فەلاقە، رەجم و بەردباران بۆ هەندێ گوناح وەک دزی، خواردنەوەی مەشروباتی ئەلکهۆڵی و

زینای کەسانی هاوسەردار جێبەجێ دەکات. سەرەڕای ئەوە، جند ئیسلام رایگەیاند کە سزای توند بۆ کردەوەی شیرکاوی و هاوبەشدانان بۆ خوا جێبەجێ دەکات. لە دیکەی کارەکانی ئەوان دانانی جەزیە بۆ ناموسڵمانەکان و تێکدانی شوێنە پیرۆزەکان و... بوو.[28]

پێویستە بگوترێت کە دوا بە دوای هەڵوەشاندنەوەی جند ئیسلام و بنیاتنانەوەی لە ژێر ناوی ئەنسار ئیسلام لە کانونی یەکەمی ٢٠٠١ دا ئەم گروپە راگرتنی شەڕی راگەیاند. لەم کاتەوە تا کۆتایی مارسی ٢٠٠٢ هەندێ وتووێژ بە مەبەستی گەیشتن بە رێکەوتنی سیاسی، لە نێوان ئەم گروپە و PUK جێبەجێ کرا. بەڵام پەلاماری ناسەرکەوتوو لە دووی نیسانی ٢٠٠٢ دا بۆ سەر بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی خۆجێی PUK، بووە هۆی راوەستاندنی وتووێژەکان. لە حوزەیرانی ٢٠٠٢ دا بە دوای قۆڵبەست کردنی هەندێ لە بەرپرسانی ئەنسار ئیسلام لەلایەن PUKبە تاوانی هەستان بە هەندێ کردەوەی خراپکارانە، پێوەندییەکانی دوو لایەنەکە بەرەو خراپی رۆشت.[29] هەروەها دەبێت ئاماژە بکرێت کە گەرچی مەلا کرێکار پاش گرتنی لە فڕۆکەخانەی مێهرئابادی تاران و گەڕاندنەوەی بۆ هۆڵەندا لە ئەیلولی ٢٠٠٢ دا نکۆڵی کرد لە پێوەندی لەگەڵ قاعیدە یان سەدام حسێن و هەروەها توانایی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن گروپەکەیەوە، بەڵام کالین پاوڵ لە شوباتی ٢٠٠٣ دا بە ئەنجومەنی هێمنایەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی وتبوو کە ئەنسار ئیسلام رۆڵی سەرەکی لە پێوەندیدانی رایەڵەی قاعیدەی ئوسامە بن لادن لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا دەگێڕێت.[30] هەرچۆنێک بێت، شەڕی نێوان ئەنسار ئیسلام و یەکیەتی نیشتمانی روویدا. لە کۆتاییدا، پاش هێرشی هێزە ئەمریکییەکان بۆ سەر عێراق لە ٢٠٠٣ دا ئەم گروپە لەلایەن هێزەکانی PUK تێکشکێندرا و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان لە دەستدا. پاشان، پاشماوەکانی ئەم گروپە و دیکەی گروپە توندئاژۆ و شەڕاشۆوەکان روویان کردە چالاکی شاردراوە و پرژوبڵاو و لەگەڵ قاعیدە بۆ جێبەجێکردنی هەندێ هەڵمەتی تێرۆریستی لە کوردستاندا لە پێوەندیدا بوون.

## ئەلف ـ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکی و قەیران لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەی یەکبوون لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، گروپێک بریتی لە هەندێ ئەندامانی شوورای رێبەرایەتی بزووتنەوە، گۆڕانی خۆیان بۆ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە ٣٠/٥/٢٠٠١ دا راگەیاند و ئەنجومەنی ئەم حێزبە نوێیە مەلا عەلی باپیری وەکو "میر"(ئەمیر) دیاریی کرد.[31] عەلی باپیر فەرماندەی چەکداریی خاوەن پێشینەی IMK لە هەڵبژاردنەکانی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە، سەرکەوت. بە دوای سەرنج نەدان بە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان لەلایەن مەلا عەلی

عەبدولعەزیزەوە، و هەروەها لە ئاڕاستەی ناکۆکییەکانی پێشوو و هەروەها جیابوونەوە کاتی و بەرتەسکەکانی رابردوو، باپیر لایەنگرانی خۆی بۆ جیابوونەوە لە بزووتنەوەی یەکبوون هاندا. پاش چەند مانگ، هەندێ کەسیش کە لە کاتی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی یەکبووندا بێلایەن بوون، پێوەندییان بە کۆمەڵی ئیسلامییەوە کرد و شێخ محەمەد بەرزەنجی بوو بە رێبەری رۆحی ئەوان و عەلی باپیریش لە پلەو پێگەی خۆیدا مایەوە.[٣٢]

پاش زاڵبوونی ئەمریکا و ئینگلیز بە سەر عێراقدا عەلی باپیر لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێیانی و چەند پارێزەر لە کاتێکدا کە دەڕۆشت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک لە ئەفسەرانی ئەمریکایی لە کوردستانی باشوور، لە دەی تەموزی ٢٠٠٣ دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە گیرا و پاش دوو ساڵ بەندیخانە لە ٢٨/٢/٢٠٠٥ دا ئازاد بوو و گەڕایەوە کوردستان. ئەو لە دیمانەیەکدا پاش بەربوونی وەها دەڵێت: "لەگەڵ بەعسییەکان لە بەندیخانەی کرۆپەر بووم تەنانەت سەدامیش لەوێ بوو، کاتی ئازادبوون، نامەی ئازادیم کە تێیدا منی بە بەعسی لە ئەژمێر دابوو، واژۆ نەکرد لەبەر ئەوەی کە تەنیا کەسێک بووم کە لە کوردستاندا براکەم بە هۆی بەعسی بوون، کوشتووە."[٣٣]

ئەم حیزبە لە باری هزرییەوە پێوەندی هەیە بە ئایدۆلۆژی سەلەفییەت و وەهابییەت و لە باری سیاسییەوە بە ئێرانەوە.[٣٤] هەرچەند لە باری سیاسییەوە ئەوان دەرەنجام چوونە ناو رکابەرایەتی هەڵبژاردنەکان و تاڕادەیەک بەرەو میانەڕەوی رۆشتن بەڵام بەتایبەت لە سەرەتاوە لە دژی دیمۆکراسی بوون[٣٥]، بە جۆرێ کە ئیسلام و دیمۆکراسییان بە رانەهاتوو، و دیمۆکراسییان بە حەرام یان بێ شەرعییەت دەزانی.[٣٦] هەرچۆنێک بێت، کۆمەڵی ئیسلامی خۆی وەکو حیزبێکی کوردستانی دەناسێت و پاش شەڕی عێراق (هێرشی ئەمریکا لە ئازاری ٢٠٠٣) چەکەکانی خۆی رادەستی ئەمریکییەکان کرد و داواکاریی ئەوە بوون کە ئەوان لەگەڵ گروپە توندئاژۆوەکان وەک ئەنسار ئیسلام و... کە لە دژی ئەمریکان، هاوکارییان نییە. ئەم حیزبە بە شێوەی یاسایی و زیاتر لە سلێمانی و رانییە چالاکی دەنوێنێت.[٣٧] و چەند نوێنەری لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا هەیە.[٣٨]

### ب- حەرەکەی ئیسلامی کوردستان (IMK)

پاشماوەی بزووتنەوەی یەکبوون هەر بە ناوە سەرەتاییەکەیەوە واتە "حەرەکەی ئیسلامی کوردستان" بە رێبەرایەتی مەلا عەلی عەبدولعەزیز درێژەیان بە چالاکی خۆیان دا. گەرچی مەلا عەلی وەک رێبەری رۆحی هەموو بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان دەبینرا، بەڵام بە وتەی

هەندێک، لە کاریزما بوون لە ڕێبەرایەتی حەرەکەدا، لە ئاستی مەلا عوسمانی برایدا نەبوو و شێوازی ئەو لە هەڵسووڕانی حێزبەکەیدا بە شێوەی جۆراوجۆر و لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوەییدا بەرەوڕووی هەندێ ڕەخنە بووەوە کە ڕەنگە هەر ئەم کارەش بواری بۆ جیابوونەوەکان خۆش کرد.[٣٩]

پاش روخانی حکوومەتی سەدام، هێزە ئەمریکییەکان مەلا عەلییان لەگەڵ ١٤ کەسی تر لە ماڵەکەیدا لە شاری هەڵەبجە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بۆ ماوەیەک دەسبەسەر کرد[٤٠] و دواتر ئازادیان کرد. ئەو لە ساڵی ٢٠٠٧ دا کۆچی دوایی کرد و براکەی سدێق عەبدولعەزیز (ڕێبەری پێشووی بزووتنەوەی ڕاپەڕین) بوو بە ڕێبەری ڕۆحی حێزبەکە. دواتریش عیرفان عەلی عەبدولعەزیز بوو بە سەرکردەی سیاسی و رابەری گشتی ئەو حێزبە. ئەم گروپە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا بەتایبەت لە ناوچەکانی بەر تەشەنەی خۆی واتە هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری و هەروەها بە هەبوونی لقگەلێک لە شارەکانی تردا، چالاکی یاسایی هەیە.[٤١] بە گشتی، تەشەنە و کاری ئەم حێزبە لە هەڵبژاردنەکاندا لەگەڵ سەرکەوتنی ئەوتۆ نەبووە و تەنیا چەند کورسی لە پەرلەمانی کوردستاندا دەستەبەر کردووە. پێویست بە وتنە کە ئەم حێزبەش لەگەڵ ئێراندا پێوەندییەکی چاکی هەبووە.

## ٢ـ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

لە ساڵی ١٩٩٤دا گروپێکی تر لە ئیخوان موسلمین لە ژێر ناوی "یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان"[٤٢] بوونی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند و وردە وردە بوون بە گەورەترین ڕێکخراوی ئیسلامی لە کوردستانی باشووردا کە لەسەر چاکسازیی و دەعوەت جەخت دەکات. ئەمانە باڵی سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین لە ناو ئیخوانەکاندا بوون کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا و خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئیخوان لە کوردستانی باشوور دەزانن. یەکگرتووی ئیسلامی لە ژێر کاریگەریی بیرۆکەی دامەزرێنەرانی ئیخوان موسلمین بووە، بەڵام بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی کوردستان بەپێچەوانەی شێوازی باو لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا کە لایەنگرانی بیری ئیخوان دەکەونە چوارچێوەی حێزبێکی ئیسلامی سەرتانسەری، لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕێکخراوەیی و هەندێ جاریش هزریی حێزبی ئیسلامی عێراق کە نوێنەری ئیخوان موسلمین لە عێراقدا دێتە ئەژمێر، چالاکی نواندووە.

لە سەرەتاوە ئەوان لەسەر چاکسازیی جەختیان کردووە و بە سێ دروشمی سەرەکی ئازادی و برایەتی و دادپەروەریی هەبوونیەتی خۆی ڕاگەیاند. لە یەکەمین کۆنفرانسی گشتی ئەوە لە

١٩٩٤ دا، سەلاحەدین مــحەمەد بەهــائەدین وەکو سکرتێری گشــتی هەڵبژێردرا. ئەم حێزبە بەپێچەوانەی شێوازی بــاوی کوردســتانی بــاشــوور – بەتــایبەت لەو بڕگەی زەمەنــدا – هەر لە راگەیندراوی راگەیانــدنی هەبــوونیەتی خۆیانــدا، چــالاکی چەکدارانە و خەبــاتی چەکدارانەیان رەت کردەوە و لە چــارتی رێکخراوەیی خۆیانیشدا جێگایەکیان بۆ بــاسکی چەکداریی پێناسە نەکرد. بەڵام لە جیاتی ئەوە یەکگرتــوو بە لەپێشگرتنی رێبازی سیاسی، کەلەپــووریی و خێرخوازانە لە ناوچەکەدا وەک کردنەوەی مزگەوت، کلینیک و چارەسەرگە، هەندێ بەرنامە لە نـاوچە گـونـدنشینەکان (لەوێنانەدا کە لایەنـگرانی زۆریان هەبـوو) و... بە پشـتیوانی رێکخراوە ئیسلامییەکانی ســعوودیا، تــوانی لە مــاوەیەکی کەمــدا ببێتە یەکێک لە هێزە سیاسییەکانی کاریگەر لە ئـاستی کوردستانی بـاشـووردا.[٤٣] لەڕاستیدا، یەکێک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی ئەم حێزبە لە زوو دەســتەبەرکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیدا، تیشک خســتنەسەر جێبەجێکردنی کاری مـرۆڤدۆسـتانە وەکو کردنەوە و هەڵسووڕانی بەخێوگەی مـنداڵانی هەتیو و بێ سەرپەرشـت و پێشکەشکردنی خزمەتکاریی بۆ هەندێ خێزانی بێ سەرپەرشت لە کاتێکدا بوو کە ئاگری شەڕی نــاوخۆیی نێوان حێزبەکانی تــر لە دەیەی ١٩٩٠ دەسکەوتە سیاسییەکانی ســاڵانێک خەبــاتی نەتەوەی کوردی خستبووە بەر مەترسی لەنێوچوونەوە.


هـاوکات و لە پەنـای ئەم کارانەدا چـالاکی ئەم حێزبە لە بـوارەکانی کەلەپـووریی و سیاسیشدا پەرەی سەنـد. رێبەرانی حێزبەکە لەسەر ئەو بـاوەڕەن کە دۆخی نـاوچەکە پێویستی بە خەبـاتی دێمۆکراتیک و سیاسی زیاتـر هەیە و دێمۆکراسی و هەڵبژاردنەکان رێگاکانی گەیشتنی ئەوان بە دەسەڵاتی سیاسییە، بۆیە ئەوان باوەڕیان بە هیچ توندوتیژییەک نییە.[٤٤] لە بواری کەلەپووریدا، ئەم حێزبە بە تێگەیشتن لە هەلـومەرجی تـایبەتی کوردسـتانی بـاشـوور و نـاسینی شەبەنگی بەردەنــگەکانی، هەســتا بە پێکهێنانی رێکخراوەگەلێک وەک "کۆمەڵی نــووسەرانی ئیسلامی کوردستان". لە باری چاپەمەنیشەوە هەندێ بڵاوکراوەی لە بواری جۆراوجۆردا بڵاوکردەوە. لە کاتێکدا کە رۆژنامەی "یەکگرتوو" بە رێبازی هەواڵ، سیاسی و شیکاریی، وەکو ئۆرگانی فەرمی حێزب بـووە، "پەیامی راسـتی" ئۆرگـانی کۆمەڵی نـووسەرانی ئیسلامی کوردسـتان، بە رێبازی وێژەیی، کەلەپـووریی بڵاوکراوەتەوە. لە پەنـای ئەمـانەدا وەرزنـامەی "هەژان" هەنگاوی نـاوەتە نـاو بـاسە تیۆریک و روونـاکبیرییەکان و ئـاوری داوەتەوە سەر بـانـگەواز و روونکردنەوەی وانە ئایینییەکان لە گوتارێکی گونـجاو لەگەڵ کەشی بلیمەت و دەستەبژێرەکانی کوردستاندا و لەم ئاڕاستەیەدا هەوڵی داوە خۆپـارێزیی بکات لە هەڵبژاردنی مەیلی وتارەکان. بە گشتی کاری ئەم بڵاوکراوانە لە ئاڕاستەی هێورکردنەوەی کەشی گوتاری ئایینی کوردستان و جێخستنی رۆحی چـاوپۆشی و هـاسـانگرتن و لەگەڵ یەک راهـاتن بـووە. هەروەهـا بە بـاشی سەرنجی بـارهێنانی

منداڵان دراوە. لە پەنای بەشی چاپەمەنییەکاندا، بە چاکی سەرنجی راگەیەنەکان دراوە و لە رێگای وەشانی بەرنامە جۆراوجۆرەکانەوە توانیویانە سەرکەوتنێکی رێژەیی لە دەرەتانی ئازاد و رکابەرانەی راگەیەنەکانی کوردستاندا دەستەبەر بکەن.[٤٥]


لە بەراورد لەگەڵ حێزبە ئیسلامییەکانی تر، ئەم حێزبە زیاتر هەڵوێستی کوردانەی هەبووە. لە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، سەلاحەدین محەمەد بەها لە وەڵامی رەخنەی هەندێ لە کەسایەتی و حێزبەکانی جیهانی ئیسلامدا و سەبارەت بە روانگەی لەسەر فەتوا دەرچووەکان لە دژی ئەو گروپانەی کە لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان هاوکاری دەکەن، بە هەواڵنێری ماڵپەڕی "ئیسلام ئانلاین"ی وت: "رای هەر زانایەک وەکو بیروڕایەک جێی رێزە. بەڵام شیاویەتی دەرکردنی فەتوا سەبارەت بەو بابەتانەی کە لە وڵاتی ئێمەدا روودەدەن، لە پلەی یەکەمدا بە خۆمانە. رەنگە دووری ئەوان لە شوێنەکە و تێنەگەیشتن لە دۆخەکە، ئەوان لە دەرکردنی فەتوا بە لاڕێدا دەبات." لە وەڵامی راگەیندراوی ئیخوان موسلمینی ئوردوندا لەسەر بایکۆتی فیقهی بەشداری لە ئەنجومەنی حکوومەتی کاتیی عێراق و پێویستی خەباتی چەکدارانە لە دژی هاوپەیمانان، بە راشکاوی تەواو و بێ رەچاوکردنی هاوبەشییە بنەڕەتییەکان کە لە باری هزرییەوە لەگەڵ ئەم حێزبە هەیەتی، راگەیەندراوە دەرچووەکەی بە ناخۆش ناوبرد و ئەوەی بە نیشانەی بێ ئاگایی ئەوان لە راستییە نکۆڵی لێنەکراوەکانی هەبوو لە عێراقدا هێنایە ئەژمێر.[٤٦] سەرەڕای ئەوە، ئەوان هەندێ باسی گرنگیان لەسەر نەبوونی ناکۆکی لە نێوان نەتەوەخوازیی و ئاییندا هەیە. لەم پێوەندییەدا، یەکێک لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی ئەم حێزبە، ئەبووبەکر عەلی، لە بواری ناسیۆنالیزم و لە ئارادابوونی ئەوە لە بازنەی بیری کەسێکی موسڵماندا کە بەشێک لە دەستەبژێرە سیاسی و هزرییەکانی کوردستانی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە، هەندێ باسی گرنگ و جێی تێڕامانی پێشکەش کردووە.

تایبەتمەندییە جیاوازەکانی ئەم حێزبە پێگەی جیاواز لە دیکەی حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانی پێ بەخشیوە. سەلاحەدین محەمەد بەها سکرتێری ئەم حێزبە یەکێک لە پێنج کەسایەتی کوردی ئامادەبوو لە ئەنجومەنی ٢٥ کەسی حکوومەتی راگواستنی عێراق بوو. عەبدوڕڕەحمان سدێق کەریم یەکێک لە رێبەرانی تری ئەم حێزبە وەزیری ژینگە لە کابینەی کاتی عێراقدا بوو. هەروەها لە کۆمیتەی نووسینی رەشنووسی یاسای بنەڕەتی عێراقدا کە ٢٥ کەس بوون، ٥ کەس لەوان کورد بوون کە یەکێک لەوانە ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی بوو. ئەم حێزبە هەموو خولێک نوێنەرانێکی لە پەرلەمانی عێراقدا هەبووە. لەو ساڵانەی دواییدا یەکگرتووی ئیسلامی چوارەمین حێزبی گەورە پاش PUK ، PDK و گۆڕان بووە.

بە کورتی، هەروەها کە نیک ئەنجام (٢٠٠٣) ئاماژەی کردووە، دەنگدانەوەی کار و کردەوەکانی ئەم حیزبە پیشانی دا کە یەکێک لە چارەسەرییەکانی راگرتنی بۆچوونە ئەوپەڕگیرە ئایینییەکان، کە قازانجێکیان بۆ مەعنەوییەت، ئاوەزمەندیی و پەرەپێدان و هاوسەنگی کۆمەڵگا نییە، سەرنجدان بە هەندێ جێگرەوەی خاوەن بۆچوونی نەرمونیان و گونجاو لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگا و رۆژ، و پشتگیریی لەوانەیە.




ج) هێڵکاری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی باشوور




د) هێڵکاری مێژووی رەوتە ئیسلامییە سەرەکییەکان لە کوردستان و پێوەندی ئەوان لەگەڵ ئیخوان موسلمین (ژمارەکانی ١،٢ و ٣ پاشماوەکانی ئەم بزووتنەوەن)

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە

بە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوە هاوشێوەکان لە دیکەی وڵاتان، مێژووی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە عێراقدا تاڕادەیەک پیشاندەری ئاڵۆزیی زیاترە. ڕەوتە ئیسلامییەکانی سوننە، شێعە و کورد (سوننە و شێعە) لە سێ ناوچەدا هەبوون. ڕێخە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە عێراقدا بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی خوارەوە: کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا (بەتایبەت لە ڕوانگەی شێعەکانەوە)، داڕوخانی خەلافەتی عوسمانی (بەتایبەت لە ڕوانگەی سوننەکانەوە) و سەرکوتی شێعەکان و بەشداری نەدانیان لە دەسەڵاتدا پاش ١٩٢٠. هەروەها، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان دوو هۆکاری هەبووە: یەکەم، خەباتی ئیسلامی لە دژی حکوومەتی ناوەندیی لە ئاراستەی سڕینەوەی هەڵاواردنی نەتەوەیی و هەڵکردنی دادپەروەریی. دووەم، بەرەنگاربوونەوەی گەشەی ڕەوتە نائایینی و سێکیولارەکان لە ناوچە و حکوومەتی هەریمی کوردستان و کەواتە بووژاندنەوەی ئیسلام. لە بەراوردی بزووتنەوەکانی شێعە و سوننەدا، ئیخوان موسلمین کاریگەریی گرنگی لەسەر بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان هەبوو، بەو پێیەی کە لە کوردستاندا جەماوەری شێعەکان کەمترە. فەلسەفەی سەرەکی چالاکی زۆربەی حێزبە ئیسلامییەکانی سوننە و بیرۆکەی ئیسلامیزم لەم سەردەمەدا بە جۆرێ ئۆگری بۆ گەڕانەوەی سیستەمی خەلافەت بوو کە لە بەرانبەر هێزە سێکیولارەکاندا تێکچوو. هەر لەو ئاراستەیەدا، جێبەجێکردنی یاسای ئیسلامی بابەتی سەرەکی بزووتنەوەی ئیسلامی بە گشتی و ئەرکی سەرەکی ئەندامانی ئەوە بریتی لە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانیش، بووە.

هەرچۆنێک بێت، هەلومەرجی جیاوازی کوردستان، بووە هۆی جیاوازیی نێوان ڕەوتە ئیسلامییەکانی ئەوێ لەگەڵ دیکەی ڕەوتە ئیسلامییەکانی عێراق: یەکەم، هەبوونی نەتەوەیەکی جیاواز و بزووتنەوەی ئازادیخوازی بەهێز و درێژخایەن بواری بۆ پەرەپێدانی ڕەوتە ئیسلامییەکانیش خۆش کرد. دووەم، گوشار لەسەر کوردەکان بە گوێرەی دیتران بەردەوامتر بوو. کەواتە، گەرچی تا کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠ بزووتنەوەی ئیخوان موسلمینی کوردستان ڕێکخستنی جیاوازی ئەوتۆی نەبوو، پاش دەرچوون لە عێراق و بەتایبەت پاش کیمیایی بارانی هەڵەبجە واتە ناوەندیی چالاکی ئیخوان لە ساڵی ١٩٨٨ دا، بە کردەوە بەپێچەوانەی دیکەی گروپە سوننەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی حکوومەتی بەعس، خۆیان ڕێکخست. سێهەم، بە پاڵپشتی نێودەوڵەتی لە ١٩٩١ دا کوردستان لە نۆرمی سیاسی زاڵ بە سەر عێراقدا دەرکەوتبوو کە بە کردەوە چالاکی سیاسی حێزبەکانی تر بێجگە بەعسی لە کار خستبوو. چوارەم، بەپێچەوانەی دیکەی بەشەکانی عێراق کە ناکۆکی زیاتر فیرقەیی و لە نێوان عەرەبە سوننە و شێعەکان دایە، لە کوردستان بە هۆی گەشەی سێکیولاریزم، حێزبە

ئیسلامییەکان بۆ رکابەرایەتی سیاسی لەگەڵ رەوتە چەپ و سێکیولارەکان و لە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی و بووژاندنەوەی ئیسلام لە کوردستان هاتوونەتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە.

هەبوونی رەوتی ئیسلامی کوردستان بەم بنەمایە پاساو دراوە کە هەموو پرسەکانی ئایین لە پێنج خاڵدا کورت دەکرێنەوە: ١- پاراستنی ئایین، ٢- پاراستنی گیانی مرۆڤ، ٣- پاراستنی رەگەز و وەچە، ٤- پاراستنی دارایی و ئابووریی و ٥- پاراستنی ئاوەز.[٤٧] بۆیە، ئەم گروپ و حیزبە ئیسلامییانە پاراستنی ئایین و پاراستنی مافی هاووڵاتییەتی و نەتەوەییان بە ئامانجی بەرنامەکانی خۆیان زانیوە. و وێرای کارتێکەریی بزووتنەوە ئیسلامییە گرنگەکان وەک ئیخوان موسلمین، کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان و بزووتنەوەی وەهابییەت، و هەروەها پێوەندیی و هاوشێوەیی لەگەڵ بزووتنەوە و رەوتە ئیسلامییەکانی شێعە و سوننەی عێراق، هەندێ جیاوازیشیان لەگەڵیان هەبووە لە پێوەندی لەگەڵ مافی کورد، پرسە سیاسییەکان و دۆخی کوردستان. لەڕاستیدا، حیزبەکانی تر کێشەی نەتەوەییان نەبووە، بەڵام حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان لە باری سیاسیشەوە داواکاریی بەرابەری لەگەڵ دیکەی نەتەوە موسڵمانەکان بوون. پێویستە بگوترێت کە پێوەندیی ئەوان لەگەڵ دیکەی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دەرەوەی عێراق، زیاتر هزریی و ئایدۆلۆژیک بووە و پێوەندییان لەگەڵ رەوتە ئیسلامییەکانی عێراق بەتایبەت شێعەکان زیاتر سیاسی و لە ئاڕاستەی خەبات لە دژی رەژیمی بەعسدا بووە.

## دەرەنجام

لێکدانەوەی حیزب و گروپە جیاوازەکان بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامی گشتی کوردستان، لەڕاستیدا سێ رەوتی جیاواز بە بیرۆکە و بۆچوونی تایبەتەوە پیشان دەدات:


١. **نەتەوەیی-ئایینییەکان؛** حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر ئەم بۆچوونەی هەیە کە راهاتووترین گروپی ئیسلامییە لەگەڵ کۆمەڵگای مۆدێڕن و تاڕادەیەک دێمۆکراتیک. ئەم گروپە هەروەها کە ئاماژە کرا، بە بێ لقی چەکدارە و نەچووەتە ناو فازی چالاکی چەکدارانە. چالاکییەکەی زیاتر لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای شارستانیدا بووە. نوێنەری راستەقینەی ئیخوان موسلمین لە کوردستان و لە بەر کاریگەریی رێبەرانی سەرەتایی ئەوە بەتایبەت حەسەن بەننا بووە.[٤٨] تاکو ئێستا واپیشانیان داوە کە رێز دەگرن لە دیکەی هزر و بۆچوونەکانی کۆمەڵگا. بەپێچەوانەی دیکەی حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی داواکاریی ئەوەی هەیە کە لایەنگری

دێمۆکراسی و مـــافی مـــرۆڤە و لەگەڵیان ڕێدەکەوێت و ڕێبەرانی حیزبەکەش لە هێنانی یاســـای دێمۆکراتیک بۆ وڵاتەکەیان، خۆیان بە خـــاوەن ڕۆڵی سەرەکی دەزانـــن. لە بـــواری تیۆریکدا لە ئاڕاستەی پێوەندیی نێوان دامەزراوە و بیرە مۆدێرنەکان وەک ناسیۆنالیزم و... لەگەڵ ئیسلام چالاکییان نواندووە. ئەم گرووپە ڕازی بوون لەسەر هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و لە حکوومەتی کاتیی عێراقیشدا بەشدارییان کرد. کەواتە سەرنجدانی نەتەوایەتی، دێمۆکراسی و ڕکابەرایەتی سیاسی ئـاشـتیخوازانە و حیزبی لەم لایەنە ئیسلامییەدا زیاتـر خۆی نـوانـدووە و پـرسە ئـایینییەکانیان لە چـوارچێوەی جیهادی بـانـگەواز و بـانـگخوازیدا هێناوەتە ئـاراوە. ئەمــانە لەسەر ئەو بــاوەڕەن کە بیرۆکە دێمۆکراتیکەکانی پشـتگیریکراو لەلایەن حیزبەوە ڕاهـاتـوون لەگەڵ وانەکانی قـورئـان و نەریت، دوو سەرچـاوەی سەرەکی شەریعەت.[٤٩]

٢. **بناژۆخوازە توندئاژۆوەکان؛** نموونەی بەرچاوی ئەم لایەنە گرووپی ئەنسار ئیسلام بوو کە بەپێچەوانەی یەکگرتـووی ئیسلامی بیر و بـاوەڕەکانیان لە تـاڵیبانیزم و بیری وەهـابییەت و سەلەفییەت نـزیک بـوو. بە تەواوی ئەو ئەحکامەی کە تـاڵیبان لە ئەفـغانسـتان جێبەجێی دەکرد، ئەمانەش جێبەجێیان دەکرد. ئەوان هەندێ جار وەک لقێکی قاعیدە دەناسران و بە تەواوی لە دژی مۆدێرنیتە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوون. بەپێچەوانەی یەکگرتووی ئیسلامی، جیهادی چەکدارانەیان نەتەنیا لە دژی ئەمـریکییەکان بەڵکو لە دژی گـرووپە سێکیولارەکانی کوردستان بە ڕەوا دەزانی. بۆیە سەرنجدانی پاراستنی ئایین بەپێی خوێندنەوەی خۆیان لە ئیسلام لەم گـرووپەدا زیاتـر زاڵ بـبوو. پـاش ٢٠٠٣، کوردسـتان تـاڕادەیەکی زۆر لە بـوونی ڕاشکاوی وەها گرووپگەلێک سڕدرایەوە.

٣. **بـــناژۆخـــوازانی نەریتی و میانەڕەو؛** ئەم ڕەوتە لە نێوان دوو شەبەنگی سەرەوەدایە و پاشماوەی حەرەکەی ئیسلامی کوردستان و حیزبی کۆمەڵی ئیسلامی لەبەردەگرێت. ئەمانە لە بەر کاریگەریی هەردوو ڕەوتی ئیخوان مـوسـلمین و سەلەفی خـوازیدا بـوون. لەلایەک نزیکن لە ئیخوان موسلمینی سەردەمی پاش حەسەن بەننا بەتایبەت سەید قوتب، بە جۆرێ کە ڕێبەرانی سەرەتــایی حەرەکەی ئیسلامی کوردســتان لە ئەنــدامــانی ئیخوانی عێراق، حیزبی ئیسلامی عێراق، بــوون. لەلایەکی تــرەوە، تــاڕادەیەک بەرەو سەلەفی خــوازیی و بەتـایبەت تـاڵیبانیزم ڕاکێشراون و خـاوەن لقی چەکدار بـوون. هەرچۆنێک بێت، ئەمـانە نە وەک ئەنـسار ئیسلام تـونـدڕەو، و نە وەک یەکگرتـووی ئیسلامی لە چـوارچێوەی دامەزراوە

مەدەنییەکانـــدا چـــالاکی بەربڵاویان هەبـــووە. ئەم گـــروپـــانەش بەرەو رکابەرایەتی حێزبی راکێشران.




ە) بیرۆکەی حێزبە ئیسلامییەکان و پێوەندییان لەگەڵ نەتەوایەتی و رادیکالیزم

لە بەراوردی ئەم سێ رەوت و بیرۆکەدا، رەوتی نەتەوەیی-ئـــایینی بەپێی هەڵوێستە جیاواز و ئەرێنییەکانیان سەبـــارەت بە پـــرسە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان و تێگەیشتن لە هەلـــومەرجی تایبەتی کوردستان لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی-سیاسی جیاواز، بە گوێرەی دوو رەوتەکەی تـر، پێگەیەکی بـاشـتری لە کۆمەڵگای کوردسـتانـدا هەبـووە و بیرۆکەی ئەوپەڕگیری تـاڕادەیەک پێگەی خۆی لە دەســت داوە. دەســتەبەرکردنی لەسەدێکی تـاڕادەیەک بەرز لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دەیانەی دوایی لەلایەن حێزبی یەکگرتـــووی ئیسلامییەوە، هەبـــوونی پێگەی تـــاڕادەیەک باشی رەوتە نەتەوەیی و میانەڕەوەکان بە گوێرەی بناژۆخوازە نەریتی و توندئاژۆوەکان پیشان دەدات.

✦

## سەرچاوەکان:

[1] ئەم وتـارە یەکەم جـار بە زمـانی فـارسی لە گۆڤاری رۆژەڤ، بڵاوکراوەی خـوێندکارانی زانکۆی تـاران، ژمـارە ١٤، ١٥ و ١٦ سـاڵی ١٣٨٩ی هەتاوی (٢٠١٠)، لل. ١٩١–٢١٠ بڵاو کرایەوە. پاش هەندێ چاکسازیی وەشانی ئینگلیزییەکەشی لە بڵاڤۆکی توێژینەوە کوردییەکان، سەر بە بەشی تـوێژینەوە کوردییەکان، دێپارتمانی تـوێژینەوەکانی رۆژهەڵات، زانکۆی یاگیلۆنیەنی لەهستان، ژمـارە ٧–٨ ساڵی ٢٠١٥، لل. ١٥–٣٧، بڵاو کرایەوە.

[2] محمد باقر خرمشاد، **جزوه کلاسی درس «جنبشهای اسلامی قرن ٢٠» سطح کارشناسی ارشد**، دانشگاه علامه طباطبایی: دانشکده حقوق و علوم سیاسی، بهار ٢٠٠٥/١٣٨٤.

٣ بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: حسن سیف زاده، **عراق، ساختارها و فرآیند گرایشهای سیاسی**، چاپ اول (تهران، چاپ دایره سفید، ١٣٧٩/٢٠٠٠)، ص ٦٩. هەڵبەت لەم پەرتووکەدا جەماوەری کوردەکان ١٨٪ هێنراوە بەڵام ئامارە فەرمییەکانی دواتر نزیکەو ٢٠٪ پیشان دەدەن.

٤ بڕوانە: رضا ناظمیان، **جریانهای سیاسی معاصر عراق**، (کرج: مؤسسه فرهنگی کتاب و عترت، ١٣٨١/٢٠٠٢)، ص. ٨٧.

٥ هەر ئەوە، ل. ٩١.

٦ هەر ئەوە، ل. ٣٨. و: ئیدریس سیوەیلی، **ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان (١٩٤٦–١٩٩١)**، چاپی دووەم، ٢٠٠٩.

٧ Saeed Kakei, (2013) 'The Islamic Movement of Kurdistan: From conflict to cooperation.' Retrieved from http://www.ekurd.net/mismas/articles/misc2013/3/state6950.htm (last accessed January ١٣, ٢٠١٤).

٨ ئیبراهیم مەردۆخی، کۆڕی «ئیسلام، سیاسەت، سێکیولاریزم»، **حەوتەنامەی «ڕۆژهەڵات»**، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٤، ٢ی خەرمانانی ١٣٨٣ هەتاوی/٢٠٠٤، لل. ٩–٨. و: سیوەیلی، ٢٠٠٩.

٩ Jamal, Hiwa (November 29, 2004). An Islamic Political Current in Iraqi Kurdistan. Retrieved from http://The tharwa project-file://D:\Docume~١\Admin~1\Locals~1\Temp\xkqw60tz.htm (last accessed 2005).

١٠ مەردۆخی، ئەوەی پێشوو. و: سیوەیلی، ٢٠٠٩، ل. ٨٣.

١١ Hiwa Jamal, op.cit.

١٢ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم وردە گروپانە، بڕوانە: ناظمیان، پیشین، صص. ٢٧٥–٢٦٩ و سیوەیلی، ٢٠٠٩، ل. ١١٢.

١٣ مەردۆخی، ئەوەی پێشوو.

١٤ Islamic Movement in Kurdistan

١٥ هیوا نیک انجام، «اتحاد اسلامی کردستان؛ اسلام کردی در گفتمانی متفاوت»، **مجله "روانگه"**، سال چهارم، شماره ١٦، مهر ١٣٨٢/٢٠٠٣، صص ٢٥–٢٣.

١٦ Kakei, 2013.

١٧ PDK (KDP): پارتی دیمۆکراتی کردستانی باشوور و PUK: حیزبی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی باشوور.

١٨ نیک انجام، ئەوەی پێشوو.

١٩ Kakei, 2013.

٢٠ «گزارش سازمان دیدەبان حقوق بشر از انصار الاسلام در کردستان عراق»، مترجم: عبدالباقی روشنی، **هفته نامه "ڕۆژهەڵات"**، شماره ٣، سال اول، ١٣ اسفند ١٣٨٢/٢٠٠٤، ص ٤.

٢١ Kakei, 2013.

٢٢ نیک انجام، ئەوەی پێشوو.

٢٣ Kakei, 2013.

٢٤ محسن محمودی، «ئەنسارولئیسلام، گرووپیکی تیروریستی یان پێڕەوانی ئیسلامی ڕاستەقینە!»، **هفته نامه «ئاسۆ»**، شمارە ٨٦، ٨ اسفند ١٣٨٣/٢٠٠٥.

٢٥ محمودی، ١٣٨٣. و: Kakei, 2013.

٢٦ «گزارش سازمان دیدەبان حقوق بشر ...»، عبدالقادر روشنی، ئەوەی پێشوو. و، مەردۆخی، ئەوەی پێشوو.

٢٧ «گزارش سازمان دیدەبان حقوق بشر ...»، عبدالقادر روشنی، ئەوەی پێشوو.

٢٨ هەر ئەوە.

٢٩ هەر ئەوە.

٣٠ Kurdish Islamic Movement (13 January, 2003). Media reports. Retrieved from http://news.bbc.co.uk file://A:Lislamic-L.htm (last accessed April 2005).

٣١ «کۆمەڵ»، ڕۆژنامەی سیاسی و ئۆرگانی حیزبی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، ژمارە ١، ٢/٦/٢٠٠١، ل ١. لە ماڵپەڕی: <www.komall.org> (خاکەلێوەی ١٣٨٤ هەتاوی/٢٠٠٦).

٣٢ نیک انجام، ئەوەی پێشوو.

٣٣ «هەواڵی ئازادی مەلا عەلی باپیر»، ماڵپەڕی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان (عەرەبی – کوردی): <http://www.komall.org> (خاکەلێوەی ١٣٨٤ هەتاوی/٢٠٠٦).

٣٤ Kakei, 2013.

٣٥ لەم پێوەندییەدا دەبێت ئاماژە بکرێت کە یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵ، فازڵ قەرەداغی، لە ساڵی ١٩٩٨ دا پەرتووکێکی لە ژێر ناوی "ئەفسانەی دیمۆکراسی" نووسیبوو.

٣٦ Hiwa Jamal, op.cit.

٣٧ ماڵپەڕی «کۆمەڵی ئیسلامی»: <www.komall.org> (خاکەلێوەی ١٣٨٤ هەتاوی/٢٠٠٦).

٣٨ komalnews.net, 2014.

٣٩ نیک انجام، ئەوەی پێشوو.

[٤٠] «هەواڵی گرتنی ڕێبەری بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان» **ماڵپەڕی بی بی سی نیوز**، http://newssearch.bbc.co.uk/cgi-bin
(خاکەلێوەی ١٣٨٤ هەتاوی/٢٠٠٦).

[٤١] Kurdish Islamist Movement, op.cit.

[٤٢] Kurdistan Islamic Union (KIU)

[٤٣] Hiwa Jamal, op.cit.

[٤٤] نیک انجام، ئەوەی پێشوو.

[٤٥] هەر ئەوە.

[٤٦] هەر ئەوە.

[٤٧] ئیمام شاتبی لە پەرتووکی «الموافقات» وتوویانە کە ئامانجەکانی ئیسلام جگە لەم پێنج بنەمایە نییە. گروپە کوردە ئیسلامییەکانیش کە زۆربەیان سوننەن زیاتر لەم بنەمایە پێڕەوی دەکەن. بڕوانە: مەردۆخی، ئەوەی پێشوو.

[٤٨] هیوای میرزا سابیر لە ئەندامانی باڵای یەکگرتووی ئیسلامی وتوویە کە:«بەرنامەی ناوخۆیی ڕاهاتووکراو لەلایەن حێزبەکەیەوە لەڕاستیدا بەپێی نووسراوەکانی بەننا، ئەحمەد ڕاشید و دیکەی زانا ئیسلامییەکانە.»، بڕوانە: Jamal, op.cit.

[٤٩] Hiwa Jamal, op.cit.

# بەربەستەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی باشووردا[1]

بە درێژایی سەدەی رابردوو رەوت و بزاڤە ئیسلامییەکان هەوڵدای دیسان پێکهێنانەوەی دەوڵەت و خەلافەتی ئیسلامی بوون و لە بەرانبەر بزاڤی سێکیولاریستی و پەڕاوێزکەوتنی ئایین، هەموو هەوڵەکانیان خستە گەڕ بۆ زاڵبوونەوە بەسەر هەموو بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژیندا. ئەم رەوتە هەموو وڵات و کۆمەڵگا موسڵمانەکانی لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا گرتە بەر و لە هەندێ شوێندا سەرکەوت و لە هەندێکی تردا پێی خست. دیارە بە پێی کات و شوێن هۆکار و لەمپەڕەکانی سەرکەوتن یان پێخستنی جیاواز بوون. کەشی پێکهاتوو کوردەواری و کۆمەڵگای کوردیشی خستە ژێر کاریگەریی خۆی و هەرێمی باشووری کوردستانیش بە هۆی پێوەندیی بە عێراق و وڵاتانی عەرەبییەوە هەر لە سەرەتاوە لە بەر تەوژمی ئەوەدا بووە، بەڵام یەک لەو شوێنانە بوو کە ئەو رەوتە نەیتوانی لەوێدا وەکو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی سەرکەوێت و هەوڵە چەکدارانە و توندوتیژاویەکانیش بە شوێنێکی نەگەیاند. هەر بۆیە پرسیارێک کە لە ئارادا بووە، ئەوەیە کە بەربەستەکانی ئیسلامی سیاسی و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی لە کوردستاندا چی بوون و بۆچی نەیتوانی ببێتە گوتاری زاڵ و پێی خست؟ گەرچی ئەو هەویرە ئاوی زۆری دەوێت، لەم وتارەدا بە کورتی ئاورێک دەدرێتەوە سەر لەمپەڕە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان بەتایبەت گرنگترینیان. لەم ئاڕاستەیەدا گریمانەی وتارەکە ئەوەیە کە هەبوونی پرسی نەتەوەیی وەک سەرەکیترین کێشەی کوردستان و ژێرخانی کێشەکانی تر و پێشترێتی نەتەوەخوازیی و زاڵیەتی گوتاریی نەتەوەیی کە باڵی کێشاوە بە سەر هەموو بوارەکانی تردا، گرنگترین لەمپەڕ لە بەرانبەر زاڵبوونی گوتاری ئیسلامی سیاسی و دیکەی بیرۆکەو ئایدۆلۆژیاکاندا بووە. لە درێژەدا وێرای ئاماژە بە هەندێ لەو لەمپەڕ و هۆکارانە، زیاتر دەوری پرسی نەتەوەیی شی دەکرێتەوە.

## پاساودارێتی و نەبوونی بۆشایی

لە پێوەنـدی لەگەڵ بەربەسـت و لەمـپەڕەکانی ئیسلامی سیاسی، رەنـگە هەنـدێ لایەنی تیۆری کۆمەڵناسی زانیاریی (ناسیاریی و مەعریفە)[٢] پیتەر بێرگەر لێرەدا یارمەتیدەر بن. لەو تیۆریەدا، هەنــدێ چەمک وەک دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و پێکهاتنیان، پـاسـاودان و پـاسـاونــوێنی، شەرعییەت و پێکهاتنی ئاستی هێمایین، ئامرازە ئاوەزییەکان دەبینرێن کە دەکرێ بۆ شیکاریی لێرەدا کەڵکیان لێوەرگیردرێت. لە روانگەی بێرگەرەوە، هیچ بیرۆکەیەک ناچێتە ناو بۆشاییەوە، بەڵکو لە کۆمەڵگاکانــدا بەرەوڕووی پێکهاتە و بیرۆکەکانی لە پێشدا هەبــووی ئەو کۆمەڵگایانە دەبێتەوە و بـارودۆخی ئەو کۆمەڵگایە لە وەرگرتـن و پەرەسەندنی بیرۆکەی نـوێدا گرنـگایەتی هەیە.

لە مێتۆدۆلۆژی بێرگەردا، زانیاریی و ئـایین پێڕەوی دۆخ و هەڵکەوتی یاریزانـان لەم جیهانەدان. پێوەنـــدیی دوولایەنە لە نێوان هەڵکەوتە دەرەکییەکان و پێکهاتەی زەینی-زانیاریی هەیە کە کەس نـاتــوانێت لێی دەربـاز بێت. ژین-جیهان ئـاخێزگەی هەمــوو واتــاکان و نـاسیارییە مـرۆییەکانە. پێکهاتە و بیچمبەنـدییە کۆمەڵایەتی-کەلەپـوورییەکانی پێشتر هەبـوو لە کۆمەڵگا رۆڵی زۆر دەگێڕن لە وەرگــرتــن و نەگــرتنی بیرۆکەی نــوێدا. هەر جۆرە ئـاگــاییەک تەنیا لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا پاساودارە. ئەو بارودۆخە لە روانگەی بێرگەرەوە، پێکهاتەی پـاسـاونـوێنی (Plausibility Structure)یە. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان هەمـوو کاتێک پێویستیان بە گۆڕانی پێکهاتەکانی پـاسـاونـوێنییە.[٣] رۆڵی پـاسـاودان ئەوەیە کە کارێک بکات دامەزراوە کۆمەڵایەتییە پێکهاتــووەکان لە بـــاری بەرچـــاویی و کردەوەییەوە (عەینی) بەکاربهێنرێن و لە باری زەینییەوە پاساودار و قەبووڵکراو پیشان بدرێن.[٤]

هەرچەنـد بێرگەر ئەو تیۆریانەی لە شـوێنی تـر و بۆ شـت و مەبەسـتی تـر بۆ وێنە چـوونی مۆدێرنیتە بۆ کۆمەڵگا نەریتییەکان بەکارهێنا، لێرەدا لە پێوەنـــدی لەگەڵ هـــاتنی ئیسلامی سیاسی لە واتـای سەردەمـدا و لە سەر بـنەمـای گیانی یەکیەتی ئـومـمەتی ئیسلام و لەبەرچـاو نەگـــرتنی جۆراوجۆریی، لێی کەڵك وەردەگیردرێت بەتـــایبەت لە سەر نەتەوەخـــوازیی و بـزووتـنەوەی رزگـاریخوازیی کە بەربـاسی ئەویش بـوون. بەپێی ئەو بیروڕایە لەو بـارودۆخەی کوردستاندا کە کێشەی سەرەکی پرسی کورد و مافی سیاسی بووە، هێزی ئیسلامی سیاسی کە وەک بیرۆکەیەکی دەرەکی بۆ کوردستان لەبەرچاو گیراوە، نەیتوانی پێکهاتەکانی پاساونوێنی کە بۆ بزووتنەوەی کوردی هەبووە و بارودۆخ ئەوەی ویستووە، بگۆڕێت. کوردبوون یەکێک لە بەســتێنە بەهێزەکان بـــووە بۆ واتــابەخشین بە ژیانی تــاکی کورد. هەروەهــا پـــارێزەرانی

کەلەپووریی نەریتی بۆ بەرگیری لە گواستنەوەی بیرۆکەی نوێ دەستیان داوەتە پەرچەکردار. لە بەرانبەر پرسی نەتەوەیی و کەلەپووریی ئایینی نەریتیدا، ئیسلامی سیاسی وەک هاوردەیەک تووشیاری قەیرانی پاساونوێنی بوو.

## هەندێ لە بەربەستەکان

مەبەست لە ئایینی سیاسی ئەوەیە کە یاریزانانی ئایینی بە تەواوی دەچنە ناو بازنەی تایبەت بە بابەتە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان و زۆربەی کات ئامانجی ئەم بیرۆکە پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی و دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتە بۆ جێبەجیکردنی دەستێوەردانی هەمەلایەنە لە کۆمەڵگا و ژیانی تاکەکانیدا کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەمدا نەتەنیا لە نێو نەچووە بەڵکو پێوەندی لەگەڵ سیاسەت، هەرچەند کاتیش بێت، زیاتر بووە.[5] کوردستانی باشوور لەو کۆمەڵگایانەیە کە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی نەیتوانی تێیدا زاڵ بێت. دیارە سەرهەڵدان و هاتنی ئەو بیرۆکە بۆ کوردستان، سەرهەڵدان لە بۆشاییدا نەبووە و لە پێشدا جموجووڵی هزریی، سیاسی و کۆمەڵایەتی تر لە کوردستاندا هەبووە کە ئەم بیرۆکە نوێیە رووبەڕوویان بووەتە. بۆیە هەندێ هۆکاری کۆمەڵایەتی-سیاسی لە بەرانبەر زۆر پەرەسەندن و زاڵیەتی ئەو بیرۆکەدا وەک بەربەست بوون. بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵگای کوردەواری، بە کورتی دەکرێ بڵێین هەندێ لە بەربەستەکانی پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی بریتین لە:

١. هەبوونی پرسی کورد و بەهێزی ناسیۆنالیزمی کوردی و خەباتی نەتەوەیی دوور و درێژ (کە لە دواییدا زیاتر شی دەکرێتەوە).

٢. بەشێک لە مێژووی سیاسی کۆمەڵایەتی کورد لە ژێر کاریگەریی تەرێقەتدا بووە.[6] مانەوەی میراتی ئەو جۆرە ئایینداریێتییە و سیاسەتی نەتەوەیی-مەعنەوی قۆناخی دووەمی خەباتی نەریتی کورد کە ئایینی، بە واتای هەبوونی ئامانجی ئایینی پەتی، نەبوو و راهاتوویی هێزی کۆمەڵایەتی سەر بە ئایینی نەریتی کوردستان لەگەڵ هێزی سیاسی سێکیولار و جاروبار پێکهاتنی یەکگرتوویی لە نێوان ئەوانەدا، وەک لەمپەرێک بووە لە بەرانبەر ئیسلامی سیاسی سەردەمدا. بۆ وێنە بێ رێزی کردن بە قەبری شێخەکان لە تەوێڵە کاریگەریی هەبوو لەسەر بەرگیری لە ئیسلامی سیاسی توندڕەو و بووە هۆی پێکهاتنی یەکگرتوویییەک لە نێوان هێزی سێکیولار و ئیسلامی نەریتیدا. بۆیە لەم سەردەمەشدا وەک

سەردەمی زاڵیەتی سیاسەتی مەعـــنەوی، جۆرێ رێککەوتـــن لە نێوان هێزی سێکیولار و ئیسلامی نەریتیدا هەبووە.

٣. بە فەرمی نەنـاسینی مـافی نەتەوەیی کورد لەلایەن حێزبە ئیسلامییەکانەوە وەک حێزبی ئیسلامی عێراق و لە ئـاکامـدا هەڵگیرسـانی هەسـتی نەتەوەیی لە نـاو بـزاڤی ئیسلامی کوردستان بۆخۆی، وەک بەربەستێک و رێگرێک بوو لە بەرانبەر تەوژمی ئیسلامی سیاسیدا. ئیسلامی سیاسی نە دانی بە مـافی کورد نـا و نە بە کردەوە بەرنـامەیەکی بۆ چـارەسەریی کێشەی کورد وەک دیکەی نەتەوە مــوسڵمانەکان هەبـــوو. بۆیە روانـــگەی سیاسی نـاسیۆنـالیزمی کوردی و حێزبە کوردییەکان بـاڵی کێشابـوو بەسەر بەشێکی گـرنـگ لە ئەنـــدامـــانی سەر بە حێزبە ئیسلامییەکان و بەرەو ئەو روانـــگەیە رایانی دەکێشا و لەم نێوانەشـدا گـرنگی نەدان بەم مـافە لەلایەن هێزە ئیسلامییەکانەوە خۆی بـووە کاتـالیزۆری پێکهاتنی کەلێنی نێوان هێزی ئیسلامی کوردی و عەرەبی و قـــورسی ئەو راکێشانە بەرەو بازنەی سیاسەتی نەتەوەیی و کەمکردنەوەی خەستی توندڕەویی.

٤. ئیسلامی سیاسی بە هۆی دەستێوەردانی لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا، هۆی گرژی و توندوتیژی کۆمەڵایەتییە و بە راشکاوی لە دژی هەندێ بواری کەلەپووریی و کۆمەڵایەتییە. چـــوونی بەشێک لە لایەنە ئیسلامییەکان بەرەو تـونـدڕەویی و رووبەرووبـوونەوە لەگەڵ بەشێک لە کەلەپووریی خەڵکی کورد و هەروەها بیری سێکیولار بووە هۆی پێکهاتنی جۆرێ خۆڕاگـری و تـرس لە نـاو خەڵک لە بەرانـبەریدا کە خۆی وەک بەربەسـتێک کاری کردووە. کەچی بەپێچەوانەی ئیسلامی سیاسی و تـونـدڕەو، ئـاییندارێتی هێوری نەریتی کوردسـتان بە جۆرێ راهـاتـووتـر بـووە لەگەڵ کەلەپـووریی کورد.[٧] بۆ وێنە لە نـاو کوردان و بە پێی مەزهەبی شـافیعی، ریش تـراشین کێشەیەکی ئـایینی قـورس نەبـووە یان جـلوبەرگی ژنـانی کورد کێشەدار نەبـووە. کەچی "جند ئیسلام" لە ٢٠٠١ دا دانـانی ریشی بۆ هەمـوو پیاوان یان لەسەر کردنی چـارشێو و بـاڵاپۆشی بۆ ژنـان بە جێی جـلی کوردی و نەریتی و تـاڕادەیەک کراوەتری کردبوو بە زۆرەملێ.[٨]

٥. پـــاش کزبـــوونی قۆنـــاخی خەبـــاتی نەریتی و سەرهەڵدانی خەبـــاتی مۆدێرن و حێزبی، سیاسەتی زاڵ بە سەر کوردســـتانـــدا سیاسەتی سێکیولار بـــووە. بە پێکهاتنی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، زاڵیەتی حێزبە سێکیولارەکان بە سەر کەشی سیاسی کوردسـتانـدا، دەرەتـانی چـالاکی ئـاییی بەرتەسکتر کردبـووەوە. بە خۆ نـاسـانـدن وەکو ئـاڵاهەڵگرانی سەرەکی بەدواداچوونی پرسی نەتەوەیی وەک سەرەکیترین پرسی کوردستان و پێشەنگانی خەباتی

نەتەوەیی-سیاسی، شەرعییەتی خۆیان پــتەوتــر کردبــووە. کەواتە دەسەڵاتی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئەمــان بەهێزتــر بــوو و ئەمە وەک بەربەســتێک بــوو لە بەرانــبەر گەیشتن بە دەسەڵاتی لایەنە ئـایینییەکان. لە کاتی رزگـاربـوونی باشووری کوردستـانیشەوە، هەبـوونی سیستەمی سیاسی سێکیولار کە بڕوای بە ئــازادی دیکەی پێکهاتە ئـایینیەکان هەبــووە، لە تەشەنەی زیاتــری وەهــا بیرۆکەیەک بەرگیری کردووە. چـالاکی روونـاکبیرانی سێکیولار و ئـازادی و دەسەڵاتی راگەیەنەش لەو دەرەتـانە سێکیولارەدا بۆخۆی کاریگەریی هەبــووە لە ئاگاکردنەوەی خەڵک و بەرگیری لە برەوی بیری توندوتیژاوی.

٦. هەروەها ملدان بە یاری دیمۆکراتیک و بەشداریی لە هەڵبژاردنەکان لەلایەن بەشێکی زۆر لە هێزی ئیسلامی کوردستان و هاوکات لاواز دەرکەوتنیان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، کاریگەریی هەبـــوو لەسەر راگیرکردنی ئیسلامی سیاسی. یەکێک لە رێگاکانی راگیرکردن و کۆنتڕۆڵی دژبەرانی سیاسی و تــونــدڕەوان، بەشــداریی دان و تــلانــدن و تێوەگـلانیان لە گۆڕەپــانی سیاسەتی کردەوەییدایە تــاکو خۆشیان بە کردەوە تــووش و بەشــداریی کێشەکان بــن و بەتەنیا و بە بێ ئاگایی لە کێشەکان و پشت پەردەی سیاسەت، کاریان رەخنە و خۆ شیرین کردنی روونـاکبیرانە نەبێت. وێڕای نـاشـارەزایی و نەبـوونی ئەزمـوونی سیاسی مۆدێرن و حێزبـایەتی بە شێوەی مۆدیرن و لە ئاکامدا لاواز دەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا، بەشداریی لایەنە ئیسلامییەکان لە حکوومەتدا و ئاگاداربوونەوە لەسەر بنەمـا سەرەکییەکانی پـرسی کورد و سیاسەتی پێوەنـدیدار، ئەوانەی لە کەوتـنە داوی ئیسلامی سیاسی تۆخ پـاراسـت و شەرعییەتی زیاتریشی بە حکوومەتی کوردی بەخشی. لەلایەکی تریشەوە، ئەم رێکەوتنە لە خۆیدا بــووە هۆی دووری بەشی زۆری ئیسلامییەکان لەو بەشە بــچووکەی هێزی ئیسلامی تــونــدڕەوی دژە حکوومەتی کوردی و دەرەنــجام لاوازی و سەرنەکەوتنی ئەوان کە خۆیان تـــاودابـــوو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ئیسلامی و لە نێوبـــردنی هێزە سێکیولارەکان. لەم نێوانەشـدا، پـاڵپشتی حکوومەت لە زانـایانی ئـایینی و تەرخـانکردنی بۆدجە بۆ کاروبـاری ئـایینی لە رێگای وەزارەتی ئەوقـاف و دەرگیربـوونیان لەگەڵ بەشێک لە حکوومەت، لەسەر خۆپارێزی زانایان لە توندڕەوی، کاریگەریی هەبووە.

٧. پەرەسەندنی کەشی جیهانی دژە تیرۆر و گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە پاش ٢٠٠١ کە لە خۆیدا پاڵپشتێک بووە بۆ سیاسەتی سێکیولاری حکوومەتی هەرێم، بەربەستێکی گرنگی تر بوو لە بەرانبەر پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسیدا. ئەم کەشە بە جۆرێ بووە هۆی تۆقاندنی هێزە ئیسلامییەکان و هەوڵیان بۆ خۆ بە دوور زانین لە تــونــدوتیژیی و ئیدانەکردنی ئەوە.

لەم ئـاسـتـەدا حکوومەتی هەرێم کەوتە بەرەی هێزی جیهانی دژە تیرۆر و هەر لەو کاتەشـدا هەنـــدێ کردەوەی تێرۆریستی لە کوردســـتان، پـــاســـاو و دەرەتـــانی بۆ حکوومەت لەبۆ بەرەنـگاربـوونەوەی ئیسلامی تـونـدڕەو پێکهێنا و هەلی زیاتـری رەخـسانـد بۆ راگیرکردن و دامرکاندنیان.

لەو بابەتانەی سەرەوە پـرسی نەتەوەیی و نـاسیۆنـالیزمی کوردی بە گرنگترین لەمپەڕ و خاڵی ناوەندیی دەزانرێت کە ئەو بابەتەکانی تریش لەگەڵی لە پێوەندیدا بوون. بۆیە لە درێژەدا زیاتر شرۆڤە دەکرێت.

## پرسی نەتەوەیی و نەتەوەخوازیی؛ گرنگترین بەربەستی ئیسلامی سیاسی

هەبـوونی پـــرسی نەتەوەیی و بـــزووتـــنەوەی نەتەوەخـــوازیی، لەمـــپەڕی سەرەکی لە بەردەم ئیسلامی سیاسیدا بـووە و لە پەنـایدا بـابەتەکانی تـر لە دەور ئەو پـرسەدا رۆڵیان گێڕاوە. دیارە گەر کوردیش دەوڵەتی هەبایە و کێشەی سیاسی-نەتەوەیی نەبوایە، ئەگەری ئەوە زیاتر بوو کە وەک وڵاتێکی زۆرینە مـوسڵمان بکەوێتە بەر پەلامـاری زیاتـر و زاڵیەتی ئەو بیرۆکە. ئەوەی تـاکو ئێستا ئـایدۆلۆژیە جیاوازەکانی پێکەوە گـرێ داوە ئەو پـرسەیە. لە نەبـوونی ئەوەدا دەبـوو کە شەڕی ئادیۆلۆژییەکان؛ لیبراڵ، چەپ و ئیسلامی، دەیتوانی بەرچاوتر بێت. ئەگەرچی ناکۆکی و دژایەتی هەبـووە بەڵام بە هۆی زەقـبوونی کێشەی نەتەوەیی، بە ئـاسـتێ نەگەیشتبوو کە ببێتە هۆی زاڵیەتی یەک لەوانە بەتەنیا بۆ وێنە ئیسلامی سیاسی. هەروەها، وەک ئاماژە کرا ئیسلامی سیاسی بەرنـامەیەکی بۆ ئەو پـرسە نەبـوو و لە دەوری تێزی یەک ئـومـمەتی دەسووڕایەوە و لە بەرانـبەر کوردا ئیسلامـخوازەکان سەر زار و بـن زاریان یەک ئـومـمەتی و مـوسڵمان بـوون بـوو، کەچی عەرەبەکان بۆخۆیان بە دەیان دەوڵەتیان هەبـوو. ئەوە لە کاتێکدایە کە کێشەی سەرەکی کورد پرسی نەتەوەیی و نەبوونی مافی سیاسی و بەرابەری لەگەڵ دیکەی نەتەوەکان بوو. بۆیە هەبوونی ئەو پرسە و نەتەوەخوازیی، لە خۆیدا تاکو ئێستا بەربەستێکی باش بووە.

پـــاســـاودارێتی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە لایەنی نەتەوەیی و ئیسلامی نەریتی، بەهێزتر و خـاوەن مێژووی زیاتر بوون و پرسی کورد زیاتر یەکیەتی، کە ئامانجی پاساودەران بـووە، پێکهێناوە. هەروەهـا شەرعییەتی سیستەمی دامەزراوەیی گـرنـگە کە بە هۆی بـــوونی پـــرسی کورد، نەتەوەخـــوازیی شەرعییەتی زیاتـــر و لە پێشترێتیدا بـــووە. پـــاســـاودانی نەتەوەخـوازیی لە ئـاسـتی هێماییـن (سەمـبولیک)دا بەهێز بـووە و گشـتییەتییەکی هێماییـنی

پێکهێناوە. شێوەکانی پاساودان ئامرازە ئاوەزییەکانی پاراستنی هەرێمی هێماییین[٩]، کە لە هەرێمی هێماییینی کوردی پارێزگاریی کردووە. هەر لەم پێوەندییەدا، سەرکەوتنی پاساودان گرێدراوی دەسەڵاتە و لە ئاستی کوردستاندا شێوازەکانی پاساوی هێزە نەتەوەخوازەکان بەهێزتر لە ئیسلامی سیاسی بووە. هەروەها رێکخراوی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت سیاسی بۆ پاراستنی هەرێم و بازنەی کۆمەڵایەتی لە نێو هێزی ناسیۆنالیستدا بەهێزتر و بە ئەزموونتر بووە. هەرچۆنێک بێت پاساودارێتی پرسی نەتەوەیی کورد هێند بەهێز بووە کە زاڵ بووە و وەک لەمپەرێکی لێکردووە لە بەرانبەر بیرۆکەکانی تردا. ئیسلامی سیاسی تەنانەت لەو شوێنانەشدا بەرگری مافی کوردی کردووە بە هۆی هەڵگرتنی هەندێ لایەنی تر کە زاڵ بوون بەسەریدا و بە گوێرەی پرسی کورد نەرێنی بوون، نەیتوانی پاساودارێتی ئەوتۆ دەستەبەر بکات. لەم نێوانەدا پاساودەرانی سێکیولار و خاوەن ئایینی نەریتی شۆڕشی کوردی و بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی لە ناو کوردا بەهێزتر و پاڵپشت و پێکهێنەری شوناسی کوردی هاوبەش بوون و رێزیان لە هەموو پێکهاتەیەکی کوردی-ئایینی گرتووە. کەچی ئیسلامی سیاسی مەترسی بووە بۆ سەر بەشگەلێک لە هەڵگرانی ئەم شوناسە بۆ وێنە سێکیولار و کوردە ناموسڵمانەکان.

لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەییدا، نەتەوەخوازیی کاریگەرترین شێوازیی دژکردەوەی ئایدۆلۆژیک بۆ رەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا بووە. بە وتەی بێرگەر نەتەوەخوازیی خۆی بە شوناسە سیاسییە کۆنەکانەوە دەلکێنێت و هاسانتر لەگەڵ نەریتە کۆنەکاندا پێوەند دەدرێت. نەتەوایەتی بە کۆ و تەنانەت تاک شوناس دەبەخشێت. هێما نەتەوەییەکان لە دۆخی خەبات بۆ سەربەخۆیی سیاسی و رزگاریی لە زاڵیەتی و تەشەنەی بێگانە، رۆڵی بەرچاویان هەبووە و هۆی یەکخستنی سیاسی گرووپە جۆراوجۆرەکان بوون.[١٠] لەم پێوەندییەدا، بۆ کوردستان ئیسلامی نەریتی کۆنتر و راهاتووتر بوو تا ئیسلامی سیاسی نوێ کە لە بەرانبەر ئەم رەوتەدا و راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ئاراستەی زاڵبوونەوەی بێگانەدا بوو یان وەها راڤەیەکی لێکرا.

لە نموونەکانی پێوەندیی ئیسلامی نەریتی و ناسیۆنالیزمی کوردی دەکرێ بە پێکهاتنی بەرەی یەکگرتووی دوو رێکخراوی "پارتی نیشتمانی کوردی" و "پارتی ئیسلامی کوردی" لە پاش قۆڵبەست کردنی شێخ مەحموودی حەفید ئاماژە بکرێت کە لە بەرانبەر ئینگلیزدا بە مەرجی سەربەخۆیی کوردستان حەزیان لە پێوەندی لەگەڵ تورکان هەبوو. یان مەبەست لە دامەزرانی "حیزبی ئیسلامی کورد" لە ١٩٣٤ دا لەلایەن عەبدوڵڵا بەگ و محەمەد سەعید بەگی جاف،

بەدیهاتنی داوا و مافەکانی کورد بووە کە بە ئاگاداری لەسەر تەشەنەی ئایین لە کوردستاندا بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی لە دەور خۆ وشەی "ئیسلامی"یان لێ زێدە کردووە. هەروەهــا دوای هەڵگیرســانی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١) و پــاش هــاتــنە سەرکاری بەعسییەکان لە (١٩٦٨)دا، شێخ عـوسـمان عەبـدولـعەزیز لە سەردانی مەلا مستەفـا بـارزانیدا پێشنیاری دامەزرانـدنی یەکیەتی زانایانی ئایینی بۆ بەشداری و بە دەمەوەچوونی شۆڕشی کورد، دەکات.[١١]

لە قۆناخی دواتریشدا، ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازیی لایەنی ئیسلامخوازانی کورد و ئەوەی کە وێڕای ئیسلامی بــوون شــونــاسی کوردییان لاگــرنــگ بــووە، خۆی لە ئیسلامێکی سیاسی فرەخەست بەرگیری کردووە و جۆرێ هۆی قەڵشت لە نێوان بەرەی ئیسلامی کوردی و ناکوردی واتە نەتەوەکانی تـر بـووە کە کێشەی نەتەوەییان نەبـووە. لەم پێوەنـدیەیدا، وێڕای هەڵوێستی ڕەوتی ئیسلامی کورد لە بەرانــبەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی جیهانی ئیسلامی، ڕەوتی ئیخوان موسلمین پشتگیریی لە دۆزی کورد نەکرد و گرنگی پێنەدا. بیری عەرەبچییەتی بە سەر ئیخوان مــوســلمین و نــوێنەرەکەیان لە عێراق واتە حێزبی ئیسلامی عێراق زاڵ بــوو و لە سەر هەڵوێستیان بەرانبەر کورد کاریگەر بوو و لەو وڵاتەدا لە بەرانبەر پرسی کوردا بێدەنگ بوون. بۆ وێنە لە مــاوەی چەنــد ســاڵی شۆڕشی ئەیلولــدا هەڵوێستیان لەسەر کێشەی کورد دەرنەبڕی.[١٢] ئیسلامییە عەرەبەکان کە کێشەی نەتەوەییان نەبـوو و هەمـوو هەوڵیان بۆ ئیسلامەتییەک بـوو کە پـاڵپشتی عەرەبچییەتی بـوو، نەیانـدەتـوانی لە کێشەی کورد تێبگەن یان گـوێیان لێدەخنی. ئەمانە بووە هۆی هەڵوێستی خودی ئیسلامییە کوردەکانی سەر بەوان.

هەر لە سەرەتـای سەرهەڵدانی بـزووتـنەوەی ئیسلامی لە کوردسـتانـدا، وەهـا قەڵشتێک پێکهات. سەرهەڵدانی ڕەوتێکی ئیسلامی جیاواز و بە نـاوی کوردەوە لە نـاو حێزبی ئیسلامی عێراقـدا و پاشان پێکهاتنی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە سەرەتاکانی ١٩٨٠ دا لەلایەن هەندێ لاوی کورد و زانـایانی ئـایینی کوردسـتانەوە، بە هۆی ڕوانـگەی نـاسیۆنـالیستی کوردی بۆ بە فەرمی نـاسینی مـافەکانی نەتەوەی کورد لە حکوومەتی ئیسلامی پـاش بەعسی عێراق و دژایەتی ئەوە لەگەڵ ئـایدۆلۆژیای یەکیەتی ئیسلامی و پـان عەرەبی ئیخوان مـوسـلمین، بـواری بۆ قەڵشت لە حێزبی ئیسلامیدا پێکهێنا.[١٣]

تەنـانەت ئەم هەسـتە نەتەوەخـوازییە لە نـاو ئیسلامییەکانـدا و دیتنی زەبـر لە دژی کوردان و هەبـوونی نـادادپەروەریی و گـرنگی نەدان بە کێشەی کورد، بـووە هۆی ڕۆشـتنی بـزووتـنەوەی ئیسلامی و بەشێک لە ڕەوتی ئیسلامی کوردســتان بەرەو چەکداریی، کە ئیخوان و حیزبی ئیسلامی عێراق بە توندی لە دژی پێوەندیی بزووتنەوەی ئیسلامی باشووری کوردستان لەگەڵ

گــروپە چەکدارەکان بــوون. هەرچۆنێک بێت، ئەم نەتەوەخــوازیەش کاریگەریی هەبــوو لە نـزیکبوونەوەی ڕەوتی ئیسلامی لە ڕەوتە نـاسیۆنـالیستە سێکیولارەکان و پێوەنـدی لەگەڵیان و هــاوکات دوورییان لە ئیخوان و کەمکردنەوەی خەســتیی ئیسلامی سیاسی. هەر لە سەرەتــای ڕاگەیانـدنیەوە، بـزووتـنەوەی ئیسلامی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان، پـارتی دێمۆکراتی کوردستان، حێزبی سۆسیالیستی کوردستان دانوستانی هەبووە و زۆربەی کات پێوەندییان لە ئاستێکی باشدا بووە.[١٤]

ئەو باس و نموونانەی سەرەوە، بە گشتی پیشاندەری پاساوداریێتی، شەرعییەت و گشتییەتی هێمایینی پرسی کورد و نەتەوەخـوازیی کوردی وەک لەمپەڕ و بەربەستێک لە بەرانبەر زاڵیەتی و گەشەی هەمەلایەنەی ئیسلامی سیاسیدا بووە.

## دەرەنجام

گەرچی کورد هێشتا خێڵخانەی بەهێزتـرە، بەڵام وەک نەتەوە خەیاڵخانەشی ئەوەنـدە لاواز نییە کە ئیسلامی سیاسی بە سەریدا زاڵ ببێت، ئەویش لە کاتێکدا کە پــرسی نەتەوەیی گـرنــگترین پـرسی کوردسـتان بـووە و بە کردەوە ئیسلامی سیاسی نە تەنیا هەڵگری چـارەسەریی نەبـووە بەڵکو لە بەرانـبەر هەنـدێ لە کۆڵەکەکانی پێکهێنەری نەتەوەی کورد واتە کەلەپـووریی کوردیدا هەڵکەوتـووە. بۆیە بەپێی تیۆری بێرگەر پێکهاتنی وێنا و پـاسـاوداریێتی بەهێزی نـاسیۆنـالیزمی کوردی لەسەر بـنەمـای پـرسی کورد و پێوەنـدیی و ڕاهـاتـوویی بـزاڤی نەتەوەخـوازیی لەگەڵ بیرۆکە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی بەربەستی بەهێز لە بەرانـبەر ئیسلامی سیاسیدا بـووە. ئیسلامی سیاسی وەک بیرۆکەیەکی دەرەکی نەگـواسـترابـووە نـاو بۆشـایی، بەڵکو بیرۆکە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەهێزتـر و پـاسـاودارتـر لەو لە کۆمەڵگادا هەبـوون و بە هۆی ئەوەی کە نەیتوانی لە هێزی پـاسـاوداریێتی ئەوان کەم کاتەوە لە کوردسـتانـدا زۆر پەرەی نەسەنـد و زاڵ نەبوو. کەواتە دۆخی کوردستان دۆخێکی جیاواز بـووە و پەرۆشی نەتەوەیی خەڵکەکەی زیاتـر لە پەرۆشی ئـایینی بـووە، شتێ کە ئیسلامی سیاسی تـاوەکو ئیستاش سەرنجی ئەوتۆی نەداوە و نموونەشی هەڵسوکەوتی حکوومەتی ئێران، وەک نموونەی بە دەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی سیاسی، لەگەڵ کورد بووە کە بچووکترین مافی ئەو نەتەوەی لەبەرچاو نەگرتووە. هەرچۆنێک بێت، بەردەوامی پــرسی کورد و بەهێزیی بـزووتــنەوەی نەتەوەخــوازیی بە هۆی نـابەرابەریی لەگەڵ نەتەوەکانی تر بەتایبەت خاوەن دەوڵەت نەبوون، بەربەستی سەرەکی ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستاندا بووە. لە داهاتووشدا و بە چارەسەر بوونی ئەم پرسە، ئەوەی دەتوانێت

بەربەستی بێت بوونی حکوومەتێکی کارامەی سێکیولار-دێمۆکراتیک، پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەهێز، و بوونی هاووڵاتییانی ئاگا و خاوەن کەلەپووریی سیاسی چالاک و بەشدارانەیە.

## سەرچاوەکان:

[١] ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە رێکەوتی ٢٨/٠٣/٢٠١٧، لە ماڵپەڕی "میللەت پرێس"، بەشی "کراوەیی ئیسلامی" بە ناونیشانی خوارەوە بڵاو بووەتەوە:
http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=37767&T=

[٢] The Sociology of knowledge

[٣] پیتر برگر، بریجیت برگر، هانسفرید کلنر، **ذهن بی خانمان (نوسازی و آگاهی)**، ترجمە: محمد ساوجی، تهران: نشر نی، ١٣٨١، ص ٢٩ و ١٥٦.

[٤] برگر، پیتر و لاکمن، توماس، **ساخت اجتماعی واقعیت**، فریبرز مجیدی، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ اول، ١٣٧٥، ص ١٢٩.

[٥] بڕواننە: وتاری "کردەی سیاسی ئایین لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا (بە تیشک خستنەسەر رەوتی مەکتەب قورئان)"، هەر لەم پەرتووکەدا.

[٦] لەم بوارەدا، بڕواننە: وتاری "سیاسەتی مەعنەوی لە خەباتی کوردستاندا"، هەر لەم پەرتووکەدا.

[٧] لەم بوارەدا، بڕواننە: وتاری "کاریگەرییەکانی بزاڤی ئیسلامی نوێ لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا"، هەر لەم پەرتووکەدا.

[٨] The Report of Human Right Watch on Ansar al-Islam in Iraqi Kurdistan (2002). Retrieved from: http://www.hrw.org/legacy/ backgrounder/mena/ansarbk020503.htm (last accessed January 13, 2014).

[٩] لەم بوارەدا، بڕواننە: برگر و لاکمن، ١٣٧٥، ص ١٤٩.

[١٠] برگر و دیگران، ١٣٨١، صص ١٦٦-١٦٧.

[١١] ئیدریس سیوەیلی، **رەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان (١٩٤٦-١٩٩١)**، چاپی دووەم، ٢٠٠٩، ل. ٢٢ و ٢٤ ٦٢.

[١٢] هەر ئەوەی پێشوو، ل. ٦٤ و ٧٩ و ٨٠.

[١٣] لەم بوارەدا، بڕواننە: وتاری "لێکدانەوەی رەوتی پێکهاتن و گۆڕانکاریی ناوخۆیی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی باشوور"، هەر لەم پەرتووکەدا.

[١٤] سیوەیلی، ٢٠٠٩، ل. ١٣٠ و ٢٠٥.

# ئایین و شوناسی سیاسی لە کوردستاندا[1]

چەمکی شوناس/ناسێنە (Identity) پێوەندیی بە کێیەتی و چییەتی تاک و کۆمەڵەوە هەیە. واتای شوناس لە لێکچوون و هەستی یەکبوون لەگەڵ دیکەی کەساندا دەبینرێت. پێناسەی سەرەکی شوناس، پێوەندیی بە ناسینەوە هەیە، و کۆمەڵێک نیشانە و شوێنەواری ماددی، کەلەپووریی و دەروونیی و پێوەندیدار بە ژینە کە دەبێتە هۆی ناسینەوەی تاک لە تاک، گروپ لە گروپ یان کەلەپوور لە کەلەپوور.[2] شوناس، هەستی پێوەندیی بە هەندێ ناووک و شوێنەوارە کە لە پێشدا هەبوون و واتا دەدەن بە تاک و هەبوونێتییەکەی. و لە بەرانبەردا، دەبێتە هۆی جیاوازیی ئەو لەگەڵ کەسانێکی تر کە خاوەن سەرچاوەی واتابەخشی جیاوازن. کەواتە، لایەنی دیکەی شوناس جیاوازییە. جیاوازییەک کە تاڕادەیەک نەگۆڕ و بەردەوامە.[3] لە کاتی قسە لەسەر شوناسی تاکێک یان گروپێک، هاوشێوەتی بەکۆمەڵ و تۆکمەیی کەسایەتی و تاکەکەسی دێتە بەرچاو و لە کاتی بەراوردی نێوان گروپە جۆراوجۆرەکان، جیاوازییەکانی نێوان ئەوانەیە کە زەق دەبنەوە. شوناسە بەکۆمەڵەکان بە ژیانی تاک و کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک لە تاکەکان واتا دەبەخشن، و دەبنە هۆی هەوڵ و تێکۆشانی زۆر بە شێوازی ئاشتیخوازانە یان هەندێ جار توندوتیژاویانە بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە دیاریکراوەکانیان. شوناسی نەتەوەیی، نیشتمانی، ئایینی و پێوەندیدار بە ڕەگەز لە جۆرەکانی شوناسی بەکۆمەڵن.

شوناسی کۆمەڵایەتی جگە لە لایەنی هەستیاریی، سۆزداریی و ڕەنگە ناوێژئاگای ئەوە، بابەتێکی ئاگایانەشە. هەر تاکێک دەتوانێت بە شێوەی هاوکات چەندین جۆر شوناس وەرگرێت و ئاگایانە لە چەندین گروپی جیاوازدا خۆی ببینێتەوە. هەروەها، هەر کەسێ لە ژێر کاریگەریی هۆکارە جیاوازەکاندا، لە پێوەندی لەگەڵ ئاستە جیاوازەکانی شوناسی خۆی، بەهادانانی هەیە و دەتوانێت گرێدراویی خۆی بخاتە زنجیرەپلەیەک لە گرنگایەتی و بایەخدان. لەسەر ئەم بنەمایە

تــاچفێل شــونــاسی کۆمەڵایەتی بەو بەشەی بۆچــوونی کەسێک لەسەر خۆی دەزانێت کە "لە ئـاگـایی ئەو لەسەر ئەنـدامەتی لە گـروپە کۆمەڵایەتییەکانـدا، لەگەڵ گـرنـگایەتی بەهـاداریی و هەسـتیاریی پێوەنـدیدار بەو ئەنـدامەتییە، سەرچـاوە دەگـرێت."[٤] هەرچۆنێک بێت، شـونـاسی کۆمەڵایەتی و سەر بە هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی بوون دەتوانێت لایەنی سیاسی بگرێتە خۆ و، ئـاگـایانە و نـائـاگـایانە، لەسەر کردەوە، ئـاکار و هەڵوێستی سیاسی تـاک و گـروپ کاریگەریی هەبێت. لەم پێوەندییەدا ئەم وتارە ئاورێک دەداتەوە سەر کاریگەریی شوناسی ئایینی لەسەر شوناسی سیاسی تاکی کورد.

## شوناسی سیاسی

وەک ئاماژە کرا، ناسێنە یان شوناس بە جۆرێ دەربڕینی سیستەمی باوەڕی تاک و پێبەستەیی و گـــرێدراوێتی کۆمەڵایەتییە. هۆکار و فـــاکتەری جیاواز بـــریتی لە رەگەز، نەتەوایەتی و هـاووڵاتییەتی، جیندەر و حەزی سێکسی و... دەتـوانـن شـونـاسێک پێکبهێنن. رەنـگە شـونـاس گۆڕانی بەسەردا بێت و هەڵبژاردنی تـــاک لە دەســـتەبەرکردنیدا گـــرنـــگایەتی هەیە. لە دۆخی تـــایبەتـــدا شـــونـــاسە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرهەمهێنانی تۆکمەیی و گـــرێدراوێتی سیاسی دەگۆڕدرێن بە شــونــاسی سیاسی. لەم رەوت و پرۆسەیەدا، سێ فـاکتۆر گـرنــگن: هەبــوونی شـونـاسـگەلێکی بەهێز، واتـای سیاسی ئەنـدامەتی گـروپ و هەبـوونی نـاڕەزایەتی و هەڕەشەی هێمایی و راستەقینانە (سەمبولیک و رێئالیستیک).[٥] لە سیاسەتدا، شونـاس هەم دەکرێ ئـامراز بێت و هەم ئامانج. دەسەڵات لە پێکهێنانی رەوتەکانی پێوەندیدار بە شوناس و لە ناوەکی و بە دامەزراوەیی کردنی شـونـاسەکان، بەتـایبەت لە رێکخراوەدا -فەرمی و نـافەرمی، لە رەوتەکانی پـلەبەنـدی کۆمەڵایەتی و نـاونـان و پۆلێنبەنـدی پێوەنـدیدار بە شـونـاس و بە گشـتی لە کاری دەرەکی دیاریکردنی ناسین، رۆڵی گرنگی هەیە. لەڕاستیدا هەر گۆڕەپانێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گۆڕەپانی هێز و دەسەڵات (سیاسەت) پێوەندیی هەیە.

کەواتە، شــونــاسی سیاسی، شــونــاسێکی کۆمەڵایەتییە کە پێوەنــدیی بە سیاسەتەوە هەیە. پێناسەی کلاسیکی شــونــاسی سیاسی لەسەر پێبەســتەیی گــروپیی جەخــت دەکات و ئەو رێگایانەی وەسـف دەکات کە تێیدا ئەنـدام بـوون لە گـروپێکی تـایبەتـدا رەنـگە رێباز و بیروڕای سیاسی تایبەت پیشان بدات.[٦] بە واتایەکی تر، ئەمە بە شێوەی ئاسایی پێویستی بە شوناسێک وەک جیاکەرەوەی گروپێکی خاوەن نۆرمگەلێکی پێوەندیدار بە باوەڕە سیاسییە هاوبەشەکان،

و هەڵوێستی گــروپ لەسەر پــاڵێوراوێکی سیاسی، حێزبێکی سیاسی، بــابەتیکی سیاسی یان خولێک کردەوەی سیاسی، هەیە.[٧]

هەندێ شوناس وەک ئەوانەی لەسەر بنەمای حێزبی سیاسی، ئایدۆلۆژی یان بابەتێکی سیاسی تایبەتن بە شێوەی سروشتی سیاسین. شوناسە سیاسییەکانی تر لەو شوناسە کۆمەڵایەتییانەوە کە نــاوەڕۆکی سیاسییان دەســتەبەر کردووە، سەرهەڵدەدەن. کەواتە شــونــاسی سیاسی، شوناسێکی کۆمەڵایەتییە کە هەم لەسەر بنەمای روانگەی سیاسی هاوبەشە و هەم بە روونی لە رێگای ئەو نۆرمــانەی گــروپی سیاسی کە روانــگە و کردەوەی ئەنــدامەکان هەڵدەســووڕێنێت، بــووەتە سیاسی. لەم روانــگەوە، چەمکی شــونــاسی سیاسی بــوارێک بۆ پەرەی تۆکمەیی و یەکڕیزی سیاسی لەسەر بنەمای گروپ خۆش دەکات.[٨] کەواتە، شوناسی سیاسی و رامیارانە بۆ نموونە رەنگە بە هۆی سیاسەتی لایەنگرانە واتە ئەندام و پێبەستە بوون بە یان لایەنگری لە حێزبێکی سیاسی، بە هۆی رەگەزی جیاواز، بە هۆی ئــایین، بە هۆی چین و تــوێژی ئــابــووریی جیاواز، یان بە هۆی کۆلۆنیالیزمەوە کە لە کۆمەڵگا کۆلۆنیالەکانــدا مــاف و ئــازادی کەمــتر بۆ کۆمەڵگای خۆجێیی لەبەرچاو دەگیردرێت، بیچم بگرێت.[٩]

هەروەها، رەوشی سیاسەت و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی-سیاسی سەردەم پیشان دەدات کە تاک بۆخۆیشی بە بێ پێبەستەیی گروپیی دەتوانێت شوناسی سیاسی لەسەر بنەمای شوناسێکی هــاوبەشی کۆمەڵایەتی یان بەرژەوەنــدیی خۆ دەســتەبەر بکات و لە پێناسەی نــوێی شــونــاسی سیاسیدا ئەمە رەچــاو دەکرێت. لەڕاســتیدا شــونــاسە سیاسییەکان هەنــدێ بیچم لە شــونــاسە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵکەوتــوو لە بەســتێن یان کانتێکستی سیاسیدان. ئەم شــونــاســانە رەنــگە وەک بیچمگەلێک لە گەڵاڵە تــاکەکەسییەکان بــن کە زانیاریی لەسەر دۆخی سیاسی، رەوش، و پێوەنــدییە کۆمەڵایەتییەکان رێکدەخەن و وا دەکەن کە لە بــاری سیاسییەوە هەنــدێ لایەنی جیهانــژینی بەکۆمەڵی ئێمە -دەوڵەت، نەتەوە، کەلەپــوور، رەگەز، جیندەر، زمــان، ئــایین، هاووڵاتییەتی، چین و توێژ و...- زیاتر لە لایەنەکانی تر بەکار بهێنرێن.[١٠]

هۆکار و فــاکتەری جۆراوجۆر لەسەر بیچمگرتــن و ئــاڕاستەپێدانی شــونــاسی سیاسی کاریگەرن لەوانە دەکرێ بە ئــاســتی ئــاگــایی گەورەســاڵان و کۆمەڵگا، حکوومەت و دەزگــای پەروەردە و راگەیەنەکانی و ئــاکاری لەگەڵ هــاووڵاتییان، راگەیەنە نــادەوڵەتییەکان، حێزب و رێکخراوەکان و... ئــامــاژە بکرێت. بۆ وێنە، حکوومەتەکان هەوڵ دەدەن بەوجۆرەی دەیانەوێت شــونــاسی سیاسی تــاکەکان پێناسە بکەن. جــگە لە رێگای پەروەردە و راگەیەنەکان، لە زۆریش کەڵک وەردەگرن. لەم پێوەندییەدا پێویستە بگوترێت کە بە مەترسیدار زانین، ئەشکەنجە و ئازار وەک

هەم تێکدەر و هەم پێکهێنەری شـونـاسی سیاسی و یاسـایی جیاواز رەچـاو دەکرێن. بەرهەمی ئەشکەنــجە خۆ، کەرامەت یان شــونــاسی سیاسی وێرانکراوی قــوربــانییەکەیە و زاڵیەتی و تێکشکانی لەگەڵە و بە مەبەسـتی گۆڕانی شـونـاسی سیاسی و پێکهێنانی تـاکێک بە شـونـاسی نــوێیەوە جێبەجێ دەکرێت. بەڵام هەروەهــا پێچەوانەکەشی راســت دەبێت. ئەشکەنــجە بەهێزکەرەوەی شــونــاس یان بەرهەمهێنەری هەســتێکی جیاوازیش دەبێت کە دەتــوانێت پێکهێنەرەوەی شـونـاسێکی سیاسی جیاواز بێت. ئەشکەنـجە لای هەنـدێ دەوڵەت ئـامـرازی تێکشکانی شـونـاسی سیاسی قـوربـانی بـووە بۆ پێکهێنان و رێکخستن و سەپـانـدنی شـونـاسی سیاسی مەبەســتی خۆی، بەڵام هەمیشە ئــاکامەکەی بە ویستی ئەوان نەبــووە و پێکهێنەری شوناسێکی نوێش بووە.[11] بۆ وێنە ئەشکەنجە و تۆقاندن ئامرازێکی یەکدەست کردنی شوناسی سیاسی بــووە لای وڵاتــانی داگیرکەری کوردســتان بەڵام ئەم کردەوە زۆر جــار دەرەنــجامی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە.

هەرچۆنێک بێت، لە زانسـتی سیاسیدا، "شـونـاس" وەک بەشێک لە روانـگەیەکی سیاسی دێتە ئەژمێر کە لە وەڵامی پــرسیاری "مــن کێم؟"دا دێتە ئــاراوە. بەشە سەرەکییەکانی تــر "داخـوازییەکان" و "چـاوەڕوانییەکان"ن کە یەکەمیان لە وەڵامی پـرسیاری "کەسانی وەک مـن چییان دەوێت؟" و "بەخــتەکانی ئێمە چین بۆ دەســتەبەرکردنی ئەوەی کە دەمــانەوێت، بەو مەرجەی کە ئێمە ئەوە بین کە هەین؟" دێنە ئـاراوە. خـاک، زمـان، بیرۆکەکان، کەلەپـوور، ئـایین، مێژوو و... رەنـگە هەمـوویان وەک بـابەتـگەلێک خـزمەت بکەن کە شـونـاسی سیاسی تـاک یان کۆمەڵ و گروپێک لەسەریان دادەمەزرێت. بەڵام بەپێی کۆمەڵگا رەنگە یەک لەمانە گرنگایەتی و پێشترێتی بۆ هاووڵاتییان، هەبێت.[12] هەروەها، ئێستا زۆرتر باس لە فرەشوناسی دەکرێت، بۆیە رەنـگە تـاک چەنـدین شـونـاسی هەبێت بەڵام بەپێی دۆخی خۆی و کۆمەڵگا یەک لەوانە زیاتـر بـنەمـای شــونــاسی سیاسی ئەو پێکبهێنێت و بەرجەوەنــدی جیهانی سیاسەت لەو دەلاقەوە ببینێت، کە ئایین یەک لەوانەیە.

## ئایین و شوناسی سیاسی تاکی کورد

چ لە سیاسەتی لەسەر بــنەمــای گــروپ و چ تــاکەکەسیکراودا هەرکام لە هۆکارەکانی نەتەوە، ئایین، بەرژەوندیی تاکەکەسیی، رەگەز و... دەتوانن لە دیاریکردنی شوناسی سیاسی تاکدا دەور بگێڕن. چ تاک سەر بە گروپ بێت یا نە، هەڵوێست و ئاکاری سیاسی ئەو دەتوانێ پێوەندیی بە یەکێک لەو فاکتەرانەوە هەبێت. بەڵام لە کردەوەی سیاسی بەکۆمەڵدا شوناسی لەسەر بنەمای

گــروپ و ڕێکخراو کاریگەرییان زیاتــر دەبێت. کەشــوهەوای کۆمەڵایەتی-سیاسی کوردســتان پیشان دەدات کە لە ئێستای کۆمەڵگای کوردستاندا، شـونـاسی سیاسی تـاکی کورد زیاتـر لە ژێر کاریگەریی ئەم بابەتانەیە: نەتەوە (کوردبوون)، شوناسی نیشتمانی (ئێرانی، عێراقی، تورکیایی و ســوریایی و ئەرمەنســتانی بــوون) و حکوومەت و ڕێکخراوە پێوەنــدیدارەکانی، ئــایین و ئــایدۆلۆژی ئــایینی، چینی کۆمەڵایەتی (ئــابــووریی و ئــایدیالۆژی چەپ)، جیندەر، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە جیاوازەکان و ڕاگەیەنەکان. هەرچۆنێک بێت، ئایین لە پەنـای فـاکتەرەکانی تردا پشکێکی بەرچاوی لە پێکهاتنی شوناسی سیاسی تاکی ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە.

دیارە ئـایین بەشێک لە کەلەپـووریی خەڵکی کورد پێکدێنێت و لەم نێوانەشدا ئـایین و ئـایینزای جۆراوجۆر لە کوردستاندا هەبووە و هەرکامەیان بنەمای شوناسی کۆمەڵایەتی گروپێک بوون. سەبــارەت بە کوردســتانی ڕۆژهەڵات، بە هۆی دەسەڵاتی سیاسی ئــایینزای شێعە و بــوونی ئیسلامی سیاسی شێعە لە ئێرانــدا، دیکەی گــروپە ئــایینییەکان هەســتیان بە هەڕەشە لەسەر خۆیان کردووە و لە کاتی هــاتــنە سەر کاری کۆمــاری ئیسلامییەوە هەڵاواردنی ئــایینی لە دژی سـونـنەکان و ئـایین و ئـایینزاکانی تـر بەتـایبەت بەهـایی و یارسـانەکان زیاتـر بـووە و ئەمەش بەشێک لە خەڵکی کوردی لەبەرگــرتــووە و لەسەر ڕوانــگە و ئــاکار و هەڵوێستی سیاسی ئەوان کاریگەریی هەبــووە. ئــایدۆلۆژی ئیسلامی سیاسی حکوومەتی ئێران وەک ئــایدۆلۆژی زاڵ، لە نەبوونی ئازادی دیکەی ئایدۆلۆژییەکاندا لەسەر ئاکاری سیاسی خەڵک بە گشتی و لە بەرانبەردا، پەرەسەندنی ئایدۆلۆژی ئیسلامی سیاسی سـونـنەش لەسەر بەشێکی تر لە خەڵک، زۆر کاریگەر بوون. کەواتە، مـوسڵمان بـوون و نەبـوون، ئیسلامی و سێکیولار بـوون، شێعە، سـونـنە و یارسـان بــوون هەرکام بە شێوازێک لە سەر شــونــاسی سیاسی خەڵکی کوردســتانی ڕۆژهەڵات کاریگەرییان هەبووە.

لە بـاشـوور و بـاکووری کوردسـتـانـدا، بەشێک لە کاریگەریی ئـایین لەسەر شـونـاسی سیاسی، بەپێچەوانەی ئێران بـووە. لە وڵاتـانی تـورکیا و عێراقـدا زۆرینەی کورد بە هۆی سـونـنە بـوون، لەگەڵ حکوومەتە نــاوەنــدییەکان ئــایینیان یەکێک بــووە. لەم ڕووەوە، بە گــوێرەی سیاسەتی کوردی، کاریگەریی ئــایین نەرێنی تــر بــووە و ئــایینی هــاوبەش بۆ ڕاکێشانی خەڵکی کورد و پێوەنــدییان لەگەڵ حکوومــت زیاتــر بەکارهێنراوە، گەرچی بــوونی حکوومەتی سێکیولار لەو وڵاتانەدا بە شێوەیەکی تر کاریگەریی هەبووە. نەبوونی کێشەی ئایینی لەم وڵاتانەدا لەلایەک و لەلایەکی ترەوە هەبوونی حکوومەتی سێکیولار بووەتە هۆی ئەوەی کە ئایین بە گوێرەی ئێران کەمـتر دیاریکەریی شـونـاسی سیاسی بێت. بەڵام بەوەشەوە لەم وڵاتـانەشـدا جـموجـووڵ و

چـــالاکی حیزب و لایەنە ئـــایینییەکان لە بەرانـــبەری سیاسەتی سێکیولاری حکوومەتەکان و دیکەی هێزە سێکیولارەکانـدا بەشێک لە خەڵکی راکێشاوە و بەمجۆرە دیسانەوە ئـایین پشکێک لە شوناسی سیاسی بۆخۆی تەرخان کردووە.

هەرچۆنێک بێت جـگە لەم دیمەنە گشـتییەی پێوەنـدیی ئـایین و سیاسەت لە کوردسـتانـدا، بە گشتی لە هەمـوو پـارچەکاندا بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا نەریتییە و ئایین بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلەپـــوور پێکدێنێت و تەشەنەی زۆرە لە نـــاو خەڵکدا، کاریگەریی هەیە لەسەر شـونـاسی سیاسی، واتە ئاکار و هەڵوێستی سیاسی تاکی کورد. لێکۆڵینەوەکان پیشان دەدەن کە زۆرینەی تاکی کورد لە باری ئایینییەوە خۆ بە ئاییندار دەزانن و بوونی ئایینیش لە کۆمەڵگا بە پێویست دەزانـــن. کەواتە بۆ بەشێک لە خەڵکی کورد، شـــونـــاسی ئـــایینیە کە زیاتـــر لە دیکەی شوناسە کۆمەڵایەتیەکان، شوناسی سیاسییان دیاریی دەکات. ئەمە تاڕادەیەک لەسەر شوناسی سیاسی ئەوان بەتـایبەت بەشـداریی سیاسی و ئـاکاری سیاسی تـاکی کورد لە هەڵبژاردنەکانـدا، وەک یەکێک لە نیشانـدەرەکانی شـونـاسی سیاسی، کاریگەریی هەبـووە. بۆیە رادەی دەنگدان بە لایەنە ئیسلامییەکان دەتوانێت وەک یەکێک لە پێوەرەکانی پیشاندانی پشکی ئایین لە شوناسی سیاسیدا رەچـاو بکرێت و بەوجۆرە دیاریی بکرێت کە ئـایین چ رادەیەک لە بـنەمـای شـونـاسی سیاسی دەنگدەران پێکدێنێت.

هەر لەو پێوەنـــدییەدا، لێرەدا بۆ ئەوەی رێژەیەک لە پشکی ئـــایین لە شـــونـــاسی سیاسی لە کوردسـتانــدا پیشان بـدرێت، دەکرێ بە رادەی دەنـگدانی تـاکی کورد بە حیزبە ئیسلامییەکان ئاماژە بکرێت. بۆ وێنە کاریگەریی ئایین بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردی باکوور بەرەو حیزبی دادپەروەریی و گەشەپێدان (AKP) بڕۆن و بەشێک لە خەڵکی باشوور بە حیزبە ئیسلامییەکان دەنـــگ بـــدەن، وێڕای ئەوەی کە لە هەردوولا، بەپێچەوانەی ئێران، تاڕادەیەک ئازادی سیاسی و حیزبی جۆراوجۆری سیاسی هەیە. رادەی دەنگی کورد بە AKP لە هەڵبژاردنەکانـدا زیاتـر بـووە کە دیارە لە بـاکوور ئـایین پشکێکی زۆر لە شـونـاسی سیاسی تـاکی کورد دیاریی دەکات، گەرچی ئەو حیزبە لە سەرەتادا داکۆکی لە هەندێ مافی کورد دەکرد، بۆیە لە کوردسـتانــدا پەرەی سەنـد. دەنگی کوردە ئـایینییەکان لە هەنـدێ هەڵبژاردنـدا دیاریکەری بـردنەوەی AKP بـووە. هەرچەنـد لە بـاکووردا، HDP و پێشینیانی وەک حیزبی لایەنگری کورد ناسراون، بەڵام AKP لەسەدێکی زۆرتر لە دەنگی کوردی لە دەیەکانی رابردوودا بۆخۆی تەرخان کردووە. بە جۆرێ کە تـــوێژینەوەکان رادەی دەنـــگدەران بە AKP بۆ وێنە لە ٢٠١٥ دا زیاتـــر لە HDP پیشان دەدەن. لە دژی HDP، ئەردۆغـــان و AKP بۆ راکێشانی دەنگی کوردان لە ئـــایین

کەڵکیان وەرگـــرت کە ئەمە لە دابەزینی دەنگی HDP دا کاریگەر بـــوو. بۆ وێنە ئەردۆغـــان بە شەکاندنەوەی قـورئـان بە زمـانی کوردی و لۆمەکردنی بەڵێنی HDP بۆ هەڵوەشـانـدنەوەی فەرمانگەی کاروباری ئایینی تورکیا و بە زەردەشتی ناوبردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، لە ئایین کەڵکی وەرگرت.[١٣] بەم شێوازە لە ٢٠١٥ دا نزیکەی ١٨ کورسی لە ٢١ کورسی دۆڕاوی HDP بەرەو AKP راکێشرا.[١٤] کە ئەمە پیشان دەدات ئـایین لە دیاریکردنی شـونـاسی سیاسی تـاکی کوردی ئەوێدا گرنگایەتی هەیە، تاڕادەیەک کە بە شێوەی نەریتی زۆربەی کورد دەنگیان بە AKP داوە (گەرچی ئەمە هەمـووی بە هۆی کاریگەریی ئـایینەوە نەبـووە، و هەروەهـا ئـاڵوگۆڕەکانی ئەو سـاڵانەی دوایی و هەڵوێستی حکوومەتی تـورک لە بەرانبەر کوردی بـاکوور و رۆژئـاوا رەنـگە لە داهاتوودا لەسەر رادەی دەنگەکانی لە ناو کوردا کاریگەریی هەبێت).

بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی هەرێمی باشووری کوردستاندا دۆخەکە جیاواز بووە. لیستی ئیسلامییەکان لە ١٩٩٢ دا ٥.٥ لەسەدی دەنگەکانیان دەستەبەر کرد کە نەیانتوانی ٧% بۆ چوونە پارلەمان دەستەبەر بکەن. لە ٢٠٠٥ دا لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عێراق ٤.٨٦ لەسەدی دەنـگەکانی دەسـتەبەر کرد کە ٦ کورسی لە پـارلەمـانـدا بەرکەوت. لە خـولی سێهەم لە ٢٠٠٩ دا لیستی بـــزووتـــنەوەی ئیسلامی لە کوردســـتان/عێراق ١.٤٥ لەسەدی دەنـــگەکان و ٢ کورسی بەدەســـتهێنا. لە ٢٠١٣ دا لیستی یەکگرتـــووی ئیسلامی ١٠ کورسی، لیستی کۆمەڵی ئیسلامی ٦ کورسی، لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان ١ کورسییان دەستەبەر کرد.[١٥] ئەم رادە نزمەی دەرەنـجامی خـولەکانی هەڵبژاردن لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، پیشان دەدات کە پشکی ئـایین لە دیاریکردنی شـــونـــاسی سیاسی لە هەرێمدا کەمـــترە و ئەم هۆکارە کۆمەڵایەتییە، وێرای بەهێزبـوونی لە بـاری شـونـاسی کۆمەڵایەتییەوە کەمـتر وەک بـنەمـای شـونـاسی سیاسی دەرکەوتووە.

لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا، بە هۆی بوونی حکوومەتی ئایینی شێعە و کەشوهەوای ئایینی زاڵ بە سەر سیاسەتـــدا و قۆرخ بـــوونی گۆڕەپـــانی سیاسی لەلایەن ئـــایینەوە، ئەوەش تەنیا بۆ لایەنـــگرانی حکوومەت، کە بەپێی یاســـاش هێزە نـــائـــایینی و نـــاشێعەکان جێگەیەکیان لە سیاسەتدا نییە و ناتوانن راشکاوانە بەشداریی سیاسییان هەبێت و بە رواڵەتیش بێت هەموو بەشداربـوونی بـواری سیاسەت دەبێت ئایینی بـن، و هەروەهـا قەدەغەبـوونی حێزبە کوردییە سێکیولارەکان، لە ئێستادا ئـــایین بە رواڵەت پشکێکی زۆری لە بەشـــداریی سیاسی و هەڵبژاردنەکانـدا هەیە. بەڵام بە هۆی نەبـوونی هێزەکانی تـر لەم گۆڕەپـانەدا و کەواتە نەبـوونی رکابەرایەتی راستەقینە، نـاکرێ بەراوردێک لە نێوان هێزی سیاسی ئـایینی و نـائـایینیدا بکرێت.

تەنانەت رەوتە ئیسلامییە سونەکانیش کە دیارە ئایینزای سونە زیاتر شوناسی سیاسییان دیاریی دەکات، راشکاوانە و بە ناوی حیزب و رێکخراوی خۆیانەوە ناتوانن لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی بکەن. بۆیە، لەڕاستیدا رادەی راستەقینەی پشکی ئایین لە شوناسی سیاسیدا دیار نییە.

## دەرەنجام

وەک دیارە بەپێی شوێن و کات رادەی کاریگەریی ئایین لەسەر شوناسی سیاسی لە پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا جیاوازە. هۆکاری جیاوازیش لە بەرزی و نزمی ئاستی ئەوەدا کاریگەر بوون. لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا چۆن ئازادی سیاسی نییە، ئەم پشکەی ئایین زیاتر لە بەر کاریگەریی کەشوهەوای سیاسی زاڵی سیستەمی سیاسیدا بووە و چۆن بۆ شوناسە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەرفەتی دەرکەوتن لە گۆڕەپانی سیاسی کراوە و یاساییدا نییە، لە ئێستادا ناکرێ بە روونی پشکی ئایینیش دیاریی بکرێت و ئەوەی بە رواڵەت دەبینرێت پشکی زۆری ئایینە لە دیاریکردنی شوناسی سیاسیدا. لە باکووری کوردستاندا، تاڕادەیەک ئازادی سیاسی بە گوێرەی ئێران باشتر بووە، بۆیە هەرچەند پشکی ئایین لە دیاریکردنی شوناسی سیاسیدا زیاترە بەڵام لە چاو ئێران کەمترە. لە هەرێمی کوردستانی باشووردا بە گوێرەی ئەو دوو پارچەیە بە هۆی ئازادی سیاسی زیاتر و هەڵبژاردنی دیمۆکراتیک و رکابەرایەتی شوناسەکان رادەی پشکی ئایین لە شوناسی سیاسیدا چاکتر دەردەکەوێت و دۆخی لایەنە ئایینییەکان پیشان دەدات کە لەوێدا ئەم پشکە لە ئاستێکی نزمتردایە و دیکەی شوناس و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە دیاریکردنی شوناسی سیاسیدا پشکی زیاتریان هەیە. هەرچۆنێک بێت، ئایین یەکێک لە بنەماکانی شوناسی سیاسی تاکی کوردە و هێشتا وەک فاکتەرێک لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا خۆ دەنوێنێت. هەروەها، بە پێی دۆخ و هەلومەرج، پشکی دیاریکەری ئایین لە شوناسی سیاسیدا دەتوانێت گۆڕانی بە سەردا بێت بەڵام لە دۆخێکی کراوەی سیاسیدایە کە بە روونی دەکرێ رادەی ئەم کاریگەرییە دەرکەوێت و ئاستی کاریگەریی هۆکار و شوناسە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دیاریی بکرێت.

## سەرچاوەکان:

١ ئەم وتـارە بۆ یەکەم جـار لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٠٤/١٦، لە مـاڵپەڕی "میللەت"، بەشی "کراوەیی ئیسلامی" بە نـاونیشانی خـوارەوە بڵاو بووەتەوە:

http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=38870&T

هەروەها پاشان لە حەوتەنامەی "دەنگی کوردستان"، ژمارەی ٣٦، ڕێکەوتی ١٣٩٦/٢/٢ هەتاوی (٢٠١٧/٠٤/٢٢)، لاپەڕەی ٥، دیسانەوە بڵاو کراوەتەوە.

٢ عبدالله رمضان‌زاده، "هویت ایرانی و چندگانگی قومی"، **فصلنامه مطالعات ملی**، سال نهم، شماره١٥، ١٣٨٧.

٣ رابرت دان، **نقد اجتماعی پست مدرنیته بحران‌های هویت**، ترجمەی صالح نجفی، تهران: پردیس دانش، ١٣٨٥، ص ٦١.

٤ محمدرضا تاجیک، **روایت غیریت و هویت در میان ایرانیان**، تهران: فرهنگ گفتمان، ١٣٨٤، ص ٥٢.

٥ Leonie Huddy, From Group Identity to Political Cohesion and Commitment, Oxford Handbook of Political Psychology, New York: Oxford University Press, 2013, P. 15.

٦ "Political identity", see: http://classroom.synonym.com/concept-political-identity-8043.html

٧ Huddy, 2013, P. 4-5

٨ Huddy, 2013, P. 4-5

٩ "Political identity", see: http://classroom.synonym.com/concept-political-identity-8043.html

١٠ Erik C. Nisbet and Teresa A. Myers, "Challenging the State: Transnational TV and Political Identity in the Middle East", Political Communication, 27:347-366, 2010, DOI: 10.1080/10584609.2010.516801.

١١ See: John T. parry, Understanding Torture; Law, Violence, and Political Identity, University of Michigan Press, 2010, pp. 207-214.

١٢ Tom Bryder, "EUROPEAN POLITICAL IDENTITY; An attempt at conceptual clarification", Psicología Política, Nº 31, 2005, 37-50.1

١٣ Noah Blaser, "Who represents Turkey's Kurds?" http://platform24.org/en/articles/289/who-represents-turkeys-kurds

١٤ Mamoon Alabbasi, "Why did most of Turkey's lost pro-Kurdish votes go to ruling AK party?, http://www.middleeasteye.net/news/why-did-most-turkey-s-lost-pro-kurdish-votes-go-ruling-ak-party-1279486418

And; "Turkish General Election, November 2015", https://en.wikipedia.org/wiki/Turkish_general_election,_November_2015

And; "Pro-Kurdish HDP loses close to million votes and 21 seats in Turkey", https://www.dailysabah.com/elections/2015/11/02/pro-kurdish-hdp-loses-close-to-million-votes-and-21-seats-in-turkey.

١٥ بڕواننە ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان: http://www.perleman.org/

# ئایین و چاندی رامیاریی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا[1]

بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی نەریتی و ئایینییە، ئایین وەکو یەکێک لە سەرچــاوە سەرەکییەکانی چــانــد یان کەلەپــوور لەسەر چــانــدی رامیاریی (سیاسی) ئەو کۆمەڵگایەش کاریگەریی هەبووە. بەشێک لە بیر و باوەڕ و نەریتەکانی زاڵ بەسەر کەلەپووری رامیاریی کوردەواریدا لە ئــایینەوە سەرچــاوە دەگــرن و ئەمە هۆکاری بەشێک لە شێوازەکانی کردەوە و ئاکاری سیاسی کۆمەڵگای کوردی لە بەرانبەر سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی بەتایبەت وەرگـرتـن، رەخـنە یان رەتکردنەوەی سیستەمی سیاسی بـووە. بۆیە سەرنجـدان بە پێوەنـدیی ئـایین و کەلەپـووری رامیاریی پێویستە. بە پێی پێناسەی بـاو، کەلەپـووری رامیاریی کۆمەڵێک هەڵوێست، بـاوەڕ و هەسـتە کە بەنـدوبـاو و واتـا بە رەوتی سیاسی دەبەخشێت و گـریمانە و رێسای بەرچــاو بۆ ئــاکار لە سیستەمی سیاسیدا دابین دەکات. ئەمە بــریتییە لە هەردووکی ئــایدیالە سیاسییەکان و نۆرمە بەکارهێنراوەکان لە کۆمەڵگایەکی سیاسیدا. بەمجۆرە کەلەپــووری رامیاریی پیشانــدەری لایەنە دەروونــناســانە و زەینییەکانی سیاسەتە.[2] هەر کەلەپـوورێکی رامیاریی بڵاوبـوونەوەیەکی تـایبەت لە هەڵوێستەکان، بەهـاکان، هەسـتەکان، زانیاریی و شارەزاییە سیاسییەکانە.[3] کەلەپووری رامیاریی، وێنا و هەڵوێستە لەسەر دەسەڵات، بەرپــرســایەتییە حکومییەکان و شێوازەکانی بەکۆمەڵگاییکردنی سیاسی.[4] بە گشــتی، بە پێی پێناسەی دایمۆنـد کە لەسەر بـنەمـای بیرۆکەکانی 'ئـالمۆنـد و ڤێربـا'یە، کەلەپـووری رامیاریی "باوەڕە سەرەکییەکان، هەڵوێستەکان، بەهاکان، هەستەکان، و هەڵسەنگاندنی خەڵک سەبارەت بە سیستەمی سیاسی وڵاتەکەیان، و رۆڵی خۆ لەو سیستەمەدا"یە. کەواتە، کەلەپــووری رامیاریی تەنیا سەبـارەت بە تێگەیشتنی تـاکەکەسی لە سیاسەت نییە بەڵکو هەروەها پێوەنـدی بە گۆڕەپــانی سیاسی بەرینترەوە وەک سیاسەتی نیشتمانی هەیە.[5] هەرچۆنێک بێت، پێناسە و

پۆلێنبەندیی جیاواز لەسەر کەلەپووری رامیاریی هەیە کە لەم وتارەدا بە پێی تیۆری ئالموند و ڤێربا ئاورێک دەدرێتەوە سەر دۆخی کەلەپووری رامیاریی لە ئێران و کوردستانی رۆژهەڵاتدا.

## چاندی رامیاریی لە روانگەی 'ئالمۆند و ڤێربا'وە

کۆمەڵناسی رامیاریی (سیاسی) 'گابریەل ئالمۆند' و 'سیدنی ڤێربا'[٦] بە توندی لە ژێر کاریگەریی کردەخوازیی پێکهاتەیی کۆمەڵناسانەیە کە لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی بیستەم لە بەستێنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی زۆر و سەرهەڵدانی بزووتنەوە سیاسییە جەماوەرییەکانی شەکێنەر و بگۆڕ بە هۆی هەڵمەتی پیشەسازیی و مافی سیاسی دەنگدان، سەریهەڵدا. لە گرنگترینی ئەم کۆمەڵناسانە، ئیمیل دورکایم[٧] بوو کە لەسەر ئەوەی کە چۆن کۆمەڵگاکان دەتوانن لەم گۆڕانە خێرایانەدا یەکیەتی کۆمەڵایەتی بپارێزن، خوێندنەوەی هەبوو. لە کاتێکدا کە دورکایم هەڕەشەیەکی لەسەر یەکیەتی کۆمەڵایەتی لە وەرددانەوە و وەرسووڕانی پیشەسازیدا هەست پێکرد، ئالمۆند و ڤێربا هەڕەشەیەکی هاوشێوەیان لە گۆڕانی رەژیمەکان لە ماوەی شەپۆلی دووەمی بە دێمۆکراتیک کردن (دێمۆکراتیزاسیۆن) و هەڕەشە چەکدارییەکانی شەڕی سارددا هەست پێکرد. بۆیە، بۆ پاراستنی دێمۆکراسییەکان باسیان لە "چاندی شارستانی (مەدەنی)" کرد. خشتە پێکهێنەرەکانی تیۆری پێکهاتەیی ئەم دووانە بریتین لە کۆمەڵێک بۆچوون یان هەڵوێست و ئاڕاستەگرتنی تاکەکەسی لە پێوەندی لەگەڵ ئامانجە سیاسییەکان. ئاڕاستەگرتن سێ بیچم لە خۆ دەگرێت: ئاڕاستەگرتنی ئاگایانە و مەعریفی (زانیاریی و باوەڕ سەبارەت بە سیستەمی سیاسی، رێساکانی، رۆڵەکانی و کارگێڕانی ئەم رۆڵانە، ناوکەوت و دەرکەوتەکانی)؛ ئاڕاستەگرتنی هەستیارانە (هەستەکان سەبارەت بە سیستەمی سیاسی، رێساکانی، رۆڵ، کارگێڕان و کردەوەکانی)؛ و ئاڕاستەگرتنی هەڵسەنگێنەرانە (دادوەریی و بیروڕاکان لەسەر ئامانجە سیاسییەکان کە بە شێوەی ئاسایی پێویستی بە تێکەڵێک لە ستاندارد و پێوەرەکانی پێوەندیدار بە بەها، زانیاریی و هەستەکان هەیە). ئامانجە سیاسییەکان بریتین لە: سیستەمی سیاسی گشتی، رۆڵ و پێکهاتە تایبەتەکان لەم سیستەمەدا (وەک دەسەڵاتی یاسادانان و بورۆکراسی)، بەرپرسانی رۆڵەکان (وەک پاشا و یاسادانەران)، و سیاسەتە گشتییەکان (بڕیارەکان یان جێبەجێکردنی بڕیارەکان).[٨]

لەسەر بنەمای ئەم خشتە پێکهێنەرانە، ئالمۆند و ڤێربا سێ جۆری نموونە لە چاندی رامیاریی ناو دەبەن: چاندی داخراو (بەرتەسک)، پێڕەو (ملکەجانە و ناچالاکانە) و بەشدارانە (چالاکانە). لە داخراودا هاووڵاتییان هەڵوێست و ئاڕاستەگرتنی ئاگایانە، هەستیارانە و هەڵسەنگێنەرانەی

کەمیان لەسەر چــوار جۆرە ئــامــانــجە سیاسییەکە هەیە. لەم کۆمەڵگا ســادە نەریتییانەدا ڕۆڵگەلێکی سیاسی تــایبەت بــوونیان نییە و چــاوەڕوانی کەم بۆ گۆڕانی سیاسی هەیە. لێرەدا تاکەکان لەسەر بەرژەوەندی خێزان و بنەماڵە وەکو تەنیا ئامانج بۆ بەدواداچوون بیر دەکەنەوە یان ڕۆڵی خۆیان لە سیستەمی سیاسیدا لە پێوەنـدی لەگەڵ بـنەمـاڵەدا دەبینن. لە کەلەپــووری پێڕەودا، ئاڕاستەگرتنی ئاگایانە، هەستیارانە و هەڵسەنگێنەرانەی زۆر بەرەو سیستەمی سیاسی و دەرکەوتەکانی سیاسەت هەیە، بەڵام ئاڕاستەگرتن بەرەو ناوکەوتەکان (وەک لە ڕێگای حێزبە سیاسییەکانەوە) نییە و "خۆ" وەک بەشــدارێکی چــالاک لە ئــاســتی لانیکەم دایە. بەمجۆرە ئــاڕاســتەگــرتــن لە بەرانــبەر سیستەم و دەرکەوتەکانی لە ڕێگای پێوەنــدییەکی تــاڕادەیەک نـادڵخوازانە، بێ هۆگـرانە و نـاچـالاکانە لەلایەن هـاووڵاتییانەوە، جێبەجێ دەکرێت. کەلەپـــوورە پێڕەوەکان زۆرتـر ڕاهـاتـوون لەگەڵ پێکهاتە سیاسییە نـاوەنـدخـواز و مـلهوڕەکان. لەڕاسـتیدا بۆ کەسی ملکەچ و پێڕەو واتە هــاووڵاتییان یاســا ئەو شــتەیە کە ئەو پێڕەوی لێدەکات و ملکەجیەتی، نەک ئەو شتەی کە ئەو یارمەتی دەدات بۆ پێکهاتنی و لە پێکهاتنیدا ڕۆڵی هەیە. لە کەلەپـــووری بەشـــدارانەدا، ئەنـــدامـــانی کۆمەڵگا ئــاڕاســتەگــرتنی ئــاگــایانە، هەســتیارانە و هەڵسەنگێنەرانەی زۆریان بۆ سیستەمی سیاسی، ئــامــانــجە نــاوکەوتەکان و سیاسەتە دەرکەوتەکانی هەیە و خۆیان بە بەشـدارێکی چـالاک لە کۆمەڵگای سیاسیدا دەزانـن. یاریزانـانی کۆمەڵایەتی حەزیان لە چـالاکی و جـووڵە هەیە. بە گشـتی کەلەپـووره بەشدارانەکان ڕاهـاتـوون لەگەڵ پێکهاتە سیاسییە دێمۆکراتیکەکان. لێرەدا هــاووڵاتی چــاوەڕوانی لێدەکرێت کە لە یاســا پێڕەوی بکات و ئەمەگداری بێت بەڵام هاوکات لە پێکهێنانی بڕیارەکاندا بەشدار دەبێت. بە پێی بیروڕای ئەم دووانە، کەلەپـــوورە سیاسییەکان زۆر کەم ڕاهــاتـــوو دەبـــن لەگەڵ ئەو سێ جۆرە نموونە و زۆرتر تێکەڵێکن لەوانە. هەروەها کەلەپووری ڕامیاریی هەموو کاتێک لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی کردەوەییدا ڕاهاتوو نییە: سیستەمە سیاسییەکان ڕەنگە وەک ڕاهاتوویی و گونجاویی زۆر لە نێوان کەلەپوور و پێکهاتەدا (کە دەبێتە هۆی ئەمەگداریی)، ڕاهاتوویی لاواز (کە دەبێتە هۆی بێ لایەنی) و ڕانەهاتوویی و نەگونجاوی (کە دەبێتە هۆی نامۆیی و ڕق) دیاریی بکرێن.[٩]

لە سۆنگەیەکی ترەوە، سێ ئاستی چاندی سیاسی بریتین لە ئاستی سیستەم، ڕەوت (پرۆسە) و سیاسەتـدانـان. لە ئـاسـتی سیستەمـدا، ڕوانـگەی هـاووڵاتییان لەسەر بەهـاکان و ڕێکخراوەکانی پێکهێنەری سیستەمی سیاسی سەرنــج دەدرێن. ئەوەی کە شێوازی هەڵبژاردنی سەرکردەکان و پێڕەوی هـاووڵاتییان لە یاسـاکان چۆنە. لە گـرنـگترین لایەنەکانی ئـاسـتی سیستەمی، لایەنی شەرعییەتی (ڕەوابــوون) حکوومەتە. لەو وڵاتــانەیدا کە ئــاســتی شەرعییەت لە خــوارەوەیە، هاووڵاتییەکان زۆربەی کات بۆ چارەسەریی ناکۆکییە سیاسییەکان پەنا دەبەنە بەر توندوتیژیی.

سێ کێشەی شەرعییەت ئەمـــانەن: قەبـــووڵ نەکردنی تۆکمەیی سیاسی نیشتمانی، قەبـــووڵ نەکردنی شێوازەکانی دیاریکردنی ڕێبەران و نـــووسینی سیاسەتەکان و مـــتمانە نەکردن بە پێبەنـــدبـــوونی ڕێبەران بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. تێکچوونی هەنـــدێ لە وڵاتـــان وەک سۆڤییەت بە هۆی هەبوونی هەر سێکی ئەم کێشانەی شەرعییەت بووە.[١٠]

لە ئـاسـتی ڕەوتـدا، سەرنجی حەزی تـاکەکان بۆ سەرقـاڵبوون لە ڕەوتی سیاسی واتە گەڵاڵەی داواکاریی، پێڕەوی لە یاسـا، پـاڵپشتی لە هەنـدێ گـروپ و دژایەتی هەنـدێکی تـر و شێوازە جیاوازەکانی بەشداری کردن دەدرێت. لەم ئاستەدا باسی سێ جۆرە کەلەپووره سیاسییەکەی سەرەوە دەکرێت: داخـــراو، پێڕەو، بەشـــدارانە. لە کۆمەڵگا جیاوازەکانـــدا هەر سێ جۆرەکە دەبینرێن بەڵام ڕادەی هەرکامەیان جیاوازە. لە کۆمەڵگای پێشکەوتـــوودا، ڕادەی کەلەپـــووری بەشـــدارانە زۆرتـــرە. لە هەنـــدێکی تـــردا ڕادەی بەشـــدارانە و پێڕەو بەرابەرن. لە کۆمەڵگا دواکەوتـووەکانـدا ڕادەی بەشـدارانە کەمتر و ڕادەی داخـراو زیاتـرە.[١١] بۆیە لە جۆرە تێکەڵەکانی کەلەپووری سیاسی ناوبراوە وەک داخراو-پێڕەو، پێڕەو-بەشدارانە و داخراو-بەشدارانە.[١٢]

لە ئـاسـتی سیاسەتـدانـانـدا سەرنجی چـاوەڕوانی هـاووڵاتییان لە سیاسەتەکانی حکوومەت دەدرێت. ئەوەی کە چ ئامانجگەلێک دیاریی دەکرێن و چۆن دەبێت بەوانە بگەن. لە پێوەندیی لەگەڵ سیاسەتە گشتییەکان و سیاسەتـدانـان و ڕوانـگەیەک کە لەسەر شەرعییەتی حکوومەت هەیە، کەلەپـووری سیاسی ڕەنگە ڕێکەوتـووانەو ڕەزامەنـدانە یان کێشەدارانە و نـاکۆک بێت. لە ڕێکەوتـووانەدا، هـاووڵاتییان بە شێوەی ئـاسـایی سەبـارەت بە شێوازە شیاوەکانی بڕیاردانی سیاسی و چارەسەریی پرس و کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا هاودەنگن. بەڵام لە کێشەدارانەدا، هـاووڵاتییان لەسەر شەرعییەتی ڕەژیم و چـارەسەریی کێشە سەرەکییەکان بە تـونـدی تـووشی فرەلایەنین. لەم دۆخەدا کۆمەڵگا وردە کەلەپووری رامیاریی هەیە.[١٣]

یەکێک لە نـوێنگەکانی چـانـدی رامیاریی، چـانـدی شـارسـتانییە کە تێیدا، چـانـدی رامیاریی بەشـدارانە لە ڕێگای ئـاڕاسـتەگـرتنی داخـراو و پێڕەوانە سەبـارەت بە بـابەتە سیاسییەکان، هاوسەنگ دەبێت.[١٤] چاندی شارستانی (مەدەنی) کە ئالمۆنـد و ڤێربا باسی دەکەن راهاتـووە لەگەڵ سیستەمە سیاسییە دێمۆکراتیکەکان و شیاوتـرین کەلەپـووره بۆیان.[١٥] ئەم کەلەپـووره، کەلەپـــووڕێکی تێکەڵە واتە تێکەڵێک لە کەلەپـــووری داخـــراو، ملکەچـــانە و بەشـــدارانە. تـایبەتـمەنـدییەکانی مۆدێلی چـالاک-ئـاوەزمەنـدانەی هـاووڵاتییەتی دێمۆکراتیکی خـاوەن ڕاهێنانی شـارسـتانی (کە هـاووڵاتییان ئـاگـا، چـالاک و ئـاوەزمەنـدن) لەڕاسـتیدا بەشە پێکهێنەرەکانی چـــانـــدی مەدەنین، بەڵام سەرەڕای ئەوە ڕۆڵی پێڕەو و داخـــراو مـــاونەتەوە.

بەمجۆرە ڕۆڵی بەشـــدارانە بە ڕۆڵەکانی ملکەجی و داخـــراو زێدە کراوە، لەم ڕێگایەوە هـاووڵاتییان پێوەنـدییە نەریتی و داخـراوەکانیان (وەکو ئەنـدامەتی لە کەلیسا) هەر بەو ڕادەی کە ڕۆڵی سیاسی نـاچـالاکانەتـریان (وەک ئەو ملکەجـانەی کە بڕیاردانی بلیمەتەکان قەبــووڵ دەکەن) ڕادەگـرن. ئەم تـایبەتـمەنـدییە تێکەڵاوەی چـانـدی مەدەنییە کە نـاکۆکییە مـاکییەکانی سیستەمە دیمۆکراتیکەکان واتە کێشەی نێوان دەسەڵات و کاریگەربــوونی حکوومەت و وەڵامدەربوون و بەرپرسیاربوونی حکومت لەگەڵ یەکتر کۆ دەکاتەوە. یەکەم، بناخە داخـراو/ملکەجییەکانی چاندی مەدەنی هاندەری میانەڕەوین و ئەم ئاڕاستەگرتنانە توندی و خەستی چـــالاکی و سەرقـــاڵی سیاسی تـــاکەکەسی هێور دەکەنەوە. چـــالاکی سیاسی تەنیا بەشێک لە دڵەڕاوکێی هـاووڵاتییان دەبێت. بەمجۆرە لەڕاسـتیدا هـاووڵاتی لە چـانـدی مەدەنیدا هـاووڵاتی چـالاک نییە بەڵکو بە شێوەی لەنـاخـداهەڵگر (پۆتـانسیەل) هـاووڵاتی چـالاکە. ئەمە بڕیاردانی دەستەبژێر و بلیمەتەکان (ئێلیتەکان) و هەڵسووڕانی کاریگەر ساکار دەکاتەوە. بەڵام بەوەشەوە بلیمەتەکان لە ژێر چـاوەدێریدا دەبــن. ڕۆڵی دژبەری هــاووڵاتی، وەکو هەڵسووڕاوی چـــالاک و خاوەن بڕشت و تەشەنە لەسەر بەرپرسیاربوونی بلیمەتەکان، لە ڕێگای بەڵێنداریێتی بەهێزیەوە بۆ نۆرمی هـاووڵاتییەتی چـالاک و تێگەیشتنی لەوەی کە ئەو دەتـوانێت هـاووڵاتییەکی خـاوەن تەشەنە بێت، دەپـــارێزێت. لەم ڕێگایەوە کەلەپـــووری شـــارســـتانی پێویستی بە کۆدەنگی و ڕێکەوتـــن (کە لە تێکچوونی کۆمەڵایەتی بەرگیری دەکات) و بە قەڵشت و کەلێن (کە سیاسەت ڕێکدەخات و چالاکی سیاسی واتادار دەکات) هاوسەنگ دەکات. ئەم کێشەیە لە ڕێگای ناکۆکی نێوان نۆرمەکانی بەشـــداریی و ئـــاکاریی بەشـــداریی بـــاسی لەسەر دەکرێت و بڵاو دەبێتەوە. هەرچۆنێک بێت بە چـــالاکبوونی پۆتـــانسیەلی هــــاووڵاتی و بەرپــــرسیاربــــوونی حکوومەت، "مێکانیزمی هـاوسەنگی" پێکدێت و کێشەکان چـارەسەر دەکرێن. کەواتە، چـانـدی شـارسـتانی چەمکێکە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی دیمۆکراسیدا. بۆ حکوومەتی دیمۆکراتیک هەنـــدێ ئاڕاستەگرتن (هەستیارانە، ئاگایانە و هەڵسەنگێنەرانە) بۆ سیستەم پێویستن.[١٦]

بە کورتی، لە ڕوانگەی 'ئالمۆند و ڤێربا'وە چاندی ڕامیاریی بریتییە لە بۆچوون، هەڵوێست و ئاڕاستەگرتنە ئاگایانە، هەستیارانە و هەڵسەنگێنەرانەکان لەسەر سیستەمی سیاسی. سێ جۆری سەرەکی چاندی سیاسی بریتین لە: داخراو، کە تێیدا ئاڕاستەگرتنی ئاگایانە بەرەو سیستەمی سیاسی نییە و تـاک کورتەبیرە؛ پێڕەوانە (نـاچـالاکانە)، کە ئـاڕاسـتەگـرتنی ئـاگـایانە بەرەو دەرکەوتەکانی سیستەم هەیە؛ بەشـدارانە (چـالاکانە)، کە ئـاڕاسـتەگـرتنی ئـاگـایانە بەرەو هەردووکی نـاوکەوت و دەرکەوتەکانی سیستەم هەیە. ئەم سێ چـانـدە بە ڕیزەوە ڕاهـاتـوون لەگەڵ سیستەمە نەریتی، ملهوڕانە و دیمۆکراتیکەکان. چاندی شارستانی (مەدەنی)، چاندێکی

سیاسی بەشـدارانەی ئەمەگـدارانە و راسـتوێژانەیە. حکوومەتی دیمۆکراتیکی نەگۆڕ و کاریگەر گرێدراوی ئەو ئاڕاستەگرتنانەیە کە خەڵک بۆ رەوتی سیاسی هەیانە - واتە چاندی سیاسی. بۆ ئـالمۆنـد و ڤێربـا، ویلایەتە یەکگرتـووەکان و بەریتانیا گەیشتوون بە ئـاسـتی چـانـدی مەدەنی بەشدارانە و رێزلێگرانە.[١٧]

## ئایین و چاندی رامیاریی

پێوەندی دوولایەنە، واتادار و گرێدراو لە نێوان دوو بابەتی ئایین و چاند بە گشتی و چـانـدی رامیاریی بەتـایبەتی هەیە. چـانـدی رامیاریی سەرچـاوەی جۆراوجۆری هەیە. بە وتەیەکی تـر، بـاوەڕەکان، ئـاواتەکان، ئـامـانـجەکان و ئەو بۆچـوون و هەڵوێستانەی کە چـانـدی سیاسی پێکدەهێنن، لە ژێر کاریگەری هەنـدێ هۆکار بەتـایبەت ئـاییندان. خەڵک بـاوەڕە ئـایینییەکانی خۆیان لە کەلەپـووری سیاسی و لە جۆری دیتن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسیدا پیشان دەدەن.[١٨] ئـایین و دامەزراوە ئـایینییەکان، لەلایەکەوە، لە رێگای بەکۆمەڵگاییکردنی تـاکی کۆمەڵگاوە لەسەر کەلەپـووری رامیاریی و هەروەهـا بە گشـتی پـارێزکاربوون و ملکەچی خەڵک کاریگەرن. ئایینەکان هەڵگری بەهـای چـاندیی و ئەخلاقین کە بـمانەوێت و نەمـانەوێت دواهـاتی سیاسییان هەیە و لەسەر پـرسە سیاسییەکان و سیاسەتە گشـتییەکان کاریگەرییان دەبێت. لەلایەکی تـرەوە، تـوێژی ئـایینی لە رێگای زاڵبوون بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و پێکهێنانی حکوومەتی ئایینی کە تۆتالیتەربوون لە تایبەتمەندییەکانیەتی، لەسەر کەلەپووری سیاسی کاریگەرییان هەیە.

لە پێوەنـدی لەگەڵ خـاڵی دووەمـدا، هەروەهـا کە دیارە، ئـایینی سیاسی واتە دەسـتێوەردانی راشکاوانەی یاریزانانی ئایینی لە کاروباری سیاسی-کۆمەڵایەتی[١٩]، لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا درێژەی هەبـووە و هەبـوونی بـناژۆخـوازیی ئـایینی تـونـد لە هەنـدێ کۆمەڵگا بەتـایبەت ئێران کاریگەری بەرچاوی لەسەر کۆمەڵگا و سیاسەت هەبووە و روانگە پارێزکارانەکانی کۆمەڵایەتی، ئەخـلاقی و ئـایینی خسـتۆتە سەرەوەی کاری سیاسەتـدانـان.[٢٠] هەر لەم پێوەنـدییەدا، بۆ هەردووکی هانتینگتۆن و فوکویاما[٢١] چاندە سیاسییەکانی نامەسێحی لە جیهانی سێهەمدا هەم هۆ و هەم دواهـاتی سیستەمە سیاسییە نـادێمۆکراتیکەکانـن.[٢٢] ئەم پێوەنـدییە دوو لایەنە لە مێژووی ئێرانـدا بە چـاکی دەبینرێت بە جۆرێ کە کەلەپـووری سیاسی شێعەزاڵی ئێستاکە تـاڕادەیەک دواهـاتی سیستەمی نـادێمۆکراتیکی سەردەمی شـا و بۆخۆیشی هۆی پێکهاتنی سیستەمی نادێمۆکراتیکی پاش شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩ بووە.

## ئایین و چاندی رامیاریی لە ئێراندا

کۆمەڵگای ئێران لە کۆنەوە کۆمەڵگایەکی ئـــایینی بـــووە و ئـــایین یەکێک لە سەرچـــاوە سەرەکییەکانی کەلەپـووری ئەو وڵاتە بـووە. لە ئێرانـدا سیاسەت و ئـایین پێوەنـدێکی پـتەویان لەگەڵ یەکتر هەیە و ئەم کارە لەسەر چـــانـــدی رامیاریی ئێران بەتـــایبەت لە ســاڵانی پـــاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیدا کاریگەری زۆری هەبـــووە. کردەی سیاسی ئـــایین لە مێژووی ئێرانـدا رێخەی درێژی هەیە. لە بـاری مێژووییەوە لە ئێرانـدا، چ پێش ئیسلام و چ پـاش ئیسلام، ئایین ئامرازێک بووە بۆ شەرعییەتدان بە سیستەمی سیاسی و پێکهێنانی هەڵوێست، روانگە و ئـاکاری سیاسی خەڵک. پـاش شۆڕشی ئیسلامی و تێکەڵبوونی ئـایین و دەوڵەت، ئەم کردەیەی ئایین وەک ئامرازی پاساوکردن و شەرعییەت بەخشین بە دەسەڵاتی دەسەڵاتداران، بە توندی لە پاساوی ئاکاری سیاسەتوانانـدا بەکارهێنرا بەجۆرێ کە ئایین بوو بە گرنگترین ئامرازی کۆنترۆڵی ئاڕاستەگرتن، کردەوە و دژکردەوە سیاسییەکانی تاکی کۆمەڵگا، و لاسایی کردنەوە و پێڕەویی بـــوون بە شێوازێکی بەرچـــاو لە ئـــاکاری سیاسیدا.[٢٣] لەڕاســـتیدا، حکوومەتی ئـــایینی ئێران سیاسەتێکی ماکیاڤێلیانەی پێڕەو کردووە. لە بیری ماکیاڤێلیدا ئەمەگداری هاووڵاتییان بۆ ئایین دەبێتە هۆی بەردەوامی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی کە ئـایین خەڵک لە سـزاکان دەتـرسێنێت و ئەمە دەبێتە هۆی پێڕەوییان لە دەسەڵاتـداران. بەمجۆرە، ئـایین ئـامـرازێکە بۆ حکوومەت کردن بە سەر خەڵکدا.[٢٤] وەها دۆخێک لە ئێراندا روویداوە و لەو رێگایەوە ئایین لە پێکهاتنی کەلەپووری سیاسی پێڕەو (نـاچـالاکانە) لە ئێرانـدا یارمەتیدەر بـووە. لەم ئـاڕاسـتەیەدا، لە رەوتی شۆڕشی ئیسلامیدا دامەزراوە ئـایینییە نـوێیەکان چـالاک کران کە کاریگەریی بەرچـاویان لەسەر رەوتە سیاسییەکان هەبـوو. لەم دۆخەدا مـزگەوتەکان، تەکیەکان، زیارەتـگەکان و تـاقـم و گـروپە ئـــایینییەکان جێگایەکی زیاتـــریان لە کەلەپـــووری سیاسی ئێرانـــدا دۆزیەوە و بیرۆکە ئیسلامییەکان بەرهەمهێنرانەوە.[٢٥] هەروەهـــا، لە کۆمـــاری ئیسلامی ئێرانـــدا جەخـــت لەسەر "شەرێعەت" گۆڕدرا بە جەخت لەسەر "فەقیھ" (زانای ئایینی) و دوایین ئاکامی ئەم گۆڕانە بە کردەوە پێشترێتیدان بە سیاسەت بـــووە، لە رێگای تێکەڵکردنی هەنـــدێ چەمک و کردەوەی ئایینی و سێکیولار بە جۆرێ کە بتوانن داواکاری شەرعییەتی ئیسلامی بن.[٢٦]

پێکهاتنی کۆماری ئیسلامی رۆشتن بەرەو شێعەخوازییەکی ناوەندیکراو و فەرمانگەییکراوی لە ئێرانـــدا پەرەپێدا. بـورۆکراتیزاسیۆنی ئـایین دیاردەیەکی زۆر بەربڵاوە کە دەکرێ لە هەمـــوو چینەکانی کۆمەڵگادا ببینرێت. ئیسلام لەم کۆمارەدا پشکی هەبووە لە شەرعییەتی کۆمەڵایەتی بەنـاوەنـدیکردنی دەوڵەت. ئیسلام بەتـایبەتی ئـامـرازێکی کاریگەر بـووە لە پێکهاتنی مۆدێلێکی بـورۆکراسی بەرین لە بـاری کۆمەڵایەتییەوە. دامەزراوە و پێکهاتەکانی کەلەپـووری ئـایینی لە

مــاوەی گەشەیانــدا بەردەوام گۆڕدراون بە ڕێکخراوە تــایبەتەکان کە بەرپــرســایەتییەکانیان تـاڕادەیەک بە چـاکی دیاریی دەکرێن و پـاڵپشتی چـاکی دارایی و بۆدجە وەردەگـرن: وەزارەتی کەلەپـــوور و ڕێنوێنی ئیسلامی، وەزارەتی فێرکردن و بـــارهێنان (پەروەردە)، و ڕێکخراوی بـــانــگەشەی ئیسلام لە قــوم، نــووسینگەی نــاوەنــدی هەڵسووڕانی مــزگەوتەکان، کۆمەڵەی بانگخوازان، دامەزراوەی بەجێهێنەرانی نوێژی هەینی، ئەنجومەنی وتارخوێن و پێشنوێژانی هەینی، ڕێکخراوی بووژاندنەوەی نوێژ، کۆمەڵەی قوتابییانی قورئانی، دامەزراوەی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە و دیکەی ئەنجومەنە ناوەندییەکانی ڕێکخراوە ئایینییەکان، هەموویان بۆ هەڵسووڕانی کۆمەڵگا لە درێژایی هێڵەکانی ئیسلامی راستەقینە (بە گـوتەی خۆیان) بـووە. ئەم زێدەڕەوییە دامەزراوەییە راســتەوخۆ پێوەنــدیی هەیە بە کردەی ئەوانە لە پــاراســتنی ڕەژیمدا. ئەم ناوەندخـوازیی فەرمانگەییە و زۆربوونی پێکهاتەکان لە ناو کەلەپووری ئایینیدا بــووەتە هۆی لاوازبــوونی کۆمەڵگای مەدەنی بە جۆرێ کە پیشانــدەری ئــایدۆلۆژی ڕەژیمێکی سەرەڕۆ و ملهوڕە کە لە هێما و کۆدە ئیسلامییەکان بە مەیلی خۆ کەڵک وەردەگرێت.[٢٧]

هەر لەو ئـاڕاســتەیەدا، پشکی ئـایین لە راکێشانی خەڵک بۆ ڕێپێوانە فەرمییەکانی حکوومەت، نـاکەوێتە چـوارچێوەی کەلەپـووری سیاسی بەشـدارانە چۆن هەمـووی بە پـلان و بەرنـامە لە سەرەوە بــووە. ئــایین خۆی لە دەسەڵاتــدا بــووە و وەک ئــامــراز بۆ پشــتیوانی لە دەسەڵات بەکارهێنراوە. بە هۆی نەبوونی ئازادی، تاک و کۆمەڵگای چالاک و بەشداری راستەقینە بوونیان نەبــووە و پــاڵپشتی لەلایەن خەڵکەوە نــائــاگــایانە، پێڕەوانە و بە زۆرەملێ بــووە بێ ئەوەی داواکارییەکانیان بڕواتە نــاو سیستەم و وەڵام بــدرێنەوە. حکوومەتی ئــایینی پــاوانــخواز کە هەموو شتێک و هەموو ئامرازەکانی بەکۆمەڵگاییکردنی وەک سیستەمی فێرکردن و بارهێنان (پەروەردە)، دامەزراوە ئــایینییەکان، ڕاگەیانــدن و... لە دەســت دایە، بــووەتە هۆی پێکهێنانی کەلەپووری سیاسی داخـراو-ناچالاکانە و هەروەها کێشەدارانەی پڕ لە ناکۆکی. بەم بۆنەوە لە ئــاســتی سیستەمیشدا، شەرعییەتی حکوومەت تــووشیاری کێشەیە و هەر سێ کێشەی پێشتر نـاوبـراو لە کۆمەڵگای ئێرانـدا دەبینرێن. پـاش شۆڕشی ئیسلامی، ئـاکامی ئەم دەستێوەردانەی ئایین لە سیاسەتدا نەتەنیا ئێرانی نەکرد بە خـاوەن کەلەپـوورێکی مەدەنی بەڵکو بەرەو چـاندی نــاکۆک و کێشەدارانەی بـرد کە بە زۆر ڕاگیراوە و ئەگەر هەلی گـونـجاو بڕەخسێت سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە تووشی قەیرانی گەورەتر لەوەی ئێستاکەی دەکات.

کەواتە، ئێران نـموونەی وڵات و دەوڵەتێکی نـادێموکراتیک و مـلهوڕە کە چـانـدە رامیارییەکەی زیاتـر راهـاتـووە لەگەڵ چـانـدی پێڕەو کە ئـالمۆنـد و ڤێربـا بـاسی دەکەن. لە ئێرانـدا نەبـوونی

کەلەپــووریی مەدەنی و هەبــوونی سیستەمی دیکتاتۆری کە کەلەپــوورێکی سیاسی داخــراو و ملکەجانەی پێکهێنابوو، بووە هۆی نەبوونی "مێکانیزمی هاوسەنگی" ئاماژەپێکراوی ئالمۆند و ڤێربــا و دەرەنــجام نــاسەقــامگیری و تێکچوونی سیستەمی سیاسی و شۆڕشی ئیسلامی. بەڵام پاش شۆڕشیش ئەم کەلەپووره بە هۆی نەبوونی ئازادی و سیستەمی تۆتالیتەری ئایینی دیسان درێژەی پێدرا و نــاسەقــامگیریی سیاسی و مەتــرسی لەسەر سیستەم درێژەی هەبــووە. تــاکی خــاوەن پۆتــانسیەلی چــالاکی و هەڵوێست و ئــاڕاســتەگــرتنی بەشــدارانە گەشەی نەسەنــد و حکوومەتیش لە بەرانـــبەر خەڵکدا وەڵامـــدەر و بەرپـــرسیار نەبـــووە. بۆیە لەم وڵاتەدا رادەی کەلەپووری رامیاریی پێڕەو زیاترە و کەلەپووری بەشدارانە کەمترە و کۆمەڵگای شارستانی زۆر لاوازە و کەلەپــووریی شارستانی پێکنەهاتووە. هەروەها، ئەم دۆخە لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا بە هۆی گــوشــاری زۆری سیاسی بە بۆنەی جیاوازیی نەتەوەیی و لە هەنــدێ شــوێنیشدا ئــایینی چەند ئەوەندە خراپتر بووە بە گوێرەی ناوچە فارس و شێعەنشینەکان. هەرچۆنێک بێت یەکێک لە ئــامرازەکانی حکوومەت ئێستاکە ئایینە و لەو رێگایەوە بە برەودانی روانگەی پــارێزکارانە و کۆنتڕۆڵی جموجووڵی سیاسی هەوڵی داوە زاڵیەتی سیاسی خۆی لە کوردستاندا بپارێزێت.

## کوردستان

لە کوردســتانــدا، ئــایین جــگە لەوەی کە وەک بەشێک لە چــانــدی ئەو کۆمەڵگا هێشتا نەریتییە بۆخۆی تــاڕادەیەک کاریگەر بــووە، لە رێگای حکوومەتی ئــایینی و ئــایینی سیاسی زاڵ بە سەر ئێرانیشەوە راســتەوخۆ لەسەر چـــانـــدی رامیاریی کوردســـتان کاریگەریی هەبـــووە و وەکو ئامرازێکی سیاسی لە دەستی حکوومەتدا یارمەتیدەری حکوومت و پاراستنی دۆخی هەبووی پــاش شۆڕشی ١٩٧٩، بــووە. دامــودەزگــا حکومی و ئــایینییەکان لە کوردســتانــدا، روانــگەی پارێزکارانەی تلاو بە ترسیان برەوداوە تاکو خەڵک خوازیاریی گۆڕانکاریی نەبن و کۆمەڵگایان لە هەر جۆرە گۆڕانێک تۆقــانــدووە. هەر لە چــوارچێوەی سیاسەتی حکوومەتی ئێرانــدا زۆرینەی دامەزراوە ئـــایینییەکان و مـــزگەوتەکان لە ژێر رکێفی مەلایانی سەر بە حکوومەت دایە و ئەو مەلایانە بە زاڵبوون لەسەر ئەو دامەزراوانە و کەڵک وەرگرتن لە تەشەنەی ئایین لە کۆمەڵگادا و دژایەتیان لەگەڵ کەشـــوهەوای کراوە و ئـــازاد، یارمەتیدەری پێکهاتنی کەلەپـــووری رامیاریی داخراو-پێڕەو لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا بــوون. ئەمانە لە بۆنە سیاسییەکانــدا بە بــاشی بەکار دەهێنرێن.

لە ئـاڕاسـتەی سیاسەتی دژە کورددا، بە شێوازی جۆراوجۆر لە ژێر نـاوی ئـایینددا لە چـالاکی کۆمەڵگای کوردی بەرگیری کراوە و چـانـدێکی پـارێزکارانە و نـاچـالاک بـرەو دراوە. لەو وڵاتەدا هیچ ئازادی و دەرەتانێک بۆ چالاکی کورد نییە و لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا کۆمەڵگای مەدەنی لاوازە. بۆیە بە نەبـوونی ئـازادی رادەربڕین، چـاپەمەنی، رێکخراوە و بەشـداریی لە دەسەڵاتـدا وەکو کورد و دەرەنـجام هەبـوونی مێکانیزمی نـادێمۆکراتیکی هەڵبژاردنەکان، کەلەپـوورێکی سیاسی داخـراو و ملکەجـانە پێکهاتووە کە زۆرینەی تـاکی کورد، چۆن هیچ دەرەتـانێکی نییە لە چـالاکی کەوتـووە، و خەڵکی کورد لەبەر ئەوەی کە هیچ حیزبێکی یاسـاییان نییە بۆ کەنـاڵیزەکردنی داواکارییەکانیان و بەشـداریی ئـازادانە لە رەوتی سیاسیدا، رۆڵێکیان لە کەرتی ناوکەوتی سیستەمی سیاسی واتە گەیاندنی داواکارییەکانی کورد بۆ تاوتوێ کردنیان لە ناو ئەو سیستەمەدا و هەروەهـا لە بڕیاردانـدا نییە و کەواتە بە شێوەی راسـتەقینەش پـاڵپشتی لەو سیستەمە ناکەن. کەشوهەوای سیاسی جۆرێکە کە زۆرینەی تاکەکان لە ئاستی خۆیاندا لە بیری بەرژەوەنـدی بـنەمـاڵە و خێزانی خۆیانـدان و خەڵکی کورد بە تەنیا لە بەر دەرکەوتەکان و بڕیارەکانی سیستەمی سیاسیدان بێ ئەوەی کاریگەریان لەسەر ئەو دەرهاوێژ و بڕیارانە هەبێت یان سیستەم لە بەرانبەریاندا وەڵامدەر بێت. بۆیە لە کوردستاندا کەلەپووری سیاسی بەشدارانە و چـالاکانە لە رەوتی سیاسیدا لە ئـاسـتێکی نـزم دایە و بە لانیکەمی خۆی گەیشتووە و کەلەپووریی ملکەجانە و ناچالاکانە ئەو کۆمەڵگایەی لە بەر گرتووە و بەتەنیا دەرهاوێشتەکانی سیستەمی سیاسی بە سەریدا دەسەپێت.

هەرچۆنێک بێت، کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک بـوونی نییە و تەشەنەی زۆری ئـایین لە کۆمەڵگا و بـوونی حکوومەتی ئـایینی لە هۆکارەکانی رێگر بـوون لە پێکهاتنی چـانـدی مەدەنیدا، چۆن نە حکوومەت بەرپرسیار بووە و نە رێگەش بە گەشەسەندن و زۆربوونی تاکی خاوەن پۆتانسییەلی چالاک دراوە. ئەم چاندە لە کۆمەڵگایەکدا کە گرنگایەتی بە ئاوەزمەندیی مرۆڤ بدرێت گەشە دەکات، کەچی لە حکوومەتی ئایینی ئێراندا بەرپرسان خۆیان بە نوێنەری خوا و دەسەڵاتیان بە دەسەڵاتی خـوایی دەزانـن و دیکەی خەڵک بە بڕیاردەر و ئەوەی کە بـتوانـن چـارەنـووسی خۆ دیاریی بکەن، نازانن. بۆیە ئاوەزی تاک و ئاوەزی گشتی مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا واتایەکیان نییە و، لایەنی ئـاڕاسـتەگـرتنی بەشـدارانە گەشەی نەسەنـدووە و تێیدا هـاوسەنگی پێکنەهـاتـووە. کەواتە، بۆ گەیشتن بە کەلەپـووریی شـارسـتانی، پێویستە چـانـدی سیاسی خەڵک و کۆمەڵگا لە چـانـدێکی زۆرتـر داخـراو و هەروەها چـاندێکی خـاوەن تـاکی نـاچـالاک، بەرەو چـانـدێکی زۆرتـر بەشدارانە و خاوەن پۆتانسییەلی چالاکی بڕوات. واتە تاکەکان چالاکانە لە سیاسەتدا بەشداری بکەن و بڕیاردەر و ئـاگـا بـن و هەسـت بکەن لەسەر بڕیارەکانی سیستەمی سیاسی کاریگەر

دەبـــن.[٢٨] بەڵام ئێستا لە کوردســـتانی ڕۆژهەڵاتـــدا بە هۆی زاڵیەتی سیستەمی تۆتـــالیتەر و نادیمۆکراتیک وەها ڕەوشێک نییە و ئاستی کەلەپووری ناچالاکانە زۆرترین پشکی هەیە و تاکی کورد زیاتر ناچالاکانە و نائاگایانە بە زۆرەملێ پێڕەوی دەکات.

✦

## سەرچاوەکان:

[١] ئەم وتـاره بۆ یەکەم جـار لە ڕێکەوتی ٢٩/١٢/٢٠١٦، لە مـاڵپەڕی "میللەت"، بەشی "کراوەیی ئیسلامی" بە نـاونیشانی خـوارەوە بڵاو بووەتەوە:

http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=31778&T

[٢] Lucian W. Pye, "Political Culture", in International Encyclopedia of the Social Sciences, available 2016, at: http://www.encyclopedia.com/social-sciences-and-law/sociology-and-social-reform/sociology-general-terms-and-concepts-35

[٣] گابریل ا. آلموند، جی. بینگام پاول جونیور، رابرت جی. مونت، **چهارچوبی نظری برای بررسی سیاست تطبیقی**، ترجمه: علیرضا طیب، تهران: مرکز آموزش مدیریت دولتی، ١٣٧٦، ص ٧١.

[٤] سید عبدالعلی قوام، **سیاستهای مقایسه‌ای**، تهران: انتشارات سمت، چاپ سوم، ١٣٨٠، ص ٧١.

[٥] Jeff Haynes (ed.), Religion, Globalization and Political Culture in the Third World, London: Macmillan Press Ltd, 1999, p 8.

[٦] Gabriel Almond and Sidney Verba

[٧] Emile Durkheim

[٨] Tommaso Pavone, "Political Culture and Democratic Homeostasis: A Critical Review of Gabriel Almond and Sidney Verba's The Civic Culture", 2014.

[٩] Ibid.

[١٠] آلموند، جونیور، مونت، ١٣٧٦: صص ٧١-٧٢.

[١١] هەر ئەوە، لل. ٧١-٧٤.

[١٢] قوام، ١٣٨٠: ص ٧٣.

[١٣] آلموند، جونیور، مونت، ١٣٧٦: صص ٧١ و ٧٧.

[١٤] قوام، ١٣٨٠: ص ٧٤.

[١٥] See: Pye, at: http://www.encyclopedia.com

[١٦] Pavone, 2014.

[١٧] Stephen Fisher, "Political Culture, Social Capital and Democracy", available 2016, at: http://users.ox.ac.uk/~nuff0084/polsoc

[١٨] مسعود مطلبی، "عرصه‌های دینگرایی در فرهنگ سیاسی ایران معاصر"، **فصلنامه مطالعات میان فرهنگی**، دوره ٧، شماره ١٨، ١٣٩٢، صص ١٠٥ تا ١٣٤.

[١٩] Hynes, 1999: p. ٦

[٢٠] آلموند، جونیور، مونت، ١٣٧٦: ص ٦٥.

[٢١] Huntington and Fukuyama

[٢٢] Hynes, 1999: p. 13

[٢٣] محمود کریمی، "نقش دین و خانواده در فرهنگ سیاسی"، **روزنامه رسالت**، مورخ: ١٣٨٨/١٠/٢٤.

[٢٤] حسین بشیریه، **انقلاب و بسیج سیاسی**، تهران: انتشارات دانشگاه تهران، چاپ پنجم، ١٣٨٢، ص ٤٣.

[٢٥] مطلبی، ١٣٩٢.

[٢٦] Nazih Ayubi, “The Politics of Islam in the Middle East with Special Reference to Egypt, Iran and Saudi Arabia”. In Jeff Haynes (ed.), 1999, pp 71–92.

[٢٧] Fariba Adelkhah, “Transformations of mass religious culture in Iran”, In Jeff Haynes (ed.), 1999, pp. 93–111.

[٢٨] سەباح موفیدی، "کێشە لە چی دایە: سیستەمی حکوومەتی، دەسەڵاتی یاسادانان یان کەلەپووریی سیاسی؟"، بڵاوکراوە لە ماڵپەڕی نوچە.نێت، ٢٠١٥، بە ناونیشانی: http://www.nuche.net/?p=50023

# بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کاریگەر لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پێوەندیی نێودەوڵەتی کوردستان[1]

لەسەر گریمانەی بوونی دەوڵەتێکی کوردی یان لە ئێستاکەدا کورد و حکوومەتە هەرێمیەکانی وەکو ئەکتەرێکی سیاسی نادەوڵەتی گرنگ، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە پێوەندیی دیپلۆماتیک و نێودەوڵەتی ئەم حکوومەتە دەبێت چۆن و لەسەر چ بنەماگەلێک بێت؟ و ئاخۆ چ فاکتەرگەلێک دەتوانن لەسەر ئەم پێوەندییانە کاریگەرییان هەبێت؟ ئەگەرچی لە ناوەندە سیاسییەکاندا بە ئەگەری زۆرەوە سەرنجی ئەم بابەتانە دراوە و رەنگە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریان هەبووبێت بەڵام تاکو ئێستا کەمتر لە ناوەندە زانستییەکاندا سەرنج دراوە، کە دیارە بەرەبەرە کارکردن لەم بوارەدا وەک ئەرکی ناوەندە زانستییەکانی پێوەندیدار بە سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان زەق دەبێتەوە.

بە گشتی دوو جۆر فاکتەری کاریگەر لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پێوەندیی نێودەوڵەتی بریتین لە فاکتەرە دەرەکییەکان و فاکتەرە ناوخۆییەکان کە لەم وتارەدا جەخت دەخرێتە سەر فاکتەرە ناوخۆییەکان. بێجگە لایەنی ماددی و هەروەها سیاسەتی گشتی حکوومەتی هەر وڵاتێک و لەبەرچاو گرتن یان نەگرتنی رێسا نێودەوڵەتییەکان و سیستەمی نێودەوڵەتی و هەنگاو هەڵێنان لەو چوارچێوەیەدا، لە روانگەیەکی تاڕادەیەک کانستراکتیڤیستییەوە[2] پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کەلەپوور بریتی لە ئایین، مێژوو، بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان و... لەو فاکتەرانەن کە لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتە جیاوازەکان کاریگەرییان هەیە. کۆمەڵگایەک کە بە توندی بەپێی کەلێنە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لەوانە ئابووری، ئایینی

و...، ناهاوسەنگی ناوچەیی و هتد دابەش کراوە بە هۆی دابەشکاریی و لێکترازان و نەبوونی هاوکاری لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا ناتوانێت سیاسەتی دەرەوەی بەهێز و کاریگەریی هەبێت. لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵگایەکی یەکدەنگ و هاوسەنگ کە هەستی بەهێزی یەکیەتی و تۆکمەیی نیشتمانی هەیە بە هۆی پشتگیریی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا کە بەها و بیرەوەری هاوبەشیان پێکهێناوە، دەتوانێت سیاسەتی دەرەوەی کاریگەریی هەبێت. کەواتە بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆیی هەر وڵاتێک لەو فاکتەرانەن کە دەتوانن لەسەر هاوکاریی لە نێوان دەوڵەتەکان یان بەپێچەوانەوە ناکۆکی لە نێوانیاندا کاریگەر بن.[٣]

لەم پێوەندییەدا، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە رۆڵ و کردەی نەرێنی و ئەرێنی ئایین وەک فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی بکەین. وەک دەزانین ئایین نە تەنیا هۆکاری شەڕە ئایینیەکان بووە بەڵکو کاریگەریشی لەسەر شەڕە سیاسییەکان هەبووە. لە سەدەی بیستەمدا هەندێ شەڕ و پێکدادان هەبوون کە زانا و سەرکردە ئایینییەکان هاندەری خەڵک بوون بۆ ئەو شەڕانە یان شەڕ لەگەڵ وڵاتانی تریان بە پێی سیاسەت و قسەی سیاسەتوانان پاساو داوە. وەک نموونە پاساودانی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی لەلایەن سەرکردە ئایینییە مەسیحییەکانەوە. یان شەڕی نێوان عێراق و ئێران کە لەلایەن هەر دوو لاوە وەک شەڕی نێوان ئیسلام و کوفر پاساو دەدرا. هەروەها کاریگەریی ئایین لەسەر شەڕەکانی نێوان هێند و پاکستان. جگە لە شەڕ، شێوازەکانی تری توندوتیژیی لە ژێر کارتێکەریی ئاییندا هەیە کە زۆر کاریگەریی لەسەر پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکان هەبووە وەک هەڕەشەی تیرۆر لەلایەن تاقمە ئایینییەکانەوە. هەرچۆنێک بێت جگە لە شەڕی ناوخۆیی، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هێشتاکە ناکۆکی ئایینی بەردەوامە. بۆ وێنە ئێران لە دژی وڵاتە عەرەبەکان و دراوسێکانی تری وەک ئەفغانستان، پاکستان و تورکیا، وەکو موسڵمانی شێعە لە بەرانبەری سوننەدا یان نێوان جیهانی ئیسلامی و مەسیحی و هتد. هەر بە بۆنەی ئەم کێشانەوە بوو کە هەندێ تیۆر وەک تیۆری "پێکدادانی شارستانییەتەکان" لەلایەن هانتینگتۆنەوە، سەریان هەڵدا. هەروەها لە روانگەیەکی ترەوە وەک چۆن ئەوڕۆکە لە رێگای کاری پێوەندیدار بە کەلەپوور و فێرکردن و بارهێنانەوە بواری جۆرێک زاڵیەتی و تەشەنەی وڵاتێک لە وڵاتێکی تردا لە رێگای ناسین و ناسیارییەوە و بە بێ شەڕ و پێکدادان دەڕەخسێت، هەندێ جاریش ئایین ئامرازێک بووە بۆ زاڵبوونی وڵاتێک بە سەر ئەوانی تردا، زاڵبوونێکی بێ دەنگ و بێ کشە، وەک زاڵیەتی ئێران بەسەر عێراقی پاش سەدام.

هەروەها ئەگەر لە باری ئەرێنییەوە بڕوانینە سەر رۆڵ و کردەی سیاسی ئایین، کاریگەریی گرنگی لەسەر پێوەندیی نێوان وڵاتە جۆراوجۆرەکان هەبووە. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئایین

بــوارێکی هــاوبەش بۆ پێوەنــدیی چــاکتر لە نێوان هەنــدێ وڵاتــدا پێکدەهێنێت. زۆرێک لەم پێوەندییانە لەسەر بنەمای ئایین یان لە ژێر کاریگەریی ئایین لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا دەبیندرێن. بۆ وێنە پێوەنــدیی نێوان وڵاتــانی مــوسڵمان و پێکهێنانی هەنــدێ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وەک "ڕێکخراوی کۆنفڕانسی ئیسلامی". یان کاریگەریی ئــایین لەسەر تۆکمەیی و یەکیەتی ئەوروپــا بە جۆرێ کە هەنــدێ جــار مەسیحییەت وەک یەکێک لە فــاکتەرەکانی پێوەنــدیدار بە شــونـاسی ئەم یەکیەتییە و یەکیەتیەکەش بۆخۆی وەک "یانەی مەسیحییەت" ڕەچاو کراوە. کەواتە، ئایین کردە یان فانکسیۆنی پێوەندیدەرانەی لە نێوان دەوڵەتەکاندا هەیە و وەکو فــاکتەرێکی گــرنــگ بۆ پێکهێنانی بــوارێکی هــاوبەشی لێکتێگەیشتن بۆ چــاکترکردنی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان، دەور دەگێڕێت.[٤]

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم باسە گشتییەی سەرەوە، با بزانین کاریگەریی ئەم فاکتەرە کۆمەڵایەتی-سیاسییانەی نـاوخۆ لە کوردستـاندا چۆنە و چۆن دەبێت؟ ئەگەر کوردستـان خـاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان وەک ئــامــاژەی پێکرا وەکو ئەکتەرێکی سیاسی بێت، پێوەنــدییەکانی بەتــایبەت ئەگەر بەتەواوەتی یەک سیاسەت بۆ وێنە ڕێئالیستی بەدواداچــوون نەکات، دەتــوانــن لەسەر چ بـنەمـاگەلێک بـن و چ پۆتـانسییەلگەلێک دەتـوانـن هەوێنی پێوەنـدیی لەگەڵ وڵاتـانی دیکەی بۆ پێکبهێنن. دیارە پێش سەرهەڵدانی هەر وڵاتێکی سەربەخۆ هەنـدێ فــاکتەری سیاسی وەک ئەو کێشە سیاسییانەی بــوونەتە هۆی بڕیاری خەڵکەکە لەسەر جیابــوونەوە، کاریگەریی و دەنــگدانەوەی ئەم کێشانە لە ئــاســتی نێودەوڵەتیدا، بەهێز بــوون و لۆبی کردنی لایەنە سیاسییەکانی ئەو نەتەوە، گرنگی ستراتێژیکی ناوچەکە و... لەسەر بە فەرمی ناساندنی لەلایەن وڵاتـانی دیکەوە کاریگەریی هەیە کە زۆرێک لەمـانە سەرچـاوەی کۆمەڵایەتییان هەیە. هەروەها پــاش سەرهەڵدانیش، جــگە لەو سیاسەتە گشــتییەی کە وەکو دەوڵەتێک دەبێت هەیبێت و ڕەچاوکردنی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و هەوڵدان بۆ خۆ ڕێکخستن لەگەڵ سیستەم و بەندوباوی جیهانی و نـاوچەیی، فـاکتەرە کەلەپـووریی و کۆمەڵایەتییەکانی تـایبەت و هەروەهـا هـاوبەش لەگەڵ دیکەی وڵاتــان دەتــوانــن وەک ئــامــرازگەلێکی سیاسی بەپێی ڕادە، تــوانســت و جۆری بەکارهێنانیان، یارمەتی قــووڵ و پـتەوتربوونی پێوەنـدیی نێوانیان بـدەن. کوردستـان وەک هەر وڵاتێکی دیکە هەنـدێ تـایبەتـمەنـدیی جۆراوجۆری هەیە کە بـواری پێویست خۆش دەکەن بۆ دامەزرانــدنی پێوەنــدیی لەگەڵ وڵاتــانی دیکە، چ ئێستا وەک ئەکتەرێکی نــادەوڵەتی و چ لە داهاتوودا وەک دەوڵەتی سەربەخۆ.

جگە لە باری ماددی بەتایبەت گرنگایەتی ستراتێژیک و ئابووری کە بێ گومان کاریگەرییان لەسەر پێوەنـــدی نێودەوڵەتی دەبێت، بە شیکاریەکی تـــاڕادەیک کانســـتراکتیڤیستی، لەم تایبەتمەندیی و فاکتەرە ناوخۆییانەی کوردستان دەکرێ بە ناسێنە/شوناسی کوردی، کەلەپوور و ئـایین، مێژوو بـریتی لە کارەسـاتە وێکچووەکان لەگەڵ دیکەی نەتەوەکان، بەهـا مـرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، کەلێن یان یەکگرتـوویی سیاسی نـاوخۆ ئـامـاژە بکرێت کە لە درێژەدا هەوڵ دەدرێت ئاورێک بدرێتەوە سەریان.

## ١. شوناسی کوردی

بۆ دۆخی سیاسی داهــاتــووی کوردســتان دەکرێ چەنــد سێناریۆیەک دەسنیشان بکرێت وەک پێکهاتنی دەوڵەتێکی گەورەی کوردی، چەند وڵاتی کوردی، یەک یان دوو وڵات و چەند هەرێمی خـــودمـــوخـــتار یان بێ دەسەڵات. بۆ هەرکام لەم دۆخـــانە زۆرینەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستان و کورد بە گشتی کە لێرەدا مەبەست زیاتر پێوەندیی تایبەت لە نێوان خودی خەڵکی کوردە کە خـاوەن رەگەز، زمـان و شـونـاسی جیاوازە، دەتـوانێت کاریگەریی جیاوازیی لەسەر پێوەنـــدیی نێودەوڵەتی وڵات یان وڵاتـــانی پێکهاتـــوو هەبێت. لە دۆخی یەکەمـــدا بـــوونی حەشیمەتێکی زۆری کورد لە وڵاتێکی پان و بەرین وەک کوردستان کە گرنگایەتی ستراتێژیک و نـاوچەیی و ئـابووریی هەیە، بۆخۆی سـامـان و پۆتـانسییەلێکی زۆرە کە بە هۆی جۆراوجۆر بە تـایبەت تۆکمەیی و یەکدەنگی سیاسی نـاوخۆیی، هەبـوونی هێزی کار و پێکهێنانی سـوپـایەکی چەکداری بەهێز، دەتـــوانێت لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پێوەنـــدیی نێودەوڵەتی کاریگەر بێت. وێرای ئەوە، کوردانی هەنـــدەران و دیاســـپۆرا دەتـــوانـــن کاریگەریان لەسەر سیاسەت و پێوەندییەکان هەبێت و وەک پـردێک بـواری پێوەنـدیی لەگەڵ وڵاتـانی جۆراوجۆر و بە تـایبەت لۆبیگەریی بە قـــازانجی کوردســـتان لەو وڵاتـــانەدا پێکبهێنن. لە دۆخی دووەمـــدا، جـــگە لە کاریگەریەکانی دیاسپۆرا، کورد بوون بۆ خۆی فاکتەری هاوبەش بۆ پێوەندیی پتەو و تەنانەت پێکهێنانی یەکیەتی و کۆنفێدراسیۆنێکی کوردی لە نێوان خۆیانـــدا و لەم رێگایەشەوە کاریگەریی لەسەر پێوەنـــدییان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا دەبێت. لە سێهەمیدا، بـــارودۆخێکی نێوەنجی دەبیندرێت و بە جۆرێ دۆخەکە هەڵواســـراوە. ئەگەرچی وەهـــا دۆخێک لە مێژووی پێوەنـدیی وڵاتە هـاوشێوەکانـدا زۆربەی کات کاریگەریی نەرێنی لەسەر پێوەنـدییەکان هەبـووە بەڵام گـرێدراوی دێمۆکراتیک و بەتـایبەت فێدراڵ بـوون یان نەبـوونی حکوومەتە نـاوەنـدییە دراوسێکان، پێکهاتەی کوردی دەتـــوانێت هەم کاریگەریی ئەرێنی و هەم نەرێنی هەبێت، واتە

هۆی کێشە یان پێوەنـدیی پـتەو لە نێوان ئەو یەک یان دوو وڵاتە لەگەڵ دراوسێکانیانـدا بێت. لەم چەشنە پێکهاتانە لە جیهاندا وێنەیان زۆرە وەک فەڕەنسە و فەڕەنسە زمانەکانی وڵاتانی تر، ئەڵمانیا و ئەڵمانی زمانەکانی وڵاتانی تر، بەنگلادیش و بەنگالیەکانی هێندوستان و.... لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا ئەمە کێشەساز نەبـووە بەڵام ڕەچـاو نەکردنی مـافی نەتەوە و کەمە نەتەوەکانی وڵاتـانی فـرەنەتەوە زۆربەی کات هۆی کێشەی نێوان وڵاتـانی دراوسێ بـووە. وەکو پێوەنـدیی ئێستای ئـازەربـایجانی سەرەوە و تەنـانەت تـورکیاش لەگەڵ ئێران کە بـوونی پێکهاتەی تـورکی ئازەریی لەسەر پێوەندییان کاریگەریی هەبووە و لەڕاستیدا ئەوەی ئازەربایجانی خوارەوەی بۆ ئێران پـاراسـتووە و پێوەی لکانـدووە، ئـایینزای شیعە و بەکارهێنانی وەک ئـامـرازێکی سیاسی لەلایەن ئەم وڵاتەوە بووە، نەک شوناسی تورکی کە لە پێوەندییەکی دوولایەنەدا ئازەربایجانی سەروو و تورکییە وەک کارتێک بۆ گوشار خستنە سەر ئێران بەکاری دەهێنن و ئەو پێکهاتەیەش وەک پاڵپشتێک ئەو وڵاتانە چاو لێدەکات.

هەرچۆنێک بێت شوناسی کوردی بە گشتی و هەبوونی پێکهاتە کوردییەکانی وڵاتانی تر بەشێک لە دەرەتـــانی سیاسەتی دەرەوەی کوردســـتان بۆ خۆی تەرخـــان دەکات و سیاسەتی گشـــتی کوردسـتان نـاتـوانێت سەرنجی ئەم بـابەتە نەدات. لەلایەکەوە وەک 'هێزی پۆتـانسییەل' دیتنی کۆمەڵگای کوردی، ڕەچـاوکردنی مـافی کوردان لەلایەن حکوومەتی ئەو وڵاتـانەی تێیدا دەژین، پێوەندییان لەگەڵیان، بەهێز بوونیان لە بوارە جۆراوجۆرەکان و لۆبیگەرییان، یارمەتیدانیان و... و لەلایەکی تـرەوە کاریگەریدانـان و گـوشـار خسـتنە سەر و هەروەهـا کەوتـنە ژێر کاریگەریی وڵاتـانی تـر بە هۆی پـرسی کوردەوە، هەمـوو کاریگەرن لەسەر پێوەنـدیی و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێکی کوردی. وەک هەمـوو وڵاتـان و نەتەوەکانی دیکە ئەوە بەرژەوەنـدیی کوردسـتان و گەلی کوردە کە دەبێت هەمـــوو سیاسەتەکان و لەوانەش سیاسەتی دەرەوە و پێوەنـــدییەکانی وڵاتێک بە نـــاوی کوردســـتان دیاریی بکات. ئەم بەرژەوەنـــدییانە تەنیا مـــاددی نین و لایەنە مەعـنەوییەکەی گـرنـگترە. هیچ سیاسەتێک نـابێت ببێتە هۆی زاڵبوونی وڵاتـانی تـر بە سەر کوردسـتانـدا لە هیچ بـوارێکەوە. دەبێت سەرنجـدان بە پـاراسـتنی ئـاسـایش و هێمنایەتی، دەسکەوتە مێژوویەکان، زمـان و کەلەپـوور، هەوڵی زیاتـر بۆ بە جیهان نـاسـانـدنی ئەمـانە، بە شێوازی مەنتیقی پاڵپشتی کردنی کورد لە هەر کوێ بێت و... پێشترێتی هەبێت.

لەم پێوەنـدییەدا ئەم خـاڵەش جێی ئـامـاژەیە کە بـوون و نەبـوونی کورد وەکو نیشتەجێی هەمیشەیی لە بەشێکی وڵاتێکیشدا لەسەر پشـتگیریی و پێوەنـدیی نێودەوڵەتی کوردســتان کاریگەریی هەیە. هەر بۆیە وڵاتانی لەبەرگری کوردستان چۆن خۆیان چنگاوشی پرسی کوردن

بە شێوەی کاتی و وەک ئامراز نەبێت پاڵپشتی لە کوردانی وڵاتانی تر ناکەن. بەڵام ئەم دۆخە بۆ وڵاتانی تر جیاوازە. لەم پێوەندییەدا وەک پێشتر ئاماژە کرا، عەبدوڕەحمان قاسملوو کاتی خۆی بە جۆرێ کاریگەریی وەهـا بـابەتێکی پێشبێنی کردبـوو و لە دیمانەیەکدا لە سـاڵی ١٩٨٨، بە جەخت کردن لەسەر هەوڵدان بۆ هەبوونی وڵاتانی هاوپەیمانی کوردستان سەرنجی ئەم بابەتە دەدات و عەرەبستان بە چەند هۆیەک لەوانە نەبوونی پێکهاتەی کورد لەوێدا بە نموونەیەک لەو دەوڵەتانەی دەزانێت کە دەتوانن پاڵپشتی دەوڵەتی کوردی بن.[٥]

## ٢. چاندی کوردی

کەلەپـوور یان چـاند (culture) بـریتی لە ئـایین، زۆربەی کات لەسەر دیپلۆماسی و پێوەنـدیی وڵاتـان کاریگەریی هەبووە. لە کوردستانیشدا کەلەپووریی کوردی ئەم دەورە دەگێڕێت. بێجگە لەوەی کە ئەم کەلەپـووره بۆخۆی وەک بەشێک لە شـونـاسی کوردیش دەتـوانێت لەو سێناریۆیانەدا کە بۆ داهـاتـووی کوردسـتان بـاس کران دەوری هەبێت و لەسەر تۆکمەیی نـاوخۆیی و لەو ڕێگایەشەوە پێوەنـدی نێودەوڵەتی کوردستان یان نێوان وڵاتانی کورد کاریگەر بێت، هاوبەشی و هاوشێوەیی لە بواری کەلەپووردا لەگەڵ وڵاتانی نزیک و دەوروبەر یان سەر بە شـارسـتانییەتێکی تـایبەت بـوون وەک بە گشـتی شـارسـتانیەتی ڕۆژهەڵاتی، ئیسلامی، ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاستی، فەلاتی ئێران و... لەلایەکەوە، و جیاوازیی کەلەپـووریی لەگەڵ وڵاتـانی تـر لەلایەکی تـرەوە، هەرکام بە جۆرێ لەسەر پێوەنـدی کوردسـتان لەگەڵ وڵاتـانی تـر کاریگەر دەبن.

بە هۆی جیاوازەوە، هەم لە ڕێگای دانوستان و هەم سەپـاندنی کەلەپوور، زمان و... لە مێژوودا هەنـدێ هـاوشێوەیی لە نێوان گەلی کورد و دیکەی گەلان پێکهاتـووە کە هەوێنی پێوەنـدیی و جۆرێ نزیکبوونەوە لە یەکتر دەبن لە داهاتوودا. لەم بوارەدا، بوونی کوردستان لە چوارچێوەی شـارسـتانییەتی ڕۆژهەڵاتیدا جۆرێ تـایبەتـمەنـدی ڕۆژهەڵاتی پێ بەخشێوە و هـاوشێوەیی لە هەنـدێ نەریتدا بەتـایبەت لە بـاری کۆمەڵایەتییەوە و پـاراسـتنیان بەپێچەوانەی ڕۆژئـاواییەکان بـــوارێکی پێکهێناوە کە بە گشـــتی دەکرێ بۆ پێوەنـــدیی لەگەڵ وڵاتـــانی ئەم بەشەی جیهان بەتـایبەت لە ئـاسیا و ئـافـریقادا بەکار بهێنرێت. هەروەهـا بـوونی لە چـوارچێوەی وڵاتـانی پەرەنەسەنـدوو و کاریگەریی دواکەوتـوویی ئـابـووری، پیشەسـازی و... لەسەر کەلەپـووریش هاوشێوەییەکی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم و ئەوانەی کە لە ڕەوشی پەرەسەندندان پێکهێناوە کە ئەم هـاوشێوەییەش بـوارێکە بۆ هـاوکاری وڵاتـان لە سەرتـانـسەری جیهانـدا. لە

ئاستی ناوچەییشدا، بە هۆی نزیکی و دانوستانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە درێژایی مێژوو هەندێ وێکچوون و داب و نەریتی لێکچوو پێکهاتووە کە لەسەر هەستی لەیەکتر نزیک بوون کاریگەریی هەبووە و کوردستانیش لەمە بە دوور نییە.

ئەو بابەتانەی سەرەوە تاڕادەیەکی زۆر ئاسایی و سروشتین، بەڵام لە باری ناسروشتیشەوە، چ بمانەوێت و چ نەمانەوێت، بە هۆی دابەشبوونی مێژوویی کوردستان لە نێوان وڵاتانی جۆراوجۆر و کەوتنە بەر کاریگەریی ئەو وڵاتانە، هەندێ لایەنی کەلەپووریی بە سەردا سەپاوە کە بە جۆرێ بووەتە هۆی لێکچوون و نزیکی کەلەپووریی نێوان بەشی پێوەندیدار و خەڵکی ئەو وڵاتە بە گشتی. پێشتر بە هۆی دابەشبوون لە نێوان دوو ئیمپراتوری ئێران و عوسمانی و دواتر بە هۆی دابەشبوون لە نێوان وڵاتانی نوێی پاش ئیمپراتوری عوسمانی، هەرکام لەم بەشانە هەندێ تایبەتمەندیی کەلەپووری جیاواز لەگەڵ کوردانی پارچەکانی تر و هاوشێوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەیان لە خۆ گرتووە. بۆیە ئێستاکە هەندێ نزیکی کەلەپووریی لە نێوان کوردانی باکوور و تورکەکان، کوردانی رۆژهەڵات و ئێرانییەکان، کوردانی رۆژئاوا و سوریەکان و کوردانی باشوور و عێراقییەکان، کوردستانی سوور و ئەرمەنییەکان دەبینرێت بە جۆرێ کە لە شێوەزار، هەڵسوکەوت و کرداری کوردانی هەر پارچەیەکدا رەنگدانەوەی هەبووە و هەستی پێ دەکرێت. ئەم هاوشێوەتییانە لەسەر پێوەندییەکانی داهاتووی کوردستان کاریگەر دەبن و دەتوانێت بە شێوەیەکی ئەرێنی بە قازانجی کوردستان کەڵکیان لێوەرگیردرێت. ئەگەرچی هەر لەو کاتەدا پێویستە رامیاران و سیاسەتوانانی کوردستانی ئاگاداری ئەوە بن کە ئەم بابەتە نەبێتە هۆی زاڵیەتی سیاسی-کەلەپووریی وڵاتانی تر بە سەر کوردستاندا. واتە کردەی نەرێنی بە زیانی کوردستان، نەبێت.

بەڵام لە گرنگترین بابەتەکان لە پێوەندی لەگەڵ کەلەپووردا، بابەتی ئایین و ئایینزایە. لە کوردستاندا، ئایینی ئیسلامی سوننە، ئایینی زۆرینەی خەڵکە، گەرچی رێژەی زۆرینە و کەمینە بوون بەپێی دۆخی ئێستا لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا، جیاوازە. بۆ وێنە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا رێژەی ئیسلامی شێعە لەسەرەوەیە. هەرچۆنێک بێت بە گشتی ئیسلام وەک ئایینی زۆرینە بواری پێوەندیی لەگەڵ جیهانی ئیسلام پێکدەهێنێت و کوردستانیش دەتوانێت ئەندامی کونفرانس و رێکخراوەکانی هاوکاری نێوان وڵاتانی موسڵمان وەک "رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی" بێت و لەو هەلانەی کە بەو بۆنەوە دەڕەخسن کەڵک وەرگرێت. هەر لەم بوارەدا، هەندێ دامەزراوەی تر وەک "یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان" لە رێگای ئەندامانی

کوردیانەوە دەتوانن لە هەندێ بواری کۆمەڵایەتی و پشتگیریی مرۆڤانە و لەسەر هەڵکردن یان زیاترکردنی پێوەندیی نێودەوڵەتی حکوومەتی کوردستان کاریگەر بن.

لەگەڵ ئەمەشدا، هاوکات حکوومەتی سێکیولار و دێموکراتیکی داهاتووی کوردستان پێویستە بـوارێکی چـاک بۆ پێکەوەژیانی خەڵکی سەر بە ئـایینە جیاوازەکانی کوردسـتان پێکبێنێت و بـواری نـالەبـار بۆ کەڵک وەرگـرتنی بیانییەکان لە کەمینە ئـایینییەکان پێکنەهێنێت و ئەو رێگایەش بە هیچ وڵاتێک نەدات. هەر لەو کاتەشـدا دەبێت لە بـوونی کەمینە ئـایینییەکان بۆ هەڵکردنی پێوەنـدیی لەگەڵ وڵاتـانی تـر کەڵک وەرگـرێت. هەروەهـا جێی ئـامـاژەیە کە مەتـرسیدارتـرین کێشە لە داهـاتـوودا رەنـگە کێشەی نێوان دوو ئـایینزای شێعە و سـونـنە لە کوردسـتانـدا بێت کە پێویستە زۆر بە پـارێزەوە لەگەڵی مـامەڵە بکرێت. لەم راسـتییە نکۆڵی ناکرێت کە تاکو ئێستا وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هەم لە خودی ئیسلام و هەم لە ئایینزای شێعە یان سـونـنە بە چـاکی لە دژی بـزووتـنەوەی نەتەوەخـوازیی کورد بۆ پێکهێنانی قەڵشتی کۆمەڵایەتی زیاتر و جیاکردنەوەی بەشێک لە خەڵکی کورد و لکاندنی بە خۆیەوە و بەکارهێنانی ئەم هاوبەشییە ئایینییە بە قازانجی سیاسەتی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە. هیچ دوور نییە کە لە داهاتووشدا لەم قەڵشتە کۆمەڵایەتییە بۆ بشێوە و ئاژاوەی ناوخۆیی و هاندانی کەمینەکان و لەو رێگایەشەوە گـوشـار خسـتنەسەر دەوڵەتی کوردی بۆ مەبەسـتی تـایبەت کەڵک وەرنەگـرن. کەواتە رەنگە بوونی کەمینەی ئایینی و ئایینزا کاریگەریی نەرێنیشی هەبێت لەسەر پێوەندیی نێوان کوردستان و وڵاتانی تر.

لایەنێکی تــری پێوەنــدیدار بە کەلەپــوور کە لەگەڵ ئەوانەی سەرەوە جیاوازە، بــاسی جۆراوجۆریی خەڵک لە باری کەلەپوور و کاریگەریی لەسەر گەشتیاریی و راکێشانی گەشتیار و پێوەنـدیی کەلەپـووریی نێوان وڵاتـانە. هەنـووکە بەپێچەوانەی بیری سیاسەتـوانـانی پێڕەوی سیاسەتی یەکجۆری کۆمەڵایەتی، سیاسەتی پـاراسـتنی جۆراوجۆریی زۆر بـاوە و هەنـدێ وڵات بە چاکی کەڵکی لێوەردەگرن. لە باری مرۆڤناسییەوە لە مێژە سیاسەتی وڵاتانی رۆژئـاوا و بڕێ وڵاتی دێمۆکراتیکی رۆژهەڵاتی گۆڕدراوە و هەروەها کە لە بـاری زانستییەوە هەوڵ دەدرێت بۆ پـاراسـتنی جۆر و تۆخـمە جیاوازەکانی رووەک و ئـاژەڵەکان، هەوڵیش دەدرێت بۆ پـاراسـتنی جۆراوجۆریی مـرۆڤەکان و کەلەپـووریان. ئێستا لە وڵاتـانی پێشکەوتـوودا، لەنێوبـردنی زمـان و کەلەپـووریی کۆمەڵە مـرۆییەکان وەک دیاردەیەکی قیزەون چـاوی لێدەکرێت. بەپێچەوانەوە، هەوڵ دەدرێت ئەو جۆراوجۆرییە بە جـوانی بـپارێزرێت و کەلەپـوور سەرچـاوەیەک بێت بۆ راکێشانی گەشـتیارەکان. جۆراوجۆریی و دیتنی شـتی جیاوازە کە هۆی راکێشانی گەشـتیارانە.

جـگە لە سـروشـت، کەلەپـوور و جۆراوجۆریی مـرۆیی رۆڵی گـرنـگ لەم بـوارەدا دەگێڕن. لەم پێوەنـدییەدا لە وڵاتـانی رۆژهەڵاتیدا دەکرێ ئـامـاژە بە هێندوسـتان بکرێت کە بە بـاشی هەوڵی داوە بۆ پاراستنی کەلەپوور و نەریتی خەڵکەکەی و باشیش سیاسەتی گەشتیاریی پەرە پێداوە و کردوویە بە سەرچـــاوەیەکی چـــاکی داهـــات. بـــوونی کەلەپـــووری تـــایبەت و جیاواز و پێکەوەژیانی چاکی ئەو جۆراوجۆرییە ساڵانە گەشتیارانێکی زۆر بەرەو ئەو وڵاتە رادەکێشێت و بواری پێوەندیی کەلەپووریی چاکی لەگەڵ وڵاتانی تر بۆ هێندوستان رەخساندووە.

کوردستانیش وەک هەر وڵات و شوێنێکی تری سەر گۆی زەوی خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی بەتایبەت لە باری کەلەپوورەوە. ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانە لە نێو بچن ئێمە دەبین بە "دیتری" واتە کەسێکی تـــری جـــگە لە مـــاکی خۆمـــان، مـــرۆڤێکی نـــامۆ لە خۆ. بە پـــاراســـتنی ئەم جیاوازیانەمـانە کە دەڵێین کوردین. ئەگەر زمـانی جیاواز، کەلەپـوور و دابـونەریتی جیاوازمـان نەبێ و نەیپارێزین و بـــمانەوێت هەمـــوو شـــتێکمان و رواڵەتـــمان وەک دیتران بێت، هەوڵ و تێکۆشـان و هەڵاوهـاواری لە مێژینەی خۆمـان دەخەینە ژێر پـرسیارەوە. مێژوویەکی خـوێنین و پڕ لە چەرمەسەری و رۆژ رەشی، هەمووی بۆ پاراستنی پێگەی مرۆیی و ئەم جیاوازییە بووە و بۆ ئەوەی کە وەک خۆمـان بین و بژین. ئەمە نە بیری شۆڤێنیزمی بەڵکو هەوڵ بۆ بەرابەری تـاک و کۆمەڵە جیاوازەکانی مـرۆڤە و هەمـوو نەتەوەیەک ئەو مـافەی هەیە. کەلەپـووریی کوردی بـریتی لە هەمـوو بـوارەکانی وەک شێوەزار، شێوەژیان، هەڵسوکەوت، جلوبەرگ، جێژن و بۆنەی تـایبەت، دابـونەریت و رێوڕەسمەکان، سەمـا و هەڵپەڕکی و... ئەو بـابەتـانەن کە جیاوازیی ئێمە لەگەڵ خەڵکی تـر دەنـوێنن و دەتـوانـن بـبنە هۆی راکێشانی گەشـتیاران و هەروەهـا پێوەنـدیی کەلەپـووریی کوردسـتان لەگەڵ وڵاتـانی تـر. زۆر لایەنی تـری پێوەنـدیدار بە کەلەپـوور دەتـوانێت هەوێنی بـاسی دیپلۆمـاتیک پێک بهێنێت هەر لە پـاراسـتن و رەنـگە گەڕانـدنەوەی ئـاسەوارە مێژوویی و کەلەپـووریەکانی کوردسـتان لە مۆزەخـانەکانی دەرەوە تـاکو پـاراسـتنی گیانی گەشتیاران و هاتوچۆی نێوان وڵاتەکان.

ئەوڕۆکە تەنـانەت لە کوردسـتـانی بـاشـووریشدا سەرنجی ئەم بـابەتە نـادرێت، چ بـگات بە پـارچەکانی تـری کوردستان کە هەم خەڵک تـاڕادەیەک کەمـتەرخەمـن و هەم سیاسەتی وڵاتـانی لەبەرگـری کوردسـتـانیش ئەوەی نـاوێت. ئەم سەرنـجنەدانە کاریگەریی زۆری لەسەر بەشێکی پێوەندیی کەلەپووریی و گەشتیاریی داهاتووی کوردستان دەبێت و لە ئاکامی ئەوەشدا زەبری زۆر لە سەرچـاوەی داهـاتی دەدات. کوردسـتان دەبێت سەرنجراکێشییەکانی خۆی بـپارێزێت و خەڵکی کوردیش دەبێت لە هەنـــدێ بیری تەسک کە بە شێوەی جۆراوجۆر و لە ژێر نـــاوی

جۆراوجۆردا بە سەریاندا دەسەپێت دوورەپەرێزی بکەن و بزانن کە پێشکەوتن، نۆژەن بوون، خوێندەوار بوون، خاوەن کلاس بوون، خاوەن کەلەپوور بوون و... بە لەدەستدانی کەلەپووریی خۆ و رواڵەت و دابونەریتی خۆ گۆڕین و بوون بە 'دیتری' و روخساری دیتران لە خۆ گرتن و لاسایی کردنەوە، دەستەبەر ناکرێت و ئەم گۆڕانکارییە رواڵەتییانە پیشاندەری پێشکەوتوویی نین. ئەگەرچی ئەمانە بەو واتایە نین کە لە باری ئاکار و کردەوەوە، لایەنە نەرێنییەکانی خۆمان چاکسازی نەکەین و لایەنی ئەرێنی کەلەپووری تر لەبەرچاو نەگرین. هەرچۆنێک بێت کەلەپووریی کوردی، کەلەپوورێکی دەوڵەمەندە و پاراستنی و گرنگیدان بەوە دەتوانێت لەسەر پێوەندیی نێودەوڵەتی، گەشەی کوردستان و تەنانەت جێگەوپێگەی لە جیهاندا کاریگەر بێت.

## ٣. دۆخی سیاسی ناوخۆیی و چاندی سیاسی

دوو فاکتەری پێشوو زیاتر کۆمەڵایەتی و کەمتر سیاسی بوون، بەڵام دۆخی سیاسی ناوخۆیی و چاندی سیاسی زیاتر سیاسی و کەمتر کۆمەڵایەتین (هەڵبەت لە واتای پسپۆڕانە و جیاوازیاندا ئەگینە فاکتەری سیاسیش بۆخۆی کۆمەڵایەتییە). دۆخی سیاسی ناوخۆیی کورد و چاندی سیاسی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمی مێژووی سیاسی گەلی کوردە. ئەم مێژوویە بە چاکەو خراپەیەوە لە بیچمگرتنی دۆخی ئێستای کورد و جۆری روانگەی سیاسی خەڵکی کورد سەبارەت بە سیاسەت کاریگەریی هەبووە. مێژوویەک کە بەرهەمی لەلایەکەوە سیاسەتی نەیارانی کورد و لەلایەکی ترەوە پێنەگەیشتوویی هەستی نەتەوەیی لە پێناسەی نۆژەنیدا بووە. ئاکامی وەها مێژوویەکیش پێکهاتنی کەلەپوورێکی سیاسی بووە کە تاڕادەیەکی زۆر بەقازانجی نەیاران تەواو بووە. پێویستە مێژووی کوردستان رێنوێنی مامەڵەی حکوومەتانی داهاتووی لەگەڵ وڵاتانی تر بێت تاکو گەر بە ئاواتی بگات قەت هەلی دیسان زاڵبوونەوە بە داگیرکەران نەدات. مێژووی کورد تاڕادەیەکی زۆر هاوڕێ و نەیارانی کوردستان بە دەسەڵاتی کوردی دەناسێنێت تاکو بە وشیاریەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت. ئەوانەی لە کاتی بێ دەوڵەتی و بێ حکوومەتیدا بە دەمیەوە بوون، دیارە پاش ئەو قۆناخەش دەکرێ زیاتر و بە دڵنیایی زۆرترەوە پێوەندیی لەگەڵیان هەبێت و چەوسێنەرانی گەلی کوردیش دەبێت بە وشیاری زۆر زیاترەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

مێژووی خەباتی سیاسی کورد بۆخۆیشی لە پێکهێنانی کەلەپووریی سیاسی تایبەتدا رۆڵی گرنگی هەبووە؛ مێژوویەکی هاوبەشی پڕ لە شەڕ لەگەڵ دیتری و دژایەتی و پێکدادانی ناوخۆیی. لایەنی یەکەمیان بە هەموو ناخۆشییەکانیەوە کۆمەڵە بەهایەکی بۆ کورد پێکهێناوە

کە دەبێت ڕەچاو بکرێن؛ خۆڕاگریی لە بەرانبەر ستەم و چەوساندنەوە، بەرگریی لە بەرانبەر داگیرکاراندا، باوەڕ بە مافی مرۆڤ و هەوڵ بۆ لەبەرچاوگرتنی کە مێژووی هاوچەرخ و ناسیۆنالیزمی کورد لەمەدا کورت دەکرێتەوە، باوەڕ بە دیمۆکراسی و سێکیولاریزم و ڕێزگرتن لە یەکتر. هەمووی شەڕی داسەپاو بە سەر کوردا بە هۆی نەبوونی ئەم بەها مرۆییانە لەلایەن دوژمنانەوە بووە. شەڕ لە پێناوی مرۆڤایەتیدا شانازی خەباتی سیاسی کورد بووە. لایەنی دووەمیشیان خولقێنەری کەلەپوورێکی سیاسی بووە کە دەبێت بەشێکی زۆری بسڕدرێتەوە؛ وتوویژ بخرێتە جێی شەڕی براکوژی و توندوتیژیی، و بوون بە کۆڵەکەیەکی پتەوی ناومالّی کورد لە جێی ئامرازی دەستی نەیاران. تاقمی یەکەم واتە بەها مرۆییەکان بواری پێوەندی لەگەڵ زۆر وڵاتی جیهان وەکو فاکتەری هاوبەش دەڕەخسێنن. ئەگەر هەوڵ بدرێت کە داهاتووی کوردستان تەژی لە بەها مرۆییەکان، دیمۆکراسی و سێکیولاریزم بێت، ئەوە وڵاتێکی خاوەن پێوەندی بەربڵاو و بە قازانجی گەل لەگەڵ زۆرینەی وڵاتانی جیهان چێ دەبێت. بە گۆڕینی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆ، سیاسەت و پێوەندیی دەرەوە کەمتر تووشی قەیران و دابڕان دەبێت. هەرچەندەش لەم بابەتانە دوور کەوێتەوە بواری زیاتر بۆ دەستێوەردان و کەڵکی نالەباری وڵاتانی نەیار دەڕەخسێت چونکو کەلێن و قەڵشتی سیاسی ناوخۆیی زیاتر بۆ حەشاردان و بۆسەیان پێکدێت و بواری هاوبەش بۆ پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی زۆرتر کەم دەبێتەوە و بەرەو پێوەندیگەلی دووقۆڵی ئایدیۆلۆژیک لەسەر بنەمای تاقە بابەتی هاوبەش وەک ئایین، ئایدۆلۆژی و... دەڕوات.

هەرچۆنێک بێت جۆر و شێوەی کەلەپووریی سیاسی کە لە داهاتووی کوردستاندا پێکدێت و پێکهاتەی سیاسی نێوخۆیی لەسەر سیاسەت و پێوەندیی دەرەوە کاریگەر دەبێت، هەروەها کە ئێستاش لە هەرێمی کوردستانی باشووردا دۆخی سیاسی ناوخۆ لە پێوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمدا ڕەنگی داوەتەوە. لەم پێوەندییەدا، زۆربەی لێکۆڵەران و دیپلۆماتەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێکهاتەی نێوخۆیی بەشێکی زۆر لە سیاسەتی دەرەوە دیاری دەکات. بۆ وێنە، کسینجێر (Kissinger) دەڵێت: "... پێکهاتەی نێوخۆیی لە هیچ خولێکی مێژووییدا ناپێوەندیدار نەبووە. لانیکەم، ئەو ڕادەیەی کاریگەریی کۆمەڵایەتی کە دەتواندرێت بۆ سیاسەتی دەرەوە تەرخان کرێت، دیاری دەکات." ئەم توێژە هەوڵیان داوە کە پیشان بدەن بەشە پێکهێنەرە جۆراوجۆرەکان لە سیستەمی سیاسیدا بریتی لە حکوومەت، پەڕلەمان، نێوەڕۆکی سیستەمی سیاسی، چۆنیەتی ڕێبەرایەتی، حیزبە سیاسییەکان، گرووپەکانی گوشار (pressure groups)، پێکهاتەی فەرمانگەیی، خزمەتگوزارییە شارستانییەکان، بلیمەتە سیاسی و بورۆکراتیکەکان، بیروڕای گشتی و چاپەمەنیەکان کە لە ناو ڕەوتی دیمۆکراتیکی

دابینکراو و لەلایەن یاسای بنەڕەتییەوە کار دەکەن، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر بیچمگرتنی سیاسەتی دەرەوە کاریگەرییان هەیە.[٦]

هەر لە درێژەی ئەو باسانەی سەرەوەدا، جگە لە کەسایەتی و باوەڕەکانی ڕێبەر یان ڕێبەرانی وڵاتان کە ڕەنگە ئەوەی کە حکوومەت چ بکات، دیاری بکەن و خودی ئەم ڕێبەرانەش لە ژێر کاریگەریی کەلەپوور و باوەڕەکانی نێو کۆمەڵگا و حیزب و لایەنەکانی سەربەخۆیانن، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر کاریگەریی چۆنایەتی ڕێکخستنی حکوومەت لەسەر سیاسەتی دەرەوە. لەم پێوەندییەدا، بەپێی لێکۆڵینەوەکان دوو تایبەتمەندیی گرنگن کە بریتین لە دێمۆکراتیزەکردن و بوروۆکراتیزەکردن. لە حکوومەتێکی دێمۆکراتیکدا دەسەڵاتی بڕیاردان لە نێوان دامەزراوە دێمۆکراتیکەکاندا بڵاوەی کردووە و کارگێڕی زیاتر پێیەوە دەخڵنجن. بەپێچەوانەوە ڕێبەرانی دەسەڵاتخواز زۆرتر بۆ خۆیانن کە بڕیار دەدەن. بۆ وێنە بەپێی تیۆری لیبراڵ، دێمۆکراسییەکان ڕەنگە کەمتر تووشی شەڕ ببن و ئاشتەوایی زیاتریان هەبێت، چۆنکو دەستەبەرکردنی پاڵپشتی و ڕازی کردنی ئەکتەرە ناوخۆییە جیاوازەکان بۆ شەڕ هەستەمە. لەم وڵاتانەدا کەلەپوورێکی سیاسی خوازیاری چارەسەریی ئاشتییانە پێکدێت.[٧] هەڵبەت ڕەنگە هەر بەو پاساوەش بیانەوێت دەستێوەردان، بەڵام زیاتر ئاشتییانە، لە وڵاتانی نادێمۆکراتیک بۆ پشتگیریی لە مافی مرۆڤ بکرێت، گەرچی بە کردەوە زیاتر شێوازێکی ڕیئالیستی ڕەچاو دەکرێت. جا لە کوردستانی داهاتوودا ئەوەی کە حکوومەتێکی دێمۆکراتیکی هەبێت و بیهەوێت دەوڵەتێکی ئاشتیخواز بێت یان نا بەپێچەوانەوە لە پلەکانی دێمۆکراتیک بوونی کەمتر ببێتەوە، لەسەر سیاسەتی دەرەوەی کاریگەر دەبێت. ئەگەرچی سیاسەتی ڕیئالیستی و پراگماتیستی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی وڵات لە ئاکامدا پێوەندیی لەگەڵ حکوومەتەکانی بەدواوە دەبێت بەڵام لە پەناشیدا لەبەرچاوگرتنی دۆخی خەڵکی وڵاتانی تر جیا لە حکوومەتەکەیان و باری دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ دەتوانێت کاریگەر بێت و لە کاتی ئاڵوگۆڕی لەو وڵاتانەدا حکوومەتانی داهاتووشیان هەر بە دۆست بمێننەوە و پێوەندیی چاک و قووڵتریان هەبێت.

هەر لە ئاڕاستەی باسی دێمۆکراسیدا، بیروڕای گشتیش کە ئاکار و هەڵوێستی هاووڵاتییان لەسەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتێکی دەرەوەی تایبەت لەبەر دەگرێت، یەکێکی تر لەو بابەتانەیە کە لەسەر سیاسەتی دەرەوە کاریگەرە. لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا خەڵک بە گشتی ڕەنگە هاوڕا یاخۆ ناکۆک بن لەسەر بابەتێک بۆ وێنە دەستێوەردانی چەکدارانە لە وڵاتانی تردا یان واژۆکردنی گرێبەستێکی بازرگانی و... کە ئەمە لە ئاستێکی تردا ڕەنگدانەوەی لە حیزب و

گـروپەکان، پەڕلەمـان و لە ئـاکامـدا سیاسەتی دەرەوە دەبێت. بە دڵنیاییەوە ئەگەر داهـاتـووی کوردســـتان خـــاوەن کۆمەڵگای ژیاریی و راگەیەنەی ئـــازاد و بەهێز بێت دەکرێ لە بـــوارە جۆراوجۆرەکاندا کاریگەر بن، بەتایبەت دەتوانن لە هەنگاوە چەوتەکان و ئەو پێوەندییانەی کە بە گشتی بە قازانجی گەلی کورد نین بەرگیری بکەن. بۆ وێنە کۆمەڵگای شارستانی و ژیارییە کە لەسەر پێوەندیی حکوومەتی بەشێکی کوردستان لەگەڵ وڵاتێکی داگیرکەری بەشێکی تر کە بە قازانجی کوردی ئەو پارچە ئازادنەکراوە نییە، کاریگەریی هەیە. ئەم دۆخە تا ئێستاش جاروبار، هەرچەند لە ئاستێکی نزمدا، لە باشووری کوردستاندا بۆ پشتگیریی لە خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستان بینراوە.

بـابەتێکی تـری کاریگەر لەم بـوارەدا حێزب، رێکخراوە سیاسییەکان و گـروپەکانی گـوشـار و خـاوەن بەرژەوەنـدیی کۆمەڵگان. رێبەرانی سیاسی بە ئەگەری زۆرەوە زیاتـر سەرنجی بیروڕای گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت و رێکخراو دەدەن و لە بەرانبەریاندا دژکردەوە پیشان دەدەن تــاکو کۆمەڵگا بە گشــتی، لەبەر ئەوەی کە ئەمــانە پێوەنــدیدەری کۆمەڵگا و حکوومەتــن یان دژایەتی و رکابەرایەتی دەکەن لەگەڵ حکوومەت. بە شێوەی ســـروشـــتی حێزب و رێکخراوە سیاسییەکان کە وەکو کەنـــاڵێکن کە ویست و داواکارییە پـــرژوبڵاوەکانی نـــاو کۆمەڵگا کۆ دەکەنەوە و دەیانــگوێزنەوە نـــاو سیستەمی سیاسی بۆ بڕیاردان لەسەریان و بە ئـــاشکراش بە دوای دەسەڵاتەوەن، پشتیان بە کۆمەڵگا بەستووە و بیروبۆچوون و روانگەی جیاوازیان لەسەر پـرسە جۆراوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و لەو ئـاڕاستەیەشدا سیاسەتی دەرەوە دەبێت. ئەم رێکخراوانە لەسەر بەڵێنییەکانیان لە کاتی هەڵبژاردنـــدا بەرپـــرسیار دەبـــن کە بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر هەبـــوونی سیاسەتی دەرەوە و پێوەنـــدیی نیودەوڵەتی چـــالاک بۆ گۆڕان و چـاکترکردنی دۆخی خەڵکی نـاوخۆ و پـاراسـتنی ئـاسـایش و هێمنایەتییان. گـروپە خـاوەن بەرژەوەنـــدییەکانیش (Interest groups) هەڵوێستی بەشێکی تـــایبەت لە کۆمەڵگا پیشان دەدەن و دەیانجووڵێنن بۆ گوشار خستنە سەر و هاندانی حکوومەت. ئەم گروپـانە بە شێوەی جۆراوجۆر پێکدێن؛ رەنگە بەپێی ئایین، نەتەوە، ئابووریی و.... لە داهاتووی کوردستاندا گروپە ئـایینییەکان، گـروپە ئـابـوورییەکان و رێکخراوە نـاحکومییەکانی مـافی مـرۆڤ و... دەتـوانـن بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر سیاسەتی دەرەوە کاریگەرییان هەبێت. بۆ وێنە رەنگە گروپێکی سەر بە چین و تـوێژێکی ئـابـووریی تـایبەت بیانـهەوێت گـرێبەستێکی ئـابـووریی لەگەڵ وڵاتـانی تـر ببەسترێت یان نا؛ گروپێکی ئایینی بیانهەوێت کردەوەی وڵاتێک شەرمەزار بکرێت و پێوەندیی لەگەڵی بپچڕێت؛ یان گـروپێکی لایەنـگری مـافی مـرۆڤ بیانـهەوێت لە کۆمەڵە خەڵکێکی بـن دەستی حکوومەتێکی چەوسێنەر لە وڵاتێکی تردا پاڵپشتی بکرێت و....

بــورۆکراسی لایەنەکەی تــری حکوومەتە کە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوە هەیە. ئەم بەشە سەروکاری لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیاریی، پێشنیار و راوێژکردن، جێبەجێکردنی سیاسەت و هەروەهـا بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە، هەیە. بە هۆی بەربڵاوبـوونی بـابەتەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، حکوومەتەکان لە باری فەرمانگەییەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە فەرمانگە و دێپارتــمانی جیاوازدا خۆیان رێکدەخەن، بۆ وێنە فەرمــانــگەی پێوەنــدییە دیپلۆمــاتیکەکان، فەرمانگەی پێوەندیی بازرگانی و.... لێرەوە دژایەتی بورۆکراتیک رەنگە سەرهەڵدات. دێپارتمانە جیاوازەکان رەنــگە لەسەر ئەوەی کە چ سیاسەتێکی دەرەکی بــخەنە گەڕ کێشەیان لێ پەیدا ببێت لەبەر ئەوەی کە دێپارتــمانەکان پێیان خۆشە شــونــاس و ئەرکی رێکخراوەیی خۆیان سەرخەن. ئەمــانەش هەنــدێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە چەنــدە بەرپــرســانیان سەر بە دامەزراوە و رێکخراوە سیاسییە جیاوازەکانی نــاوخۆ بــن کە روانــگەی جیاوازیان لەسەر سیاسەتی دەرەوە هەبێت و چەنـدە و چۆن لە سیاسەت و بەرژەوەنـدیی گشـتی تێگەیشتبێتن. بۆ وێنە بە وتەی هەنـدێ لێکۆڵەر ئـاژاوەی نـاوخۆیی عێراقی پـاش سەدام بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر دژایەتی بــورۆکراتیکی حکوومەتی ئەمــریکا بۆ کۆنترۆڵی سیاسەتەکان لەوێ.[^8] یان کاریگەریی هەڵبژاردنەکان و گـروپە جیاوازەکانی نـاوخۆی ئێران لەسەر وتـووێژە نـاووکیەکانی ئێران کە بە سەرکەوتنی هەرکامیان، چــاکسازیخوازان یان تــونــدئــاژۆکان، ئەم قەیران و دانــوســتانــانە گۆڕانکارییان بە سەردا دەهــات و بە پێچەوانەشەوە ئەو قەیرانەش لەسەر هەڵبژاردنەکان کاریگەر بوو.

هەرچۆنێک بێـت سیاسەتی دەرەوە درێـژەی سیاسەتی نــاوخۆیی حکوومەتەکانە و بەپێچەوانەشەوە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکان لەسەر بــابەتە نــاوخۆییەکان کاریگەرە. بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە بە شێوەی ئــاســایی بڕیارگەلێکی بەکۆمەڵن، گەرچی هەنــدێ فــاکتەری دزەو تەشەنە بــریتی لە کەســایەتی خــودی رێبەران یان سەرکردەکان کاریگەرن. هەروەهـا هەنـدێ گـروپ بە ئەنـقەسـت جیاوازییە نـاوخۆییەکان دەکێشنە گۆڕەپـانی سیاسەتی دەرەوە. هەنــدێ حکوومەتی وڵاتــانی تــر تێچوونی زۆر تەرخــان دەکەن تــاکو ئەو حێزبەی کە خۆیان ئۆگــرییان پێیەتی لە وڵاتی مەبەســتدا حکوومەت بــگرێتە دەســت. هەر بۆیە لە کوردســتانــدا پێویستە بە وشیاریەوە ئەم خــاڵانە رەچــاو بکرێن. هەر لایەنێ کە حکوومەت بکەوێتە دەســتی، پێویستە پێوەری سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەدا سیاسەتی گشــتی و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی کوردستان بێت. هەوڵ بـدرێت بڕیارەکان بە کۆمەڵ یان لانیکەم بە راوێژی پسـپۆڕانەی نـاوخۆیی بـدرێن و لە تـاکڕەوی دوورەپەرێزی بکرێت. کێشە نـاوخۆییەکان نەکێشنە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوە تاکو زەبر نەدەن لە سیاسەتی گشتی و بەرژەوەندییەکانی

گەلی کورد. قەڵشتە سیاسییەکان و دووبەرەکی حێزبی نەبێتە ئـــامــرازی دەســتی نەیاران، و حێزب و لایەنەکان لەسەر ئەژمێر و یارمەتی وڵاتـــانی تـــر حکوومەتێک پێکنەهێنن کە جێبەجێکاری سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە لە کوردستاندا بێت.

ئەگەر بــارودۆخی سیاسی ئێستای کوردســتان بە گشــتی لەبەرچــاو بــگرین، بە هۆی هێشتا پێکنەهاتنی سیاسەتی گشتی و لەبەرچاو نەگرتنی بەرژەوەندیی گشتی گەل، هەبوونی حێزب و گـرووپی سیاسی زۆر کە کورد گـوتەنی 'هەر کامیان گـای سەر مـلەیەکن' و بە مەنەکەی خۆیان دەیپێون، سیاسەتی دەرەوەی بەهێز بەدی نـاکرێت. پێویستە ئەم قۆنـاخە تێپەڕێت و حێزب و لایەنەکان ســنووری دەسەڵاتی خۆیان بــزانــن و بە کردەی نــالەبــاری خۆیان زیان نەگەینن بە بەرژەوەندیی گشتی و بتوانن لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی نەتەوەییدا لە بەرژەوەندیی حێزبی چاوپۆشی بکەن و رکابەرایەتی و کێشەکانیان لە ئاستی ناوخۆدا رابگرن و رێگە نەدەن وڵاتانی تــر لە کێشەی نــاوخۆییان کەڵکی نــالەبــار وەرگــرن. تــا ئێستا هەبــوونی ئەم دووبەرەکی و چەندبەرەکییە ناوخۆییانە زۆر زەبری لە ئامانجە گشتییەکانی گەلی کورد و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوە مافخوازەکەی داوە. بۆ وێنە لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەلی باش رەخسا کەچی چەندبەرەکی ناوخۆیی و نەبوونی یەکیەتی ناوماڵی کورد و کەڵکوەرگرتنی حکوومەتی تاران لەوانە هەموو دەسکەوتەکانی دا بە با. هەندێ گروپ و حێزب کە لە سیاسەت تێنەگەیشتبوون و لاو و لاواز بــوون لە سیاسەتـدا بە لەبەرچـاونەگـرتنی بەرژەوەنـدیی گشـتی گەلی کورد، هەرکام بە شێوەیەک یان لە حکوومەتی ناوەندیی نزیک بوونەوە یان ناڕاستەوخۆ بوون بە ئامرازی دەستی و پێوەندیی ئایدئۆلۆژیکی خۆیان لەوەها کاتێکی هەستیاردا خستە پێشەوەی بەرژەوەنـدیی نەتەوەیی. ئاکامەکەشی دیسان زاڵبوونەوەی نـاوەند بـوو. هەروەها لە ئێستای بــاشــووری کوردســتانیشدا وێڕای نـــزیکەو سێ دەیە ئەزمــوون هێشتا ئەم کێشانە هەرچەنـــد بە شێوەی جیاواز دەبینرێنەوە. وێڕای هەبـــوونی حکوومەت، هەر حێزبەو بەرەو وڵاتێک رایدەکێشێت و راشـــدەکێشرێت و هەنـــدێ جـــار لە پێوەنـــدیی حێزبی تێدەپەڕێت و بەرژەوەنـدیی گشـتی نەتەنیا گەلی کورد بە گشـتی بەڵکو هەرێمی کوردسـتانی بـاشـووریش نــاپــارێزرێت و رەنــگ و بۆنی سیاسەتی کوردی پێوە نــابینرێت. نەبــوونی تۆکمەیی سیاسی نـاوخۆیی هەنـدێ کێشەی لە پێوەنـدییە دەرەکیەکانـدا پێکهێناوە. بە جێی ئەوەی کە هەرکامیان سیاسەتی خۆیان و پێوەنـدییە حێزبییەکانیان لەگەڵ دەرەوە لە ئاڕاستە و لە پێناوی سیاسەتی گشتی گەلدا رێکخەن، سیاسەتی گشتی دەکەنە قوربانی و لە پێوەندی دەرەکی بۆ سەرکەوتنی نـــاوخۆیی خۆیان کەڵک وەردەگـــرن. هەرچەنـــد لە سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمدا هەنـدێ سەرکەوتـن هەبـووە و نکۆڵی لێ نـاکرێت بەڵام هێشتا لە پێوەنـدیی لەگەڵ سیاسەت و

بەرژەوەندیی گشتیدا هەندێ کێشەی زەق و بەرچاو دەبینرێت. جاروبار هەندێ لایەن بۆ بەرژەوەندیی گشتی هەوڵیان داوە و سیاسەتێکی بەکەڵکیان بردووەتە پێشەوە بەڵام هەندێکی تر ئەو سیاسەتانەیان رەچاو نەکردووە و بوونەتە لەمپەڕ و بەربەست؛ هێشتاکو بڕیارەکان بە کۆمەڵ و بە هاوبەشی هەموو لایەنەکان نادرێن؛ یان خۆ هەندێ لایەن بەو ئاستەی نەگەیشتوون بەرژەوەندیی گەلیان لا گرنگ بێت. وێنەیەکی هەرە گرنگی تر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم نەبوونی تۆکمەیی ناوخۆیی و کاریگەریی لەسەر پێوەندیی دەرەوە، پێکنەهاتنی ئەنجومەن و کۆنگرەی گشتی کورد بە بەشداری هەموو لایەنە کوردییەکانی پارچەکانی کوردستانە کە هەندێ لایەن قەت نەیانتوانی بەقازانجی بەرژەوەندیی گشتی گەلی کورد لە خۆ بە زل زانین و بەرژەوەندیی حیزبی تێپەڕن و بەو جۆرە کاریگەریی بەهێزیان لەسەر دنیای دەرەوە هەبێت و ببنە هۆی بەربڵاوتر و رێکوپێکتربوونی پێوەندیی دەرەوەی کورد. ئەمە نیشانەی نەخۆشی سیاسی ناوخۆیە کە بووەتە هۆی لاوازی کورد لە گۆڕەپانی پێوەندیی دەرەوەدا و دواکەوتنی چارەسەریی پرسی کورد بە گشتی.

✦

## سەرچاوەکان:

[١] ئەم وتارە پێشتر لە چەند بەشدا لە ماڵپەری "دیپلۆماسی کوردستانی" (http://kudiplomacy.info/)دا بڵاو کراوەتەوە.

[٢] لە تیۆری کانستراکتیڤیسم (constructivism) دا، شوناسەکان، بەها و نۆرمەکان و کەلەپوور رۆڵی گرنگ لە سیاسەتە جیهانییەکاندا دەگێڕن. تێگەیشتنی کانستراکتیڤیستی لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠ دا لە باسەکانی زانستی سیاسی و پێوەندیی نێودەوڵەتیدا سەریهەڵدا. نیکۆلاس ئۆنوف (Nicolas Onuf) لە رێگای پەرتووکی "جیهانێ کە ئێمە چێی دەکەین" و فرێدریش کراتۆچویل (Fredrich Kratochwil) لە ریگای پەرتووکی "رێساکان، نۆرمەکان و بڕیارەکان" و ئەلێکساندەر وێنت (Alexander Wendt) لە رێگای پەرتووکی "تیۆری کۆمەڵایەتی سیاسەتی نێودەوڵەتی" لەو کەسانەن کە لەم بوارەدا کاریگەر بوون. بیرمەندانی ئەم بوارە دەڵێن بڕیارەکان و هەڵوێستی یاریزانان بەپێی بۆچوونێکە کە لە ماوەی دانوستان لەگەڵ دیتراندا دەستەبەر دەکرێت. بە وتەی نیکۆلاس ئۆنوف، جیهانی بەردەم جیهانێکە کە ئێمە پێکیدەهێنین نەک ئەوەی کە بۆخۆی هەندێ رێسای نەگۆڕی هەبێت. ئەوە ئێمەین کە جیهان واتا دەکەینەوە و هەڵیدەسووڕێنین. بە وتەی کراتۆچویل، هەڵبژاردنی مرۆڤەکان، هەموو کات ئاوەزمەندانە نییە؛ بەڵکو کۆمەڵێک لەو رەوتانەی کە ئێمەی مرۆڤ میراتگر و پاڵپشتی ئەوانەین، لەسەر شەبەنگی هەڵبژاردنەکانی ئێمە کاریگەرن. ئەلێکساندەر وێنت سەرنجی باری کۆمەڵایەتی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەدات و پێی وایە بۆچوونەکان، پێش گریمانەکان و بە گشتی رەوتی کۆمەڵایەتی بیچمگرتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەبێت رەچاو بکرێن. لێرەدا زۆر جار ئۆگری و پێویستی بە ناسین و ناسیاریی پێشترێتی هەیە. هەرچۆنێک بێت، لەم روانگەوە پێکهاتەکانی پێوەندیدار بە نۆرم و هزر بە قەدەر پێکهاتە ماددییەکان گرنگن و لە پێکهاتنی بەرژەوەندیی و دژکردەوەکاندا رۆڵی دیاریکەریان دەبێت و پێکهاتە و کارگێڕ دانوستان و پێوەندیی دوولایەنەیان هەیە. پێشترێتی بە وێنا و بیرۆکەکانە و جەختی سەرەکیشیان لەسەر باوەڕە نێوان زەینییەکانی هاوبەشی خەڵکە.

٣ لەم بوارەدا بڕواننە:

Prem Arora, Indian Foreign Policy, India: Cosmos Bookhive, 2001. And,
V. N. Khanna, Foreign Policy of India, New Delhi: Vikas Publishing house, 2001.

٤ لەم پێوەندییەدا بڕواننە:

Mofidi (a), 2015.

٥ کوچرا، ٢٠٠٨، ص ٢٧٥. بۆ دەقی وتەکە بڕواننە: وتاری "کردەی سیاسی ئایین لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا (بە تیشک خستنەسەر ڕەوتی مەکتەب قورئان)"، هەر لەم پەرتووکەدا.

٦ Terhemba N. Ambe-Uva and Kasali M. Adegboyega, "The Impact of Domestic Factors on Foreign Policy: Nigerian/Israeli relations", Alternatives, Turkish journal of international relations, volume 6, number 3 & 4, Fall & Winter 2007.

٧ Juliet Kaarbo, Jeffrey S. Lantis, and Ryan K. Beasley, "The Analysis of Foreign Policy in Comparative Perspective", CQ Press, a division of SAGE, 2012.

٨ Ibid.

# ئایین لە سیاسەتی نێودەوڵەتی کوردستاندا: تێگەیشتنێکی مامناوەند لە سێکیولاریزم[1]

زۆربەی کات، بەتایبەت لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا، کاتێک باس لە سێکیولاریزم (عەلمانییەت) دەکرێت، خێرا مێشکی زۆرێک لە خەڵک بەرەو دژایەتی لەگەڵ ئایین دەچێت. لە ناو زۆرینەی خەڵکی ئاسایی لە جیهانی ئیسلامدا واتای کەمتر بڕواداری سێکیولاریزم و روانگەی نەرێنی لەسەری باو بووە و ئایینییە توندڕەوەکانیش کاتێ ئەم وشەیە دەبیسن زەرد و سوور هەڵدەگەڕێن. لەم پێوەندییەدا، رۆڵی بزاڤە توندڕەوە ئایینییەکان کە لەگەڵ خەڵک سەروکاریان هەبووە لە پێکهاتنی وەها روانگەیەکدا کەم نەبووە، چۆنکو ئامانجی ئەوان پێکهێنانی حکوومەتی ئایینی بووە، بۆیە هەر حکوومەتێک جگە لە حکوومەتی ئایینی و ئەوەی مەبەستی ئەوان بووە، لەلایەن ئەوانەوە بە ناڕەوا و دژە ئایین ناسراوە و ئەمەش شەبەنگێک لە حکوومەتەکانی بە سێکیولار و دژەئایینییەوە لەبەر گرتووە. ئەم رەوتە بەجۆرێ بووە کە تەنانەت هەندێ لە رووناکبیران و خەڵکی نائاسییش بەو شێوە لێی تێگەیشتوون و کاتێک خۆیان بە سێکیولار پێناسە کردووە لەڕاستیدا مەبەستیان نائایینی یان دژە ئایینی بوونی خۆیان بووە. ئەم بۆچوونە بەرتەسک نەبووەتەوە بە دانیشتووانی وڵاتانی رۆژهەڵات، بەڵکو بۆ هەندێ خەڵک و لایەنی رۆژهەڵاتیی دانیشتووی وڵاتانی رۆژئاواش هەر ئەم پرسە لە ئارادا بووە کە چۆن دەبێت کەس یان لایەنێکی سیاسی سێکیولار کردەوەیەکی ئایینی بۆ وێنە "حەج" بەجێ بهێنێت، و لەو پێوەندییەدا لە هەندێ راگەیەنە و تۆڕی کۆمەڵایەتیشدا باس لە بوون بە ئامرازی سیاسی سعوودیە و هەندێ بابەتی تر کراوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە بەشداریی هەندێ سیاسەتوان و دیپلۆمات لەو وڵاتە رۆژئاواییە سێکیولارە ناموسڵمانانەوە وەک باڵوێز و کەسایەتییەکانی تریان لە رێوڕەسمی حەجدا بۆیان ئەوەندە جێی سەرنج نەبووە. کەچی بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە، زۆربەی تیۆرییە پێوەندیدارەکان، سێکیولاریزم بە دژە ئایین پێناسە ناکەن و تەنانەت دژەئایینەکانیش بە سێکیولار نازانن. ئەم روانینە دژە ئایینە

مێژوویەکی بە درێژایی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە هەیە کە بە تێپەڕینی کات کاڵ بـــووەتەوە و لە سەردەمی هــاوچەرخیشدا جــاروبــار لە بەرانــبەریدا هەوڵ دراوە بۆ روونکردنەوەی خەڵک. بۆ وێنە، لە سەرەتای شەستەکان (١٩٦١) جەواهەر لەعل نێهرو لە هێندا لەمبارەوە خەڵکی ئاگادار کردەوە کە بە وەهــا هەڵەیەکدا نەچــن.[٢] بەوەشەوە، هەبــوونی وەهــا روانینێکی نەرێنی لەسەر سێکیولاریزم لە ئێستادا ئەو راسـتییە دەردەخـات کە کێشەکە هەر کراوەیە و ئەمە هێشتا جێی پـرسە بۆ زۆر کەس. بۆیە، پێویستە ئـاورێک بـدرێتەوە سەر سێکیولاریزم و پێوەنـدیی ئـایین و سیاسەت بەتایبەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

## ١. سێکیولاریزم

وشەی "سێکیولار" لە بـــنەڕەتـــدا لە وشەیەکی لاتین بە واتـــای "سەردەمێک" یان "رۆحی زاڵ بەسەر سەردەمێکدا" وەرگیراوە. واتـا سەرەکییەکەی لە ئـایینەوە هەڵدەقـوڵێت و لە بەسـتێنی مەسیحییەتـــدا بۆ ئەوانەی سەرنجی ئەم جیهانەیان داوە بەکار هێنراوە. سێکیولاریزاسیۆن رەوتێ بــووە کە بەرە بەرە بە هۆی پەرەسەنــدنی زانســت و تەکنۆلۆژیا، ئــایین هەنــدێ لە کردە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە دەست داوە. بۆ وێنە سەردەمی زوو لە کوردستانی خۆماندا کە زۆر نەریتی بوو، هەرکەس هەر کێشەیەکی هەبایە دەڕۆشتە لای مەلا: بۆ نەخۆشی، کێشەی ناوماڵ، زەوی و زار و.... کە پێشیان دەگوتن "مەلای دوانزە عیلم" واتە کەسێ کە لە زۆر بوارەوە سەری دەردەچێت. بەڵام ئێستا ئەدی کەس کە نەخۆش کەوت نـاڕوات بۆ نـووشـتە نـووسین، دکتۆری دەروونــزان هەیە و... بۆیە بەتەنیا کاروبــاری ئــایینی بۆ مەلاکان مــاوەتەوە و ئەوانیش وەک خەڵکی تـر لەو بـوارەدا پسـپۆڕییان هەیە و ژیانی ئـاسـایی خۆیان دەکەن و کەمـتر وەک پیاوی پیرۆز بە جلوبەرگی تایبەتەوە چاویان لێدەکرێت. دەتوانین بڵێین لە ئەوروپاشدا وەها رەوتێک بەڵام زۆر زووتـــر لە وڵاتـــانی لای ئێمە روویدا و مـــاوەیەکی زۆریشی خـــایانـــد. هەر لەو ئاڕاستەیەشدا لە باری سیاسییەوە کێشەی ئایینی و ناکۆکی و شەڕی ئایینی وایکرد کە وڵاتانی رۆژئــاوایی بڕیار بـــدەن کاروبـــاری سیاسی خۆیان بـــدەنە دەســـت دامەزراوەیەکی بێ لایەن (دەوڵەت) کە مافی هەمووان بپارێزێت و کەلەپوورێک گەشە بستێنێت کە هەموو تاک و گروپە ئـایینییەکان رێز لە یەکتر بـگرن. بەمجۆرە بیرۆکەی ئـازادی، بەرابەری و دادپەروەریی لە نێوان هەموو گرۆپەکاندا پەرەی سەند. دەوڵەتی سێکیولار وەک دامەزراوەی بێ لایەن بووە پارێزەری ئەو بنەمایانە. سێکیولاریزمیش، ئایدۆلۆژیای ئەو رەوتە و باوەڕ بەو بنەمایانەی سەرەوە بووە. هەر بۆیە بە واتای دژایەتی لەگەڵ ئایین بە گشتی نەبووە.[٣]

لەم پێوەندییەشدا پێویستە بگوترێت کە سیاسەت بازنەیەکی گشتییەو هیچ کەس ڕێگەپێدراو نییە کە ئەوی تـر لە چـالاکی سیاسی قەدەغە بکات. بە مەرجی لەبەرچـاوگـرتنی ڕێساکان و ئاژاوەنەگێڕی و پاراستنی بەندوباو، هەمووان بۆیان هەیە بەشداری سیاسەت بن و لە ڕەوتی سیاسیدا و لە نـاو دەسەڵاتـدا لە مـافی خۆیان پـاڵپشتی بکەن بەڵام لە جێگەوپێکەی کارگێڕی دەوڵەت و لە نـاو دەوڵەتـدا دەبێت دادپەروەریی و بێ لایەنی بـپارێزن و مـافی هەمـووان لەبەرچاو بگرن. بۆیە هیچ کات و بەتایبەت لە سێکیولاریزمدا ئایین و سیاسەت قەت لێک جیا نـاکرێنەوە تەنـانەت ئەگەر ئەم پێوەنـدییە لەو ڕادەیەدا بێت کە پـاڵێوراوێک بیهەوێت دەنگی کابـرایەکی ئـایینی دەسـتەبەر بکات. ئەوانەی لێک جیا دەبـنەوە ئـایین و دەوڵەتـن لە شێوەی دامەزراوەییاندا. کەواتە دەوڵەت وەک بەشێکە لە سیاسەتی گشتی نەک هەمووی.

## ٢. ئایین لە وڵاتانی سێکیولاردا

بەپێی ئەو باسەی سەرەوە، لە وڵاتانی خاوەن دەوڵەتی سێکیولاردا، ئازادیی هەموو ئایینەکان و مافەکانیان پارێزراوە و دەتوانن بە ڕاشکاوی کاروباری ئایینی خۆیان جێبەجێ بکەن. تەنانەت وەک تاک و گروپ لە پێناو مافەکانیاندا دەتوانن لە سیاسەتدا بەشداریی بکەن بە مەرجێ کە بەنـدوبـاوی دیمۆکراسی قەبـووڵ بکەن. بۆیە دەبینین ئەنـجومەنە ئـایینییەکان چـالاکن، لایەنگرانی گروپێکی ئایینی ڕێپێوان دەکەن و لە هەڵبژاردنەکاندا لایەنگری لە پاڵێوراوی تایبەت دەکەن و.... لە بەرانبەردا، هەندێ لە وڵاتە کۆمـونیستەکان، سێکیولار نین و دژە ئـایینن بە هۆی ئەوەی کە بەپێچەوانەی وڵاتانی سێکیولار باوەڕیان بە ئازادیی بە گشتی و بەتایبەتی ئایینی، وەک کۆڵەکەیەکی دیمۆکراسی لە پەنای بەرابەری و دادپەروەریدا، نییە.

لە زۆرێک لە وڵاتە سێکیولارەکاندا لە یاسای بنەڕەتیدا ئاماژە بە "خوا" کراوە بۆ وێنە سویس کە بەو ناوەوە دەست پێ دەکرێت. لە ئەمریکا کە خۆی سێکیولارە ئازادی ئایینی بەوپەڕی خۆیەوە هەبووە، ئەنجومەنە ئایینییەکان بریتی لە ئیسلامییەکانیش چالاک بوون، لەگەڵ ئەوەش ئایین لە سیاسەتـدا بەکار هێنراوە و لە زۆرێک لە هەڵبژاردنەکانـدا لە "سـتراتێژی خـوا" کەڵک وەرگیراوە. لە هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپایی حێزبی ئـایینی یان لەسەر بـنەمـای ئـایین هەیە. لە هێندسـتان هەمـوو ئـایینەکان ئـازدییان هەیە و حێزبی ئـایینی جۆراوجۆر کە دیمۆکراسی و سێکیولاریزمیان قەبووڵ کردووە، بوونیان هەیە.

هەرچۆنێک بێت، بـوونی خەڵکی ئـایینی و ئـایین وەک بەشێک لە کەلەپـوور و ئـازادیی ئـایینی بـــووەتە هۆی ئەوەی کە لە هەنـــدێ بــواردا سیاسەت و ئـــایین تێکەڵییان هەبێت و دەوڵەت و سیاسەتـــوانـــانیش سەرنجی ئەم لایەنەی کۆمەڵگا بـــدەن. هەر لەم پێوەنـــدییەشـــدا، ئـــایین کاریگەریی هەبووە لەسەر پێوەندیی و سیاسەتی نێودەوڵەتی.

## ٣. ئایین لە پێوەندیی نێودەوڵەتیدا

هەروەها کە لە وتاری پێشوودا ئاماژە کرا، ئـایین یەکێک لەو فـاکتەرە نـاوخۆییانەیە کە لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پێوەنـــدییە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتە جیاوازەکان کاریگەریی هەیە. وێرای هەبـــوونی کردەی نەرێنی و پێکهێنانی نـــاکۆکی لە نێوان وڵاتەکانـــدا بەتـــایبەت بە هۆی چەوساندنەوەی گروپێکی ئایینی لەلایەن حکوومەتێکەوە و لە ئاکامدا هەڵوێستی نێونەتەوەیی لە دژی، ئەگەر لە باری ئەرێنییەوە بڕوانینە ڕۆڵ و کردەی سیاسی ئایین، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئـــایین بـــوارێکی هـــاوبەشی بۆ پێوەنـــدیی بەتـــایبەت کەلەپـــووریی پێکهێناوە. زۆرێک لەم پێوەندییانە لەسەر بنەمای ئایین یان لە ژێر کاریگەریی ئایین لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا دەبیندرێن. بۆ وێنە دەکرێ بە ڕۆڵی ئـــایینی ئیسلام لە پێوەنـــدیی نێوان وڵاتـــانی مـــوسڵمان و پێکهاتنی "ڕێکخراوی کۆنفڕانسی ئیسلامی"، یان کاریگەریی ئـــایینی مەسێحییەت لەسەر پێوەنـدیی وڵاتـانی یەکیەتی ئەوروپـا، ئـامـاژە بکرێت. ئەم کاریگەریانە لە کاتێکدایە کە لە هەر دوو نموونەکەدا زۆرینەی وڵاتەکان سێکیولارن.

هەر لەم پێوەنـــدییەدا بە شێوەی ئـــاســـایی هیچ حیزب و وڵاتێکی سێکیولاریش لە پێوەنـــدیی ئایینی هاووڵاتییانی بۆ وێنە ڕۆشتنی موسڵمانان بۆ حەج و پێوەندیی لەگەڵ وڵاتی عەرەبستان کە شـــوێنە پیرۆزەکانی مـــوسڵمانـــانی تێدا هەڵکەوتـــووە، بەرگیری نـــاکات. لە وڵاتێکی وەک هێندستاندا بۆدجەی ساڵانە بۆ حەجی موسڵمانەکانیان تەرخان دەکرێت و دەوڵەت هاسانکاریی پێویستیان بۆ جێبەجێ دەکات.[٤] لەڕاسـتیدا، ئەگەر بەرگیری کرابێت یان هـاسـانکاری نەکرابێت زیاتـر بە هۆی کێشە هێمنایەتی، سیاسی و ئـایدۆلۆژیکەکان بـووە نەک دژایەتی لەگەڵ ئـایین و زۆرتر لەلایەن وڵاتانی دژەئایین یان وڵاتانی خاوەن حکوومەتی ئایینییەوە جێبەجێ کراوە نەک وڵاتانی سێکیولار. بۆ وێنە کێشەی ئایینی-سیاسی نێوان عەرەبستان و ئێران بووە هۆی ئەوەی کە سـاڵی ٢٠١٦ حکوومەتی ئێران بە هۆی قەبـووڵ نەکردنی مەرجەکانی وڵاتی خـانەخـوێ واتە لەبەرچـاوگـرتنی سیاسەت و ڕێساکانی ئەو وڵاتەو ڕێوڕەسمی ئـایینی حەج، کەس ڕوانەی حەج نەکات.

## ٤. پێویستی پێوەندیی کوردستان و عەرەبستان

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کوردستان پێویستی بە هاوڕێ و پاڵپشتی زیاتر هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی زۆرتر دادەمەزرێنێت بەتایبەت کە پێویستە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کورد دەوڵەتی هاوپەیمانی هەبێت و بە شێوەی سروشتی عەرەبستان دەتوانێت یەکێک لەو وڵاتانە بێت. بە هۆی جۆراوجۆر سعوودییە بۆ کوردستان گرنگایەتی هەبووە و هەرێمی کوردستانی باشووریش هەوڵی داوە کە پێوەندیی سیاسی لەگەڵیدا دابمەزرێنێت.[٥] وەک پێشتر ئاماژە کرا، لە ڕوانگەی عەبدوڕڕەحمان قاسملووەوە کاریگەریی عەرەبستانی سعوودی لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، گرنگ نەبوونی نرخی نەوت بۆی و نەبوونی کورد وەک پێکهاتە لەوێ سێ تایبەتمەندی ئەو وڵاتەن کە دەتوانن وەکو هاوپەیمانی کورد زەقی بکەنەوە.[٦] بەم خاڵ و تایبەتمەندییانە دەکرێ هەندێکی تر زێدە بکرێت. بۆ وێنە هەردووکیان بەرهەمهێنەری نەوتن و دەتوانن هاوپەیمانیی و هاوکارییان لەم بوارەدا هەبێت. هەروەها، وەکو خاڵی هاوبەشی نێوان هەردووکیان دەکرێ بە ئایین ئاماژە بکرێت کە زۆرینەی هەردوولا موسڵمانی سوننەن و ئەمە یارمەتی هەبوونی پێوەندییەکی گەرموگوڕتر دەدات. هەرچۆنێک بێت پێوەندیی کورد لەگەڵ عەرەبستان تەنیا بە هۆی ئایینی نییە بەڵکو پێویستییەکی سیاسییە. گەرچی سعوودییە و وڵاتانی کەنداویش لە ئاڕاستەی سیاسەتی گشتی خۆیاندا کار دەکەن و لەو ساڵانەدا بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ ئێران، کورد و دیکەی نەتەوەکانی ئێران زیاتر کەوتوونەتە بەر سەرنجیان، بەڵام هەر لەو کاتەشدا ئەم پێوەندییانە هەلێک بۆ وەرگرتنی پاڵپشتی زیاتر بۆ کورد دەڕەخسێنێت.

## حەج و سیاسەت

وەک ئاماژە کرا سیاسەت بازنەیەکی بەرینە و بەشی سەرەکیشی حکوومەت و کاروباری پێوەندیداریەتی. کەواتە وەک بەشێک لە خزمەتگوزاریی حکوومەت، سەرنجدان بە ڕێوڕەسمی حەج و هاسانکاریی بۆ ئەوە بەتایبەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا پێویستە. هەر لەم ئاڕاستەیەدا و جگە لە کاری سیاسی پەتی، پێوەندیی و هاسانکاریی بۆ ئەو تاکە کوردانەی کە باوەڕی ئایینییان هەیە ئەرکی حکوومەتی کوردییە و هەروەها حیزبە سێکیولارەکانی کوردستانیش ناکرێ بەرگیری بکەن لە ئەندامانیان کە ئەگەر ویستیان و هەلیان بۆ ڕەخسا کاری ئایینی خۆیان بەجێ بهێنن. دیارە هەر حیزب و لایەنێکی سیاسی بەپێی سیاسەت و ئامانجی خۆی دەسووڕێتەوە، بۆیە پێوەندیی سیاسی دوولایەن و کاری تاکەکەسی ئەندامەکان بە واتای

گۆڕانی ئایدۆلۆژی و ستراتێژی حێزبێک نییە. وەک چۆن بەشداریی باڵوێزی بەریتانیا لە حەجدا بە واتای بە ئایینی بوونی حکوومەتی بەریتانیا نییە. هەروەها کە پێشوازیی و چاوپێکەوتنی سەرکردە سیاسییەکانی تر، بریتی لە ئێرانییەکان لە سالانی پێشوودا، لەگەڵ سەرانی سعوودییەش لە کاتی حەجدا بە ئامراز بوونی سیاسەتوانان نەبووە و تەنانەت بە ڕێزلێگرتنیش زانراوە، بۆ تاکی کوردیش ئەو کارە ڕێگەپێدراوە.

بەڵام لە سۆنگەیەکی ترەوە، ئەگەر تێڕوانین بۆ ئایین و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، روانینێکی سیاسی بێت، هەروەها کە بە کردەوە بۆ هەندێ وڵاتی پێوەندیدار بە پرسی کورد و سیاسەتوانەکانیان وایە، ئەوا کوردیش چارەیەکی بێجگە لە سیاسەت کردن نییە. بە درێژایی مێژووی سەردەم برا موسڵمانەکان لە ناوچەکەدا بە ناوی ئایینەوە زوڵمیان لە کورد کردووە و نادادپەروەرانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵی کردووە و بۆشیان گرنگ نەبووە کە لە ئایین و هێما و ڕێوڕەسمەکانی وەک ئامرازی سیاسی کەڵک وەرگرن و ئەوانەیان خستووەتە خزمەت سیاسەتی نادادپەروەرانەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لەبەرچاوگرتنی دادپەروەریی و ستەم نەکردن لە روانگەی ئایینیشەوە لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و لەوانە حەج گرنگترە. بۆیە بەپێچەوانەی ئەوانەوە، گەر سیاسەتی کوردی حەج وەک کۆبوونەوەیەکی گشتی موسڵمانان کە دەکرێ لەو ڕێگایەوە پەیوەندی زیاتر لەگەڵ دیکەی موسڵمانان هەڵکرێت و ئاگادار بکرێنەوە لەسەر هەبوونی نادادپەروەریی و هەوڵ بدرێت بۆ گۆڕانی بیروڕای گشتی موسڵمانان کە دەنگدانەوەی زیاتر دەبێت، بخاتە خزمەت پێکهێنانی سیاسەتی دادپەروەرانە و دادپەروەریی سیاسی، نە تەنیا جێی لۆمە نییە بەڵکو شیاوی ڕێزلێنانە. هەرچۆنێک بێت لە بازنەی سیاسەتی نێوان سعوودییە، ئێران و کورددا لەبەرچاو گرتنی چەند خاڵ لە پێوەندیی لەگەڵ ئایین و حەجدا، پێویستە:

١. لە پاش شۆڕشی ئیسلامی، بۆ ئێران ڕێوڕەسمی حەج، سیاسی بووە و وەک شوێنێک بۆ خۆپیشاندان، دروشمدان و بەدواداچوونی سیاسەتەکانیان لە دژی ئەمریکا و لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی سیاسی شێعەدا بەکار هێنراوە. ئەم شێوازەی حەج کردن، لە دژی سیاسەتی سعوودییە و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا بووەو وەک لەبەرچاو نەگرتنی ڕێسا و یاسای ئەو وڵاتە ڕەچاو کراوە. ئەم کێشەیە چەند جار ناکۆکی نێوان دوو وڵاتی لێکەوتووەتەوە. لە نوێترینی ئەو ناکۆکیانەدا کە لە ڕێوڕەسمی حەجی ساڵی ٢٠١٥ دا روویدا و بووە هۆی پچڕانی پێوەندیی نێوان هەردوولا بۆ ماوەیەک، ئێران باسی ناکارامەیی سەرکردە سعوودییەکان لە هەڵسووڕانی ڕێوڕەسمی حەجی دەکرد کە بوونەتە هۆی

کوشـــتنی هەزاران کەس لە حەجـــاج، و ســـعوودییەش هۆی ڕووداوەکەی بە شێوازی جۆراوجۆر وەک ڕێپێوانی سیاسی و لەبەرچاونەگرتنی دۆخەکە لەلایەن حاجییە شێعەکان و هەندێ بابەتی تر پاساو دەکرد. ئێران هەر لە سەرەتاوە بۆ کەڵکی سیاسی جگە لە خەڵکی شێعە، هەنـدێ ســونـنەی هێنایە سەر شــاشە و بینگەی تەلەڤیزیۆن بۆ قــسەکردن لە دژی سـعوودییە. بۆیە لە بەرانـبەر پڕوپـاگەنـدەی ئێرانـدا، سـعودییەش هەوڵیدا هـاسـانکاریی و یارمەتی دژبەرانی ئێرانی بـــدات و دەرفەتی بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی حەج و هـــاوکاتیش هاتنە سەر بینگەی تەلەڤیزیۆنیان بۆ بڕەخسێنێت.

٢. بۆ سـعوودییە پـاڵپشتی لە گـروپە سـونـنەکانی ئێران و ئێستاش گـروپە نەتەوەییەکان، لە بەرانـــبەر دەســـتێوەردانی ئێران لە وڵاتـــانی عەرەبی و لایەنـــگری لە گـــروپە شێعەکان و "هەنـــاردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی"دا بـــووە. بە ڕواڵەت هەر دوو وڵات دژایەتی یەکتر دەکەن بەڵام لە بـاری ڕاسـتی و ڕەوابـوونی سیاسەتیانەوە دەکرێ جیاواز بـن. سـعوودییە دەتـوانێت لە ژێر داواکاریی هەوڵ بۆ دابینکردنی مـافی مـوسڵمانە سـونـنەکانی ئێران کە کێشەی سیاسی–نەتەوەیی و ئـایینییان هەیە، سیاسەتی خۆی پـاسـاو بکات و تەنـانەت ئەو پـاڵپشتییە بە ئەرکی ئـایینی بـزانێت لە پێناو دادپەروەیی و نەمـانی سـتەمی ئـایینی–نەتەوەییدا. بەڵام هی لایەنی بەرانبەر لەو چوارچێوەدا نـاگونجێت بێجگە لە کاری سیاسی پەتی لە ئـاڕاســتەی سیاسەتی خۆیدا. چۆن گــروپە شێعەکانی وڵاتـــانی عەرەبی کێشەی نەتەوەییان نییەو زۆربەی مـافی خۆیان هەیە، بەس زیاتـر لەلایەن هۆکارە دەرەکییەکانەوە دەورووژێندرێن.

٣. لەم نێوانەدا وەک خـــاوەن هەردوو کێشەی نەتەوەیی (بە گشـــتی) و ئـــایینی (بەشێکی)، هەڵکردنی پێوەنـدیی سیاسی لەگەڵ سعوودییە بۆ لایەنی کوردی بەتـایبەت لە کوردستـانی ڕۆژهەڵات هەلێکە کە تـاڕادیەک ئـایین بـوارەکەی بۆ خۆش کردووە. بەرەوپیری چـوون و لە نێو سیاسەتی کوردیدا گـونـجانـدنی ئەو پێوەنـدییە لە ئـاڕاسـتەی دۆزینەوەی پـاڵپشت و هـاوپەیمانـدا شی دەکرێتەوە. کورد بە ئـاسـتێ گەیشتووە کە بەراوردی تێچوو و قـازانجی خۆی بکات و ئەوەی بە کەڵکی بێت، جێبەجێی بکات. بۆیە ئەگەرچی هەرێمی کوردســـتانی باشوور بە هۆی دۆخی جیاوازیەوە ویستوویە هاوسەنگییەک لە نێوان سعوودییە و ئێراندا بـــپارێزێت و بە کردەوەش بە هۆی دووری لە ســـعوودییە و هـــاوســـنووری لەگەڵ ئێران پێوەنـــدیی زیاتـــری لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام بۆ کوردی ڕۆژهەڵات وەک دژبەری ئێران دیارە پێویستیی و هەست بە هەڵکردنی پێوەندیی زیاتر لەگەڵ سعوودییە ئاسایی دێتە بەرچاو.

٤. رامیاران و سیاسەتوانانی ئێرانی چاک دەزانن کە کێشەی کورد پێوەندی بە هەڵخڕاندنی هیچ وڵاتێکی ترەوە نییە و ئەو نەتەوەیە بۆ پتر لە سەتەیەکە بۆ مافەکانی بە بێ پاڵپشتی بەرچاوی هیچ وڵاتێک خەبات دەکات. کەواتە بۆ لایەنی کوردی پرسیار ئەوە بووە کە، ئاخۆ کورد چ دەسکەوتێکی لە ساڵانێکدا کە پێوەندی لەگەڵ هەندێ وڵات وەک سعوودییە نەبووە، دەستەبەر کردووە کە ئێستا ئەگەر ئەو پەیوەندییە دامەزرێت بترسێ لە دەستی بدات؟ دیارە هیچ. خۆ رێگە بە هیچ پردێکی پێوەندی بۆ وتوویژ و دانوستان لەگەڵ حکوومەت و چارەسەریی کێشەکان لە ئێراندا نەبووە کە ئێستا ترسی لەدەستدانی هەبێت. بەپێچەوانەوە، ئێرانە کە دەترسێت و نایەوێت ئامرازی سیاسی ئایین کە لە دژی دژبەرانی بەکاری دەهێنێت، لە دەست بدات. بۆ ساڵانێکی زۆر لایەنە کوردییەکان لە ژێر ناوی ئاییندا و ئەوەی کە "مونافق و کافرن" سەرکوت کراون و خەڵکیان لە دژ هان دراوە. بۆیە دەرکەوتنی ئەوان وەک خاوەن باوەڕ لە حەجدا، بەپێچەوانەی ئەوەی ساڵانێکی زۆر پڕوپاگەندەی لەسەر کردووە، بە زیانی تەواو دەبێت و بۆی قەبووڵ ناکرێت. لەلایەکی تریشەوە، ئێران هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی خۆی و لەبەرچاوگرتنی مافی خەڵک بە گشتی و نەتەوەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتە تاکو ئەو چاوەڕوانییەی هەبێت کە دژبەرانی لەگەڵ لایەنی بەرانبەریدا پەیمان و پێوەندییان نەبێت. بۆیە، لەلایەن هێزە کوردییەکان و سعوودییەوە، وەک دوژمنی هاوبەش رەچاو کراوە.

٥. بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات شێعەن، حکوومەتی ناوەندیش ساڵانێکی زۆرە لەم ئایینزا هاوبەشە کەڵکی سیاسی وەرگرتووە بۆ تواندنەوەیان و تێکدانی پێکهاتەی کوردستان. بۆیە بوونی ئەم ئایینزایە لە توندی قەڵشتی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی کەم کردووەتەوە، بەپێچەوانەی ناوچە سوننەکان کە قەڵشتی کۆمەڵایەتی ئایینی کەوتووەتە سەر قەڵشتی نەتەوەیی و توندتر و چالاکتری کردووەتەوە. کەواتە لە پێوەندیی لەگەڵ سعوودییەدا زیاتر موسڵمان بوون بە گشتی و ئایینزای سوننەیە کە دەتوانێت هەوێنی پێوەندیی سیاسی بۆ کورد پێکبهێنێت. بەڵام ئەمە بە واتای سەرنج نەدانی کوردە شێعەکان نییە، چۆن سیاسەتی سێکیولاری کورد ناتوانێت لەسەر بنەمای هیچ ئایین و ئایینزایەکی تایبەت بێت و رێز لە هەموان دەگرێت. هەروەها لە رۆژهەڵاتدا کوردی شێعە کێشەی ئایینی نەبووە. کەواتە کێشەی هاوبەش نەتەوەییە و پێویست بە زەقکردنەوەی قەڵشتی سوننە و شێعە لە ناو کوردا نییە، چۆن ئاکامەکەی لە ئاڕاستەی سیاسەتی نەیارانی کورددا دەبێت. جێی ئاماژەیە کە سیاسەتوانە ئێرانییەکان لە کاتی ناکۆکیدا نالێن چۆن خەڵکی سوننەشیان هەیە با لەگەڵ سعوودییە رێکەون، بەڵکو سیاسەت دەکەن و لە کاتی پێویستدا

تەنـانەت لەسەر شـاشەی تەلەڤیزیۆن هەنـدێ سـونـنە دەهێنن کە کاری سـعوودییە ئیدانە بکەن. هەروەهـا دژبەرە شێعەکانی ئێرانیش وەک ڕێکخراوی "مـوجـاهـدینی خەلـق" نـاڵێن چۆن شێعەین بـا لەگەڵ سـعوودی پێوەنــدیمان نەبێت و دەزانــن سیاسەتی ئێستایان لە بەرانبەر حکوومەتی ئێراندا پاڵپشتی سعوودییەی دەوێت. بۆیە، لەلایەن کوردیشەوە ناکرێ ئەم پێوەنـدییانە لە دەلاقەی سیاسەتی ئـایینییەوە شی بکرێنەوە، لە کاتێکدا بەپێچەوانەوە لە سۆنــگەی سیاسەتی سێکیولاری کوردییەوە ئەمـــانە دژکردەوەن و سیاسەتی ئـــایینی پـووچەڵ دەکەنەوە. لەم پێوەندییەدا، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت چۆن کوردی شێعە هەیە، نابێت کورد بەرەو سعوودییە بڕوات و ئەمە بە قازانجی سیاسەتی کوردی نییە و ئێران لە دژی کورد کەڵکی نـــالەبـــاری سیاسی لێوەردەگــرێت و دەڵێ ســعوودییەیە کە کوردەکان هەڵدەخڕێنێت، هەروەهـــا کە ئەم شەڕە دەروونییەشی کردووە و دەیکات بەتـــایبەت لە دژی هێزە ئیسلامییەکانی ســونــنە[7]، لە پێش گــرتنی سیاسەتی پێوەنــدیی نێودەوڵەتی چـالاکانەی کوردیش وەک ئێرانی و سعوودییەکان لە ئـاڕاستەی بەرژەوەنـدیی گشــتی خۆیدا بە هەڵەداچــوون نییە و دەتــوانێت بە قــازانــج بێت. تەنیا کاتێک سیاسەتی سێکیولار دەکەوێتە بەر ڕەخــنە کە لە دژی کوردی شێعەی ڕۆژهەڵاتی بە هۆی ئـــایینیانەوە هەڵاواردن هەبێت. کەواتە لە ئاستی پێوەندیی سیاسی نێودەوڵەتیدا، پێوەندیی دوو لایەن کە نەیاری هاوبەشیان هەیە شتێکی ئاساییە. بۆیە ڕاستییە سیاسییەکان پیشاندەری ئەوەن کە پێویستە هێزە کوردەکان بە سوننە و شێعەوە لە دەلاقەی سیاسەتی کوردییەوە چاو لەو پێوەندییانە بکەن نەک لە دەلاقەی سیاسەتی وڵاتانی نەیارەوە. لەم ڕوانگەوە، شەڕی ئایینی و ئایدۆلۆژیکی نەیارێک دەتوانێت هەلی سیاسی بێت بۆ کورد.

## دەرەنجام

وەکو دوایین وتە و دەرەنــجام دەبێت بـگوتـرێت کە سێکیولاریزم لە گــرنــگترین پێناسەیدا کە تێگەیشتنێکی مـامـناوەنـدییە، نە تەنیا لە دژی ئـایین نییە بەڵکو بـوار خۆشکەرە بۆ ئـاشــتی، هـــاوسەنگی و پێکەوەژیانی هەمـــوو گـــروپە ئـــایینییەکان و ئـــازادیی ئەوان. سێکیولاریزم پێکهێنەری کەلەپـوورێکە بۆ دابینکردنی ئـازادی، بەرابەری، دادپەروەریی و ڕێزگـرتـن لە یەکتر. ڕەوتی سێکیولاریزاسیۆن و دۆخی زۆربەی وڵاتـــانی سێکیولار تێکۆشـــان لەم پێناوەدا پیشان دەدات. حکوومەتێ کە لە دژی ئایین بێت، ناکەوێتە ناو بازنەی دەوڵەتی سێکیولار. سیاسەت و ئـایینیش لێک جیا نـاکرێنەوە و ئەوەی پێویستی بە جیابـوونەوەیە "دەوڵەت و ئـایینە" ئەویش

بە شێوەی دامەزراوەیی نەک لە هەمـــوو بـــوارێکەوە چۆن خـــودی دەوڵەت وەک بەشێک لە سیاسەت بۆ کاروبـاری خـزمەتگوزاریی سەروکاریی لەگەڵ گروپە ئـایینییەکان دەبێت. هەر لەم ئـاڕاسـتەیەشـدا سیاسەت وەک بەشێک لە کەلەپـوور کاریگەریی هەبـووە لەسەر پێوەنـدیی و سیاسەتی نێودەوڵەتی چ خزمەتگوزاریی دەوڵەتەکان بۆ هاسانکاریی بۆ خەڵکی ئایینییان و چ بۆ دامەزرانـــدنی پێوەنـــدیی دوولایەنە و پێکهێنانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، و هەروەهـــا بەکارهێنانی ئـایین لە ئـاڕاسـتەی سیاسەتی خۆیانـدا. کەواتە سیاسەتی کوردیش پێویستی بە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی تر و دۆزینەوەی پاڵپشت لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا هەیە. ئێستا ئەگەر ئـایین هۆی نـزیکتربـوونەوەی وڵاتێک لە کورد بێت و ئەو بـوارەی بۆ خۆش بکات، هەل و دەرفەتە بۆ کورد وەک هەموو دەرفەتەکانی تر کە بۆی بڕەخسێت. لەم پێناوەدا، پێوەندیی کورد و عەرەبستان کە دیارە بابەتێکی تازە نییە، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ پـرسە سیاسییەکانی کورد و لەلایەکی تـــریشەوە کێشەی سیاسی ئێران و عەرەبســـتان وەک دوو هێزی بەرانـــبەر و داواکار لە نـــاوچەکەدا کە دژایەتی ئـــایینیش ئەو کەلێن و نـــاکۆکیانەی زیاتـــر کردووە. بۆیە هەردوولاش بە قـازانجی سیاسەتی خۆیان لە ئـایین و بـابەتە پێوەنـدیدارەکان وەک ڕێوڕەسمی حەج کەڵکیان وەرگــرتــووە. لە پێوەنــدیی لەگەڵ کورد و لە ڕوانــگەی سیاسەتی سێکیولارەوە، بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی ئایینی لە ئاستی تاکەکەسیدا بۆ خەڵکی ئیماندار ئەرکەو نابێت یەکسەر بە چـــاوی سیاسییەوە سەیر بکرێت. کەواتە لایەنە کوردە سێکیولارەکانیش وەک دەوڵەت و نەتەوەکانی تر لەسەریانە مافی خەڵک و ئەندامانیان لەبەرچاو بگرن و هاسانکاریی پێویست بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن. لە ئـــاســـتی سیاسیشدا، هەرچۆنێک بێت کورد ڕاڤەی سەربەخۆی لەسەر پێوەنــدییەکان هەیە و بەدواداچــوونی سیاسەتی نەتەوەیی خۆی دەکات و لەم پێناوەشـدا بە ئـاسـتێک گەیشتووە کە چی تـر نـایەوێت ببێتە قـوربـانی سیاسەتی ئـایینی و بـوخـتانی دژەئـایینی بـوون و بە نـاوی ئـایینەوە سەرکوت بـوون. بۆیە سەرنجـدان بە مـافی خەڵکانی ئایینی لەلایەک و دامەزران یان باشتر کردنی پێوەندیی سیاسی لە کەناڵی ئایینەوە و بەو شێوە هەوڵدان بۆ دەســتەبەرکردنی پـــاڵپشتی زیاتـــر لە پێناو دادپەروەریی نەتەوەییدا، بە واتای دەرچوون لە بازنەی سێکیولاریزم نییە.

✦

## سەرچاوەکان:

[١] ئەم وتارە سەرەتا وەک رەخنەیەک لەسەر هەڵوێستی هەندێ لایەن و راگەیەنە وەک "بی بی سی فارسی" سەبارەت بە بەشداریی چەند ئەندامی حیزبێکی سێکیولاری کوردی لە رێوڕەسمی حەجدا نووسرا و بۆ یەکەم جار لە رێکەوتی ٢٠١٦/٠٩/٢٧، لە ماڵپەڕی "میللەت"، بەشی "کراوەیی ئیسلامی" بە ناونیشانی خوارەوە بڵاو بووەتەوە:
http://milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=24979&T=

[٢] صباح مفیدی، "سکولاریسم هندی: برایند دین و سیاست"، **مجله چشم‌انداز ایران**، شماره ٩٩، ١٣٩٥، صص ٥٤–٥٥.

[٣] See: Rajeev Bhargava, ed., Secularism and its Critics, Nineth Impression, New Delhi: Oxford University Press, 2010.

[٤] Mofidi (a), 2015.

[٥] سەباح موفیدی، "پێوەندیی هەرێمی کوردستانی باشوور و سعودییە: گرنگایەتی، کاریگەریی و داهاتووی؟"، ٢٠١٥، لە ماڵپەڕی:
http://www.nuche.net/?p=48272

[٦] بڕواننە: کوچرا، ٢٠٠٨، ص ٢٧٥. و، کۆچێرا، ١٩٩٩، ل. ١١٢.

[٧] بڕواننە: وتاری "کردەی سیاسی ئایین لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا (بە تیشک خستنەسەر رەوتی مەکتەب قورئان)"، هەر لەم پەرتووکەدا.

## دوایین وتە

# پێویستیی تێپەڕینی کوردستان لە دەوڵەتانی نیمچە مۆدێڕن[1]

دیارە وەک هەموو شوێنێکی سەر گۆی زەوی، کوردستانیش کەوتووەتە بەر شەپۆلی مۆدێڕنیتە و وەک زۆر شوێنی وڵاتانێ کە لە پەرەسەندندان بەتایبەت ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لە نێوان نەریت و مۆدێڕنیتە لە تـلاوتـلدا بـووە. بە پێڕەوی لە وڵاتـانێ کە تێیایانـدا هەڵکەوتـووە، کوردسـتانیش وەرگـری مۆدێڕنیتەیەکی نـاتەواو و لەبەر کاریگەریی دەوڵەتـانێکی نیمچە مۆدێڕندا بووە. لەم وڵاتانەدا بەپێچەوانەی وڵاتانی سەرچاوەی ڕەوتی مۆدێڕنیتە، مۆدێڕنیتە بە شێوەی نـاهـاوسەنـگ پەرەی سەنـد کە ئـاکامەکەی سەرهەڵدانی دەوڵەتـانێکی نـادێمۆکراتیک و تۆتـالیتەر، چ لە چەشنی نیوەسکیولار و چ ئـایینی، و سەرکردەگەلێکی دیکتاتۆر و کۆمەڵگایەکی پڕ لە نابەرابەری لە شێوازە جۆراوجۆرەکانیدا بووە. بۆ ماوەیەک گوشار لە سەرەوە و خۆڕاگری لە خـوارەوە لە لایەن کۆمەڵگای نەریتییەوە بە بێ بەهێزکردنی کۆمەڵگا بۆ وەرگـرتنی وەهـا هـاوردەیەک بەتـایبەت لە بـاری کەلەپـوورییەوە، دۆخێکی لێکەوتەوە کە تـاک و کۆمەڵگای تـووشیاری قەیرانی زۆر کرد. ئەمە لە کوردسـتانیشدا ڕەنـگدانەوەی هەبـووە و لە کاتێکدا کە بناخەکانی نەریت لەق بوون، کۆڵەکەکانی مۆدێڕنیتەش پتەو نەبوونەتەوە و کۆمەڵگای کوردی کەوتـووەتە دۆخی هەڵاواسـراوی. لە کاتێکدا کە کەشی سیاسی لە ئـامـادەبـوون دایە بۆ لەدایکبوونی دەوڵەتێکی کوردی، پێویستە سەرنجی ئەم بـابەت و قەیرانە سیاسی-کۆمەڵایەتییانە بدرێت تاکوو دەوڵەتێکی تەواو مۆدێڕن دامەزرێت و کێشەکانی دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردسـتانـدا وەلانـرێت و لە میراتی ئەو دەوڵەتـانەی کە بە شێوەی نـاتەواو و درۆیینە مۆدێڕن بـوون و لەڕاسـتیدا زۆرێک لە تـایبەتـمەنـدییەکانی مۆدێڕنیتەیان نەبـووە، خۆپـارێزی بکرێت. لەم ئـاڕاستەیەدا ئەم وتـارە ئـاورێک دەداتەوە سەر مۆدێڕنیتە و تـایبەتمەنـدییەکانی و دەوڵەتی مۆدێڕن، تـاکوو لە داهـاتـووی کوردسـتانـدا نـاتەواوییەکانی دەوڵەتـانی نیوەمۆدێڕن

قەرەبـوو بکرێتەوە و لە دووپـاتـبوونەوەی کێشەکان و پێکهاتنی دەوڵەتێکی نـاتەواو و نـاکارامە بەرگیری بکرێت.

## مۆدێڕنیتە و تایبەتمەندییەکانی

جیهانی مۆدێڕن کە لە نزیکەی نێوان سەدەکانی پازدە تا شازدەدا سەریهەڵدا لە دژی بەندوباوی نەریتیی پێش ئەوە بـوو.[2] مۆدێڕنیتە لەگەڵ خۆیدا رێگای نـوێی ژیان لە جیهانی بە دیاریی هێنا کە چنگاوشی هەندێ دەستەواژە وەک ئازادی رەها، ئاوەزمەندیی ئامرازیی تاک، تاکخوازیی و ئـــاوەزخـــوازیی بـــوو.[3] دەســـتەواژەی "کۆمەڵگای مۆدێرن" بە هۆی جیاوازیی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی لە "کۆمەڵگای نەریتی" بەکارهێنراوە. لە پێوەنـدیی لەگەڵ وەها کۆمەڵگایەک و پێکهێنەرەکانی مۆدێڕنیزاسیۆن کە بـوونەتە هۆی مۆدێڕنیتە، زۆربەی کات ئـامـاژە دەکرێت بە رەوتەکانی بە شـــاری بـــوون، پیشەســـازیی، گۆڕانی دێمۆگـــرافیک (گۆڕانی رادە و بڵاوەی جەمـــاوەر)، بـــازرگـــانی و بە کەلـــوپەل کردنی دوابەدوای ئەوە، سەرهەڵدانی دەســـمایەداریی، گەشەی دابەشکاریی کاری کۆمەڵایەتی، سەرهەڵدانی رێبازێکی ئەزمـوونی-شیکاریی سەبـارەت بە زانیاریی و مەعـــریفە و شێوازە زانســـتییەکانی بیرکردنەوە و بەکارهێنانی ئەوانە لە بەرهەمهێنانی پیشەسـازیی، دێمۆکراتیزاسیۆن، گۆڕان لە چەمکەکانی ئـاوەزمەنـدێتی بـریتی لە سێکیولاریزاسیۆن، گۆڕانی شێوازەکانی پێوەندییەکان.[4]

مۆدێڕنیتە لە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا بۆ دیاریی کردنی هەم خـولێکی مێژوویی (سەردەمی مۆدێڕن) و هەم کۆمەڵێک لە ئاکار، کردەوە و نۆرمە کۆمەڵایەتی و کەلەپووریەکانی تایبەت کە لە ئەوروپای پاش سەدەکانی ناوەڕاست سەریهەڵدا و بە شێوازی جۆراوجۆر و لە کاتی جیاوازدا لە سەرتـانـسەری جیهانـدا پەرەی سەنـد، بەکار دەبـردرێت. لە کاتێکدا کە شەبەنگێکی بەربڵاو لە رەوتە مێژووییەکانی لێکترگرێدراو و دیاردە کەلەپـووریەکان لەبەر دەگرێت، هەروەها ئـامـاژە بە ئەزمـــوونی زەینی یان هەبـــوویی ئەو هەلـــومەرجەی کە ئەوانە بەرهەمی دەهێنن و کاریگەرییان لەسەر کەلەپووریی مرۆیی، دامەزراوەکان و سیاسەت دەکات.[5] بە رای فۆکو، وەکو بـابەتێکی مێژوویی، مۆدێڕنیتە ئـامـاژە بە سەردەمێک دەکات کە بە پـرسیار یان رەتکردنەوەی نەریت، پێشترێتی تـاکخوازیی، ئـازادیی و بەرابەریی فەرمی، بڕوا بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، زانستی و تەکنۆلۆژیایەک کە دووری لێ ناکرێت و گەشەسەندنی مرۆڤ، ئاوەزمەندیی و شارەزا بـــوون، چـــوون بەرەو دەســـمایەداریی و ئـــابـــووریی بـــازاڕ، پیشەســـازیی، بە شـــاری کردن و سێکیولاریزاسیۆن، پەرەپێدانی دەوڵەت-نەتەوە و دامەزراوە بـــنەڕەتییەکانی ئەوە (بـــریتی لە

دێمۆکراسی نـوێنەرایەتی، خـوێندنی گشـتی، بـورژۆکراسی) و شێوەکانی چـاوەدێریی، دیاریی دەکرێت.[٦]

روانگەی گشتی لەسەر مۆدێرنیتە بە مەیل بەرەو تاکخوازیی و ئاوەزمەندییەتی وەک گرنگترین کۆڵەکەی ئەوە دیاریی دەکرێت.[٧] هەرچەنـــد، لە گێڕانەوە و روانـــگەی رەخـــنەگـــرانەوە "ئـامـرازخـوازیی، گشـتخوازیی و تەنـانەت جۆری سەرکوتکردنی هەڵبژاردن و کردەوە" وەک وەسـفەکانی مۆدێرنیتە ئـامـاژەیان پێکراوە. لە پێوەنـدیی لەگەڵ ئـاوەزمەنـدییەتیدا، گەرچی نــوێخوازیی نــاتــوانێت تەنیا بەوە پێناسە بکرێت بەڵام بیری نــوێخوازیی بەپێچەوانەی بیری ئایینی، زۆرتر ئاوەز (عەقڵ) بەو شتەی دەزانێت کە "دەتوانێت راهاتووییەک لە نێوان کردەوەی مرۆڤ و بەندوباوی جیهاندا پێکبێنێت". واتە لە نێوان بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژیا کە بە زانست بەهێزتـر بـووە و رێکخستی کۆمەڵگا کە بە یاسـا رێسامەنـد دەبێت و رێکخستنی ژیانی تـاک کە مەیلی بەرەو قـازانـجخوازیی و رزگـاریی لە پێویستییەکان هەیە، راهـاتـوویی پێکدەهێنێت. بەپێی ئەم بیرە، ئەم راهـاتــووییە لە رابــردوودا بە هۆی ئــامــانــجخوازیی تــایبەتی ئــایینە یەکخواییەکانی لەسەر بــنەمــای وەحی ئیفلیج بــبوو. دەرەنــجامی ئەو ئــاوەزخــوازیی یان دەسەڵاتداریێتی ئاوەزە، سەرنجدانی زانست و کردەکانی، راهاتوویی ژینی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێویستییەکانی تـاک و کۆمەڵ، هەڵپێچانی مـلهوڕی و تـونـدوتیژیی و پێکهاتنی دەوڵەتی لەسەر بـنەمـای مـافەکان و رکابەرایەتی ئـازادی ئـابووریی بـووە، واتە دەسەڵاتـداریێتی ئـاوەزمەنـدانەی یاسـایی لە پەنـای ئـابـووری بـازاڕدا. بۆیە، لەسەر بـنەمـای بیرۆکەی نـوێخوازیی، مـرۆڤایەتی بە لەبەرچاوگرتنی یاساکان ویستوویە بە فرەیی، ئازادیی و بەختەوەریی بگات.[٨] هەرچۆنێک بێت لە پەنــای ئــاوەزمەنــدێتیدا، هەروەهــا دەســمایەداریی، زانســت و تەکنۆلۆژیا لە کۆڵەکەکانی مۆدێرنیتەن.

کەواتە، هەروەک واگنەر روونی دەکاتەوە، دوو وێنەی گشتی بەڵام ناکۆک لە مۆدێرنیتە، یەکیان گوتاری ئازادکردن و دیتری گوتاری پێکهێنانی بەندوباو، سەریانهەڵداوە. ئەم دوو لایەنە هاوکات لە رەوتی مۆدێرنیتەدا بینراون. رەنـگە بکرێ بـگوتـریت کە کۆمەڵگای شـارسـتانی پیشانـدەری یەکەم و دەوڵەت پیشانـدەری دووەمی بـوون. گـوتـاری ئـازادکردن کە پێوەنـدیی بە قۆنـاخە سەرەتـــاییەکانی سەردەمی مۆدێرنەوە هەیە، سەرنجی لایەنی زانســـتی وەک وەرســـووڕانی زانســـتی، سیاسی وەک داواکاریی بۆ مـــافی دیاریکردنی چـــارەنـــووس لە وەرســـووڕانە سیاسییەکاندا، و ئـابـووریی وەک ئـازادی چـالاکییە ئـابـوورییەکانی داوە. لەم بـابەتـانەدا ئـازادی وەک مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بینرا. کاری زیاتری ئابووریی، رامیاریی و زانست، تاکەکانی لە

زۆرێک لە پەرۆشەکانی کۆمەڵگای نەریتی رزگار کرد. لە بەرانبەر گوتاری ئازادکرندا، گوتاری پێکهێنانی بەندوباو هەیە کە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەت زیاتر وەکو ئامرازێک بۆ رەخساندنی هەلی کردەوەی کۆمەڵایەتی روونخوازیی (رۆشنگەریی) بووە. دەوڵەت بۆ بەندوباوی کۆمەڵایەتی بە پێویست زانرا و وەکو جەستەی کۆمەڵایەتی ئاوەز بینرا. دەوڵەت ئامرازێک بووە بۆ سنووردارکردنی کردەوەکان و رێکوپێک کردن و پێکهێنانی بەندوباوی تاکەکان. گریمانەی تیۆری "پێکهێنانی بەندوباو" ئەوە بوو کە خۆسنووردارکردنی نەویستراوی مۆدێرنیتە دواهاتی کردەوە مۆدێرنەکانە.[٩] لەم پێوەندییەدا روانینێک بە سەر دەوڵەتی مۆدێرندا پێویستە.

## دەوڵەتی مۆدێرن

یەکێک لە تایبەتمەندیی و ئامرازەکانی مۆدێرنیتە، دەوڵەتی مۆدێرنە. بە سەرهەڵدانی شەڕە ئایینییەکان لە ئەوروپا، تیۆری سیاسی مۆدێرنیتە خەریکی پێداویستییەکانی ئاشتی ناوخۆیی بوو. رێگاچارەی بەچاکترزانراوی بەر باس لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا گرێبەستی کۆمەڵایەتی بوو. دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی پێکهاتوو بەپێی رێکەوتن -گرێبەست- و بە مەبەستی پاراستنی ژیان و ئازادی ئەندامەکانی سەیر کرا. لەم پێوەندییەدا یاسا بنەڕەتییە نووسراوەکانی پاش وەرسووڕانەکانی سەدەی هەژدە وەک گرێبەستی کۆمەڵایەتی بینران. ئەم یاسایانە دەبوا مافی تاک و بەکۆمەڵی کۆمەڵگایان رەچاو دەکرد و دەوڵەتی مۆدێرن وەک دامەزراوەیەکی بێ لایەن ئەوەی لەبەرچاو دەگرت. بیرۆکەی سەرەکی، ئەوە بوو کە حکوومەتەکان دەبێت تا دەکرێ لەلایەن کەسانێکی هاوزمانەوە پێکبێن کە واگنەر بەوە "تیۆری کەلەپووریی-زمانیی حکوومەت" دەڵێت. ئەمە وەڵامێک بوو بۆ چۆنیەتی دانانی سنوورەکانی دەوڵەتی مۆدێرن کە بە کۆمەڵە زمانییەکان دیاریی دەکرا.[١٠] هەروەها لە کۆمەڵگا فرەلایەنەکاندا کە ئەم تیۆرییە دەبێتە هۆی پێکهاتنی کێشە و پرسی نەتەوەیی بۆ نەتەوە بن دەستەکان، گەر گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بە دڵخواز لە وڵاتێکدا دەمانەوە، حکوومەتەکان دەبوا هەندێ مێکانیزم وەک فێدرالیسمیان بۆ پێکهێنانی بەرابەری لە پێش دەگرت. لێرەدا بنەما پێوەندیی و رێکەوتن و پێکەوەژیانی تاکەکان بوو کە لە کۆمەڵگا هاوزمانەکاندا چاکتر جێبەجێ دەبێت و لەم روانگەوە زمان چاکترین هۆکاری هاوبەشی مرۆییە. کەواتە لە پلەی یەکەمدا زمان بوو بە بنەمای دەوڵەتە مۆدێرنە سەربەخۆکان یان حکوومەتە هەرێمی و خۆجێییەکان لە دەوڵەتە فێدراڵەکاندا. هەروەها لە بابەتەکانی جیاوازیی زمان و ئاییندا مێکانیزمەکانی دێمۆکراسی و

فیدرالیسم بەکارهێنران. بە گشتی بۆ گەیشتن بە ئـامـانجی دەوڵەتی مۆدێڕنی سێکیولار کە بێ لایەنی و رەچـــاوکردنی بەرابەریی و دادپەروەرییە، بە شێوازی جۆراوجۆر لە مێکانیزمە جیاوازەکان کەڵک وەرگیرا. هەرچۆنێک بێت، دەوڵەتی مۆدێڕن لەسەر بـــنەمـــای رێکەوتـــن و گرێبەستی کۆمەڵایەتییە، ئێستا رێکەوتنی نێوان خەڵکی هاوزمان (و وەک ئەم لێکچوونانە) یان هاوکات هەم نێوان هاوزمانەکان و هەم نێوان ناهاوزمانەکانی ناو وڵاتێک. بە بێ ئەم رێکەوتنە و لە جیاتی ئەوە بڕیاری تـاکەکان و گـروپەکان بە جێی یەکتری، دەوڵەتی مۆدێڕنی دیمۆکراتیک پێکنایەت.

بۆ مـاکس ڤێبەر، دەوڵەتی مۆدێڕن شێوەیەکی تـایبەت لە دەوڵەت بـوو کە بۆخۆی شێوەیەکی تـایبەت لە بـابەتی گشـتی تـری "ئەنـجومەنە سیاسییەکان" بـوو. بۆ ئەو، دەوڵەت بە شێوەی پـاوانـخوازانە مـافی بەکارهێنانی رەوای زۆری فیزیکی بۆ جێبەجێ کردنی بەنـدوبـاوی هەبـوو. دەوڵەتی مۆدێڕن بەندوباوی فەرمانگەیی و یاسایی هەیە کە بە یاسادانان دەکرێ بگۆڕدرێت و ئـاڕاسـتە دەدرێت بە چـالاکییە رێکخراوەییەکانی فەرمـانـبەرانی فەرمـانـگە کە بە رێساکانیش کۆنترۆڵ دەبـن. ئەم سیستەمە رێکوپێکە خـاوەن دەسەڵاتی رەوای پێویستیهێنەر و رێکخراوی زۆرەملێ لەگەڵ پێگەیەکی پێوەنــدیدار بە خـاک و نیشتمانە. لە پێوەنــدی لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێڕنەکان لە مۆدێڕنیتەدا، نەتەنیا دیمۆکراتیزاسیۆن بەڵکو شەبەنگێکی گشـــتی لە گۆڕانکاریی پێوەنـــدیدار بە مۆدێڕنیتە بـــریتی لە: گۆڕانی شێوازی بەرهەمهێنان، گۆڕانی پێوەنــدیی نێوان شــار و دەوروبەر، جیایی نێوان هەرێمی ئـابـووریی و سیاسی، تەکنۆلۆژیای پێوەنـــدیی و چـــاوەدێریی و هـــتد، لەسەر پێکهاتنی دەوڵەتە مۆدێڕنەکان بە شێوەی جیاواز کاریگەرییـان هەبـــووە. پیەرسۆن بە لێکدانەوەی تیۆری و پێناسە جیـاوازەکـان، لایەنە دامەزراوەیی و رێکخراوەییە گـــرنـــگەکانی دەوڵەتی مۆدێرن بەمـــانەی خـــوارەوە دەزانێت: پـاوانکردن و کۆنترۆڵی ئامرازی توندوتیژیی، خاک، سەروەریی سیاسی، لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی بوون، حکوومەتی یاسا و دەسەڵاتی ناتاکەکەسی، بورۆکراسی گشتی، دەسەڵاتی رەوا و شەرعییەت، هاووڵاتی تەوەری و دانانی باج.[١١]

کەواتە، دەوڵەتی مۆدێڕنیش هەم پێکهاتەیەکی فەرمـــانـــگەیی بەڕێوەبەرایەتی و هەم تەواوەتییەک لە فـاکتۆرە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئـایدۆلۆژیکییەکانە. بە وتەیەکی تـر، بە گشـتی تەواوەتییەک لە هۆکارە ئـــایدۆلۆژیک و پێکهاتەییەکانــن کە دەوڵەتی مۆدێڕن دیاریی و پێناسە دەکەن.[١٢] دەوڵەتی مۆدێڕن بەپێی چـــاکترێتی دابەشکاریی و شیاوخـــوازیی کار دەکات. لەم دەوڵەتەدا ئەرکەکانی جێبەجێکردنی دەسەڵات بە شێوەی ئـاگـایانە جیا دەکرێنەوە.[١٣] هەروەهـا،

ئەوەی دەوڵەتی مۆدێڕن جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئـــایدۆلۆژیای شەرعییەتی ئەوە لە سەر بـــنەمـــای واتـــایەکی بێ چین لە دەسەڵاتی ڕەوای سیاسییە. دەوڵەتی مۆدێڕنی ڕۆژئـــاوایی بە تەواوی پێکهاتەیەکی یاسـایی یان بە وتەی ڤێبەر "سیستەمێکی ئـاوەزمەنـدانە-یاسـایی"یە و دەسەڵاتی لە ڕێگای یاساوە جێبەجێ دەکات. کەواتە دەوڵەتی مۆدێڕن لە پەنای تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی خـاک، سەروەریی، حکوومەتی نـاوەنـدیی و یاسـای تۆکمە، هەنـدێ لە شێوە پێوەنـدیدارەکانی ئـاگـایی دەوڵەت یان ئـایدۆلۆژیای شەرعییەتیشی هەیە. لەڕاسـتیدا هیچ دەوڵەتێک نـــاتـــوانێت بە بێ هەنـــدێ ئـــوســـتوورەی کردەوەیی کە شەرعییەتی پێ دەدات، بمێنێتەوە. ئایدۆلۆژیای شەرعییەتپێدەر بەپێی ئوستوورەی دامەزراندن کە لە ڕێگای ئەوەوە لە سەرەتادا پێکهاتوون، لە دەوڵەتە سەرەتاییەکاندا لە ڕێگای خواکان و لە دەوڵەتە مۆدێڕنەکاندا لە ڕێگای ڕەزامەندیی و ڕێکەوتنی ژیرانە، تایبەتمەندیی هەموو دەوڵەتەکان بووە.[١٤]

جـگە لە تـایبەتـمەنـدییە سیاسییەکان، دەوڵەتی مۆدێڕن لە سەر بـنەمـای جۆرێ هەبـوونی پۆلێنبەندی کۆمەڵایەتی، ئابووریی تایبەت و جیا لە کۆمەڵگای پێش مۆدێڕنە. "بڕگە بڕگە بوون" تـــایبەتـــمەنـــدیی کۆمەڵگای پێش مۆدێڕن بـــووە کە بە تێپەڕانی ئەم ڕەوشە هەلی پێکهاتنی دەسەڵاتی ڕەوای سەروەریی پێوەنـدیدار بە خـاک، دەڕەخسێت. بە ڕوونی سەروەریی دەوڵەت نـــاتـــوانێت لە شـــوێنێکدا کە یەکە کۆمەڵایەتییەکانی پێڕەو، دەسەڵاتی ڕاســـتەقینەیان هەیە، بـــوونی هەبێت. بە ڕای نێلسۆن، ئەمە یەکێک لەو هۆیانەیە کە زۆرێک لە دەوڵەتەکانی جیهانی سێهەم، تەنیا بە شێوەی ڕواڵەتی و بە نـاو دەوڵەتـن.[١٥] دەوڵەتە مۆدێڕنەکان بە جۆرێک لە گۆڕان و گەشەسەندندا بوون و بە کۆمەڵایەتیتر کراون. لە باری ئابوورییەوە زۆربەیان بەرەو دەوڵەتی خۆشرابواردن و تەناهی چوون و تەنانەت لە سەردەمی بە جیهانی بووندا وێڕای شلبوونەوەی ســـنوورەکان، بە جێی "نەمـــانی دەوڵەت"، دەوڵەتەکان ڕۆڵی گـــرنگیان لە ڕێکخستنی بـــازاڕ، ئاسوودەیی و خزمەتکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە.[١٦]

## دەوڵەتە نیمچە مۆدێڕنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین

بەپێی ئەوەی سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتە مۆدێڕنەکان وترا، بە هۆی نەبوون یان نـاتەواوی لە هەنـدێ لە تـایبەتـمەنـدییەکانی ئـامـاژەپێکراو لە سەرەوە، زۆربەی دەوڵەتـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست "نیمچە مۆدێڕن" بوون. لەم کۆمەڵگایانە و لەم جۆرە دەوڵەتانەدا نە تەنیا لە باری گوتاری ئازادکردن بەڵکو لە باری گوتاری بەندوباویشەوە کێشە هەیە. لە دەوڵەتە ملهوڕ و ڕەهـاکانی پێش مۆدێڕنیشدا، تـایبەتـمەنـدییەکانی بەکارهێنانی ئـامـرازی تـونـدوتیژیی، خـاک،

سەروەریی، بـــورۆکراسی و بـــاج بە شێوازی جیاواز هەبـــوون.[١٧] لە دەوڵەتە نیمچە مۆدێڕنە مـــلهوڕەکانیشدا ئەم بـــابەتـــانە کە زیاتـــر لایەنی ڕواڵەتی دەوڵەتـــن، دەبینرێن و دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش ئەمانەیان زیاتر لە تایبەتمەندییە ناوەڕۆکییەکان وەرگرتووە.

لە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتە مۆدێڕنەکاندا، دەوڵەتە نیمچە مۆدێڕنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەم لە باری دامەزراوەیی و ڕێکخراوەیی و هەم ئایدۆلۆژیکی و شەرعییەت، هەندێ عەیبیان هەبووە و هەیە. لەم دەوڵەتـــانەدا وێـرای بە ڕواڵەت جیـاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بە کـردەوە جیاکردنەوەی ڕێژەیی جێبەجێ نەبـووە و زۆربەی کات دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ نەبـووە. لە بـــورۆکراسی گشـــتی دەوڵەتی مۆدێڕنـــدا ڕێساکان و شێوازی نەگۆڕ، زنجیرەپـــلەکان و بەرپـرسیارێتی هەیە و لە سەر بـنەمـای زانیاریی و پسـپۆڕایەتییە تـاکوو دەوڵەتێکی بێ لایەن پێکبێت. کەچی ئەو شـتانە لە دەوڵەتە نیمچە مۆدێڕنەکانی ئەم نـاوچەیەدا ڕەچـاو نەکراون و بورۆکراسی لاواز لەوانەدا لەسەر بنەمای خزم و کەس خوازیی، ئایین خوازیی، هۆزخوازیی و... هەڵکەوتـووە کە هەمـوویان لەسەر نـاکارامەیی دەوڵەت و پەرەسەنـدنی گەنـدەڵی لەلایەک و ناڕەزایەتی گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەکی تر کاریگەر بوون. لەبەر ئەوەی کە ئازادی سیاسی، ڕاگەیەنە و چـاپەمەنی و چـاوەدێریی نەبـووە، بە شێوەی ئـاسـایی مێکانیزمە سیاسییەکان و هەڵبژاردنەکان لەسەر بـنەمـای دەنگی خەڵک و کۆی گـروپەکان نەبـووە و بە گشـتی خـاوەن شەرعییەتی ڕاسـتەقینەی خەڵک نەبـوون. بۆیە مـافەکانی هـاووڵاتییان بە شێوەی بەرابەر لە زۆربەی بوارەکاندا ڕەچاو نەکراون و هاووڵاتییان بەشدارییەکی ڕاستەقینەیان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا نەبووە.

سەبـــارەت بە پۆلێنبەنـــدی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، لەلایەکەوە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی نـــاوین نەیانـــتوانیوە لەو ڕەوشەی بڕگە بڕگەیی و هۆزایەتییە تێپەڕن و دەوڵەتی مۆدێڕنی خـــاوەن هـــاووڵاتی بەرابەر پێکبهێنن و لەلایەکی تـــریشەوە دەوڵەتەکانی ئەم نـــاوچەیە فـــرەلایەنە (فرەنەتەوەیی، فرەزمانی، فرەکەلەپووریی و...) بوون کە ڕەچاو نەکردنی مافی ئەم گروپانە بـووەتە هۆی هەوڵی هـاوتەریب بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتی ڕاسـتەقینە و دەوڵەتی مۆدێڕن لەسەر بـنەمـای هەر ئەو تیۆریەی پێوەنـدیدار بە زمـان یان نەتەوە، نەک بەتەنیا خـاک. هەروەهـا لە پێوەنـدیی لەگەڵ گۆڕانی دەوڵەتی مۆدێڕنـدا، ئەم دەوڵەتـانە کەمـتر کۆمەڵایەتی بـوون و بە هەبـــوونی ڕادەی زۆری ســـامـــانەکانی ژێر زەوی، ڕۆڵێکی کەم و هێوریان لە چـــاکترکردنی خۆشڕابواردن، تەناهی و خزمەتکاریی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و ئاستی کەلەپـووردا هەبـووە. دادپەروەریی ئـابـووریی-کۆمەڵایەتی بەتـایبەت لە پێوەنـدیی لەگەڵ

زەنگینی نیشتمانی ڕەچاو نەکراوە و لە ئاکامدا پێوەندیی ناوەند-دەوروبەر و هەروەها مەودای چینایەتی پێکهاتووە. لە کاتێکدا کە دۆخی باج لە دەوڵەتە مۆدێڕنەکانی ڕۆژئاوا تاڕادەیەک گرنگ بووە کە ماکس ڤێبەر ئەوەی بۆ هەبوونی دەوڵەتی مۆدێڕن بە پێویست زانیوە[18]، زۆرێک لە دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە بە هۆی هەبوونی دەوڵەتی ڕانتییەر، دەوڵەمەند بوون و بەکارهێنانی پاوانخوازانەی سامانە زۆرەکانی ژێر زەوی لەلایەن دەوڵەتی ژێر ڕکێفی گروپێکی تایبەت، ئەوەندە پێبەستەی باجی خەڵک نەبوون و ئەمە خۆی بووەتە هۆی ملهوڕی و سەرنج نەدان بە خەڵک و مافەکانی گروپە جیاوازەکان.

هەروەها کە وترا، دەوڵەتی مۆدێڕن لەگەڵ ئایدۆلۆژیای شەرعییەتی یاسایی-لۆژیکی بووە. دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەمەیان نەبووە و لەسەر بنەمای زۆر و ئایدۆلۆژیای ئایینی یان خوایی پێش مۆدێڕن دامەزراون. هەر لەم پێوەندییەدا، لایەنێکی دەوڵەتی مۆدێڕن، سێکیولار بوونە کە ئازادیی تاک و بەکۆمەڵی ئایین گەرەنتی دەکات و لەگەڵ تاکەکان بێ سەرنجدان بە ئایینیان وەک هاووڵاتی هەڵسوکەوت دەکات. دەوڵەتی سێکیولار پێوەندیی بە هیچ ئایینێکی تایبەتەوە نییە و نە بە دوای بەهێزترکردن و نە تێکدانی ئایینە.[19] بە شێوەی بەرابەر ڕێز لە هەموو ئایین و کەلەپوورەکان دەگرێت و دەستێوەردانی دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی بێ لایەن سنووردارە بە دەستێوەردانی ئەرێنی واتە پێکهێنانی هەلی بەرابەر بۆ هەمووان و گەرەنتی ئازادی ئەوان. بەمجۆرە لە کەمایەتییەکان لە بەرانبەر زۆرینەی ڕێژەیی دێمۆکراسی پاڵپشتی دەکات و ئاشتی نێوان کۆمەڵەکان دەپارێزێت.[20] بۆیە دەوڵەت ئامرازێکە بۆ مسۆگەرکردنی ئاسوودەیی و هێمنایەتی و... بۆ هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەوڵەت بەپێچەوانەوە لە سەر بنەمای وەکیەک لێکردن بووە کە هێمنایەتی گروپەکانی خستووەتە بەر مەترسییەوە. لەلایەک دەسەڵاتداران سێکیولاریزم و بێ لایەنییان ڕەچاو نەکرد و لەلایەکی تریشەوە ڕەوتە ئایینی و نەریتییەکان بەتایبەت هەندێ چینی نەریتی و خاوەن تەشەنەی کۆمەڵگا لە دژی سێکیولاریزم بوون و بۆ ئەوان ئازادیی بۆ هەمووان، بەرابەری هەموو گروپەکان و حکوومەتی نائایینی کە بە تەواوی شەرێعەت جێبەجێ نەکات، قەبووڵ نەدەکرا. کۆڵکە سیاسەتوانانی مۆدێڕن نەیانتوانی بەرەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی بێ لایەن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پێکهێنانی دادپەروەریی و بەرابەری لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکانی جیاوازدا هەنگاو هەڵێنن. ئەمانە سیاسەتی وەکیەک لێکردنی گروپە نەتەوەیی-ئایینییەکان، کەڵک وەرگرتنی سیاسی لە قەڵشتە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت قەڵشتە ئایینییەکان، پاڵپشتی لە گروپێکی کۆمەڵایەتی و هەندێ جار دژایەتی لەگەڵ ئایینیان لە وەها کۆمەڵگاگەلێکی نەریتیدا کە ئایین تێیایاندا تەشەنەی زۆری هەیە، گرتە بەر.

هەروەهـــا بەپێچەوانەی هەنـــدێ دەوڵەتی مۆدێڕنی ڕۆژئـــاوایی کە گەر ســـنووره سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نەکەوتـــباینە سەریەکدا، مێکانیزمە سیاسییەکانیان لە بۆ بەدیهاتنی مـــافی گـروپە کۆمەڵایەتییەکان دەگـرتە بەر، لە دەوڵەتە نیمچە مۆدێڕنەکانی ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـتدا، سەرنجی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەدراوە. لەلایەک سـنووری دەسکردی وڵاتەکان لە ئـاسـتێکی ژێرانەدا لەگەڵ سنووره کۆمەڵایەتییەکان ناخـوێنێتەوە، و لەلایەکی تـرەوە مێکانیزم و مۆدێلی حکوومەتیی شیاو بۆ بەدیهاتنی مافی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ڕەچاو نەکراوە. هەر بەم بۆنەوە لەم نـاوچەیەدا هەنـدێ هەوڵ بۆ ڕاهـاتـوویی سنووره سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ یەکتر هەبووە.

## وتەی دوایی: تێپەڕین لە دەوڵەتانی نیمچە مۆدێڕن

کوردســـتان دەبێت هەردووکی تـــایبەتـــمەنـــدییەکانی دەوڵەتـــانی مۆدێڕن و پێشکەوتـــوو و کەمـــوکوڕییەکانی دەوڵەتە نیمچە مۆدێڕنەکان ڕەچـــاو بکات. بە پێی ئەو بـــاســـانەی سەرەوە، گەرچی لە چاو دەوڵەتانی ناوچەکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر بوارەوە باشتر بووە، بەڵام هێشتاکو کەمـــوکوڕی زۆری هەیە. دیارە بە هۆی مێژووی زۆری ئەو دەوڵەتـــانە و بەکارهێنانی سـامـانە سـروشـتییەکان و لەبەردەسـتبوونی پـارەی زۆر، لە بـاری ژێرخـانەکان و پیشەســـازییەوە لە سەرتـــرن بەڵام لە بـــواری دیمۆکراسی و سێکیولاریزمەوە زۆر نـــاتەواو و دواکەوتـــوو بـــوون. کەچی هەرێمی کوردســـتان بەپێچەوانەوە لە بـــواری دیمۆکراسی و سێکیولاریزمەوە چـــاکتر بـــووە. ئەمە بەو واتـــایە کە ئەو دەوڵەتـــانە زیاتـــر لە سەر لایەنی مۆدێڕنیزاسیۆنی مۆدێڕنیتە جەختیان کردووە و گـــرنـــگایەتییان بە بـــاری کەلەپـــووریی، کۆمەڵایەتی و سیاسی مۆدێڕنیتە نەداوە. لە کوردســـتانیشدا زیاتـــر هەوڵەکان لەسەر لایەنی مۆدێڕنیزاسیۆن بـووە، گەرچی هەنـدێ کێشەی نـاوخۆیی و دەرەکی تـاکو ئێستا بەربەسـتیان پێکهێناوە و لە ئـاکامـدا کەوتـووەتە دواوە. بەڵام لە بـاری لایەنەکانی تـری مۆدێڕنیتەشەوە، کوردســـتان لە تەمەنی کەمی خۆیدا هەنـــگاوگەلێکی هەڵێناوە و بـاشـتر بـووە لە دەوڵەتـانی ناوچەکە. ڕەنگە بکرێ بگوترێت کە هەردوو گوتاری ئازادکردن و پێکهێنانی بەندوباو بە ڕادەیەک پەرەیان سەنـدووە بەڵام هێشتاکو هەردوولا لە ئـاسـتێکی لاوازدان. لە کوردسـتانی سەربەخۆدا پێویستە هەردوو لایەنی سەخـت ئـامـرازی و نەرم ئـامـرازی مۆدێڕنیتە بەهێزتـر بکرێن تـاکوو تـــووشیاری قەیرانەکانی دەوڵەتە نیمچە مۆدێڕنەکان نەبێتەوە و نەبێتە میراتـــبەری کێشەکانی ئەوان. هەروەها، دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ پێکهاتنی بورۆکراسییەکی گشتی پسپۆڕانە کە لەسەر

بـنەمـای خـزمـایەتی، هۆزایەتی، حیزبـایەتی، ئـایینداریتی و... نەبێت تـاکو وەک دەوڵەتـانی نیمچەمۆدێرن تـــووشیاریی بـــورۆکراسییەکی نـــاکارامە و گەنـــدەڵ نەبێت. پێویستە هەردوو لایەنی ئازادکردن و پێکهێنانی بەندوباو گرنگایەتییان پێ بدرێت. هەم ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵەکان رەچاو بکرێت و هەم بـاری رێکخستن و بەنـدوبـاوی کۆمەڵگا. بە گشـتی هەوڵەکان لە پێناو بەهێزتـرکردنی ئـازادییە ئەرێنییەکان و نەمـانی ئـازادییە نەرێنییەکان بێت تـاکو تـاک و گـروپەکان مـاف و ئـازادییەکانیان رەچـاو بکرێت و مـاف و ئـازادی دیترانیش پێشێل نەکەن و دەوڵەتیش وەک دامەزراوەیەکی بێ لایەن بە رەچـــاوکردنی ئـــازادی، بەرابەری و دادپەروەریی، هاوسەنگی هەردوو لایەنی ئازادی و بەندوباو بپارێزێت و هاوکات بۆ پەرەپێدانی وڵات هەوڵ بـــدات. بەمجۆرە دەکرێ بەرەو کوردســـتانێکی زیاتـــر مۆدێرن و پێشکەوتـــوو کە زۆربەی تـایبەتـمەنـدییەکانی مۆدێرنیتەی هەبێت، هەنـگاو هەڵێنرێت و لە دەوڵەتـانی نیمچە مۆدێرنی ناوچەکە تێپەڕێت.

✦

## سەرچاوەکان:

١ ئەم وتـارە بۆ یەکەم جـار لە رێکەوتی ٢٠١٧/٠٤/٠٤، لە مـاڵپەڕی "میللەت"، بەشی "کراوەیی ئیسلامی" بە نـاونیشانی خـوارەوە بڵاو بووەتەوە:
http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=38185&T=

٢ Christopher Pierson, The Modern State, second edition, New York: Routledge, 2004, p. 28.

٣ Wagner, Peter, "Interpretations of modernity and the problem of world-making", Papers 2015, 100/3, pp. 267–279, http://dx.doi.org/10.5565/rev/papers.2130, 2015.

٤ Pierson, 2004, p. 28; Wagner, Peter, A sociology of modernity: Liberty and discipline, London: Routledge, 1994, p. 3.

٥ Berman, Marshall, All That Is Solid Melts Into Air: The Experience of Modernity, London and Brooklyn: Verso, 2010.

٦ Foucault, Michel, Discipline and Punish: The Birth of the Prison, translated by Alan Sheridan, New York and Toronto: Vintage Books, 1995, pp. 170–177.

٧ Wagner, 2015

٨ آلن تورن، **نقد مدرنیته**، ترجمەی: مرتضی مردیها، تهران: گام نو، چاپ سوم، ١٣٨٥، ص ٩ و ١٨–١٧.

٩ Wagner, 1994: pp. 5–7.

١٠ Wagner, 2015.

[11] Pierson, 2004: 6–29.
[12] Nelson, Brian R, The Making of the Modern State: A Theoretical Evolution, New York: Palgrave Macmillan, 2006, p. 5.
[13] Petho, Sandor, "The Birth of the Modern State and its Function Changes", South-East Europe, International Relations Quarterly, vol. 1, No 4, 2010.
[14] Nelson, 2006: pp. 6–8
[15] Ibid., 9.
[16] Steinmo, Sven, The Evolution of Modern States: Sweden, Japan, and the United States as Evolutionary Systems, Cambridge University Press, 2010.
[17] Pierson, 2004: 40.
[18] Ibid., P. 23.
[19] Bhargava, 2010, p. 117.
[20] مفیدی، ۱۳۹۵.

# RELIGION AND POLITICS IN KURDISTAN

سەباح موفیدی، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، بڕوانامەی ماستەری لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی عەللامە تەباتەبایی تاران لە ساڵی ٢٠٠٧ و دکتۆرای هەر لەو بوارەدا لە هێندوستان لە ساڵی ٢٠١٤دا وەرگرتووە. لە ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٨ وانەبێژ بووە لە هەندێ زانکۆی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری پێکهاتە سیاسییەکان و مافە بنەڕەتییەکاندا، و هاوکات توێژەر بووە لە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان (KCCRC) لە باشووری کوردستان بۆ توێژینەوە لەسەر پرسە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ٢٠١٩ دا وەکوو توێژەری هاوکار لە دامەزراوەی هۆڵەندا بۆ توێژینەوە پێشکەوتووەکان لە زانستی مرۆیی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (NIAS) هەڵبژێردرا و تا ٢٠٢١ درێژەی دا بە توێژینەوەکانی لەسەر کردەی سیاسی ئایین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تیشک خستنە سەر کوردستانی گەورە. ئێستا وەکوو توێژەر لە زانکۆی ئامستێردام لەسەر پڕۆژە زانستییەکەی سەبارەت بە گۆڕانی ناسێنەی سیاسی کۆچبەرانی کورد لە ئورووپا کە براوەی فاندی پۆست دکتۆرای دامەزراوەی گێردا هێنکێلی ئاڵمانیا بووە، کار دەکات. پەرتووک و وتارەکانی لە بوارەکانی مێژووی سیاسی کوردستان، ناسێنەی سیاسی، و پێوەندیی ئایین و سیاسەت، بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی و فارسی بڵاو بوونەتەوە.

Zar Books

9 788269 301939